حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی
زنجیرە (٤٦٨)

كورد و باكووری كوردستان لەدوای شەڕی یەكەمی جیهانەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعید لەپیران

بەرگی دووەم

((هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعید لە پیران))

نووسینی: م. ڕەسوڵ هاوار

چاپی دووەم

٢٠٠٦

کوردو باکوری کوردستان
لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانەوە
هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعید لەپیران

نووسینی: م. ڕەسوڵ هاوار

بابەت: مێژوویی

کۆمپیوتەر: مەهدی ئەحمەد

نەخشەسازی بەرگ: دیاری جەمال

چاپی یەکەم: ناوەندی چاپەمەنیو ڕاگەیاندنی خاك

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

ژمارەی سپاردن: (١٠٩٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

www.roshnberiekurd.com

پێشەکی

بەتەمای ئەوە بووم لەدوای تەواوکردنی بەرگی یەکەم کە بریتی بوو تا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەویتر هەتا کاتی شەڕی جیهانی هەمووی بەبەرگێکی تر تەواو بکەم، بەڵام بۆم دەرکەوت باسی مێژووی ماوەی نێوانی هەردوو شەڕی جیهانی، لەگەڵ کورتکردنەوەشی ئەوەندە زۆر بوو ناچاربووم کردم بەبەرگی دوهەم و سێهەم کە لەم بەرگی دوهەمەدا هەتا دوای شۆڕشەکەی پیران و بەرگی سێهەمیش کە پێشنوسەکانیم ئامادەکردووە و ماوەتەوە سەرپاکنوسەکەی ئەگەر مردن مۆڵەت بدات هیوادارم ئەویش بەزووترین کات تەواوبکەم و پاکنووسەکەی ئامادەبکەم بۆ چاپکردنی کە بریتی‌یە لەشۆڕشی ئاگریداغ و دەرسیم و هەندێ ڕووداوی پێش شەڕی دووهەمی جیهانی.

ئەوەی لەپێشەکی ئەم بەرگەدا مەبەستمە لێی‌بدوێم بریتی‌یە لەسەرنجدانێك دەربارەی کێشەیەك کە لەکاتی نوسیندا لەهەموو بەرگەکاندا ڕووبەڕووم دەبوونەوە لەڕووی لەیەکنەچوون و لێکجیاوازی ناوی ناوچە و دێهات و چیا و ڕووبەر و ناوی ئەو کەسانەی هەر سەرچاوەیەك بەشێوەیەك تۆماریکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەستم پێکردبێت دەتوانم ئامارژە بۆ ئەو لەیەکنەچوونانە بکەم بەپێی توانا لێیان دواوم کە بێگومان برادەرانی شارەزا بەمێژووی باکووری کوردستان لەمن باشتر هەست بەبوونی ئەو لێکجیاوازیانە دەکەن کە ئەوەندە زۆرن بەلیژنەیەکی تایبەتی نەبێت ئەو شتانە بەتەواوەتی ڕاست ناکرێنەوە و هەروەکو لەهەندێ شوێندا باسیشم کردووە هۆی ئەو لێکجیاوازی و لەیەکنەچوونانە بریتی‌یە لەگەلێك شت کە دوو هۆی سەرەکی بوونەتە هۆی ئەو لێکجیاوازیە کە یەکەمیان بریتی‌یە لەوەی حکومەتی تورك هەر لەکۆنەوە بۆ شوێنەونیی ناوە مێژووییەکانی کوردی لەباکوردا ئەو ناوانەیان گۆڕین بەتورکی یا بەشتێکی تر کە هیچ پێوەندیەکی بەناوە کوردیەکەوە نەمابێت و هۆی دووهەمیش لەئەنجامی ئەوەوە پەیدابووە نوسەرانی سەرچاوەکان کە ئەو ناوانەیان تۆمارکردووە خەڵکی

ناوچەکان نەبوون و لەم و لەو پرسیاریان کردووە و جگە لەوەش لەکاتی نووسینی سەرچاوە سەرەکیەکەدا لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، وەرگێڕ زۆر شارەزا نەبن و بەئارەزووی خۆی ناوی وشەکەی بەو زمانەی پێی وەرگێڕاوە تۆمارکردووە کە تووشی کێشە و ماندووبونێکی زۆربووم و ناچاریش بووم هەروەکو چۆن لەسەرچاوەکانا تۆمارکراون منیش بەو شێوەیە تۆماریان بکەم بەهیوای ئەوەی لەدواڕۆژدا لیژنەیەك یان چەند کەسێکی شارەزا چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن.

دووبارە لەم بەرگەشدا سوپاسی ئەو برا و دۆست و خۆشەویست و دڵسۆزانە دەکەم بەپێی توانا گەلێك باس و زانیاری و سەرچاوەیان بۆ ناردووم کە ئاماژەم بۆ هەندێکیان کردووە و داوای لێبوردن دەکەم لەهەر کەموکورییەکی ئەم سێ بەرگەدا هەستی پێدەکەن.

هاوار

٢٠٠٠/٣/١٨

لەندەن

بەشی یەکەم

هەڵوێست لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی و مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی و دامەزراندنی کۆمەڵی گەلان (عصبة الأمم)

باسی یەکەم- پەیمانی وەستاندنی شەڕ کە بە پەیمانی (مودراس) ناسراوە

دەوڵەتی عوسمانی بەر لەساڵی ١٩١٤ توشی داڕزاوی و تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر گران بووبوو، بەهیچ شێوەیەك چارەسەری ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی پێنەدەکرا کە بە(پیاوە نەخۆشەکە) ناوبانگی بڵاوبوبووەوە، تاقمی (ژون تورك)کە نەخشەکێشی هاوکاریکردنی دەوڵەتی عوسمانی بوون لەگەڵ ئەڵمانەکاندا و دوای ئەو شکاندنەی بەسەر سوپای تورکدا هات، ژون تورکەکان هەریەکەیان بەشێوەیەك خۆیان دوورخستەوە لەئەرکی ئەو بارگرانیەی بەسەر وڵاتدا هاتبوو، سوپاکانی وڵاتە هاوپەیمانەکان ڕژانە ناو خاکی تورکیاوە و پاشماوەی خەلافەتی عوسمانیان ناچارکرد پەیمانی (مودراس) مۆربکات و بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا هەریەکەیان دەستی بەسەر ناوچەیەکی تورکیادا گرت بەئەستەمبوڵی پایتەختەوە. دەربارەی پەیمانی مودراس (ریچارد ڕالینسۆن) لەلاپەڕە ١٩ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٢٨ باسی مەرجەکانی ئەو پەیمانەی کردووە کە لە(١٩١٨/١٠/٣٠)دا مۆرکرابوو کە بریتی بوون لە:

١-نەهێشتنی دەسەڵاتی مەرکەزی لەئەستەمبوڵدا بەسەر شوێنەکانی ترەوە.

٢-هەڵوەشانەوەی هێزی سوپاکانی عوسمانی.

٣-ئەو شوێنانەی لەئەفریقادا بەر لەشەڕ لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون هەمووی دەخرێتە ژێر سایە و دەسەڵاتی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە.

٤-سەربەستی هاتوچۆکردن و تێپەڕبوون بەناو تەنگەئاوەکاندا (مضائق)، وە بەکارهێنانیان لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە.

٥-دانی دەسەڵاتێکی تەواو بەسوپا و هێزەکانی هاوپەیمانەکان لەهەر شوێن و ناوچەیەکدا کە بەپێویست بزانرێت بۆ دابینکردنی ئاسایش لەجیاتی هێزەکانی تورك (ئەوەی شایانی باسە دەربارەی هەڵوێست بەرامبەر بەکوردستان و مافی

کـــورد، لـــەدوکیومێنتێکی وەزارەتـــی دەرەوەی بـــەریتانیادا ژمـــارە (-NO:١٨٩ FO.٣٧١-٥٠٦٧) ڕۆژی ١٩٢٠/٣/٦ باســـی تلگرافێکـــی شەخســـی و نهێنیکـــراو بـــەژمارەی تلگرافەکـــە (E.٩٧٠-١١) لەهـــەمان ڕۆژدا کـــە لـــەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاوە نێراوە بۆ (ئـەدمیرال روبیـك) کـە لەئەسـتەمبوڵ بـووە لـەو تەلگرافـەدا وتراوە.

((تـەلگرافی ژمـارە/١٦٩ تـا لـەڕۆژی ١٩٢٠/٢/٢٧دا، هـیچ بـاس و پێشـنیارێك نەخراوەتـە بـەردەمی کۆنفرانسـی ئاشـتی دەربـارەی ئـەوەی کوردسـتان لـەژێر حیمایەی ئینگلتـەرە و فەرەنسادا بێت و باسی دواڕۆژی کوردستانیش نـەکراوە، بـیر لـەوە کرابـووەوە کوردسـتان لـەتورکیا جیابکرێتـەوە و سـەربەخۆ بێـت و بپارێزرێت بەڵام بەجێهێنانی ئەوە هێشتا نەخراوەتە بەرچاو و نەخراوەتە کار، ئەم تەلگرافەشت بۆیە بۆ دەنێرم بۆئـەوەی ئـەو پڕوپاگەندانە بەدرۆبخرێنـەوە کـە لەم ڕووەوە بڵاودەکرێنەوە)).

مامۆستا ڕەفیق حیلمی کە خـۆی ئاگاداری بارودۆخی ئەو ڕۆژانـەی دەوڵـەتی عوسمانی بووە، لەیاداشتەکانیدا بیرەوەریـەکانی خـۆی دەربـارەی هەڵوێستی ئـەو ڕۆژانە بەمجۆرە دەربڕیوە:

((لـەدوای تـەواوبوونی شـەڕ، نوسـەر و ئەدیبـە ناودارەکـانی تـورك دەسـتی قەڵەمیان شکابوو، ئەو تورکانەی لەشەڕی جیهانیدا بەتەمای ئەوەبوون بەهاوکاری ئەڵمانـەکان هەلومـەرجێکی وا بێتـە پێشـەوە کـە هـەموو موسـڵمانانی جیهـان لـەئینگلیز ڕاسـت ببنـەوە، بـەڵام کـە شـەڕ برایـەوە پایتەختەکـەی خۆیـان کـە ئەسـتەمبوڵ بـوو لێیـان داگیرکـرا و کـەوتبووە ژێـر حـوکمی قەرەقوشـی لەشـکری سوێندخۆرەکانەوە بەتایبەتی هی ئینگلیز، ئەفسەر و سەرکردەکانی تورك بـەرگی سـوپاییان گۆڕیبـوو، وەیـا خۆیـان شـاردبووەوە، سـوێندخوارەکانیش بەرامبـەر بەتورك بەحیکمەت و ژیرانە نەجوڵانەوە، فیز و هـەوای سـەرکەوتن بـەری چاویانی گرتبـوو، زیـاد لەپێویسـت تورکـەکانیان تەنگـەتاو کردبـوو، بەچـاوێکی سـوکەوە دەیانڕوانیـە تێکەیشـتوەکانی تـورك، دەسـتدرێژیکردنیان لادانـی سـەربازەکانیان لەشـەرم و ئـەدەب وردە وردە تـورکی لاواز و بێهێـزی مـردووی زینـدوو دەکـردەوە لەئەنجامی ئەمەدا ئەفسـەر و خوێنـدەوارە بـەرزەکان و نیشـتمانپەروەرەکانی تـورك

چاریان نەما و لەیەکتری نزیکبوونەوە و بیریان لەو بەسەرهاتە کردەوە کە توشیان بووبوو، مردنیان لا باشتر بوو لەو چەشنە ژیانە، بۆیە ئەوەندەی پێنەچوو خوێن گەرم و وڵاتپەرستەکانیان بڕیاری بزوتنەوەیاندا بۆ خۆڕزگارکردن، لەگەڵ ئەوەشدا دەیانزانی ئەنجامی ئەو بزوتنەوەیەیان شتێکی سامناکە، بەڵام ژیانی ئەو ڕۆژە ڕەشەشیان تامی تیادا نەمابوو، زۆر لەتورکەکان ئاواتەخوازی مردن بوون.

لەدوای بڕانەوەی شەڕ و دوای (موتارەکە-هودنە) و وەستانی شەڕ، تورکەکان جارێکی تر خۆیان ئامادەکرد بۆ شەڕێکی تر دژی سوێندخۆرەکان هەرچەند دەشیانزانی تەنها و بەبێ یارمەتیدانی دۆستێکی تایبەتی و جێی باوەڕ (بێگومان مامۆستا ڕەفیق حیلمی ئاگاداری ئەو دۆکیومێنتە نەهێنیانە نەبووە کە باسی دۆستایەتی تورك و سۆڤێتی کردووە کە سۆڤێتەکان بەپارە و بەچەك یارمەتیان دابوون کە لەشوێنی خۆیدا باسی ئەو پەیمانی دۆستایەتیەی تورك و سۆڤیەت دەکەین، مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەلاپەڕە ٩ی یاداشتەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێت:

((کارێکی وا لەگەڵ عەقڵ و مەنتیقدا ڕێکناکەوێت، بەڵام زەلیلی و کوێرەوەری میللەت و سوك و سەلیمی لەشکرە ژێرکەوتوەکەیان گەیشتبووە بینەقاقا، لەبەرئەوە پەنایان بردەبەر مردن، ئەوسا فریشتەی بەخت هیوابڕاوەکانی بەئامانج گەیاند)).

بێگومان دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لەمێژبوو مرخیان لەوڵاتی عوسمانی خۆشکردبوو، هەریەکەیان ئەگەر بۆی بکرایە هەموو میراتەکەی عوسمانی بۆخۆی دەبرد و بێجگە لەڕوسیای قەیسەری کە بووبوو بەسۆڤیەت و وازی لەو بەشە هێنابوو کە پەیمانی (سایکس پیکۆ) بۆی تەرخانکردبوو، ئەوانیتر وەکو بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا هەریەکەیان بەشێوەیەك هەڵپەی دەکرد، لەوانە بەریتانیا لەهەموویان زۆرتر توانیبووی مەبەستەکانی خۆی بهێنێتەدی.

دەربارەی هەڵپەی ئەو دەوڵەتانە (Patrick Kimross) لەلاپەڕە ١٣٩ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٨٥)، باسی چۆنیەتی دابەشکردنی بەشەمیراتی عوسمانی کردووە کە وتویەتی: ((لەدوای تەواوبوونی شەڕ، حکومەتی بەریتانیا لەبەردەمی چوار شتی قبوڵکراودا وەستابوو:

یەکەم: ئەو بەشەی بۆ ڕوسیای قەیسەری دانرابوو بەپێی پەیمانی سایکس پیکۆ، دوای ئەوەی سۆڤیەت جێی ڕوسیای قەیسەری گرتەوە و سۆڤیەت وازی لەو بەشە هێنا ئیتر پێویست بەوە نەما باسی ئەو بەشە بکرێت.

دوهەم: بەپێی پەیمانی سایکس پیکۆ دەبوایە بەشی زۆری ولاتانی عەرەب لەنێوان بەریتانیا و فەرەنسادا دابەش بکرێت و بەپێی ئەوە میسۆپۆتامیا بۆ بەریتانیا و سوریا و ناوچەی کیلیکیا بۆ فەرەنسا دەبوو.

سێهەم و چوارهەم: ناوچەی (ئەدالیا–Adalia) هەتا دەگاتە (کیلیکیا) بۆ ئیتالیا دەبێت لەگەڵ دورگەکانی (دودیکانین) و مەڵبەندی (Smyrma-ئەزمیر) لەگەڵ زەویوزارەکانی دەوروبەری.

بەوجۆرە ئەوەی بۆ تورکیا دەمایەوە بریتی دەبوو لەچەند ناوچەیەکی کەم لە(Anatoliy–ئەناتولیا) وە چەند ڕێبازێك کە دەیگەیانە سەر دەریای ڕەش و دەریای ئیجە، بەڵام لەهەمووی گرنگتر ئەو چاوتێبڕینەی یۆنان بوو کە بەتەمابوو دوای شەڕ دەستگیری بێت و ئەوەبوو لەسەرەتای ساڵی ١٩١٥دا (سێر ئەدوارد گرای) گەلێك ئیمتیازاتی دەستنیشانکردبوو کە بدرێت بەیۆنان و سەرەك وەزیرانی یۆنان (Vanzolos–ڤنزولوس) ئەوەی پەسەندکردبوو کە ئەمیش بەتەمای دروستبوونی یۆنانێکی گەورەبوو کە هەموو ناوچەکانی (Heilenism) بگرێتەوە، لەدواییشدا ڤنزیلوس لە (لوید جۆرج) نزیکبووەوە بەهیوای ئەوەی دەست بەسەر هەموو کەنارەکانی دەریای ئیجەدا بگرێت، لەکاتێکدا بڕیار وابوو ئەو بەشە بدرێت بەئیتالیا.

ساتێك شەڕ بڕایەوە، دوای دوو مانگ پاش کۆنفرانسی پاریس، ڤنزیلۆس ئەو داخوازیانەی خستە بەرچاوی (supreme council–ئەنجومەنی باڵا) لەپاریس، لای (لوید جۆرج) ئەو داخوازیەی فنزیلوس شتێکی ڕەوابوو وە بەسوودیش بوو چونکە بەمە یۆنانیەکان دەیانتوانی کارێکی وا بکەن لەناو خاکی تورکیادا ڕێگەیەکی باش و لەبار دابین بکرێت و بپارێزرێت بۆ هاتوچۆکردنی ڕێگەی هیندستان و (لۆرد کرزن)یش لایەنگری ئەم بۆچوونە بوو.

باسی دوهەم-کۆمەڵی گەلان-عصبة الأمم (League of Nations)

باسی کۆمەڵی گەلان و چۆنیەتی پێکهاتنی و مەبەست و ئامانجەکانی باسێکی زۆر دوورودرێژە و لەم باسەدا بەکورتی ئاماژە بۆ چەند سەرچاوەیەك دەکەین کە باسی مافی میللەتانیان کردووە بەپێی بڕیارەکانی (عصبة الأمم) کە باسی کوردیشی دەبوایە بگرتایەتەوە. دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی لەسەرچاوە (١١٠)دا، لەو باسەی دەربارەی چواردە مادەکەی (ولسن)ی سەرکۆماری ئەمریکادا دەربارەی (کۆمەڵی گەلان) وتویەتی:

((ولسنی سەرۆك کۆماری ئەمریکا پیاوێکی حقوقی بوو، یەکێك بوو لەوانەی بەشداری کردبوو لەداڕشتنی ڕێکخراوی کۆمەڵی گەلاندا و ولسن سێ نمونەی هێناوەتەوە بۆ جێبەجێکردنی، باسی (نەتەوەکان و مافی چارەنوسی گەلان کە لەبەشی پێنجەمدا لەباسی (Mandate-ئینتیداب-چاودێریکردن)دا باسی سێ وڵاتی غەیری تورکی کردووە کە بەپێویست زانرابوو لەئیمپراتۆریەتی داڕووخاوی عوسمانی جیابکرێنەوە و سەربەخۆییان بدرێتێ پاشئەوەی بۆ ماوەیەکی کەم لەژێر چاودێریی کۆمەڵی گەلاندا دەبن کە ئەو سێ وڵاتە بریتین لە:

١-ئەرمەنیا، ٢-کوردستان، ٣-(Arabia-ئارابیا-کە مەبەست لەوڵاتە عەرەبەکانە) کە وتویەتی: ئەمانەی سێهەم بریتین لەجزیرەی عەرەب، سوریا، فەلەستین، لوبنان، ئەردەن، عێراقی عەرەبی (لێرەدا بەئاشکرا وتویەتی عێراقی عەرەبی کە دیارە تەنها مەبەست ناوچە عەرەبنشینەکانی عێراق بووە).

دکتۆر عیسمەت شەریف لەباسەکەیدا لەسەری دەڕوا و دەڵێت: ولسن لەو نەخشە و پڕۆژەیەی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵی گەلان ئامادەکردبوو، بۆ کوردیش هەمان شتی باسکردبوو کە بریتی بوو لەدانانان بە(سەربەخۆیی نیشتمانیدا)، بەڵام لەبەرئەوەی بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (مەبەستی کوردستانی ئێرانە) بەشێك نەبووە لەدەوڵەتی عوسمانی بۆیە لەپڕۆژەکەی ولسندا باسنەکراوە. دکتۆر عیسمەت شەریف لەکۆتایی ئەو باسەیدا وتویەتی: ((لەدوای شەڕی دوهەمی جیهانی کە (نەتەوە یەککگرتوەکان-United Nations) جێگەی (عصبة الأمم)ی

گرتەوە، لەمادەی دوویدا وتراوە: هاوسانی لەنێو گەلاندا هەبێت و پێویستە هەموو نەتەوەیەك مافی چارەنووسی خۆی هەبێت)).

دەربارەی ڕۆڵی ولسنی سەرەك کۆماری ئەمریکا کە دکتۆر عیسمەت شەریف باسیکردووە، دکتۆر کەمال مەزهەر لەکتێبەکەیدا (چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، سەرچاوە (٣٩) وتویەتی:

((لەگەڵ تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی، کۆمەڵی گەلان (عصبة الأمم) بوو بەدروشمێکی ڕەخساو، بۆیە ساتێك کۆنگرەی ئاشتی لەڕۆژی ١٩١٩/٩/١٨دا کرایەوە، بایەخیدا بەکۆمەڵی گەلان و لە ٩/٢٥دا جێبەجێکردنی پڕۆژەی (عصبة الأمم)دا بەلیژنەیەکی باڵا (ئەوەی وەکو لەپێشدا باسکراوە دکتۆر عیسمەت (Supreme Council) ناویبردووە، بەسەرۆکایەتی ولسنی سەرۆکی ئەمریکا و دەوڵەتە سەرکەوتوەکان هەریەکەیان دەیویست پرۆگرامی کۆمەڵی گەلان بەشێوەیەك دابڕێژرێ کە لەهەموو سەرێکەوە لەگەڵ ئامانج و بەرژەوەندیەکانی خۆیدا بگونجێت.

دکتۆر کەمال لەسەری ئەڕوا و ئەڵێت: پەیمانی ئاشتی ئەو کارانەی خۆی پێ‌تەواو نەکرا چونکە فریای تەواوکردنیان نەکەوت بۆیە کۆمەڵی گەلان لەساڵی ١٩٢٠دا دامەزرا و هەتا ساڵی ١٩٤٦ مایەوە (وەکو وترا کۆمەڵی نەتەوە یەككگرتوەکان جێگەی (عصبة الأمم)ی گرتەوە.

هنری فۆستەر لەکتێبەکەیدا (The Making Of Modern Iraq) چاپی لەندەن، ساڵی ١٩٣٦، باسی وتارێکی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی کردووە کە لەڕۆژنامەی (Berliner Tag Blat)دا بڵاویکردۆتەوە لەوەدا وتویەتی وڵاتی سۆڤیەت بۆیە نەبوو بەئەندام لەکۆمەڵی گەلاندا چونکە ئەو ڕێکخراوەی بەلایەنگری ئاشتی نەدەژمارد. لەڕاستیدا زۆربەی بڕیارەکانی کۆمەڵی گەلان بۆ خواست و مەبەستەکانی ئەو دەوڵەتە زلهێزانە بووە کە لەو کۆمەڵەدا دەسەلاتێکی زۆریان هەبووە وەکو حکومەتی بەریتانیای ئەو ڕۆژانە. شێخ سەلامی شاعیر لەگەڵ ئەوەشدا لێی‌نەبیستراوە شتێکی خراپی وای دەربارەی سیاسەتی ئینگلیز وتبێت، بەلاّم تێهەڵکێش لەڕەخنەگرتنیا لەکۆمەڵی گەلان لەو شیعرەیدا کە لەگۆڤاری ژمارە

٢ی (هاوار)دا که له ١٩٣٣/٧/١دا دەرچووە باسی مستەر ئەندرسنی بەریتانیاشی کردووە کە وتویەتی:

عصـــــبە الامـــــم، کۆمـــــەڵی گـــــەورە
بەپێچوپـــــــــەنا و بـــــــــەفێڵ و دەورە
بـــەجۆش و کـــوڵ بـــووی بـــۆ کـــوردی هـــەژار
دەتـــوت: ئـــەم قەومـــە دەکـــەم ڕســـتگار
ئەگـــەر ڕاســـت ئەکـــەی هەڵیســـوڕێنە
بـــەس بـــۆ سیاســـەت هەڵماپەڕێنـــە
کۆمـــەڵی دز و جێگـــەی مـــەکر و فـــەن
کوتـــەکی دەســـتی (میســـتەر هەندەرســـن)
خـــۆ تـــۆ (وەصـــی) بـــووی، ئـــەقوام بـــوون هـــەتیو
دەمـــی کـــوردت کـــرد بەتەڵـــەی تـــەقیو
چـــۆن عـــاجز نـــابی لـــەم خـــوێن ڕشـــتنە؟!
لـــەلای تـــۆ هەڵبـــەت (حقـــوق) کوشـــتنە
تـــا ترســـی مێـــژوو لەعنـــەتت بکـــەن
کوتـــەکی دەســـی امســـتەر هەندەرســـن)؟!

بەشی دووهەم

بارودۆخی باکووری کوردستان لەدوای شەڕی یەکەم و هەڵوێستی دەوڵەتان و میللەتان

باسی یەکەم- بارودۆخی باکووری کوردستان

ساتێك کاربەدەستانی ئیتحاد و تەرقی لەناو حکومەتی عوسمانیدا بوون بەدۆستی ئەڵمانەکان و بڕیاریاندا هاوکاریان لەگەڵدا بکەن لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا دژی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەئومێدی ئەوەی لەو شەڕەدا سەردەکەون و ڕزگاریان دەبێت لەو هەموو قەرزە زۆرەی بەسەریانەوە بوو، لەئەنجامی ئەو شەڕەدا کورد لەو بەشانەی لەژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو، بەزۆرەملێ ئاڵێنرانە ئەو شەڕەوە و بەهەزارانیان بەکێشکران بۆ کوڕی شەڕەکان لەژن و منداڵ و ئاڵێنرانە ئەو شەڕەوە و بەهەزارانیان بەکێشکران بۆ کوڕی شەڕەکان لەژن و منداڵ و پیر بەولاوە لەکوردستاندا هی وای تیادا نەمابوو بتوانێت پاروە نانێك بۆ خێزانەکەی پەیدابکات و قاتوقڕی و گرانی و نەخۆشی و برسێتی هەموولایەکی گرتبووەوە و کورد لەڕۆژهەلاتی کوردستانیشدا ئەگەرچی بەشێك نەبوو لەولاتی عوسمانی، بەڵام کە شەڕ دەستیپێکرد یەکەم تەقە لەو بەشەی کوردستاندا دەنگی بەرزبووەوە و ڕوسی قەیسەری لەژوورووەوە و تورك لەخوارووەوە و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانیش لەهەموولایەکەوە پەلاماری خاکی عوسمانیاندا و لەئەنجامی ئەو شەڕەدا میللەتی کورد تووشی ماڵ کاولبوونێکی تەواو بوو.

کە ساتێك شەڕیش بڕایەوە و پەیمانی (مودراس) مۆرکرا، خەڵك تۆزێك ئاهی پیادا هاتەوە و ئەوی مابوو بەئومێدی دواڕۆژێکی تازەی پڕ لەئاشتی و تێروتەسەلی بوو، دڵی بەوە خۆشبوو کە ئیتر ئەمە کۆتایی بەسەرهات و کارەساتەکان دەبێت بەتایبەتی کە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان هێزەکانیان ڕژانە ناو خاکی عوسمانیەوە میللەتی کورد یەکێك بوو لەو میللەتانەی دڵی بەوە خۆشبووبوو کە تاڕادەیەك کلکوگوێی تورك کرابوو، ئەو زەبر و زەنگەیان نەمابوو، بۆ یەکەمجار هەستیان بەئازادی و سەربەستی دەکرد و کەوتنە خۆیان و هەستی

نەتەوایـەتی پـاڵی پێوەنـان پەلەبکـەن لەهـەنگاونان بـەرەو سـەرگرتنی ئـاوات و مەبەسـتەکانی میللەتـە کلۆڵەکـەیان و لـەناو کۆمـەڵ و ڕێکخـراوە تایبەتیـەکانی خۆیانـدا خۆیـان ڕێکخسـت و دەسـتیانکرد بـەدەرکردنی گۆڤـار و ڕۆژنامـە بـۆ دەربڕینـی ئامـانج و ئاواتـەکانیان کـە بەداخـەوە ئـەو ماوەیـە زۆر کەمخایـەن بـوو هەروەکو لەڕووداو و بەسەرهاتەکاندا ئەم ڕاستیە ڕوون دەبێتەوە.

لـەکۆتایی بـەرگی یەکـەمی ئـەم کتێبـەدا کورتەباسـێکی ئـەو سەرچـاوانەمان خستبووە پێش و کە باسی ئەو هەموو کوشتار و زیان و ماڵکاولیەیان کردبوو کە بەسـەر میللـەتی کوردا هـاتبوو، نوسـەرێکی تـر (Robert Tolson) لەکتێبەکەیـدا سەرچـاوە/٨٤ لەلاپـەڕە (١٨)دا باسـێکی بـارودۆخی ئـەو ڕۆژانـەی بـاکووری کوردسـتانی کـردووە کـە کورتەیـەکی دەڵێـت: (کـە شـەڕی جیهـانی دەسـتیپێکرد خـاکی کوردسـتان بـوو بـەکۆڕی ئـەو شـەڕە و زۆربـەی ناوچـەکانی هـەر لـە(سـاروقامیش)ەوە لـەباکووری کوردسـتاندا هـەتا خانـەقین لەباشـووری کوردسـتاندا و لەولاشـەوە هـەتا (ئەرزنجان) لـەژێر بـاری ئـەو شـەڕەدا دەینالاًنـد و بەشێکی زۆری کاولکرا).

ڕۆبەرت ئولسون ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (ئەمین زەکـی) کـردووە (مێژووی کـورد و کوردسـتان) کـە وتویـەتی: ((سـوپای یازدەهـەم کـە لـە(Elazig) بـووە و سـوپای دوازدەهەم لەموسڵ کە هـەمووی لـەکورد پێکهـاتبوو لـەم شـەڕەدا بەشداریکردبوو، جگەلەوە زۆربەی ئەفسەر و سـەربازەکانی سـوپای نۆزدەهـەم کـە لـە(ئـەرزڕوم) بـوو لەگـەڵ سـوپای دەهـەم لـە(سـێواس) ئەمانـەش هـەر لـەکوردەکان پێکهـاتبوو بێجگـە لـە(١٣٥) سـریەی خـەیالـەی ئیحتیـات و چـەند جەندرمەیـەك کـە خرابوونـە کـۆڕی شـەڕەوە، ئەمانـەش هـەر کـورد بـوون و بـەلای ئـەمین زەکـی بەگـەوە واتـە کـورد لـەو ناوچـانەدا (٣٠٠) هـەزار سـەرباز زیـانی پێگەیشـتبوو کـە ئەمـە ئـەوە دەگەیـەنێت نزیکـی ملیۆنێك سـەربازی کـورد لـەو شـەڕەدا بەشـداربووە و لەڕووبەڕووبونـەوەی ڕوس و تورکـدا کـورد زۆرتـرین زیـانی پێگەیشـتووە (لـەکۆتایی بـەرگی یەکەمـدا بەدووروودرێژی ئەو باسەی ئەمین زەکی کە ڕۆبـەرت ئولسـون ئامـاژەی بـۆ کـردووە باسمانکردووە پێویست ناکات هەمووی دوبارە بکەینەوە).

ڕۆبەرت ئولسون لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و دەڵێت: ((ئەو کوردانەی لەناو ئەو هێزەدا بوون کە نێردرابوون بۆ (حلب) لەساڵی (١٩١٦)دا تووشی زیانێکی زۆربوون جگە لەو زیانانەی تر کە بەهۆی برسێتی و نەخۆشی و سەرما و سەهۆڵبەندانەوە تووشی کورد بووبوو.

نوسەر لەلاپەڕە ١٩ی کتێبەکەیدا باسی ژمارەی بەشداربووانی کورد و تورکی کردووە لەهەندێ ناوچەی شەڕدا کە وتویەتی: (لەناوچەی ئەرزڕوم (٧٥) هەزار لەناوچەی وان (٧٢) هەزار لەناوچەی بدلیس (٧٧) هەزار لە(مأمورية العزيز) کە ئیمڕۆ پێی‌دەوترێ (Elazig)، (٩٥) هەزار لەدیاربەکر، لەسێواس (٥٠) هەزار کە ژمارەی هەموویان (٤٦٤) هەزارە کە ئەم ژمارەیە لە (١٦,٣٪)ی دانیشتوانی شەش ویلایەتەکانی خۆرهەڵات دەگرێتەوە، ئەگەر ژمارەی زازا و قزلباشی کورد بخرێتە سەر ژمارەی کوردی بەشداربوو لەشەڕدا گەیشتبووە (٦٨١) هەزار بەرامبەر بە(٦٦٦) هەزاری تورك.

بەوجۆرە دەردەکەوێ ژمارەی بەشداربووانی کورد لەو شەڕەدا وەکو ژمارەی تورکەکان وابن، پاشئەوە (ڕۆبەرت ئولسون) ئاماژەی بۆ تازەترین باسی (Justim Mecarthy) کردووە دەربارەی دانیشتوانی وڵاتی عوسمانی لەساڵانی (١٩١١) و (١٩١٢) لەوەدا ژمارەی ئیسلامەکانی ئەو شەش ویلایەتەی ڕۆژهەڵاتی (دیارە ژمارەی کریستیانەکانی لێدەرکردووە) و بەم شێوەیە دەستنیشانی کردووە: ئەرزڕوم (٨٠٤٣٨٨)، وان (٣١٣٣٢٢)، بدلیس (٤٠٨٧٠٣)، مأمورية العزيز (٥٦٤١٦٤)، دیاربەکر (٥٩٨٩٨٥)، سێواس (١١٩٦٣٠٠) کە ژمارەی هەموویان (٣٨٨٥٨٦٢) کەس بووە کە بەلای کەمەوە نیوەیان کورد بوون.

ڕۆبەرت ئولسون لیستەیەکەی ژمارەی دانیشتوانی ئەو شەش ویلایەتەی لەساڵی ١٩١٢دا بەراوردکردووە لەگەڵ سەرژمێری ساڵی (١٩٢٢) مەبەست بەر لەشەڕ و لەدوای شەڕ بەچەند ساڵێك کە ئەو لیستەیەی بەمجۆرەی خوارەوەیە:

ناوی ویلایەتەکان	سەرژمێری ساڵی ١٩١٢	سەرژمێری ساڵی ١٩٢٢	جیاوازی نێوانیان
ئەرزڕوم	٨٠٤٢٨٨	٥٥٥٦٩٣	٢٤٨٦٩٥
وان	٣١٣٣٢٢	١١٩١٥٥	١٩٤١٦٧
بدلیس	٤٠٨٧٠٣	٢٣٨٩٥٥	١٦٩٧٤٨
مأموریه العزیز	٥٦٤١٦٤	٤٧٤٨٥٤	٨٩٣١٠
دیاربەکر	٥٩٨٩٨٥	٤٤٠٩٤٢	١٥٨٠٤٣
هەمووی بێجگە لە (سێواس)	٢٦٨٩٥٦٢	١٨٢٩٥٩٩	٨٥٩٩٦٣

بەمـەدا دەردەکـەوێ ژمـارەی کەمبوونـەوەی ئـەو پێـنج ویلایەتـە (جگـە لەسێواس) (٨٥٩٩٦٣) کەس بووە (لەڕاستیدا ئەگەر شەڕ نەبوایە دەبوو ژمارەی ساڵی ١٩٢٢ لەهی ساڵی ١٩١٢ زۆرتر بوایە).

ڕۆبەرت ئولسون لەلاپەڕە (٢٠)ی کتێبەکەیدا باسی سەرژمێرێکی تری کردووە کە لەساڵی (١٩٣١)دا لەسەرژمێری ٢٦ی حوزەیران هەتا ١١ی تەموزی هەمان ساڵدا کراوە لەمەدا گەیشتوەتە ئەم ژمارانە:

ئەرزڕوم (٣٠٠) هەزار، وان (٨٠) هەزار، قارس (٢٠٨) هەزار، مەلاتیا (٣٠٠) هەزار، العزیز (٢٠٠) هەزار، لە (igdim) (١٠٤) هەزار، بەڵام بۆ دیاربەکر و سێواس ژمارەی دانیشتوانی دەستنەکەوتوە، بەمەدا دەردەکەوێ سەرژمێری ساڵی (١٩٣١) دوبارە کەمتر بووە لەساڵی (١٩٢٢)، (بێگومان ئەم جیاوازیە بەهۆی ئەو کوشتارانەوە بووە کە لەکورد کرابوو لەنێوانی ساڵانی ١٩٢٢ هەتا ١٩٣١).

ڕۆبەرت ئولسون لەکۆتایی ئەو باسەیدا دەڵێت: ((بەوجۆرە ڕوونئەبێتەوە نزیکی نیو ملیۆن کورد لەشەڕی جیهانیدا لەباکوری کوردستاندا کوژراوە و ئەگەر کوردە کوژراوەکانی باشووری کوردستان و سوریا و ئێران و ڕوسیای بچێتە سەر ئەوا ژمارەی کوردە کوژراوەکان دەگاتە ملیۆنێك)).

باسی دوهەمی بەشی دوهەم

هەڵوێستی تورکی پاشماوەی خیلافەتی عوسمانی و کەمالی و هەڵوێستی دەوڵەتان بەرامبەر کورد

١-هەڵوێستی تورکی سەر بەخیلافەتی عوسمانی و تورکی کەمالی بەرامبەر کورد

أ-هەڵوێستی پاشماوەی خیلافەتی عوسمانی لەئەستەمبوڵ

لەدوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی، کورد بەرامبەر بەتورکەکان خۆی بەرامبەر دوو هێز بینیەوە کە بریتی بوون لەکاربەدەستانی پاشماوەی خیلافەتی عوسمانی لەئەستەمبوڵدا کە هێشتا خیلافەت هەڵنەوەشێنرابووەوە، دوهەم تاقمی کەمالیەکان کە جێگەی تاقمی ئیتحاد و تەرەقیان گرتبووەوە.

لەسەرەتادا کاربەدەستانی عوسمانی لەوانەی لەدەوری خەلیفەدا مابوون، خۆیان وا پیشاننەئەدا دژی مافی کورد ئەبن و ڕۆژنامەکانی سەر بەوان بلاویانئەکردەوە ئامادەن دان بەمافی کوردا بنێن لەچوارچێوەی پاشماوەی خیلافەتی عوسمانیدا بەمەرجێك داوای جیابوونەوە نەکەن. هەتا ڕادەیەك لەناو کوردەکاندا ژمارەیەکیان لایەنگری ئەم بۆچوونە بوون و لایان وابوو مانەوەی کورد لەچوارچێوەی خیلافەتی عوسمانیدا شتێکی پێویست بووە و جیابوونەوە لێی بەشتێکی هەڵە و ناڕەوا داناوە کە سەرکردەی ئەم تاقمە شێخ عەبدولقادری شەمزینی بووە، بەلام ژمارەیەکی زۆر لەڕۆشنبیرانی تری کورد بەسەرکردایەتی بنەماڵەی بەدرخانیەکان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبوون و بەپێویستیان زانیبوو کورد حکومەتی سەربەخۆی هەبێت و وابەستەی ئەو پاشماوە داڕزاوەی عوسمانی نەبێت.

دەربارەی هەڵوێستی کاربەدەستانی پاشماوەی عوسمانی، (Robert Olson) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ وتویەتی لەدوای وەستانی شەڕ ئەو تورکانەی کاربەدەستی پاشماوەی عوسمانی بوون لەسەرەتادا دژی داخوازیەکانی کورد نەبوون لەبەر دوو مەبەست، یەکەم بۆئەوەی کوردەکان نەبن بەلایەنگری ئینگلیزەکان و دوهەم بۆئەوەی کوردەکان بەکاربێنن دژی نەخشەی دامەزراندنی حکومەتێکی ئەرمەنی کە ئینگلیزەکان زۆر سەرگەرمی دروستبوونی ئەو حکومەتە بوون بۆ ئەرمەنیەکان و لەڕاستیشدا کوردەکانیش لەدروستبوونی ئەو

حکومەتی ئەرمەنیە ترسابوون (لەباسی پەیمانی سیڤەردا بەدووروودرێژی باسی ئەو کێشەیە دەکەین).

دەربارەی هەڵوێستی کاربەدەستانی سەر بەخەلیفە لەئەستەمبوڵ، جەلادەت بەدرخان لەلاپەڕە (٧٩)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٦٠ نوسیویەتی: ((لەدوایئەوەی (کلیمانصو)ی فەرەنسی بەناوی دەوڵەتە ئەوروپییەکانەوە باسی ڕەوشت و خراپەی تورك و جەور و ستەمی بەدووروودرێژی کردبوو، وتبووی بۆمان دەرکەوتوە تورك توانای ئەوەی نی‌یە کاروباری میللەتانی تری غەیری تورك ببەن بەڕێوە، لەبەرئەوە نابێ بەهیچ جۆرێك جارێکی تر ڕێگە بدرێت بەتورك دەسەڵاتی بەسەر هیچ میللەتێکی تردا هەبێت و ئەو قسانەی کلیمانصو کە بڵاوکرایەوە کارێکی وایکرد کوردەکان بکەونە خۆیان و دەستیانکرد بەچالاکی بۆ دەستگیربوونی مافی خۆیان و لەئەنجامی ئەمەدا (بابی عالی) ترسی ئەوەی لێنیشت کوردستان لەبابی عالی جیابێتەوە، بەرامبەر بەمە ڕۆژنامەکانی تورك دەستیانکرد بەلێدانی بالۆرەی ئیسلامەتی و پێویستی یەکبوون و هاوکاریکردنیان لەگەڵ یەکتردا و بۆ خەڵەفاندنی عەرەب و کورد و میللەتانی تری ئیسلام لیژنەیەکیان پێکهێنا لە(حەیدەری زادە ئیبراهیم ئەفەندی کە شیخ الاسلام بوو) لەگەڵ (عبوق پاشا)ی وەزیری ئەشغال و (عەونی پاشا)ی وەزیری دەریا و چەند ئەندامێکی کۆمەڵی تەعالی کوردستان وەکو (ئەمین عالی بەدرخان کە باوکی جەلادەت خان بووە) و (مراد بەدرخان) و (شێخ عەبدولقادر ئەفەندی-مەبەست شێخ عەبدولقادری شەمزینی‌یە) و ئەو لیژنەیە لەکۆبونەوەیەکدا دوو بڕیاری دەرکرد:

١-دانی مافی سەربەخۆیی ناوخۆ بەمەرجێك کوردەکان قبوڵی ئەوە بکەن لەچوارچێوەی جامعەی عوسمانیدا بمێننەوە.

٢-هەنگاوی پێویست بنرێت بۆ بەجێهێنان و سەرگرتنی ئەو بڕیارەی پێشوو بەدەستوبردی.

جەلادەت بەدرخان لەلاپەڕە (٨١)ی کتێبەکەیدا ئەو نامەیەی کردووە بەعەرەبی کە ئاراستەی ئەو ئەندامانە کراوە کە لەو نامەیەدا وتراوە: ((لەپێناوی بەرژەوەندی وڵاتدا پێویستی بەوە هەیە کە سەعادەتتان بەشداری بکەن لەو

کۆبونەوەیەی ئەنجومەنی وەزیران لەڕۆژی شەممەی داهاتوودا دەیکا بۆیە تکایە سەعات دووی پاشنیوەڕۆ لەبابی عالی ئامادەبن.

ئیمزا ئیبراهیم حیدەری

لەبریتی صدری أعظم (سەرەك وەزیران)

نوسەری سەرچاوە/٨١ دەڵێت: ((بەلاّم هەفتە لەدوای هەفتە تێپەڕی.. مانگ بەدوای مانگدا تێپەڕیکرد بەبێ ئەوەی (صدری أعظم) کە (فەرید پاشا) بوو تاقە هەنگاوێك بنێت بۆ بەجێهێنانی بڕیارەکانی ئەو لیژنەیەی خۆیان پێکیانهێنابوو کە ئەمە بوو بەهۆی بێزاربوون و نیگەرانی کورد و لەئەنجامی ئەمەدا، جەمعیەتی تەعالی کوردستان و جەمعیەتی تەشکیلاتی ئیجتماعی و جەمعیەتی ئیستقلالی کوردستان هەموویان لەناوخۆیانا شەریف پاشا (مەبەست شەریف پاشای فندانە)یان کرد بەنوێنەری کورد لەکۆنگرەی ئاشتیدا بۆئەوەی داوای سەربەخۆیی کوردستان بکات و بەهۆی بەتوانایی و لێهاتوویی شەریف پاشاوە ئەنجام بەوە گەیشت کە: پەیمانێك لەنێوان (شەریف پاشا) و (برغوص نوبار پاشا)ی سەرۆکی وەفدی ئەرمەنی بەسترا لەپاریس بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ئەرمەنی بەشێوەیەکی ئاشتی و بۆئەوەی ڕێگە خۆش نەبێت بۆ بێگانە دەست لەکاروباری هەردوولایانەوە وەردات)).

لەڕاستیدا ئەو ڕێکەوتنەی جەلادەت بەدرخان باسیکردووە لەنێوان نوێنەری کورد و ئەرمەنیدا کێشەیەکی زۆر گەورەی لێپەیدابوو کە تورکە کەمالیەکان سودێکی زۆریان لێدەستگیربوو وەکو لەباسی پەیمانی (سیڤەر)دا بەدووروودرێژی باسیدەکەین.

ب-هەڵوێستی کەمالیەکان بەرامبەر بەکورد

هەموو بەسەرهات و ڕووداوەکانی دوای شەڕی جیهانی، لەوانەی تورکە کەمالیەکان تیایدا بەشداربوون، هەر لەسەرەتاوە و بەئاشکرا نیازی ناپاکیی تورکی تیادا دیاربووە ئەگەرچی لەسەرەتادا کە هێشتا خۆیان نەگرتبوو بەهێز نەبووبوون و سوودیان لەهەڵوێست و ناکۆکی نێوان دەوڵەتان دەستگیر نەبووبوو هەڵوێستی خۆیان بەئاشکرا بەرامبەر کورد و مافی کورد ئاشکرا نەکردبوو. دەربارەی هەڵوێستی کەمالیەکان و مەبەستە ئاشکرا و شاراوەکانیان بەرامبەر کورد لەهەندێ سەرچاوەدا ئەو مەبەستەیان ڕوونبۆتەوە.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەلاپەڕە (٢٠)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٥ باسی نامەیەکی مستەفا کەمالی کردووە کە لەمانگی ئابی ١٩٢١دا ناردبووی بۆ هەندێ لەئاغا و سەرۆك عەشیرەت و شێخە ئایینیەکانی کورد و لەگەڵ ئەو نامەیەیدا بڕیارەکانی کۆنفرانسی (ئەرزڕوم)ی ناردبوو، لەو نامەیەیدا کە بۆ (عەبدولڕەحمان ئاغای شرناخ)ی ناردبوو وتبووی: ((لام ئاشکرایە و هیواداریشم ڕێگە نەدەن بەئەرمەنیەکان خاکی ولاتەکەتان گلاوبکەن و داوات لێدەکەم بەدەستوبردی هێزێکی نیشتمانی ڕێکبخەیت بۆ پاراستنی نیشتمان و بۆ دژی خائینەکان)).

حەسرەتیان لەباسەکەیدا دەڵێت: ((کەچی تەنها دوای ناردنی ئەو نامەیە تورکە کەمالیەکان هێرشیانکردە سەر عەبدولڕەحمان ئاغا لەشرناخ بۆ تێکدانی ئەو دامودەزگایەی لەدوای مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ دایمەزراندبوو، لەو هێرشەدا زیانێکی زۆر لەعەبدولڕەحمان ئاغا کەوت بەپێی ئەو ڕاپۆرتی ساڵانەیەی لەلاپەڕە (٨)یدا باسیکردوە کە بریتی‌یە لە (٦٢) لاپەڕە کە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ئامادەیکردووە و بەدوورودرێژی باسی ئەو زیانانەی کردووە)).

دەربارەی ئەو دامودەزگایەی عەبدولڕەحمان ئاغا کە حەسرەتیان باسیکردووە، لەهەمان کاتدا وەکو چۆن تورکەکان بەسەرکردایەتی عەلی شەفیق (یوزدمیر) بنکەیەکیان لەڕەواندز دروستکردبوو بۆ هەڕەشەکردن لەئینگلیزەکان کە بەدوورودرێژی لەلاپەڕە (١٦٧) بەرگی دوهەمی شێخ مەحمودا سەرچاوە/٨٠ باسی ئەوەی (یوزدمیر) کراوە، عەبدولڕەحمان ئاغای شرناخیش کە باوەڕی بەتورکەکان نەبوو، لەناوچەکەی خۆیدا ڕێکخراوێکی وەکو ئەوەی یوزدمیری پێکهێنابوو بۆئەوەی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لەناوچەکەیدا بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتی حکومەتەوە پەیدابووبوو.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەلاپەڕە (١١)ی هەمان سەرچاوە/٤٥دا باسی هەڵوێستێکی تری مستەفا کەمالی کردووە بەرامبەر بەکورد لەدوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی و ئاماژەی بۆ یاداشتەکانی (س. ی. ئەرلوف)ی باڵیۆزی سۆڤیەت کردووە لەتورکیا کە ئەرلوف باسی تەقەلادانی خۆی کردووە بۆئەوەی مافی چارەنوسی گەلان لەمستەفا کەمال بگەیەنێت و بۆی ڕوونبکاتەوە لەنامەیەکیا بەمستەفا کەمالی وتوە: (تۆ خۆت داوای مافی سەربەخۆیی دەکەیت بۆ تورکیا کەچی دژی مافی کورد و ئەرمەنیەکان ڕادەوەستیت)، کە سەیر ئەوەیە

ئەمە یەکەمجارە لەو ڕۆژانەدا کاربەدەستێکی سۆڤیەت باسی کوردی بەو شێوەیە کردووە.

دەربارەی باوەڕنەکردنی مستەفا کەمال بەمافی هیچ میللەتێکی تر لەتورکیادا بێجگە لەمافی تورك حەسرەتیان دەڵێت: ((لەڕاستیدا مستەفا کەمال و کەمالیەکان نمونەی نوێنەری بۆچوونی بۆرجوازیی تورك بوون و هەر لەسەرەتاوە دژی کورد بوون و مستەفا کەمالی سەرکردەیان لە ١٩١٩/٦/١٥دا لەو تەلەگرافەیدا کە ناردبووی بۆ والی دیاربەکر پێیوتبوو: پێویستە هەرجۆرە ڕێکخراوێك لەئامانج و پرۆگرامەکانیدا بۆنی لێکترازاندن و پچڕاندنی وڵاتەکەمانی لێبێ، بەدەستوبرد ئەو ڕێکخراوە هەڵوەشێنرێتەوە، بۆیە لایەنگری ئێوەم لەتێکدان و لەناوبردنی ((یانەی کورد، زۆربەی سەرچاوەکان بە (Club) ناویانبردوە)).

حەسرەتیان ئاماژەی بۆ تەلگرافێکی تری مستەفا کەمال کردووە لەڕۆژی ١٩١٩/٦/١٨دا ناردبووی بۆ سەرکردەی فەیلەقی یەکەم (لەئەدەنە) و پێی ڕاگەیاندبوو کە دانیشتوانی ناوچەکانی ئەنادۆڵ هاوکاری ئەون و ڕێگاش لەپڕوپاگەندەی حوکمی زاتیش گیراوە (مەبەستی کوردە) لەژێر سایەی بەریتانیادا، سەیر ئەوەیە لەکاتێکدا مستەفا کەمال ئەو تەلگرافەی ناردووە کە حەسرەتیان باسیکردووە، کەچی مستەفا کەمال بۆ دەسڕینی ئەو کوردانەی خەڵەتاندبوونی و کردبوونی بەئەندامی کۆنگرەکانی ئەرزڕوم و سیواس (وەکو لەشوێنی خۆیدا بەدووروردرێژی باسی دەکەین) لەکوردەکانی دەگەیاند لەدوای پاککردنەوەی وڵات لەداگیرکەران ئەوسا مافی کوردیش ئەخاتە بەرچاو.

حەسرەتیان لەباسەکەیدا باسی ئەوەی کردووە تورکەکان لەماوەی شەڕی سەربەخۆیی تورکیادا دژی دەوڵەتە هاوپەیمانە داگیرکەرەکان لەنێوان ساڵانی ١٩١٩ بۆ ١٩٢٢دا کە هێشتا تورك لاوازبووە و پێویستی بەهاوکاریکردنی کورد بووە، بەکوردەکانیان دەوت ئێوە برای دینیمانن و ئەم وڵاتە وڵاتی تورك و کوردە و مافی کورد دەبێ ڕێزی لێبگیرێت، لەڕاستیدا تورکەکان هەرچەند بەسەرزاری جاروبار باسی مافی کوردیان دەکرد بەڵام ئەوەی لەدڵ و مێشکیانا چەسپابوو دەربارەی کورد شتێك بوو بەتەواوەتی پێچەوانەی قسەکانیان بوو، بۆ نمونە ئەو نامەیەی ئەنجومەنی نیشتمانی (لەزۆربەی سەرچاوەکاندا بەئەنجومەنی باڵای میللی ناوبراوە) بەنهێنی ناردبووی بۆ سەرکردایەتی (جەبهەی جەزیرە) لەو نامەیەدا وترابوو:

((پێویستە لەسەرمان بەهەموو شێوەیەك دڵی سەرکردە و سەرۆکەکانی کورد ڕابگرین و بیانکەین بەلایەنگری خۆمان بۆئەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی پەسەندبکەن و پێویستە کوردەکان هانبدەین دژی فەرەنسییەکان بوەستن و لەعێراقیشدا دژی ئینگلیز بن بۆئەوەی ڕێگە لەهەموو جۆرە هاوکارییەك بگیرێت لەنێوان کورد و ئەو بێگانانەدا.. لەڕاستیدا ئێستە ئێمە جارێ ناتوانین لەدوولاوە شەڕبکەین (مەبەست کورد و بێگانەیە) بۆیە پێویستە زۆر وریای ئەو ڕاستیە بین)).

لەڕاستیدا تورکەکان هەر واشیانکردووە هەروەکو لەباسی بەسەرهات و ڕووداوەکانی داهاتوودا بۆمان ڕووندەبێتەوە، تورکەکان کێشەی خۆیان لەگەڵ کوردا دواخست هەتا ئەوکاتەی لەکێشەی بێگانە ڕزگاریان بوو ئەوسا بەربوونە گیانی کورد کە بەداخەوە کورد لەو قۆناغەدا کورتبین بووە و ساویلکانە بۆ بەسەرهات و ڕووداوەکان چووە و ئەو هەستی ئایینیەی کورد وایلێکردبوو تەنها ئاگاداری ڕووی دەرەوەی ڕواڵەت و درۆودەلەسەکانی تورك بووە کە هێشتا لای کورد خۆیان بەپارێزەری ئایینی ئیسلام دەخستەڕوو.

دەربارەی فڕوفێڵی کەمالیەکان لەو ڕۆژانەدا، قەدری جەمیل بەگ لەلاپەڕە (٥٨)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧، ئەمیش وەکو نوسەرانی ئەو سەردەمە باسی فڕوفێڵی کەمالیەکانی کردووە کە چۆن لەئەنادۆڵ و کوردستاندا دوو لقی (کۆمەڵی پاراستنی ماف)یان کردبووەوە بەبڵاوکراوەکانیان خۆیان وا پیشاندەدا دۆستی کوردن و دەیانوت باسی کورد و مافی ڕەوای کورد شتێکی جەوهەریە و لەدوو نامەیاندا کە بۆ لقی ئەو کۆمەڵە و بۆ عەبدولڕەحمان ئاغای مامی عوسمان ئاغای نائیبی ئورفەیان ناردبوو کە ئەندامی (حیزبی شەعب)یش بوو، نوسیبویان دوای پاککردنەوەی وڵات لەداگیرکەران ئەوسا مافی برا کوردەکانیان دەخەنە پێشچاو.

زنار سلوپی ئاماژەی بۆ لاپەڕە (١٠٦)ی یاداشتەکانی (کاظم قەرەپاشا) کردووە کە لەژێر ناوی (شەڕ لەپێناوی سەربەخۆییدا) کە لەو یاداشتەدا باسی فەقەرەی یەکەمی ئەو بڕیارەی کردووە کە لەلایەن (کۆمەڵی پاراستنی ماف)ەوە دەرچووە کە لەو فەقەرەیەدا وتراوە: ((زۆربەی دانیشتوانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی موسڵمانن و بەپێی ڕێکەوتننامەی ئاشتی لەنێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سوێندخۆرەکان لە (١٩١٨/١٠/٣٠)دا، هەموو دانیشتوان لەیەك

چوارچـــێوەدا دەژیـــن و لەیـــەکتر جیانابنـــەوە چـــونکە ڕێزگـــرتن لەیـــەکتری کۆیکردونەتەوە)).

زنار سلوپی لەلاپەڕە (٦٠)ی کتێبەکەیدا باسی دەستبڕین و کەڵەك و فڕوفێڵی مســتەفا کــەمالی کــردووە، کــە چــۆن لەســەرەتادا بــۆ پتــەوکردنی جێــی خــۆی هەوڵیــدابوو خــۆی لــەپیاوە ئایینیــەکان نزیکبکاتــەوە و بــۆ دەســتبڕینی خــەڵکی ساویلکە (کە بەداخەوە کورد لەو ساویلکانە بووە) جلوبەرگی ئایینی لەبەردەکرد و لای هەندێك کەس وابوو مستەفا کەمال تاقە کەسێك بوو لەو ڕۆژانەدا لەتوانایدا بێ حکومەتی ئیسلامی لەکریستیانە داگیرکەرەکان ڕزگاربکات.

قـەدری جـەمیل بـەگ لەباسـەکەیدا دەڵێـت: ئـەم هەڵوێسـتە پـڕ لەڕووکەشـانەی مســتەفا کــەمال وای لەســەرۆك عەشــیرەتەکانی کــورد کردبــوو خۆیــانی لێنزیــك بکەنــەوە و ئــەویش تفــەنگی مــاوزەری بــەدیاری و خــەڵات بــۆ دەنــاردن و نــاوی خۆیانیــان لەســــەر قۆنــاغی ئــەو تفەنگانــە دەنوســرا (لەباســێکی تایبەتیــدا کــە لەدواییــدا بــۆ ژیــانی مســـتەفا کــەمال تــەرخانکراوە گــەلێك نمونــەی تــری ئــەو دەستبڕینە دەخەینە پێشچاو).

دەربـارەی ڕەفتـار و هەڵوێسـتی کەمالیـەکان بەرامبـەر کـورد، سـەیا بـەدرخان لەلاپـــەڕە (٣)ی کتێبەکەیـــدا سەرچـــاوە/٧٩ چـــاپی فلادلیفیـــا لەپێشـــەکیەکەیدا باسێکی تیادایە کە لەلایەن (Herbert Adams Gibbson) کە پەیامنێری ڕۆژنامەی (NewYork Herald) بووە لەتورکیا و میسر و بالقان و فەرەنسا لەساڵی (١٩٠٨-١٩١٨)دا دەربارەی هەڵوێست و ڕەفتار و بیروبۆچوونی تورکە کەمالیەکان لەڕۆژی ١٩٢٨/١٢/١٥دا بەدووروودرێژی باسیکردووە کە بەپێویستم زانی کورتەیەکی ئەو پێشـەکیە بخەمـە بەرچاو کە وتویـەتی: (زۆر کـەس لـەوەدا بەهەڵەدا چووبوون کە لایان وابوو ئەرمەنیەکان و یۆنانیەکان نەیانتوانیبوو لەگەڵ بیروبۆچونەکانی ژون تورکدا خۆیان بگونجێنن، بۆیە هەرچیەکیان بەسـەردا هـاتبوو خۆیـان بەلێپرسـراو دەژمێرێن و لەو ڕووداوانەی بەسەریاناهاتبوو).

نوسـەر پرسـیار دەکـات و دەڵێـت: ((ئایـا کـوردی ئیسـلام کـە ئـەوانیش لەگـەڵ تورکەکانـدا هاوئایین بـوون و هـەروەکو ئەوان (سـونی) مەزهـەب بـوون و لەشـەڕی جیهانیـــدا شانبەشـــانی تـــورك خۆیانـــدابوو بەکوشـــت.. ئایـــا دوای ئـــەو هـــەموو فیـداکاری و خۆبەکوشـتدانە چـۆن پاداشـتیان درایـەوە لەلایـەن تورکەکانـەوە؟! تورکـەکان کـە دەسـتیان ڕۆیشـت هـەموو جۆرە تاوانێکیان بەرامبـەر کـورد کـرد چ

بەکوشـتنی بەکۆمـەڵ و چ بـەئاوارەکردن و دەربـەدەرکردن و دوورخسـتنەوەیان لـەخاکی خۆیـان، لەگـەڵ ئەوەشـدا تـورك بەشـێوەیەکی گشـتی نیـوەی دانیشـتنی تورکیایان پێکنەدەهێنا کەچی خۆیان بەخاوەنی هەموو شتێك دەزانن و دەیانەوێ هەموو شتێك هەر بەدەست خۆیانەوە بێت.

کورد لەسـەرەتادا گـەلێك بـەڵێنیان پێدرا لەلایـەن تورکەکانـەوە، بـەڵام درۆیـان لەگەڵـدا کـرا و دەرکـەوت ئێسـتەش تـورك هـەر ئـەو تورکەیـە و سیاسـەتی خـۆی نـەگۆڕیوە و نایگۆڕێـت، بۆیـە سـاتێك کـورد بـۆی دەرکـەوت حکومـەتی (ئەنقـەرە) نیـازی توانـەوە و لـەناوبردنی کـوردە لـەناو کۆمـەڵگای تورکـدا، ئیتر چاری نـەما و دەستیدایە چەك و دەسـتیکرد بەشـۆڕش و لەئەنجامـدا نیـوەی دانیشـتوانی کـورد لەلایـەن تورکـەوە یـا کوژرابـوون یـا ئـاوارەکرابوون و لەبەرئـەوەی کوردسـتان شوێنێکی چەپەکە بۆیە شتێکی کەم دەربارەی ئەو تاوانانـە دەزانرێـت کـە لـەکورد کرابوو، بۆیە دەنگ و هاواری نەدەگەیشتە دەرەوە.

لەسـەرەتادا مسـتەفا کـەمال توانیبـووی کوردەکـان بـۆ سـوود و مەبەسـتەکانی خۆی بەکاربێنێت، بەڵام ساتێك بۆی دەرکەوت کـوردیش ئـاوات و مەبەسـتی خـۆی هەیـە و بـۆی تێدەکۆشـێت و کۆڵنـادات و واز لەنەتەوایـەتی خـۆی ناهێنێـت و ئـەو کوردەی بـەر لەهـەزاران سـاڵ پـێش هـاتنی تـورك لـەناو خـاکی خۆیـدا ژیـابوو کـە کوردسـتانە شـتێك نـەبوو هـەروا بەئاسـانی واز لەنەتەوایـەتی خـۆی بێنێـت بۆیـە مستەفا کەمال دەستیکرد بەکوشتارکردن و لەناوبردنیان)).

نوسـەری ئـەو پێشـەکیە لەباسـەکەیدا دەڵێـت: ((شـتێکی زۆر باشـبوو سـریا بەدرخان هاتە ئەمریکا (سریا بەدرخان ئەو کتێبـەی لەساڵی ١٩٢٨دا بـەئینگلیزی لـەفلادلڤیا چـاپکراوە)، وە بـەهۆی ئـەوەوە ئێمـە لەخـەبات و تێکۆشـانی کـورد گەیشتین و وادیارە کۆڵنادات و لەخـەباتی خـۆی ناکـەوێت و شـتێکی زۆر باشیش بـوو کـە بۆمـان ڕوونبـووەوە و لـەوە گەیشـتین ڕەفتـار و هەڵوێسـتی تـورك بەرامبـەر کـورد وەکـو ڕەفتـاری تورکـەکان وابـووە بەرامبـەر بەیۆنانیـەکان و ئەرمەنیـەکان و کەمە نەتەوەکانی تر)).

باسی سێهەمی بەشی دوهەم
هەڵوێستی دەوڵەتان بەرامبەر کورد لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی

بێگومان ئەو دەوڵەتانەی لەو ڕۆژانەدا دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە کە باکووری کوردستان بەشێك بووە لەو ناوچەیە، هەر دەوڵەتە سیاسەتی تایبەتی خۆی هەبووە بۆ دابینکردن و چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی و بۆ دەستگیربوونی سوود و بەرژەوەندیەکانی خۆی، بۆیە بەپێویستم زانی کورتەیەکی ئەو سەرچاوانە باسبکەم کە لەو بارەوە دواون، بەتایبەتی ئەوانەیان لەپەیمانی (سایکس پیکۆ)دا بەشە میراتی خۆی لەدەوڵەتی عوسمانیدا بۆ تەرخانکرابوو.

یەکەم-هەڵوێستی سۆڤیەت

لەدوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی دەوڵەتی سۆڤیەت کە جێگەی ڕوسیای قەیسەری گرتبووەوە، لای میللەتە ماف خوراوەکانی بووبوو بەهێلانەی ئازادی و سەربەستی و بەتەمابوون، ئەو دروشمانەی بەرزیانکردبووەوە دژی ئیمپریالیزم و سەرمایەداران و ئەو بانگەوازانەی گەیشتبووە گوێچکەی میللەتانی بەشخوراو هیوا و ئاواتێکی تازەی پێبەخشیبوون و میللەتی کورد لەهەموان زۆرتر پەرۆشی بەجێهێنانی ئەو دروشمانە بوو بەئومێدی ئەوەی سۆڤیەت لای لێدەکاتەوە و دەبێت بەلایەنگری و ئەو میللەتەی ساڵەهابوو لەژێر جەور و ستەمی تورکی عوسمانیدا دەیناڵاند و لەهەموو مافێکی نەتەوایەتی خۆی بێبەشبوو لەولاشەوە سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا لەناوچەکەدا بەرامبەر کورد بریتیبوو لەسیاسەتێکی دووڕوویی و دەستبڕین و هەمیشە داوای کورد پشت بەعەدالەتی حکومەتی بەریتانیا ببەستێت و هیچ شتێك نەکات بەبێ‌پرس‌وڕای حکومەتی بەریتانیا و بۆ سەرگرتنی ئەوە (مێجەر نویل)ی ناردبوو بۆ ناوچەکە کە کورد لای وابوو هاتنی ئەو شتێکی خۆڕایی نەبوو بەڵکو هەنگاوێك بوو بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی بەڵام دەرکەوت ناردنی مێجەر نویل شتێکی تەکتیکی بوو، لەلایەکەوە بۆ ترساندنی تورك بوو لەلایەکی تریشەوە بۆ خەڵەتاندنی کورد بوو کە

هیچ جۆرە بزوتنەوە و جموجوڵێك نەكات دژی توركیا كە لەو ڕۆژانەدا ڕوودانی بزوتنەوەیەكی وا لەگەڵ بەرژەوەندی بەریتانیادا یەكینەدەگرتەوە وەكو لەدواییدا و لەباسەكانی داهاتوودا ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕووندەبێتەوە و ئەو هاتنەی نویل لەلایەكی ترەوە بۆ كوردستان شتێك بوو كەمالیەكان توانیبوویان بیكەن بەدەستكەلای پڕوپاگەندەكانی خۆیان لەلایەكەوە دژی (ئینگلیز و لەلایەكی تریشەوە بۆ خۆنزیككردنەوە لەسۆڤیەت كە حكومەتی بەریتانیای بەدەوڵەتێكی ئیمپریالیزم لەقەڵەم ئەدا و سیاسەتمەدارانی ئەو ڕۆژانەی سۆڤیەت لەو ڕووەوە كەوتبوونە گومان لەداخوازیەكانی میللەتی كورد و بەهاندانی بەریتانیای ئیمپریالیزمیان لەقەڵەم ئەدا و ئەنجامەكەی بەوە گەیشت سۆڤیەت هەمیشە سڵی لەهەموو تەقەلادانێكی كورد دەكردەوە ئەگەر بهاتایە داوای دۆستایەتی و یارمەتیدانی لەسۆڤیەت بكات و لەڕاستیشدا هیچ كاتێك كورد وەڵام و بەڵێنێكی ئەوتۆی لەسۆڤیەت دەستگیرنەبووبوو كە هۆی ئەمەش لەشوێنی خۆیدا ڕووندەبێتەوە و توركە كەمالیەكان كە لەو ڕۆژانەدا بۆ ماوەیەكی كاتی خۆیان كردبوو بەدۆستی سۆڤیەت و كارێكی زۆریان كردبووە سەر مێشكی كاربەدەستانی سۆڤیەت دژی تەقەلاكانی كورد بۆ نمونەی ئەم ڕاستیە با باسی یەكێك لەدوكیومێنتەكانی سۆڤیەت بخەینە بەرچاو كە لەلایەن ئەفراسیاب حلمی‌یەوە لەلاپەڕە (٢١)ی ژمارە/١١ی گۆڤاری (گزنگ)ی بەهاری ساڵی (١٩٩٦)دا لەڕووسیەوە كراوە بەكوردی كە ڕاپۆرتێكی تیایە ژمارە/٣٠٠٨ ڕۆژی (١٩٤٦/١٢/١٣) كە بەر لەبیست‌وپێنج ساڵ تێپەڕبوون بەسەر مێژووی ئەو دوكیومێنتەدا چی ڕوویداوە لێرەدا دانی پیادانراوە كە وتویەتی (وەكو خۆی بلاویدەكەینەوە):

((هەندێ ڕێبەران و ڕێكخراوی كورد سەبارەت بەخەباتیان بۆ سەربەخۆیی گەلێك جار هەوڵیانداوە بەمەبەستی یارمەتی وەرگرتن و درێژەپێدانی خەباتیان پەیوەندی بەنوێنەرانی یەكێتی سۆڤیەتەوە بكەن كە یەكەم هەوڵدانیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢٢) كە كۆمیتەی كورد لە(ئەرزڕوم) بڕیاریدا بەیارمەتی و پشتیوانی سۆڤیەت سەربەخۆیی كوردستان وەدیبێنێت، لەم بارەوە (خالید بەگ-كە مەبەستی خالیدبەگ جوبرانە كە لەباسەكانی داهاتوودا لەزۆر شوێندا باسی خالیدبەگ جوبران دەكرێت كە توركەكان لەشۆڕشی پیراندا لەسێدارەیاندا)، مەرجەكانی كۆمیتەی كوردی لەمەڕ كوردستانێكی ئازاد بەنوێنەرانی ئێمە

(مەبەست سۆڤیەتە) گەیاند و بەنیازی یارمەتیدانی جوڵانەوەی کورد و پشتیوانیکردن لەلایەن سۆڤیەتەوە، ئاغای (یوسف ضیاء-ئەمیش هەروەکو خالید جوبران لەلایەن تورکەکانەوە لەشۆڕشی پیراندا لەسێدارەدرا) ڕوویکردە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لەئەنقەرە و بۆ وەڵامی ئەو داخوازیە لەلایەن لیژنەی کۆمیسارییای وەزارەتی دەرەوە لەڕۆژی (١٩٢٣/٣/٢٨)دا پێی ڕاگەیەنرا (مەبەست بەیوسف ضیاء) کەوا: (دەبێ نە لەکوردە جیاخوازەکانی دژی تورکیا پشتیوانی بکرێت نە لەئیمپریالیزمی تورك لەئاست کوردەکان بەڵکو تەنها لەخەباتی کوردەکان دژی ئینگلیزەکان هاودەردی پیشان بدرێت).

دوکیومێنتەکە لەسەری ئەڕوا و دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی مولاقاتەکانیان (مەبەستی نوێنەرانی کوردە) لەگەڵ ئێمەدا سەرکەوتوانە نەبوو، کۆمیتەی ناوەندی کوردستان تەقەلای لایەنگرێتی سۆڤیەتی درێژەپێدا و بەهۆی نوێنەرەکەیەوە (کەمال فەوزی بەگ) ڕەمز و نامەی بۆ کونسوڵی ئێمە لەتەوریز نارد کە هاوڕێ (دوبسۆن) بوو. کەمال فەوزی داوایکرد سەرەڕای ئەو بۆچوونەی دەوڵەتی سۆڤیەت بەرامبەر بەکێشەی کورد، لەگەڵ ئیسماعیل ئاغای سمکۆ کە لەئێراندا بزوتنەوەی کوردەکان ڕێبەری دەکات پێوەندی بکرێت و وە بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەلێك بڕەخسێنێت کە چالاکیەکانی ئیسماعیل ئاغا بەرەو داخوازیەکانی کۆمیتەی ناوەندی تێپەڕ بکرێت.

سەرەڕای ئەوەی ئێمە (مەبەست سۆڤیەتە) لەگفتوگۆکردن لەگەڵ کوردان خۆمان بوارد، کۆمیتەی کورد ڕایگەیاند کۆمیتە و خەڵکی کورد لایەنگیریی هەمیشەیی خۆیان لەگەڵ سۆڤیەت درێژەپێدەدەن. لەساڵی (١٩٢٣)دا کونسوڵی ئێمە نامەیەکی لەلایەن شێخ مەحمودەوە بۆ هات کە داوای یارمەتی و پشتیوانی ئێمەی کردبوو بۆ کورد، ڕووداوەکانی دوایی لەکوردستانی تورکیا لەناوچوونی ڕێکخراوەکانی کورد لەگەڵ دورخستنەوەی ڕێبەرانی کورد ئیمکانی پەیوەندی کوردیان لەگەڵ ئێمەدا بنەبڕکرد، جگە لەوەش هەندێ دڵساردبوونەوەش لەلایەن کوردەکانەوە لەئاستی ئێمەدا ڕوویاندا، ئێمە نەك تەنها پشتیوانیمان لەخەباتیان نەکرد، بەڵکو بزوتنەوەی ئەوانیشمان لەچاپەمەنیەکانی خۆماندا پڕ ڕەنگ نەکردووە.

دەربارەی ئەو دوکیومێنتەی سۆڤیەت کە باسی هەوڵدانی خالید بەگ جوبرانی تیادا کراوە، ئەحمەد تەقی لەیاداشتەکانیدا سەرچاوە/٦٩ باسی ئەو تەقەلادانەی

خالید جوبرانی بەمجۆرە کردووە: ((کە لەتورکیا بووم چاوم بەخالید بەگ جوبران کەوت و فەرمووی تورك و ئینگلیزی فێڵباز هیچیان لێیەیدا نابێت بۆ کورد، لەبەرئەوە دەبێ چاوەڕوانی هەل و دەرفەتێك بکەین و داوای لەمن کرد پەیوەندی بەئیسماعیل ئاغای شکاکەوە بکەم بۆئەوەی لەم ڕاستیە تێبگات و پەیوەندی و هاوکاری خۆشی لەگەڵ ئێمەدا زۆرتر بکات و هەوڵیش بدات لەگەڵ ڕووسەکاندا پەیوەندی بکات بەڵکو یارمەتیمان بدەن.

کە چوومە (باشقەلاَ) قسەکانی خالید بەگ و ئەو شفرەیەی خالید بەگ دابووی بەمن دام بەسمکۆ و ئەویش داوای لەمن کرد بەناوی ئەوەوە پەیوەندی بەکونسوڵی ڕوسەوە بکەم لە(ورمیە) و داوای یارمەتیدانی لێبکەم بۆ کوردی ئێران و عێراق و تێشیبگەیەنم کە کوردەکانی هەردوولا چاوەڕوانی ئەوەن وەڵامەکەی ئێوە (هی ڕوس) بگەیەنمەوە بەوان بۆئەوەی بزانن ئایا ڕوسیا ئامادەیە یارمەتی کورد بدات یان نا؟ ئەگەر ڕووسەکان ئەوەش ناکەن با جاریێ لەم وەختەدا بمپارێزن لەئێرانیەکان.

ئەحمەد تەقی لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێت ساتێك سمکۆ ئەو قسانەی پیێڕاسپاردم نامەیەکیشی دابوومێ کە من نوێنەری ئەوم و پیاوێکیشی لەگەڵدا ناردم بۆئەوەی ئەنجامی چوونەکەم بۆ ورمیە بەنامەیەکدا بەهەمان پیاودا بنێرمەوە بۆ سمکۆ. کە چوومە ورمیە و چاوم بەکونسوڵی ڕووس کەوت زۆر بەگەرمیەوە پێشوازیی لێکردم و هەواڵی سمکۆی لێپرسیم و منیش هۆی چوونەکەی خۆمم بۆلای ئەو پێگەیاند و لەوەڵامدا پێیوتم دەربارەی ئەمە پێویستە قسە لەگەڵ مۆسکۆدا بکەم، لەبەرئەوە جاریێ لێرە بمێنەوە هەتا پاش هەفتەیەك ئەوسا وەڵامەکەی مۆسکۆت پیێڕادەگەیەنم، دوای هەفتەیەك چوومەوە لای کونسوڵ و پێیوتم: مۆسکۆ داخوازی یەکەمی پیێجێبەجیێ ناکرێت (مەبەست یارمەتیدانی کورد)، بەلاَم لەبەرئەوەی ئێمە کوردمان خۆشدەویێ، نامانەویێ بیانخەڵەتێنین و بەڵێنی درۆیان بدەینیێ، هەرچەند دووریش نییە لەدواڕۆژدا هەر ڕێکبکەوین، بەلاَم دەربارەی سمکۆ ڕەنگە بتوانین بۆی بکەین و با لەمەودوا ئیسماعیل ئاغا زوو زوو پەیوەندیمان پێوەبکات بۆئەوەی ئاگاداری بکەم لەهەڵوێست)).

دووەم: هەڵوێستی فەرەنسا بەرامبەر باکووری کوردستان دوای شەڕی یەکەمی جیهان

فەرەنسیەکان بەپێی پەیمانی (سایکس پیکۆ) سوریا و بەشێکی ویلایەتی موسڵیان بۆ تەرخانکرابوو، بەڵام ئینگلیزەکان لەمێژبوو مرخیان لەهەموو میسۆپۆتامیا خۆشکردبوو، ویلایەتی موسڵی پڕ لەنەوت شتێك نەبوو هەروا بەئاسانی دەستبەرداری بن بۆ فەرەنسیەکان کە تا ئەوسا فەرەنسا شارەزای بوونی نەوت نەبوو لەو ویلایەتەدا، ئینگلیزەکان لەپاش ڕاوەڕێوی و فڕوفێڵ و کەڵەك توانیان فەرەنسیەکان قایل بکەن واز لەو بەشەی خۆیان بێنن و لەجیاتی ئەوە ناوچەی کیلیکیایان داواکرد کە بەلای فەرەنسیەکانەوە کیلیکیای نزیك بەسوریا باشتر و لەبارتر بوو، بەوجۆرە بەپێی پەیمانی (سان ڕیمۆ) ئەو بەشەی فەرەنساش خرایە سەر بەشەکەی تری بەریتانیا و لەدواییدا کە فەرەنسیەکان هەستیان بەو هەڵە زلەی خۆیان کرد تازە کار لەکار ترازابوو ڕێگەی پەشیمانبوونەوەیان لێگیرابوو بەڵام ئەم فڕوفێڵەی ئینگلیز لێیکردبوون چووبووە ڕیزی گرێکوێرەکانی تر و ناڕەزایی و بێزاری فەرەنسا بەرامبەر بەهەڵوێست و سیاسەتی بەریتانیا تادەهات پەرەیدەسەند بەتایبەتی لەدوای ئەوەی ئینگلیزەکان یۆنانیەکانیان هاندا پەلاماری ناوچەی (ئەزمیر) بدات، ئیتر بەئاشکرا هەروەکو سۆڤیەت ئەمیش کەوتە ڕقەبەری و بەربەرەکانیکردنی سیاسەتی بەریتانیا و لەزۆر هەڵوێستیان بوون بەلایەنگری کەمالیەکان کە ئەم هەڵوێستە تازەیە لەسودی میللەتی کوردا نەبوو، بەتایبەتی لەباکووری کوردستاندا و زۆری پێنەچوو ئیتاڵیەکانیش لەزۆر هەڵوێستیاندا بوون بەلایەنگری کەمالیەکان.

فەرەنسیەکانیش هەروەکو سۆڤیەتەکان لایانوابوو ئینگلیزەکان بۆ سەرگرتنی مەبەستێکی تایبەتی خۆیان کوردەکانی باکوریان هانئەدا دژی تورکە کەمالیەکان بوەستن کە لەو ڕۆژانەدا ئەو تورکانە بووبوون بەدۆستی سۆڤیەت و بەئاشکرا دژی سیاسەتی بەریتانیا ڕاوەستابوون. دەربارەی ئەو هەڵوێستەی فەرەنسا، دکتۆر وەلید حەمدی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٢٣ ئاماژەی بۆ ڕاپۆرتی (Ibid) کردووە کە لە(١٩٢٠/٦/٢٣)دا باسی نامەیەکی ئەدمیرال (Robeck) کردووە لەوەدا وتویەتی هەندێ لەبنەماڵەی بەدرخانیەکان بێزاری خۆیان دەربڕیبوو بەرامبەر بەو

هەوالأنەی گوایا (جزیرەی ئیبن عومەر) بەر فەرەنسیەکان دەکەوێت کە سوریایان لەژێر دەستدابووە و داوایان کردبوو ئەو ناوچەیە بخرێتە ناو چوارچێوەی حوکمی زاتی باکوری کوردستانەوە وە یا بخرێتە سەر ویلایەتی موسڵ بۆئەوەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیەش سوود لەمادە/٦٤ی پەیمانی سیڤەر وەرگرن)).

بەڵگەیەکی ئاشکرا بۆ لایەنگرێتی فەرەنسیەکان بۆ کەمالیەکان، هەروەکو (مێجەر نویل) لەلاپەرە (٢١)ی راپۆرتەکەیدا سەرچاوە/٢٧دا باسیکردووە کە وتویەتی: ((ئیمرۆ (مێجەر برونۆ)ی فەرەنسی گەیشتۆتە ناوچەکە و لەبەشی (جندرمری)ی تورك لەناوچەکانی (خەرپوت و سێواس)دا بەناوی (مفتش-پشکێنەر)ەوە کاردەکات، وە بەئاشکرا لایەنگری مستەفا کەمالە و لەزۆر هەڵوێستدا بێپێچ‌وپەنا ئەو لایەنگرێتیەی خۆی ئاشکرا دەکات بەوەی والی ئیهانە دەکات و (تا ئەوکاتە هێشتا والی سەر بەخیلافەتی پاشماوەی عوسمانی بووە بۆیە کەمالیەکان دژی بوون)، والیش بەرامبەر بەو هەڵوێستەی (مێجەر برونۆ) تلگرافێکی ناردووە بۆ حکومەتەکەی خۆی و لەو تلگرافەدا کاربەدەستانی حکومەتەکەی ئاگاداركردووە ئەو پشکێنەرە فەرەنسیە گەیشتۆتە ناوچەکە و بەخەرپوت و سێواسدا دەگەرێت و بەئاشکرا لایەنگرێتی بۆ مستەفا کەمال دەردەبرێت و دژایەتی ئێمە دەکات کە ئەمە ئەو راپۆرتەی پێشومان زۆرتر روونده‌کاتەوە کە وتبوومان فەرەنسیەکان لەژێرەوە لایەنگری کۆنگرەی سێواسن (لەباسێکی تایبەتیدا باسی ئەو کۆنگرەیە دەکەین کە کەمالیەکان بەستبوویان)).

لەراستیدا ئەو لایەنگرێتیەی فەرەنسیەکان بۆ کەمالیەکان کە لەو راپۆرتەی پێشوودا باسکراوە، وادیارە سەرەتای دەستپێکردنی لایەنگرێتی فەرەنسیەکان بووە بۆ کەمالیەکان و پاشئەوە رۆژ بەرۆژ زۆرتر پەرەیسەندوە کە لەشۆرشەکەی شێخ سەعیدی پیراندا هەروەکو لەشوێنی خۆیدا باسیدەکەین بەئاشکرا فەرەنسیەکان ئەو هێڵی شەمەندەفەرەی بەناوچەی دەسەلأتی ئەواندا تێپەریدەکرد رێگەی بەتورکە کەمالیەکان دابوو بەئارەزووی خۆیان هێزەکانیان بەو شەمەندەفەرە بگوێزنەوە و بەو هێزە لەپشتەوە لەهێزەکەی شۆرشگێرانی شۆرشی پیران درا، کە هۆی ئەم رێگادانەی فەرەنسا بەکەمالیەکان ئەوەبوو لایانوابوو ئینگلیزەکان دەستیان هەبووە لەهاندانی کورد لەشۆرشی پیراندا، کە لەباسی ئەو شۆرشەدا بەبەڵگە ئەوە بەدرۆئەخەینەوە و ئاشکرا دەبێت ئینگلیزەکان نەك

هاندەر و لایەنگری کورد نەبوون، بەڵکو حەزیشیان کردووە ئەو شۆڕشەی کورد سەرنەکەوێت.

بێگومان کوردەکانی باکوور ناحەقیان نەبووە کە لەسیاسەتی فەرەنسیەکان سڵەمیبوونەوە و لایان وا باشتربوو ئینگلیزەکان دەسەڵاتداربن بەئومێدی ئەوەی دەبن بەیارمەتیدەری کورد بۆ گەیشتن بەمافەکانیان کە بەداخەوە لەم بۆچوونەشیانا هەر بەهەڵەدا چووبوون. نمونەی ناڕازیبوونی کورد بەرامبەر بەسیاسەتی فەرەنسا لەنامەیەکی مەندوبی سامی بەریتانیا لەئەستەمبوڵدا دەردەکەوێت کە لەدوکیومێنتی ژمارە (FO.٣٧١-٥٠٦١)ی ڕۆژی (١٩٢٠/٣/٢) کە لەوەدا باسی ڕاپۆرتێکی (مستەر ریان)ی کردووە کە لەو ڕاپۆرتەدا وتراوە: ((نیشانە بەتەلگرافی ژمارە/١٦٩ی ڕۆژی ١٩٢٠/٢/٢٧، وا وەرگێرانی یاداشتێکی شێخ عەبدولقادرتان بۆ دەنێرین کە داوای ڕوونکردنەوەی سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا دەکات کە وتویەتی: لەوە دەچێت ئینگلیزەکان لەکوردستاندا هەڵوێست دەهێڵنەوە بۆ فەرەنسیەکان و منیش (ریان) لەشێخ عەبدولقادرم گەیاند ئەو ئاڵوگۆڕە تازەیەی ڕوویداوە تەنها هەر پەیوەندی بە(کیلیکیا)وە هەیە و بەرامبەر بەو قسەیەی من شێخ عەبدولقادر دەڵێت: نوێنەری ئێمە (لام وایە مەبەستی شەریف پاشای خندان بووبێت) ئاگاداری کردین فەرەنسیەکان نیازیان وایە سنووری دەسەڵاتیان بگەیەننە (سیڤاس) و (خەرپوت) و هەندێ شوێنی تر و هەوڵی ئەوەش ئەدەن کورد بەلای خۆیانا داشکێنن، بەڵام کوردەکان ئەمەیان پێخۆش نییە چونکە دەیانەوێ لەژێر سایەی بەریتانیادا بن کە دەتوانێت ڕێگە لەتورکە قەومیەکان و بۆڵشەویکی دۆستیان بگرێت.

دۆکیومێنتەکە لەسەری دەڕوا و دەڵێت: بەکورتی عەبدولقادر داوای پشتگیری لەئێمە دەکات کە یارمەتی کورد بدەین و نایەوێ لەژێر سایەی هیچ دەوڵەتێکی تردا بن. بۆم دەرکەوتووە هەرچەند شێخ عەبدولقادر دژی تورکە بەڵام خۆی و تاقمەکەی دەیانەوێ هاوکاربن لەگەڵ حکومەتی خەلیفەدا، بەڵام کاربەدەستانی بەریتانیا لەبەغدا نایانەوێ بایەخ بدرێت بەعەبدولقادر و دەزانم هۆی ئەو مەترسیەی عەبدولقادر لەنامەیەکی شەریف پاشاوە پەیدابووە کە وتویەتی نیاز وایە ژووروی کوردستان (مەبەست باکوری کوردستانە) بۆ فەرەنسیەکان بێت و هی باشووریش بۆ حکومەتی بەریتانیا بێت کە بەپێی ئەمە ناوچەی جزیرە کە هی بەدرخانیەکانە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی فەرەنساوە لەبەرئەوە عەبدولقادر وای

لاباشه هەموو كوردستان بەتێكڕایی (مەبەستی باكوری كوردستانه) ئۆتۆنۆمی بدرێتیْ لەژێر سایەی توركیادا كە لامواىە كوردەكان لەسەر ئەم پێشنیازەی عەبدولقادر ڕێكناكەون و عەبدولقادر داوای گەرەنتی دەكات بۆ سەرگرتنی ئەم پێشنیازە چونكە بەدرخانیەكان باوەڕیان بەتورك نی‌یە.

ڕاپۆرتەكە لەسەری ئەڕوا و دەڵێت: ئەگەر ئەو حوكمە زاتیە سەربگرێت دەتوانریْ حساب بۆ هەردوولا شێخ عەبدولقادر و بەدرخانیەكان بكرێت و ئەمەیان باشترە لەوەی بخرێنە ژێر سایەی بەریتانیا و فەرەنساوە، چونكە فەرەنسیەكان دەسەلآتیان لەهەر شوێنێكدا هەبێت كێشەیەك لەو ناوچەیەدا پەیدا ئەكەن.

سێهەم-هەڵوێستی حكومەتی بەریتانیا

لەدوای تەواوبوونی شەڕی یەكەمی جیهانی و مۆركردنی پەیمانی (مودراس) حكومەتی بەریتانیا یەكسەر سیاسەتەكانی خۆیان بەرامبەر بەناوچەكە ئاشكرا نەكردبوو بەڵكو هەنگاو بەهەنگاو بۆی دەچوون و لەپێشدا دەربارەی كورد لەباشووری كوردستانەوە دەستیان پێكردبوو، ئەو بۆشاییەی بەدەركردنی سوپای عوسمانی و دەركردنی كاربەدەستانی توركەوە پەیدابووبوو ڕێگەیان لەوە نەگرت لەسەرەتادا حكومەتێكی ناوچەیی لەباشووردا پێكبێت بەسەركردایەتی شێخ مەحمود هەروەكو لەبەرگی یەكەمی سەرچاوە/٨٠دا بەدووروودرێژ باسكراوە و هەواڵی دروستبوونی ئەو دەزگا ئیداریەی لەباشووردا دامەزرابوو گەیشتبووە باكووری كوردستان و لەوێش كە كورد ساڵەها بوو لەژێر جەور و ستەمی حكومەتی عوسمانیدا بوو هیوای ئەوە پەیدابوو كە ئینگلیزەكان بایەخ بەباكووریش دەدەن و ئەوەی كە زۆر دڵنیای كردبوون لەسەر گرتنی ئەو ئاواتەیاندا ناردنی (مێجەر نویل) بوو كە لەدواییدا بەدووروودرێژی باسی هۆی ئەو ناردنەی دەكەین و بۆمان دەردەكەوێت مەبەست لەناردنەكەی تەنها بۆ ئەوە بووە جۆرە هەڕەشەیەك لەتوركەكان بكات كە ئیتر جارێكی تر بەتەمای ئەوە نەبن داوای ویلایەتی موسڵی پڕ لەنەوت و میسۆپۆتامیا بكەنەوە، لەلایەكی تریشەوە دەیانویست بەو ناردنەی (مێجەر نویل) وا لەكوردی باكوور بكەن كە دڵنیابن لەعەدالەتی حكومەتی بەریتانیا و بۆ ئەو مەبەستە داوا لەكورد كرا هیچ جۆرە جموجۆڵێك و ڕاپەڕینێكی چەكدارانە دژی توركی كەمالی نەكات كە تازە

سەریهەڵدابوو، بەڵکو چاوەڕوانی ئەنجامی پەیمانی سیڤەر بێت کە ئینگلیزەکان لەوەدا لەسەرەتادا خۆیان بەخەمخۆری کورد پیشاندابوو.

دەربارەی سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا دوو باس دەخەینە پێشچاو کە لەهەردووکیاندا لەباسەکانی تری داهاتووشدا ڕووندەبێتەوە کە حکومەتی بەریتانیا هیچ نیازێکی باشی نەبووە و نەیویستبوو ئاواتەکانی کوردی باکوور بهێنێتەدی.

لەسەرچاوە/٧٠دا لەلاپەڕە (٢٣٤)یدا باسی ئەوەی کردووە لەسەرەتای کانونی دوهەمی ١٩١٩دا لەکاتی کۆبونەوەی کۆنفرانسی ئاشتیدا، هەندێك لەنوێنەرانی کورد بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادری شەمزینی بۆ دیدەنی دەچنە لای (ئەدمیرال کارل ثورب) کە مەندوبی سامی بەریتانیا بووە لەئەستەمبوڵ و یاداشتێکی دەدەنێ کە لەلایەن (جەمعیەتی تەعالی کوردستان)ەوە ئامادەکرابوو دایان بە(مستەر ریان) کە لەجیاتی مەندوبی سامی چاوی بەو نوێنەرانە کەوتبوو، لەو یاداشتەدا بێزاری خۆیان دەربڕیبوو بەرامبەر پشتگوێ خستنی داخوازیەکانی کورد و ئەوەیان خستبووە بەرچاوی کاربەدەستانی بەریتانیا کەوا پەیوەندی کورد لەگەڵ ئەرمەنیەکاندا ئاسایی بۆتەوە و ئەوەی جاران لەنێوانیاندا ڕوویدابوو شتێك بوو هەمووی بەهۆی کاربەدەستانی تورکی عوسمانیەوە ڕوویدابوو، ئەو نوێنەرانە تەرجومانێکی کریستیانیشیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی پێشنیازەکە.

ئەو نوێنەرانەی کورد داوایانکردبوو ڕێگە بدرێت کورد نوێنەری خۆی بنێرێت بۆ وڵاتانی ئەوروپا بۆئەوەی لەوێ باسی کێشەی کورد ڕوونبکەنەوە. سەرچاوە/٧٠ لەباسەکەیدا لەسەری دەڕوا و دەڵێت: ئەو یاداشتە لەڕۆژی ١٩١٩/١/٢دا لەلایەن ئەو نوێنەرانەوە درابوو بەباڵیۆزخانەی بەریتانیا لەئەستەمبوڵ کە بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادر لەگەڵ خەلیل بەدرخانی سکرتێر و سەید عەبدولای شەمزینی و مستەفا پاشا (مەبەستی مستەفا یامولکی‌یە) و عەبدولعەزیز بابان و مەلا سەعید بەدیع ئەلزەمان و مەلا عەلی ڕەزا ئەو یاداشت و سکالایەیان مۆرکردبوو کە بەدوورودرێژی باسی مێژووی دابەشکردنی کوردستانیان کردبوو لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە و داوای ئەوەیان کردبوو ئیتر کاتی ئەوە هاتووە میللەتی کوردیش لەچەوساندنەوە ڕزگاری ببێت و

داوایان کردبوو کورد مافی چارەنوسی خۆی هەبێت و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە یارمەتی کورد بدرێت.

سەرچاوە/٧٠ لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێت: لە ١٩١٩/٥/١٢دا سەردانێکی تری کرد بۆلای (ئەدمیرال وێبی و داخوازیەکانی پێشووی لەحکومەتی بەریتانیا دوبارەکردەوە و داوای ئەوەی کرد یارمەتی ئەو سەدان هەزارانەی کورد بدرێت کە لەکاتی شەڕدا دوورخرابوونەوە هەموویان بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان.

لەدیدەنیەکی تردا شێخ عەبدولقادر چاوی بە(مستەر هوهلەر) کەوت لەباڵیۆزخانەی بەریتانیا و پێی ڕاگەیاندبوو کە کورد خۆی لەهەلومەرجێکی زۆر ترسناکدا دەبینێت و لەوەڵامدا (هوهلەر) وەکو لەو ڕاپۆرتەی دەربارەی ئەو چاوپێکەوتنە ئامادەیکردووە وتویەتی: کاربەدەستانی عوسمانی لەئەستەمبوڵ بەسەرۆکایەتی (فەرید پاشا) بەڵێنی ئۆتۆنۆمی تەواوی داوە بەکورد لەسایەی حکومەتی تورکدا و هوهلەر ئاماژەی بۆ قسەکانی شێخ عەبدولقادر کردووە کە پێیوتبوو: ((فەرید پاشا هەتا لەسەر کاربوو بەڵێنی زۆریدا بەڵام هیچیانی بەجێنەهێنا و حکومەتەکەی عەلی ڕەزای دوای ئەویش گفتی دابوو ئیدارەیەکی زاتی بۆ کورد سازبکرێت بەڵام عەلی ڕەزا خۆشی لەهەمان کاتدا تەنگی پێهەڵچنراوە و لەبەرئەوەی مەترسی لەمستەفا کەمال لەزیادبووندایە (دیارە مەبەست دژی حکومەتی خەلیفە بووە لەئەستەمبوڵ) بۆیە حکومەت (مەبەست حکومەتی خەلیفەیە) دەیەوێ پشتیوانی کورد وەدەستبێنێت)).

هوهلەر لەڕاپۆرتەکەیدا لەسەری ئەڕوا و ئەڵێت: سەید عەبدولقادر دەیەوێ هاوکاری تەواو لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا بکات بەتایبەتی لەگەڵ بەریتانیادا چونکە لای وایە دواڕۆژی کورد بەسیاسەتی حکومەتی بەریتانیاوە بەستراوە و سەید عەبدولقادر باسی گرنگی ئەو ڕێکەوتنەی کرد کە لەنێوان کورد و ئەرمەنیدا پێکهاتبوو. هەمان سەرچاوە/٧٠ باسی چوونی چەند ئەندامێکی (حیزبی دیموکرات)ی کردووە کە داوایان لەکۆمیسیۆنی (کینگ-کرەین) کردبوو کە چووبووە ئەستەمبوڵ و داوای مافی سەربەخۆیی کوردیان کردبوو.

ساتێك مەندوبی سامی بەریتانیا (مەبەست لەئەستەمبوڵ) لەوەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیای پرسیبوو ئایا هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا چی‌یە دەربارەی چالاکی و داخوازیەکانی کورد؟ لەوەڵامدا (مستەر ریان) پێی‌ڕاگەیاندبوو

هەڵوێستی ئاشکرای حکومەتی بەریتانیا بەرامبەر بەکورد هەروەکو لەسەرچاوەکان و لەو دوکیومێنتانەی ناو ئەرشیفەکانی خۆیان کە پڕن لەڕاپۆرت و بۆچوونی کاربەدەستانیان ڕوونبۆتەوە، دەریئەخەن حکومەتی بەریتانیا لەپێش هەموو شتێکدا مسۆگەرکردنی سوود و بەرژەوەندیەکانی خۆی مەبەست بووە و گوێیان نەداوەتە بەرژەوەندیەکانی میللەتانی تر و هەرچیەکیشیان لەو بارەوە وتبێت تەنها هەر قسە بووە و بۆ دەستبڕین و بۆ خەڵافاندنی ئەو میللەتانە بووە کە سەرکردەکانیان لەڕاستی ناوەڕۆکی سیاسەتی بەریتانیا نەگەیشتبوون و نمونەیەکی زەقی ئەمە لەهۆی ناردنی یەکێکی وەکو (مێجەر نویل)دا دەردەکەوێت کە پاشئەوەی لەساڵی (١٩١٩)دا حکومەتەکەی شێخ مەحمودیان بۆ جاری یەکەم تێکدا کە هەمووی ساڵێك تێپەڕی نەکردبوو بەسەر دامەزراندنیا وەکو لەکۆتایی بەرگی یەکەمی سەرچاوە/٨٠دا بەدوورودرێژ باسکراوە، ئیتر پاشئەوە (مێجەر نویل)یان بۆ مەبەستێکی تر نارد بۆ باکوری کوردستان.

مێجەر نویل لەیاداشتەکانیدا کە وەکو ڕاپۆرتێکی دوورودرێژ ئامادەیکردووە و پێشکەشی کردووە، کاربەدەستانی حکومەتەکەی کە دەقی ئەو یاداشتە لەدوکیومێنتی ژمارە (Fo.٣٥١-١٣٩٤٧) کە بریتی بووە لە (١٤١) لاپەڕە و لەگەشتەکەیدا بەباکوری کوردستاندا لەماوەی (١٩١٩/٦/١٤) هەتا (٢١ی ئەیلول)ی هەمان ساڵ درێژەی کێشاوە و دیمەنی هەندێ شوێنی باکوری کوردستان و وێنەی گەلێك سەرکردە و سەرۆك عەشیرەتی گرتووە و لەهەمان ڕاپۆرتیدا بڵاویکردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە فۆتۆکۆپی ئەو دوکیومێنتە دیمەن و وێنەکانی زۆر لێڵ و نادیارن بۆیە سوودم لەوە وەرنەگرت تا هەندێکیان بڵاوبکەمەوە.

لەو دوکیومێنتەدا بەئاشکرا باسی هۆ و مەبەست لەناردنی مێجەر نویل نەکراوە، هەرچەند پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٩ باسی ئەوەی کردووە کە نویل خۆی وتویەتی حکومەتی سوڵتان لەئەستەمبوڵ دەسەڵاتی ئەوەی پێدرابوو سەرژمێری کورد و تورك بکات (لەدواییدا لەباسی شۆڕش و ڕاپەڕینی کوجیگری و دەرسیمی یەکەمدا ئەو باسەی حەسرەتیان دوبارە دەکەینەوە). لەڕاستیدا تا ئەوکاتەی هێشتا ئینگلیزەکان بەتەمای ئەوەبوون کورد لەباکوری کوردستاندا بۆ سوودی خۆیان بەکاربێنن و بیانکەن بەدەستکەلایەك بۆ هەڕەشەکردن لەکەمالیەکان و بۆ پوچەڵکردنەوەی بڕیارەکانی

کۆنگرەکانی ئەرزڕوم و سیواس کە بەئاشکرا بۆ پتەوکردنی دەسەلاتی کەمالیەکان بوون دژی خەلیفەی سەر بەحکومەتی بەریتانیا دژی سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا، خۆشی دوایئەوەی ویلایەتی موسڵ و میسۆپۆتامیایان خستبووە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە و تا ئەوسا کەمالیەکان هەردوولایان هەر بەهی خۆیان دەزانی و بەتەمابوون دەستیان بەسەردا بگرنەوە و ئەو میساقە میللیەی لەو دوو کۆنگرەیەدا بڕیاریان لەسەردابوو یەکێك لەمادە گرنگەکانی بریتی بووە لەوەی کە ویلایەتی موسڵیان هەر بەهی خۆیان زانیوە و بەئەرکێکی پیرۆزی سەرشانی خۆیان زانیوە دەستیانبکەوێتەوە.

ئەوەی بەتەواوەتی سەرودڵی ئینگلیزەکانی گرتبوو بریتیبوو لەبەشداربوونی ژمارەیەك لەسەرۆك عەشیرەت و ناسراوانی کورد لەو کۆنگرەیەدا بۆیە ئینگلیزەکان بەپێویستیان زانیبوو دڵی کوردەکان ڕابگرن بەئومێدی ئەوەی نەچنە ژێر باڵی کەمالیەکانەوە و بەو بەڵێنە پڕ لەدرۆ و خەڵەتاندنەی ئەوان باوەڕ نەکەن و بۆ زۆرتر دڵنیاکردنی کورد لەنیازی پاکیان. لەسەرچاوە/٤٠دا ئامارە بۆ باسێکی دکتۆر ئەحمەد عوسمان کراوە کە لەگۆڤاری (الثقافة)دا وتویەتی لەسەرەتای ساڵی (١٩٢٠)دا حکومەتی بەریتانیا وا خۆی پیشاندابوو کە دەیەوێ بایەخ بەکێشەی کورد بدات و (لوید جۆرج)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەکۆبونەوەیەکی پارلەمانی بەریتانیادا وتبووی: کورد مافی ڕزگاربوون و ئازادی هەیە و کوردەکانیش بەرامبەر بەدەربڕینی ئەو هەستە ڕێکخراو و کۆمەڵەی کورد تەلگرافێکی سوپاسنامەیان لە ١٩٢٠/٢/٢٦دا ناردبوو بۆ حکومەتی بەریتانیا.

دەربارەی ئەو قسانەی (لوید جۆرج) و ناردنی ئەو تەلگرافە بۆ حکومەتی بەریتانیا کە دکتۆر ئەحمەد عوسمان باسیکردووە لەدوکیومێنتی ژمارە (Fo.٣٧١-٥٠٦٨) ڕۆژی (١٩٢٠/٣/٢٤) باسی ئەو کەسانەی تیادا کراوە کە تەلگرافەکەیان ناردووە لەگەڵ ناوەڕۆکی تەلگرافەکە. ئەوانەی تەلگرافەکەیان ناردبوو بریتی بوون لە:

١-ئەمین عالی بەدرخان-بەناوی (Kurdish Association)ەوە (لەسەرچاوە/١١١دا وتراوە معاون رئيس جمعية تعالی کردستان).

٢-سەلیم بەکر-بەناوی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان.

٣-صبری-بەناوی ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستانەوە.

٤-بەکر-بەناوی نەشری معارف (لەکتێبەکەی مالمیسانژ، وەرگێڕانی شکور مستەفا ناوەکە بەباقی هاتووە).

٥-کەمال فەوزی-بەناوی ڕۆژنامەنوسەکان، کە وتبویان: ((ئێمە کە ناومان لەخوارەوە نوسراوە، بەناوی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانەوە سوپاستان دەکەین بۆ ئەو قسانەی بۆ یەکەمجار لەپارلەمانی ئێوەدا لە (١٩٢٠/٢/٢٥)دا دەربارەی ئازادی کورد کردبووتان و هیواداریین لەسایەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا و بەپشتگیری و یارمەتیدانی حکومەتی بەریتانیاوە وڵاتەکەمان بەرەو پێشەوە بڕوات و گۆڕینێکی باش بێتە کایەوە)).

دەربارەی گەشتەکەی (مێجەر نویل) هەروەکو خۆی باسیکردووە، لەپێشدا چۆتە دیاربەکر و لە (١٩١٩/٦/١٤)دا لەوێوە چۆتە حەڵەب و لەوێ چاوی بە(وڵسن)ی حاکمی گشتی بەریتانیا کەوتوە و وڵسن پێی ڕاگەیاندوە کەوا پێشنیازی کردووە کوردستانێکی سەربەخۆ لەژێر سایەی حکومەتی بەریتانیادا لەناوچەکانی (وان، بدلیس، دیاربەکر، معمورة العزیز) پێکبێت و داوای لەنویل کردووە بچێتە ئەستەمبوڵ و چاوی بەکوردە ناسراوەکان و بنەماڵەی بەدرخانیەکان بکەوێت و ئەو پڕوپاگەندانە بەدرۆبخاتەوە کە کەمالیەکان بڵاویانکردبووەوە گوایا بەریتانیا نیازی وایە بەشێکی زۆری ناوچە کوردنشینەکان بخرێتە ناو چوارچێوەی ئەو حکومەتەی بۆ ئەرمەنیەکان دروست دەکرێت و تەقەلاکانی مستەفا کەمال و تاقمەکەی بەدرۆبخاتەوە کە بۆ ڕواڵەت خۆیان وا پیشان دەدەن بۆئەوە تێدەکۆشن گیان و ڕۆحی ئیسلامەتی و خیلافەت بکەنەوە بەگیانی ئیمپراتۆرە نەخۆشەکەیاندا.

نویل لەباسەکەیدا لەسەری دەڕوات و دەڵێت: ((کە چوومە ئەستەمبوڵ لەپێش هەمووانــدا چاوم بەشێخ عەبدولقادر کەوت لەگەڵ هەندێ لەبنەماڵەی بەدرخانیەکان و داوام لێکردن وەفدێك لەناو خۆیاندا پێکبێنن بۆئەوەی لەگەڵ مندا بچینە ناوچە کوردیەکان، شێخ عەبدولقادر لەوە ترسابوو ئەگەر خۆی لەو وەفدەدا بەشداربێت تورکەکان بەتاوانباری دەزانن، بۆیە قایل نەبوو بەشداری بکات و ئەمین عالیش قبوڵی نەکرد لەگەڵماندا بێت بۆ گەڕان. نویل لەباسەکەیدا دەڵێت: لەڕاستیدا من ئەوەی شێخ عەبدولقادرم نەگرتە دڵ، هەرچەند پیاوێکی ڕووخۆش بوو، بەڵام زۆر کەللەڕەق و ڕەشبین بوو بەڵام بەڕاستی حەزم دەکرد ئەمین عالی بەدرخانم لەگەڵدا بێت، چونکە جگە لەوەی مرۆڤێکی سادە و ڕووخۆش

و كراوه بوو، مرۆڤێكی زۆر ئاغر و سەنگین و لێهاتووی بەشان‌وشەوكەت بوو، خاوەنی هەست و بیر و بۆچوونی خۆی بوو، ئەو مەرجە سەرەكیانەی تیادابوو وەكو سەركردەیەك بتوانێت سام و هەیبەت و دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەرامبەرەكەیدا بچەسپێنێت)).

نویل لەیاداشتەكەیدا باسی ئەوانەی كردووە كە لەگەشتەكەیدا لەگەڵیا بوون كە بریتی بوون لەجەلادەت بەدرخان و كامەرانی برای (كە هەردووكیان كوڕی ئەمین عالی بەدرخان بوون) و ئەكرەمی جەمیل پاشای دیاربەكری و (سەید معین) كە زاوای شێخ عەبدولقادر بوو لەگەڵ (سەید ئیبراهیم) كە یەكێك بوو لەناسراوەكانی دەرسیم.

دەربارەی مەبەستی ئینگلیزەكان لەناردنی مێجەر نویل بۆ باكوری كوردستان، پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەكتێبەكەیدا سەرچاوە/٤٩ وتویەتی: ((ئەو ڕۆژانەی نویل چووبوو بۆ كوردستان، توركەكان هەوڵێكی زۆریان دابوو بۆئەوەی بیروڕای خەڵكی ناوخۆ و دەرەوە وا لێبكەن كە لایان وابێت نویل بۆیە نێردرابوو بۆ كوردستان هەتا زەمینەیەك خۆشبكات بۆ دامەزراندنی حكومەتێكی كوردی، بەلام لەڕاستیدا شتەكە بەوجۆرە نەبوو.. حەسرەتیان لێرەدا ئاماژەی بۆ كتێبەكەی (مس بیل) كردووە كە سكرتێرەی باڵیۆزخانەی بەریتانیا بوو لەبەغدا لەكتێبەكەیدا (مەبەست ئەو كتێبەی مس بیل بەناوی فصول من تاریخ العراق القریب كە جعفر خیاط لەبەیروت چاپیكردووە بەعەرەبی) بەئاشكرا دانی بەوەدا ناوە مەبەستی سەرەكی ناردنی مێجەر نویل ئەوەبوو لەلایەكەوە ئەگەر بەریتانیا ویستی ئەوا كوردەكان دژی كەمالیەكان هانبدات و لەلایەكی تریشەوە بۆئەوەی وا لەكوردەكان بكات كارێكی وا نەكەن هیچ شتێك بیڕەزامەندی بەریتانیا بكەن كە ببێتە هۆی پشێوی و ئاژاوەیەك كە سوودی بەریتانیای تیادا نەبێت، ئەوەبوو لەمایسی ١٩١٩دا لە(كاختا) ئەو مەبەستەی خۆیان بۆ كوردەكان دەربڕیبوو)).

بۆ بەڵگەی ڕاست بۆچوونی حەسرەتیان دەربارەی هەڵوێستی ئینگلیز بەرامبەر كورد كە نەیاندەویست كورد لەو ڕۆژانەدا هیچ جۆرە بزوتنەوە و شۆڕشێك دژی تورك بكات، مێجەر نویل خۆی لەیاداشتی ڕۆژی (١٩١٩/٩/٧)دا و لەلاپەرە (٢٠)ی دوكیومێنتەكە باسی نامەیەكی والی توركی كردووە (ئەو والیە سەر بەئەستەمبوڵ بووە نەك كەمالیەكان) كە ناردویەتی بۆ وەزیری ناوخۆی

تورکیا لەو نامەیەدا وتویەتی: ((مێجەر نویل دڵنیای کردم بەهیچ جۆرێك ڕێگە بەوە نادات دەسەڵاتی حکومەتی تورك لاوازبکرێت یا زیانی پێبگات)).

بەڵگەیەکی تریش بۆ دووڕوویی ئینگلیز لەهەڵوێستیدا بەرامبەر بەکورد، ئیسماعیل شاوەیس کە خۆی لەکۆڕی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەو ڕۆژانەدا بووە و کۆنە ئەفسەرێك بووە لەسوپای عوسمانیدا لەگۆڤاری (ڕۆژی نوێ)ی ژمارە (۹)ی مانگی یەکەمی ساڵی (۱۹٦۰)دا بڵاویکردۆتەوە کە وتویەتی: ((ئینگلیزەکان هەمیشە دژی چالاکیەکانی کۆمەڵی (کوردستان تعالی و تعاون جمعیتی) دەوەستان و ڕێگەی ئەو جەمعیەتەیان نەدەدا چالاکیەکی ئەوتۆ بنوێنن ببێتە هۆی بەهێزبوونی دەسەڵاتیان و ڕێگەیان لەوە دەگرت چاپەمەنیەکانی ئەو کۆمەڵە لەباکوری کوردستانەوە بگاتە باشوری کوردستان (لەباسی کۆمەڵ و ڕێکخراوە کوردیەکاندا جارێکی تر دەچینەوە سەر ئەو باسەی ئیسماعیل شاوەیس).

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەباسەکەیدا لەسەری ڕۆیشتووە و وتویەتی: ((هەرچەند تورکەکان پروپاگەندەیان دژی نویل بڵاودەکردەوە و بەوە تاوانباریان دەکرد کە بۆئەوە هاتبووە باکوری کوردستان هەتا حکومەتێکی کوردی دروستبکات، بەڵام هەندێ دوکیومێنتی تورك هەرخۆیان ئەو پروپاگەندەیەیان بەدرۆخستەوە و ناوەڕۆکی ئەو دوکیومێنتانەی تورك کە ئەو درۆودەلەسانەیان پوچەڵ دەکردەوە لەلایەن هەندێ کەسی دیموکراتیەوە توانرابوو لەئەرشیفەکانی تورکیاوە بیبەنە دەرەوە و بەهۆی ئەمەوە ڕاستیەکان ئاشکرابوون کە ماوەیەکی زۆر بوو تورکەکان ڕێگەیان نەدەدا بەهیچ بێگانەیەك دەستیان بگاتە ئەو دوکیومێنتانە)).

حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا باسی نامەی وەکیلی حکومەتی بەریتانیا کردووە کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیای ناردووە و لەو نامەیەدا وتویەتی: ((لەگەڵ شێخ عەبدولقادر و هەندێ کوردی تردا قسەم کرد و داوام لەشێخ عەبدولقادر کرد بچێتە کوردستان (لەو ڕۆژانەدا شێخ عەبدولقادر لەئەستەمبوڵ بووە) بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەکاربهێنێت، ئێمە دەمانەوێ تورکەکان بخەڵەتێنین، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نابێ بڕوا بەکوردەکان بکرێت ئەگەرچی هاندانیان دژی تورك لەم ڕۆژەدا شتێکی بێسوود نییە)).

هەمان وەکیل هەروەکو حەسرەتیان باسیکردووە، لەڕاپۆرتێکی تری ساڵی (١٩١٩)دا وتویەتی: هێشتا کوردەکان دژی مستەفا کەمال ڕانەپەڕیون، بەلاّم ئومێدەوارین نویل بتوانێت ئەو مەبەستەی هەمانە بەئەنجامی بگەیەنێت (لامواپە ئەم باسە لەگەڵ هەندێ بۆچوونی کاربەدەستانی ئینگلیزدا یەکناگرێتەوە کە زۆربەیان لەوە دواون کە کورد نابێ هیچ بزوتنەوەیەك بکات) بێجگە لەو سەرنج و باسەی پرۆفیسۆر حەسرەتیان لێیدواوە بلەچ شێرکۆش لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٦٠ باسی هەڵوێستی ئینگلیزی کردووە کە چۆن ڕێگەی هەموو جۆرە بزوتنەوەیەکیان لەکوردی باکور گرتبوو کە وتویەتی: ((لەکاتی گفتوگۆی پەیمانی ئاشتیدا بەشەریف پاشا (مەبەست شەریف پاشای خەندانە) وترابوو بێدەنگبوونی کورد و جموجوڵ نەکردنی لەم ڕۆژانەدا مەرجێکی سەرەکیە و هەموو بزوتنەوەیەکی کورد زیان بەکورد دەگەیەنێت و (جەنراڵ ماك ئەندرۆ) سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیا بەیانێکی بەزمانی کوردی بلاّوکردبووەوە، لەو بەیانەدا وتبووی: بۆ مسۆگەرکردنی چارەنوسی ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوەکانیان کوردن، پێویستە ئەوانە بەئارام بن و دان بەخۆیاندا بگرن و هیچ جموجۆڵێك نەکەن و پشت بەعەدالەتی حکومەتی بەریتانیا ببەستن و تەنها لەڕێگەی ئەوەشەوە مافی خۆیان دەستگیردەبێت.

هەر لەو ڕۆژانەدا (میرئالای بێل) کە سەرۆکی موخابەراتی بەریتانیا بوو لەحەڵەب ڕێگەی لەسریا بەدرخان گرت و نەیهێشت بەیانێك بلاّوبکاتەوە بۆ دەستخستنە ڕووی فرۆفێڵەکانی مستەفا کەمال کە لەو ڕۆژانەدا هەندێ کوردی فریودابوو، لەخشتەی بردبوون و بەلای خۆیدا ڕایکێشابوون و کردبوونی بەئەندام لەڕێکخراوەکانیدا (مەبەست لەکۆنگرەی ئەرزڕوم و سێواسە) و بەسریا بەدرخان وترابوو کورد پێویستە جاری بێدەنگ بێت و هیچ نەکات و ساتێك (بیل) بۆی دەرکەوت جەلادەت بەدرخان و کامەرانی برای و ئەکرەمی جەمیل پاشا کە نوێنەری کۆمەڵی (تعالی و ترقی کوردستان) بوون خەریك بوون لەچیاکانی (کاختە) هێزی کوردیان کۆدەکردەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هێزی کەمالیەکان کە لەو ڕۆژانەدا هێزی کەمالیەکان بەئاشکرا خۆیان بۆئەوە ئامادەکردبوو پەلاماری کورد بدەن، ئا لەو هەڵوێستەدا (بیل) بەناوی حکومەتی بەریتانیاوە داوای لەجەلادەت بەدرخان کرد (لەنوسەری باسەکە خۆی) کە پێویستە ئەو هێزەی کورد

بلاوەی پێبکرێت بەبیانووی ئەوەی هەر جموجوڵێکی کورد دەبێتە مایەی ناڕەزایی و بێزاربوونی دەوڵەتە ئەوروپییەکان.

نوسەر ئەڵێ: بەڕاستی کوردەکان زۆر بەباشی لەنیاز و مەبەستی کەمالیەکان گەیشتبوون، کەچی بەداخەوە گوێیان بۆ ئینگلیزەکان شلکرد و بێدەنگ بوون (بەر لەمە حەسرەتیان باسی ئەو هەڵوێستەی ئینگلیزی کردووە دەربارەی ئەو هێزەی کورد کە لەمایسی ١٩١٩دا لەکاختا کۆبووبوەوە). ئەوەی شایانی باسە تورکە کەمالیەکان لەهەموو هەڵوێستێکی ئینگلیزەکان بەرامبەر کورد سڵەمیبوونەوە و لەگەڵ ئەوەشدا لەوە گەیشتبوون ئینگلیزەکان نیازیان نەبووە کارێکی وابکەن کورد شۆڕشێك بەرپابکات بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چ ئەوان و چ تورکەکانی سەر بەخەلیفەش لەئەستەمبوڵ بەچاوێکی ناڕەزاییەوە سەیری گەشتەکەی نویلیان کردووە.

نویل لەلاپەڕە ٢٢ی یاداشتەکەیدا ئاماژەی بۆ تەلگرافێکی جەودەت بەگی فەرماندەی سەربازخانە و کەتیبەی سیازدەهەم کردووە کە وتویەتی ئەو جەودەت بەگەی بەرەگەز عەرەبە لەتەلگرافەکەیدا کە ناردویەتی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی وتویەتی: ((ئەو تاقمەی ئەفسەرە ئینگلیزەکە (کە مەبەست مێجەر نویل)ە سەرۆکێتی، لەم دواییەدا گەیشتونەتە (مالاتیا) و گەلێك پرۆژە و نەخشەی شەیتانیان بەدەستەوەیە دژی وڵاتی باوباپیرانمان و نویل دەستیکردەوە پیلانگێڕان و ئاژاوەنانەوە و دوو مانگ لەمەوبەر چۆتە دیاربەکر و بەئاشکرا دژی حکومەت دەدوێ و پڕوپاگەندەی خراپ بڵاودەکاتەوە و پارەوپولێکی زۆری داوە بەسەرکردەی عەشیرەتی (میللی) و ئەویش بەرامبەر بەمە بەڵێنی پێداوە لەماوەی شەش هەفتەدا هەموو کاربەدەست و موچەخۆرە تورکەکانی ناوچەکە دەربکات، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو بەڵێنانەشدا هێشتا هیچی دەستگیر نەبووە.

تەلگرافەکەی جەودەت بەگ باسی خەفەتی خۆی دەکات بەرامبەر بەوانەی خەڵەتێنرابوون و بەڵێنی سەربەخۆییان پێدرابوو هەروەکو چۆن کاتی خۆی ئەلبانەکانیش لەشەڕی بالقاندا خەڵەتێنرابوون، ئەوا ئێستەش خەریکی ئەوەن کوردیش هانبدەن (مەبەست کوردی باکوورە) هەروەکو چۆن لەسلێمانیش شێخ مەحمودیان لەخشتەبرد کە ئێستە ئەو شێخە ڕووبەڕووی ئینگلیزە داگیرکەرەکان بۆتەوە)).

ئـەوەی سەرنجراکێشـــەرە لـەو تەلگرافـەی جـەودەت بەگـدا کـە لـەڕۆژی ١٩١٩/٩/٩دا نێـردراوە، ئەوەیـە لەکاتێکـدا کـە وتویـەتی شـێخ مـەحمود ئێسـتە ڕووبـەڕووی ئینگلیـز بۆتـەوە، شـێخ مـەحمود ماوەیـەك بـوو گیرابـوو لـەڕۆژی ١٩١٩/٧/٢٥دا درابـوو بەدادگایـەکی سـوپایی ئینگلیـز لەبەغـدا وەك لەبـەرگی یەکـەمی سەرچـاوە/٨٠دا بەدوورودرێـژ باسـکراوە. تەلگرافەکـەی جـەودەت بـەگ لەسەریئەڕوا و ئـەڵێت: ((دوو مـانگ بـەر لەئێستە ئەفسـەرێکی تـری ئینگلیـز کـە لەقـەفقاس بـووە، بەموتەسـەریفی (بایەزیـد)ی ڕاگەیانـدبوو کـەوا لەبەرئـەوەی سنجاقی بایەزیـد دراوە بەئەرمەنیـەکان بۆیـە پێویسـتە حکومـەتی تـورك چـۆڵی بکـات. تەلگرافەکە دەپرسێت و دەڵێـت: ئەگـەر ئینگلیزەکـان بەڕاسـتی دەیانـەوێ کوردەکان سەربەخۆبن ئاخۆ دەبێ ئەو هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی دژی دەکرێت هۆی چی بێت (مەبەستی شۆڕشەکەی شێخ مـەحمود بووە) کەواتـە ئـەی خەڵکینـە خوا پشتیوانتان بێت و نەکەن بەقسەی لوس و بەدرۆودەلەسە فریـو بخۆن چونکە کورد و تورك برای یەکن و جیابوونەوەیان لەیەکتر دەبێتەهۆی لاوازبوونی ئیسلام، تورك دەتوانێت بەبێ کورد بژی، بەڵام کورد بەتەنها کە دراوسـێی عـەرەب و فـارس و ئەرمەنین چۆن دەتوانن بەتەنها بژین و بمێننەوە؟ ئەگەر وریـا نـەبن (بطریـارك)ی ئەرمەنی لەئەمریکا هەمووتان دەکات بەنۆکەری ئەرمەنی)).

نویل لەیاداشتی ڕۆژی ١٩١٩/٩/١٠دا باسی تەقەلای تورکەکانی کردووە (کە مەبەستی ئەوانە بووە کە سەر بەخەلافەتی عوسمانی بوون) کە هەوڵیاندابوو خۆی و تاقمەکـەی بگـرن و بەدوورودرێـژ باسـی ئـەوەی کـردووە چـۆن خۆیـان ڕزگـارکردبوو. لەیاداشـتی ڕۆژی ١٩١٩/٩/١١دا وتویـەتی: ئیمـڕۆ والی (مەبەسـتی والی سـەر بەئەسـتەمبوڵ بـووە) ئاگـاداری کـردم کـەوا سـوڵتان فـەرمانێکی پێڕاگەیانـدوە هەوڵبدات لەو کوردانـەی جێگـەی بـاوەڕن هێزێکـی سوارەی کـورد ئامادەبکـەم و بینێرمـە سەر مستەفا کـەمال لەسـێواس، بـەڵام بەمـەرجێك لـەدوای سەرکەوتن بەسەر کەمالیەکاندا ئەو سوارانەی کورد وازیان لێبهێنرێت و بڵاوەیان پێبکرێت چونکە ئەو کوردانەی ئیمڕۆ دەنێردرێن بۆ سەرکوتکردنی یاخیبووەکان لە(سێواس) هەموویان لەئێمەش یاخیدەبن و لێمان هەڵدەگەڕێنـەوە و داوای مـافی نەتەوایەتی خۆیان دەکەن.

نویـل دەڵـێ: منـیش بـەوالیم وت: کوردەکـان زۆر بـاش لەوەدەگـەن ئەگـەر بنێردرێن بۆ سەرکوتکردنی تورکە یاخیبووەکان، لەو کارەیان هیچیان دەستگیر

نابێت بۆ سوودی نەتەوایەتی خۆیان بۆیە کوردەکان ئەمە بەکارێکی خۆڕایی و بێسوود دەزانن. نویل لەسەرێنەڕوا و دەڵێت: بەقسەکانی والیدا بۆم دەرکەوت هەڕەشەی گرتنمان بەنیازی ئەوە بووە کارێکی وابکەم کوردەکان قایل بکەم ئەو هێزەی والی باسیکردبوو ڕێکیبخەم بۆئەوەی پەلاماری سێواس بدەن (دیارە کاتی بەستنی کۆنگرەی سێواس بووە)، بەلاّم من ڕەپوڕەوان لەوالیم گەیاند بەهیچ جۆرێك نامەوێ خۆم بخەمە ژێر باری کێشەیەکی واوە.

نویل لەلاپەڕە (٢٤)ی یاداشتەکەیدا باسی چوونی وەفدێکی کردووە کە چووبوو بۆلای (حاجی بەدرئاغا)ی سەرۆکی عەشیرەتی (رشوان) بۆئەوەی بیکەن بەلایەنگری خۆیان و یەکێك لەئەندامانی ئەو وەفدە کە (Haji Kya–حاجی کیا) بوو لەکوشتارەکەی (مەلاتیا)دا دەستێکی بالاّی هەبووە و لەئەنجامی ئەمەدا حکومەتی ناوەندی (مەبەست ئەوەی ئەستەمبولّ)ە بڕیاری گرتنی دابوو، ئەویش پەنای بردبووە بەر شاخەکان و ئێستە بووە بەدەمڕاست و لەناو کەمالیەکاندا پلەوپایەیەکی بەرزی هەیە.

نویل لەیاداشتی ڕۆژی ١٩١٩/٩/١٧دا باسی پیاوێکی پیری کردووە لەگوندی (بیزیك) و لێیپرسیبوو تۆ حکومەتی تورکت خۆشناوێت کە حکومەتێکی ئیسلامە؟ لەوەلاّمدا کابرای پیرە بەنویل دەڵێت: تۆش دەتەوێ من تورکم خۆشبوێت؟؟ من چۆن یەکێکم خۆشدەوێ چاوی دەرهێنابم و کوێری کردبم؟!.. هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا و وتی: ماوەیەکی زۆرە منداڵ و خێزان و کێڵگە و گاوگوتاڵی خۆم نەدیوە!!.

ئەوەی شایانی باسە، لەدوکیومێنتێکی ناو ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا ژمارە (C.C.٧٣٠-٢٨)ی مانگی مارتی ١٩٢٢، یەعنی دوای پتر لەدوو ساڵ تێپەڕبوون بەسەر گەشتەکەی نویلدا، بەئاشکرا باسی ئەوە کراوە کە حکومەتی بەریتانیا بەباشی نەزانیبوو یارمەتی کوردی باکوور بدات لەکێشەی نێوان تورك و کوردا، بۆیە ئیتر پێویستی بەمانەوەی نویل نەمابوو لەتورکیا بۆیە کۆتایی بەگەشتەکەی هێنرابوو.

مس بیل لەکتێبەکەیدا (فصول من تأریخ العراق القریب–ترجمة جعفر خیاط لەساڵی ١٩٧١، بیروت)، بەئاشکرا لەو کتێبەیدا وتویەتی: ((ئەو کارەی بەمێجەر نویل سپێردرابوو لەناو کوردەکانی تورکیادا تەواویکرد و بەسەرکەوتویی گەڕایەوە)).

ئەوەی مس بیل باسیکردووە دەربارەی کارە سەرکەوتوەکەی نویل لەهەندێ شوێنی تریشدا باسی نەکردووە کە بریتی بووە لەخاوکردنەوەی کورد لەباکووری کوردستاندا بۆئەوەی هیچ جۆرە جموجوڵێك نەکەن ببێتە هۆی ئەوەی کارێکی وا ڕووبدات ئینگلیزەکان بەناچاری خۆیانی تێوەبئاڵێنن و بێجگە لەوە بارودۆخێکی واش بێتــە پێشــەوە گیــانی کریســتیانەکانی ناوچــەکە بپارێزرێــت بێجگــە لەکۆکردنــەوەی زانیاریــەکی زۆر لەلایــەن نویلــەوە دەربــارەی هەڵوێســتی کــوردی ناوچەکە و دەستنیشانکردنی دەسەڵاتدارانی کورد بۆئەوەی حکومەتەکەی لـەژێر تیشکی ئەو زانیاریانەدا لەدواڕۆژدا سوودی لەبارودۆخی ناوچەکە دەستگیرببێت.

بێجگە لەمێجەر نویل چەند کاربەدەستێکی تری حکومەتی بەریتانیا وەکو (ڕاولنسن) و (لورنس) هەریەکەیان بەشێوەیەك بەشێك لەنەخشەی حکومەتەکەی خۆیـان بـەجێهێناوە ئەگەرچـی ئـەو پێشـنیازانەی ئەمانـە دەربـارەی کوردسـتان پێشکەشیان کردبوو هیچیان لەلایەن کاربەدەستە بەرزەکانی بەریتانیاوە پەسـەند نـەکرابوو بـەڵام دوبـارە هـەر بریتـی بـووە لـەجۆرە ئامـادەکردنی چـەند زانیاریـەك دەربارەی باکووری کوردستان.

بۆ نمونە (ڕاولنسن) یەکێك بووە لەو ئینگلیزانەی هانی حکومەتەکەی خۆی دابوو یارمەتی کورد بدات بۆئەوەی دژی تورك شۆڕش بکەن، لەڕاپۆرتێکیدا باسی ئەوەی کردووە ئەگەر یارمەتی (ئەیوب پاشا) بدرێت لەناوچەی (Olti–ئولتی)، دەتوانێت دەستبگرێت بەسەر (Karaklis–کاراکلس) و بایەزیدا و کوردەکانی بایەزید کە چەکدارن دەتوانن ئەرزنجان بگرن (مێجەر نویل لەگەشتەکەیدا چاوی بەو ئەیوب پاشایە کەوتوە و وێنەیەکی گرتووە).

ڕاولنسـن پێشـنیازیکردبوو لـەکاتی بزوتنـەوەی کـوردا ئەگـەر یۆنانیـەکان لـەدەریای ڕەشـدا بکەونـە جموجـوڵ ئـەو ئامانجانـەی بەتـەماین بێتـەدی بەمـە سەردەگرێت، بەڵام هەروەکو (پرسی کۆکس) و (شێك بۆرگ) باسیانکردووە ئەو پێشنیازانەی (ڕاولنسن) پشتگوێخرا چونکە وەزارەتی موستەعمەرات ئەوانەی بەباش نەزانیبوو (لەدواییدا لەباسی بزوتنەوەی کەمالیەکاندا و لەباسی هۆی سەرنەگرتنی پەیمانی سیڤەردا دەچینەوە سەر باسی چالاکی و پێشنیازەکانی تری ڕاولنسن بۆ کارکردن دژی کەمالیەکان).

(لورنس)یش باسی ئەوەی کردووە کە لەو ڕۆژانەدا ڕاپەڕینێکی کوردی بەباش زانیوە دژی کەمالیەکان و خستویەتە بەرچاو هەروەکو چۆن بەهاوکاریکردن و

یارمەتیدانی بەریتانیاوە بەشەش پاپۆڕ و پەنجا سەربازی بەریتانیا و شەش ملیۆن پاوەنی ئینگلیزی، عەرەبەکان توانیان ئامانجی خۆیان بەجێبێنن و ئەگەر بۆ کوردیش شتێکی وا بکرایە ئەوا ئەوانیش بەهەمان مەبەست دەگەیشتن، (پرسی کۆکس) هۆی یارمەتینەدانی حکومەتی بەریتانیای بۆ کورد بەم شێوەیە باسکردووە:

١-ڕاپەڕینی چەکدارانەی کورد دژی تورکەکان بەهاوکاری بەریتانیا دەبووە هۆی نیگەرانی و تووڕەبوونی هەموو وڵاتە ئیسلامیەکان.

٢-پارە و خەرجیەکی زۆرتری دەوێ وەك لەوەی لۆرنس بۆ عەرەبەکانی دابینکردبوو.

٣-ئەگەر بەریتانیا یارمەتی کورد بدات و لەنیوەیدا وازیان لێبێنێت، ئەوا کوشتارێکی ئێجگار زۆر لەکورد دەکرێت کە ئەنجامەکەی دەخرێتە ئەستۆی حکومەتی بەریتانیاوە، بۆیە باشترین شت ئەوەیە کێشەی حکومەتی بەریتانیا لەگەڵ تورکەکاندا بەئاشتی چارەسەر بکرێت (کە لەڕاستیدا ئینگلیزەکان هەرواشیان کرد و توانیان تورکەکان ناچاربکەن لەلایەکەوە دەستبەرداری ویلایەتی موسڵ ببێت و لەلایەکی تریشەوە کەمالیەکانیان والێکرد واز لەدۆستایەتی سۆڤیەت بێنن و بیخەنە ژێر ڕکێفی دەوڵەتە سەرمایەدار و ئیمپریالیزمەکانی ئەو ڕۆژانە)، بێجگە لەو دوو تەقەلادانە سەرنەگرتووەی (راولنسن) و (لورنس)، مێجەر نویل لەیاداشتەکانیدا کە وەکو ڕاپۆرتێك ناردویەتی بۆ کاربەدەستانی حکومەتەکەی باسی بارودۆخی ئەو ڕۆژانەی هەندێ لەناوچەکانی باکووری کوردستانی کردووە بەهیوای ئەو سەرنجانەی ئەو خستبوونیە بەرچاو و حکومەتەکەی خۆی، ببنە هۆی ئەوەی حسابێکیش بۆ بوونی کورد بکەن بەرامبەر بەتورك، بەڵام وادیارە تەقەلاکانی ئەمیش هەروەکو ئەوەی راولنسن و لورنس بێسوود بووە و کاریگەر نەبووە.

بۆ نمونە ئەو تەقەلادانەی مێجەر نویل، چەند سەرنجێکی ئەخەینە پێشچاو کە لەڕاپۆرتەکەیدا تۆمارێکردووە، لەلاپەڕە (٦)ی یاداشتەکەیدا وتویەتی: ((کوردەکان دەڵێن ئێمە کوردین و ئێرە نیشتمانی ئێمەیە و هی خۆمانە، بەڵام بۆ نەگبەتی و چارەڕەشی توشمانبووە بەتوشی ئەم تورکە ئێسکگرانانەوە کە شتێکی زۆر ناڕەوایە، هەروا لەژێر چنگی ئەوا نامێنینەوە بۆیە هیواداریین بتوانین خۆمانیان لێڕزگاربکەین)).

لەلاپەڕە (١٨)ی ڕاپۆرتەکەیدا باسی نەیاری و دوژمنایەتی کورد و تورکی کردووە و وتویەتی: ((ئەم ناکۆکی و دوژمنایەتیە لەگەڵ تورکەکاندا شتێکی تازە نیە و ئەوەی وای لەکورد کردووە لەکۆنەوە زۆر ڕقیان لەتورک بێت بریتی‌یە لەوەی تورکەکان خۆیان زۆر بەزل دەزانن و لوت بەرزن و بەچاوێکی سووک و بێڕێزیەوە سەیری میللەتانی تر دەکەن و لەبەرئەوە لەشەڕی جیهانیدا کوردەکان هەتا بۆیان بکرایە ڕێگایان بەکاروانە سەربازیەکانی تورك دەگرت چونکە سەربازەکانی ئەو کاروانانە دەستدرێژیان دەکردە سەر کوردی سەرەڕێی هاتوچۆکردنیان)).

نویل لەیاداشتی ڕۆژی ١٩١٩/٩/٤دا دەڵێت: ((کەمالیەکان کەوتونە خۆیان بۆ شەڕکردن لەگەڵ یۆنان و ئەوانەی بەداگیرکەری ولاتی خۆیان دەزانن و بۆ ئەم مەبەستە بەزۆرەملێ دەستیانکردووە بەسەربازگرتن لەکوردەکان و دەیاننێرن بۆ کۆڕی شەڕ و لەدێهاتەکانی ناوچەی (کورجیك) بەهەزاران کوردیان گرتووە و کردویانن بەسەرباز و لەترسی ئەم کارەی تورك ژمارەیەکی زۆری کورد ڕایانکردووە خۆیان شاردۆتەوە و (ئەنوەر پاشا) فەرمانێکی دەرکردووە کە ئەوانەی ڕایانکردووە لەسەربازی پێویستە تالانبکرێن و ماڵەکانیان کاولبکرێت)).

(لەباسی شەڕی تورك و یۆناندا باسی هەڵوێستی کورد ئەکەین کە چ ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لەسەرکەوتنی تورکدا).

نویل لەیاداشتی هەمان ڕۆژدا نوسیویەتی: ((هەستی کوردەکانم بەتەلگراف نارد بۆ کاربەدەستان و بۆم ڕوونکردنەوە کورد لەناوچەکانی (عینتاب) و (مەلاتیا)دا هەستێکی بەرزی نەتەوایەتیان تیادایە و ڕقێکی زۆریان لەتورکە و پێویست بەوە ناکات کەس هانیان بدەن چونکە خۆیان داخ لەدڵن و لەسەرپێن و هاکا جموجوڵ و ڕاپەڕین لەو ناوچانەدا دەستپێبکرد و هەستیش ناکەم هیچ جۆرە ناحەزیەکیان بەرامبەر بەئێمە هەبێت)). نویل لەلاپەڕە (١٩)ی ڕاپۆرتەکەیدا باسی نامەیەکی (خالید بەگ)ی فەرمانده‌ی کەتیبەی سیازدەهەمی تورکی کردووە کە لەدیاربەکرەوە ناردبووی بۆ (Abidin—عابدین) کە فەرماندەی کەتیبەی سوارە بووە لە(مەلاتیا) و لەو نامەیەدا ڕووندەبێتەوە هەستی کوردایەتی لەدیاربەکردا چەند بەهێزە.

نویل کورتە باسێکی نامەکەی خالید بەگی خستۆتە پێشچاو کە خالید بەگ وتویەتی: ((من بەتەواوەتی چوومەتە بنج‌وبناوانی ئەو مەبەستەی لەژێر پەردەی داخوازیەکانی خەڵکی دیاربەکردا ئامادەکراوە و ئەوەی لەمێشکی ئەوانەدایە

هـەموویم خوێندۆتـەوە و بەباشـی لـەوە گەیشـتبووم لـەژێر پـەردەی نەتەوایـەتی کوردا تەقەلای ئەوە دەدرێت بچنە ژێر ڕکێف و دەسـەڵاتی ئینگلیـزەوە و لاوەکانی کورد هـەواڵی وا بڵاودەکەنـەوە کـە هەستی نەتەوایـەتی دانیشـتوان بووروژێنرێـت و لەبەڵگـە نهێنییەکانـەوە بـۆم دەرکـەوتووە ئەمانـە بـۆ بەرژەوەنـدی ئینگلیزەکـان کاردەکـەن، والی تـازە گەیشـت و زۆر بـاش لەمەڵوێسـت گەیشـتووە بۆیـە (یانـە-Club)ی داخست)).

نویــل لەیاداشـــتی ڕۆژی ۱۹۱۹/۹/۷دا لەلاپـــەڕە (۲۰)ی ڕاپۆرتەکەیـــدا نوسـیویەتی: خـەلیل بـەگی متصـرف (بـرای ئـەمین عـالی بـەدرخان بـووە کـە کاربەدەسـتی حکومەتەکـەی ئەسـتەمبوڵ بـووە)، هەنـدێ تـەلگرافی پیشـاندام کـە لـەنێوان والی تـورك و وەزیـری نـاوخۆدا بـۆ یـەکتریان نـاردبوو، ئەمـەی خـوارەوە یەکێکـە لـەو تەلگرافانـە کـە وەزیـری نـاوخۆ نـاردبووی کـە وتویـەتی: ((ئاگـاداری ئـەوەین گرتنـی بەدرخانیـەکان (مەبەسـت ئەوانەیـە کـە لەگـەڵ نویلـدا بـوون لەگەشتەکەیدا) زیانێکی گەورەی دەبێت بۆ تورکیا، لەلایەکی تـرەوە ئـەو شتانەی لەڕاپۆرتـەکانی کەتیبـەی سـیازدەدا باسـکراون وا دەگەیـەنن پڕوپاگەنـدەی نەتەوەپەرسـتەکانی کـورد مەترسـیەکی زۆر لـەوە زیـاتری لێپەیـدا دەبێـت کـە چاوەڕێمان دەکرد، تکایە ئێوەش بۆچوونی خۆتانمان بۆ بنێرن)).

نویـل باسـی وەڵامەکـەی والی بـۆ وەزیـری نـاوخۆ بەتـەلگرافێك نـاردووە کـە وتویەتی:

((۱-مێجەر نویل دڵنیای کـردم بـەهیچ جۆرێـك هـانی کـورد نـادات کـارێکی وابکـەن دەسەڵاتی حکومەتی پـێ لاوازبێـت (بێگومـان مەبەسـتی حکومـەتی ئەسـتەمبوڵە نـەك هـی کەمالیەکان).

۲-پڕوپاگەندەی بەدرخانیەکان کارێکی ئەوتۆی نەکردۆتە سەر ئێمە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو باسانەی لەڕۆژنامـەی (سەربەستی)دا دەردەچێت کـە لەلایـەن یانـەی کـوردەوە دەردەچێت و هەتا ئێستە ئێوەش هیچ شتێکتان بەرامبەر بەو ڕۆژنامەیە نەکردووە.

۳-گرتنی بەدرخانیەکان دەبێتەهۆی نانەوەی ئاژاوە و بـەرەڵڵایی لەناوچـەکاندا و ئەگـەر شتی وا بکرێت دژیان لەڕاستیدا توانای ئەوەمان نیە چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین.

٤-بەپێی بۆچوونی خەم، پڕوپاگەنـدەی بەدرخانیـەکان بایـەخێکی ئـەوتۆی نیـە بتوانێـت کاربکاتە سەر ئێمە و شتەکە بەو شێوەیە نیە کـە کەتیبـەی سیازدەهەم لـەئێوەی گەیانـدووە و دەیەوێ شتەکە بەخۆڕایی زلبکات)).

بێجگە لەو بۆچوون و سەرنجانەی لەلایەن (راولنسن) و (لورنس) و (مێجەر نویل)ەوە باسمانکردون، لەچەند دوکیومێنتێکی حکومەتی بەریتانیادا باسی هەندێ هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیایان تیادا تۆمارکراوە، بەپێویستم زانی لەکۆتایی ئەم باسەدا کورتەی هەندێکیان بخەمە پێشچاو:

–لەدوکیومێنتی ژمارە (Fo.٣٧١-٥٠٦٧)ی ساڵی ١٩٢٠)دا باسی پێشنیازێکی کردووە دەربارەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد کە لەلایەن (Mr.C.Garabett–مستەر گەرەبێت)ەوە ئامادەکراوە.

–لەدوکیومێنتێکی تردا ژمارە (CF.No.٥٦)ی ڕۆژی ١٩٢٠/١٢/٣١ تەلگرافێکی ئەدمیرال (DeRobeck)ی تیادایە، ژمارە (٨٦١) ڕۆژی ١٩٢٠/٧/٢٨ کە لەئەستەمبوڵەوە ناردویەتی، لەفەقەرە (٣٣)ی ئەو تەلگرافەدا داواکراوە عەشایرەکانی کورد دژی تورکە نەتەوەییەکان هانبدرێن (مەبەست کەمالیەکانە) و وەڵامی ئەو تەلگرافە بەتەلگرافی ژمارە (٢٥٤) لەلایەن لۆرد کرزنەوە دراوەتەوە ئەوە دوبارەکراوەتەوە کە حکومەتی بەریتانیا نەیویستووە لەپێناوی دەستگیربوونی مافی کوردا خۆی تووشی هیچ کێچەڵێك بکات.

لەسەرچاوە (٤٠)دا ئامارە بۆ باسێکی دکتۆر ئەحمەد عوسمان کراوە کە لەگۆڤاری (الثقافة)دا بڵاوکراوەتەوە کە دکتۆر ئەحمەد عوسمان باسی تەلگرافێکی (ئەدمیرال. دی ڕۆبیك)ی کردووە لەڕۆژی ١٩٢٠/٣/٢٩دا ناردویەتی بۆ لۆرد کرزنی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، دەربارەی ئەوەی لەلایەن کۆمەڵی ئیستقلالی کوردەوە بڵاوکرابوەوە کە وتبوی شەریف پاشا بەنوێنەری هەموو کورد ناژمێردرێت، بۆیە حکومەتی خاوەنشکۆ ئامادە نییە گوێڕایەڵی ئەو سەرکردانەی کورد بێت کە لێرەوە دەنێررێن.

ئەدمیرال دی. ڕوبیك وتویەتی: ((من وای بۆ دەچم و وام لاباشە لەگەڵ فەرەنسیەکاندا ڕێکبکەوین بۆئەوەی لەدواڕۆژدا تووشی کێشە نەبین لەگەڵیاندا، خۆ ئەگەر هات و کوردیش سەربەخۆیی دەستگیربوو ئەوا چاکەکەی هەر دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی بەریتانیا)).

بەشی سێهەم

چـالاكی سیاسـی و ڕۆشـنبیری كـورد و كۆمـەڵ و ڕێكخراوەكـان و ڕۆژنامـە و گۆڤارەكانی باكوری كوردستان

لەبەر گرنگی ئەم باسە بەپێویستم زانی باسەكانی ئەم بەشە بەم شێوەیەی خوارەوە بخەمە بەرچاو:

١-چالاكی سیاسی و ڕۆشنبیری لەلایەن كورد و بنەماڵە چالاكەكانەوە.

٢-كۆمەڵ و ڕێكخراوەكان.

٣-ڕۆژنامە و گۆڤارەكان.

باسی یەكەم: كوردە چالاكەكان و بنەماڵە ناسراوەكانی باكوور

لەدوای تەواوبوونی شەڕی یەكەمی جیهانی و بڵاوكردنەوەی چواردە مادەكەی (ولسن)ی سەرەك كۆماری ئەمریكا كە لەمادە دوانزەیدا دەربارەی مافی گەلان و مۆركردنی پەیمانی ئاشتی و مادەكانی پەیمانی (سیڤەر) و جموجۆڵی هەندێ لەكاربەدەستانی بەریتانیا كە لەسەرەتادا وا خۆیان پیشانئەدا خەمخۆری میللەتی كوردن، ئەمانە هەمووی هیوایەكی بەهێزی بەخشیبوو بەمیللەتی كورد بەشێوەیەكی گشتی و بەكوردی باكوری كوردستان بەتایبەتی كە ئیتر نۆرەی ئەوە هاتووە كوردیش بەئاواتی خۆی بگات و لەجەور و ستەمی داگیركەر ڕزگاری ببێت، لەئەنجامی ئەمەدا ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارانی كورد هەریەكەیان بەپێی توانا و بەشێوەی خۆی دەستیكردبوو بەچالاكی و تا ئەو ساڵە دوای شەڕی جیهانی بەدواوە ئەو كۆسپ و بەرهەڵستیانەی جاران خرابووە بەردەمی باكووری كوردستان تاڕادەیەك نەمابوو، كاربەدەستانی ئەستەمبوڵ وەكو ماری سڕیان لێهاتبوو، كەمالیە ملۆزمەكانیش كە تازە سەریانهەڵدابوو هێشتا ئەو تین وتاوەیان نەبوو بەتوندوتیژی بەرهەڵستی چالاكیەكانی كورد بوون و ڕۆژنامەكانی ئەستەمبوڵ بۆ خاوكردنەوە و ساردكردنەوەی جۆشی نەتەوایەتی كورد بڵاویاندەكردەوە كە ئامادەن كورد بخەنە پێشچاو و دەستیانكردەوە بەلێدانی بالۆرە كۆنەكەیان و دەیانوت كورد میللەتێكی پاك و ئاینپەرستە و بەقەد و باڵای

کوردیانـــدا هەڵئـــەدا و هانیانئـــەدان بـــبن بـــەهاوکاریان لەدامرکاندنـــەوەی ئـــەو یاخیبوونـــەی تورکـــە نەتەوەییـــەکان بەســـەرکردایەتی مســـتەفا کـــەمال دەستپێکردبوو.

ئەنقـەرەیان کردبـوو بەبنکـەی خۆیـان کـە لەدواییـدا پایتـەختی حکومـەتیان لەئەستەمبوڵەوە گواستەوە بۆ ئەوێ، ئا لەو بارودۆخەدا کورد خۆی لـەنێوانی دوو هێزدا دەبینیەوە کە هەردوولاشیان دوژمنـی بوون و هەریەکەیان بەشێوەی خۆی ڕەفتـاری لەگـەڵ کـوردا دەکـرد و تورکـەکانی سـەر بەخیلافـەتی ئەسـتەمبوڵ دەیانویسـت کـورد ببێـت بـەهاوکاریان دژی ئـەو یاخیبووانـە و کەمالیـەکانیش دەیانویست وەکو تەکتیکێك بۆ گەیشتن بەو ستراتیجەی نەخشەیان بۆ کێشابوو، بـۆ کـورد دەیانلاوانـەوە و فرمێسـکی ئـەوەیان بـۆ کـورد دەڕشـت کـە دەوڵەتـە هاوپەیمانـەکان بەدەستیانەوەیە ئـەو حکومەتـە ئەرمەنیـەی بڕیـاربوو پێکبهێنرێت بەشێکی زۆری خاکی کوردستانیش دەگرێتەوە و کورد ئـەو خاکـە پیرۆزەی خـۆی لەکیسدەچێت و بەهۆی ئەم پڕوپاگەندانەوە ژمارەیـەکی زۆری کورد لەڕۆشنبیران و سـەرۆك عەشـیرەتەکانیان کردبـوو بەلایـەنگری خۆیـان و کردبوویـانن بەئەنـدام لـەکۆنگرەکانی ئـەرزڕوم و سێواسـدا وەکـو لەشـوێنی خۆیـدا بەدووروودرێـژی باسـیدەکەین و لەگێـژاوی ئـەم ڕووداوانـەدا بەداخـەوە کـورد نـەیتوانیبوو سـتراتیجێکی تایبـەتی بـۆ خـۆی دەستنیشـان بکـات و هەرچـەند لەسـەرەتادا هـەموویان لـەناو ئـەو ڕێکخـراو و کۆمەڵـە تازانـەی لـەدوای شـەڕ پێکیانهێنـابوو بەتایبـەتی لـەڕێکخراوی (کۆمەڵـەی سـەربەخۆیی کـورد) بەسـەرکردایەتی شـێخ عەبدولقادری شەمزینی و جێگرەکەی ئەمین عالی بەدرخان بۆ مەبەستێکی گشتی تێدەکۆشـان، بـەلام زۆری پێنەچـوو مـاکی شـێرپەنجەی لەشـی کـورد دوبـارە سـەریهەڵدایەوە و دوبـەرەکی و نـاکۆکی لەنێوانیانـدا پەیـدابوو وەکـو لەدوایـدا بەدووروودرێژی ڕووندەبێتەوە.

بەرلـەوەی بچینە سـەر باسی کۆمـەڵ و ڕێکخراوەکـان و ڕۆژنامـە و گۆڤارەکـان لـەباکووری کوردسـتاندا بەپێویسـتم زانـی کورتـە باسـێکی چـالاکی هەنـدێ لەڕۆشـنبیران و سیاسـەتمەدارانی ئـەو کوردانـەی لـەباکوری کوردسـتاندا لـەدوای شـەڕی یەکـەمی جیهـانی لـەڕووداو و بەسـەرهاتەکاندا ناویـان هـاتووە بیانخەمـە پێشچاو، بێگومـان لـەتوانادا نـییـە باسـی هەموویان بکرێت بۆیـە تـەنها ئەوانـەیان

دەخەینە پێشچاو کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لەچالاکی ڕۆشنبیری و کاروباری کۆمەڵ و ڕێکخراوەکاندا.

أ-بنەماڵەی شێخانی شەمزینی

لەدوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی شێخ عەبدولقادری شەمزینی کە بەر لەشەڕیش یەکێك بووە لەکوردە دەسەڵاتدار و ناسراوەکانی کورد کە لەدوای شەڕ لەشاری ئەستەمبوڵدا نیشتەجێبوو، وەکو سەرکردە و مرۆڤێکی ئاینی و پیاوێکی ناسراوی ناو کۆمەڵگاکانی کورد لەلایەن زۆربەی کوردەوە جێگەی ڕێزلێگرتن بووە وەکو لەدواییدا باسیدەکەین بەزۆرینەی دەنگ کرابوو بەسەرۆکی گەورەترین ڕێکخراوی کورد لەباکوری کوردستاندا.

شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بووە کە شێخ عوبەیدوڵلای باوکی دوو شۆڕش و ڕاپەڕینی لەئێران و تورکیادا کردبوو، شێخ عەبدولقادر وەکو سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە کوردیە چالاکیەکی زۆری هەبووە بۆ دەستگیربوونی مافی ڕەوای کورد و هەوڵیداوە پەیوەندی بەهەرلایەکەوە بکات کە هیوای ئەوەی پێیان هەبووبێت یارمەتی کورد ئەدەن و لای وابووە ئینگلیزەکان بەتواناترین هێز و دەسەڵاتداری ئەو ڕۆژانە بوون بتوانن یارمەتی کورد بدەن بۆیە بارەها پەیوەندی پێوەکردوون و داوای لێکردون یارمەتی کورد بدەن بۆئەوەی ڕێگە لەسەرکەوتنی تورکە قەومیەکان بگیرێت و لاشیوابووە باشترین سەرەنجام بۆ کورد ئەوە بووە دۆست و هاوکاری پاشماوەی خەلافەتی عوسمانی بێت کە بەناو لەئەستەمبوڵدا مابووەوە لایوابوو ئینگلیزەکان مەبەستیان بووە ئەو دەسەڵاتە کەمەی خەلافەت کە مابوو لاواز نەکرێت و بتوانێت بەرگەی تەقەلای کەمالیەکان بگرێت کە بووبوون بەدۆست و هاوکاری سۆڤیەت.

کەمالیەکان بوون بەتاقە دەسەڵاتداری وڵات و کورد ناچاربوو بەرگری لەخۆی بکات لەشۆڕشی پیراندا بەسەرۆکایەتی شێخ سەعیدی پیران لەگەڵ ئەوەشدا شێخ عەبدولقادر بەشداری نەکردبوو لەو شۆڕشەی شێخ سەعیددا بەڵام لەلایەن دادگای ئیستقلالی کەمالیەکانەوە گیرا و بەناڕەوا لەگەڵ چەند کوردێکی تێکۆشەری کورددا لەسێدارەدران وەکو لەباسی شۆڕشی پیراندا باسیدەکەین.



وێنەی ئەمین عالی بەدرخان

ب-بنەماڵەی بەدرخانیەکان

لەکاتی نوسینی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا کە لەسەرەتای ساڵی (١٩٩٥)ەوە خەریکی بووم، هەتا ئەوکاتە سەرچاوەیەکی ئەوتۆم دەستگیر نەبوو بەدووروودرێژ باسی سەجەرەی بنەماڵەی بەدرخانیەکان بکات، بۆیە لەکاتی باسکردنی ژیانی بەدرخان پاشادا کورتە باسێکی هەندێ لەو بنەماڵەیەم کردووە کە بەناو ناوی (١١) کەسم لێهێنابوون بەئومێدی ئەوەی لەبەرگی دوهەمدا زانیاری ترم دەستکەوێت دەربارەی ئەو بنەماڵەیە و ڕۆڵی ئەندامە چالاکەکانی ئەو بنەماڵەیە لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان و بەداخەوە کتێبەکەی مامۆستا (مالمیسانژ)یشم نەدیبوو کە لەساڵی ١٩٩٤دا لەسوید چاپیکردووە تا ئەوکاتەی برای بەڕێزم مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم دانەیەك لەوەرگێڕانی ئەو کتێبەی (مالمیسانژ) بۆ عەرەبی لەلایەن مامۆستا (شکور مستەفا)ی بۆ ناردم کە توانیم فریای هەندێ باسی بکەوم لەم بەرگی دوهەمەدا:

١-لەو کتێبەی (مالمیسانژ) و لەسەرچاوەکانی تردا وەکو باسدەکرێت ئەمین عالی بەدرخان لەدوای تەواوبوونی شەڕی یەکەم ڕۆڵێکی سیاسی و ڕۆشنبیری ئێجگار گرنگی هەبووە لەڕووداو و بەسەرهاتەکانی باکوری کوردستاندا و ئەمین

عالی بەدرخان بێجگە لەوەی وەك سیاسیەكی كورد دەوری خۆی هەبووە، مرۆڤێكی ڕۆشنبیر و شاعیریش بووە و (مالمیسانژ) لەلاپەرە (١٢٠)ی كتێبەكەیدا دوو پارچەی شیعری ئەمین عالی بەدرخانی بڵاوكردۆتەوە كە لەڕۆژنامەی (كردستان) كە لەمیسر ساڵی (١٨٩٨) دەرچووە بڵاویكردۆتەوە بەناوی (لاوی شێخ فەتاح)ەوە كە وتویەتی جەلادەت بەدرخانی كوڕی لەو ڕۆژانەدا ئەمین عالی بەدرخانی باوكی لەئەستەمبوڵەوە ناردبووی بۆ ئەو ڕۆژنامەیە، كە ئەمە دوو دێڕی سەرەتای ئەو شیعرەیە:

پیرۆز تەڕا هەزار جارا ئەڤ دەنگە نهۆل ناڤ یارا

مزگێنی یاڤێ جەریدەیا قەنج شاباش دبتن چتا هەبن گەنج

پارچە شیعرێكی تریشی وتوە بەبۆنەی مردنی كوڕێكی كە تەمەنی ساڵ و نیوێك بووە لەو ڕۆژانەدا كە خۆی و خێزانەكەی ئاوارە و دەربەدەركرابوون بۆ قەلای (عەكا) كە وتویەتی:

بنڤە خوەشی یا دل و دوو چاڤان دادێ ژ تەڕە هەر ڕۆژ نگەهبان

دا زوو تەمەزن ببی بەدرخان بنڤە كە زەبا من، بنڤە لۆلۆ

ئەمین عالی بەدرخان لەنێوانی ساڵانی (١٨٥١) هەتا (١٩٢٤) ژیاوە بەپێی كتێبەكەی (مالمیسانژ)، بەلام سریا بەدرخان لەكتێبەكەیدا سەرچاوە/٧٩ كە لەفلادلفیا لەساڵی ١٩٢٨دا چاپیكردووە لەدوهەمین لاپەڕەی پێشەكیەكەیدا نوسینی (محەمەد ئوزون) وتویەتی: ئەمین عالی بەدرخان خۆی و ژنەكەی و كچەكەی چۆتە میسر بۆلای (سریا)ی كوڕی و لەوێ لەساڵی ١٩٢٦دا كۆچی دوایی كردووە، ئەوەی شایانی باسە كەمالیەكان حوكمی هەڵواسینی ئەمین عالی بەدرخان و (سریا)ی كوڕیان دابوو بۆیە ناچاربوون ڕوویانكردە میسر لەباسی گەشتەكەی مێجەر نویلدا باسی پەیوەندی مێجەر نویل و ئەمین عالی بەدرخان بەكورتی كراوە پێویست ناكات لێرەدا دووبارەی بكەمەوە.

٢-لەدوای ئەمین عالی بەدرخان كورتە باسێكی ژیانی (سریا)ی كوڕی دەكەین كە لەنێوان ساڵانی (١٨٨٣-١٩٣٨)دا ژیاوە و یەكێك بووە لەكوردە ڕۆشنبیرەكانی ئەو بنەماڵەیە چ لەڕووی بەشداربوونی لەڕێكخراو و كۆمەڵە كوردیەكاندا و چ لەڕووی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریەوە ڕۆڵێكی زۆر گرنگی بینیوە لەناو كۆمەڵگای كوردا و چالاكیەكانی لەسەرچاوە/٧٩دا كە لەئەمریكا لەفلادلفیا چاپكراوە و لەو

پێشەکیەی ئەو کتێبەدا لەچاپی دوهەمیدا کە لەساڵی (١٩٩٤)دا جارێکی تر بلاوکراوەتەوە ئەو پێشەکیەی (Prelinde) باسی چەند بەرهەمێکی بەنرخی سریا بەدرخانی تیادا کراوە، بۆ نمونە لەکۆنگرەی شازدەهەمینی (ئەنثرۆپۆلۆجی جیهانی)دا لەساڵی ١٩٣٦دا لەبرۆکسل بەسترابوو باسێکی گرنگی دووروودرێژی بلاوکردۆتەوە بەناوی (LeFemme Kurdet Somrol Social ١٦th World Anthrologi Congress)، بێجگە لەوە چەند بەرهەمێکی تریشی چاپکردووە وەکو (Cities Campagnes Kurdistan) کە لەساڵی ١٩٣٦دا دوبارە لەبرۆکسل چاپیکردووە و دوبارە کتێبێکی تری بلاوکردۆتەوە لەژێر ناوی: (Lali Tterature Popularieet Classique Kurde XVI ٢N Congress international d Anthropologi)، بەر لەو بەرهەمانە هەروەکو لەپێشەکیەکەی (Perlinde) و ئەوەی (محەمەد ئوزون) باسیانکردووە، سریا بەدرخان کتێبێکی تری بەناوی (The Kurdish Case-Qadiyyahl Kurdiyah) بلاوکردۆتەوە و سریا بەدرخان خۆشی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٧٩ باسێکی تری خۆی پیشانداوە دەربارەی کوشتاری ئەرمەنیەکان لەلایەن تورکەکانەوە لەژێر ناوی (The declaration of Femme Kurde)، وە لەپێشەکیەکەی (Prelinde)دا ئاماژەی بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەك کردووە کە لەلایەن سریا بەدرخانەوە لەقاهیرە دەریکردووە (لەباسی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا باسی ئەو ڕۆژنامەیە دەکەین).

٣-جەلادەت بەدرخان

باسی ژیانی جەلادەت بەدرخان و چالاکیەکانی باسێکی زۆر دووروودرێژە بۆیە هەوڵئەدەین کورتەیەکی باسبکەین بەپێی ئەو سەرچاوانەی لێیدواون وەکو (مێجەر نویل) لەگەشتەکەیدا بۆ باکوری کوردستان جەلادەت بەدرخان و کامەرانی برای لەگەڵیابوون لەوەدا وتویەتی جەلادەتی کوڕی ئەمین عالی بەدرخان تەمەنی (٢٥) ساڵە کە گەشتەکە لەساڵی ١٩١٩دا بووە، بەپێی ئەوە دەبێ جەلادەت بەدرخان لە(١٩١٩-٢٥-١٨٩٤)دا لەدایك بووبێت و لەو ژنە (چەرکەس)یە بووە کە ناوی (سینحە خانم) بووە و لەساڵی ١٩٣٥دا (ڕۆشن بەدرخان)ی کچی میر ساڵح بەدرخانی مارەکردووە.

بێجگە لەجەلادەت گەلێك نوسەری تر باسی ژیانی جەلادەتیان کردووە وەکو دکتۆرە ناهیدە ڕەفیق حیلمی و سادق بەهائەدین و (کۆنێ ڕەش)،

ئەنسکلۆپیدیای بەریتانی چاپی ساڵی ١٩٨٦ و (پیر روندو) و گەلێك نوسەری تر. بەپێی ئەو باسەی (کۆنیٚ ڕەش) لەیادی چلەی کۆچی دوایی جەلادەت بەدرخاندا بلاْویکردۆتەوە لەژمارە/٨ی گۆڤاری هیوای ساڵی ١٩٢٢ کە ئەنیستیوتی پاریس دەریکردووە، جەلادەت لەساڵی ١٨٩٣دا لەدایکبووە کە ئەمە ساڵێك جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو حسابەی مێجەر نویل لەگەشتەکەیدا تۆماریکردوە کە لامواییە مێجەر نویل زانیاریەکەی لەجەلادەت خۆیەوە وەرگرتووە بۆیە دوور نییە حسابەکەی نویل شتێکی ڕاست بێت و دووریش نییە هۆی ئەو جیاوازیانە چەند مانگێك بووبێت، بەپێی سەرچاوەکان لەدوای بەهێزبوونی کەمالیەکان و پاشگەزبوونەوەیان لەو بەڵێنانەی بەکوردیان دابوو، ئیتر کورد لەباکوری کوردستاندا کەوتە ژێر جەور و ستەمی کەمالیەکانەوە و زمانی کوردی و چاپەمەنیە کوردیەکان هەموو قەدەغەکران و ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردیەکان یاساغکران و بڕیاری سزادانی ژمارەیەکی زۆری کورد دەرچوو کە بنەماڵەی بەدرخانیەکان لەهەموویان زۆرتر بەر ئەو خەشم و قینەی تورکە کەمالیەکان کەوتن و بڕیاری حوکمی ئیعدامی ئەمین عالی بەدرخان و کوڕەکانی کە سریا و جەلادەت و کامەران بوو دەرچوو، ئیتر ناچاربوون ڕوویانکردە دەرەوەی وڵات و کامەران و جەلادەت ڕوویانکردە ئەڵمانیا و کامەران دکتۆرا و جەلادەت لیسانسی وەرگرتووە.

کۆنیٚ ڕەش لەو باسەی کە بەر لەمە لێیدواین وتویەتی: جەلادەت بەدرخان لایەنگری شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران بووە، بەڵام کە ئەو شۆڕشە تێکشکا بەنائومێدی کوردستانی بەجێهێشت و لەئەنجامدا چووەتە میسر و لەوێوە بۆ بەیروت کە ئەوسا ماڵی (خەلیل بەگ رامی) لەویٚ بووە و لە ١٩٣٠/٨/٢٥دا چۆتە شام و لەشام بووە بەمیوانی ماڵی (عەلی ئاغای زیلفۆ) و لەویٚ ماوەتەوە و لەو ماوەیەدا هەتا کاتی کۆچی دوایی لە ١٩٥١/٧/١٥دا ماوەیەك مامۆستای زمانی فەرەنسی بووە لەدانیشگای (شام) و ماوەیەکیش پارێزەری کۆمپانیای (ریژی) بووە کە کۆمپانیایەکی توتنی فەرەنسیەکان بووە و لەساڵی ١٩٥٠دا بەهاندانی (حسێن بەگ) کە زەوی‌وزارێکی زۆری هەبووە لەشام جەلادەت لەزەویەکانی ئەو بنەماڵەیەدا دەستیکردووە بەکشتوکاڵ و لۆکەی چاندووە، ئەو زەوی‌وزارانە بەئاوی بیرێك ئاودراون کە دەڵێن جەلادەت بەدرخان خۆی ناوی لێنابوو (بئر القدر)، لەڕۆژی ١٩٥١/٧/١٥دا لەکاتی تەواوکردنی بیرەکەدا جەلادەت لەقەراغیا

ڕادەوەستێت و لەوکاتەدا کەسی لانابێت بیرەکە دەتەپێت و جەلادەت دەکەوێتە ژێر خۆڵ و بەردەوە، بەڵام هەتا فریای دەرهێنانی دەکەون گیانی دەردەچێت.

دەربارەی ئەو باسەی جەلادەت بەدرخان کە چۆن کۆچی دوایی کردووە من لەساڵی ۱۹۹۰دا ڕێمکەوتە شام و لەوێ بەدوای ئەو سەرچاوانەدا دەگەڕام کە پەیوەندیان بەباکوری کوردستانەوە هەبێت لەوێ بەهۆی برادەرێکەوە بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ بانگکراین بۆ ماڵی کوڕێکی ئەو (حسێن بەگ)ە کە لەلاپاڵی چیای (قاسیون)دا بوو، لەگەڵما هات بۆ سەر گۆڕەکەی بەدرخان پاشا و جەلادەت کە لەبەرگی یەکەمدا وێنەی ئەو گۆڕەم بڵاوکردۆتەوە، خانەخوێکەمان هۆی کۆچی دوایی جەلادەت بەدرخانی بەم شێوەیە بۆ باسکردم: ((جەلادەت بەدرخان لەکۆتایی ساڵانی ژیانیا زۆر خەمبار بوو دەربارەی ئەو هەموو کارەسات و بەسەرهاتانەی بەسەر کورد و کوردستاندا هاتبوو، سەریکردبووە سەر خواردنەوەیەکی بێتام و ئەو ڕۆژەی کە کۆچی دوایی کرد زۆری خواردبووەوە و چووبوو سەری لەبیرەکە دابوو کە لەکێڵگەکەدا کرابوو، دیاربوو لەنکەری تێکچووبوو کەوتبووە خوارەوە و کاتێك پێیزانرا و بەئوتومبیل بردیان بۆ خەستەخانە لەڕێگا کۆچی دوایی کردبوو)).

لەڕاستیدا چالاکیە ڕۆشنبیریەکانی جەلادەت بەدرخان و بەرهەمە چاپکراوەکانی لەو ڕۆژانەدا کە کورد زۆر کەم چالاکبووە لەڕووی بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار و چاپەمەنیەکاندا، ئەوەی جەلادەت کردوویەتی بۆشاییەکی تەواوی پڕکردبووەوە. جەلادەت بەدرخان کە لەشام بووە لەسەرەتادا لە ۱۹۳۲/٥/۱٥دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری (هاوار)ی دەرکرد و ژمارە/۲٦ی لە ۱۹۳٥/۸/۱۸دا دەرکرد و دوای ژمارە/۲٦ کە بۆ ماوەیەك وەستا، ژمارە/۲۷ی لەڕۆژی ۱۹٤۱/٤/۱٥دا دەرچووە و دواژمارەی ئەم قۆناغەشی لە ۱۹٤۳/۸/۱٥دا لەڕۆژی یەکشەمەدا دەرچووە، بەڵام گۆڤاری (ڕوناهی–Runahi) ڕۆژی چوارشەمەی ڕێکەوتی ۱۹٤٥/٤/۱ دەرکردووە کە بەهەمووی (۲۸) ژمارەی لێدەرچووە.

جەلادەت بەدرخان وەکو سەرچاوەکان باسیانکردووە زمانی فەرەنسی و تورکی و عەرەبی و ئەڵمانی و ئینگلیزی زانیوە بێجگە لەزمانەکەی خۆی کە کوردی بووە و زۆرجار نوسینەکانی بەنازناوی: هرکول عزیزان، باڤی جەمشید (کە کوڕی بووە)، ستراناڤان و هاواری هاوار و هەندێ نازناوی ترەوە بڵاوکردۆتەوە. یەکێك لەکارە گرنگە زمانەوانیەکانی جەلادەت ئەو ئەلفوبێیە

بووه کە بەشێوەپیتی لاتینی بۆ نوسینی کوردی بەشێوەی کرمانجی ژووروو ئامادەیکردووە. هەروەکو دکتۆرە ناهیدە ڕەفیق حیلمی باسیکردووە و ئاماژەی بۆ باسێکی (پیر ڕوندو)ی فەرەنسی کردووە کە خاوەنی گەلێك بەڵگەنامە بووە لەتوێژینەوەی ئیسلامدا، لەنامەیەکیدا بەفەرەنسی کە لە(١٩٥٢/٦/٢٦)دا (دیارە بەبۆنەی یادی کۆچی دوایی جەلادەتەوە نوسیویەتی) بەدووروودرێژی باسی ژیانی جەلادەت و خۆماندوکردنی کردووە بۆ خزمەتی ڕۆشنبیری و زمانی کوردی و بەبوژێنەرەوەی زمانی کوردی داناوە و وتویەتی بەر لەو کەس بەوێنەی ئەو بەرهەمی بەسوودی پێشکەش نەکردووە دەربارەی زمانەوانی.

دەربارەی بایەخدانی جەلادەت بەدرخان بەدانانی ئەلف وبایەکی تایبەتی بەپێی لاتینی بۆ نووسینی زمانی کوردی، جەلادەت بەدرخان لەو گەشتەیدا کە خۆی و کامەرانی برای و ئەکرەمی جەمیل پاشای دیاربەکری بەشداریان کردبوو سەرنجی دابووە مێجەر نویل کە چۆن ئەو ستران و چیرۆکە کوردیانەی لەگەشتەکەیدا دەیبیست و مەبەستی بوو تۆماریان بکات هەر بەزمانی کوردی ئەو ستران و چیرۆکانەی بەپیتی ئینگلیزی تۆمارکرد و ئەمە و تەقەلاکانی تورکەکانیش بۆ وازهێنان لەنووسینی زمانی تورکی بەپیتی عەرەبی و داهێنانی پیتی لاتینی بۆ بەکارهێنانی لەنووسینی زمانی تورکیدا ئەمانە هەموویان جەلادەتیان هاندابوو ئەویش بیر لەبەکارهێنانی پیتی لاتینی بکاتەوە بۆ نووسینی زمانی کوردی و بەمە ئەو کێشەیەی لەگرانی نووسینی هەندێ دەنگی کوردیدا کە بەپیتی عەرەبی نەدەتوانرا بنوسرێت ئەو بەپیتی لاتینی ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە و بوو بەبناغەی نووسینی زمانی کوردی بەشێوەی کرمانجی ژووروو، لەدوای ئەویش وەکو سەرچاوەکان باسیانکردووە (مورکولوف) هەمان تەقەلایدا و توانی بۆ کوردەکانی ئەرمینیا پیتی لاتینی بەکاربهێنێ هەرچەند لەدواییدا ئەو پیتە لاتینیەی (مورکولوف) گۆڕرا بەپیتی ڕوسی و (ڕێیا تازە)ی پێ بڵاودەکرایەوە.

لەساڵی (١٩٣٣)شدا مامۆستای زمانەوان تۆفیق وەهبی بەگ هەمان تەقەلایدا بۆ نووسینی زمانی کوردی و نامیلکەیەکی بەناوی (خوێندەواری باو)ەوە بڵاوکردەوە و دکتۆر جەمال نەبەزی شارەزاش بەزمانی کوردی و زمانەوانی هەوڵێکی تری دا و هەندێ گۆڕینی لەئەلف وباکەی جەلادەت بەدرخاندا کرد و کتێبێکی بۆ هەمان مەبەست دانا بەناوی (نوسینی کوردی بەپیتی لاتینی) و

گیـوی موکریـانیش لەسـاڵی ١٩٧٢دا تەقەلایـەکی وای دا و شـتێکی بـەناوی (ئـەلف‌وبێی کـوردی وێنـەدار)ەوە بڵاوکـردەوە. لـەکۆتایی باسـی تەقـەلاکانی جـەلادەت بەدرخانـدا باسـی ئـەو بەرهەمانـەی دەکـەین کـە سەرچـاوەکان باسـیانکردووە کـە بـریتین لـەم بەرهەمانـە هـەروەکو سەرچـاوەکان چـۆنیان تۆمارکردووە بەو شێوەیە دەیخەینە پێشچاو:

١-رێزمانا ئەلف‌وبێیا من (لەچاپخانەی هاوار چاپیکردووە).

٢-رووپەلین ئەلفا بێی، تفتشا دویەدین هژمارا (٢).

٣-بیشیا پیغمبر بەکوردیا (دوملی) بەدیباجا جەلادەت هژمارا (٥)، لەکتێبخانا (هاوار) هاتیە چاپکرن.

٤-مکتوب ژ مستەفا کەمال پاشیرا (دین هژمارا ٦)، کتێبخانا هاوار هاتیە چاپکرن.

٥-گرامیر کوردی-ئانکو رێزمانا کوردی بزمان فەرەنسی، ساڵی ١٩٤٣.

٦-ژمە مەلا کوردستانی دین هژمارا (٨).

٧-گیرامیر کـورد-ئـانکو کـوردی بـەزمان فەرەنسـی، لەسـاڵی ١٩٧٠دا لـەپاریس چـاپکراوە بەناوی (ئەمیر جەلادەت و لیتکو).

٨-فرهنگا کـوردی-فەرەنسـی، دسـتنڤیس یـاکو کابانی (ڕۆشـن بـەدرخان کـە خێزانـی مـیر جەلادەت بووە).

ئـەوەی شـایانی باسـە ڕۆشـن بـەدرخانی خێزانـی مـیر جـەلادەت کـە کوڕێـك و کچێکیان بـووە، جەمشـیدی کـوڕی و سـینم خـانمی کچـی، ڕۆشـن بـەدرخانیش لەشـامدا مامۆسـتا بـووە و گـەلێك بەرهـەمی هـەبووە و سـێ ڕۆمـانی لەتورکیـەوە وەرگێڕاوە و هەروەکو دکتۆرە ناهیدە ڕەفیق حیلمی باسیکردووە، دوو یاداشـتی هـەبووە یـەکێکیان یاداشـتی ئافرەتێك و ئـەویتریان یاداشـتی مامۆسـتایەك لـەژێر ناوی (غرامی و آلامی-دڵداری و ئێش‌وئازارم) و کتێبێکیش بەناوی (صفحات من الأدب الکردی) کە لەکوردیەوە کردویەتی بەعەرەبی.

بەڕاسـتی جـەلادەت خـۆی و خێزانەکـەی و سـریای بـرای جێگـەی شـانازین و بەداخـەوە ئێمـە تـەنها نـاوی ئـەو بەرهەمانـەمان خوێندۆتـەوە و ئاگـاداری ناوەڕۆکـەکانیان نـەبووین بۆیـە لامواپـە ئـەرکی ئەنسـتیوت و کۆمـەڵ و مەڵبەنـدە ڕۆشنبیریەکانی کوردە لـەناوەوەی وڵات و لـەدەرەوە چەند لیژنەیـەك پێکبهێنن بۆ پشـکنینی کتێبخانـەکان بۆئـەوەی سـەرلەنوێ هـەموویان چـاپبکرێنەوە و ئـەو

بەرهەمە بەنرخانە لەناونەچن. بێگومان لەو ڕۆژانەدا گەلێك كوردی تر بێجگە لەكوردەكانی ئەو دوو بنەماڵەیە چالاكیان هەبووە لەڕێبازی ڕووداو و بەسەرهاتەكانی هەرسیّ بەرگی ئەم كتێبەدا خوێندەواری بەڕێز ناوی زۆریانی دێتە بەرچاو وەكو بنەماڵەی جەمیل پاشای دیاربەكری و بابانەكان و گەلێكی تریش.

باسی دوهەمی بەشی سێهەم

کۆمەڵ و ڕێکخراوە کوردیەکان لەباکوری کوردستان

لەبەرگی یەکەمدا لەبەشی نۆزدەدا باسی ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوانەمان کرد کە لەباکوری کوردستاندا پێکهاتبوو، کە شەڕی جیهانی دەستیپێکرد ئەو ڕێکخراوانە هەموو داخرابوون و هەموو جموجولێکی نەتەوایەتی کورد لەماوەی ئەو شەڕەدا نەما و ساتێك شەڕ بڕایەوە سوپاکانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دەستیان بەسەر تورکیادا گرت بەئەستەمبولی پایتەختیشەوە، کورد ئا لەو بارودۆخەدا خۆی لەهەڵوێستێکی تازەدا بینیەوە و سیاسەتمەداران و زانایان و ڕۆشنبیرانی کورد کەوتنە خۆیان بۆئەوەی سەرلەنوێ کۆمەڵ و ڕێکخراوی تازە دامەزرێنن و لەئەنجامدا چەند کۆمەڵ و ڕێکخراوێك پێکهات و ئەندامەکانیان دەستیانکرد بەچالاکی، بەڵام بەداخەوە زۆری پێنەچوو کێشە لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگای کورددا لەباکور پەیدابوو کە بوو بەهۆی سەرەتای لێکدابڕان و ناکۆکی و ئەوەی زیانی پێگەیشت میللەتی کوردبوو کە هەل و دەرفەتێکی مێژوویی زۆر لەباری لەکیسچوو.

نوسەرانی خۆمانە و بێگانە، ئەوانەی بایەخیان بەچۆنێتی پێکهاتنی ئەو کۆمەڵانە و سەرەنجامەکانیان داوە، ژمارەیەکی کەمیان ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیان لەکاتی خۆیدا تۆمارکردووە و ئەو نوسەرانەش کە لەدواییدا بەدوای بەڵگە و نوسینە کەمەکانی ئەو ڕۆژانەدا گەڕابوون، بەتایبەتی نوسەرانی بێگانە لەتۆمارکردنی ناوی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکاندا بەتایبەتی بەهۆی وەرگێڕانی دوکیومێنت و بەڵگەکان لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر یا هەر لەناو کوردیشدا لەشێوە زمانێکەوە بۆ شێوە زمانێکی تری کوردی توشی هەندێ هەڵەی زەق و ئاشکرا بوون کە ئێمەی ئەم سەردەمە ناچارین ئەو باسانەی تۆمارکراون کتومت هەروەکو خۆیان بنووسم کە بەهۆی ئەمەوە زۆرجار نوسەر توشی لەیەکنەچونێکی ئاشکرا دەبێت لەزنجیرەی ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا، بۆیە منیش ناچارم وەکو ئەمانەتێکی مێژوویی ئاماژە بۆ زۆربەی ئەو سەرچاوانە بکەم و بەپێی توانا هەوڵبدەم بیروبۆچوونی خۆم دەربارەی ئەو جیاوازی و لەیەکنەچوونانە دەربڕم وەکو هەموو نوسەرێکی تر کە ناچار دەبێت هەر هەمان ڕێباز بگرێتەبەر.

دکتۆر عەبدولسەتار تاهیر شەریف لەباسێکی دوورودرێژیدا، سەرچاوە/٤٠ کە بۆ کۆمەڵ و ڕێکخراوە کوردیەکانی باکوری تەرخان کردووە لەلاپەرە (٢٩١)دا وتویەتی: ((لەدوای مۆرکردنی پەیمانی وەستاندنی شەڕ (کە مەبەستی پەیمانی مودراسە) یەکەم کۆمەڵێك کە دامەزرا بریتی بووە لەکۆمەڵی سەربەخۆیی کورد لەئەستەمبوڵ بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادری شەمزینی))، بۆئەوەی باسی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی باکوری کوردستان بەزنجیرە بخەینە پێشچاو لەسەرەتادا بەو کۆمەڵەی ئەو بەحیزبی (استقلال-کە سەربەخۆیی دەگرێتەوە) دەستپێدەکەین:

١-کۆمەڵی-حیزبی (أستقلالی کورد)

دکتۆر عەبدولسەتار لەپەراوێزی لاپەرە (٢٩١)دا وتویەتی: جاری وا هەبووە پێی‌وتراوە (یانەی کوردی) و جاری واش هەبووە پێی‌وتراوە (حیزبی سەربەخۆیی کورد) یا (حیزبی دیموکراتی کورد)، هەروەها وتویەتی دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر ئەم ناوانەی لەبەڵگە نهێنیەکانی بەریتانیاوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی وەکو لەگۆڤاری (الثقافة)دا ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٨٧دا باسیکردووە. دەربارەی ئەو ناوە جۆربەجۆرانەی دکتۆر عەبدولسەتار ئاماژەی بۆ کردووە لەڕاستیدا هیچیان لەگەڵ ئەو دوکیومێنتەی ناو ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا یەکناگرێتەوە ژمارە (Fo.٣٧١-٥٠٦٨) ڕۆژی ١٩٢٠/٣/٢٤ کە لەم دوکیومێنتەدا تەنها بەناوی (جمعیتی تعالی کوردستان) ناویبردووە، هەرچەند لەچەند دوکیومێنتێکی تردا بە(Club-یانە) ناوی هاتووە.

بەپێی باسەکەی دکتۆر عەبدولسەتار ئەم کۆمەڵە لەدواییدا لەناو خۆیاندا تێکچوون (بەر لەتێکچوونی ئەو کۆمەڵە سەرۆکی کۆمەڵەکە شێخ عەبدولقادر بووە و ئەمین عالی بەدرخان جێگری بووە)، دکتۆر عەبدولسەتار ناوی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەی کە پێی‌وتوە کۆمەڵی سەربەخۆیی کورد نەهێناون و ڕۆبەرت ئولسون لەلاپەرە (٢١)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ ناوی ئەو کۆمەڵەی بەم شێوەیە ناوبردووە: (Kurd Terraki Ve Taaven Jemiyti) وە وتویەتی لەئینگلیزیدا ئەم ناوە بەرامبەرەکەی (Kurdish Society Progress and Mutual) دەگرێتەوە کە بەسەرهەڵدانەوەی (جمعیتی کورد تعالی و ترقی) دەگرێتەوە کە (اتحاد و ترقی) لەساڵی ١٩٠٨دا دایانخستبوو، بەلام ئەمەی ئەمجارە گەلێك لەپیاوە عەشایرەکانیش تیایدا بەشداربوون و باسی لیژنەی ئەو جەمعیەتەی کردووە کە

میرئالآی کۆلۆنێل خالد خەڵکی دەرسیم (لەهەندێ سەرچاوەی تردا بەخەلیل بەگی دەرسیمی ناوی هاتووە و ئەگەر مەبەستی میرئالآی خالد بەگی جوبران بوویێت ئەو خالد بەگە بەجوبرانی ناوبراوە نەك دەرسیمی).

ڕۆبەرت ئولسون جگە لەمیرئالآی خالد باسی ئەمین عالی بەدرخان و محەمەد ئەمین بەگی سلێمانی (کە مەبەستی ئەمین زەکی بەگە کە ئەفسەرێکی پایەبەرزی خانەنشین بووە لەو ڕۆژانەدا) و لەپیاوە ئاینیەکانیش (عەلی ئەفەندی) و (شەفیق ئەفەندی-خەڵکی ئەرواس) و گەلێکی تری وەکو فوئاد بەگی بابانزادە، فەیزوڵلاّ بەگی بازرگان، شوکری محەمەد (مەبەست محەمەد شوکری سەگبانە کە لەشوێنی خۆیدا باسیدەکەین چۆن لەکوردایەتی لایدابوو) و (عەلی شان بەگی خەڵکی کوجیگری لەناوچەی دەرسیم) کە وتویەتی نەخشەکێشی ڕاپەڕین و یاخیبوونی ساڵی (١٩٢٠) بووە (لەدواییدا باسێکی تایبەتیمان بۆ ڕاپەڕینی کوجیگری تەرخانکردووە).

دەربارەی ئەوەی (ڕۆبەرت ئولسون) باسیکردووە، دکتۆر عەزیز شەمزینیش لەلاپەڕە (٧٩)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٢ وتویەتی: لەدوای شەڕی جیهان، حیزبی تەعالی کوردستان پێکهات کە ئەندامەکانی بریتی بوون لە: ١-شێخ عەبدولقادری شەمزینی، ٢-ئەمین عالی بەدرخان، ٣-خەلیل رامی، ٤-کامەران بەدرخان، ٥-محەمەد عەلی، ٦-جەنراڵ فوئاد پاشا (زنار سلوپی لەسەرچاوە/٥٧دا وتویەتی: کوڕی سەعید پاشای خەندانی وەزیری دەرەوەی عوسمانی بووە، لەکاتێکدا وەکو بەر لەمە باسکراوە ڕۆبەرت ئولسون باسی فوئاد بەگی بابانزادەی کردووە)، ٧-سەعید عەبدوڵلاّ (کە کوڕی شێخ عەبدولقادر و باوکی دکتۆر عەزیز شەمزینی بووە)، ٨-میرئالآی خەلیل بەگی دەرسیمی (کە ئەمە خالد بەگەکەی ڕۆبەرت ئولسون ڕاستدەکاتەوە)، ٩-شێخ سەعید، ١٠-ڕەمزی بەگ، ١١-ئەکرەمی جەمیل پاشازادە، ١٢-نەجمەدین حسێن کەرکوکی، ١٣-مەمدوح سەلیم، ١٤-حەسەن حامد، ١٥-حسێن عەونی، ١٦-میرئالآی محەمەد عەلی بەگ، ١٧-ئەمین زەکی بەگ، ١٨-مەحمود نەدیم پاشا، ١٩-جەنراڵ مستەفا پاشای سلێمانی (مەبەست مستەفا یامولکیە)، ٢٠-جەنراڵ حەمدی پاشا، ٢١-ئەمین زەکی، ٢٢-شێخ عەلی شێخ شەفیق خێزانی و هەندێکی تر.

دکتۆر عەبدولسەتار تاهیر شەریف لەلاپەڕە (٢٩٢)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاریدا سەرچاوە/٤٠، لەباسی جیابونەوەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەی بە(کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد) ناویبردووە وتویەتی بەپێی بەڵگەنامەی بەریتانی لەڕۆژی ١٩٢٠/٥/٣٠دا لەژێر ناونیشانی هەڵبژاردنی یانەی کورد لەو دوکیومێنتەدا باسی

دوو لیستەی کردووە، لیستەی بەدرخانیەکان کە لەگەڵ تاقمی شێخ عەبدولقادردا ناڕێکبوون ئەم تاقمەش (کۆمەڵەی تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی کوردیان پێکهێنابوو کە بریتی بوون لە (بێگومان سەرۆکەکەیان ئەمین عالی بەدرخان بووە لەزنجیرە/٦دا ناوی هێنراوە):

١-دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت بەگ-خەڵکی خەرپووت، نوشدار (پزیشك) و نوسەر بووە.

٢-شوکری بەگ بابان-خەڵکی دیاربەکر، نوسەر بووە (ڕەنگە لەدیاربەکر لەدایکبووبێت).

٣-شوکری محەمەد بەگ-خەڵکی دیاربەکر بووە و نوسەر بووە (ئەگەر مەبەستی محەمەد شوکری سەگبان بێت ئەوا جگە لەوەی نوسەر بووە پزیشکیش بووە).

٤-جەلادەت بەگ بەدرخان-خەڵکی دیاربەکر، نوسەر.

٥-ئەکرەمی جەمیل بەگ (مەبەست زنار سلوپی نوسەر، سەرچاوە/٥٧ کە نازناوی خۆی کردووە بەزنار سلوپی).

٦-ئەمین عالی بەگ-خەڵکی دیاربەکر، پشکێنەری دادگەری پێشوو.

٧-حسێن حاجی بەگ-خەڵکی ئورفە، پارێزەر بووە.

٨-مەمدوح سەلیم-خەڵکی وان، نوسەر لەڕۆژنامەی (ژین).

٩-نەجمەدین حسێن بەگ، خەڵکی کەرکوك، مامۆستای علوم.

بارەگای کاتی ئەم کۆمەڵە لەمەکتەبی (ژین)دا بووە لەشەقامی (ابو السعود) لەڕێگای (الباب العالی) هەروەکو دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر لەگۆڤاری (الثقافة)دا باسیکردووە، بەڵام ئیسماعیل شاوەیس کە خۆی لەو ڕۆژانەدا لەئەستەمبوڵ بووە و هێشتا نەگەڕابووەوە بۆ باشوری کوردستان، لەدواییدا لەباسێکیدا لەلاپەڕە (٢٤)ی سەرچاوە/٨٧دا دەربارەی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی کورد لەباکوری کوردستاندا لەو ڕۆژانەدا وتویەتی لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی لەباکوری کوردستاندا پێنج ڕێکخراو هەبوون کە بریتی بوون لە:

١-کۆمەڵی تعالی و تعاون جمعیتی

کە بەکۆمەڵی بەرزی کوردستانیش ناویبردوە و وتویەتی شێخ عەبدولقادر سەرۆکی ئەم کۆمەڵە بووە کە لەمەدا لەگەڵ ئەوەی ڕۆبەرت ئولسون و دکتۆر عەزیز شەمزینیدا یەکدەگرێتەوە، (لەڕاستیدا ئەم کۆمەڵە بووە کە لەدواییدا تاقمی شێخ عەبدولقادر و بەدرخانیە لێکجیابوونەوە و هەرلایەك کۆمەڵێکی تایبەتی دروستکردووە).

٢-کۆمەڵی ئیستقلالی کوردستان

وەکو ئیسماعیل حەقی شاوەیس باسیکردووە ئەم کۆمەڵە لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانیەکانەوە سەرکردایەتی کرابوو کە ئەمە لەگەڵ ئەوەی دکتۆر عەبدولسەتاردا یەکناگرێتەوە کە لەلاپەڕە (٢٩١)ی سەرچاوە/٤٠دا وتویەتی: لەدوای موتارەکە (مەبەستی پەیمانی موودراس)ە، ئەم کۆمەڵە (مەبەستی کۆمەڵی ئیستقلال)ە بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر دروستبوو، ناسراوترین دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵە (سریا بەدرخان) بوو.

ئەگەر دکتۆر عەبدولسەتار مەبەستی لەو کۆمەڵە بووبێت کە لەسەرەتادا بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر پێکهاتبوو کە ئەمین عالی بەدرخان جێگری بوو، ئەوا زۆربەی سەرچاوەکان ئەو کۆمەڵەیان بە(تعالی و تعاون جمعیتی) ناوبردووە نەك بە(کۆمەڵی استقلال) ئەگەر مەبەستیشی ئەو کۆمەڵە بێت کە لەکۆمەڵی (تعالی و تعاون جمعیتی) جیابوۆبووەوە ئەوا دەبیٚ ئەم کۆمەڵە تازەیە (استقلالی کورد) بەسەرۆکایەتی بەدرخانیەکان بووبێت و ناوی ئەوەی تاقمی شێخ عەبدولقادر دروستیانکردبوو نەهاتووە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە شێخ عەبدولقادر لەپێش جیابوونەوە و لێکترازانی (تعالی و تعاون جمعیتی) بەهیچ شێوەیەك لایەنگری سەربەخۆیی کوردستان نەبووە کە ئەمە هۆیەکی سەرەکی بووە لەجیابوونەوەی هەر ئەو تاقمە لەیەکتری هەروەکو لەباسی کێشەی ناوخۆدا لەسەر پەیمانی (سیڤەر) ئەم ڕاستیە زۆرتر ڕووندەبێتەوە.

٣-کۆمەڵی دیموکراتی کوردستان

بەسەرکردایەتی لاوان و ڕۆشنبیرانی کورد. (ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ وتویەتی: ئەندامانی ئەم کۆمەڵە بریتی بوون لەتاقمێك لاوانی ڕادیکاڵی).

٤-کۆمەڵی کوردستان سۆشیالیستی و تەرەقی پەروەران

کە بریتی بوون لەقوتابیانی کورد لەدانشگاکاندا وەکو (مەمدوح سەلیم). ئەوەی شایانی باسە دەربارەی ئەندامێتی مەمدوح سەلیم، دکتۆر عەزیز شەمزینی وتویەتی ئەندامی حیزبی تەعالی کوردستان بووە و دکتۆر عەبدولسەتار تاهیر شەریف وتویەتی ئەندامی کۆمەڵەی استقلال بووە، بەلام قەدری جەمیل بەگ (زنار سلوپی) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧ وتویەتی مەمدوح سەلیم ئەندامی کۆمەڵەی (الرابطة الاجتماعیەی کوردی) بووە هەروەکو لەوەرگێڕانە عەرەبیەکەیدا باسکراوە.

٥-جەمعیەتی بوژانەوەی کورد

وەکو ئیسماعیل شاوەیس باسیکردووە و زنار سلوپیش لەلاپەڕە (٥٠)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧ وتویەتی: ئەندامانی جارانی (هێڤی-کە لەبەرگی یەکەمدا لەحیزب و ڕێکخراوەکانی بەر لەشەڕی جیهانی بەدووروودرێژی باسمانکردووە)، هەموویان لەمزگەوتی (قەرەحاجی) لەدیاریەکر کۆبوونەوە و ڕێکخراوێکیان دروستکرد بەناوی (جمعیتی بوژانەوەی کورد) و خەڵکێکی زۆر پشتیوانیان لێکرد وەکو بنەماڵەی جەمیل پاشازادە، قاسم بەگ و بەکر سدقی بەگی نەقیبی ئەشراف، شێخ ئەحمەدی گوڵشێنی، خوجە حاجی ئەفەندی و لەکۆبونەوەیەکدا بێزاری خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەوقارێکی وەك (عەلی کەمال)ی وەزیری ناوخۆی تورك کە وتبووی: ((دەوڵەتە ئەوروپاییەکان دەیانەوێ خاکی کوردستان بکەن بەدیاریەکی دەستی خۆیان و بیدەن بەئەرمەنیەکان)).

بەپێی کتێبەکەی زنار سلوپی، ئەکرەمی جەمیل پاشا کرابوو بەئەندامی سەرۆکایەتی بەڕێوەبردن کە ئەو سەرۆکایەتیە جگە لەئەکرەمی جەمیل پاشا، جەرجسزادە کەریم بەگ، چەرخی زادە فیکری بەگ، غەنی زادە ڕەشادبەگ، جەمیل پاشازادە عومەر بەگ بوون و مامۆستایانی قوتابخانەکان بووبوون بەئەندام و ژمارەی ئەندامانی یانە لەدیاریەکر گەیشتە هەزار کەس و چەند لقێکیش لەشارەکانی دەوروبەریدا کرایەوە و غەنیزادە کە لەئەستەمبوڵەوە هاتبوو لەگەڵ فوئاد بەگدا ئەوانیش بوون بەئەندام.

لەدوای هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر جەمیل پاشازادە قاسم بەگ هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکایەتی و دکتۆر غەنیزادە بەجێگری سەرۆك و جەرجیسزادە کەریم بەگ بەلێپرسراوی پارە و خوجە حاجی ئەفەندی بەموستەشاری سەرۆك و ئەندامەکانی تری دەستەی بەڕێوەبەر بریتی بوون لە: عومەر، ئەکرەم، فیکری.

زنار سلوپی لەسەریئەڕوا و دەڵێت: ((ئەم جەمعیەتەی دیاربەکر پەیوەندیەکی بەهێزی هەبوو لەگەڵ جەمعیەتی بوژانەوەی کورد لەئەستەمبوڵ و لیژنەیەکی ڕاگەیاندنیان پێکهێنا لە: محەمەد ئەفەندی محامی (باقی توزە) و فەوزی ئەفەندی زادە جەمیل بەگ و عەلی ئەفەندی خەڵکی (لیجی) و دەستکرا بەنووسین و خوێندن بەزمانی کوردی و زۆربەی خەڵکی دیاربەکر بوون بەهاوکاری ئەو کۆمەڵە، تەنها هەر بنەماڵەی (بیرنجیق) بوون کە دژی پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی بوون ئەوانیتر هەموویان لایەنگری بوون. لەلایەن جەمعیەتی بوژانەوەی کوردەوە

پارمەتیـەکی زۆری ئـەوەی دیاربـەکر درا و چـاپکراوەکانی ئەسـتەمبوڵیان بـۆ دەنارد)).

بـەپێی باسـەکەی ئیسـماعیل شـاوەیس ئـەو کۆمەڵانـە دوو ڕۆژنامـەیان دەردەهێنا: یەکەمیان (ژین) بوو کە تورکەکان پێیاندەوت (جن-یەعنی جنۆکە)، ئـەویتریان ڕۆژنامـەی کوردسـتان بـوو. سـادق شـەرەفکەندی لەلاپـەڕە (٦٥)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٧١ باسـی دوو ڕێکخـراوی ئەو سەردەمەی کردووە: یەکەم کۆمەڵی استخلاصی کوردستان (کە هەندێ سەرچاوەی تر بەکۆمەڵی بوژانـەوەی کورد ناویانبردووە)، کە لەلایەن سەید عەبدوڵلاّ (مەبەستی باوکی دکتۆر عەزیز شـەمزینیە) پێکهـاتبوو (کـە ئەمـە یەکـەم سەرچـاوەیە باسـی سـەید عەبـدوڵلاّ شەمزینی بەو جۆرە کردبێت)، دوهەم کۆمەڵی سەربەخۆیی کورد (أستقلال) کە وەکو شەرەفکەندی باسیکردووە ئەمە لـەقاهیرە پێکهاتبوو بەسەرۆکایەتی سریا بـەدرخان (لەڕاسـتیدا أسـتقلال لەئەسـتەمبوڵ پێکهـاتبوو ئـەوەی قـاهیرە لقێکـی ئەوەی ئەستەمبوڵ بووە).

ئیسماعیل شاوەیس لەباسەکەیدا سەرچاوە/٨٧ بەدووروودرێژی باسی چالاکی سریا بـەدرخانی کـردووە کـە چـۆن ئـەو لقـەی استقلالی لـەقاهیرەدا دامەزرانـدبوو، دەربـارەی ئـەوە وتویـەتی: ((لەسـاڵی ١٩١٨دا سـریا بـەدرخان لـەقاهیرە لقێکـی کۆمـەڵی اسـتقلالی دامەزرانـدبوو، لـەکاتی شـەڕی جیهانیـدا ژمارەیـەکی زۆر لەئەفسەرانی کوردی ناو سوپای عوسمانی لەلایەن سوپاکانی هاوپەیمانەکانـەوە بەدیل گیرابوون و برابوونە کامپەکانی (قاهیرە) و (ئەسکەندەریە) و (سەید بەشیر) و کە شـەڕ تـەواوبوو سریا بـەدرخان توانی پەیوەنـدیان پێوەبکات بۆئەوەی بچنە ڕیـزی خـەبات و تێکۆشـانەوە لـەپێناوی مـافی نەتـەوەی کـوردا، بێجگـە لەوانـەی لەمیسردا بوون لـەو شەڕەشـدا کە لەباشوری عێراقدا لەنێوان هێـزی عوسمـانی و سوپای ئینگلیزدا کرابوو، ژمارەیـەك لەئەفسـەرانی کوردی نـاو سوپای عوسمـانی بەدیل گیرابوون.

(مەبەسـتی ئـەو شـەڕەیە کـە بەشـەڕی شـوعەیبە ناسـراوە و لەلاپـەڕە (٣٤٥)ی بـەرگی یەکـەمی سەرچـاوە/٨٠دا باسـی هاوکـاریکردنی کـوردی تیادایـە لـەناو سـوپای عوسمانیـدا)، ئـەو دیلانـە نێردرابـوون بـۆ هیندسـتان و پەیوەنـدی بەوانەشـەوە کرا بۆئـەوەی بەهـەموویان کۆنگرەیـەکی کـورد لەئەوروپا ببەستن بۆ داواکردنـی مـافی کـورد و لەئـەنجامی ئەمـەدا ئـەو بەدیلگیراوانـەی لەهیندسـتاندا بـوون بڕیاریانـدا سـریا بـەدرخان بکرێـت بەنوێنـەری کـورد لـەو کۆنگرەیـەدا و

پەیوەندیش بەحاکمی گشتی بەریتانیاوە کرا لەهیندستان بۆئەوەی بەڵێنی یارمەتیدان بدرێت بەکورد، بەڵام لەوەڵامی ئەو داخوازیەدا حاکمی گشتی بەو کوردە دیلانەی وتبوو ئامادە دەبێت بیاننێرێت بۆ حیجاز بۆئەوەی لەوێ لەگەڵ شەریف حسێندا هاوکاری بکەن کە لۆرانس سەرپەرشتی شەڕی دەکرد دژی تورکەکان، بەڵام ئەفسەرە کوردەکان ئەم پێشنیازەیان پەسەند نەکردبوو (بەر لەمە لەبەشی دوهەمدا بارودۆخی کوردستان، باسی گەلێك هەڵوێستی تری حکومەتی بەریتانیای تیادا کراوە کە لەهیچیاندا ئینگلیزەکان ئامادەنەبوون بەهیچ شێوەیەك یارمەتی کورد بدەن کە ئەمەی ئیسماعیل شاوەیس لێرەدا باسیکردووە نمونەیەکی ترە لەو هەڵوێستەی حکومەتی بەریتانیا، کەچی ناحەزانی کورد هەمیشە بزوتنەوەکانی کوردیان لەو ڕۆژانەدا بەوە تاوانبار کردووە کە بەهاندانی حکومەتی بەریتانیا بووە).

دەربارەی چالاکی سریا بەدرخان کە ئیسماعیل شاوەیس باسیکردووە، باسیل نیکتین لەلاپەرە (١٨٩)ی سەرچاوەی ژمارە (٥٤)دا وتویەتی سریا بەدرخان هەر لەدوای مۆرکردنی پەیمانی مودراسەوە ئیتر دەستیکردووە بەدامەزراندنی لیژنەی سەربەخۆیی کوردستان (مەبەست کۆمەڵی أستقلالی کوردستانە)، جگە لەو کۆمەڵ و ڕێکخراوانەی بەر لەمە باسمانکرد، لەشۆڕشی (پیران)دا باسی (کۆمەڵە-حیزبی ئازادی) دەکەین و پێویست ناکات لێرەدا دوبارەی بکەینەوە و لەشۆڕشی ئاراراتیشدا باسی کۆمەڵی (خۆیبون) دەکەین، ئەوەی شایانی باسە، دکتۆر عەبدولسەتار تاهیر شەریف لەلاپەرە (٤٦)ی سەرچاوە/٤٠دا بەشی عەرەبییەکەی بەدووردرێژی باسێکی گرنگی بڵاوکردۆتەوە دەربارەی (جمعیة التعالی لنساء الکورد-کۆمەڵی بەرزی ئافرەتانی کورد) کە تاقە سەرچاوەیەکە هاتبێتە بەرچاوم باسی کۆمەڵێکی وای کردبێت بەو شێوەیە کە وتویەتی: ئەو کۆمەڵە لەساڵی ١٩١٩دا لەئەستەمبوڵ پێکهاتووە و لەلاپەرە (٤٧)ی باسەکەیدا پرۆگرام و پەیڕەوی ئەو کۆمەڵەی باسکردووە کە بریتی بووە لە (٤٧) مادە کە کاتی خۆی بەزمانی تورکی لەچاپخانەی (قادینلار دنیاسی) لەشەقامی (دیوان یولو) چاپکراوە و دکتۆر عەبدولسەتار هەموو مادەکانی لەتورکیەوە کردوە بەعەرەبی کە بەڕاستی کارێکی باشی کردووە.

روهات ئالاکوم لەسەرچاوە/٧٨دا دەربارەی کۆمەڵی ئافرەتان کە دکتۆر عەبدولسەتار باسیکردووە وتویەتی ئەمینە خانمی ژنی شەریف پاشا سەرۆکی کۆمەڵی پێشکەوتنی ژنانی کورد (قادینلەر-ئافرەتان) بووە.

باسی سێهەمی بەشی سێهەم

ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

بەپێی ئەو سەرچاوانەی دەربارەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی باکوری کوردستان دواون، کوردەکانی باکور بەهاوکاری ئەو کوردانەی تر کە لەباشوری کوردستان و لەڕۆژهەلاتیەوە لەکوردستاندا مابوون کە زۆربەیان لەئەستەمبوڵدا نیشتەجێبوون، بەهەموویان شانبەشانی ئەو چالاکیانەی لەڕێکخراو و کۆمەڵەکانیاندا کردبوویان بایەخێکی زۆریشیان دابوو بەدەرهێنانی ڕۆژنامە و گۆڤار لەگەڵ ئەو هەموو کەم دەرامەتیەی دەستەی ڕۆشنبیر لەدوای تەواوبوونی شەڕی جیهانیدا لەناو کۆمەڵگاکانی کورددا هەبوو، لێرەدا بەکورتی ئاماژە بۆ هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤار دەکەین:

١-ڕۆژنامەی کوردستان


لەبەرگی یەکەمدا بەدوورودرێژی باسی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانمان کردووە لەخولی یەکەمیدا کە دواژمارەی بریتی بووە لەژمارە (٣١) کە لەنیسانی ١٣١٨ی کۆچیدا لەجنێڤ دەرچووە، هەروەکو محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان لەسەرچاوە/٧٦دا باسیکردووە و فۆتۆکۆپیەکانی بلأوکردۆتەوە کە بەڕاستی بەمە کارێکی زۆر باشی کردووە.

هەروەکو دکتۆر کەمال فوئاد لەسەرچاوە/١٠٨دا باسیکردووە، لەدوای ئینقیلابی عوسمانی ساڵی ١٩٠٨دا جارێکی تر لەلایەن (سریا بەدرخان)ەوە ڕۆژنامەیەکی تر لەئەستەمبوڵ هەر بەناوی کوردستانەوە چاپکراوە و وتویەتی: بەداخەوە هەتا ئێستە هیچ ژمارەیەکی ئەم دەورەمان بەرچاو نەکەوتوە (کە بەخولی دوهەم ناویبردووە، بەڵام لەخولی سێهەمدا جارێکی تر لەساڵانی (١٩١٧-١٩١٨)دا دوبارە دەرچوەتەوە کە یازدە ژمارەی لێ‌دەرچووە. دکتۆر کەمال فوئاد لەسەرچاوە/١٠٨دا فۆتۆکۆپی هەر یازدە ژمارەکەی بلأوکردۆتەوە کە ژمارەی یەکەمی لە١٥ی (ذی القعدة) ١٣٣٥ی کۆچیدا بەرامبەر ١٩١٧/٩/١٢ وە ژمارەی یازدەهەمی لە١٥ی (ربیع الثانی) ساڵی ١٣٣٦ی کۆچیدا بەرامبەر ١٩١٨/١/٢٨ لەچاپخانەی (ابی الهول) لەقاهیرە چاپکراون.

لەڕاستیدا دکتۆر کەمال فوئاد بەر لەمە لەساڵی ١٩٨٠دا لەگۆڤاری (چریکەی کوردستان)دا ژمارە (٣) کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەلەندەن دەریدەکرد

دەربارەی ژمارەکانی خولی سێهەم شتێکی نوسیبوو لەژێر ناوی (ڕۆژنامەی کوردستان-دەوری سێهەم) بەڵام دیارە تا ئەوسا هەموو ژمارەکانی کە یازدە ژمارە بوون دەرفەتی ئەوەی نەبووە باسی هەموویان بکات هەتا لەم دواییەدا لەساڵی ١٩٩٨دا هەموو ژمارەکانی فۆتۆکۆپی کردووە و لەسەری نوسیوە و باسەکەی پێشکەش کردووە بەشەهیدی جوانەمەرگ (نەجمەدین بیوکاریا) لەگەڵ بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی ئەو شەهیدە جوانە مەرگە و لەساڵی ١٩٧٦دا ئەو یازدە ژمارەیەی پێشکەش کردووە بەدکتۆر کەمال فوئاد و دکتۆر کەمال لەپێشەکیەکەدا وتویەتی: ((نەجمەدین لەباکوری کوردستاندا بە(نەجۆ) ناسراوە و لەساڵی ١٩٤٣دا لەگوندی (قەرەهان)ی سەر بەویلایەتی (ئورفە) لەدایکبووە و هەر لەسەرەتای لاویەوە لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا بەشداربووە و لەساڵی ١٩٧١دا لەئەستەمبوڵ کۆلیجی حقوقی تەواوکردووە و بەوپەڕی دڵسۆزیەوە لەپێناوی شۆڕشی کورددا خۆی بەختکردووە تا لەساڵی ١٩٨٢دا دەستگیرکرا و لەلایەن جەندرمە خوێنڕێژەکانی جەنگیزخان و هۆلاکۆوە لەزیندانی دیاربەکردا لە ١٩٨٤/١/٢٢دا شەهیدکراوە)).

بەپێی فۆتۆکۆپیەکانی ئەو ژمارانەی سەرچاوە/١٠٨ دەردەکەوێت هەموویان چوار لاپەڕەیی بوون بەقەوارەی (٢٨,٥سم×٤١سم)، کە بەشێوەی کرمانجی و بەپیتی عەرەبی چاپکراون و شێوەی کرمانجیەکەی هەرهەمان شێوەی نوسین و قسەکردنی شێوەی جزیرە و بۆتانە کە کاتی خۆشی ڕۆژنامەی کوردستانی خولی یەکەمی (١٨٩٨-١٩٠٢) هەر بەم شێوەیە چاپکراوە. لەکۆتایی هەموو ژمارەیەکدا نوسراوە مدیر مسئول (ئازیزی احمد-کە مەبەست سریا بەدرخان بووە) و لەژێر هەموو ژمارەیەکیدا نوسراوە: (پازدە ڕۆژا جارکی دەردیکەڤیت قنجیا کرمانجا رەدێخە پتێت)-جریدەیی کرمانجە بە........ وە بەتورکی لەژێر ئەمەدا نوسراوە: (کردلرك منافعنی مدافعه و اون بش کونده بر انتشار ایرد کرد غزته سیدر).



ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان خولی سێهەم

٢-گۆڤاری کوردستان

دەربارەی ئەم گۆڤارە چەند سەرچاوەیەك باسیانکردووە، مامۆستا فەرهاد پیربالْ لەلاپەڕە (٢٠١)ی سەرچاوەی ژمارە/١٠دا بەدووورودرێـژی باسـی پێنج ژمارەی ئەم گۆڤارەی کردووە کە بریتین لەژمارەکانی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦) کە وتویەتی هەر پێنج ژمارەکەی لەکتێبخانەی زمانە ڕۆژهەڵاتیەکانی پاریسدا کە بەکتێبخانەی (لانکرو) ناسراوە دۆزیوەتـەوە. بەپێی بۆچونەکەی کاك فەرهاد پیربالْ نوسەری گۆڤارەکـە (محەمـەد شـەفیق ئەرواسـی‌زادە) بـووە و خـاوەنی ئیمتیـاز (محەمـەد مەهدی) بووە و هەفتەی جارێك دەرچووە کە بەزمانی کوردی و فارسی و عەرەبی بووە و نرخی هەر دانەیەکی پێنج قروش بووە.

کاك فەرهاد ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دکتۆر مارف خەزنـەداریش لـەگۆڤاری ڕۆژی کوردسـتان ژمـارە (٤٣، ٤٤)دا باسـی ژمـارە (٨، ٩)ی گۆڤـاری کوردسـتانی کـردووە و (کـاك مـەحمود لەوەند)یـش ژمـارە (١٩)ی دیـوە و مامۆسـتا عەلائـەدین سـوجادی لەمێـژووی ئـەدەبی کـوردی و کـاك جـەمال خەزنـەدار لەلاپـەڕە (٢٢)ی سەرچاوە/١٤دا هەردووکیان وتویانە (٣٧) ژمارەی لێدەرچووە (کـە لـەوەی جـەمال خەزنەداردا بەڕۆژنامەی کوردستان ناوی هێناوە).

کـاك فـەرهاد کـارێکی زۆر باشـی کـردووە کـە نـاوەڕۆکی ئـەو پێـنج ژمارەیـەی دیونی بڵاویکردۆتەوە و ئاماژەی بۆ ئەو باسەی دکتۆر کەمال مەزهەریش کـردووە کـە لەلاپـەڕە (٢٣٣)ی تێگەیشـتنی ڕاسـتیدا وتویـەتی گۆڤـاری ڕۆژی کوردسـتان (سـەید حسـێن) ناوێـك لێپرسـراوی بـووە و ڕۆژنامەکـە بـەپێنج زمـان: (کـوردی، تورکی، عەرەبی، فارسی، فەرەنسی) وتاری تیادا بڵاوکراوەتـەوە و گـەلێك ژمـارەی ئەو گۆڤارە بەوێنەی ناودارانی کورد ڕازێنراوەتەوە.

دەربارەی ئەو بۆچوونەی دکتۆر کەمال، کاك فەرهاد پیربالْ وتویەتی ئەو ژمارانەی لای ئێمەن (کە خۆی باسی پێنج ژمارەی کردووە)، لەو دوو ژمارەیەی دکتۆر مارف خەزنەداریش باسیکردووە لەهیچ ژمارەیەکیاندا ناوی (سەید حسێن) نەهاتووە و هیچ وتارێکیش بەزمانی فەرەنسی تیادا نیە و لەهیچ ژمارەیەکیاندا وێنەی هیچ ناودارێکی کوردیشی تیادا نی‌یە. ئەوەی شایانی باسە، مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمیش لەو باسەیدا کە لەدواییدا باسیدەکەین ئەویش باسی وێنەی ناودارانی کورد و نوسینی بەزمانی فەرەنسی نەکردووە لەو گۆڤارەدا.

هەروەها کاك (مالمیسانژ)یش لەگەڵ کاك مەحمود لاوەندی کە (مالمیسانژ) لەلاپەرە (٧٦)ی سەرچاوە/١٠٠دا لەو گۆڤارە دواوە، گومانی خۆی پیشانداوە لەبوونی گۆڤارێك توانای ئەوەی هەبووبێت بەپێنج زمان باس بلأوبکاتەوە، بەلأم (مالمیسانژ) و مەحمود لاوەندی لەگەڵ دکتۆر کەمال مەزهەردا لەمەدا یەکیانگرتۆتەوە کە (محەمەد میهری) خاوەنی ئیمتیاز بووە و (سەید حسێن) بەرپرسیار بووە و ئەرسوزی زادە محەمەد شەفیق سەرنوسەری گۆڤارەکە بووە و هەمووشیان وتویانە گۆڤارەکە لەچاپخانەی (نجم استقبال مطبعەسی) چاپکراوە.

بەرلەوەی بچینە سەر باسەکەی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم دەربارەی ئەو لەیەکنەچوونانەی کاك فەرهاد پیربالْ و (مالمیسانژ) و مەحمود لاوەندی، سەرنجێك دێتە پێشەوە کە بریتی‌یە لەوەی هەر لایەیان تەنها ئەو چەند ژمارەیەی لابووە کە باسیکردووە و بەپێی سەرچاوەکان گۆڤارەکە (٣٧) ژمارەی لێدەرچووە کە هیچ دوور نی‌یە لەوانەی لای دکتۆر کەمال مەزهەر باسیکردون ئەو ژمارانە نەبن کە فەرهاد پیربالْ و ئەوانیتر باسیانکردووە و لاموایە هەتا نوسەرێك هەموو ژمارەکان نەبینێت ناتوانێ بڵێت بۆچوونی چ لایەك ڕاستە.

مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لەژمارەکانی (٧٤، ٧٥)ی گۆڤاری ڕەنگیندا کە لەبەغدا دەردەچێت بەناونیشانی دۆزینەوەی ڕۆژنامەیەکی تری (کوردستان)ەوە باسێکی بلأوکردۆتەوە، بەلأم لەژمارە (٧٩)ی هەمان گۆڤاردا کە لەئایاری ١٩٩٥دا بلأوکراوەتەوە بەو بۆچوونەی پێشوویدا چۆتەوە و وتویەتی ڕۆژنامە نەبووە بەڵکو گۆڤار بووە و لەم باسەی دواییدا باسی کاك سەلأح سەعدەڵلأ و کاك شەعبان مزوری کردووە کە هەریەکەیان سەرنجی خۆیان بەرامبەر باسەکەی ژمارە (٧٤، ٧٥)ی گۆڤاری ڕەنگین دەربڕیوە و کاك شەعبان بۆی ڕوونکردۆتەوە کە گۆڤاری کوردستان لەقەوارەی گۆڤاری ڕەنگیندا بووە و یەکەم ژمارەی لە ٢٨ی ربیع الاخری ساڵی ١٣٣٧ی کۆچیدا بەرامبەر (٣٠ی کانونی دوهەمی ساڵی

١٣٣٥ی ڕۆمیدا دەرچووە (کە ئەمە یەکەم سەرچاوەیە باسی کاتی دەرچوونی ژمارەی یەکەمی کردووە) و لەو ژمارەیەدا لەدوو شوێنی جیاوازدا لەلاپەڕەی بەرگی یەکەم و لەلاپەڕەی یەکەمی ناوەوە (دوای ئەو بەرگە) لەهەردووکیاندا نوسراوە: لەسیاسەت بەولاوە هەر بابەتێك و بەهەر زمانێك بلأوئەکاتەوە و هەفتەی جارێك دەردەچێت و هەر وتارێك لەگەڵ ڕێبازیدا بگونجێت بەخۆشحاڵیەوە بلأوینەکاتەوە (لاموایە شێوە کرمانجیەکەی گۆڤارەکە لەلایەن کاك شەعبان مزوریەوە کراوە بەشێوەی کرمانجی خوارووی لەو سەرنجەیدا کە بۆ مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمی ناردووە).

دەربارەی گۆڤارەکە مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم وتویەتی سەرنووسا (ئەرواسی زادە محەمەد شەفیق) و خاوەن ئیمتیاز (محەمەد مەهدی) بو دەربارەی محەمەد مەهدی، مامۆستا محەمەدی مەلا کەرد[illegible] تویەتی خەڵ[illegible] (سنە)یە و کاتی خۆی ڕێی کەوتۆتە ئەستەمبوڵ و لەسا[illegible] ١٩٥٢-١٩٥٤(دا مامۆستا گۆران لەسلێمانیەوە ڕۆژنامەی (ژین)ی بۆ دەنارد و لەژمارەیەکی (ژین)دا پارچە شیعرێکی محەمەد مەهدی بلأوکردۆتەوە، بەلأم کاك فەرهاد پیرباڵ لەباسەکەیدا سەرچاوە/١٠دا وتویەتی محەمەد مەهدی لەساڵی (١٨٨٩)دا لەگوندی (دشە)ی سەر بەناوچەی (جوانڕۆ) لەدایکبووە و لە(١٩٥٧/٤/١٩)دا کۆچی دوایی کردووە.

فەرهاد پیرباڵ دەربارەی چۆنیەتی گەیشتنی محەمەد مەهدی بۆ ئەستەمبوڵ وتویەتی: ((لەهەرەتی گەنجێتیدا ڕوویکردۆتە (قارس) و لەوێوە چۆتە ئەرزڕوم و لەساڵی ١٩١٢دا گەیشتۆتە ئەستەمبوڵ و لەوێ تێکەڵ بووە بەڕووناکبیران و شۆڕشگێڕانی کورد لەئەستەمبوڵ و ئاشنایەتیەکی زۆری لەگەڵ ئیسماعیل حەقی باباندا هەبووە کە وەزیری مەعاریفی حکومەتی عوسمانی بووە و بەیارمەتی ئیسماعیل حەقی بابان توانیبووی کۆلیجی حقوق تەواوبکات و لەساڵانی پەنجاکاندا لەگۆڤاری (هەتاو)دا کە لەهەولێر دەردەچوو شتی بلأودەکردەوە (مەبستی گۆڤاری هەتاوی گیوی موکریانی‌یە).

٣-ژین

ژین، چ ڕۆژنامە بووبێت یا گۆڤار، یەکێك بووە لەو چاپەمەنیە گرنگانەی لەدوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی لەئەستەمبوڵ لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە دەرچووە. دەربارەی ژین، کاك جەمال خەزنەدار لەسەرچاوە/١٤دا-ڕابەری ڕۆژنامەگەری دوجار باسی ژینی کردووە: لەلاپەڕە (٢١)دا باسی (گۆڤاری ژین)ی کردووە کە وتویەتی گۆڤارێکی نیومانگی بووە لەساڵی ١٩١٦دا لەقاهیرە لەلایەن

(سـريا بـەدرخان)ەوە بـەزمانی کـوردی و عـەرەبی و تـورکی دەرچـووە کـە سەرچاوەکەی بۆ ئەم بۆچوونەی بریتی‌یە لەوتارێکی (محەمەد تۆفیق وردی) کە لەرۆژنامەی (ڕووناکی) ژمارە (٢)دا بلاویکردۆتەوە.

لەلاپـەڕە (٢٤)یشـدا باسـی (ڕۆژنامـەی ژیـن)ی کـردووە کـە وتویـەتی: ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی، کۆمەلایەتی بووە لەشاری ئەستەمبوڵدا بەزمانی کوردی لەلایەن مەمدوح سەلیم بەگ و کەمال نوری،.... بێگومان هەڵەی چاپەمەنیە و ڕاستیەکەی لەلایەن (کەمال فەوزی)یەوە دەرچووە، یەکەم ژمارەی لەساڵی ١٩١٩دا دەرچووە کە سەرچاوەکەی بۆ ئەمە مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا عەلائەدین سوجادیە.

دەربارەی ژین، مامۆستا محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان، هەروەکو چۆن کارێکی گرنگ و باشی کردبوو بەبلاوکردنەوەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان ساڵی (١٨٩٨-١٩٠٢) کە لەبەرگی یەکەمدا باسمانکردووە، بەو جۆرەش کارێکی تری باشی کردووە دەربارەی (ژین) کە لەچەند جلدێکدا ژمارەکانی فۆتۆکۆپی کردووە و لەهـەموو ژمارەکـانی دواوە گـەلێك سـەرنجی بـەنرخی خـۆی دەربارەیـان باسکردووە کە دوبارە برای بەڕێز و خۆشەویستم دکتۆر عومەر شێخ موس ئەو فۆتۆکۆپیانەی بۆ ناردم.

بەپێی ئەو فۆتۆکۆپیانە کە لەژمارەی یەکەمیەوە کە لەڕۆژی ٢٧ی تشرینی دوهەمی ساڵی ١٣٣٤ی کۆچی بەرامبەر بەساڵی ١٩١٨، هەتا ژمارە (٤)ی لەژێر هەموو ژمارەیەکیدا بەتورکی نوسراوە (هفتەلق غزتە) و لەژمارەی پێنجەم بەدواوە کـە لـە ١٢ی کـانونی یەکـەمی ١٣٣٤ی کۆچـی بەرامبـەر بەسـاڵی ١٩١٨ هـەتا دواژمـارەی (٢٥)ی لـەجیاتی ئـەو (هفتـەلق غزتـە)یـە نوسـراوە (حیـات..) کـە بەداخەوە بۆم ڕوون نەبووەوە مەبەست لەمە چی‌یە.

لەهەموو ژمارەکانیدا لەسەر بەرگەکەی نوسراوە: (دین، ادبیات، اجتماعیات و اقتصـادیاتن، بحـپ ایلـدر،... تورکجـە، کوردجـە مجموعـەدر،...) و لەهـەموو ژمارەکانیـدا نوسـراوە لەچـاپخانەی (نجـم اسـتقبال مطبعـەسـی) لەئەسـتەمبوڵ چاپکراوە. بەپێی پێشـەکیەکەی مامۆستا محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان، لەیەکەم ژمـارەوە هـەتا ژمـارە (٢٠) وتـراوە: لێپرسـراوی گۆڤارەکـە (حـەمزە بـەگی مـوکس) بووە کە یەکێك بووە لەئەندامانی (کۆمەڵی پێشکەوتنی کوردستان) کە ڕۆژنامـەی (ژین) ئۆرگانی ئەم کۆمەڵە بووە، بەلام لـەژمارە (٢١) و بـەدواوە (مەمدوح سـەلیم) بووە بەلێپرسراو.

ژوبر ١ سالا عولي عدد ١

تعجبي كاغذك في ريكه دڤي ربكت مصري مز ناڤ خويني جريده‌يي لاو بدرخان پاشا
مقداد مدحت بكي هر چار دوهزار جريده‌يا بي پره ازسی ربكم كردستاني دوبدين خاكي پازده روژا چاركي تيت نڤيساندن

كردستان

١٣١٥

❁ كردلري ايقاظ وتحصيل صنايعه تشويق ايچون شمديلك ❁

❁ اون بش گونده بر نشر اولنور كردجه غزته‌در ❁

عنوان
مصرده كردستان غزته‌سي صاحب ومحرري مدرخان پاشا زاده
❁ مقداد مدحت ❁
مرطمنده ... كردستان ولايتلرينه ارسال ورسائلر بلا قرارلشماسنه نشر وتقسيم اولنه جقدر
كردستان خارجنده هر ير ايچون سنه‌لك ابونه بدلي ٨٠ غروشدر
كردستان داخلنده عمومي فقرالره مجانا گوندريلور

❁ روژا پنجشي‌ده ٣٠ ذوالقعده سنه ١٣١٥ پنجشنبه في ٩ نيسان سنه ١٣١٤ ❁

بسم الله الرحمن الرحيم

صد هزار شكر وحمد ژ خدی تعالی‌ره آم مسلمان خلق كرن · وظانيدا علم ومعرفتيره هش وزكا دامه · دو حفا علمانيدا علم ومعرفتيره گلك آيتين جليله واحاديث شريفه هنن دنيايده چقاس مسلمان هبن گوند وبازيرين حياده مكتب ومدرسه وجريده هنن دنيايده چه دبه به نابه جريده دنڤيسن · چقاس تيت ژ كردا ره كسرد ژ گلك اوما زيده‌تر خوي هش وزكانه چايرن دبين خوده راست وقوبه خورتن ودبسا وكه قوميت دي نه خوندانه نه‌داوادن دنيايده چه دبه جيران وان موسقوف چاوبه وی چه بكه نظانن اوما ربا خدیده من آڤ جريده باها نڤيسي بادنا خدی تعالی باش نو هر پازده روژاده چاركي آزي جريده‌كي بنڤيسم · ناڤ في من كربه (كردستان) في جريده‌يده آزی بحثا قنجيا علم ومعرفتا بكم

لكوردي مروف دعله لكوردی مدرسه ومكتبن قنج هنه ازي نيشا كردا بكم لكوردي چه شر دبه دولتين معظم چه دكن چاوه شر دكن تجارت چاوه دبه ازي حبا حكات بكم حتی نو كسي جريده‌كي هولي تنڤيسي‌به آف جريده‌يا منا ها يا عولي‌به لوما وي گلك كيايي هبين · ازهيڤي دكم كيايا جريده‌يي زمزه بنڤيسن حي بشتری نو چه دبين ركين باني رهنكي دچه دكوه ريده اڤه ايدي ازي دست مقصدی بكم · (ومن الله التوفيق)

حضرت پيغمبر عليه الصلوة والسلام گوتي‌به « العلماء ورثة الانبياء » انكو علما وارثين انبيانه ژ طرف خديده مامورن وعظ ونصيحتي بدن خلكي ريا قنج نشا وان بكن لوما گلي علماين كردا چاوه اون وعظ ونصيحتا نيزی ددن ولی دژي اون مير وآغا وكرمانجين دناسن وان تشويقا ظانيدا علم ومعرفتي بكن ريا قنج نشا وان بكن هكي اون وي نكن گنهی حميا سطوی وه‌يه

(ئەوەی محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان فۆتۆکۆپی بلاّوکردۆتەوە)

بێجگە لەو باسەی محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان، مامۆستا (مالمیسانژ)یش لەلاپەڕە (٨١)ی سەرچاوە/١٠٠دا بەدووروودرێژی باسی (ژین)ی کردووە و پرسیاری کردووە: ئایا ژین لەژمارە (٢٥) بەدواوە (کە دوا ژمارەی فۆتۆکۆپییەکەی محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلانە) کە لە(١٩١٩/١٠/٧)دا دەرچووە بووە بەگۆڤار یا هەر لەژمارە (٣٦)ەوە کە لە ١٣٣٦/٦/٢١ی کۆچی کە دەکاتە حوزەیرانی ١٩٢٠ کە هەشت مانگ و نیویان بەین بووە، بووە بەگۆڤار؟ لەسەرچاوە/١٠٠دا (مالمیسانژ) فۆتۆکۆپی ژمارە (٣٦)ی بلاّوکردۆتەوە کە لە ٢١ی حوزەیرانی ١٣٣٦دا دەرچووە.

فۆتۆکۆپی ژمارە (٣٦) کە (مالمیسانژ) بلاّویکردۆتەوە جیاوازیەکەی لەگەڵ ئەو بیستوپێنج ژمارەیەی محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان بلاّویکردۆتەوە ئەوەیە لەمەی ژمارە (٣٦)دا وتراوە: (کورد وحدت و حقوق ملیە سنك... سیاسی، علمی،... هفتەلق غزتە)، ئەدرەسەکەشی وەکو ئەوەی ژمارەکانی پێشوو نی‌یە.

دەربارەی حەمزە بەگی موکس کە محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان ئاماژەی بۆ کردووە کە وتویەتی هەتا ژمارە (٢٠) لێپرسراوی ژین بووە، مالمیسانژ باسی خەبات و تێکۆشانی حەمزە بەگی کردووە کە وەختی خۆی لەساڵی ١٩١٤دا لەماردین خەباتی کردووە و لەسەر ئەوە گیراوە و حوکمی ئیعدامی بەسەردا دراوە و هەموو تاوانەکەشی ئەوە بووە لەناو کۆڕێکدا وتبووی هەموو میللەتانی جیهان بەمافی خۆیان گەیشتون،... ئیتر ئایا بۆچی دەبێ کورد لەو مافەی خۆی بێبەش بکرێت؟!، حەمزە بەگ کە گیراوە لەزینداندا ئەشکەنجە دراوە و شەهیدکراوە، سادق شەرەفکەندیش لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٧١ باسی گرتن و ئیعدام کردنی حەمزە بەگی کردووە.

بێجگە لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە، لەدوایئەوەی بنەماڵەی بەدرخانیەکان لەژێر فشاری تورکە کەمالیەکاندا ناچارکران ولاّت بەجێبێڵن و وەکو لەباسی ژیانی جەلادەت بەدرخاندا باسمانکردووە گۆڤاری (هاوار) و (ڕوناهی) دەرکردووە و هەروەکو (منذر الموصلی) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٢٥ باسیکردووە (ڕوناهی) بەکرمانجی و بەپیتی لاتینی دەرچووە و هەروەکو پاشکۆیەکی وێنەدار (ملحق مصور) وابووە بۆ گۆڤاری (هاوار). (منذر الموصلی) باسی دەرکردنی (ڕۆژی نوێ)ی کردووە کە لەساڵی ١٩٣٤دا لەلایەن جەلادەت بەدرخانەوە لەبەیروت دەرچووە، بەلاّم تەنها ڕێگە بەدەرچوونی یەکەم ژمارەی دراوە و دوایئەوە داخراوە.

No 36 — 2e année 21 Juin 1920

JINE

(La vie)

Journal hebdomadaire kurde

Adresse: Sublime porte — rue Ebousouude.

ژین

حیات

۲۱ حزیران ۱۳۳۶

نسخه‌سی ۳ غروشدر

صلح مجلس عالیسی طرفندن تورکیه‌یه تبلیغ ایدیلن معاهدهٔ صلحیه‌نك كوردستانه متعلق موادی

[illegible]



ژماره (٣٦)ی ژین

لەلاپەڕە (٨٣)ی کتێبەکەی (مالمیسانژ)دا هەیە

بەشی چوارەم

پەیمانی سیڤەر

پەیمانی سیڤەر بەیەکێك لەڕووداوە گرنگەکانی مێژووی کورد دەژمێرێت و بۆ یەکەمجار وەکو دوکیومێنتێکی نێودەوڵەتان ناوی میللەتی کورد و باسی مافی کورد و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لەباکوری کوردستان و ڕێگەدان بەکوردی باشوری کوردستان لەگەڵ ئەو حکومەتەی کورددا یەکبگرێت، بەلاّم بەداخەوە هەڵوێستی دەوڵەتان و بەرژەوەندیەکانی هەندێکیان لەلایەك و ئەو ناکۆکی و تێکچونەی کە لەنێوان کوردەکانی باکوردا ڕوویدا بوو بەهۆی ئەوەی کورد نەگات بەو ئامانجە پیرۆزەی و ئەو ئاواتەی لەمنداڵدانی سیڤەردا چەکەرەی کردبوو لەبارچوو لەگۆڕستانی لۆزاندا زیندەبەچاڵکرا.

لەبەر گرنگی ئەم باسە هەوڵئەدەین بەدووروودرێژی لێیبدوێین بۆئەوەی بۆ نەوەی تازە ڕوونببێتەوە و میللەتەکەی چ هەلێکی ڕەخساوی لەکیس خۆیدابوو، بۆئەوەی لەبەسەرهات و ڕووداوەکانی ئیمڕۆ و دواڕۆژدا دەرس و پەند وەربگرێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم باسە هەوڵئەدەین بیکەین بەم چوار بەشەی خوارەوە:

یەکەم: چالاکی ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کوردی ئەو ڕۆژە و تەقەلای کۆمەڵ و ڕێکخراوەکان بەر لەپەیمانی سیڤەر و لەکاتی کۆبونەوەکانی سیڤەردا.

دوهەم: ئەو مادانەی لەم پەیمانەدا پەیوەندیان بەکورد و بەمافی کوردەوە هەبووە.

سێهەم: هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا و هۆی سەرگەرمی کاربەدەستانی ئینگلیز لەمۆرکردنی ئەو پەیمانەدا لەسەرەتادا و ساردبوونەوە و پاشگەزبوونیان لەپشتگیریکردن بۆ سەرگرتنی پەیمانەکە لەئەنجامدا.

باسی یەکەم
چالاکی ڕۆشنبیرانی کورد

ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد تاڕادەیەك هەتا ئەوکاتەی لەناوخۆیاندا تێکنەچووبوون و نەبووبوون بەدوو بەشەوە لەچالاکیدا بوون و لەباسەکانی داهاتوودا چالاکی هەندێکیان ڕووندەبێتەوە، لەژوورووی هەمووانەوە شەریف پاشای خەندان کە کۆمەڵ و ڕێکخراوەکان لەسەرەتادا بڕیاری ئەوەیاندابوو شەریف پاشا وەکو نوێنەری میللەتی کورد لەکاتی گفتوگۆکردنی پەیمانی سیڤەردا کاربکات. گەلێك سەرچاوە باسی ڕۆڵی شەریف پاشایان کردووە لەچەسپاندنی ئەو مادانەی لەپەیمانی سیڤەردا بۆ کورد تەرخانکرابوو.



وێنەی شەریف پاشا بە پێی کتێبەکەی روهات ئالاکوم

میر بەسری لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٢ (أعلام الکرد) وتویەتی شەریف پاشا کوڕی سەعید پاشای کوڕی حسێن پاشای کوڕی ئەحمەد ئاغای خەندان کە خەڵکی سلێمانی بووە، حسێن پاشای باوکی سەعید پاشا لەزەمانی بابانەکاندا

نائیبی (جێگری) ئەحمەد پاشای دوامیری بابان بووە لەدوای ڕووخانی ئەمارەتی بابان حسێن پاشا چۆتە ئەستەمبوڵ و سەعید پاشای کوڕی لەگەڵ خۆیدا بردووە و سەعید پاشا لەوێ خوێندویەتی و بووە بەئەفسەر و ماوەیەك وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی بووە و لەگەڵێك کاروباری تردا کاریکردووە تا لەساڵی (١٩٠٧)دا کۆچی دوایی کردووە.

بەپێی کتێبەکەی میر بەسری، شەریف پاشا لەساڵی (١٨٦٥)دا لەئەستەمبوڵ لەدایکبووە، (لەسەرچاوە/٧٨دا روهات ئالاکوم وتویەتی لەساڵی ١٨٥٦دا لەدایکبووە کە لاموایە ئەمەیان هەڵەی چاپەمەنی بووبێت). میر بەسری وتویەتی شەریف پاشا لەساڵی ١٨٩٠دا (ئەمیرە ئەمینە)ی کچی محەمەد عەبدولحەلیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشای میسری مارەکردووە (ئەمیرە ئەمینە لەساڵی ١٨٢٦دا مردووە) و لەنێوان ساڵانی (١٨٩٨-١٩٠٩) وەزیری مفەوەزی حکومەتی عوسمانی بووە لەستۆکهۆڵم.

(کریس کۆچرا) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤١ وتویەتی شەریف پاشا لەساڵی ١٨٩٠دا کراوە بەباڵیۆز، روهات ئالاکوم لەسەرچاوە/٧٨دا (کە ئەو کتێبەی بۆ ژیانی شەریف پاشا تەرخانکردووە) بەدووروودرێژی باسی شەریف پاشای کردووە و دەربارەی ئەو ماوەیەی لەستۆکهۆڵمدا بووە وتویەتی: ((لەشارانی ئۆپسالا و ستۆکهۆڵم سەرم لەگەلێك کتێبخانە و ئەرشیفی مۆزەخانە داوە و گەلێك بابەت کە دەربارەی شەریف پاشا نوسرابێت یا ئەوانەی خۆی نووسیونی زۆر بەباشی و بەوریاییەوە لەو دەزگایانەدا پارێزراون)).

ئەو خانووەی شەریف پاشا تیایدا ژیابوو لەستۆکهۆڵم لەسەر شەقامی (Kommendor/ ژمارە ٣٢) هێشتا هەرماوە و دوایئەوە چۆتە خانوویەکی تر کە ژمارەکەی (٣٥) بووە لەهەمان شەقامدا، ئەمەشیان هێشتا هەرماوە (روهات ئالاکوم لەو کتێبەیدا گەلێك وێنەی شەریف پاشای لەکتێبەکەیدا بڵاوکردۆتەوە)، شەریف پاشا زمانی فەرەنسی زۆر باش زانیوە بۆیە نوسینەکانی بەم زمانە نوسیوە و لەسوید گەلێك خەڵاتی وەرگرتووە، یەکێك لەوانە ئەو خەڵاتە بووە لەڕۆژی ١٨٩٩/٩/١٢دا کە بریتی بووە لەشمشێرێك لەپاشای سوید کە (ئۆسکاری دوهەم) بووە وەریگرتووە و ئەمینە خانمی ژنی شەریف پاشا سەرۆکی کۆمەڵەی پێشکەوتنی ژنانی کورد (قادینلەر-ئافرەت) بووە، (لەباسی دوهەمی بەشی سێهەمدا-کۆمەڵ و ڕێکخراوەکان-باسی ئەو کۆمەڵە کراوە).

ئەوەی شایانی باسە لەبەشی شازدەهەمی بەرگی یەکەمدا لەباسی ژون تورك و اتحـاد و تەرەقیـدا ئاماژەیـان بـۆ هەڵوێسـتی تـاقمی (اتحـاد و ترقـی) کردبـوو بـۆ شـکاندن و زڕانـدنی نامـەی شـەریف پاشـا کـە گەیشـتبووە ئەسـتەمبوڵ کـە لەئەنجامـدا لەسـاڵی ١٩٠٩دا کـە بـوون بەدەسـەڵاتدار توانیبوویـان شـەریف پاشـا لەکارەکـەی لابـەن لەسـتۆکهۆڵم و (روهـات ئـالاکوم) لەکتێبەکەیـدا بەدووروودرێـژی باسـی ئـەوەی کـردووە کـە ئێمـەش لـەو بەرگـەدا کورتەیـەکی باسـەکەی (روهـات ئالاکوم)مان بڵاوکردەوە لێرەدا پێویست ناکات دوبارەی بکەینەوە.

لەدواییـدا هـەروەکو سەرچـاوە/٧٨ باسـیکردووە کـە شـەریف پاشـا دوای تـەواوبوونی کارەکـەی دەیـەوێ بچـێت بـۆ میسـر بـۆ سەرپەرشـتیکردنی ئـەو زەوی‌وزارانـەی لـەباوکی خێزانەکەیەوە بۆی مـابووەوە، لەڕێگایـدا سـاتێك دەگاتـە پـاریس بـیری خـۆی دەگۆڕێـت و لـەوێ دەمێنێتـەوە و دەسـتدەکات بەخـەبات و تێکۆشـان دژی (اتحـاد و ترقـی) و لـەپاریس ڕۆژنامەیـەك دەردەهێنێـت بـەناوی (مشـروتیە) و ڕێکخراوێکـی سیاسـیش دادەمـەزرێنێت (ئەمـەی روهـات ئـالاکوم دەربـارەی ئـەو ڕۆژنامـە و ڕێکخـراوەی شـەریف پاشـا هـیچ سەرچـاوەیەکی تـر باسینەکردون، کاشکی روهات ئالاکوم باسـی ئەو سەرچاوەیەی بکردایە کە لـەوە دواوە وە یـــا فۆتۆکۆپیـــەکی ئـــەو ڕۆژنامەیـــەی بڵاوبکردایەتـــەوە ئەگـــەر دەستیکەوتبێت.

هەروەکو روهات ئالاکوم باسیکردووە تاقمی (اتحـاد و ترقـی) لـەماوەی سـاڵانی (١٩٠٩-١٩١٤)دا هـەوڵێکی زۆریـان دابـوو بـۆ لـەناوبردنی شـەریف پاشـا و (عـەلی جـەواد)یـان نـاردبوو بـۆ کوشـتنی، کـە سـاتێك لـەپاریس بـووە و لەکاتێکـدا لەئوتومبێلەکەیـدا دەبـێ لەگـەڵ ساڵح بـەگی زاوایـدا و لەگـەڵ ئیسـماعیل حـەقی پیاویـدا ئـەو عـەلی جـەوادە پـەلاماری شـەریف پاشـا دەدات و شـوفێرەکەی کـە فەرەنسی دەبێت بریندار دەکات بەڵام ساڵح بەگی زاوای دێتەدەست و عەلی جەواد دەکوژێت.

دەربـارەی ئـەو عـەلی جـەوادەی روهـات ئـالاکوم باسـیکردووە، دکتـۆر ئاریـان نـەوزاد بـەکر لـەگۆڤاری (سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژی ژمـارە (١٨)ی ڕۆژی ١٩٩٧/٥/٢٠ لەلاپـەڕە (٤٨)دا وتویـەتی ئـەوەی ناردبوویـان بـۆ کوشـتنی شـەریف پاشا لەپاریس ئەفسەرێکی سوارە بووە لەسوپای تورکدا بەناوی (کەمال) ناوەوە کە ساڵح بـەگ توانیبووی بیکوژێت. دەربـارەی شـەریف پاشا لـەپاریس، روهـات

ئالاكوم ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەی (Svenska Dag Bladet) کردووە کە لەساڵی ١٩١٩دا وتارێکی دەربارەی شەریف پاشا بڵاوکردۆتەوە و لەو وتارەی ئەو ڕۆژەدا وتراوە ئێستا شەریف پاشا لەپاریس دەژی و نوێنەری نەتەوەی کوردە و بەناوی میللەتی کوردەوە لەوتووێژەکانی پاریسدا بەشداریکردووە.

دیارە تورکەکان بەوە وازیان نەهێنابوو بەڵکو هەوڵێکی زۆریاندابوو ناوی شەریف پاشا بزڕێنن و هەندێ تەلگرافی پڕ لەدرۆودەلەسەیان بەناوی چەند کەسێکەوە لەشارەکانی کوردستانەوە ناردبوو بۆ گەلێك شوێن دژی شەریف پاشا کە یەکێك لەو تەلگرافانە نێردرابوو بۆ باڵیۆزخانەی سوید لەئەستەمبوڵ، بەڵام لەدواییدا هەروەکو سەرچاوە (Riks Arkivet Konsultsrapport,Fram Konstantino ١٩١٢-١٩٨٥) باسیکردووە و ڕوهات ئالاکوم ئاماژەی بۆ کردووە، دەرکەوتووە ئەو هەموو تەلگرافانە هەمووی لەلایەن کاربەدەستانی تورکەوە بۆ سوکایەتی کردن و ناوزڕاندنی شەریف پاشا بووە.

بێجگە لەو هەوڵدانەی بۆ کوشتنی شەریف پاشا سەرینەگرتبوو، وە ئەو تەلگرافە پڕ لەدرۆودەلەسانەی کە بەپێی ئەو سەرچاوەیە هەمووی بەدرۆخرابووەوە، تورکەکان هەوڵێکی تریان دژی شەریف پاشا دا و بەوە تاوانباریانکرد کە شەریف پاشا دەستی هەبووە لەپیلانی کوشتنی (مەحمود پاشا شەوکەت)ی (صدری أعظم) و بڕیاری لەسێدارەدانی شەریف پاشا لەلایەن تورکەکانەوە دەرچوو ئیتر لەوساوە نەیتوانیبوو بگەڕێتەوە بۆ تورکیا. لەپێشەکی کتێبەکەی سریا بەدرخاندا سەرچاوە/٧٩ لەو پێشەکیەی کە بەپێنوسی (Perlinde) نوسراوە، باسی پەیوەندی نێوان شەریف پاشا و سریا بەدرخان کراوە لەساڵی (١٩٢٧)دا کە لەوەدا باسی چالاکیەکانی شەریف پاشای کردووە لەدانانی ناوەڕۆکی پەیمانی سیڤەردا.

دەربارەی کۆچی دوایی شەریف پاشا، (میر بەسری) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٢ بەهەڵە وتویەتی شەریف پاشا لەساڵی ١٩٤٤دا کۆچی دوایی کردووە و دکتۆر فوئاد حەمەخورشیدیش لەگۆڤاری ڕەنگینی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٩٦ لەلاپەڕە (٦٠)یدا وتویەتی شەریف پاشا لەساڵی ١٩٤٤دا کۆچی دوایی کردووە و ڕوهات ئالاکومیش لەگۆڤاری مامۆستای کوردی ژمارە (٨٩) ساڵی ١٩٩٦ لەلاپەڕە (٦٠)یدا کە لەستۆکهۆڵم دەرچووە ئەویش هەروەکو میر بەسری و دکتۆر فوئاد حەمەخورشید وتویەتی شەریف پاشا لەساڵی ١٩٤٤دا کۆچی دوایی کردووە و

دکتۆر ئاریان نەوزاد بەکریش لەو سەرچاوەیەی بەرلەمە باسمانکردووە هەر وتویەتی شەریف پاشا ساڵی ١٩٤٤ کۆچی دوایی کردووە، بەڵام لەڕاستیدا شەریف پاشا لەساڵی ١٩٥١دا کۆچی دوایی کردووە، بەڵگەشم بۆ ئەمە بریتییە لەو دوکیومێنتەی ئەرشیفی بەریتانیا ژمارەی دوکیومێنت (Fo.٣٧١-٩١٢٥٢-١٣٢٩٦٩) کە لەگۆڤاری (گزینگ)ی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٦دا لەسوید بڵاوکراوەتەوە کە لەو دوکیومێنتەدا باسی یاداشتێکی تیادایە کە لەساڵی ١٩٤٧ لەلایەن چەند کوردێکەوە مۆرکراوە کە لەو مۆرکردنەدا شەریف پاشا یەکێك بووە لەوانە لەساڵی ١٩٤٧دا درابوو بەکۆبوونەوەی شورای وەزیرانی دەرەوەی وڵاتان و لەهەمان دوکیومێنتدا وتراوە هەمان ئەو کەسانە لەساڵی ١٩٤٨دا یاداشتێکی تریان داوە بە(امم متحدە-یونایتید نەیشن) و دوبارە هەر ئەو تاقمە لە ١٣ی سیپتەمبەری ساڵی ١٩٥٠دا نامەیەکی تریان ناردووە بۆ (یونایتید نەیشن) لەوەدا بێزاری خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر دەستدرێژیکردنی حکومەتی ئێران بۆ سەر (جوانڕۆ)ییەکان.

لەڕۆژنامەی (تایمس)ی ڕۆژی ١٩٥٠/١/٧دا گفتوگۆیەکی تیادا بڵاوکراوەتەوە کە لەگەڵ کامەران بەدرخاندا کرابوو، لەوەدا وتراوە: شەریف پاشای خەندان کە لەساڵی ١٩٤٨دا سەرۆکی وەفدی کوردی بووە، چۆتە لای نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ باسی کێشەی کورد کە ئەم باسە لەلایەن کامەران بەدرخانەوە بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناوی: (Bulletin Mensuel du Centre Be Etudes Kurds) کە لەپاریس چاپکراوە لەژێر زنجیرەی دەهەمدا کە دیارە بریتی بووە لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی کامەران بەدرخان و دکتۆر فوئاد حەمەخورشیدیش لەگۆڤاری (ڕەنگین)ی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٩٦دا باسی هەمان دوکیومێنت و هەمان گفتوگۆی کامەران بەدرخانی کردووە.

کریس کۆچرا لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤١ لەباسی شەریف پاشادا وتویەتی ئینگلیزەکان شەریف پاشایان خۆشنەدەویست، کریس کۆچرا نەیوتوە هۆی ئەمە چیبووە بەڵام دکتۆر فوئاد حەمەخورشید وتویەتی: ((سەیر ئەوەیە هەردوو دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکەی ئەو ڕۆژانە (کە مەبەستی بەریتانیا و فەرەنسا) بووە بیروبۆچوونیان بەرامبەر شەریف پاشای نوێنەری کورد بەمجۆرە بووە: ئینگلیزەکان شەریف پاشایان بەپیاوێکی (فرانکوفیلی-واتە سەر بەفەرەنسا) لەقەڵەم ئەدا (واتە سەر بەفەرەنسیەکان بووە)، کەچی فەرەنسیەکانیش

بەپێچەوانەی ئەمە شەریف پاشایان بەلایەنگری سیاسەتی بەریتانیا دەژمارد و وایان دانابوو کە شەریف پاشا پشتگیری بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا دەکات لەناوچەکەدا، بۆیە هەردوو دەوڵەتەکە هەڵوێستێکی ئاشکرا و ڕاستەقینەیان بەرامبەر بەکورد نەبوو، کە لەگێڕاوی ئەم ڕووداوانەدا شەریف پاشا ڕۆژی ١٩٢٠/٤/٢٧ دەستی لەنوێنەرایەتی کورد هەڵگرت، واتە بەر لەمۆرکردنی پەیمانی سیڤەر بەمانگ‌ونیوێك)).

لاموایە دەستهەڵگرتنی شەریف پاشا لەنوێنەرایەتی کورد تەنها لەبەر ئەو دوو هەڵوێستە جیاوازەی ئینگلیز و فەرەنسا نەبووە، بەڵکو هەروەکو لەدواییدا ڕووندەبێتەوە کێشەی نێوان تاقمەکەی شێخ عەبدولقادر و بەرخانیەکان و ئەو ناڕەزاییەی بەرامبەر شەریف پاشا دەربڕابوو لەپەیوەندیکردن بەئەرمەنیەکانەوە بەسەرۆکایەتی (بوغوص نوبار پاشا) هۆی سەرەکی بووە بۆ دەستهەڵگرتنی شەریف پاشا، دوایئەوەی بۆی دەرکەوتبوو هەردوولایان لەگەڵ بۆچوونەکەیدا نەبوون.

دەربارەی ئەو بۆچوونەی دکتۆر فوئاد حەمەخورشید وتویەتی ئینگلیزەکان شەریف پاشایان بە(فرانکوفیلی) دەزانی، بێگومان شەریف پاشا کە ماوەیەك لەپاریسدا مابووەوە کە لەساڵی ١٩٠٩دا لەستۆکهۆڵمەوە بۆی چووبوو، لەوێ هەرچۆنێك بوو‌بێت ئاشنایەتی لەگەڵ فەرەنسیەکاندا پەیداکردووە و لەدوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی بەئاشکرا کێشەیەکی قورس هەبووە لەنێوان فەرەنسیەکان و ئینگلیزەکاندا لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی بەشەمیراتی عوسمانی بەپێی پەیمانی (سایکس پیکۆ)، بۆیە ئینگلیزەکان لەوە ترسابوون بەهۆی شەریف پاشاوە پەیوەندی کورد و فەرەنسا پەرەبسێنێت و فەرەنسیەکان هەوڵبدەن دەسەڵاتیان بەهێزبکەن لەکوردستاندا و بەڵگەشم بۆ ئەمە ئەوەیە ئینگلیزەکان بڵاویاندەکردەوە شەریف پاشا بەنوێنەری کورد ناژمێردرێت چونکە ماوەیەکی زۆرە لەکوردستان دوورکەوتۆتەوە و پەیوەندی بەکوردەکانەوە نیيە و لەو ڕووەوە (ویلسن)ی حاکمی گشتی بەریتانیا لەکێبەکەیدا (Mesopotamia ١٩١٧- ١٩٢٠ چاپی لەندەن/ ١٩٣٠ وتویەتی شەریف پاشا ماوەیەکی زۆرە لەکوردستان دوورکەوتۆتەوە بۆیە بەنوێنەری کورد نازانرێت.

دەربارەی ئەم بۆچوونەی (ویلسن) بەرامبەر بەشەریف پاشا گەلێك بەڵگە هەیە کە بۆچوونەکەی بێبناغە بووە:

١–ویلسن لەگەڵ ئەوەشدا وتویەتی شەریف پاشا بەنوێنەری کورد نازانرێت، هەرخۆی لەهەمان کتێبیدا وتویەتی: (پێشنیازەکانی شەریف پاشا لەلایەن کوردەکانەوە پەسەند دەکرا، ئەگەر شەریف پاشا پەیوەندی بەکوردەوە نەبووبێت چۆن پێشنیازەکانی پەسەند دەکرا.

٢–لەدوکیومێنتی ژمارە (Fo.٣٧١-٥٠٦٦)ی ساڵی ١٩٢٠ لەلاپەڕە (١٦٧)دا باسی پەیوەندی شەریف پاشای کردووە بەپارتی لاوانی کورد لەئەورووپا و لەئەستەمبوڵ کە نوێنەرەکەیان لەسویسرا بووە و لەو دوکیومێنتەدا وتراوە شەریف پاشا لەگەڵ ئەو نوێنەرەدا کۆبۆتەوە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی کورد.

٣–لەبەرگی دوهەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا سەرچاوە/٨٠ لەلاپەڕە (١٠)دا باسێکی دوورودرێژم دەربارەی شەریف پاشا بڵاوکردۆتەوە و باسی پەیوەندی شەریف پاشا و کوردەکانی باشوری تیادا کراوە کە چۆن شێخ مەحمود مەزبەتەی بەڕۆشنبیران و دەسەڵاتدارانی ئەو ڕۆژە کردۆتەوە و بەپێی ئەو مەزبەتەیە شەریف پاشای خەندان کرابوو بەنوێنەر و وەکیلی کورد و مافی ئەوەی پێدرابوو بتوانێت بەناوی کوردەوە لەکۆنگرەی ئاشتی و پەیمانی سیڤەردا داوای مافی کورد بکات کە ژمارەیەکی زۆر لەسەرکردەکانی کوردی ئێرانیش ئەو مەزبەتەیان مۆرکردبوو، شێخ مەحمود مەزبەتەکەی بەدوو نوێنەری خۆیدا ناردبوو بۆ شەریف پاشا و هەروەکو مامۆستا ڕەفیق حیلمی باسیکردووە سازکردنی مەزبەتەکە لەماڵی شێخ مەحموددا ئامادەکرابوو، جگە لەوانەی مۆریانکردبوو، لەکۆبونەوەکەدا (مێجەر نویل)ی نوێنەری حکومەتی بەریتانیا لەشاری سلێمانی و ئینگلیزێکی تر (ڕەفیق حیلمی لەیاداشتەکەیدا وتویەتی ناوەکەیم لەبیرنەماوە).

هەموو ئامادەبوون و ساتێك ئەو نوێنەرانە مەزبەتەکەی شێخ مەحمودیان برد بۆ شەریف پاشا، بەڕاسپاردەی ئینگلیزەکان کاربەدەستانی فەرەنسا لەحەڵەب هەردوو نوێنەرەکەیان گرت کە بریتی بوون لەڕەشید کابان و سەید ئەحمەدی بەرزنجی (لەمەوە سەید ئەحمەد بەمەرەخەس ناسراوە) و دران بەکاربەدەستانی ئینگلیز لەبەغدا بەخۆیان و مەزبەتەکانەوە و کاربەدەستانی ئینگلیز بەوەش نەوەستان بەڵکو کۆپیەکی ئەو مەزبەتەیەیان ناردبوو بۆ حکومەتی ئێران بۆئەوەی سزای ئەو کوردانەی ئێرانیش بدرێت کە مەزبەتەکەیان مۆرکردبوو، چونکە داوایانکردبوو کوردستانی ئێران بلکێنرێت بەباشوری کوردستانەوە و حکومەتی ئێران سزای ژمارەیەکی زۆری ئەو کوردانەیدا وەکو لەسەرچاوە/٨٠دا باسکراوە.

٤-دەربارەی چالاکی شەریف پاشا، (مس بیل) لەکتێبەکەیدا وەرگێڕانی جعفر الخیاط، چاپی بەیروت، ساڵی ١٩٧١ وتویەتی: ((شەریف پاشا لەشاری مارسیلیا لەفەرەنسا لەساڵی ١٩١٨دا (ویلسن)ی حاکمی گشتی بەریتانیا لەعێراق دیبوو (هەمان ویلسن کە فەرموویەتی شەریف پاشا پەیوەندی بەکوردەوە نەبووە)، هەوڵێکی زۆری لەگەڵ دابوو ڕازیبکات کارێکی وا بکرێت ئۆتۆنۆمی بدرێت بەکورد و شەریف پاشا خزمەتێکی گەورەی ئێمەی کرد (مەبەست بەریتانیایە) بەوەی هەوڵێکی زۆری دابوو کوردەکانی باشووری کوردستان لەتورکەکان بپچڕێنرێت و بەلای ئێمەدا دایانشکێنێت، بەڵام ئەوسا ئێمە پەیوەندیمان بەکوردەوە نەبوو، بۆیە نەمانتوانی داخوازیەکانی شەریف پاشا پەسەندبکەین)).

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٩ لەباسی شەریف پاشا وتویەتی: لەگەڵ ئەوەی شەریف پاشا لەکۆنگرەی (ڤارسای)دا نوێنەری حکومەتی تورك بوو (مەبەست لەخەلافەتی پاشماوەی عوسمانی‌یە لەئەستەمبوڵ) بەڵام وازی لەوەهێنا و دەستیکرد بەپەیوەندی و وتووێژکردن لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێراندا بەهیوای ئەوەی ببێت بەلایەنگری دروستبوونی حکومەتێکی سەربەخۆی کورد. یەکێك لەچالاکیە گرنگەکانی شەریف پاشا ئەو دوو یاداشتە بووە کە بەئینگلیزی و بەفەرەنسی دابووی یەکەم لە ٢٢ی ئازاری ساڵی ١٩١٩دا بەکۆنگرەی ئاشتی و دوهەمیان لە ١٠ی مارتی ساڵی ١٩٢٠دا بەئەنجومەنی باڵای کۆنگرە کە مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەیاداشتەکانیدا باسی یاداشتەکەی کە بەفەرەنسی نوسرابوو کردووە لەژێر ناوی (Memorendon sur Les Revendiction due People Kurd) و دکتۆر فوئاد حەمەخورشید لەسەرچاوە/١٩دا باسی هەردوو یاداشتەکەی کردووە و ئەو یاداشتە فەرەنسیەی کە دکتۆر فوئاد باسیکردووە لەفەرەنسیەوە کراوە بەعەرەبی و لەگۆڤاری (کاروان)ی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٣دا بڵاوکراوەتەوە و هەمان یاداشتە فەرەنسیەکە لەگۆڤاری (ڕابوون)ی ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩١ کە لەستۆکهۆڵم دەرچووە کراوە بەکوردی.

دکتۆر فوئاد حەمەخورشید لەهەمان باسیدا باسی ئەوەی کردووە لەکاتی بەستنی کۆنگرەی ئاشتیدا لەپاریس (١٩١٩-١٩٢٠)، جەمعیەتەکانی کوردی ئەو ڕۆژانە وەکو (جمعیتی تشکیلاتی اجتماعیە) و (جمعیتی استقلالی کوردستان) لەکۆبونەوەیەکیاندا شەریف پاشایان هەڵبژارد بەنوێنەری کورد لەکۆنگرەی ئاشتیدا.

دەربارەی ئەو ڕێکەوتنەی لەنێوان شەریف پاشا و بوغوص نوبار پاشادا مۆرکرابوو، دکتۆر فوئاد لەباسەکەیدا وتویەتی: ((شەریف پاشا بۆ ڕەزامەندی گشتی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە(١٩١٩/١٢/٢٠)دا و لەپێناوی کردنەوەی لاپەڕەیەکی مێژوویی تازە لەگەڵ ئەرمەنیەکاندا (کە کورد بەوە تاوانبارکرابوو بەشداربووبوو لەو کوشتارانەی عوسمانیەکان لەئەرمەنیەکانیان کردبوو) لەگەڵ بوغوص نوبار پاشای ئەرمەنیدا لەکۆنگرەی ئاشتیدا ڕێکەوتننامەیەکیان مۆرکرد و ئەوە بوو بەهۆی پەیدابوونی کێشەیەکی گەورە، کە ئەو کێشەیە لەوەوە پەیدابووبوو، ئەو ڕێکەوتنە بوو بەهۆی ئەوەی لەپەیمانی سیڤەردا گەلێك لەناوچە کوردنشینەکان خرابوونە ناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەی بۆ ئەرمەنیەکان دەستنیشانکرابوو)).

بەپێی باسەکەی دکتۆر فوئاد حەمەخورشید تورکەکان ئەو ڕێکەوتنەیان قۆستەوە و بەهەلیان زانی و بۆ تێکدانی کورد لەناو خۆیدا لەلایەك و بۆ سەرنەگرتنی پەیمانی سیڤەر لەلایەکەوە، لەدوو ڕۆژنامەدا دەستیانکرد بەپڕوپاگەندە یەکەمیان لەڕۆژنامەی (پەیامی صباح) بوو لەڕۆژی ١٩٢٠/٣/٢٤دا کە لەئەستەمبوڵ دەردەچوو، دوهەم ڕۆژنامەی (LeTemps کات) لەڕۆژی ١٩٢٠/٣/١٠دا کە لەپاریس دەردەچوو.

بەرامبەر بەو پڕوپاگەندانەی تورك، هەروەکو دکتۆر فوئاد باسیکردووە، شەریف پاشا لە ١٩١٩/٣/٢٢دا یەعنی بەر لەساڵێك لەبلاوکردنەوەی ئەوەی (پەیامی صباح) و ئەوەی (کات)، یاداشتێکی ناردبوو بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەو شوێنە کوردنشینانەی خرابوونە ناو چوارچێوەی ئەو حکومەتەی نیازبوو بۆ ئەرمینیا پێکبێت و پاشئەوەی تەقەلاکانی بۆ ئەو مەبەستە سەرینەگرتبوو لەڕۆژی ١٩٢٠/٤/٢٧دا بەنامەیەك وازهێنانی خۆی ڕاگەیاندبوو لەنوێنەرایەتی کورد و بەوازهێنانی شەریف پاشا لەنوێنەرایەتی کورد لەکۆنگرەی پاریس شانۆی نێودەوڵەتی لەنوێنەری کورد بێبەش بوو.

لەڕاستیدا دەربارەی هەڵوێستی شەریف پاشای خەندان لەچۆنیەتی مۆرکردنی ئەو پەیمانەی لەگەڵ بوغوص نوبار پاشادا کە بوو بەهۆی تێکچوونی کورد لەناو خۆیدا لەلایەکەوە و پڕوپاگەندەی تورك بۆ بەکارهێنانی ئەو ڕێکەوتنە بۆ سوودی خۆی، دکتۆر فوئاد حەمەخورشید لەژمارە (٨٩)ی گۆڤاری (ڕەنگین)ی ساڵی ١٩٩١دا بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی شەریف پاشا وتویەتی: ((ئەو یاداشتەی لە

۱۹۱۹/۳/۲۲دا بەزمانی ئینگلیزی دابووی بەکۆنگرەی ئاشتی، لەوەدا وتبووی هەموو شتێك لایەن بەکوردە کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆی هەبێت و بەتوندیش نارەزاییمان سەبارەت بەداواکانی ئەرمەنی لەکوردستاندا دەردەبڕین و بەپێی ئەو نەخشەیەی لەگەڵ ئەم یاداشتەدایە دەبێ ناوچەکان هەروەکو خۆیان بمێننەوە لەکاتی دیاریکردنی سنووری وڵاتی کورددا)).

وادیارە لازاریف وەکو ئەرمەنیەك لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە لەباسەکانیدا لایەنگری مافی کورد بووە بەڵام لەشێوەی ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی شەریف پاشا بێزاربووە، هەروەکو دکتۆر ئاریان نەوزاد بەکر لەلاپەڕە (٥١)ی گۆڤاری سەنتەردا کە بەر لەمە باسمانکردووە لەوەدا ئاماژەی بۆ باسێکی لازاریف کردووە کە وتویەتی: ((دژایەتیکردنی ئەرمەنی لەو یاداشتەدا نیشانەی کرچوکاڵی بۆچوونی سیاسەتی شەریف پاشای پێوە دیارە کە کابرایەکی کەم ئەزموون بووە چونکە زۆربەی بەشداربووانی کۆنگرە هەوڵیانئەدا لەگەمەی دبلۆماسیدا دەربارەی تورکیا کەڵك لەکارتی ئەرمەن وەربگرن نەك هی کورد)).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕێکەوتنەی نێوان شەریف پاشا و بوغوص نوبار پاشای ئەرمەنی کە ئەو هەموو هەرا و کێشەیەی لێپەیدابوو، لەلاپەڕە (۲۳۷-۲۳۸)ی سەرچاوە/۷۰دا کتێبی کورد و عەجەم باسی ناوەڕۆکی ئەو پەیمانەی کردووە کە باسی هیچ جۆرە ڕێکەوتنێکی وای تیادا باسنەکراوە کە دانی بەوەدا نابێت بەشێکی زۆری ناوچە کوردنشینەکان بخرێنە ناو چوارچێوەی دەوڵەتە ئەرمەنیەکەی بەتەمای پێکهاتنی بوون و بەپێی سەرچاوە/۷۰ ئەو ڕێکەوتنەی لە۲۰ی تشرینی دوهەمی ساڵی ۱۹۱۹دا مۆرکرابوو بریتی بووە لە: ((ئێمە کە لەخوارەوە مۆرمانکردووە و نوێنەرانی گەلی کورد و ئەرمەنین، شەرەفی ئەوەمان پێبڕاوە کە کۆنفرانسی ئاشتی ئاگادار بکەین کە داوای ئەوەی لێدەکەین بڕیاری دامەزراندنی حکومەتی ئەرمینیای یەکگرتووی سەربەخۆ و کوردستانی سەربەخۆ بدات بەیارمەتی دەوڵەتە گەورەکان)).

لێرەدا تەنها هەرئەوە باسکراوە بەڵام ئاخۆ جگە لەم ڕێکەوتنە، ڕێکەوتنی تریش مۆرکرابوو لەنێوان شەریف پاشا و بوغوص نوبار پاشادا کە شایانی پەیدابوونی ئەو کێشەیە بووبێت، بەداخەوە سەرچاوەکان باسی ئەوەیان نەکردووە.

هەروەها دکتۆر فوئاد دەربارەی یاداشتی دوهەمی شەریف پاشا کە ئازاری ۱۹۲۰دا ناردبووی لەوەدا بەزمانی فەرەنسی وتویەتی: ((ئەم نیشتمانە نابێ بۆئەوەی لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی جیابکرێتەوە بۆئەوەی بخرێتە ژێر دەسەلاتی غەیری کوردەوە (کە مەبەستی ئەرمەنی بووە)، بۆیە داوا لەکۆنگرە دەکەین لیژنەیەکی نێودەوڵەتی پێکبێت بۆ دیاریکردنی سنوور و بەپێی پەیوەندیە نەتەوەییەکان دەستنیشان بکرێت بەمەرجێك هەموو ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانی کوردن بگەڕێتەوە بۆ کوردستان)).

دکتۆر فوئاد دەڵێت: ((ئەوەی شایانی باسە جەنراڵ شەریف پاشا ئەو دوو یاداشتەی لەدوای مۆرکردنی ڕێکەوتنەکەی خۆی و بوغوص نوبار پاشا پێشکەش کردبوو کە ئەمە نیشانەی پەسەند نەکردنی ئەو مەرجانەیە کە لەڕێکەوتننامەکەدا هاتووە بۆیە سەرنجی دەوڵەتانی ڕاکێشابوو)). لەم ڕوونکردنەوەیەی دکتۆر فوئاددا چەند سەرنجێك دێتە پێشەوە:

یەکەم: بەداخەوە هیچ سەرچاوەیەك ناوەڕۆکی ئەو ڕێکەوتننامەیەی نێوان شەریف پاشا و بوغوص نوبار پاشای باسنەکردووە تا بزانرێت لەسەر چی ڕێککەوتبوون، ئایا شەریف پاشا لەوەدا دانی بەوەدا ناوە ئەو ناوچە کوردنشینانەی لەپەیمانی سیڤەردا لەجیاتی ئەوەی بخرێنە ناو چوارچێوەی کوردستانەوە بڕیاری لەسەر درابوو بخرێتە ناو چوارچێوەی سنووری ئەرمەنیەوە یا تەنها لەسەرئەوە ڕێککەوتبوون کە کورد و ئەرمەنی هەردوولایان پێکەوە هاوکاری بکەن بۆ مسۆگەرکردنی مافی نەتەوەکەیان.

دوهەم: شەریف پاشا هەرچەند نوێنەری کورد بووە بەلام ڕێگەی ئەوەی نەبووە لەچۆنیەتی داڕشتنی سنووری ئەو دوو حکومەتەی بۆ کورد و ئەرمەنی دەستنیشانکرابوو بکەوێتە باس و گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەندامانی سیڤەردا و ئەوەی دەمڕاستی هەموولایەك بووە حکومەتی بەریتانیا بووە کە بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆی نەخشەی تایبەتی کێشابوو، کە دەریشکەوتووە لایەنگرێتی بەریتانیا بۆ کورد شتێکی تەکتیکی بووە لەبەر ئەو هۆیانەی بەر لەمە لێی‌دواین کە بووبوو بەسەرگەرمی بەریتانیا لەمۆرکردنی پەیمانی سیڤەردا و دەریشدەکەوێ چۆن لەپەیمانی لۆزاندا خۆی لەو لایەنگرێتیەی کورد کێشابووەوە. بەو جۆرە ناتوانرێ بووترێت شەریف پاشا

بەرپرسیار بووە لەچۆنیەتی دەستنیشانکردنی هەندێ لەو ناوچە کوردیانەی خرابوونە ناو چوارچێوەی سنووری ئەرمەنیەکانەوە.

بێجگە لەچالاکیەکانی شەریف پاشا، کریس کۆچرا باسی (نەجمەدین حسێن)ی کردووە، دکتۆر عەبدولسەتار تاهیر شەریف لەسەرچاوە/٤٠دا وتویەتی سەرۆکی (کۆمەڵی تشکیلاتی اجتماعیە) بووە، کە لەئەستەمبوڵ لەگەڵ مەندوبی سامی بەریتانیا لەئەستەمبوڵ دەربارەی مافی کورد گفتوگۆی لەگەڵدا کردووە و کریس کۆچرا ئاماژەی بۆ یاداشتێکی ئەمین عالی بەدرخان کردووە و داوای لەفەرەنسیەکان کردبوو بەشێوەیەکی دۆستانە بێن بەلایەنگری کورد و میللەتی کورد بخەنە ژێر سایە و پارێزگاری خۆیانەوە، (سەرچاوەی کۆچرا بۆ ئەمە وەکو خۆی باسیکردووە بریتی‌یە لەدوکیومێنتی ژمارە (٣١١-٣١٣) ڕۆژی ١٩٢٠/٦/١٦ لەئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا).

کریس کۆچراش هەروەکو (مالمیسانژ) باسی نامەیەکی کامیل بەدرخانی کردووە کە لەشاری (تەفلیس)ەوە لەمانگی کانونی دوهەمی ساڵی ١٩١٨دا ناردبووی بۆ حکومەتی بەریتانیا بۆئەوەی کارێکی وا بکرێت لەهەموو کوردستاندا لەئێرانەوە هەتا دیاربەکر شۆڕشێکی کوردی بەرپابکرێت و ئامادەیی خۆی پیشاندابوو بۆ بەشداریکردن لەو کارەدا و (مالمیسانژ) لەلاپەڕە (١٥١)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/١١١ وێنەی گۆڕەکەی کامیل بەدرخانی بلاوکردۆتەوە لە(تەفلیس) کە لەوێ کۆچی دوایی کردووە.

باسی دووهەمی بەشی چوارەم

ماددەكانی پەیمانی سیڤەر

ماددەكانی پەیمانی سیڤەر ئەوەی پەیوەندی بەكوردەوە هەبووە بریتی بووە لەماددەكانی (٦٢،٦٣،٦٤). ئەوەی شایانی باسە ڕەشنووسی هەموو ماددەكانی پەیمانی سیڤەر بەرلەوەی لەلایەن ئەندامانەوە مۆربكرێت لە (١٠/٨/١٩٢٠)دا كە لەدوكیومێنتی ژمارە (Fo.٣٧١-٥٠٦٨) ڕۆژی ١٣/٤/١٩٢٠دا دەقەكەی باسكراوە وەكو پێشنیازێكی تایبەتی حكومەتی بەریتانیا بۆ لێكۆڵینەوە و پەسەندكردنی و هەرئەوەی لەو ڕەشنووسەدا تۆماركراوە بووبوو بەبڕیاری كۆنگرەكە كە ئەمە نیشانەی ئەوە بووە ئینگلیزەكان چۆنیان ویستبێت بەو شێوەیە ماددەكانی سیڤەر دارێژراوە و پەسەندكراوە. گەلێك سەرچاوە باسی ماددەكانی پەیمانی سیڤەریان كردووە و مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەلاپەڕەكانی (١٩-٢٢)ی یاداشتەكانیدا سەرچاوە/٦٥ ماددەكانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی بەم شێوەیەی خوارەوە كردووە بەكوردی هەروەكو خۆی بلاویدەكەینەوە:

بەندی (٦٢)

(لەهەندێ سەرچاوەدا بەبەند و لەهەندێكی تردا بەمادە باسكراوە)، كۆمیسیۆنێك (لیژنەیەك) لەئەستەمبوڵ پێكدێت لەسێ ئەندام كە بریتین لەنوێنەرانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا بۆئەوەی لەدوای بەجێهێنانی ئەم پەیمانە بەشەش مانگ پڕۆژەی موختاریەتیەكی ناوچەیی (Local) ئامادەبكات بۆ ئەو ناوچانەی دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی (فورات) و باشووری خۆرئاوای سنوورێك كە لەدواییدا دەكێشرێت بۆ ئەرمەنستان و باكووری، سنوورێك لەتوركیا و سوریا و میسۆپۆتامیا جیادەكاتەوە كە نەژادی كوردی تیادا زۆرینەبن.

بەپێی ڕێنماییەك كە لەبەندەكانی (٢،٣-١١-٢١)دا باسكراوە، ئەگەر لەسەر باسێك پێكهاتن سەرینەگرت ئەندامەكانی كۆمیسیۆن ئەبێ هەریەكەیان دەنگ لەحكومەتی خۆی بگێڕێتەوە، ئەمجۆرە پێكهاتنە پێویستە ڕێبدا بەدەرخستنی ئەوەی كە كەمەكانی (اقلیات)ی (قەومی) و (مەزهەب)ی وەكو نەستوریەكان (Les Assyro-Gbaldeeses–مەبەست كلدانی و ئاشووریە)، وە ئەوانیتر كە لەم هەرێمەدا دەژین بەتەواوی دڵنیابن كە لەژێر باڵی ئەمینی و پارێزگاریدا ئەبن، بۆ ئەم مەبەستە كۆمیسیۆنێك لەئەندامانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئێران و كورد

ئەگەڕێت بۆ پشکنین و بڕیاردانی ڕاستکردنەوەکە ئەگەر پێویست بوو بکرێت لەو سنوورانەدا کە بەپێی ئەم پەیمانە بۆ تورکیا دانراوە و ئەنووسێت بەسنووری ئێرانەوە.

بەندی/ ٦٣

حکومەتی عوسمانی گفتئەدا کە لەمێژووی ڕاسپێری و پێوتن بەخۆی تا سێ مانگ بەڵێنی بەجێهێنانی ئەو بڕیارانە بدات کە لەلایەن ئەو کۆمیسیۆنەوە ڕائەسپێردرێت کە لەبەندی/ ٦٢ی سەرەوەدا باسکراوە.

بەندی/ ٦٤

ئەگەر لەماوەی ساڵێك دوای مێژووی دەستپێکران بەبەجێهێنانی ئەم پەیمانە لەو هەرێمانەدا کە لەبەندی/ ٦٢دا ناوبراوە، قەومی کورد موراجەعەت بەکۆمەڵی ئەقوام (عصبة الامم) بکەن و تێیانبگەیەنن کە بەشی زۆری کوردە دانیشتوانەکانی ئەم هەرێمە ئەیانەوێ لەتورکیا جیابنەوە و سەربەخۆ (مستقل) بن و لەحاڵێکدا کە کۆمەڵی ئەقوام لەو باوەڕەدا بێ کە کوردەکان هەڵدەگرن سەربەخۆییان بدرێتێ و ڕاسپێری ئەمە بکات، تورکیا هەر لەئێستەوە بەڵێنئەدا بەم ڕاسپێریە و بەدانی ئیستقلال بەقەومی کورد و بەدەستهەڵگرتن لەهەموو (حقوق) و (تقالید-عنعنات)ێکی کە بەسەر ئەم هەرێمانەوە هەیەتی.

ئەم هاتنەخوارەوەی حکومەتی عوسمانی لەحقوق و تەقالیدی خۆی بەدوورودرێژی لە(مذکرات-گفتوگۆ)یەکی تایبەتیدا و لەبەینی هێزی سوێندخوارەکان و تورکیادا باسئەکرێت، دوای ئەم هاتنەخوارەوەیەش (تنازل) کە باسکرا، هیچ جۆرە بەرهەڵستیەك ناخرێتە پێشەوە بەرامبەر بەمەیلی کوردەکانی ویلایەتی موسڵ لەلایەن خستنی بەشی کوردستانی موسڵ بۆ سەر کوردستانی تورکیا و ئەو حکومەتە کوردەی کە لێی دروست ئەکرێت.

باسی سێهەمی بەشی چوارەم

هۆی مۆرکردنی پە یمانی سیڤەر

بەرلەوەی بچینە سەر ئەم باسە، بەپێویستم زانی چەند پرسیارێك بخەمە بەرچاو:

یەکەم: هەروەکو ڕوونبۆتەوە لەسەرەتادا ئینگلیزەکان زۆر سەرگەرمی مۆرکردنی ئەم پەیمانە بوون، ئایا هۆی ئەم سەرگەرمیەیان لەسەرەتادا چیبووە و هەتا چ ڕادەیەك ویستبوویان ئەو پەیمانە سەربگرێت؟

دوهەم: ئەگەر ئینگلیزەکان لەسەرەتادا وا سەرگەرم بوون بۆ دەستنیشانکردنی ئەو مادانەی بۆ کورد تەرخانکرابوو، ئایا لەدواییدا هۆی ساردبوونەوەیان چیبووە؟

سێهەم: لەو ڕۆژانەدا هێشتا کەمالیەکان دەسەلاتێکی ئەوتۆیان نەبووە و حسابی ئەوەیان بۆ نەکرابوو لەگفتوگۆکانی سیڤەردا بەشداری بکەن بەڵکو پاشماوەی خەلافەتی عوسمانی لەئەستەمبوڵ بەنوێنەری تورکیا زانرا و ئەوان بەناوی تورکیاوە ئەو پەیمانەیان مۆرکردبوو، کەمالیەکان لەناو کۆبوونەوەکانی سیڤەردا ڕێگەی ئەوەیان نەبووە کۆسپ بخەنە بەر ئەو ماددانەی پەیوەندی بەکوردەوە هەبووە، ئایا کورد لەو ماوەدا کە پەیمانەکە دەستنیشانی کردبوو بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ناوچەیی (Local) بۆچی کەمتەرخەمی کردبوو، کە ئەو کەمتەرخەمیەی بوو بەهۆی سەرنەگرتنی هەنگاوەکانی ئەو پەیمانە لەو قۆناغانەی بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتووی کورد دەستنیشانکرابوو؟

چوارەم: بێجگە لەکەمتەرخەمی کورد خۆی، ئایا ئەو هۆیانەی تر چیبووە کە بووبوو بەسەرنەگرتنی ئەو پەیمانە و لەئەنجامدا ڕێگە بۆ پەیمانی لۆزان خۆشکرا کە جێگەی پەیمانی سیڤەر بگرێتەوە، کە لەمەیاندا باسی کورد و مافی کورد پشتگوێخرا؟

لەبەرئەوەی وەڵامەکانی هەرچوار پرسیارەکە بەیەکەوە گرێدراون، بۆیە پوختەی هەرچواریان لەم باسەدا و لەباسی چوارەمی بەشی چواری سیڤەردا کە لەدوای ئەمە بەدووورودرێژی باسیدەکەین بەباشی ڕووندەبێتەوە، مامۆستا جەلال تاڵەبانی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٢٢ دەربارەی هۆی سەرگەرمی بەریتانیا

لـەمۆرکردنی پەیمانەکـە لەسـەرەتادا وتویـەتی: ((حکومـەتی بـەریتانیا لـەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی، نە بەشێوەیەکی نەزەری و نـە بەشێوەیەکی ڕەسمی دژی ئەوە نەبووە حکومەتێکی کوردی لەکوردستانی مەرکەزیدا (کە مەبەست باکووری کوردسـتانە) پێکبێـت، هەرچـەندە بەدڵیشـی نـەبووە ئـەو حکومەتـە سـەربگرێت چونکە ئەگەر مەبەستی سەرگرتنی بوایە دەیتوانی کارێکی وابکات دەمودەست مەبەستەکانی ئەو پەیمانە بەجێبهێنرێت، بەتایبەتی کورد خۆشی ئامادەی ئەوە بووە ئەو مەبەستە سەربگرێت ئەگەرچی ئـەو حکومەتە کوردیە لەژێر چاودێری حکومەتی بەریتانیاشدا بوایە.

مامۆستا جەلال تاڵەبانی لەباسەکەیدا لەسەری ڕۆیوە و وتویـەتی: دەتوانرێ هۆی ئەو دژنەبوونەی بەریتانیا لەمۆرکردنی پەیمانەکە لەسەرەتادا لەچوارچێوەی ئەم ڕاستیانەدا بخرێتە بەرچاو:

١-ئـەو بەشـەی کوردسـتان کـە بـەپێی پـەیمانی سایکس پیکۆ بۆ ڕووسیای قەیسـەری دانرابـوو، دەربـارەی ئـەو بەشە لـەکاتی پـەیمانی سیڤەردا هـیچ جـۆرە ڕێککەوتنێك لەلایـەن دەوڵەتـە هاوپەیمانەکانـەوە پێکنەهاتبوو بەتایبەتی لەنێوان بەریتانیا و فەرەنسادا، لەبەرئەوە ئینگلیزەکـان لـەدوای شـەڕ و لـەکاتی مـۆرکردنی (پـەیمانی ڤێرسـای)دا دەیـانزانی ئـەو بەشـەیان بەئاسـانی بـۆ قووتناچـێت و پێشبڕکێی فەرەنسا و ئیتاڵیـەکان لەگـەڵ بـەریتانیادا شـتێك نـەبووە کـە بەریتانیا بتوانێـت بەئاسـانی کـارێکی وابکـات ئـەو بەشـە یەکسـەر بـۆ خـۆی ببـات، بۆیـە بەریتانیا ویستی بەهۆی لایەنگرێتی کورد بۆ خۆی کارێکی وابکرێت دەسەڵاتی بەسـەر کوردسـتاندا هـەبێت بەتایبـەتی ئینگلیزەکـان مەترسـی هەڕەشـەکردنی تورکیان خستبووە بەرچاوی کوردەکان لەو ڕووەوە.

٢-باسـی مـافی کـورد و ئەرمـەنی لەسـەردەمی بەسـتنی کـۆنگرەی ئاشـتیدا لـەپاریس دوای ئـەو هـەموو پڕوپاگەندانـەی دەوڵەتـە هاوپەیمانـەکان گوێچـکەی دنیایان پڕکردبوو دەربارەی مافی چارەنوسی گەلان بەتایبەتی مـافی ڕزگـاربوونی ئـەو نەتەوانـەی لـەژێر جـەور و سـتەمی تورکـدا بـوون و بڵاوبوونـەوەی چـواردە ماددەکەی ولسنی سەرۆك کۆماری ئـەمریکا کـە بەتـەواوەتی مـافی ڕەوای میللـەتی کوردیشـی دەگرتـەوە لەگـەڵ چـالاکی وەفـدی کـورد بـۆ پەیوەنـدیکردن لەگـەڵ ئەرمەنیەکاندا و هاوکاریکردنیان بۆ پێشکەشکردنی پڕۆژەیەکی یـەکگرتوو لەگـەڵ بەرهەڵسـتیەکی زۆری تورکـەکان، لـەم ڕووەوە ئەمانـە بەهـەموویان دەوڵەتـە

ئیمپریالیزمەکانیان ناچارکرد لەپەیمانی سیڤەردا ئەو ماددانە دەستنیشان بکرێت کە پەیوەندی بەمافی گەلی کوردەوە هەبووە.

٣-سیاسەتی بەریتانیا لەو ڕۆژانەدا بریتیبووە لەلاوازکردنی دەسەڵاتی تورکیا بۆئەوەی ڕێگەی نەبێ وەکو دەوڵەتێکی بەهێزی ناوچەکە خۆی بنوێنێت، بۆیە لای بەریتانیا وا باشبوو ئیمپراتۆریەتە کۆنەکەی تورك هەڵوەشێنرێتەوە و بەش بەش بکرێت بەجۆرێکی ئەوتۆ لەگەڵ داخوازیەکانی میللەتاندا دەربارەی مافی چارەنوسی خۆیان یەکبگرێتەوە کە بەمە ویستبووی هەروەکو لایەکی مرۆڤخواز و خەمخۆری میللەتان خۆی پیشانبدات.

٤-حکومەتی بەریتانیا بەدانانی ئەو ماددانەی سیڤەر کە پەیوەندیان بەکوردەوە هەبووە دەیویست تورکیا و ئێران و کۆنەپەرستەکانی عەرەب بترسێنێت و وایان لێبکات مل بۆ خۆی کەچبکەن و ئینگلیز لای وابوو ئیتر بەمە ڕێگە لەپیلانی دەوڵەتە ئیستعماریەکانی تر دەگرێت ئیتر چاونەبڕنە ئەو ناوچەیە.

٥-ئینگلیزەکان ویستیان ئەو ماددانە (مەبەست ٦٢، ٦٣، ٦٤) بۆ سوودی تایبەتی خۆیان بەکاربێنن لەچەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر میسۆپۆتامیادا و بەسەر باشووری کوردستاندا و بۆ ڕێگەگرتن لەهەموو جۆرە داخوازیەکی تورك بۆ دەستگرتنەوە بەسەر ویلایەتی موسڵدا کە تورکەکان بەڵگەیەکی بەهێزی ئەوتۆیان بەدەستەوە نەبوو بیکەن بەبیانووی داواکردنەوەی ئەو ویلایەتە پڕ لەنەوتە و ئینگلیزەکان لەمەدا بیریان لەوەش کردبووەوە ئەگەر هات و ناچاریش بوون دەستبەرداری ئەو پەیمانە ببن، ئەوا دەتوانن بەرامبەر بەو دەستبەرداربوونەیان تورکەکانیش والێبکەن واز لەهەندێ داخوازی خۆیان بێنن بەرامبەر بەحکومەتی بەریتانیا و لەڕاستیدا بەریتانیای ئیمپریالیزم توانی سوود لەو پەیمانە وەربگرێت و بەکاریبێنێت بۆ سەرگرتنی نەخشەکانی خۆی.

تا ئێرە بریتی بوو لەبۆچوونی مامۆستا جەلال تاڵەبانی دەربارەی هۆی مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر لەلایەن حکومەتی بەریتانیا و وەڵامیشە بۆ هەندێ لەو پرسیارانەی لەسەرەتای ئەم باسەدا لێیدواوین، بەلام بێجگە لەوانەی ئەو باسیکردون ڕوونیکردونەتەوە هەندێ هۆی گرنگی تریش هەبووە وای لەحکومەتی بەریتانیا کردبوو لەسەرەتادا بایەخ بەو پەیمانە بدات کە دەتوانین کورتە باسێکی ئەو هۆیانە بخەینە پێشچاو.

بێگومـان پـەیمانی سـیڤەر شانبەشـانی ئـەو ماددانـەی بـۆ کـورد تیایـدا تەرخانکرابوو حسابێکی تایبەتیش بۆ ئەرمەنیەکان کرابوو کە بەپێی ئەو حسابە بڕیاری دامەزراندنی حکومەتیش درابوو بۆ ئەرمەنیەکان و لەدەستنیشانکردنی چوارچێوەی سنووری ئەم دەوڵەتەدا هەندێ لەناوچە کوردنشینەکانیشی تیادا بووە (بەداخەوە ئەو سەرچاوانەی ئێمە دەستگیرمان بووە دەربارەی سیڤەر تەنها باسی ئەو مادانەیان تیادا کراوە کە بۆ کورد تەرخانکرابوو، هیچیان باسی ئەو مادانەیان نەکردووە کە بۆ چۆنیەتی دامەزراندنی ئەو حکومەتە ئەرمەنیە بڕیاری لەسەردرابوو، تەنها لەهەندێ سەرچاوەدا وتراوە بەشێکی زۆری ناوچە کوردنشینەکان خرابوونە ناو سنووری ئەو حکومەتە ئەرمەنیەوە کە نەمانزانیوە ئەو شوێن و ناوچانە کامە بوون.

هەرچەند وەکو بەرلەمە باسکراوە هاوکاریکردنی شەریف پاشا لەگەڵ بوغوص نوبار پاشای ئەرمەنیدا تەنها بۆ هاوکاریکردنی هەردوولا بووە کە هەرلایەیان مافی خۆی دەستگیرببێت، بەڵام نەخشەکێشەکانی مادەکانی سیڤەر لەم ڕووەوە بەلای ئەرمەنیەکانـدا دایانشـکاندبوو، وە بەهەڵـە وا لێکـدرابووەوە کـە ئـەو ڕێکەوتنەی شەریف پاشا و نوێنەرە ئەرمەنیەکە کە مۆرکرابوو بووبوو بەهۆی ئەو لاسەنگیەی لەنێوانی ناوچە کوردنشینەکان و ئەرمەنیەکاندا لەپەیمانی سیڤەردا پەیدابووبوو، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو یاداشتە بووە کە شەریف پاشا دابووی بەکۆنگرەی ئاشتی کە ناڕەزایی خۆی دەربڕیبوو دەربارەی خستنی ناوچە کوردیەکان و دەستنیشانکردنی ناوچە کوردنشینەکان لەناو سنووری ئەو حکومەتەی نیاز وابوو بۆ ئەرمەنیەکان تەرخان بکرێت کە هیچ گومان لەوەدا نییە ئینگلیزەکان بۆ مەبەستێکی تایبەتی نەخشەی ئەوەیان کێشابوو وەکو لەدواییدا ئەم ڕاستیە ڕووندەبێتەوە.

کە یەکێك لەو هۆیانەی ئینگلیزەکان لەنەخشەی دامەزراندنی حکومەتەکەی ئەرمینیادا هەڵوێستی ئەمریکای خستبووە بەرچاو کە ئەویش لەدوائیەوەی نهێنیەکانی پەیمانی (سایکس پیکۆ)ی بۆ ئاشکرابووبوو ئەمریکاش کەوتبووە خۆی و هەوڵێکی زۆری دابوو ئەویش ناوچەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت کە بیکات بەشوێنی ژێر دەسەڵاتی خۆی و چەندین جار بەڵێنی بەئەرمەنیەکان دابوو ئامادە دەبێت حکومەتێکی ئەرمەنی دروست ببێت و ئەو سەرپەرشتی بکات وەکو ئەو شوێنانەی بەریتانیا سەرپەرشتی دەکرد و بڕیاری (ئینتدابی) خۆی دابوو لەو

شوێنانەدا، بۆیە ئینگلیزەکان لەو هەڵوێستەی ئەمریکا سڵەمیبوونەوە (لەباسی کوشتاری ئەرمەنیەکاندا باسی دەستبڕینی ئەرمەنیەکان دەکەین لەلایەن ئەمریکیەکانەوە کە وایان تێگەیاندبوون ئامادەن یارمەتیان بدەن وەکو چۆن ئینگلیزەکان دەستی کوردیان بڕیبوو، بۆیە ئینگلیزەکان هەوڵیاندابوو ئەمریکا دووربخەنەوە لەدەستتێوەردانی ناوچەکە و بەو مادانەی بۆ ئەرمەنیەکان تەرخانکرابوو لەسیڤەردا ویستیان کارێکی وابکەن ئەرمەنیەکان بیر لەوە نەکەنەوە بچنە پاڵ ئەو مەبەستەی ئەمریکیەکان نیازیان وابوو بەدیبهێنن.

بێجگە لەوەی ئەمریکا، حکومەتی سۆڤیەت ئەرمینیای دراوسێی خۆی خستبووە ژێر سایە و باڵی خۆیەوە کە (هنشاق)ەکان دەیانبرد بەڕێوە، بۆیە ئینگلیزەکانیش بەڵێنێکی درۆیان بە(تاشناق)ەکان دابوو کە هەڵگری بیروباوەڕی نەتەوایەتی ئەرمەنی بوون کە ئامادەن حکومەتێکیش بۆ ئەوان سازبکەن و لەمادەکانی (سیڤەر)دا ئەو زیادەڕۆییەیان کردبوو کە بوو بەهۆی کێشەیەکی گەورە لەنێوان کورد و ئەرمەنیدا لەلایەکەوە و بووش بەهۆی ئەوەی کورد خۆشی لەناو خۆیدا تێکبچێت وەکو لەڕووداوەکانی داهاتوودا ئاشکرا دەبێت. بەکورتی دەتوانین لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا هەڵوێستی بەریتانیا بخەینە پێشچاو کە بۆچی لەسەرەتادا سەرگەرمی مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر بووە بەڵام لەڕاستیدا بۆ دەستبڕینی کورد بووە کە دەتوانین بەڵگەکانی ئەم ڕاستیە بخەینە پێشچاو:

١-حاکمی گشتی بەریتانیا لەبەغدا (ولسن) لەکتێبەکەیدا (Mesopotamia, ١٩١٦-١٩٢٠) چاپی لەندەن ١٩٣١، ئاشکرا وتویەتی: سێر پرسی کۆکس لەمانگی دیسەمبەری ١٩٢٠دا (یەعنی هەمووی نۆ مانگ بەسەر مۆرکردنی پەیمانی سیڤەردا تێپەڕی نەکردبوو) نەخشەیەکی ئامادەکرد بۆ دوارۆژی عێراق و بەپێی ئەو نەخشەیەی ئەو ماددەکانی پەیمانی سیڤەر پشتگوێخرابوو، کوردستانی باشووری خستبووە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقەوە و باشووری کوردستانی بەبەشێك لەخاکی عێراق حساب کردبوو (لەکاتێکدا دەبوایە بەپێی ماددەکانی پەیمانی سیڤەر ئەم بەشەی باشووریش بخرایەتە سەر باکووری کوردستان وەکو لەماددەکانی سیڤەردا باسکراوە).

٢-کاربەدەستانی حکومەتی بەریتانیا، بەتایبەتی ئەوانەی لەنەخشەی پەیمانی سیڤەردا بەشداربوون حسابی ئەوەیان کردبوو ئەو حکومەتە ئەرمەنیەی شانبەشانی حکومەتەکەی کورد پێکدێت بەشێکی زۆر لەناوچە کوردیەکانیش

دەگرێتـەوە لەبەرئـەوە حکومەتەکـەی کـورد لاواز دەبێـت و ناوچـەکانی پچڕپچڕ و لـێکترازاو دەبێـت و دەکەوێتـە ژێـر ڕەحمـەتی ئـەو حکومەتـە ئەرمەنیـەی بەسەرکردایەتی تاشناقەکان پێکدێت کە ئینگلیز خۆی سەرپەرشتی دەکات.

٣-تورکـە کەمالیـەکان لەسـەرەتادا خۆیـان لای کوردەکـان وا نیشـاندابوو دڵسۆزی میللەتی کورد دەبن و لەپاش پاککردنەوەی وڵات لەداگیرکەران ئامادەن ئۆتۆنـۆمی بـدەن بـەکورد کـە ئـەم تەقەلادانـەی تـورك لـەوەدا سـەریگرتبوو کـە توانیبوویـان ژمارەیـەك لـەکوردەکان بکـەن بەلایـەنگر و هاوکاریـان لـەکۆنگرەکانی (ئەرزڕوم) و (سیڤاس)دا وەکو لەدواییدا باسی هـەردوو کۆنگرەکە دەکـەین، بۆیـە ئینگلیزەکـان ئـەو هاوکاریکردنـەی کوردیـان بەدڵنـەبوو، لێیسڵەمیبوونەوە بۆیـە یەکێکی وەکو (مێجەر نویل)یان ناردبوو بۆ ناو کوردەکان بۆئەوەی هەستی کورد ببزوێنن دژی تورکە کەمالیەکان کە خەریکبوون خۆیان بەهێزدەکرد و هەڕەشـەیان لەداگیرکردنەوەی ویلایەتی موسڵ دەکرد، بۆیە ئینگلیزەکان دەیانویست بـەبوونی ئـەو ماددانـەی پـەیمانی سـیڤەر وا لـەکورد بگەیـەنن کـە تـەنها هـەر حکومـەتی بەریتانیا دەتوانێت مافی ئەوان دابینبکات نەك تورکە کەمالیەکان.

٤-ئینگلیزەکان زۆر باش لەحاڵی کورد گەیشتبوون و هـەڵیان سـەنگاندبوون و دەمارەکانیـان دەناسـی کـە چـۆن هەمیشـە لـەناو خۆیانـدا نـاکۆکبوون و کەسـیان بەسـەرکردایەتی ئـەویتریان قایـل نابێـت و نـاتوانن سـەرکردایەتیەکی یـەکگرتوو پێکبێنن، لەبەرئەوە ترسیان نەبوو دەربارەی ئەنجامەکانی ئەو حکومەتە کوردیـە ئەگـەر پێکبهاتایـە و زۆرباش لـەوە گەیشـتبوون بـار و هەڵوێسـتی نـاو کوردسـتان جیاوازبوو لەو بار و هەڵوێستەی بۆ عەرەبەکانی حیجاز ڕەخسابوو.

باسی چوارەمی بەشی چوارەم
سەرەنجامی پەیمانی سیڤەر و هۆی سەرنەگرتنی

هەروەکو لەمادده ٦٢ی پەیمانی سیڤەردا بڕیاری لەسەر درابوو کە پەیمانەکە لە (١٩٢٠/٨/١٠)دا مۆرکرابوو، دەبوایە لەدوای شەش مانگ تێپەڕبوون بەسەر (١٩٢٠/٨/١٠)دا (یەعنی لە ١٩٢١/٢/١٠دا) ئەو لیژنە سێ قۆڵییەی بڕیاربوو لەبەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا پێکبهاتایە و پرۆژەی ئەو موختاریەتە ناوچەییەی (Local) ئامادە بکردایە لەسنووری ئەو ناوچانەدا کە لەپەیمانەکەدا دەستنیشانکرابوو.

هەروەها بەپێی ماددەی/٦٣ی پەیمانەکە دەبووایە مافی ئەوە بدرایە بەکورد لەماوەی ساڵێکدا دوای مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر (بێگومان لەدوای دامەزراندنی موختاریەتە ناوچەییەکە)، ئەگەر بیویستایە لەتورک جیابێتەوە و سەربەخۆ بێت بۆی هەبووە داوا لە(عصبة الامم) بکات ئەو داخوازیەی بەجێبهێنرێت ئەگەر (عصبة الامم) بۆی دەرکەوت کورد لەباریدا دەبێت کاروباری خۆی بەرێتبەرێوە و هەڵدەگرێت ئەو مافەی پێبدرێت و پاش بڕیاری (عصبة الامم) دەبوایە بەپێی پەیمانەکە کە خۆی مۆریکردبوو، ئەو داخوازیەی کورد بەجێبێنێت و دەستبەرداری هەموو ماف و نەریت (حقوق-تقالید-عنعنات)ی وازلێبێنێت و نەدەبوو هیچ بەرهەڵستیەکیش بخرایەتە بەردەمی خواست و داخوازیەکانی کوردی باشوور لەویلایەتی موسڵدا، کە بچنە پاڵ ئەو حکومەتە کوردیەی لەباکووردا دروستدەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەمانە هیچیان نەکران و خاوەخاوکرا لەبەجێهێنانی قۆناغەکانی ئەو پەیمانە، کە جگە لەهۆی بێگانە لەسەرنەگرتنی ناوەڕۆکی پەیمانەکە، کەمتەرخەمی کورد و کێشەی نێو خۆیان هۆی سەرەکی بووە لەسەرنەگرتنی ئەو ئاواتە گرنگەی لەو ڕۆژانەدا بۆ کورد ڕەخسابوو. بۆ ڕوونکردنەوەی هۆی سەرنەگرتنی پەیمانەکە بەپێویستم زانی باسەکە بکەم بەسێ بەشەوە:

١-كەمتەرخەمی کورد و کێشەی کورد لەناو خۆیدا.

٢-هەڵوێستی بێگانە:

أ-هەڵوێستی دەوڵەتانی ئەوروپا.

ب-هەڵوێستی تورک، ئەوانەی پاشماوەی خەلافەت لەئەستەمبوڵ و هی کەمالیەکان.

هۆی یەکەم- کەمتەرخەمی کورد و کێشەی کورد لەناو خۆیدا لەوکاتە ناسك و گرنگەدا

بەر لەمۆرکردنی پەیمانی سیڤەر کۆمەڵگای کورد لەباکووری کوردستاندا کۆمەڵێکی ڕێکوپێکی دامەزراندبوو بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادر و ئەمین عالی بەدرخان جێگری ئەو کۆمەڵە بووە وەکو لەباسی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکاندا لێی‌دواین، بەڵام بەداخەوە زۆری پێنەچوو بەرلەوەی ئەو ئاواتە پیرۆزەی لەماددەکانی سیڤەردا دەهاتە پێشچاو بێتەدی وردە وردە وەکو بەفری بەهار توایەوە و ناکۆکی نێوان ئەندامانی ئەو کۆمەڵە بوو بەهۆی لێکدابڕانی هەردوو تاقمەکەی شێخ عەبدولقادر و بەدرخانیەکان بەهاوکاری ژمارەیەکی زۆر لەڕۆشنبیرانی لایەنگری بەدرخانیەکان و دوکیومێنتەکانی ناو ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کە لەدواییدا ناوەڕۆکی هەندێکیان دەخەینە پێشچاو، ڕوونیدەکەنەوە ئەو کێشە و ناڕێکیەی لەنێوان کوردەکاندا پەیدابووبوو تا چ ڕادەیەك زیانی بەکورد گەیاندبوو، کە تورکە کەمالیەکان لەهەمووان زۆرتر سوودیان لەو ناکۆکیە دەستگیربووبوو.

بەر لەپەیدابوونی ئەو ناکۆکیە، شەریف پاشای خەندان کە هەڵبژێردرابوو بۆ نوێنەرایەتی کورد لەو کۆنگرانەدا کە باسی کوردیان تیادا دەکرا شەریف پاشا لەوپەڕی چالاکیدا بووە و بەپێی لێکدانەوە و بۆچوونی خۆی لایوابوو کلیلبەدەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بریتی‌یە لەحکومەتی بەریتانیا کە لەو ڕۆژانەدا هێشتا لایەنگری تاقمی پاشماوەی خەلافەت بووە لەئەستەمبوڵ کە ڕووبەڕووی کەمالیەکان بووبووەوە، بەڵام کە کێشەی نێوان شێخ عەبدولقادر و بەدرخانیەکان پەیدابوو ئیتر تای تەرازووی شەریف پاشاش ئەو کێش و قەوارەیەی جارانی نەما و ئەوەی ئەو بۆی چووبوو لەڕووی نزیکبوونەوە و

مۆرکردنی پەیمان لەگەڵ نوبار پاشای نوێنەری ئەرمەنیدا بەشێوەیەك لێکدرایەوە کە شەریف پاشا زیانی بەکورد گەیاندبوو، بۆیە نە شێخ عەبدولقادر خۆی و تاقمەکەی نە ئەوانەی بەدرخانیەکانیش هیچ حسابێکیان بۆ شەریف پاشا نەدەکرد وەکو لەدواییدا ئەم ڕاستیە ڕووندەبێتەوە و لەئەنجامدا شەریف پاشا خۆی لەنوێنەرایەتی کورد کێشایەوە و لەڕاستیشدا کێشەی ئەو دوو تاقمە لەناو بۆچونەکانی شەریف پاشاشدا ڕەنگیدابووەوە و لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست کورد بەمافی خۆی بگات و دەوڵەتی تایبەتی خۆی هەبێت کەچی هەروەکو لەدوکیومێنتی ژمارە (Fo.٣٧١-٥٠٦٨) ڕۆژی ١٩٢٠/٤/٢٣دا (یەعنی نزیکی چوار مانگ بەر لەمۆرکردنی پەیمانی سیڤەر کە لە(١٩٢٠/٨/١٠)دا مۆرکرابوو لە(مۆنتکارلۆ)وە تەلگرافێکی ناردبوو بۆ ئەستەمبوڵ و بەپێی دوکیومێنتەکە لەو تەلگرافەدا وتبووی: ((ئەوپەڕی ڕێزم هەیە بۆ مەقامی پیرۆزی خەلیفەی پایەبەرز و نامەوێ بەقسە و بۆچوونی جیاخوازەکان کارێکی وابکەم نیگەرانی ئێوەی تیادا بێت بۆیە وا لەنوێنەرایەتی کورد وازمهێنا چونکە بەر لەهەموو شتێك من موسڵمانم و هەموو هەوڵ و توانایەکم لەپێناوی خەلیفەدا تەرخاندەکەم بەبێئەوەی گوێبدەمە هیچ پارتێکی سیاسی)).

دەربارەی هەڵوێستێکی تری شەریف پاشا بەرامبەر بەخەلیفە لەدوکیومێنتێکی تری ناو ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا ژمارە (Fo.٣٧١-٥٠٦٧, No.١٧٨-M١٧٧٤) ڕۆژی ١٩٢٠/٢/٣، ڕاپۆرتێکی تیایە دەربارەی شەریف پاشا و لەو ڕاپۆرتەدا وتراوە: ((لەنامەیەکی نوێنەری کورد (کە مەبەستی شەریف پاشایە) کە بۆ (ئەدمیرال ویب)ی ناردووە کە لەو نامەیەدا وتراوە: کورد زۆر بێزارە لەهەڵوێستی تورك و ئەو هەواڵانەی بڵاودەکرێنەوە دەربارەی ڕێکێتی کورد لەگەڵ توركدا هەمووی دوورە لەڕاستی و ئەگەر شتی واش ڕوویدابێت ئەوا لەئەنجامی هەڕەشەکردنی تورکەوە ئەو قسانە بڵاوکراوەتەوە چونکە کورد بۆ ئەوە تێدەکۆشێت خۆی لەچنگی تورك ڕزگاربکات. لەفەقەرەی شەشەمی ئەو دوکیومێنتەدا وتراوە: لەگەڵ ئەوەشدا نوێنەری کورد دانی بەوەدا ناوە کە کورد دڵسۆزی خەلیفەیە بەڵام لەڕاستیدا کورد دوای سیاسەتێکی تایبەتی خۆی کەوتووە و هەرچەند ئەکەم لەهەڵوێستی ڕاستی کورد نەگەیشتووم (مەبەستی نوسەری دوکیومێنتەکەیە دیارە کاربەدەستێکی بەریتانیای بووە)، وە لاموایە

پڕوپاگەنـدە کـارێکی زۆری کردۆتەسـەر هەنـدێ لـەکوردەکان لەوانـەی بـوون بەلایەنگر و دڵسۆزی خەلیفە)).

لـەدوکیومێنتی ژمـارە (Fo.٢٧١-٥٠٦٨) تـەلگرافێکی ئـەمین عـالی بـەدرخانی باسـکردووە کـە لـەڕۆژی ١٢/٤/١٩٢٠دا لەلاپـەڕە (٢٢٧)ی ئـەو دوکیومێنتـەدا بلأوکراوەتـەوە کە ئەمین عالی بەدرخان ناردویـەتی بۆ مەندوبی سامی بەریتانیا لەئەستەمبولْ، لەوەدا باسی لابردنی شەریف پاشای کردووە لەنوێنەرایەتیکردنی کـورد لەکۆنفرانسـی ئاشـتیدا کـە ئـەمین عـالی بـەدرخان وتویـەتی: ((بەشـانازییەوە دەمـەوێ پایەبـەرزتان لـەوە ئاگاداربکـەم کـە لیژنـەی ناوەنـدی جەمعیـەتی کـورد (مەبەستی جمعیتی تعالی کورد بووە کە شێخ عەبدولقادر سـەرۆکی بـووە و ئـەمین عالی بەدرخان جێگری بووە) بڕیاریداوە شەریف پاشای نوێنـەری جەمعیەتەکەمان کە خۆی بەهەندێ چالاکی سیاسیەوە خەریك کردووە و بەیاناتی وای دەرکـردووە لەگـەڵ بەرژەوەنـدی کـورددا یەکناگرێتـەوە، لەبەرئـەوە لابـراوە و لـەجیاتی ئـەو یەکێکی تر دادەنرێت کە لەدواییدا ئاگاداری ناوەکـەیتان دەکـەین، تکا لەبـەڕێزتان دەکەین ئەم بڕیارەمان لای خۆتان تۆمار بفەرموون.

ئیمزا	ئیمزا
حەمدی	ئەمین عالی بەدرخان
سکرتێری گشتی	جێگری سەرۆکی جمعیتی تعالی کورد

سەیر ئەوەیە دەربارەی هەڵوێستی شـەریف پاشـا، سیامەند ئەحمەد عوسمـان لەسەرچاوە/١٣دا باسی ئەرشـیفەکانی وەزارەتـی دەرەوەی فەرەنسـای کـردووە کـە وتویـەتی: ئەو دوکیومێنتانە پڕن لەباسی ئەو تەلگرافانەی لەلایەن هەندێ سـەرۆك عەشیرەتی کـوردەوە نێـردراون بـۆ حکومـەتی فەرەنسـا و تیایانـدا بێـزاری خۆیـان دەربڕیوە بەرامبەر نوێنەری کورد (کە مەبەست شـەریف پاشـایە) چونکە شـەریف پاشـا داوای لەحکومەتـە گـەورەکان کردبـوو حکومـەتێکی کـوردی دامـەزرێنرێت (بێگومـان ئـەو تەلگرافانـە دەبـێ لەلایـەن ئـەو سـەرۆك عەشـیرەتانەوە نێـردرابن کـە بووبوون بەلایەنگری کەمالیەکان و کەمالیەکان بەوە ئەو کوردانەیان ترساندبوو کە سەرگرتنی پەیمانی سیڤەر دەبێتە هۆی ئەوەی گەلێك ناوچەی کـورد بخرێتـە ژێـر دەسەڵاتی ئەرمەنیەوە.

هەرچۆنێك بووبێت مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەیاداشتەکانیدا ڕەخنەیەکی توندوتیژی لەکوردەکانی باکوور گرتووە کە نەبووبوون بەپشتیوانی شەریف پاشا لەتەقەلاکانیدا بۆ دەستگیربوونی مافی کورد، ڕەفیق حیلمی لەیاداشتەکانیدا وتویەتی: لەگەڵ ئەوەشدا شەریف پاشا بەو تەلگرافانەی دژی ئەو نێردرابوون ساردنەبووبووەوە و لەچالاکی خۆی نەکەوت و هەروەکو سیاسیەکی زرنگ و لێهاتوو توانی مافی کورد بخاتە بەردەمی کۆنگرەی ئاشتی و بەزمانی فەرەنسی یاداشتێکی دەربارەی مافی کورد پێشکەشکردبوو بەکۆنگرەی ئاشتی (بەرلەمە لەباسی شەریف پاشادا ئاماژە بۆ ئەو یاداشتەی کراوە).

دەربارەی ئەو تێکچوون و کێشەیەی لەنێوان هەردوو تاقمەکەی شێخ عەبدولقادری شەمزینی و بەدرخانیەکاندا پەیدابووبوو، وەلید حەمدی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٢٣ ئاماژەی بۆ دوکیومێنتێکی ناو ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کردووە ژمارە (C-١٧٣٤-M-٦٢٠) ڕۆژی ١٩٢٠/٥/٣ باسی نامەیەکی مەندوبی سامی بەریتانیای تیادایە کە لەڕۆژی ١٩٢٠/٤/١٦ لەئەستەمبوڵەوە ناردویەتی بۆ (لۆرد کرزن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، باسی تێکچوونی ئەندامانی (club-ی کردووە کە مەبەستی جمعیتی تعالی و تعاونی کوردە)، لەو نامەیەدا مەندوبی سامی هۆی ئەو تێکچوونەی داوەتەپاڵ ئەو ڕێکەوتنەی لەنێوان شەریف پاشا و بوغوص نوبار پاشای ئەرمەنیدا مۆرکرابوو، لەدوای ئاشکرابوونی ئەو ڕێکەوتنە کێشەی هەردوو تاقمەکەی کورد ئەوەندەی تر ئاڵۆزتر بوو.



وێنەیەکی بوغوص نوبار پاشا
لە پاشکۆی کتێبەکەی روهات ئالاکوم

دوكيومێنتەكە باسێكی ڕۆژنامەی (اقدام)ی توركی بڵاوكردۆتەوە دەربارەی ئەو گفتوگۆیەی پەیامنێری ئەو ڕۆژنامەیە لەگەڵ شێخ عەبدولقادردا بڵاویكردبووەوە، بۆ ڕوونكردنەوەی ئەو گفتوگۆیەی شەریف پاشا و بوغوص نوبار پاشا كردبوویان و لەو گفتوگۆیەدا شێخ عەبدولقادر ئەو گفتوگۆیەی بێسوود و بێبایەخ ژماردوە و وتویەتی كورد و تورك لەگەڵ یەكتردا لەسەر دواڕۆژ ناكۆك نین و لایوایە حوكمی زاتی بۆ كورد باشترین شێوەی گونجاوە بۆ كورد (بێگومان مەبەستی توركی سەر بەخەلیفەی ئەستەمبوڵ بووە)، بێگومان بڵاوبوونەوەی ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ شێخ عەبدولقادردا كرابوو ئەوەندەی تر كێشەی نێوان هەردوو تاقمەكەی ئاڵۆزتر كرد و بوو بەهۆی لێكترازانی هەردوولایان.

بەپێی دوكیومێنتەكە بەدرخانیەكان تەنها بەلابردنی شێخ عەبدولقادر لە(Club) وازیان نەهێنا بەڵكو بڵاویانكردەوە شەریف پاشا ئیتر بەنوێنەری كورد نازانرێت و ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی شەریف پاشا وازی لەنوێنەرایەتی كورد هێنا وەكو بەرلەمەش باسمانكردووە. دوكیومێنتەكە لەفەقەرەی (٨)یدا دەربارەی شێخ عەبدولقادر وتویەتی: ((بۆچونەكەی شێخ عەبدولقادر لەبۆچونی ئەوانیتر باشتر دێتە بەرچاو و لەوانیتریش شەعبیەتی زۆرترە لەكوردستاندا و دەیەوێ ئیدارەیەكی جیاواز پێكبێت بۆ كورد لەژێر چاودێری بەریتانیادا و ئەگەر ئەو ئیدارەیە پێكبێت ئیتر بیر لەجیابوونەوە ناكات لەتوركیا، بەڵام ئەگەر توركیا مەبەستی بێت كورد سەربەخۆ بێت و دەسەڵاتی سەركردایەتی ئەو سەربەخۆییە بەو بسپێردرێت ئەوا ئامادە دەبێت ئیعلانی ئەو سەربەخۆییە بكات)).

لەڕاستیدا تۆزێك ئاڵۆزی دەبینرێت لەناوەڕۆكی دوكیومێنتەكە و لەوەرگێڕانی دوكیومێنتەكە لەلایەن وەلید حەمدیەوە، چونكە لەلایەكەوە وتراوە شێخ عەبدولقادر قایلبووە بەحكومەتێك لەژێر چاودێری بەریتانیادا و لەولاشەوە باسی سەربەخۆیی كوردی كردووە ئەگەر تورك بەوە قایل بووبێت كە ڕێی تێناچێت تورك لایەنگری ئەوە بووبێت. بەپێی هەمان دوكیومێنت لەفەقەرە (٩)یدا باسی ئەوە كراوە كە مەندوبی سامی وتویەتی: ئەو كوردانەی لەناوخۆیاندا تێكچوبوون هەرلایەك بەجیا هەوڵی ئەوەیدا پەیوەندیم پێوەبكەن بەڵام من نەچوومە ژێر باری هیچ جۆرە بەڵێنێك بەهیچ لایەكیان، تێمگەیاندن باسی كورد لەكۆنگرەی ئاشتیدا دەكرێت بۆیە چاوەڕوانی بڕیارەكانی ئەو كۆنگرەیە بكەن.

دەربارەی تێکچونی ئەنداماني جمعيتی تعاون و تعالی، سیامەند ئەحمەد عوسمان لەسەرچاوە/١٣دا ئامارژەی بۆ باسێکی ڕۆژنامەی (نیویۆرك تایمس) کردووە کە لەڕۆژی ١٩٢٠/٣/٩دا دەرچووە کە لەمەدا ئامارژەی بۆ ڕۆژنامەی (تفسیر افکار)ی تورکی کردووە کە شێخ عەبدولقادر لەو ڕۆژنامە تورکیەدا وتویەتی: ((تۆمەتی خۆڕایی دەدرێتە پاڵ کورد کە گوایا کورد دەیەوێ لەتورك جیابێتەوە، من خۆم (شێخ عەبدولقادر) یەکێکم لەوانەی بیر لەجیابوونەوە ناکەم چونکە کورد ڕێزێکی تایبەتی هەیە بۆ خەلافەت و من داوای حوکمی زاتی ئەکەم بۆ کورد)).

لەڕۆژنامەکەدا وتراوە (کە مەبەستی ڕۆژنامەی تایمسە) هۆی ئەم بۆچوونەی شێخ عەبدولقادر ئەوە بووە پیاوێکی ئاینداری سەر بەخەلافەت بووە و جگە لەویش یەکێکی وەکو (خەلیل بەگ) کە موديری پۆلیسی ئەستەمبوڵ بووە و هیچ پەیوەندیەکی بەکێشەی ئایندارییەتیەوە نەبووە، ئەویش وەکو شێخ عەبدولقادر لایەنگری ئۆتۆنۆمی بووە بۆ کورد. دەربارەی ئەو کێشەیەی لەناو کوردەکانی باکوردا پەیدابووبوو، کریس کۆچرا لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤١ باسی گفتوگۆیەکی خۆی و کامەران بەدرخانی کوڕی ئەمین عالی بەدرخان کردووە دەربارەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد و کامەران بەم شێوەیە وەڵامی کریس کۆچرای داوەتەوە: ((لەو ڕۆژانەدا ئەوانەی لایەنگری ئۆتۆنۆمی بوون، قاچێکیان لای کوردە نەتەوەییەکان بوو (مەبەستی تاقمی بەدرخانیەکان و ڕۆشنبیرەکانی هاوکاریانن)، وە پێیەکی تریان لای سەربازگەی حکومەتی عوسمانی بووە (مەبەست پاشماوەی خەلافەت لەئەستەمبوڵ) و ئەوانە بەتەمای ئەوەبوون بکرێن بەوەزیر لای حکومەت بۆیە بووبوون بەلایەنگری ئەستەمبوڵ و ئەوانەیتر کە بەئاشکرا داوای سەربەخۆیی کوردیان دەکرد دژی خەلافەتی عوسمانی بوون)).

لەهەمان سەرچاوە/١٣دا سیامەند ئەحمەد عوسمان باسی بۆچونێکی (لۆرد کرزن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیای کردووە کە وتویەتی: ((زۆر شتێکی گرانبوو بزانین لەو ڕۆژانەدا کوردەکان چییان دەویست و لەئەنجامدا بۆم دەرکەوت تاقە کوردێك لەناویاندا نابینرێت بتوانێ لەبۆچوونی تاقمەکەی خۆی بەولاوە بیر لەهیچ شتێکی تر بکاتەوە)).

دەربارەی کێشەی کورد لەو ڕۆژانەدا لەگۆڤاری (مامۆستای کورد) کە لەسوید دەرچووە لەژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٦دا وەرگێڕانی باسێکی ناو ڕۆژنامەی (لاکور

بسپوندانس دوریان)ی ڕۆژی ١٩١٩/٤/١٤ کە لەشاری (جنێڤ) دەرچووە لەلایەن (محەمەد موهتەدی)یەوە دەرکراوە بەکوردی و لەڕۆژنامەکەدا چەند پرسیارێك کراوە لەشەریف پاشا کە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

١-داخوازیەکانتان لەپاریس دەربارەی کێشە لەسەر ناوچەکان و هەڵوێستی سیاسی بریتین لەچی؟

٢-ئایا بزوتنەوەیەکی ڕاستی نەتەوایەتی لەکوردستاندا هەیە یا تەنها بۆ ئەوەیە کیروگرفتێکی تازە پێکبێت بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی ئەرمەنی بەمەبەستی دواخستنی؟

٣-ئایا پەیوەندی کورد و ئەرمەنی کە کۆنە دراوسێی یەکن، بەواتایەکی تر ئامۆزای یەکن، ئەو پەیوەندیە چی لێدێت؟

٤-ژمارەیەکی تەواوی کوردەکان چەندە و سەرچاوەی ماددی گەلی کورد (وابزانم مەبەستی سەرچاوەی دارایی کوردە) و دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکانی کورد بریتین لەچی؟

٥-ئەگەر پێویست بوو، ئایا ئێوە دەتانەوێ کام وڵات پاراستنی ئێوە بگرێتە ئەستۆی خۆی بۆئەوەی لەباروذۆخی تازەدا یارمەتی وڵاتەکەتان بدات؟

هەروەکو وەرگێڕی باسەکە بڵاویکردۆتەوە، شەریف پاشا وەڵامی ئەو پرسیارانەی بەم جۆرەی خوارەوە داوەتەوە: ((سنوورەکانی کوردستان لەباری نەتەوایەتیەوە، لەباکورەوە لە(Ziven) لەسنووری قەفقاسەوە دەستپێدەکات و لەڕۆژئاواوە بەرەو ئەرزڕوم، ئەرزنجان و (Divick) و (Behisn) و کیماخ و عەرەبگر و لەباشورەوە بەرەو (حران) و بەرزاییەکانی سنجار، تەلئەسفەر (کە لامواية مەبەست تەلەعفەر بێت)، هەولێر، کەرکوك، سلێمانی و (Akk-elman-کە نەمزانی مەبەستی کوێیە)، سنە و لەڕۆژهەڵاتەوە دەکشێت بەرەو ڕەواندز و باشقەڵا و (Kala-Vizir)، واتە سنووری ئێران هەتا ئارارات (بێگومان شەریف پاشا لەم وەڵامەدا تەنها باسی ئەو شوێنانەی کردووە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، بۆیە باسی ناوی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نەکردووە بێجگە لەسنە).

شەریف پاشا لەوەڵامدانەوەیەکدا لەسەری ڕۆیشتووە و وتویەتی: کورد لەمێژووی زۆر کۆنەوە لەم ناوچانەدا لەژێر ناوی جۆربەجۆردا ناویان هاتووە و ژیاون و ئەمە نزیکەی هەزار و سێسەد ساڵە لەم ناوچانەدا بەناوی کوردەوە دەژین

که وتەی کوردی بەزمانی فارسی مانای خەباتکەر دەگرێتەوە، (بێگومان شەریف پاشا لەو هەزاروسێسەد ساڵەی ئاماژەی بۆ کردووە، مەبەستی ئەو سەرەتایە بووە کە بۆ یەکەم جار وشەی کورد لەسەرچاوەکاندا بەکارهێنراوە، چونکە شەریف پاشا دوایئەوە باسی کوردی کردووە لەسەدەکانی (٨، ٩)ی پێش زاییندا).

شەریف پاشا لەباسەکەیدا دەڵێت: کوردەکان لەنەوەی مادن کە لەسەدەکانی (٨، ٩)ی پێش زاییندا و لەزەمانی ئاشوریەکاندا لەنوسراوەکانی ئاشووریدا باسیکراوە، لەکاتی بەرەوپێشەوەچونی پاشاکانیان بەرەو ورمیە و باکوری ڕۆژئاوای ئێران. مادەکان و ئاریەکان یەکەم شەپۆلی ئێرانی بوون لەباکوری باکوردا نیشتەجێبوون لەکاتێکدا فارسەکان لەخوارووی ئەواندا جێگیربوون و ساتێك کوردەکان لەلایەن فارسەکانەوە شکێنران، پەنایان بردە بەرچیاکان و لەوساوە لەو ناوچانەدا دەژین و لەسەدەی دەهەمدا تورکە داگیرکەرەکان پەلاماری کوردەکانیاندا لەدەشتەکانی ئازربایجاندا و ناچاریانکردن بەرەو شاخەکان بکشێنەوە، لەسەردەمی مادەکاندا چەندین میرنشینی بچوکیان پێکهێنابوو کە لەدواییدا لەئێران و تورکیاش ژمارەیەکی زۆریان پێکهێنابوو.

شەریف پاشا لەدوایئەوەی باسی هەندێ لەئەمارەتەکانی کوردی کردووە وتویەتی: بۆ ئیمڕۆ پێویستە کۆمیسیۆنێك لەنوێنەرانی هەندێ لەدەوڵەتانی ئەورووپا سازبکرێت بۆ کرینەوەی موڵك و سامانی ئەو کەمایەتیەی لەناو خاکی کوردستاندا دەژین بۆئەوەی چواردە مادەکەی (ولسن)ی سەرۆك کۆماری ئەمریکا کە حکومەتی عوسمانیش پەسەندی کردووە حساب بۆ کوردیش بکرێت و بەمافی ڕەوای خۆی بگات کە بریتیە لەسەربەخۆیی بێئەوەی ئەم داخوازیەی بەبێوەفاییەك بژمێردرێت بەرامبەر بەئیمپراتۆریەتێك کە کورد چەند سەدەیەکە لەژێر سایەیدا ژیاوە و تا ئێستە توانیویەتی نەریت و ڕێوشوێنی خۆی بپارێزێت و (اتحاد و ترقی) لەکاتی دەسەلأتداریێتی زاڵمانەیاندا کوشتاریان لەکورد کردبێت وەکو چۆن لەئەلبانیەکانیان کردبوو لەکاتی شەڕی جیهانیدا ئەمە نیشانەی خراپەکاری کاربەدەستانی تورك بووە نەك هی کورد و لەکۆتایدا ئێمەی کورد بەتوندوتیژی بێزاری و دژایەتی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر هەرلایەك چاوبڕێتە خاکی کوردستان کە هی میللەتی کورد خۆیەتی.

پاشـئەوە دەچـێتە سـەر باسـی دەرامـەتی کوردسـتان و دەڵـێ ئەگـەر کـورد سـەربەخۆ بێـت دەتوانێـت سـوود لەسـامان و پیتـی وڵاتەکـەی وەربگرێـت و پێشـبکەوێ و بەئاشـتی لەگـەڵ دراوسـێکانیدا بـژی، بۆیـە داوادەکـەین کۆمیسیۆنێکی نێونەتـەوەیی سـنووری وڵاتەکـەمان دەستنیشانبکات بەمـەرجێك ئەو شوێنانەی زۆربـەی دانیشتوەکانی کـوردبن چ لـەتورکیا و چ لەهەرشوێنێکی تردا بێ، بخرێتە ناو ئەو سنوورەوە.

وادیارە بەرامبەر بەو پرسیارانەی لەشەریف پاشا کرابوو، ڕۆژنامـەی (اقدام)ی تورکی لـەڕۆژی ۱۹۲۰/۲/۲۷دا وتـارێکی شێخ عەبدولقادری بڵاوکردۆتـەوە لـەژێر نـاوی (کـورد و عوسمـانیزم) و لـەدوکیومێنتی ژمـارە -Fo.۳۷۱-٥٠٦٨-No.٦٢٠-M) (٥-۱۷٤۳ ڕاپـۆرتێکی مەنـدوبی سـامی بـەریتانیای تیادایـە لەئەسـتەمبوڵەوە ناردویـەتی نـاوەڕۆکی ئـەو وتـارەی لەدوکیومێنتەکـەدا تۆمارکردووە کـە ئەمـە وەرگێڕانی ئەو باسەیە بۆ کوردی کە لەسەرەتادا وتویـەتی: ((کوردەکان ئاگاداری ئەوە بوون ڕێکەوتنەکـەی شـەریف پاشا و نوبار پاشا بۆ مەبەستی جیابوونـەوە بـووە، بۆئـەوەی بیروبۆچـونی سـەید عەبـدولقادر ئەفەنـدیمان دەسـتگیربێت کـە سیناتۆرێکی کوردە لەئەنجومـەنی پیرانـی عوسمانیدا و سەرۆکی ئەو ئەنجومەنـە بووە سـاتێك (فەریـد پاشـا) سـەرۆك وەزیرانـی عوسمـانی بـووە، بۆ ئەو مەبەستە هەواڵنێرێکی خۆمان ناردە لای سەید عەبدولقادر و لەقسەکانیدا دەرکەوت بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ بیروبۆچوونی شەریف پاشادا نیە دەربارەی سەربەخۆیی کورد و عەبدولقادر تەنها داوای ئۆتۆنۆمی دەکات بۆ کورد و دەڵێ مەبەست لەڕێکەوتنی نێوان شەریف پاشا و نوبار پاشا تەنها بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنووری کورد و ناوچە کوردنشینەکان بووە لەڕێگەی (تەحکیم)ەوە.

هەرچـەند (عەبـدوڵا ئەفەنـدی ئەجەڤیـد) کـە یەکێکـە لەئەنـدامانی (Club–کـە مەبەسـت جەمعیـەتی تعـاون و تعـالی کـوردە)، وتبـووی یـەکێتی و هاوکـاریکردنی کورد و ئەرمەنی مانای سـەربەخۆیی دەگرێتـەوە، بەڵام شێخ عەبدولقادر وتبووی ئەمـە شتێکی نـەگونجاوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە شـەریف پاشـا و عەبـدوڵا ئەفەنـدی هەردووکیان بەناوی ئەو جەمعیەتەوە قسـەدەکەن و لایـەنگری سـەربەخۆیین، بەڵام شێخ عەبدولقادر ڕوونیکردەوە کە داخوازیی ئەو تەنها بریتیـیە لە(ئۆتۆنۆمی).

بەپێی دوکیومێنتەکە پرسیارەکانی تری هەواڵنێری ڕۆژنامەکە (کە دیارە سەر بەئەستەمبوڵ بووە)، بریتی بووە لەم پرسیارانەی خوارەوە:

پرسیار: ئایا دەتوانیت بۆچوونی خۆت ئاشکرا بکەی دەربارەی ڕێکەوتنەکەی شەریف پاشا و نوبار پاشا لەپاریس؟

وەڵام: دەربارەی ئەو ڕێکەوتنە بیروبۆچونی خۆمان ڕوونکردۆتەوە کە ئەو داخوازیانەی ئەرمەنیەکان لەو شەش ویلایەتەی کێشەیان لەسەرە وتومانە زۆربەی دانیشتوانی هەر شەش ویلایەتەکە کوردن و بەهی کورد دەژمێردرێن و بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە وای بەباش دەزانین بدرێتە دەست لیژنەیەك بۆئەوەی سەرژمێریەکی ئەو ناوچانە بکرێت و بزانرێت چ لایەکیان زۆربەی دانیشتوان پێکدێنن کە نوبار پاشاش بەم پێشنیازە قایلبووە و هەروەکو ئێمە ئەویش بڕیاریداوە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك نەخرێتە بەردەمی ئەو لیژنەیە.

پرسیار: ئایا ڕاستە کە دەوترێ کورد و ئەرمەنی لەیەك ڕەگەزن و لەبنەڕەتدا دەچنەوە سەریەك؟

وەڵام: دەربارەی ئەمە گەلێك بۆچونی جیاواز هەیە، هی وا هەیە کورد دەبەنەوە سەر عەرەب یا فارس بەلآم کورد پەیوەندی بەڕەگەزی ئەرمەنیەوە نی یە.

پرسیار: ئەو یەکێتیەی کە باسیدەکەین لەنێوان کورد و ئەرمەنیدا کراوە بەشتێکی باش و سەرگرتووی دەزانیت؟

وەڵام: ئەو یەکێتیە لەسەر بناغەیەکی پتەو دروستنەبووە بۆیە شایانی ئەوەنی یە باسی لێوەبکرێت و ئێمە لەوەدا تەنها مەبەستمان دەستنیشانکردنی هێڵی سنووری هەردوولایە لەسەر بناغەیەکی ڕاست.

پرسیار: ئایا شەریف پاشا بەنوێنەری کورد دەژمێردرێت؟

وەڵام: شەریف پاشا لەلایەن (جمعیتی تعالی کورد)ەوە کراوە بەنوێنەر کە ئەو جەمعیەتە نوێنەری کوردە.

پرسیار: بیروبۆچونتان چی یە دەربارەی پەیوەندی و یەکێتی نێوان کورد و تورك؟

وەڵام: تورکەکان برای خۆشەویستی ئێمەن و هاوئایینی یەکترین و لەبەرئەوەی محەمەدین، بۆیە هیچ جۆرە دوژمنایەتیەکمان لەنێواندا نی یە و ئەوەی ئێمە داوایدەکەین بریتی یە لەوەی سەربەستی پێشکەوتنمان هەبێت و ئەوەی بلآودەکرێتەوە کە گوایا ڕێکەوتنی شەریف پاشا و نوبار پاشا دەبێتە هۆی دوژمنایەتی لەگەڵ تورکدا شتێکی ڕاست نی یە و بێبناغەیە و ئێمە بەهیچ جۆرێك لەشتی وا نەدواوین کە ئەم ڕێکەوتنە

دەبێتــە مایــەی دوژمنایــەتی لەگــەڵ تورکــدا و ئــەو جــۆرە پڕوپاگەندانــە هــەمووی بــۆ مەبەستێکی تایبەتی بلاودەکرێنەوە.

پرسیار: داخوازیــە ڕاسـت و سـەرەکیەکانی کـورد چـیە کـە لـەڕووی نەتەوایەتیـەوە داوایدەکات؟

وەلام: ئیمرۆ پێنج شەش ویلایەت هەیە دانیشتوەکانی کوردن، با حکومەت ئۆتۆنـۆمی بدات بەو ویلایەتانە، ئێمەش لەلای خۆمانەوە مرۆڤی پـاك و لێهـاتوو هەڵدەبـژێرین بـۆ بەڕێوەبردنی کاروباریان، ئێمەی کورد لەمێشکماندا هەست بـەهیچ جـۆرە دوژمنایەتیـەك ناکـەین بەرامبـەر بـەتورك، بانـەوانیش وەکـو ئێمـە ڕەفتاربکـەن بـۆ پێکهێنـانی ئـەو دەزگایانەی بۆ ئۆتۆنۆمی پێویستن.

لەدوکیومێنتەکـەدا لەلاپـەڕە (٢٢٦)یـدا وتـراوە: ((دەربـارەی ئـەو گفتوگۆیـەی شێخ عەبدولقادر و هەندێ بۆچونی ئەمین عالی بەدرخانی جێگری (جمعیتی تعالی کورد) و سکرتێرە گشتیەکەی کە (حەمدی) بووە، ئـەمین عـالی بـەزمانی فەرەنسی نامەیـەکی لـەڕۆژی ١٤/٤/١٩٢٠دا بلاوکردۆتـەوە کـە وتویـەتی: ئـەو بـەیان و بلاوکراوانـەی لەلایـەن شـێخ عەبـدولقادرەوە لەئەنجومـەنی (سـنا-پـیران) و لەڕۆژنامەکانـدا بلاویکردۆتـەوە هـەمووی پێچـەوانەی سیاسـەتی گشـتی جەمعیەتەکەیـە، لەبەرئـەوە بـەزۆری دەنگـەکان شـێخ عەبدولقادر لەسـەرۆکایەتی لابرا)).

ئەوەی شایانی باسە، بەر لەباسی بڕیاری شێخ عەبدولقادر باسی دوکیومێنتی ڕۆژی (١٩٢٠/٣/٣)مـانکرد، کـە بـەپێی ئـەوە بڕیـاری لابردنـی شـەریف پاشـاش بلاوکرابووەوە لەنوێنەرایەتی کورد، دەربارەی کێشەی کورد لەناوخۆیدا جگـە لـەو سەرچاوانەی بەرلەمە باسمانکردون لەئەرشیفەکانی حکومـەتی بـەریتانیادا گـەلێك دوکیومێنتی تر هەیە لەو باسە دواون و بەپێویسـتم زانـی هەنـدێکیان وەرگێڕم بـۆ کوردی و لەم باسەدا پێشکەشی بکەم بەپێی مێژووی دوکیومێنتەکان:

دوکیــومێنتی ژمــارە (Fo.٣٧١-١٦٣٤٦) ڕۆژی ١٩٢٠/٢/١ لاپــەڕە (٢) لەباســی نــاکۆکی کوردەکــان لەناوخۆیانــدا وتویــەتی: ((کوردەکــان داوای ئــەوە دەکــەن بزوتنەوە و ڕاپـەڕینی کـورد پـەرەبسـێنێت، حەمـدی پاشای بابان پێشنیازی ئەوە دەکات شـێخ عەبـدولقادر و چـەند کەسـێك بچـن بـۆ موسـڵ و لـەوێوە دەسـتبکەن بەخــەبات و ڕاپــەڕین، بــەلام بەدرخانیــەکان ڕوویانکردۆتــە شــوێنێکی تــر و عەبدولڕەحمان پاشای برای ئەمین عالی بەدرخان چووەتە بەیروت بۆئەوەی لەگـەڵ

فەرەنسیەکاندا باسی دەسەڵاتداریێتی فەرەنسا لەکوردستاندا بکات بەڵام هیچی دەستگیرنەبووە بۆ ئەو مەبەستە، چونکە تەقەلاکەی بێهودە بوو بۆیە سەرینەگرت)).

لەدوکیومێنتێکی تردا ژمارە (Fo.٣٧١-٥٠٦٧) ڕۆژی ١٩٢٠/٢/٢٧ باسی نامەیەکی ئەدمیرال (Robeck)ی کردووە کە لەئەستەمبوڵەوە ناردویەتی بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەربارەی کێشەی کورد لەناوخۆیدا وتویەتی: کێشەیەکی گەورە پەیدابووە لەناو کوردەکاندا بەهۆی شەریف پاشاوە کە ئەنجامەکەی ڕەنگە بەوە بگات کوردستان بکەوێتە ژێر دەسەڵات و چاودێری دوو دەوڵەتەوە، کە یەکەمیان فەرەنسایە کە دەسەڵاتیان (سیڤاس) و (خەرپوت) و هەندێ شوێنی تر بگرێتەوە و بەریتانیاش جەزیرە و بۆتان کە دەسەڵاتی بنەماڵەی بەدرخانیەکانە بگرێتەوە، بەڵام شەریف پاشا لەگەڵ ئەم دابەشبوونەدا نیە و دەیەوێ ئۆتۆنۆمی هەموو کوردستان بگرێتەوە بەمەرجێك سەرکردەکان لەناوخۆیاندا لەسەرئەوە ڕێکبکەون. لەولاشەوە شێخ عەبدولقادری شەمزینی دەیەوێ کوردستان لەژێر سایەی تورکدا بێت (مەبەست پاشماوەی خەلافەتی عوسمانی بووە لەئەستەمبوڵدا).

وادیارە بەدرخانیەکان لەگەڵ بۆچونەکەی شەریف پاشادا نین و پرسیارێکیان هەیە دەربارەی ئەوە کە بریتی‌یە لەوەی ئایا دەستبەجێ بڕیارێکی ئەوتۆ ئەدرێت کە ڕێگا لەجموجوڵی ئەو عەشایرانە بگیرێت بەهاندانی بولشەویکەکان لەگەڵ تورکیزمەکاندا یەکبگرن؟ (مەبەست ئەو عەشایر و تاکە کەسانەیە کە تورکەکان توانیبویان لەکۆنگرەکانی ئەرزڕوم و سیڤاسدا بیانکەن بەئەندام و لایەنگری خۆیان کە لەو ڕۆژانەدا ئەو تورکە کەمالیانە پەیمانێکی دۆستانەیان لەگەڵ سۆڤیەتدا مۆرکردبوو وەکو لەشوێنی خۆیدا باسی ئەو پەیمانە دوقۆڵیەی نێوان کەمالیەکان و سۆڤیەت دەکەین).

ئەدمیرال (Robeck) لەنامەکەیدا لەسەری ڕۆیشتووە و وتویەتی: ((لەڕاستیدا هیچ پێشنیاز و نەخشەیەکی ئەوتۆ ئامادەنەکراوە بۆ دابەشکردنی کوردستان لەنێوان فەرەنسا و بەریتانیادا و تا ئێستە باسی دواڕۆژی کوردستان نەهاتۆتە ئاراوە و هەرباسێك پەیوەندی بەکوردەوە هەبێت هێنراوەتەوە بۆ کۆبونەوەکانی سیڤەر کە لەوەدا بڕیار لەسەر میراتەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەدرێت و ئەم

ڕوونكردنەوەیەمان تەنها بۆ دڵنیایی و بۆ ئاگاداربوونە لەو پڕوپاگەندانەی لەملاولاوە دەربارەی كورد بڵاودەكرێتەوە)).

لەدوكیومێنتێكی تردا، ژمارە (Fo.٣٧٠-٦٣٤٦) نامەیەكی (هارولد رمبولد)ی مەندوبی سامی بەریتانیای تیادایە لەرۆژی (١٩٢١/٣/٢٠)دا ناردوێتی بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا تیایدا وتراوە: ((هەواڵەكانی كۆنگرەكە دەگەنە ئێرە (مەبەست كۆنگرەی سیڤەرە) كوردەكانی دڵخۆشكردووە و هەردوو تاقمەكەی كورد (مەبەستی تاقی شێخ عەبدولقادر و بەدرخانیەكانە) داوای بەجێهێنانی مافەكانی كورد دەكەن و لەبەرئەوەی لەیەكتری جیابونەتەوە بۆیە هیچیانم نەبینی و بیروبۆچونی خۆمانم پێنەگەیاندن لەو ڕووەوە)).

لەگەڵ ئەوەشدا هەردوولا جیابونەتەوە بەڵام لەسەر چەند داخوازیەك یەكدەگرنەوە كە بریتین لە:

١-كورد نیازی نیە زەوی‌وزاری هیچ لایەك داگیربكات لەكوردستاندا، چ لەتوركیا و چ لەئێران و دەڵێن ئەو كوردانەی لەمەجلیسی میللی كەمالیەكاندا خۆیان وا پیشانئەدەن نوێنەری كورد بن هیچ توانا و دەسەڵاتێكیان نیە كە بتوانن بەناوی كوردەوە قسەبكەن (سەیر ئەوەیە لەدوایدا لەكاتی بەستنی كۆنفرانسی لۆزاندا دەوڵەتە هاوپەیمانەكان تەنها پرسیان بەوانە كرد كە لەگەڵ كەمالیەكاندا بوون وەكو لەباسی پەیمانی لۆزاندا ڕوونیدەكەینەوە).

٢-هەردوولایان دەڵێن پەیمانی سیڤەر دانی بەمافی حوكمی زاتیدا ناوە، بۆیە دەڵێن هەرجۆرە گۆڕانكاریەك لەو پەیمانەدا بكرێت نابێ ئەو دەستكاریە ئەو مافەی كورد بگرێتەوە و تەنها ئەبێ ئەو دەستكاریانە باسی ئەو ناوچانەی تری كورد بگرێتەوە كە كەوتونەتە ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچوك (مەبەستی ئەو ناوچە كوردنشینانەیە لەجیاتی ئەوەی بخرایەتە سەر كوردستان كەچی خرابووە سەر ئەرمینیا) و هەندێ ناوچەی تر كە بەپێی ڕێكەوتنێك خرابوونە ناو سنووری (سوریا)ی سەر بەفەرەنسا، هەروەها داوای بوارێك (منفذ) ئەكەن كە بدرێت بەكورد بۆئەوەی بگەنە سەر دەریا و بۆ ئەو مەبەستە داوای ئەوە ئەكەن بەشێك لە(ئەیان) بخرێتە سەر كوردستان.

دوای ئەو دوكیومێنتەی پێشوو، لەدوكیومێنتێكی تردا ژمارە (Fo.٣٧١-٥٠٦٨) ڕۆژی ١٩٢٠/٣/٢٩دا وتراوە: ((گومانێكی زۆر هەیە دەربارەی ئەوەی ئایا هەستی

داواکردنی مافی ئۆتۆنۆمی یا سەربەخۆیی کورد لەناو کوردەکاندا گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی داخوازی و پێشنیازێك دەربارەی ئەوە داوابکەن، هەرچۆنێك بێت دەتوانین بڵێین: هەستێکی یەکگرتوو لەناو کوردەکاندا بەدیناکرێت و زۆربەیان چاوەڕوانی ئەوەن لایەکی دەسەڵاتداری لەخۆیان بەرەو ژوورتر و بەهێزتر بیانبات بەڕێوە، ئەو تاقمانەیان کە بۆچوون و بیرکردنەوەکانیان (مەبەست لەبەدرخانی و ڕۆشنبیرەکانی ئەو ڕۆژانەیە)، پێشکەوتووترە لەهی عەشایرەکان و ئاغاکان و پیاوە ئایینیەکان، ئەگەرچی ئەمانەی دواییش ڕێگە لەوە ناگرن گەربێت و ئێمە (مەبەستی حکومەتی بەریتانیایە) حکومەتێکی باشیان بۆ پێکبێنین بەکەمەنەتەوەکانی ناوچەکانیشیانەوە)).

دوکیومێنتەکە لەسەرێئەڕوا و ئەڵێت: ئەو ڕۆشنبیرە کەمەی کورد کە لەدەرەوەی کوردستانن و بیری جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستانیان لەمێشکدایە، زیادەڕۆیی دەکەن لەقسەکانیاندا کە وای دەرئەخەن دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە لەوڵاتدا، بۆ نمونە شەریف پاشا هیچ بایەخێك بەبوونی دەسەڵات و توانای تورکەکان نادات و بەڵگەی زۆرم هەیە بۆ ئەو بۆچونەی ئەو کە ئەمە مانای ئەوەیە ئاگای لەزۆر شت نییە، ڕاستە ژمارەی ئەمانە لەپەرەسەندندا دەبێت ئەگەر مەسەلەی کوردستانێکی سەربەخۆ بێتە کایە و سەربگرێت و ببێت بەشتێکی ڕاست.

لەگەڵ ئەوەشدا بیروبۆچونی ئەو نوێنەرانەی لەلایەن (Kurdish Club)ەوە هەڵبژێردراون هەتا ڕادەیەك سوودی هەیە و لامولیە حکومەتی خاوەن شکۆ بێجگە لەشەریف پاشا ئەوانەی تریش بانگدەکات کە خۆیان بەنوێنەری ئەو یانەیە دەزانن بۆئەوەی بۆچونە جۆربەجۆرەکانی سەرکردەکان بزانرێت و لاشموایە لەم ڕووەوە ئێوە لەگەڵ فەرەنسیەکان پەیوەندی بکەن بۆ ڕێکخستنی ئەم کارە و لاشموایە ئەگەر بڕیاری سەربەخۆیی کورد بدرێت ڕەنگە حکومەتی بەریتانیا لایەنگری بێت.

هۆی دوهەمی سەرنەگرتنی پەیمانی سیڤەر (هۆی بێگانە)

هەروەکو چۆن کەمتەرخەمی کورد لەبایەخ نەدان بەسەرگرتنی مادەکانی سیڤەر لەکاتی خۆیدا هۆیەکی سەرەکی بووە بۆ لەکیسچونی ئەو هەل و دەرفەتە لەبارەی بۆ کورد ڕەخسابوو بەمۆرکردنی پەیمانی سیڤەر، هەڵوێستی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانیش بەرامبەر کورد و بەرامبەر ڕووداوەکانی دوای سیڤەر و پێشبڕکێی دەوڵەتانیش هۆیەکی گرنگی تر بووە لەسەرنەگرتنی پەیمانی سیڤەردا شانبەشانی ئەوەش کەمالیەکان کە تا دەهات لەبەهێزبووندا بوون ئەوەندەی تر باری پەیمانی سیڤەری پێئاڵۆزبوو هەروەکو لەشوێنی خۆیدا باسیدەکەین و بەپێویستم زانی ئەم باسە بکەم بەم بەشانەی خوارەوە:

یەکەم: هەڵوێستی تورکی پاشماوەی خەلافەتی عوسمانی لەئەستەمبوڵ و کەمالیەکان کە لەدواییدا ئەنقەرەیان کرد بەپایتەختی خۆیان.

دوهەم: هەڵوێستی دەوڵەتان.

دەربارەی هۆی یەکەم

أ-هەڵوێستی تورکەکانی پاشماوەی خەلافەتی عوسمانی لەئەستەنبوڵ:

لەدوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی و مۆرکردنی پەیمانی مودراس، کاروباری وڵات هەمووی کەوتە ژێر دەستی هێزەکانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و ئەوەی لەئەستەمبوڵدا مابووەوە لەدەسەڵاتدارێتی پاشماوەی خەلافەتی عوسمانیدا تەنها بریتی بوو لەقاوغێکی وشکی مردوو، لەهیچ کاروبارێکدا هەنگاوێك نەدەنرا بەبێ ڕازیبوونی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و لەمۆرکردنی پەیمانی سیڤەردا نوێنەری خەلیفە بەناوی حکومەتەوە پەیمانەکەی مۆرکرد و پاشئەوە هەڵوێستی بەرامبەر بەکورد شتێك نەبوو حسابێکی ئەوتۆی بۆ بکرێت و تەنها سەیری دەمی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانیان دەکرد بۆ چۆنێتی بەجێهێنانی مادەکانی سیڤەر و جاروبار لەڕۆژنامەکانیاندا تەقەلای ئەوەیاندەدا لەکورد بگەیەنن ئامادەن دان بەمافی کورددا بنێن لەچوارچێوەی پاشماوەی خەلافەتدا، بەتایبەتی لەدوائەوەی

کەمالیەکان وەکو بزوتنەوەیەکی تۆرانی کەوتە جموجۆڵ بۆئەوەی دەست بەسەر کاروباری وڵاتدا بگرێت، بۆیە ئەوانەی ئەستەمبوڵ هێشتا هیوایان بەکورد مابوو کە لایەنگری ئەوان بن دژی بزوتنەوەی کەمالیەکان هەروەکو لەباسی ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا لەشوێنی خۆیدا ڕووندەبێتەوە.

ب-هەڵوێستی کەمالیەکان بەرامبەر بەکورد

وەکو لەشوێنی خۆیدا باسمانکرد، نوێنەری حکومەتی ئەستەمبوڵ لەکاتی گفتوگۆکردنی پەیمانی سیڤەردا ڕێگەی پێدرابوو ئامادەبێت و کە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لەسەر نەخشەی پەیمانەکە ڕێککەوتن تەنها نوێنەری خەلیفە پەیمانەکەی مۆرکردبوو، چووبووە ژێر باری بەڵێندان بەبەجێهێنانی پەیمانەکە و لەوەدا کەمالیەکان حسابیان بۆ نەکرابوو، نوێنەریان لەکۆبونەوەکانی سیڤەردا ئامادە نەبوون و بێگومان ناوەڕۆکی پەیمانەکە لەگەڵ بیروباوەڕ و بۆچوونی کەمالیەکاندا یەکینەدەگرتەوە بۆیە هەر لەسەرەتاوە دژی پەیمانەکە بوون و تارادەیەکی زۆریش ژمارەیەکیان لەکورد لەخشتەبردبوو کە ئەوانیشی والێکردبوو دژی پەیمانەکە بن بەبیانووی ئەوەی لەو پەیمانەدا نەخشەی دامەزراندنی حکومەتی ئەرمەنیش کێشرابوو.

لەڕۆژنامەکانیاندا کوردیان بەوە دەترسان ئەگەر پەیمانەکە سەربگرێت بەشێکی زۆری خاکی کوردستان دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتی ئەرمەنیەوە، بەتایبەتی لەدوای بڵاوبوونەوەی ڕێکەوتنەکەی شەریف پاشا و نوبار بوغوص پاشا کە بەرلەمە باسکراوە ئەوەندەی تر شتەکە ئاڵۆزبوو، پڕوپاگەندەی تورکە کەمالیەکان لەلایەك و لەیەکنەچونی بیروباوەڕی تاقمەکەی کورد لەگەڵ یەکتردا بەتەواوەتی کۆمەڵگای کوردی تێکدا و بوو بەدوو بەشەوە کە هیچ لایەکیشیان هیچی نەکرد بەهیچ و ئەو ماوانەی بۆ سەرکەوتن و بەجێهێنانی پەیمانەکە دەستنیشانکرابوو بەخۆڕایی بەسەرچوو، ئەوەی لەمەدا قازانجی کرد تەنها هەر کەمالیەکان بوون وەکو لەدواییدا ڕووندەبێتەوە.

ج-دەربارەی هۆی دوهەم/ هەڵوێستی دەوڵەتان لەسەرنەگرتنی سیڤەر

دەوڵەتانی دەستڕۆیشتوو ئەوانەی لەو ڕۆژانەدا هەریەکەیان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆی لەناوچەکەدا هەڵویستێکی تایبەتی خۆی هەبووە، هەوڵئەدەین لێرەدا کورتەی هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانە بخەینە پێشچاو:

یەکەم-هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا

بەرلەمە لەباسی هۆی مۆرکردنی پەیمانی سیڤەردا بەدووروودرێژی باسی هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیامان کرد کە چۆن ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەمۆرکردنی ئەو پەیمانەدا و لێرەدا هەوڵئەدەین هەڵوێستی بەریتانیای دوای مۆرکردنی پەیمانەکە شیبکەینەوە بۆئەوەی بزانین هۆی ساردبوونەوەی لەسەرنەگرتن و بەجێهێنانی مادەکانی ئەو پەیمانە چیبووە، ئەگەرچی پێویستە بەرلەوەی ئەو هۆیانە باسبکەین دەبیٚ دان بەوەدا بنرێت کە ئۆباڵی ئەو سەرنەگرتنە لەپێش هەموو شتێکدا لەئەستۆی کورد خۆیایەتی و حکومەتی بەریتانیا و کاربەدەستانی بەریتانیا و هی دەوڵەتەکانی تریش کە بەچاوی خۆیان کوردیان بینی چۆن لەناو خۆیدا تێکچووبوو، بیری لەوە نەکردبووەوە لیژنەیەك لەچەند کەسێکی کارامە پێکبهێنێت بۆ بەجێهێنانی مادەکانی سیڤەر و لەجیاتی ئەوە بەربوونە وێزەی یەکتر و کورد خۆی بەزەیی بەخۆیدا نەهاتەوە، ئیتر بێگانەیەك کە تەنها بەدوای چەسپاندن و دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆیدا دەگەڕا لەپێناوی چیدا مشوور و خەمی مافی کورد بخوات کە کورد خۆی پشتگوێی خستبوو.

ئەو سەرچاوانەی دەربارەی هەڵوێستی بەریتانیا دواون و لەدوکیومێنتەکانی ئەرشیفی حکومەتی بەریتانیادا ئەوەندە باسی نەگبەتی و کوێرەوەری میللەتی کوردی کردووە بەدەست کاربەدەستان و سیاسەتمەدارانی ئەو ڕۆژانە کە پیاو نازانێت باسی کامیان بکات، بۆیە هەوڵئەدەین کورتەی هەندێکیان بخەینە بەرچاو: بەر لەهەموو شتێك دەبیٚ بزانرێت کە حکومەتی بەریتانیا ئەگەرچی سەرپەرشتیکەری پەیمانی سیڤەر بووە و وەکو بەرلەمە باسمانکردووە موسوەدەی ئەو پەیمانە لەدوکیومێنتێکی بەریتانیادا باسکراوە کە ئەمە نیشانەی

ئەوەبووە ئینگلیزەکان بۆ سەرگرتنی مەبەستەکانی خۆیان وەکو شتێکی تەکتیکی مەبەستیان بووە ئەو پەیمانە مۆربکرێت بۆ گەیشتن بەو ستراتیجیەتەی نەخشەی بۆ کێشابوو، حکومەتی بەریتانیا بەتایبەتی ئەو سیاسەتمەدارانەی کاروباری ناوچەی ڕۆژهەڵاتیان پێسپێردرابوو، ئەو شتانەی دەیانوت و بلاویان دەکردەوە شتێك بوو، ئەوەش کە مەبەستیان بوو سەربگرێت و بچەسپێنرێت شتێکی تربووە.

بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ئەو هەڵوێستەی بەریتانیا لەدوو شتدا ڕووندەبێتەوە، هەروەها وتمان ئینگلیزەکان خۆیان نەخشەی مادەکانی سیڤەریان کێشابوو کە لەمەدا باسی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی کراوە لەباکووری کوردستاندا لەگەڵ ڕێگەدان بەکوردی باشوور لەکاتی خۆیدا بچێتە پاڵ ئەو حکومەتە و هەردووکیان ببن بەیەك کەچی لەلایەکی ترەوە نەخشەی شتێکی تری کێشابوو کە سەرگرتنی ئەمەیان لا پەسەندتر بوو وەك لەوەی سیڤەر، بۆ نمونە هەروەکو سەرچاوە/١٩ ئاماژەی بۆ کردووە، ئەو تەلگرافەی ژمارە/٦٦٦٦ لەڕۆژی ١٩١٩/٦/١٣دا (یەعنی بەر لەمۆرکردنی پەیمانی سیڤەر) لەلایەن حاکمی گشتی بەریتانیاوە لەبەغداد، (ولسن) ناردبووی بۆ حکومەتەکەی خۆی لەلەندەن وتبوی: لەبەر گرنگێتی باری ئابووری و ستراتیجیەتی ویلایەتی موسڵ پێویستە ویلایەتەکە (مەبەست باشووری کوردستانە) بخرێتە سەر عێراق (کەواتە نەخشەکێشانی ئینگلیز هەر لەسەرەتاوە نیازیان نەبووە باشووری کوردستان بخرێتە سەر باکوور).

دەربارەی ئەو تەلگرافەی لەو سەرچاوەیەدا باسکراوە، بەرلەمە لەباسی سێهەمی بەشی چوارەمدا (هۆی مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر)، ئاماژەمان بۆ کتێبەکەی (ولسن) کردووە چاپی (١٩٣١) کە لەوەدا وتویەتی: سیر پرسی کوکس (کە لەدوای ولسن بووە بەمەندوبی سامی بەریتانیا لەبەغداد) نەخشەیەکی ئامادەکرد بۆ دواڕۆژی عێراق و بەپێی ئەو نەخشەیە مادەکانی سیڤەر پشتگوێ خرابوو، باشووری کوردستانی خستبووە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقەوە کە ئەو نەخشەیەی لەمانگی دیسەمبەری ١٩٢٠دا ئامادەکردبوو (یەعنی چوار مانگ بەسەر مۆرکردنی سیڤەردا تێپەڕی نەکردبوو).

هەڵوێستێکی تری حکومەتی بەریتانیا لەدوکیومێنتێکی تردا ژمارە -E ١٢٤٧٤) (No.١٣٤٩-٤٤-٣ ڕۆژی ١٩٢٠/٩/٢٨ یەعنی نزیکەی مانگ‌ونیوێك دوای مۆرکردنی

سیڤەر لەفەقەرەی ٦ی ئەو دوکیومێنتەدا باسی یاداشتێکی (مستەر ریان-Ryan)ی تیادایە کە لەو یاداشتەدا وتراوە: ئەوەی لەئارادایە دەربارەی کورد شتێکی ئەوتۆ نییە کە شایانی بایەخ پێدان بێت چونکە بەپێی بۆچوونی هەندێ لەکوردەکان ناتوانرێ بۆچونەکانیان لەهی تورکەکان جیابکرێنەوە (مەبەستی ئەو کوردانەیە چووبوونە ناو ئەنجومەنەکەی مستەفا کەمال و لەکۆنگرەکانی ئەرزرۆم و سیواسدا بەشداربوون) کە ئەمانە بەتەواوەتی لەژێر دەسەلاتی تورکە نەتەوەییەکاندان، هەندێ کوردی تر لەژێر سایەی پیاوە ئایینیەکاندان و لایەنگریانن (مەبەست تاقمی شێخ عەبدولقادری شەمزینییە) و کەمێکیشیان دژی تورکن (anti Turk)، هەرچەند ئەمانە لەناو خۆیاندا یەکنەگرتوون بەلأم حکومەتی خاوەنشکۆ دەتوانێت دژی کەمالیەکان بەکاریانبهێنێت، هەروەها دژی بولشەویکەکانیش.

کوردەکان زۆر پەست و بێزارن لەوەی پەیمانی ئاشتی (لامواپە مەبەستی سیڤەر بووبێت) پانتاییەکی داناوە بۆ کوردستان بەلأم بەشێکیشی داناوە بخرێتە چوارچێوەی ئەو ناوچانەی دەخرێنە ژێر دەسەلأتی فەرەنساوە و لەو سنوورەش دڵنیانین و بەگومانن کە بۆ نێوان کورد و ئەرمەنی دەستنیشانکراوە و ئەو شوێنە کوردنشینانەی خراونەتە ناو سنووری ئەرمەنیاوە کوردەکانی تەواو هەراسان و بێزار کردووە چونکە ئەرمەنیەکان زۆر سەرگەرمن بۆ ئایینی کریستیانێتی.

دەربارەی هەڵوێستێکی روون و ئاشکرای حکومەتی بەریتانیا بەرامبەر بەکورد، دکتۆر فوئاد حەمەخورشید لەسەرچاوە/١٩دا باسی کتێبەکەی (لازارییف)ی کردووە (ئیمپریالیزم و مەسەلەی کورد چاپی مۆسکۆ ساڵی ١٩٨٩ کە لەلاپەرە (٢٦٥)یدا وتراوە: (لەکۆنفرانسی مانگی شوباتی (١٩٢١)دا (لوید جۆرج)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بەتورکیای ڕاگەیاند کەوا ڕووداوەکانی دوای سیڤەر کاریانکردۆتە سەر مەسەلەی کورد و ئەرمەنی بۆیە دەبێ مەسەلەی هەردوولایان چاوی پیابگێڕرێتەوە).

(دکتۆر مارف گوڵ عومەر)یش لەگۆڤاری (ڕابوون)ی ژمارە/١٦ی ساڵی ١٩٩٤دا باسی داخوازیەکی حکومەتی ئێرانی کردووە کە لەدیسەمبەری ١٩٢٢دا لەگفتوگۆکانی لۆزاندا داوای لەبەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا کردبوو لەکاتی دەستنیشانکردنی سنووری ناوچە کوردیەکاندا (مەبەست ئەو سنوورەیە کە بەپێی مادەکانی سیڤەر بۆ کورد دەستنیشانکرابوو)، پێویستە بەرژەوەندی

حکومەتی ئێران بخرێتە بەرچاو، لەوەلامیدا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا پێیدەڵێت: ئیتر مەسەلەی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی یاخود ناوچەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لەتورکیادا هەروەکو لەسیڤەردا دەستنیشانکرابوو لەئارادا نەماوە.

لەکۆتاییدا باسی هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر بەکورد و چۆنێتی ساردبوونەوەی لەلایەنگرێتی سەرگرتنی پەیمانی سیڤەر و بەشێکی ئەو راپۆرتە گرنگەی (راولنسن) وەردەگێڕین بۆ کوردی و لەو راپۆرتەدا دەردەکەوێت کە لەدوکیومێنتی ژمارە (C.O.۷۳۰-۲۸) مانگی مایسی ۱۹۲۲دا تۆمارکراوە دەردەکەوێت چۆن حکومەتی بەریتانیا گێڕی گۆڕیبوو بەرەو لای تورکەکان و ئەو هەڵوێستە تازەیەی بوو بەهۆی ئەوەی بەتەواوەتی مافی کورد پشتگوێ بخات و لەپەیمانی لۆزاندا (وەکو لەدواییدا باسێکی تایبەتیمان بۆ تەرخانکردووە) بەئاشکرا دژی داخوازیەکانی تورکە کەمالیەکان ڕانەوەستا وەکو جاران.

راولنسن لەبەشێك لەراپۆرتەکەیدا کە پەیوەندی بەم باسەوە هەیە وتویەتی: ((گرنگترین شتێك ڕوویدا بریتیبوو لەوەی لە ۱۹۲۱/۱/۲۰ بەدواوە ئیتر بەساڵی نەرمونیانی هەڵوێستی بەریتانیا و ساردبوونەوەی دەژمێردرێت بۆ لایەنگرێتی پەیمانی سیڤەر و چۆن ئیتر لەوساوە کاربەدەستانی حکومەتی بەریتانیا لەکۆبوونەوەکانی لۆزاندا بەتەواوەتی مافی کورد و باسی نەتەوەی کورد پشتگوێخرا و سەرکەوتنی تورك بەسەر یۆناندا (لەبەشی شەشەمدا باسێکی تایبەتیمان تەرخانکردووە بۆ ئەو شەڕەی تورك و یۆنان) بوو بەهۆی خۆکێشانەوەی فەرەنسا و ئیتاڵیاش بەرامبەر بەمادەکانی سیڤەر.

بەپێی بۆچوونی (راولنسن) لەو ڕاپۆرتەیدا تورکەکان لەبیری ئەوەدا بوون (کۆنفیدراسیۆن)ێك لەنێوان ئیسلامە سوننیەکاندا پێکبێنن لە(بۆسفۆر)ەوە هەتا (قەزوین) بگرێتەوە بەداغستانیشەوە لەگەڵ (باتوم) و (باکۆ) و لەئازەربایجاندا و هەمووی بخرێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. لێرەدا (راولنسن) دەپرسێت: ئایا بەرامبەر بەو نیازەی تورك ئاخۆ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان یان هیچ نەبێ بەریتانیا بیر لەوە دەکاتەوە کارێکی وا بکرێت ئەو تورکە نەتەوەییانە لاوازبکرێن بۆئەوەی ئاسایش لەناوچەکەدا دابینبکرێت؟؟ راولنسن هەرخۆی وەڵامی پرسیارەکە ئەداتەوە و ئەڵێت: باشترین شت بۆ ئەمە ئەوەیە حساب بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا بکرێت کە لەو ناوچە کوردنشینانەدا تورکەکان لاوازن و دەتوانرێت بەهێزی کورد هەمووی داگیربکرێت لەماوەیەکی کەمدا، بەتایبەتی کوردەکان

تەواو بێزارن لەهەڵوێست و ڕەفتاری ئێستەی تورکەکان و بەیارمەتیدانێکی چەك و بەپارەیەکی کەم دەتوانرێت سەرۆکە کوردەکان هانبدرێن و بنکەکانی تورکە نەتەوەییەکان داگیربکەن، بۆیە پێویستە هاوکاری لەگەڵ کورددا بکرێت و یارمەتی بدرێت و چەند پاپۆڕێکی بەریتانیا بگاتە کەناری دەریا و بەشەو چەند تەقەیەك لەو پاپۆڕانەوە بکرێت و بەمانە بەهەمووی دەتوانریٚ وا لەتورك بکرێت بێتە ژێربار و لەوە ئەگەن کە دوورنییە لەبەر لاوازیان لەناو خۆشیانا تێکبچن.

راولنسن لەڕاپۆرتەکەیدا چووەتە سەر باسی چۆنێتی ڕاپەڕینی کورد دژی تورك کە بەم جۆرە یاداشتی کردووە: پێویستە ڕاپەڕینی عەشیرەتەکانی کورد بەسەرکردایەتی (ئەیوب پاشا)ی سەرۆکی ناوچەی (OLTI) بێت کە تواناى ئەوەی هەیە ناوچەی (ئەرزروم) بگرێت و لەولاشەوە (حسێن پاشای ئەلازگرد) دەتوانێت (Kara Kilis) یاخود (بایەزید) بگرێت و کوردەکانی دەرسیمیش کە ئێستە یاخیبوون دەتوانن (ئەرزنجان) بگرن (لەبەشی نۆهەمی ئەم بەرگەدا باسی ئەو ڕاپەڕینەی یەکەمی دەرسیم دەکەین).

دەربارەی ئەو پێشنیازانەی (راولنسن) لەو دوکیومێنتەدا بلأوکراوەتەوە، (ڕۆبەرت ئولسون) لەلاپەڕە/٧٩ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ وتویەتی: (بەپێی بۆچوونی (لۆرنس)، بۆ سەرگرتنی ئەو پێشنیازانەی لەیاداشتەکەی (راولنسن)دا باسیانکردووە پێویستی بەبوونی چەند شارەزایەك هەیە و ئەبیٚ هێزێکی بێگانە بەو کارە هەستێت (مەبەستی لۆرنس ئەوەیە کە ئەو کارە تەنها بەکورد ناکرێت، بەڵکو دەبیٚ هێزێکی بێگانە هاوکاری کورد بێت ئەوسا سەردەگرێت)، هەروەکو چۆن سەرکەوتنی عەرەبەکان (مەبەستی ئەوەی حیجازە)، (٨) پاپۆڕ و (٥٠) ئەفسەری بەریتانی و (٥) ملیۆن ملیۆن پاوەندی بۆ تەرخانکرابوو لەگەڵ دانانی (١٥) ملیۆنی تر بۆ ئیحتیات ئەوسا کارەکەی عەرەب سەریگرت و ئەگەر بویسترێت ئەوەی کوردیش وەکو هی عەرەبەکان سەریگرێت پێویستە هەمان شتیش بۆ کورد تەرخانبکرێت کە ئەمەش هەندیٚ کێشەی لێپەیدا دەبێت لەگەڵ تورك و ئەرمەنیدا، بۆیە من (لۆرنس) ئەو تەقەلایەی راولنسن باسیکردووە بەشتێکی بێسوودی دەزانم (ئەوەی شایانی باسە بەرلەمە لەبەشی دوهەمی ئەم بەرگەدا کە بۆ هەڵوێستی دەوڵەتان ئەوەی بەریتانیا تەرخانکراوە باسی ئەوە کراوە (پرسی کۆکس) و (شیك بۆرگ) هەردووکیان پێشنیازەکانی (راولنسن)یان

پشتگوێ خستبوو هەروەکو چۆن لۆرنس ئەو تەقەلادانەی پەسەندنەکردبوو وە بەشێکی سەرنەگرتووی حساب کردووە.

(ڕۆبەرت ئولسون) لەکتێبەکەیدا بێجگە لەو بۆچوونەی (لۆرنس)، ئاماژەی بۆ باسێکی (ریدر بولارد) کردووە کە لەهەمووان زۆرتر ڕەخنەی لەپێشنیازەکەی (راولنسن) گرتووە چونکە لای وابووە ئەوەی ئەو باسیکردووە دەبێتە هۆی نیگەرانی و ناڕەزایی ئیسلامەکان لەبەشداربوونی تەقەلایەکی وادا دژی تورکیا، جگە لەوە لۆرنس وتویەتی: (ئەگەر هات و کوردەکان دژی تورك هاندران و لەکاتی شەڕدا واز لەکوردەکان هێنرا، ئیتر تورکەکان دەستدەکەن بەکوشتار لەناو کوردەکاندا بەبێنەوەی یارمەتیان بدەین و لایان لێبکەینەوە).

ڕۆبەرت ئولسون لەباسەکەیدا دەڵێت: لە ١٥ی مارتی ١٩٢١دا چەند کەسێکی لێپرسراو کۆبووبونەوە بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پێشنیازەکەی (راولنسن) کە (شیك بورگ و لۆرنس)یشیان لەگەڵدا بوو، لەئەنجامدا بۆچوونەکانیان پەسەند نەکرد و ڕێبەری ئەنتلجسی بەریتانیا دەربڕی کەوا کوردەکان لەگیرفانی تورکدان (مەبەستی ئەو کوردانە بووە لەکۆنگرەکانی ئەرزڕوم و سێواسدا بەشداریان کردبوو وە لەئەنجومەنی باڵای میللی تورکدا بووبوون بەهاوکاری کەمالیەکان کە ژمارەیان (٧٢) کورد بووە وەکو لەدواییدا باسدەکرێت).

لەهەمان ئەو دوکیومێنتەی ڕاپۆرتەکەی (راولنسن)ی تیادا بڵاوکراوەتەوە وتراوە: ((بولارد بە(شیك بورگ و چرچلی) ڕاگەیاند کە پێویستە (سیر پرسی کۆکس) مەندوبی سامی بەریتانیا لەبەغدا ئاگادار بکرێت، لەبەرئەوەی بەتەمای ئەوەنین کوردەکان دژی تورکەکان هانبدەین ئیتر پێویست بەمانەوەی مێجەر نویل نەماوە و مانەوەی خەلیل بەدرخان پاشاش کە هاتۆتە بەغدا پێویست بەمانەوەی ئەویش ناکات)).

دوکیومێنتەکە لەسەری ئەڕوا و دەڵێت: ((حکومەتی بەریتانیا هەمیشە هەوڵی ئەوەی دابوو گفتوگۆ لەگەڵ تورکەکاندا بکات و لەماوەی (٩-١٦ی مانگی مارتی ١٩٢١)دا لۆرد کرزنی وەزیری دەرەوە لەگەڵ (یوسف کەمال)ی وەزیری دەرەوەی تورك لەلەندەن چەند کۆبونەوەیەکیان کردبوو، بەڵام تورکەکان داخوازیەکانی حکومەتی بەریتانیایان پەسەند نەدەکرد چونکە تورکەکان دژی پێکهێنانی حکومەتێك بوون بۆ ئەرمەنیەکان و بەوەش قایل نەبوو هێزەکانی تورك بەرامبەر بەیۆنانیەکان بکێشێتەوە)).

٢-هەڵوێستی حکومەتی فەرەنسا و ئیتاڵیا

لەکاتی گفتوگۆی پەیمانی سیڤەردا هێشتا هەڵوێستی فەرەنسا و ئیتاڵیا بەرامبەر بەئینگلیزەکان تێکنەچووبوو، هێشتا هەردووکیان بەتەمای ئەوەبوون بەرژەوەندیەکانیان لەناوچەکەدا دابین بکەن، بەلاَم ساتێك بۆیان دەرکەوت حکومەتی بەریتانیا نەخشەی ئەوەی کێشابوو کە ببێت بەدەسەلاَتدار لەهەموو ناوچەکەدا بۆیە بەهەڵوێستی پێشوویاندا چوونەوە و دەستیانکرد بەبەربەرەکانیکردنی بەریتانیا لەسیاسەتەکانیدا لەناوچەی رۆژهەلاَتدا بەتایبەتی دوایینەوەی بۆیان دەرکەوتبوو پەلاماردانی یۆنانیەکان بۆ سەر تورکیا بەهاندانی ئینگلیزەکان بوو بەمەبەستی تەواو لاوازکردنی تورکیا و هەروەکو (لونگریك) لەکتێبەکەیدا (Iraq from ١٩٠٠-١٩٥٠)، چاپی لەندەن ساڵی ١٩٥٧ باسیکردووە ئەو سەرکەوتنەی یۆنان لەسەرەتادا بەسەر تورکەکاندا وای لە(سنیۆر سفورزا)ی وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا کرد بەئاشکرا لەو کۆنفرانسەی لەپاریسدا بەسترا دژی یۆنانیەکان بوەستێت و ساتێك لەلەندەنیش کۆنفرانسێك بەسترا لەنێوان ماوەی ٢١ی شوبات هەتا ١٤ی مارتی ١٩٢١، لەوەدا فەرەنسا و ئیتاڵیا بەئاشکرا داوای ئەوەیانکرد پەیمانی سیڤەر دەستکاری بکرێت (لەڕاستیدا ئەو پەیمانە دەستکاری بکرایە یان نەکرایە هەرهەمان شت بوو چونکە وەکو ڕووداوەکان دەریانخستووە کورد لەقسە بەولاوە هیچی تری نەکردبوو، خەریکی کێشەی ناو خۆی بوو تا ئەوکاتەی بەجێهێنانی ماددەکانی سیڤەری تیادا دەستنیشانکرابوو، کە کاتیش بەسەرچوو هەموو ڕووداوە تازەکان لەسوودی تورکە کەمالیەکاندا بوو کە تادەهات یەك لەدوای یەك مەبەستە سەرەکیەکانی خۆیان دەهێنایەدی هەروەکو لەبەشی پێنجەمی ئەم کتێبەدا ڕووندەبێتەوە.

بێگومان باری نالەباری ئابووری ئیتاڵیا لەدوای شەڕی جیهانی هۆیەکی کاریگەر بوو هەڵوێستی جارانی خۆی بگۆڕێت بەرامبەر بەتورکیا و ئەو پەیمانەی لەنێوان فەرەنسا و تورکیادا لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢١دا بەسترا کە بەپەیمانی (فرانکلین-ویلون) ناسرابوو، ئیتاڵیەکان بەهەلیان زانی و ئەوانیش لەتورکە کەمالیەکان نزیکبوونەوە و فەرەنسیەکان ئەو هێزەیان کە ژمارەی (٨٠ هەزار سەرباز بوو) بەرامبەر بەتورکەکان لە(سیلیزیا) هەموویان کێشایەوە و ئیتاڵیەکانیش پەیمانێکیان لەگەڵ تورکەکاندا مۆرکرد و هێزەکانی خۆیان

له(ئەدەنە) کێشایەوە کە بەرامبەر تورکەکان بوو، لەئەنجامی هەڵوێستی فەرەنسا و ئیتاڵیادا تورکەکان ئەو هێزانەی بەرامبەر هەردوولایان وەستاندبووی دوایئەوەی ترسی هیچ لایەکیان نەما ئەوانیش هێزەکانی خۆیان کێشایەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستیان بوو، پاشئەوەی یۆنانیەکانیان شکاند و لە(ئەزمیر) دەریانکردن ئیتر دەستیانکرد بەبەجێهێنانی نەخشە تازەکەیان کە بریتی بوو لەپاشگەزبوونەوە بەرامبەر بەکورد و هەڵوەشانەوەی خەلافەت و مۆرکردنی پەیمانی لۆزان وەکو باسی ئەو ڕووداوە تازانە یەك لەدوای یەك دەکەین لەباسی داهاتوودا.

٣-هەڵوێستی سۆڤیەت

سۆڤیەت کە لەدوای شەڕ وازی لەو بەشە هێنابوو کە بەپێی پەیمانی (سایکس پیکۆ) بۆ ڕووسیای قەیسەری تەرخانکرابوو وە دەستیکردبوو بەڕەخنەگرتن و هێرشبردن بۆ سەر دەوڵەتە هاوپەیمانەکان کە بەئیمپریالیزم و داگیرکەر ناویان دەبردن و لایانوابوو کەمالیەکان کە تازە کەوتبوونە خۆیان بۆ دەرکردنی هێزەکانی هاوپەیمانەکان لەتورکیا، بزوتنەوەکەیان بریتیبووە لەبزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەی دژ بەدەوڵەتە سەرمایەدارەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، تورکە کەمالیەکانیش لەسەرەتادا هەتا ڕادەیەك زیرەکانە ئەو هەڵوێستەی سۆڤیەتەکانیان قۆستەوە و لێیان نزیك بوونەوە و لە ١٩٢١/٣/١٦دا پەیمانێکی دوو قۆڵی لەنێوان سۆڤیەت و تورکە کەمالیەکاندا بەسترا و تورکەکان مۆڵەتی دروستبوونی حیزبی شیوعیان دابوو بەسەرۆکایەتی (حەقی بەهیج)، کە مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەیاداشتەکانیدا لەباسی (حەقی بەهیج)دا وتویەتی کابرایەکی تۆرانی بوو، فڕی بەسەر ئازادیخوازیەوە نەبوو، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەو حیزبی شیوعیەی تورکە کەمالیەکان لەوپەڕی چالاکیدا بووە و بۆ وروژاندنی باشووری کوردستان دژی کاربەدەستانی بەریتانیای لایەنگر ڕۆژنامەکانیان لەڕێگەی کەرکوکەوە دەگەیاند بەهەندێ شوێن لەباکووری کوردستاندا کە ئەمە سەرودڵی کاربەدەستانی بەریتانیای گرتبوو لەبەغدا و (ئەرنۆڵد ولسن)ی حاکمی گشتی بەریتانیا وەکو لەشوێنی تریشدا باسمانکردووە لەکتێبەکەیدا (١٩٢٠-١٩١٦ Mesopotamia)، چاپی لەندەن ١٩٣١، بێزاری خۆی دەربڕیبوو

بەرامبەر بەو چالاکیە کە وتبووی وای لێهاتووە خەڵك لەمانای (بولشەویك) بگات (هەر ئەو هەڵوێستەی ئەو ڕۆژانەی سۆڤیەت بوو کە لەدواییدا شێخ مەحمود لەسلێمانیەوە نامەیەکی ناردبوو بۆ سۆڤیەت و داوای یارمەتی لێکردبوو بۆ کورد هەروەکو لەلاپەڕە (٤١٨)ی بەرگی دوهەمی کتێبەکەی شێخ مەحمودا سەرچاوە/٨٠ باسی ئەو نامەیەی شێخ مەحمود کراوە.

لەڕاستیدا نەگبەتی کورد لەو ڕۆژانەدا کە پەیمانی سیڤەر لەئارادا بووە و کورد بەتەمای ئەوە بووە لەڕێگەی بەجێهێنانی مادەکانی ئەو پەیمانەوە بگات بەئاواتی خۆی و مادە (١٢)ی چواردە مادەکەی ولسنی سەرۆکی کۆماری ئەمریکا مافی میللەتی کورد بگرێتەوە، بەپێچەوانەوە سۆڤیەتەکان بوون بەدۆستی گەورەترین دوژمنی ئەو ڕۆژانەی کورد کە بریتی بوون لەکەمالیەکان کە تورکەکان نەك تەنها لەڕووی مەعنەویەوە سوودیان لەسۆڤیەت دەستگیربووبوو بەڵکو هەروەکو سەرچاوە/١٩ باسیکردووە تورکە کەمالیەکان لەماوەی (١٩١٩-١٩٢٢)دا نزیکەی (١٠٠) ملیۆن ڕۆبڵیان لەسۆڤیەتەکان دەستگیربووبوو.

دەربارەی ئەو دۆستایەتیەی نێوان سۆڤیەت و تورکە کەمالیەکان (ڕیچارد رالنیسون) لەلاپەڕە (٧٧)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٢٨ وتویەتی بێجگە لەو دەستکەوتانەی تورکەکان لەسۆڤیەت دەستگیریان بووبوو، تورکەکان ئیتر ترسی سۆڤیەتیان لەسەر نەما و هێزەکانیان کە لەسەر سنووری سۆڤیەت دایاننابوون کێشایانەوە و بەکاریانهێنا لەکوشتاری ئەرمەنیەکاندا.

ئەوەی شایانی باسە لەدوکیومێنتی ژمارە (Fo.٣٧١-٦٣٤٩)ی ساڵی ١٩٢٢دا لەلاپەڕە (١٥٤)دا دەربارەی ئەو پەیمانەی سۆڤیەت و تورك وتویەتی: ((لە ١٦ی مارتی ١٩٢١دا لەژێر دروشمی (لەپێناوی یەکێتی و هاوکاری دۆستانە و برایەتیدا) لەمۆسکۆ پەیمانێك لەنێوان تورك و سۆڤیەتدا مۆرکرا، نوێنەرانی تورك لەمۆرکردنی ئەو پەیمانەدا بریتی بوون لە: عەلی فوئاد پاشا و یوسف کامل بەگ و دکتۆر ڕەزا نوری بەگ کە هەموویان ئەندامی ئەنجومەنی باڵای میللی بوون لەو ڕۆژانەدا) و نوێنەری سۆڤیەت بریتی بوون لە (Tchitcherim) و (Djemal Korkmazoff) و ئەوەی وای لەسۆڤیەت کرد ئەو پەیمانە مۆربکات بڕوابوونی سۆڤیەت بوو بەئازادی میللەتانی دژ بەئیمپریالیزم و لەو پەیمانەدا سۆڤیەت بەڵێنی دابوو بەکەمالیەکان کە دان بەهیچ پەیمانێکدا نەنێت کە پەیوەندی بەتورکەوە هەبێت ئەگەر ئەو پەیمانە لەمیساقی میللیدا بڕیاری لەسەر نەدرابێت و

دژی تـورك بێـت، کـه ئـەم بەڵێنـەی سـۆڤیەت بـوو بـەهۆی ئـەوەی سـۆڤیەت دان بەناوەڕۆکی مادەکانی پەیمانی سیڤەردا نەنێت)).

لەپەرەگرافی/١ی ئەو دوکیومێنتەدا باسـی یەکەم مادەی ڕێکەوتنی سۆڤیەتی بەمجۆرە کردووە: هەردوولا بڕیاری ئەوە ئەدەن هیچ کامیان پەیمان لەگەڵ لایـەکی تـردا نەبەسـتێت ئەگـەر ئـەو لایـە دژی مادەکـانی ئـەو ڕێکەوتنـە بێـت و بڕیـار لەسـەرئەوە ئـەدەن سـنووری تورکیـا بریتـی دەبێـت لـەو سـنوورەی لەلایـەن ئەنجومـەنی بـاڵای میللـی تورکـەوە کـە تورکـەکان خۆیـان پێیـان وتـوە (میسـاقی میللـی) دەستنیشـانکراوە (بـەپێی ئـەم میسـاقی میللییـەی لەڕێکەوتنەکەیانـدا باسیانکردووە ویلایەتی موسڵ دەکەوێتە ناو سنووری تورکیاوە).

مـادە/ ٢، ٣ی پەیمانەکـە پەیوەنـدی بـەکوردەوە نییـە، مـادە/٤ هـەردوولا سۆڤیەت و تورك دان بەوەدا دەنێن دانیشتوانی ئەو ناوچانەی ئەکەونە ڕۆژهـەڵاتی تورکیا (کە مەبەستی ئەو بەشەی ئەرمینیا بووە کە لەژێر سایەی سۆڤیەتدا بوون و کورد و نەتەوەکانی تری نەگرتۆتەوە) مافی سـەربەخۆییان هەیـە لەبـەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیاندا، ئەمەی خوارەوە دەقی (مادە/٤)ە بەپێی دوکیومێنتەکە:

(The contraction Parties Recognized the right of independent and self government of eastern places).

دەربـارەی ئـەو پەیمانـەی لـەنێوان سـۆڤیەت و تورکـدا مـۆرکرا جگـە لـەو دوکیومێنتە، لەهەندێ سەرچاوەی تردا لێیدواون و هەریەکەیان باسی چمکێکی ئـەو پەیمانـەیان کـردووە، بـۆ نمونـە: لەلاپـەڕە (١٨١)ی سەرچـاوە/٤٤دا (الرجـل الصـنم) وتویـەتی: سـاتێك ئـەو پەیمانـە مۆرکرا مسـتەفا کـەمال لایـەنگرانی خـۆی ڕاسپاردبوو قردێلەیـەکی سـووربکەن بەقەڵپاغـەکانیانا و بۆیمبـاغی سـوور ببەسـتن بۆ نیشانەی دۆسـتایەتی و نزیکبوونـەوە لەسـۆڤیەت کە ڕەنگـی سووریان کردبـوو بـەدروشمی خۆیـان و هـەر بەمسـتەفا کەمالیشـەوە نەوەسـتابوو بـەڵکو زۆری تـر لاسایی ئەویان دەکردەوە.

بـۆ نمونە نووسـەری سەرچـاوە/٤٤ ئامـاژەی بـۆ کتێبـی (جانقایـا-نـاوی ئـەو کۆشکە بووە مستەفا کەمال لەئەنقەرەدا تیایدا ژیابوو) کردووە لەنووسـینی (فـالح رفعت) کە تیایدا وتویەتی: ((ڕۆژێك (سـید نـاظم) کە نوێنـەری ویلایـەتی (توقـات) بـوو، بەبۆنـەی دروسـتکردنی یانەیـەکی تـازەوە کۆبونەوەیـەکی کردبـوو زۆربـەی ئەنجومەنەکـەی مسـتەفا کـەمال هـاتبوون و لـەو کۆبوونەوەیـەدا (شـێخ ثـروت)

پێشوازی لەمیوانەکان کردبوو، پێی وتبوون شیوعیەت لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا یەکدەگرێتەوە و دژی نیە، ئەبوبەکری یەکەم خەلیفەی ئیسلام شیوعی بوو چونکە لەدوایینەوەی بوو بەئیسلام هەموو پارەکانی بەسەر هەژارەکاندا دابەشکرد)).

دەربارەی (حقی بهیج)یش کە بەرلەمە باسمانکرد و مامۆستا ڕەفیق حیلمی وتویەتی تۆرانی بووە، لەلاپەڕە (١٨٢)ی سەرچاوە/٤٤دا وتویەتی: (حقی بهیج) بەیانێکی حیزبی شیوعی نارد بۆ هەموو سەرکردەکانی سوپا بەئیمزای مستەفا کەمال بۆئەوەی بیخوێننەوە و پەیڕەوی بکەن)، هەمان سەرچاوە/٤٤ باسی (عەلی فوئاد جیسو)ی کردووە کە یەکێك بووە لەسەرکردەکانی سوپای تورك و شانبەشانی مستەفا کەمال لەشەڕی ڕزگاریدا بەشداربووە، لەکتێبەکەیدا (مذکرات الکفاح القومی) وەکو وەرگێڕاوە عەرەبیەکەی ئەو سەرچاوەیە باسیکردووە وتویەتی: ((وا بەباش و پێویست زانرا لەژێر چاودێری حکومەتدا حیزبی شیوعی تورك لەسەرەتادا لە(٣٠) کەس پێکبێت کە فەوزی پاشا (مەبەست فەوزی چقماقچی بووە) و عەلی فوئاد پاشا و کازم پاشا ڕەفعەت و ئەنوەر بەگ تیایدا بەشداربن و جفرەی حیزبەکە لەلایەن (حقی بهیج)ەوە ئامادەکرا کە سکرتێری حیزبەکە بوو)).

لەسەرچاوە/٨٥دا کە نوسەرەکەی (Patrick Kinross)ە لەلاپەڕە (٢٦)ی کتێبەکەیدا دەربارەی ئەو حیزبی شیوعیەی لەتورکیادا پێکهاتبوو وتویەتی: لەو ڕۆژانەدا بیروباوەڕی مارکسی بەشێوەیەکی ئاشکرا لەئەنجومەنی میللیدا باسی لەسەردەکرا و ناوەڕۆکەکەی تاوتوێ دەکرا و لەئەنجومەنەکەدا دواکرا یاسایەك دەرچێت لەژێر ناوی (سوپای سەوز) و ئەو سوپایە لەشێوەی سوپای سووری ڕووس پێکهێنرا کە ئۆرگانی ئەو هێزە سوپاییە بریتی بوو لە(Yeni Dunya-کە ماناکەی دنیای نوێ دەگرێتەوە) و کار بەمەشەوە نەوەستا بەڵکو لە(ئەسکی شەهر)دا ئەنتلجسی سۆڤیەتیش پێکهات، لەشەڕی یۆناندا وا بڵاوبووەوە ترسی ئەوە هەبووە کە دوورنییە ئەو هێزە لەپشتەوە لەمستەفا کەمال بدات بۆیە زۆری پێنەچوو هەڵوەشێنرایەوە.

نوسەر ئەڵێ: ئەمەی مستەفا کەمال لەو ڕۆژانەدا کردی شتێکی کاتی بوو، زۆری پێنەچوو ئینگلیزەکان لەمستەفا کەمال نزیکبوونەوە و وایانلێکرد ئەو حیزبە هەڵوەشێنێتەوە و (مستەفا سوبحی) کە تورکێکی سۆشیالیست بوو لەگەڵ

(١٦) کەسی تر گیران و بەوجۆرە بەنزیکبوونەوەی مستەفا کەمال لەئینگلیزەکان ئیتر پێویستی بەدۆستایەتی سۆڤیەت نەما.

٤-هەڵویستی ئەمریکا

ئەمریکا لەشەڕی جیهانیدا بەشداری نەکردبوو، لەڕووی ئابوورییەوە لەهەمووان زۆرتر قازانجی کردبوو، قەرزێکی زۆری دابوو بەهەموولایەك و سوودێکی زۆری لەو قەرزدانە دەستگیربوو، بەلاّم کە شەڕ بڕایەوە نەیتوانی بەرامبەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست گۆشەگیربێت و بەر لەهەموو شتێك سەرۆك کۆمارەکەیان کە (ویلسن) بوو چوارده مادەکەی خۆی بلاّوکردەوە کە مادە/١٢ی بریتیبوو لەمافی چارەنووسی گەلان کە میللەتی کوردیشی دەگرتەوە و کە دەستیشکرا بەدامەزراندنی ڕێکخراوە جیهانییەکان، هەروەکو لەبەشی یەکەمدا لەباسی دروستبوونی کۆمەڵی نەتەوەکاندا (عصبة الأمم)، ویلسن ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە و هەروەکو لەو باسەدا بەدووروودرێژی باسکراوە لەباسی دامەزراندنی (عصبة الأمم)دا باسی پێکهێنانی حکومەتی کوردیش خرابووە پێشچاو.

بەلاّم زۆری پێنەچوو ویلسن نەخۆشدەکەوێت و لەهەڵبژاردنی سەرۆك کۆماردا کە نوێنەری (حیزبی جمهوری) بووە دەرناچێت و دیموکراتیەکان دەیبەنەوە کە ئەمانە سیاسەتێکی جیاوازیان هەبووە لەگەڵ سیاسەتی جمهوریەکاندا و بەپێچەوانەی ئەوان لایەنگری ئەوەبوون پەیمانی سیڤەر دوابخرێت. دەربارەی چۆنێتی دواخستنی پەیمانی سیڤەر، سریا بەدرخان لەلاپەڕەکانی (٣٥-٣٦)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٧٩ باسی ئەوەی کردووە چۆن دەوڵەتە هاوپەیمانەکان داخوازیەکەی سەرۆکی تازەی ئەمریکایان بەجێهێنا بەدواخستن و بەسەرنەگرتنی پەیمانی سیڤەر کە لەو ناوەدا تەنها کورد و ئەرمەنی زیانیان پێکەیشت.

دەربارەی ڕۆڵی ئەمریکا، سریا بەدرخان لەکتێبەکەیدا ئامارەی بۆ ڕاپۆرتێکی (M. Auguste Benand)ی فەرەنسی کردووە کە ئەفسەرێکی ئەکادیمی (Liguillon) بووە کە لەڕاپۆرتەکەیدا وتویەتی: ((لەساڵی ١٩١٩دا حکومەتی فەرەنسا موافەقەتی لەسەرئەوە کرد (١٢) هەزار سەرباز بنێرێت بۆ ئەرمینیا و کۆلۆنێل (Bromand)ی ڕاسپارد دەستبکات بەڕێکخستنی سوپای ئەرمینیا لەکیلیکیا (کە کیلیکیا بەپێی پەیمانی سایکس پیکۆ بەر خۆی کەوتبوو)، بەلاّم بەهۆی ئەو فرۆفێلاّنەی ڕێکخرابوو، بۆچوونەکەی ئەمریکا سەریگرت (کە بریتیبووە

لەدواخستنی سەرگرتنی پەیمانی سیڤەر) و لەکاتێکدا ئێمە خۆمان دەمانویست ئەو هێزەمان بنێرین کەچی ئەمریکاییەکان بڵاویانکردەوە ئەوان خۆیان دەیانەوێ هێزێکی خۆیان بنێرن بۆ ئەرمینیا. بەوجۆرە ئەو بەسەرهات و کارەساتەی ئەرمەنیەکان تووشیبوون هەمووی دەکەوێتە ئەستۆی ئەمریکاییەکانەوە (کەوا دیارە خۆشیان هیچ هێزێکیان نەناردبوو بۆ ئەرمەنیەکان)، هەرچەند ئێمە بەرامبەر بەوە بێدەنگ نەبووین و بێزاری و نارەزایی خۆمان ئاشکراکرد کە دواخستنی بەجێهێنانی پەیمانی سیڤەر ئەو کارەساتەی لێپەیدابوو)).

سریا بەدرخان هەروەکو لەکتێبەکەیدا روونیکردۆتەوە دواخستنی پەیمانی سیڤەر و سەرنەگرتنی هەروەکو لەو راپۆرتەدا ئاماژەی بۆ کراوە گەورەترین خزمەتی پێشکەش کرد بەتورکە کەمالیەکان کە توانیبوویان لەو ماوەیەدا خۆیان کۆبکەنەوە و خۆیان بەهێزبکەن و توانیبوویان بەسەر یۆنانیەکاندا سەربکەون. سریا بەدرخان لەلاپەرە (٣٦)ی کتێبەکەیدا باسی پروپاگەندەکانی تورکە کەمالیەکانی کردووە چۆن لەو رۆژانەدا باسی ئەمریکاییەکانیان بلأودەکردەوە چۆن دەیانویست پەیمانی سیڤەر دوابخەن.

سریا بەدرخان باسی ئەو ئەمریکاییانەی کردووە کە لەو رۆژانەدا لەئەستەمبوڵدا دەژیان و چۆن میسنێرەکانیان خەموخەفەتی ئەوەیان دەخوارد کە رێگا نەدرابوو بەتورکە کەمالیەکان حکومەتەکەیان ببێت بەئەندام لەکۆمەڵی نەتەوەکاندا (عصبە الامم) و ئەو ئەمریکاییانە بەئاشکرا پێیانەوە دیاربوو کە وای بۆ چووبوون سەربەخۆیی کورد و ئەرمەنی مەترسیەکی زۆری هەبووە بۆ بوژاندنەوەی (Hellenism—نەتەوایەتی هیلینی مەبەست نەتەوەی یۆنانە)، وە ئەو ئەمریکاییانە ترسی ئەوەیان لێنیشتبوو بەسەرکەوتنی ئەوانە زیانێکی زۆر بەبەرژەوەندیەکانی ئەوان دەگەیەنێت و ئەمریکایی واهەبوو وەکو (D.Gate) و (Bristol) بەئاشکرا و بێپێچوپەنا پروپاگەندەیان بۆ تورکەکان دەکرد و (D.Gate) نامەیەکی لەتەڵعەت پاشاوە پێگەیشتبوو (تەڵعەت پاشا یەکێك بووە لەو تاوانبارانەی دەستێکی بالأیان هەبووە لەکوشتاری ئەرمەنیەکاندا) کە بدرێت بەنوێنەری ئەمریکا لەپاریس بۆئەوەی کارێکی وابکرێت ئەمریکا ببێت بەتاقە هێزێك بەشێوەیەکی شەرعی ببێت بەسەرپەرشتیکەری (Mandate—منتدب)ی تورکیا.

تورکـەکان هەرچـەند دەیـانزانی ئـەو پێشـنیازەی خرابـووە پێشچـاو بـۆ سەرپەرشتیکردنی تورکیا لەلایەن ئەمریکاوە شتێك نەبوو ئومێدی سەرکەوتنی تیادا بێت بەلاّم دەیانویست سوود لەبەسەربردنی کات وەربگرن چونکە دەزانرا ئەگـەر ئـەوە سـەربیگرتایە نـاوی دەوڵەتـە هاوپەیمانـەکان بەتـەواوەتی دەزڕا لەناوچەکانی ڕۆژهەلاّتـدا، تورکەکان تـەنها بـەوە ئومێدیان هـەبوو ئـەو پێشـنیازە دەبێتـەهۆی تێکچـوونی دەوڵەتـە هاوپەیمانـەکان لـەناو خۆیانـدا (کـە لەڕاسـتیدا تارادەیـەك تەقـەلای تورکـەکان بێسـوود نـەبوو لـەڕووی تێکچـوونی دەوڵەتـە هاوپەیمانـەکان لـەناو خۆیانـدا هـەروەکو بەرلەمـە باسـی نـاڕێکی فەرەنسـا و ئیتاڵیامان کرد لەگەڵ حکومەتی بەریتانیادا).

هەرچـەند سـریا بـەدرخان باسـی هـۆی ئـەو بایـەخ پێدانـەی ئـەمریکای زۆر بـەکورتی کـردووە کـە بریتیبـووە لەهەڵوێسـتی ئەمریکاییـەکان و میسـنیرە ئەمریکاییەکان کە لەئەستەمبوڵدا بوون لـەو ڕۆژانـەدا، بـەلاّم هـیچ گومـان لـەوەدا نییـە هـەروەکو چـۆن ئینگلیزەکـان و فەرەنسـیەکان ماوەیـەکی زۆربـوو خـەریکی کۆکردنـەوەی زانیـاری بـوون دەربـارەی ڕۆژهـەلاّتی ناوەڕاسـت کـە بـوونی نـەوت لەناوچـەکەدا شـتێك نـەبووە سـەرمایەدارانی ئـەمریکاش وەکـو کۆمپانیـا و سـەرمایەدارەکانی بـەریتانیا و فەرەنسـا بایـەخیان پێنـەدابێت، کۆمپانیـا و سـەرمایەدارەکانی ئـەمریکا مەبەسـتیان بـووە جگـە لەسـوودوەرگرتن لەنـەوتی ناوچـەکە، ئـەو قەرزانـەیان دەسـتبکەوێتەوە کـە دابوویـان بـەو دەوڵەتانـەی لەشـەڕەکەدا بەشـداربوون کـە بێگومـان تورکیـا یـەکێك بـووە لـەو قەرزاربارانـەی دەبووایە قەرزەکانیان بەسوودەکانیشەوە بدەنەوە بەئەمریکا.

ئەمریکاییەکان بەهیوای ئەوە بوون تورکەکان توانای ئەوەیان هەبێت ویلایەتی موسـڵی پـڕ لەنـەوتیان دەسـتگیربێتەوە و لایـانوابوو ئـەو کۆمپانیـا نەوتـەی کـە عوسمانی بەشێکی بەناوی ئەوەوە بوو شتێك نەبوو گاڵتەی لەگەڵ بکرێت و ئەگەر تورکیا ئەو بەشەی خۆی دەستگیربێتەوە ئەمریکاییەکان دەتوانن سودێکی زۆریان لێدەستگیربێت کە کۆمپانیای (ستاندر ئویل)ی ئەمریکی لەو ڕووەوە لـەو ڕۆژانـەدا لەوپـەڕی چـالاکیدا بـووە، دەربـارەی ئەمـە لەلاپـەڕە (١١٥)ی دوکیـومێنتی ژمـارە (Fo.٣٧١-٦٣٤٤)ی مـانگی مایسـی ١٩٢٢ باسـی کۆبونەوەیـەك دەکـات کـە لـە ١٩٢٢/٥/٢دا بەسەرۆکایەتی (شیك بورگ) بەستڕابوو ـ ـەدا وتراوە: ((شـەریکەی ستاندر ئویلی ئەمریکی هـانی تورکـەکان ئـەدات واز لەویلایـەتی موسڵ نەهێنن، چونکە حکومـەتی ئـەمریکا دەیـەوێ بەشـێك لەنـەوتی موسـڵی دەسـتگیربێت و لـەو

کۆبوونەوەیەدا ئەوە خرایە بەرچاو ئایا ئەگەر بەشێك بدرێت بەئەمریکا ئیتر واز لەهاندانی تورکەکان دەهێنێت)).

بۆ نەهێشتنی ئەم مەترسیە، هەروەکو دوکیومێنتەکە باسیکردووە وەزیری موستەعمەرات (کە لەو رۆژانەدا چرچل بووە) داوای لەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کرد کە لەوە بکۆڵێتەوە ئایا ئەگەر پەیوەندی بەتورکە کەمالیەکانەوە بکرێت و بدرێت بەگوێیاندا کە دەتوانرێ چاو بەمادەکانی پەیمانی سیڤەردا بخشێنرێتەوە و دەستکاری مافەکانی کورد بکرێت (بێگومان ئەمە بۆ ئەوە بووە تورکەکان بەرەسمی واز لەویلایەتی موسڵ بێنن و بەمە رزگاریان بێت لەهەڵپە و تەقەلاکانی ئەمریکا).

لەراستیدا سیاسەتی بێکۆڵدان و درێژخایەنی کاربەدەستانی بەریتانیا کارێکی وایکرد هەروەکو چۆن دەستی فەرەنسیەکانیان بری و بەشتێکی کەم ئەو لە ٢٥٪ نەوتەی کە پەیمانیان پێدرابوو بەنرخێکی هەرزان لەدەستیان دەرهێنان و ئەو بەشە مێژووییەش کە تورکەکان تا ماوەیەك سووربوون لەسەری، کاربەدەستانی ئینگلیز تورکەکانیشیان خەڵەتاند و (هنری دوبس) لەنامەی ژمارە ٩٨٨ی رۆژی ١٩٢٦/٥/١١دا بۆ حکومەتی عێراقی ناردبوو داوای لێکردبوو ئەو کێشەیە لەگەڵ تورکەکاندا چارەسەر بکرێت و (سیر رۆنالد لیندسای) بڕیاریدا حکومەتی عێراق تەنها (٣٠٠) هەزار پاوەندی ئەستەرلینی بدات بەتورکیا و بەوە کێشەکە برایەوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەگەرچی سیاسەتی حکومەتی ئەمریکا و سەرمایەدار و کۆمپانیاکانی سەرگەرمی لایەنگرێتی کەمالیەکان بوون بەڵام رۆژنامە و گۆڤارەکان و هەندێ لەسیاسەتمەدارانی ئەمریکا لەدەماری تورکەکان و لەدرندەیەتیان گەیشتبوون.

بۆ نمونە (ریچارد رالینسۆن) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/ ٢٨ باسی رۆژنامەی (Literary digest)ی مانگی مارسی ١٩٢٠ی کردووە کە تیایدا وتراوە: (بڕواناکەم هیچ رۆژنامەیەکی ئەمریکی لای وابێ باری ژیانی دانیشتوانی تورك روو لەباشی دەکات). هەمان سەرچاوە/ ٢٨ باسی رۆژنامەیەکی تری کردووە (NewYork Tribune) کە دەربارەی تورك وتویەتی: (تورك کە پیشەی جەردەیی و پیاوکوشتنە و ئالوودەی خوێنڕشتنە هەمیشە دژی هەموو جۆرە پێشکەوتن و شارستانیەتیەکە).

ڕۆژنامەیەکی تری ئەمریکی (The Philadelphia inourer) لەسەروتارێکدا وتبووی: (تورکەکان لەو جۆرە خەڵکە نین بەرەو ڕەوشتی باش بڕۆن و لەوانەش نیە چاکبکرێن و جێگەی بڕواش نین کە هیچ بەڵێنێکی خۆیان ببەنەسەر). هەمان سەرچاوە باسی ساڵنامەی فرنگستانی زانیاری سیاسی ئەمریکا کردووە کە لەتەموزی ١٩١٩دا وتویەتی: (تورکەکان لەدڕندەیەتیاندا هەروەکو مرۆڤەکانی سەدەی ناوەڕاست ڕەفتاردەکەن و بەکۆمەڵ خەڵك ئاوارە دەکەن بۆ چۆڵ و بیابانەکان و کوشتن و بڕین و تالآنی لای ئەوان شتێکی بێسنوورە و ئەتکی شەرەف و ناموسی ژنان و برسیکردنی دانیشتوانی گوندەکانیان لەلا شتێکی ئاسان و ئاساییە).

تا ئێرە باسی ئەو هۆیانە بوو کە کورد لەئەنجامیاندا زیانێکی زۆری لێکەوت بەسەرنەکەوتنی پەیمانی سیڤەر و ئەگەرچی هەروەکو دکتۆر قاسملۆ لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/١٦ باشی بۆچووە کە وتبووی پەیمانی سیڤەر پەیمانێکی شلۆق و لاوازبوو، هەر لەسەرەتاوە کەموکوڕیەکانی دەرکەوتبوو بەلآم لەڕاستیدا هۆی سەرەکی سەرنەگرتنی پەیمانەکە دەکەوێتە ئەستۆی کورد خۆی وەکو لەشوێنی خۆیدا بەدوورودرێژ لەکەموکوڕیەکانی کورد دواین و بایەخنەدانی کورد بەبەجێهێنانی قۆناغەکانی سیڤەر لەکاتی خۆیدا هەلێکی باش و لەباری بۆ تورکە کەمالیەکان ڕەخساند کە پەیمانەکەیان مۆرنەکردبوو، دانیان بەناوەڕۆکەکەیدا نەنابوو، سۆڤیەت لەمەدا خزمەتێکی زۆری تورکەکانی کردبوو، بەلآم ئەگەر کورد بەبەڵێنەکانی حکومەتی بەریتانیا هەڵنەخەڵەتایە و هەنگاو بەهەنگاو ئەوەی پێویست بوو بۆ بەجێهێنانی پەیمانەکە بیکردایە و ناکۆکی نێوان ڕیزەکانی خۆی نەبووایە بەهۆی دواخستنی، تورکەکانیش بەئاسانی ئەوەی مەبەستیان بوو بۆیان نەدەچووەسەر و ئەو ئاڵوگۆڕەی سەر هەڵوێستی دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا ڕوویدابوو نەدەبوو بەهۆی لەکیسچوونی ئەو هەل و دەرفەتە مێژووییە و لەو ڕووەوە (بوانکارە)ی سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا باشی بۆچووبوو کە وتبووی: (پەیمانی سیڤەر لەخانووی کارگەیەکی کاشی و فەرفوریدا مۆرکرابوو، کە لەکاتی خۆیدا سەرینەگرت وەکو یەکێك لەکاشیەکانی ئەو کارگەیە شکا و لەدەستچوو).

بەشی پێنجەم
بزوتنەوەی کەمالیەکان

لەدوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی و مۆرکردنی پەیمانی (مودراس) لەنێوان دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لەلایەك و لەلایەن نوێنەری حکومەتی تورکی پاشماوەی خەلافەتی عوسمانی لەلایەکی ترەوە، بەمۆرکردنی ئەو پەیمانە ناوی حکومەت هەر بەناو و وەکو شتێکی ڕەمزی مابوو، کاربەدەستانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان کە دەستیان بەسەر هەموو کاروبارێکی وڵاتدا گرتبوو بەتایبەتی ئینگلیزەکان بەوپەڕی لوتبەرزیەوە لەگەڵ دانیشتوانی وڵاتدا هەڵسوکەوتیان کردووە و بەچاوێکی سووکەوە دەیانڕوانیە کاربەدەستە تورکە بێدەسەڵاتەکان، هەندێ سەرچاوە لایانوایە خەلافەتی تورك لەئەستەمبوڵ لەسەرەتادا خۆی بووبوو بەهۆی ئەوەی بزوتنەوەیەکی دژ بەدەوڵەتە هاوپەیمانەکان لەوڵاتدا سەرهەڵبدات و بەناوی چەککردنی هێزەکەی (کازم قەرەپاشا) کە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لێی ڕازی نەبوون حکومەتی ئەستەمبوڵ مستەفا کەمالیان ناردبوو هەروەکو پشکنەرێکی گشتی ئەو چەککردنەی کازم قەرەپاشا ئەنجامبدات و ئەحمەد تەقی کە لەو ڕۆژانەدا ئەفسەرێك بووە لەناو سوپای عوسمانیدا لەیاداشتەکانیدا سەرچاوە/٦٩ لەباسی ئەو ڕۆژانەدا وتویەتی:

ساتێك مستەفا کەمال لەگەڵ چەند ئینگلیزێکدا نێردران بۆ چەککردنی هێزەکەی کازم قەرەپاشا، مستەفا کەمال لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ کازم قەرەپاشادا لەسەرئەوە ڕێککەوتن ئەو ئینگلیزانە بگرن و بەهەردوولا بڕیاریاندا (کۆنگرەی ئەرزڕووم) ببەستن بۆ چارەسەرکردنی باری وڵات و لەیەکەم کۆبونەوەی ئەرزڕومدا (١٠٠) هەزار لیرە کۆکرایەوە بۆ یارمەتیدانی مستەفا کەمال و لەو ڕۆژانەدا کوردەکان (بێگومان هەندێکیان) ئامادەبوون لەگەڵ شەیتانیشدا ڕێکبکەون بەمەرجێك لەئینگلیز و ئەرمەنیەکان ڕزگاریان بێت و بەوجۆرە ژمارەیەکی زۆری کورد بەخۆیان و چەکەکانیانەوە چوونە پاڵ چەکدارەکانی مستەفا کەمال (لەڕاستیدا ناڕازیبوونی کورد لەئینگلیزەکان بەهۆی ئەوەوە بووە کە لایانوابووە دەبن بەلایەنگری ئەرمەنیەکان کە کۆنە قینێکی کۆن هەبووە لەنێوان ئەو کوردانەی لەدەسەڵاتدارێتی ئەرمەنیەکان سڵەمیبوونەوە و ترسی ئەوەیان

هەبووایە تۆڵەی پێشووی خۆیانیان لێبکەنەوە کە هەندێکیان بەوە تاوانبار کرابوون لەکاتی عوسمانیەکاندا بووبوون بەهاوکاری تورکەکان لەو کوشتارانەی لێیانکرابوو وەکو لەشوێنی خۆیدا دەچینە سەر ئەو باسە و بەدوورودرێژی لێی‌دەکۆڵینەوە).

ئەحمەد تەقی لەیاداشتەکانیدا لەسەرینەڕوا و ئەڵێت: ((لەسەرەتادا کە مستەفا کەمال تەواو بەهێز نەبووبوو، پێویستی بەیارمەتی و هاوکاری کوردەکان هەبوو لەگەڵ کوردەکان ڕێککەوتبوو ئیدارەیەکی برایانەی هاوبەش پێکبێنن بەوپێیە (بویوك مجلسی-کە مەبەستی ئەنجومەنی باڵای میللی‌یە) پێکهێنرا)). بۆ ئاسانکردنی ئەم باسە دەیکەین بەم چەند بەشەی خوارەوە:

یەکەم: پرۆگرام و پەیڕەو و ئامانج و مەبەستە سەرەکیەکانی کەمالیەکان.

دوهەم: ژیانی مستەف کەمال و چۆنیەتی دەرکەوتن و سەرکەوتنی.

سێهەم: کۆنگرەکانی ئەرزڕوم و سیواس و مۆرکردنی میساقی میللی و هاوکاریکردنی کورد لەم ڕێکخراوانەدا.

یەکەم/ پرۆگرام و پەیڕەو و ئامانج و مەبەستە سەرەکیەکانی کەمالیەکان

دەربارەی دەستنیشانکردنی بیروبۆچوون و دەستنیشانکردنی پرۆگرام و پەیڕەو و ئامانج و مەبەستە سەرەکیەکانی کەمالیەکان، (ڕیچارد ڕالینسۆن) لەسەرچاوە/٢٨دا باسی کۆبونەوەیەکی کردووە کە لەمانگی تەموزی ١٩١٩دا کرابوو بەسەرۆکایەتی مستەفا کەمال، نەخشەی پرۆگرام و پەیڕەوی خۆیان دەستنیشانکرد کە بریتی بوون لەو بڕیارانەی لەم شەش خاڵانەی خوارەوە باسکراون:

١-ئەو شوێنانەی لەپەیمانی (مودراس-کە پەیمانی شەڕ وەستاندن بووە)دا بڕیاریان لەسەردرابوو بەهیچ شێوەیەك لەوڵات جیاناکرێنەوە و ڕێگەی دابەشکردنیان نادرێت.

٢-ئەگەر هات و بڕیاری پارچە پارچەکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی درا پێویستە بەهەموو شێوەیەك بەرەنگاری ئەو بیگانانە ببینەوە کە وڵات پارچە پارچە دەکەن و ڕێگەیان پێنەدەن مەبەستەکانی خۆیان لەو ڕووەوە بەجێبێنن.

٣-لەبەرئەوەی حکومەتی ئەستەمبولٚ توانا و دەسەلاٚتی پاراستنی سەربەخۆیی ولاٚت و میللەتی نەماوە بۆیە پێویستە حکومەتێکی کاتی پێکبێت (کە بڕیاربووە لەکۆتایی ساڵی ١٩١٩دا ئەو حکومەتە کاتیە لەسێواس پێکبێت).

٤-نابێ هیچ جۆرە ئیمتیازێك بدرێت بەکریستیانەکان (کە بێگومان مەبەست ئەرمەنیەکان بووە کە ویسترابوو حکومەتێکیان بۆ دروست بکرێت) ئەگەر ئەو جۆرە ئیمتیازە زیان بەحاکمیتی سیاسی ولاٚت بگەیەنێت.

٥-نابێ هیچ جۆرە بڕیارێك قبولٚ بکرێت بەناوی (Mandate-انتداب)ەوە.

٦-پێویستە بەزووترین کات ئەنجومەنی میللی دامەزرێنرێت.

نووسەری سەرچاوەکە دەڵێ: ئەو ئەنجومەنە لەدواییدا لە ١٩٢٠/١/٢٠دا پێکهات (بەڵام لەسەرچاوە/٨٥دا وتراوە لە ١٩٢٠/٢/١٧دا ئەو ئەنجومەنە دامەزرا)، نوسەری سەرچاوەکە لەسەر باسەکەی دەڕوات و دەڵێت: زۆربەی ئەوانەی لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی میللیدا بەشداریان کردبوو پێیان دەوترا (میللیون-سەر بەمستەفا کەمال بوون و لەو ئەنجومەنەدا داواکرا ئەو باس و بەیاناتەی لەکۆنگرەی ئەرزڕوم و سێواسدا بڕیاری لەسەردرابوو هەموویان بەشێوەیەکی ڕەسمی بلاٚوبکرێنەوە.

لەلایەن ئەنجومەنەوە بڕیاردرا (میساقی میللی) ناوەڕۆکەکەی بریتی بێت لەمانەی خوارەوە:

أ-باسی چارەنووسی ئەو بەشانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە زۆربەی عەرەبنشین بوون لەگەڵ بەشەکانی تری کە زۆربەیان موسڵمانن بکرێت (بێگومان کوردیش وەکو بەشێکی موسڵمان ئەمە دەیگرتەوە).

ب-ئیعلانی سەربەستی و ئازادی هاتوچۆکردن لەدەریای ڕەشدا بەمەرجێك هیچ زیانێك بەئاسایشی ئەستەمبولٚ نەگەیەنێت.

ج-پێویستە مافی کەمە نەتەوەکان بپارێزرێت.

د-پێویستە نەتەوەی تورك بەتەواوەتی ئازاد و سەربەخۆ بێت.

لەدوای دەرچوونی ئەو بلاٚوبوونەوەیە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان کە جاران زۆرتر دەستیان بەسەر ئەستەمبولٚدا گرت و حکومەتی سوڵتان لەڕێگەی (شیخ الاسلام)ەوە فەتوایەکی دەرکرد دژی میللیون و یۆنانیەکانیش فشارێکی زۆریان

خستەســـەر تاقمەكـــەی مســـتەفا كـــەمال. لـــەڕۆژی ٢٣/٤/١٩٢٠دا میلليـــون لەئەنجومەنی میللیدا كۆبوونەوە و مستەفا كەمال كرا بەسەرۆك و ئەویش بڕیاری دامەزراندنی حكومەتێكی دا و دروستیكرد و بڕیاردرا هیچ دەسەلاَتێك لەژوور دەسەلاَتی ئەم حكومەتەوە نەمێنێت.

نوســەری سەرچاوە/٢٨ لەلاپــەڕە (٧٣)دا لەســەر باســەكەی دەڕوا و دەڵێـت: زۆری پێنەچوو ژمارەیەكی زۆر لەوانەی هێشتا لەناو سوپای سوڵتاندا مابوون پەیوەندییان بەمیللیونەكانەوە كرد و پاشنەوەی سۆڤیەت و كەمالیەكان پەیمانە دووقۆڵیەكـەی نێوانیـان لـەمانگی مـارتی ١٩٢١دا مـۆركرد، ئـیتر كەمالیـەكان هێزەكانی خۆیـان كـە بەرامبـەر سـۆڤیەت بـوو كێشـایانەوە و دژی ئەرمەنیـەكان بەكاریانهێنا و پاش ماوەیەكیش كە كەمالیەكان لە(ئەناتولیا) خۆیان بەهێزكرد و ڕوویانكردە دەردەنێل و ئینگلیزەكان ڕێگەیان پێگرتن، توركەكان توانیان لەشەڕی (چەنا قەلعە)ی بەناوبانگدا ئینگلیزەكان بشكێنن و ئەو شكاندنەی ئینگلیز لەو شـەڕەدا بـوو بـەهۆی بێزاربـوونی ڕای گشـتی لەبـەریتانیادا و لەئەنجامـدا (لویـد جۆرج) ناچاربوو دەست لەكار بكێشێتەوە، لەوەوە وردەوردە ڕێگە بۆ مۆركردنی پـــەیمانی (لـــۆزان) خۆشـــكرا كـــە سەرچـــاوەی ئـــەم باســـەی لەلایـــەن (ڕیچـــارد ڕالینسۆن)ەوە بلاَوكراوەتەوە بریتیـیە لەكتێبی (The Western Question in Greece and Turkey) هەروەكو خۆی باسیكردووە.

دەربارەی مادەكانی (میساقی میللـی) لەسەرچاوەی پێشوودا باسی پێشـەكی ئەو (میساقی میللـی)یـەی بـەم شێوەیەی خوارەوە كردووە: نوێنـەرانی ئەنجومـەن (مەبەسـت ئەنجومـەنی بـالاَی میللیـە كـە مسـتەفا كـەمالی كردبـوو بەسـەرۆك)، بڕیاریانداوە سەربەخۆیی و پاشـەڕۆژی ولاَت بـەپێی ئەم بڕیارانـەدا بپارێزرێـت و بەبێ سەرگرتن و بەجێهێنانی ئەم بنەمایانە ناتوانرێـت درێژە بەمانـەوەی ولاَتـانی عوسمانی (مەبەست ئەوانەشە كـە لەكیسیانچووە) بدرێت و پاراستنیان مسۆگەر بكرێت.

بێجگـە لـەو باسـەی لەسەرچـاوە/٢٨دا دەربـارەی مادەكـانی (میسـاقی میللـی) كـردووە، لەسەرچـاوەیەكی تـردا ژمـارە/٨٥ نوسـینی (Patrick Kinross) لاپـەڕە (٥٣١)ی كتێبەكەیـدا لـەژێر نـاوی (The National Pact–كـە هـەر میسـاقی میللـی

دەگرێتەوە)، باسی شەش مادەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە کردووە کە دەڵێت ئەویش لەسەرچاوەیەکی فەرەنسیەوە وەریگرتووە، کە خوێنەری بەڕێز لەخوێندنەوەی هەردوو سەرچاوەکەدا و لەبەراوردکردنیان هەست بەجۆرە جیاوازیەك دەکات کە ئەمە نمونەیەکی لەیەکنەچووی ئەو باسانایە لەلایەن نوسەرانی بێگانەوە بەچەند زمانێك وەرگێڕاوە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر:

یەکەم: ئەو ناوچە عەرەبنشینانەی بەشێك بوون لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لەئەنجامی شەڕ وەستاندنی ڕۆژی ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨دا کەوتە ژێر دەسەلاتی هێزەکانی دوژمنەوە، تەنها مافی ئەوەیان هەیە بەپێی دەنگدانێکی سەربەستانە مافی چارەنوسی خۆیان دەستنیشان بکەن و ئەو شوێنانەی تریش کە لەپەیمانی شەڕ وەستاندندا ناویان هاتبێت یا نەهاتبێت، لەوانەی کە ئاینی ئیسلام یەکیخستبوون (کە ئەمە کوردیشی دەگرتەوە) لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا و ئەوانە ڕێزی یەکتری دەگرن هەموویان مافی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی خۆیان دەبێت (تەنها باسی مافی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی کراوە لەم مادەیەدا نەك مافی چارەنووس).

دووەم: ئەو سێ سنجاقەی کاتی خۆی بەئارەزووی دانیشتوەکانی بووبوون بەبەشێك لەدەوڵەتی عوسمانی بەپێی دەنگدانێکی ئازاد کە لەو ڕووەوە کرابوو، ئێمە دوبارە داخوازی ئەو سێ سنجاقە قبوڵ دەکەینەوە ئەگەر بیانەوێ بۆ ئەو مەبەستە دوبارە دەنگدانێکی تر بکەنەوە (بەداخەوە ناوی ئەو سێ سنجاقە نەهێنراوە).

سێهەم: پێویستە بەشەکانی ڕۆژئاواش (مەبەست ناوچەی کیلیکیا و ئەو شوێنانەی تر بووە کە خرابوونە ژێر دەسەلاتی فەرەنساوە کە ڕەنگە مەبەست سوریاش بووبێت)، دوبارە دەستنیشانکردنی چارەنوسیان بەپێی دەنگدانێکی ئازاد ئەبێت.

چوارەم: پێویستە شاری ئەستەمبوڵی پایتەختی خەلافەتی ئیسلامی و جێنشین و پایتەختی سوڵتان لەگەڵ دەریای (مەرمەرە) بپارێزرێن و دەریای (بوسفۆڕ) کراوە بێت بۆ بازرگانی هەمولایەك.

پێنجەم: دەبێ مافی کەمەنەتەوەکان بپارێزرێت هەروەکو لەپەیمانەکاندا دەستنیشانکراون و پێویستە دراوسێ موسڵمانەکانیشمان سوود لەمە وەربگرن.
شەشەم: بۆ ئێمە مەرجێکی زۆر پێویستە هەروەکو وڵاتانی تر مافی سەربەخۆیی خۆمان هەبێت لەهەرشتێکدا و بۆ هەرشتێك کە بەرەو پێشکەوتنمان ببات و ڕێگا خۆشبکات بۆ باشبوونی باری ئابووری و چەسپاندنی ئەو سیاسەتەی لەگەڵ مافە ڕەواکانماندا یەکدەگرێتەوە و پێویستە بەڕەنگاری هەموو شتێك ببینەوە کە ڕێگەی ئەمەمان لێبگرێت و نەیەڵێت ئامانج و مەبەستەکانمان بهێنێتەدی.

نوسەری سەرچاوە/٨٥ دوای باسی مادەکانی میساقی میللی دەڵێ: زۆری پێنەچوو کۆلۆنێل (ڕاولنسن) لەلەندەنەوە ئاگادارکرا هێزەکانی بکێشێتەوە و تەنها هەر لە(ساروقامیش) و (قارس) و ناوچە ئەرمەنیەکان سەرپەرشتی کاروبارەکان بکات و بەوجۆرە هێزەکانی بەریتانیا لە(ئەناتولیا)وە کێشرایەوە بۆ (باتوم) و پاشئەوەی (ڕاولنسن) کۆپیەکی (میساقی میللی) پێدەگات تورکیا بەجێدێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ لەندەن و لەوێ ئەو مەترسیانەی خستمە پێشچاو کە لەبزوتنەوەی کەمالیەکانەوە پەیدابووبوو، بەڵام تەنها توانیبووی (لۆرد کرزن) والێبکات نەختێك سەرنج بۆ پێشنیازەکانی خۆی و هەڵوێستەکان بەکێشبکات، بۆیە لۆرد کرزن (ڕاولنسن)ی دوبارە ناردەوە بۆ تورکیا بۆئەوەی بزانێت مستەفا کەمال بەچ جۆرە ئاشتیەك قایل دەبێت (کە لەڕاستیدا ئەمە سەرەتای پیاچوونەوەی ئینگلیزەکان بووە بەسیاسەتیاندا لەگەڵ تورکە قەومیەکان کە لەدواییدا هەمووی بەرەو سوود و قازانجی تورکەکان ملیدەنا).

بەرلەمە لەبەشی دوهەمی هۆی سەرنەگرتنی پەیمانی سیڤەردا بەشێکی ئەو ڕاپۆرتەی (ڕاولنسن)مان خستە پێشچاو کە بەدووروودرێژ پێشنیازە سەرنەکەوتوەکانی خۆی ناردبوو بۆ کاربەدەستانی حکومەتی بەریتانیا و لێرەدا باسێکی (ڕۆبەرت ئولسون) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ باسێکی بۆ بزوتنەوەی کەمالیەکان تەرخانکردووە لەژێر ناوی: (The second time around British policy and Kurds from ١٩٢١-١٩٢٣) لەو باسەدا دەربارەی (ڕاولنسن) وتویەتی: ڕاولنسن کاربەدەستێکی سیاسی حکومەتی بەریتانیا بووە لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا

لەنێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٢)دا کە بۆ کارێکی تایبەتی نێردرابوو بۆ تورکیا (وەکو چۆن مێجەر نویلیشیان ناردبوو)، بەڵام لەلایەن کەمالیەکانەوە گیرابوو، لەدواییدا بەریاندا بەرامبەر بەوەی بەریتانیاش هەندێ لەو تورکانەی لەماڵتادا گیرابوون بەربدرێن کە (ڕاولنسن) لەماوەی ئۆکتۆبەری ١٩١٩ هەتا نۆڤەمبەری ١٩٢١دا لەزیندانی کەمالیەکاندا بووە.

بێجگە لەوەی (ڕۆبەرت ئولسون) دەربارەی (ڕاولنسن) باسیکردووە، لەدوکیومێنتێکی ئەرشیفی بەریتانیادا بەشێکی ئەو ڕاپۆرتەی (ڕاولنسن)مان بڵاوکردەوە کە پەیوەندی بەهەڵوێستەکانی حکومەتی بەریتانیاوە هەبووە لەهۆی سەرنەگرتنی پەیمانی سیڤەردا، لێرەدا بەشێکی تری ڕاپۆرتەکەی (ڕاولنسن) کە لەدوکیومێنتی ژمارە (C.O.٧٣٠-٢٨)، مانگی مارتی ١٩٢٢دا بڵاوکراوەتەوە دەیخەینە پێشچاو کە وتویەتی: تورکە کەمالیەکان هەتا بەهاری (١٩٢٠) دوژمنیان زۆربوو، بەڵام کە یۆنانیەکان هێرشیان بردە سەر خاکی تورکیا و هاوپەیمانەکان لە ١٩٢٠/٣/١٦دا دەستیان بەسەر ئەستەمبوڵدا گرت، ئیتر وردە وردە دژەکانی کەمالیەکان کەمبوونەوە و پاڵپشتیکردنی هاوپەیمانەکان بۆ یۆنان (کە لامواپە وەکو لەدواییدا لەو باسەی بۆ شەڕی تورك و یۆنان تەرخانکراوە دەردەکەوێت کە تەنها بەریتانیا سەرگەرمی یارمەتیدانی یۆنانیەکان بووە و فەرەنسا و ئیتالیا تیایدا بەشدارنەبوون) وە داگیرکردنی (ئەزمیر) لەلایەن یۆنانیەکانەوە ئیتر دژی ئەوانەی دژی کەمالیەکان بوو کپبووەوە و چالاکی (ئینتلجس)ی ئەو ئەڵمانیانەی تورکەکان بەکرێیانگرتبوون کارێکی تەواوی کردە سەر ئەوەی حکومەتی بەریتانیا ئەمە بەهەڕەشەکردن بزانێت بۆ سوود و بەرژەوەندیەکانی خۆی و لێرەدا بەرامبەر بەم هەڵوێستە تازەیە (ڕاولنسن) سێ پرسیاری خستۆتە پێشچاو:

١-ئایا سیاسەتی چەوت و ناڕێکی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بوو بەهۆی تەبایی و یەکگرتن و بەهێزکردنی تورکەکان لەژێر سەرکردایەتی تورکە قەومیەکاندا؟

٢-ئایا تورکە نەتەوەییەکان هەتا چ ڕادەیەك بڕیارەکانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانیان پشتگوێخست و تا چ ڕادەیەك لەوەدا سەرکەوتن؟

٣-ئایا تورکەکان لەو یەکگرتنەیاندا بەوەیان زانیبوو کە گەیشتبوونە ڕادەیەکی ئەوتۆ حسابیان بۆ بکرێت و لەمەدا چییان دەستگیربوو؟

(ڕاولنسن) هەرخۆی وەڵامی ئەو پرسیارانەی بەمجۆرەی خوارەوە داوەتەوە:

وەڵامی یەکەم: بەڵێ سیاسەتی پڕ لەهەڵە و کەموکوڕیی هاوپەیمانەکان کارێکی وایکردبوو تورکەکانی والێکردبوو ناکۆکیەکانی ناوخۆیان بخەنە لاوە، بەتایبەتی پەیمانی سیڤەر بۆی دەرخستبوون خاکی وڵاتەکەیان سنوورەکەی تەواو تەسك دەبێتەوە و دۆستایەتیان لەگەڵ سۆڤیەتدا وایلێکردن باوەڕ بەخۆیان بکەن و واز لەناکۆکیەکانی ناوخۆیان بێنن.

وەڵامی دوهەم: بەڵێ، تورکەکان بڕیارەکانی هاوپەیمانەکانیان پشتگوێخست و (فارس)یان گرت و بەسەر ئەرمەنیەکاندا سەرکەوتن و توانیبوویان ژمارەیەك لەئینتلجسی خۆیان بنێرن بۆ ئەفغان و هیندستان و فەلەستین و میسر بۆئەوەی لەو شوێنانەدا پڕوپاگەندە دژی حکومەتی بەریتانیا بڵاوبکەنەوە.

وەڵامی سێهەم: تورکەکان لەوە دڵنیابوون یۆنانیەکان ئەو توانا و دەسەڵاتەیان نیە هەتا سەر بتوانن هەڕەشەیەکی ئەوتۆ لەپاشەڕۆژی تورك بکەن کە ببێتە هۆی لەناوبردنی و لەوەش گەیشتبوون هاوپەیمانەکان نایانەوێ دەستدرێژی بکەنەسەریان. (لەڕاستیدا تورکەکان لەوە گەیشتبوون کە هێزەکانی هاوپەیمانەکان بەهۆی شەڕی جیهانیەوە زۆر ماندوو بووبوون و قەرزێکی زۆریش بەسەریانەوە کەڵەکەی کردبوو، بۆیە ئەو دەوڵەتانە لەبەرخاتری سوودی یۆنانیەکان جارێکی تر سەربازی خۆیان نەدەدا بەکوشت و هاندانەکەی بەریتانیاش بریتیبوو لەجۆرە دەستبڕین و تووشکردنی یۆنانیەکان کە لەگەرمەی ئەو شەڕەدا بەدەنگ و هاواریانەوە نەچوون وەکو لەو باسەی لەدواییدا بەتایبەتی بۆ شەڕی یۆنان و تورکمان تەرخانکردووە).

باسی دوهەمی بەشی پێنجەم

کورتە باسێکی ژیانی مستەفا کەمال و چۆنیەتی دەرکەوتن و سەرکەوتنی

مستەفا کەمال لەدوایئەوەی بوو بەسەرۆکی کۆماری تورکیا و هەڵوێستی هەندێ لەدەوڵەتان و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر بارودۆخی ناوچەکەدا ڕوویدا، بەهەموویان کارێکی وایانکرد مانەوەی تورکیا بەو شێوەیەی لەژێر سەرکردایەتی مستەفا کەمالدا لەنگەری گرتبوو ببێت بەمایەی بەهێزبوونی دەسەڵاتی مستەفا کەمال کە لەدواییدا لەناو تورکەکاندا بە(ئەتاتورک-باوکی تورك) ناودەبرا.

دەربارەی ڕەگەزی مستەفا کەمال و ناوی باوك و دایکی و ژیانی منداڵیی مستەفا کەمال لەگەڵێك سەرچاوەدا باسکراوە و ئەوانەی سەر بەوبوون هەوڵیانداوە ئەو کتێب و باس و نوسراوانە بەدرۆبخەنەوە دەربارەی ژیانی مستەفا کەمال دوابوون و باسەکانیان بەدڵ نەبووە، ئەوانە هەوڵیانداوە بەرپەرچی ئەو بڵاوکراوانە بدەنەوە هەرچەند هەندێك لەو نوسەرانەی باسەکانیان بەدڵی لایەنگرانی مستەفا کەمال نەبووە لەهەموو کەس زۆرتر شارەزای ژیانی بوون و لەمستەفا کەمال نزیك بوون و لەشەڕی ڕزگاربوونی تورکیادا دژی داگیرکەران هاوکاریبوون.

لەسەرچاوە ٤٤/دا (الرجل الصنم) لەنووسینی ئەفسەرێکی تورکی شارەزای زەمانی مستەفا کەمال باسی یەکێکی لەوانە کردووە کە نەیویستووە هیچ کەس ناوی مستەفا کەمال بەخراپی ناوببات کە ناوی (شوکت ثریا ئایدمیر) بووە و کتێبێکی تایبەتی بۆ ژیانی مستەفا کەمال تەرخانکردووە بەناوی (پیاوە تاکەکە) کە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی سەرچاوە/٤٤ بە(الرجل الاوحد) ناویبردووە. (شەوکەت ثریا) لەکتێبەکەیدا وتویەتی مستەفا کەمال لەساڵی (١٨٨٠)دا لە(سالانیك) لەدایکبووە کە دایکی ناوی (زبیدە) بووە و نوسەری سەرچاوە/٤٤ دەڵێ ناتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم باوکی مستەفا کەمال کێ بووە، بەڵام شەوکەت ثریا هەوڵیداوە

لەباسی (زبیدە)دا بەو شێوەیە باسی ناکات کە سەرچاوەکانی تر باسیانکردووە کە لێیاندەدوێین.

سەرچاوە/٤٤ لەباسی (زبیدە)دا وتویەتی: ((بەشێوەی وێنەکەیدا دەردەکەوێت لەپێست سووروسپییەکان نەبووە و هەروەکو هەندێ سەرچاوە باسیانکردووە لەو تورکمانانە بووە کە پێیاندەوترا (یوروك) لەوانەی لە(قونیە) یا لە(ئایدن)ەوە چووبوون بۆ (روملی) و گوایا (عەلی ڕەزا ئەفەندی) مێردی (زبیدە) بووە و یەکێك بووە لەوانەی خۆبەخش بووە لەڕیزی (العساكر الملكيه)دا کە لەساڵی (١٨٧٦)دا لە(سالانیك) پێکهێنرابوو، ئەو وێنەیەی (عەلی ڕەزا) کە لەڕیزی سەربازەکاندا بینراوە دەریدەخست ئەویش دوبارە لەپێست سپییەکان نەبووە و لەهەمووی گرنگتر ئەوەبوو لەدوایدا کاتێك ئەو وێنەیەی عەلی ڕەزا ئەفەندی پیشانی مستەفا کەمال درا دانی بەوەدا ناوە کە ئەوە باوکی ئەو نەبووە.

سەرچاوە/٤٤ لەلاپەڕە (٣٧)ی بەرگی یەکەمیدا باسی کتێبی (جانقایا)ی کردووە لەنوسینی (فالح رفقي)، فالح ڕفقی خۆی وتویەتی: جارێك لەگەڵ مستەفا کەمالدا خۆی بەدەمی خۆی چڕپانی بەگوێچکەمدا کە عەلی ڕەزا ئەفەندی باوکی ئەو نەبووە. هەروەکو سەرچاوە/٤٤ ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (جانقایا) کردووە، لەلاپەڕە(٦٧)ی ئەم کتێبەدا فالح ڕفقی وتویەتی: ساتێك عەلی ڕەزا مردووە ئەوکاتە مستەفا کەمال لەتەمەنی (٦-٧) ساڵاندا بووە و دوورنییە هێشتا باوکە ڕاستەقینەکەی خۆی مابووبێت بۆیە وتبووی عەلی ڕەزا ئەفەندی باوکی ئەو نەبووە کە لایەنگرانی وەکو (شەوکەت ثریا) ویستویانە ئەو بۆشاییەی ژیانی مستەفا کەمال بەوە پڕبکەنەوە و شەوکەت ثریا بەپێچەوانەی سەرچاوەکانی تر وتویەتی ئەو وێنەیەی عەلی ڕەزا کە لای زبیدە بوو خرایە بەردەستی مستەفا کەمال ماچیکرد.

سەرچاوە/٤٤ ئاماژەی بۆ یاداشتەکانی (دکتۆر نوری ڕەزا) کردووە کە پزیشك و نوسەرێکی سیاسی ئەو ڕۆژانە بووە و مامۆستا بووە لەکۆلێجی پزیشکی سوپایی و بەشداربووە لەبزوتنەوەی سەربەخۆیی تورکدا دژی هاوپەیمانەکان و یەکێك بووە لەئەندامانی ئەو لیژنەیەی پەیمانی سۆڤیەت و تورکیان مۆرکردبوو و جێگری سەرۆکی وەفدی تورك بووە لەگفتوگۆکانی (لۆزان)دا و ماوەیەك جێگری وەزیری دەرەوەی حکومەتەکەی مستەفا کەمال بووە، لەلاپەڕە (٥٧)ی

یاداشتەکانیدا بەرگی سێهەم وتویەتی: لەقوتابخانەی سربییەکاندا لە(سالانیك) قوتابییەکی تیابوو بەناوی (مستەفا-کە مەبەستی مستەفا کەمال)ە، عەلی ڕەزا ئەفەندی کە یەکێك بوو لەپاسدارەکانی گومرگی سالانیك (هەندێ سەرچاوە وتویانە لەدوایدا بووە بەئەفسەر لەسوپادا) مستەفای کردبوو بەکوڕی خۆی.

نوری ڕەزا باسی گەلێك ڕوایەتی کردووە دەربارەی عەلی ڕەزا کە گوایە بەڕەگەز سربی بووە یا بولغاری بووە، بەلاّم ئەو نوسخە تازەیەی لەلایەن دائیرەی مەعاریفی فەرەنسی بەناوبانگ (لاروس)ەوە بلاّوکراوەتەوە لەوەدا وتراوە باوکی مستەفا کەمال لە(ئەلپوماك)ەکان بووە و پیاوە پیرەکانی (تسالیا) وتویانە دایکی مستەفا کەمال لەمەیخانەیەکدا ئیشی کردووە و ڕۆژێك کوڕێکی خەڵکی (ینی شهر) کە ناوی (ئابدوش ئاغا) بووە لەمەیخانەکەدا چاوی بە(زبیدە) کەوتووە و لەگەڵ خۆیدا بردویێتی بۆ شارەکەی خۆی و مستەفا کەمال لەوێ لەدایکبووە و پاشئەوەی تەمەنی مستەفا گەیشتوەتە پێنج ساڵ ئابدوش ئاغا مردووە و (زبیدە) گەڕاوەتەوە بۆ (سالانیك) و کە مستەفا تەمەنی دەگاتە (١٠) ساڵ دەچێتە شارەکەی ئابدوش ئاغا و داوای بەشەمیراتی باوکی دەکات کە ئابدوش ئاغا بووە بەلاّم لەوەلاّمی داخوازیەکەیدا پێی‌دەڵێن لەبەرئەوەی ئابدوش ئاغا باوکی شەرعیت نەبووە بۆیە بەشە میراتەکەی بەر تۆ ناکەوێت و دوائەوە ئەوسا (زبیدە) شوویکردووە بە(عەلی ڕەزا) و دەبێت بەباوەپیارەی مستەفا.

دکتۆر نوری ڕەزا لەباسەکەیدا وتویەتی: ئەگەر مستەفا کەمال زۆڵیش نەبووبێت بەلاّم باوکێکی ئاشکرا و ناسراوی نەبووە و دکتۆر نوری لەوبارەوە چەند سەرنجێکی خۆی دەربڕیوە کە وتویەتی:

١-لەڕووی (ئەنپرۆپۆلۆجی)یەوە مستەفا کەمال بەپێستی سپی و چاوی شین و بەکەللەی سەریدا کە لەشێوەی (دولیکوسغال)ی سلاڤیە دەردەکەوێت کە زۆر دووربووە لەوەی بەڕەگەز تورك بووبێت.

٢-لەدایکبوونی منداڵێك لەجۆری (دولیکوسغال) لەگەڵ جۆری (پراکتیکال)ی عەلی ڕەزا و (زبیدە)ی دایکیدا یەکناگرێتەوە.

٣-پەستی و نارەزایی (عەلی ڕەزا) لەژیانی خێزانیدا کە زانیویێتی مستەفا لەو نەبووە شتێکی ئاشکرا بووە.

٤-ڕەوشتی دایکی و جۆری ژیانی شتێکی ئاشکرابووە و ئەوەی لێوەشاوەتەوە کە باسیانکردووە دەربارەی.

٥-بێـدەنگبوونی مسـتەفا کـەمال لـەناوبردنی نـاوی بـاوکی و بابەخنـەدان بەباسـکردنی و ناونـەهێنانی بەڵگـەی ئەوەیـە باوکـە ڕاستەکەی خـۆی بـۆ ساغ نەبووبووەوە.

نوسـەر ئـەڵێ سـەیر ئەوەیـە لەگـەڵ ئـەم هـەموو ڕاسـتیانەدا مسـتەفا کـەمال بـە(ئـەتاتورك) نـاوبراوە، فـالح ڕفقـی لەکتێبەکەیـدا (جانقایـا) بـەپێی کتێبەکـەی سەرچاوە/٤٤ وتویەتی: ((ئەم هەموو دەنگوباس و هەواڵانـەی دەربارەی نـەزانینی بـاوکی ڕاسـتی مسـتەفا کـەمال بڵاوبووبونـەوە بووبـوو بەگرێکوێرەیـەك لـەژیانی مسـتەفا کەمالـدا و وایلێکـرد هـەتا مـردن ببێـت بەعـەرەقخۆرێکی هەمیشـەیی و ساتێك بوو بەئەفسـەر زۆربـەی کاتی خـۆی لەشـوێنی ڕابواردنەکانی (بـەگ ئوغلـو) کـە شـوێنی هەمەچـیزە و هەمـەجۆرە ڕابواردنێـك بـوو دەیبردەسـەر و سـاتێك بەئەفسەری گوێزرایەوە بۆ شام لەوێ شوێنی وەکو (بـەگ ئوغلو)ی لێنـەبوو، بۆیـە ئەوەندەی تر سەریکردە سەر عەرەقخواردن)).

دەربـارەی ئـەو عەرەقخواردنـە هەمیشـەییەی مسـتەفا کـەمال کـە لـەو سەرچاوەیەدا باسکراوە، لـەو دوکیومێنتـەی لەشوێنی خۆیدا باسمانکردووە کە دەقی ڕێکەوتنی نێوان سۆڤیەت و تورکی تیادا بڵاوکراوەتەوە، ئامارژە بـۆ ئـەوەش کـراوە کـە زۆر خواردنـەوەی مسـتەفا کـەمال لای سـۆڤیەتەکانی ئـەو ڕۆژە زۆر ئاشـکرابووە بۆیـە لـەدوای مـۆرکردنی پەیمانەکـە کارگەیـەکی دروسـتکردنی ڤۆدکایان بەتایبەتی ناردبوو بۆ مستەفا کەمال.

لەم ساڵانەی دواییدا بەبۆنەی ئەو هەڕەشە یەك لەسەر یەکەی سوپای تورك بۆ سەر باشـووری کوردسـتانی دەکـرد بـەبیانووی ڕاونـانی تیرۆریسـتەکانی کـوردی باکوور، لەسـاڵی ١٩٩٥دا ڕۆژنامـەی (Orlando Sentinel) کە لەئەمریکا دەردەچێت لەڕۆژی ١٩٩٥/٦/٤دا باسـی ئـەوەی کـردووە کـە سـاتی خـۆی لـەزەمانی مسـتەفا کەمالدا ڕۆژنامەی (دەیلی تەلگراف)ی لەندەنی باسی مستەفا کەمالی کردووە (کـە دوور نی‌یـە لـەکاتی شۆڕشـی ئاگریـداغ یـان شۆڕشـی دەرسـیمدا بووبێـت) لـەوەدا (دەیلـی تـەلگراف) وتبـووی ئیمـڕۆ تورکیـا لەلایـەن سەرخۆشـێك و یـانزە کەسـی ترەوە دەبرێت بەڕێوە، ساتێك مستەفا کەمال ئەوە دەبیستێت تەلگرافێك دەنێرێـت بـۆ ڕۆژنامـە لەندەنیەکـە و پێی‌دەڵـێ: جـەنابی نوسـەر ئێـوە لەباسـەکەتاندا زۆر بەهەڵەدا چوون، چونکە تورکیا تـەنها لەلایـەن سەرخۆشێکەوە دەبرێـت بـەڕێوە کە خۆمم.

ڕۆژنامەکەی (ئۆرلاندو سینتینال) بەبۆنەی ئەو هێرشەی ساڵی ١٩٩٥ کە باسمانکردووە نوسیویێتی: ئەوەی باشە ئێستە هەروەکو جاران زمان درێژێکی وەکو مستەفا کەمال نەماوە هەواڵی ئەم دەستدرێژیکردنەی ئیمڕۆی تورک بەدرۆبخاتەوە. ئەوەی شایانی باسە ئەو سەرخۆشە و ئەو یازدە کەسەی (دەیلی تەلگراف) لەکاتی خۆیدا باسیکردووە بریتی بوون لەئەندامانی ئەو ئەنجومەنە سوپاییەی تورك کە تا ئیمڕۆش هەرماوە و پێیدەوترێت (ئەنجومەنی ئاسایشی میللی) و ئەو ئەنجومەنە هەروەکو جاران لەژوور هەموو یاسایەکەوەیە و هەموو شتێکی بەدەستە و هەتا ئێستە چەندین جار ئەنجومەنی وەزیران و پارلەمانی هەڵوەشاندۆتەوە لەهەر کاتێکدا کە لای وابووبێت لەرێبازی ئەو ئەنجومەنی ئاسایشی میللیە دەجوڵێتەوە و کاردەکات.

دەربارەی ڕەوشتی مستەفا کەمال گەلێك نوسەری تورك کە زۆربەیان زۆر نزیك بوون لەمستەفا کەمال و ئاگاداری ژیانی و نهێنیەکانی بوون لەیاداشت و کتێبەکانیاندا بەبێ پێچ‌وپەنا گەلێك شتیان دەربارەی ڕوونکردۆتەوە، بەپێویستم زانی کورتەیەکی ئەو سەرچاوانە باسبکەم، یەکێك لەوانە کتێبێکی (٥٤٢) لاپەرەیی لەسەر نوسیوە و بەشوێن گەلێك دوکیومێنت و سەرچاوەی باوەڕپێکراودا گەڕاوە (Patrick Kinross)ە کە هەموو کتێبەکەی بەناوی (Ataturk-The Rebirth of Nation)ەوە بەرلەوەی لەساڵی (١٩٧٦)دا بمرێت بڵاوکردۆتەوە لەوەدا لەلاپەرە (٣٦٥)دا وتویەتی: ((مستەفا کەمال لەلایەکەوە دەیویست لەلای ئیسلامەکان خۆی بەپاڵەوان و پارێزەری ئاینی ئیسلام پیشانبدات و بەناوی خۆیەوە ڕایدەسپارد لەسەر منارەی مزگەوتەکان بانگەوازی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەدەنگی بەرز بڵاوبکەنەوە، کەچی لای هەندێکی تر دەیوت لەمەودوا ئیتر پێویست ناکات نوێژی جومعە بەزمانی عەرەبی بکرێت، بەڵکو دەبێت بکرێت بەتورکی و مەرجیش نییە (وعظ) تەنها لەلایەن خەلیفەوە دەرچێت)).

هەمان نوسەر (کە دیارە تورکەکان تاڕادەیەك ڕێگەیان پێدابوو لەکتێبخانە و ئەرشیفە تایبەتیەکانی تورکیادا بگەڕێت بۆ ئامادەکردنی ئەو کتێبە)، چەند شتێکی دەربارەی مستەفا کەمال دەستگیربووە کە وتویەتی هەندێ لەقسەکانی مستەفا کەمال کێشەیەکی زۆری لێپەیدابووە لەکاتی خۆیدا و نمونەیەکی بۆ ئەمە هێناوەتەوە کە لەدەمی مستەفا کەمالەوە بیستراوە کە وتویەتی: (جارێك لەئەناتولیا لەسەربازێکم پرسی: خوا کێیە و لەکوێ دەژی؟ لەوەڵامدا سەربازەکە

وتی: مستەفا کەمال خوایە و لەئەنقەرە دەژی!!، هەروەها لەسەربازێکی تریش پرسی: مستەفا کەمال کێیە؟ لەوەڵامدا وتی: مستەفا کەمال سوڵتانە).

سەرچاوە (٤٤)یش باسی مستەفا کەمالی کردووە چۆن لەسەرەتادا خۆی وا پیشاندابوو دڵسۆز و سەرگەرمی ئایینی ئیسلامە و لەو ڕووەوە ئاماژەی بۆ کتێبی (نطق) کردووە کە لەلاپەڕە (٢٧٣)یدا وتویەتی مستەفا کەمال لەسەرەتادا بایەخێکی زۆری دابوو بەبۆنە ئاینیەکان بۆ دەستبڕینی خەڵك و لەوتارێکدا باسی ئەمانەی خوارەوەی کردبوو:

١-بەیارمەتی خودا و لوتفی خودا دەبێ لەپاش تەواوکردنی نوێژی هەینی ئەوسا ئەنجومەنی میللی گەورە لەئەنقەرە بکرێتەوە.

٢-کردنەوەی ئەنجومەن لەم ڕۆژەدا نیشانەی بەرەکەت و پیرۆزی ڕۆژی هەینی‌یە و دەبێ دوای کردنەوەی ئەنجومەن هەموو ئەندامان لەمزگەوتی (حاجی بایرام) سوود لەم ڕۆژە پیرۆزە وەرگرن و لەپاش سلاّواتدان لەپێغەمبەری پیرۆز و لەدوای نوێژکردن ڕووبکرێتە (مزار شریف) بەئالاّی سنجاقەوە، (نوسەر لەپەراوێزی لاپەڕەی ئەو باسەدا وتویەتی ئەو ئالاّیە لەموناسەبەتە ئاینیەکاندا هەڵدەکرا) و بەرلەوەی بچینە ژوورەوە بۆ (مزار شریف) دوعا بخوێنرێت و قوربانی دابەشبکرێت و ڕیزێك سەرباز لەڕێگەی مزگەوتەوە هەتا (مزار شریف) بۆ ڕێزگرتن لەنوێژکەران ڕابوەستن.

٣-بۆ ڕێزگرتن لەم ڕۆژە پیرۆزە، لەم ڕۆژەوە ئیتر لەمەرکەزی ویلایەتدا لەلایەن جەنابی (والی)یەوە دەستبکرێت بەخوێندنی قورئان و کتێبی (بخاری)ی شەریف و لەدوای نوێژ لە(مزار شریف)دا دوابەشی قورئان خەتم ئەکرێت.

٤-لەئێستە بەدواوە ناوی سوڵتان دەهێنرێت و دەبێت دوعای سەربەرزی و سەرکەوتنی خەلیفە بکرێت و لەهەموو ناوچەکانی وڵاتی زامدار و برینداردا دەبێ دەستبکرێت بەخوێندنی قورئان و (بخاری) و ڕوودەکرێتە دەزگاکانی حکومەت بۆ پیرۆزباییکردن لەدامەزراندنی ئەنجومەنی بالاّی میللی.

٥-پێویستە ئەم ئامۆژگاریانەی لێیان دواوین بکرێت بەبەیانێکی ڕەسمی و بنێردرێت بۆ هەموولایەك و بچوکترین گوندیش ئەو بەیانەی پێبگات.

٦-داوا لەخوا دەکەین و لێی دەپاڕێینەوە سەرمانبخات.

سەرچاوە/٤٤ لەلاپەڕە (١٦٦)دا باسی هەڵوێستێکی تری مستەفای کردووە کە لەدوای چەند ساڵێك لە ١٩٧٤/٤/٢٩دا بەشێك لەو وتارەی کاتی خۆی لە

٢٣/٤/١٩٢٠دا لەئەنقــەرە دابــوو، لەڕۆژنامــەی (Ortagu)ی ڕۆژی ٢٩/٤/١٩٧٤دا لەیەکـەم ڕۆژی کردنـەوەی ئەنجومـەنی بـاڵای میللیـدا دابووی لـەوەدا وتبـووی: ((لەبەرئەوەی سوڵتان جێگری خەلیفەیە و لەبەرئەوەی سوڵتانەکەمان کە سەرۆکی کۆماری ئیسلامەکانە (کۆماری تورکیای بەکۆماری ئیسلامی ناوهێناوە) بۆیە ئێمە ڕوونیدەکەینـەوە خـەبات و تێکۆشـانمان بـەنیازی ئەوەنیـە دەسـەلاتی دەوڵـەت لەمەقامی خەلافەت جیابکەینـەوە، بەڵکو دەمانـەوێ لـەدوژمنان بگەیەنین ئیرادەی میللـەت دژی ئـەو جیاکردنەوەیەیـە و بەهەوڵـدانمان لـەناو ئەنجومەنـدا دەمانـەوێ خەلافەت ڕزگاربکەین لەچنگی بێگانە)).

نوسەری سەرچاوە/٤٤ لەتێهەڵکێشی ئـەو وتـارەی مستەفا کەمالدا وتویەتی: ئەمە ئـەو قسانەیە مستـەفا کـەمال بـەدەمی خـۆی وتویـەتی و بەدەستی خۆشـی نوسیوێتی کە پێیوتراوە (نطق)، ئایا درۆ و دەلەسە و دووڕوویی و ساختەچێتی تـر مـاوە لەمـە زیـاتر؟!. هـەمان سەرچاوە لەسـەریئەڕوا و ئـەڵێت: لەمـەش سەیر و سـەمەرەتر ئـەو قسـانەی (مـەحمود ئەسـعەد بوزقـورت)ی وەزیــری عەدلیـەی کەمالیەکانە کە لەباسـی قورئانـدا وتویـەتی ئـەوەی لەقورئانـدا باسکراوە هـەمووی بریتـییـە لـە(شـریعـة الصـحراء-یاسـای دەشـتوبیابان) و هـەروەکو ڕۆژنامـەی (طـان)ی ڕۆژی ١٠/١١/١٩٤٠ بلاویکردۆتـەوە هـەمان وەزیـر کـە وەختـی خـۆی وەزیری دارایی مستەفا کەمال بووە بەدەمی خۆی وتبووی جارێك لەگەڵ مستـەفا کەمالـدا بڕیارمانـدا بچـین بـۆ مزگـەوتی (حـاجی بـایرام)، مەلایـەك لەبـەردەمی مزگەوتەکەدا هاتـە بـەردەمی مستـەفا کـەمال و ڕاوەسـتا، ساتێك مستـەفا کـەمال لێیپرسـی چـیت ئـەوێ؟ لەوەلامـدا مەلاکـە دەسـتی بـەرزکردەوە و پێـیـوت: بـەبێ خوێندنی دوعا نابێ بچنە ناو مزگەوتەکەوە، مستەفا کـەمال پاڵێکیـنا بەمەلاکەوە و پێیوت: وڵات بەچەکی سەربازەکانی ڕزگارکراوە نەك بەدوعا و پاڕانەوەی تۆ.

هـەمان سەرچـاوە/٤٤ لەسـەری ڕۆیشـتووە و وتویـەتی: مستـەفا کـەمال بـەپێی ڕۆژ قسەی دەکرد و لەیەکەم وتاریدا (نطق) خۆی وا پیشـاندابوو عەبد و نۆکـەری سـوڵتانە و وایدەردەخسـت کـە بزوتنەوەکەشـی بەڕاسـپاردەی سـوڵتان بـووە بـۆ ڕزگارکردنی وڵات، کە ئەم قسانەی ئـەو ڕۆژەی هەمووی بـەپیتی عـەرەبی لەیەکەم فـایلی میللیـدا تۆمـارکرابوو بـەلام لەدواییـدا کـە وەقائیعـە کۆنـەکان لەنوسـینە تورکیەکەیەوە بەپیتی عەرەبی کرا بەپیتی لاتینی ئەوەی لـەو کۆبونەوەیـەی یەکـەم

ڕۆژدا وتبووی هەمووی لابرا و هەروەکو مستەفا کەمال لەو ڕۆژەدا ئەو قسانەشی نەکردبێت.

هەمان سەرچاوە/٤٤ لەلاپەڕەکانی (٤٩١-٤٩٣)ی بەرگی دوهەمی کتێبەکەیدا ئاماژەی بەدوکیومێنتێکی تورکی کردووە ژمارە (٢٩) کە دەقی ئەو دوکیومێنتە لەکتێبی (جانقایا)ی فالح ڕفقی‌دا بلأوکراوەتەوە کە تیایدا وتراوە: (مستەفا کەمال ماسۆنی بوو، لەزەمانی دەسەلأتدارێتی ئەودا ژمارەیەکی زۆر لەکاربەدەستانی زەمانی ئەو بەبێ‌ترس دەبوون بەئەندام لە(محفلی ماسونی)دا کە ژمارەیەك لەئەفسەرانی سوپاشیان تیادابوو، هەرچەند لەدواییدا مستەفا کەمال بەدرۆ و بۆ پینەکردن و شوێنەونی ئەو ئاشکرابوونەی بەناو ولأتدا بلأوبووبووەوە بۆ دەمکوتکردنی خەڵك ئەو مەحفەلەی داخست).

بێجگە لەوەی وەکو ئەو سەرچاوەیە باسیکردووە مستەفا کەمال ماسۆنی بووە، پەیوەندیەکی زۆریشی هەبووە بەزایۆنیزمەوە هەروەکو لەدواییدا لەباسی (لۆزان)دا ڕووندەبێتەوە. مستەفا کەمال چ خۆی و چ هاوکارەکانی لەسەرەتادا کە هەموویان پەروەردەی (اتحاد و ترقی) بوون وەکو عیصمەت ئینونو، تەڵعەت پاشا، ئەنوەر پاشا، جەمال پاشای سەفاح (خوێنڕێژ) بەئاشکرا دۆست و هاوکاری زایۆنیزمەکان بوون و بۆ ڕازیکردنیان لەهەڵوێستەکانیاندا بەئاشکرا دژی ئیسلام و ئەرمەنی و ئاسوریەکان بوون و ڕۆژێك لەڕۆژان زیانێکیان بەو زایۆنیزمانە نەدەگەیاند کە بەئاشکرا لەناو ولأتدا لەچالاکیدا بوون.

لەسەرچاوەیەکی تردا ژمارە/٥٨ (تأريخ الدولة العلية العثمانية) باسێکی دەربارەی (صبری افندی)ی (شيخ الاسلام)ی تیادا بلأوکراوەتەوە دەربارەی مستەفا کەمال لەکاتی سەرەمەرگیدا و لەگیانی گیانەڵلأدا وەسیەتی کردبوو نابێ لەدوای مردنی نوێژ لەسەر جەنازەکەی بکرێت و تەلقینی بدرێت، بەڵام کە مرد خوشکەکەی بەدەست ماچکردن و پاڕانەوە توانیبووی مەلایەك قایل بکات نوێژی لەسەربکات.

هەمان (شيخ الاسلام) هەروەکو لەسەرچاوە/٥٨دا باسیکراوە، وتویەتی لەساڵی ١٩٣١دا مستەفا کەمال قایل نەبووە بەوەی کە تورکیا وەکو دەوڵەتێکی ئیسلامی لە(مؤتمر القدس)دا بەشداربێت چونکە تورکیای بەدەوڵەتێکی ئیسلامی نەزانیز ،، هەروەکو (Patrick Kinross) لەسەرچاوە/٥٨دا لەلاپەڕە (٣٨٤-٣٨٥)دا باسیکردووە مستەفا کەمال نەیهێشتبوو تورکیا لەکۆنگرەی ئاسیەویشدا کە

لەدەلهی بەسترابوو بەشداری بکات چونکە تورکیای بەولاَتێکی ئاسیایی نەدەزانی و ئەمیش ئاماژەی بۆئەوەی (صبری افندی شیخ الاسلام) کردووە.

لەوەش سەیرتر دەربارەی مستەفا کەمال ئەو باسەیە لەڕۆژنامەی (الاهرام)ی میسری لەشوباتی ساڵی ١٩٦٨دا بلاَوکراوەتەوە و سەرچاوە/٤٤ دەقی ئەو باسەی بەمجۆرە بلاَوکردۆتەوە: ((مستەفا کەمال بەر لەمردنی، باڵیۆزی بەریتانیا کە (پیرسی لورین) بووە هەڵیبژاردبوو ببێت بەجێگری خۆی و ڕۆژنامەی (Sunday Times) لەژێر ناوی (چۆن پیاوەکەی ئێمە کە مەبەست باڵیۆزی بەریتانیا بووە لەتورکیا) قبوڵی ئەوەی نەکردبوو ببێت بەسەرۆکی تورکیا))، ڕۆژنامەکە وتویەتی: بۆ ماوەی (١٥) ساڵ مستەفا کەمال تەقەلایەکی بێوچانیدا تورکیا والێبکات ببێت بەولاَتێکی ئەوروپی، بۆ ئەو مەبەستە (فێست) لەسەرکردنی قەدەغەکرد، پەچە و ڕووپۆشی نەهێشت، دەسەلاَتدارێتی ئایینی لەناودا نەهێشت، بڕیارێکی دەرکرد کە دەبێ زمانی تورکی تەنها هەر بەپیتی لاتینی بنوسرێت.

ئەو مستەفا کەمالە لەمانگی نۆڤەمبەری (١٩٣٨)دا کە لەناو پێخەفی گیانەڵلاَ و سەرەمەرگا بوو، ترسی ئەوەی لێنیشتبوو یەکێکی وا پەیدا نەبێت جێگەی خۆی بگرێتەوە، بۆیە (پیرسی لورین)ی باڵیۆزی بەریتانیای بانگکرد بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی و ئەو گفتوگۆیەی لەنێوانیاندا کرا بۆ ماوەی (٣٠) ساڵ بەنهێنی مایەوە، بەلاَم وا ئیمڕۆ پەردە لەڕووی ئەو نهێنییەوە هەڵماڵرا بەوەی وەختێك (بیر دیکسۆن)ی کوڕی (پیرسی لۆرین) ساتێك باسی باوکی کردووە لەو باسەدا ئاماژەی بۆ تەلگرافێکی باوکی کردبوو کە وەختی خۆی ناردبووی بۆ (لۆرد هالیفاکس)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کە وتویەتی ئەو تەلگرافە سەیرترین دوکیومێنتە لەمێژووی بەریتانیادا کە بەپێی ئەو دوکیومێنتە (پیرسی لۆرین) بەدوورودرێژ باسی ئەو گفتوگۆیەی خۆی و مستەفا کەمالی لەو تەلگرافەدا باسکردووە کە دەقی تەلگرافەکە بەم شێوەیە بووە: (ساتێك مستەفا کەمال ناردی بەشوێنمدا و گەیشتمە لای فەخامەتی، لەژوورەکەیدا دکتۆرێك و دوو برینپێچی لابوو، ئەوانەی ناردە دەرەوە و بەدەنگێکی نەرم و لەسەرخۆ پێیوتم بۆیە داوای هاتنی ئێوەم کردووە بۆئەوەی داخوازیەکی زۆر گرنگ و دەستوبردت لێداوابکەم و تکاشت لێبکەم داخوازییەکەم پەسەندبکەیت).

پرسی لۆرین لەتەلگرافەکەیدا لەسەری ڕۆیشتووە و وتویەتی: ئەوەی بەرلەمە بۆ مستەفا کەمالم کردبوو بریتیبوو لەو ئامۆژگاری و پێشنیازانەی چۆن وەزیرێکی خۆی بەوپەڕی سەربەستیەوە قسەی لەگەڵ دەکرد منیش بەوجۆرە وابووم لەگەڵیا و ڕاوێژ و پێشنیاز و بۆچوونەکانی خۆمم پێڕادەگەیاند و هەرئەمەش بوو ئەوەندە باوەڕی بەمن هەبوو لێم دڵنیابوو داوام لێبکات بەجێگری خۆی و منیش بەرامبەر بەو داخوازیە، پاش نەختێك بیرکردنەوە پێم وت ناتوانم و نازانم بەچ شێوەیەك ئەو وشانە بدۆزمەوە و هەستی خۆمیان پێدەربڕم بەرامبەر بەو هەست و هەڵوێستەی ئەو کە ئەوەندە جێگەی باوەڕ و دڵنیایی ئەوم.

لەداخوازیەکەیدا دەرکەوت کە نەك تەنها هەر ستایشی منی کردبوو، بەڵکو ستایشی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیاشی پێدەربڕیبوو، بەلاَم ئا لەوکاتە زۆر ئاسکەدا بیرم لەجیاوازی بەڕێوەبردنی کاروباری سەرۆکی کۆمارێکی وەکو تورکیا دەکردەوە و بەراوردم دەکرد لەگەڵ بەڕێوەبردنی کاروباری باڵیۆزخانەکەی خۆمان و چۆن لەو بەراوردکردنەدا شارەزایی خۆمم زۆر لەوە بەرزتر دەزانی لەو سەرۆکیەی ئەو داوای لێدەکردم قبوڵی بکەم، بۆیە داوای لێبوردنم لێکرد و پێموت بەداخەوە ناتوانم داخوازییەکەی بەجێبێنم.

ساتێك مستەفا کەمال وەلاَمەکەی منی بیست ڕەنگی هەڵبزرکا و تێکچوو، دەستینا بەزەنگێکدا و داوایکرد دەرمانی بۆ بێنن و کە هاتەوە سەرخۆی پێیوتم: کەوابێ لەدوایئەوەی هیوام لەتۆ بڕرا ناچار دەبم (عیسمەت ئینونۆ) بکەم بەجێگری خۆم و دەستی درێژکرد و تەوقەی لەگەڵدا کردم و سوپاسی کردم کە تا ئەوکاتە تەقەلایەکی زۆرم دابوو بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی دۆستایەتی بەریتانیا و تورکیا و بەجێمهێشت.

نوسەری سەرچاوە/٤٤ لەباسەکەیدا لەسەرینەڕوا و دەڵێت: بەپێی ئەوەی لەرۆژنامەی (سەندەی تایمس)دا بلاَوکرابووەوە کە ڕۆژنامەی (ئەهرام)ی میسری لێیوەرگرتبوو، (پرسی لۆرین)ی مەندوبی سامی بەریتانیا لەتورکیا تەلگرافێك دەنێرێت بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و لەو تەلگرافەدا بەدووروودرێژی باسی ئەو گفتوگۆیەی خۆی و مستەفا کەمالی پێڕادەگەیەنێت و پێیدەڵێ: (سوپاستان ئەکەم ئەگەر ئەو هەڵوێست و وەلاَمەی منتان لا پەسەندە ئەوا ئاگادارم بکەن و ئەم باسەش عەرزی جەلالەتی مەلکی خاوەنشکۆ بکەن).

دەربارەی ئەم باسەی لەسەرچاوە/١٤٤دا بلاوکراوەتەوە، دوو سەرنج دێن بەبیردا:

یەکەمیان: هیچ دوور نییە مستەفا کەمال ئەو داخوازییەی کە لەکاتی سەرەمەرگدا بوویەتی هۆی ئەوە بووبێ تووشی نەخۆشی (خەڵەفاو)ی بووبێت، چونکە لەمێژووی هیچ سەرکردەیەکدا ڕووینەداوە سەرۆک کۆماری وڵاتێك داوا لەکاربەدەستێکی بێگانە بکات ئەو پێشنیازەی ئەو قبوڵبکات و ئەگەر ئەمە لەلێپرسراوی یەکێك لەو دەوڵەتانەی بەسترابوون بەتاجی شای بەریتانیاوە یا ئەو وڵاتانەی داگیرکراوی بەریتانیا بوایە، ئەو داخوازیە تۆزێك زۆرتر ڕێی تێدەچوو وەك لەداخوازی سەرۆك کۆماری وڵاتێکی سەربەخۆ کە بەشەمیراتی ئەو ئیمپراتۆریەتە زلەی عوسمانی بۆ مابێتەوە.

دووهەم: یاخود دوور نییە مستەفا کەمال ویستویەتی دەمودوی حکومەتی بەریتانیا تاقیبکاتەوە لەڕێگەی باڵیۆزەکەیەوە بۆئەوەی بزانێت بیروبۆچونی چۆن دەبێت دەربارەی (عیسمەت ئینونۆ) یا ئاخۆ تورکێکی تریان لا باشبووە کە ئەوان پەسەندیبکەن بۆئەوەی جێگەی بگرێتەوە.

باسی سێهەمی بەشی پێنجەم

کۆنگرەکانی (ئەرزڕوم) و (سیواس) و مۆرکردنی میساقی میللی و ڕۆڵی کورد لەمانەدا

نەخشـەی تورکـە نەتەوەییـەکان بەسـەرکردایەتی مسـتەفا کـەمال لەسـەرەتادا بەشـێوەیەك بـوو خۆیـان وا دەرنەخـەن نیازیـان وابـووە حکومـەتێکی کۆمـاری دروستبکەن چونکە دەیانزانی پەلەکردن لەوەدا دەبووە هۆی سەرنەکەوتنیان و هێشتا دانیشتوانی تورکیا بەئاسانی نەیاندەتوانی دەستبەرداری بوونی خەلیفە و سوڵتان کە سەدان ساڵ بوو کرابوو بەڕەمزی مانەوەی خەلافەتی ئیسلام و کورد لـەناو ئەوانـەدا زۆر سـەرگەرمی ڕێزگـرتن بـوون لەخلیفـە و دڵنیـاش نـەبوون لەهەڵوێست و لەبەڵێنەکانی تورکە نەتەوەییەکان و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانیش بەو هەموو لاوازی و گەندەڵ بوونەی پاشماوەی خەلافەت لەئەستەمبوڵدا هێشتا هەر ئەمانیان لا باشتربوو لەتورکە قەومیەکان بۆیە ناوی هەڵوەشانەوەی خەلافەت و دامەزراندنی کۆماری تورکیا هێشتا لەئارادا نەبوو، بەلاّم هیچ گومان لەوەدا نـەبووە نەخشـەی ئەمانـە بریتی‌بـووە لەدامەزرانـدنی حکومـەتێکی کۆمـاری و هەڵوەشانەوەی خەلافەت و ڕێگە نەدان بەکەمە نەتەوەکان کە بەهیچ جۆرێك بیر لەجیابوونـەوە بکـەن لـەتورکیا و دەشـیانزانی توانـای ئـەوەیان نـەبووە بەتـەنها هەرخۆیان ئەو مەبەستانەیان بهێننەدی بۆیە هەوڵیاندا لەڕێگەی بەستنی چەند کۆنگرەیەکەوە بتوانن کوردیشی تیادا بەشداربکەن هەنگاو بەهەنگاو نەخشەکەیان بەجێبێنن و لـەم باسـەدا هەوڵئـەدەین باسـی هـەردوو کۆنگرەکـەی (ئـەرزڕوم) و (سـێواس) بکـەین لەگـەڵ ڕۆڵـی کـورد لەهەردووکیانـدا و بێجگـە لـەوەی لێرەدا دەربارەی ئەو دوو کۆنگرەیـە دێنـە پێشچـاو لـەڕووداو و بەسـەرهاتەکاندا باسـی چالاکی و بڕیارەکانی ئەو دوو کۆنگرەیە باسدەکەین.

یەکەم-کۆنگرەی ئەرزرۆم

لەباسی یەکەمدا باسی پرۆگرام و پێڕەو و ئامانج و مەبەستە سەرەکیەکانی کەمالیەکانمان خستە پێشچاو و پێکهێنانی (میساقی میللی-ئەنجومەنی بالآی میللی) یەکێك بووە لەکارە کرنگەکانی (ئەرزرۆم). پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٥ ئاماژەی بۆ کتێبەکەی مستەفا کەمال کردووە کە لەلاپەڕە (٣٨١)دا (رێگای تازەی تورکیا)، بەرگی یەکەم باسی کۆنگرەی (ئەرزرۆم)ی بەم شێوەیە کردووە: کۆنگرەی ئەرزرۆم لەماوەی (١٠ تا ٢٣)ی تەموزی ١٩١٩دا بەسترا، دکتۆر فوئاد حەمەخورشید لەژمارە (٩٨)ی گۆڤاری ڕەنگیندا وتویەتی ئەو کۆنگرەیە لەنێوان ٢٣ی تەموزی ساڵی ١٩١٩ هەتا ١٩١٩/٨/٦دا بەسترابوو، کە بێجگە لەکەمالیەکان کۆمەڵی پاراستنی کەمە نەتەوەکانیش لەویلایەتەکانی ڕۆژهەلأتدا ژمارەیەك لەسەرۆکە کوردەکان تیایدا بەشداربوون (ئەمە یەکەم سەرچاوەیە باسی بوونی کۆمەڵێکی وای کردبێت).

حەسرەتیان لەلاپەڕە (٢٠)ی هەمان سەرچاوەدا وتویەتی: لەو ڕۆژانەدا ئەو پەردەی ئیسلامەتیەی بەبۆیاغی ڕەگەزپەرستێتی تورکەکان ڕەنگکرابوو شتێکی پێویست بوو بۆ تورکە نەتەوەییەکان بۆئەوەی بتوانن لەپشتی ئەو پەردەیەوە کورد و چەرکەس لەدەوری خۆیان گردبکەنەوە و هەستی ئایینیان بۆ سوودی خۆیان بەکاربێنن دژی داگیرکەران کە بەکریستیانەکان ناویاندەبردن.

کوردەکان لەمەبەستی ڕاستی کەمالیەکان گەیشتبوون و لێیان بەگومان بوون (لامولیە هەندێکیان خەڵەتێنرابوون و لەخشتەبرابوون بۆیە بووبوون بەلایەنگریان و کەمالیەکانیش باوەڕیان بەجەماوەری کورد نەدەکرد، بۆیە تەنها هەر پشتیان بەستبوو بەدەرەبەگ و ئاغا و هەندێ لەشێخەکانی کورد کە ئەم ڕاستیە لەو بانگەوازەی مستەفا کەمالدا ڕوونبووبووەوە کە ناردبووی بۆ هەندێ لەشێخ و دەرەبەگەکانی کورد بۆئەوەی بیانکات بەلایەنگری خۆی.

مستەفا کەمال لەمانگی ئابی ١٩١٩دا بڕیارەکانی کۆنگرەی (ئەرزرۆم)ی نارد بۆ شێخ و ئاغاکانی کورد (بەرلەمە لەبەشی دوهەمدا-بارودۆخی کوردستان دوای وەستانی شەڕی جیهانی یەکەم باسی هەمان تەقەلای مستەفا کەمالمان کردووە لەگەڵ هەندێ لەکوردەکان) کە یەکێك لەوانە (عەبدولڕەحمان ئاغای شرناخ) بوو کە مستەفا کەمال بۆی نوسیبوو: ((دڵسۆزیت بۆ خەلیفە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە و گومانم لەوەدا نیە ئێوە بەهیچ شێوەیەك ڕێگەنادەن ئەرمەنیەکان خاکی وڵاتەکەتان گلأوبکەن و من لەهەموو کەس باشتر شارەزای ڕەوشتی پاکی

ئێوەم و دڵنیام ئێوە یەکێکن لەوانەی خۆتان بۆ پاراستنی نیشتمان تەرخان دەکەن و ئەوا لەگەڵ ئەم نامەیەدا حەوت کۆپی لەبڕیارەکانی کۆنگرەی (ئەرزڕوم)تان بۆ دەنێرم و داواتان لێدەکەم بەدەستوبردی هێزێکی نیشتمانی پێکەوە بنێیت دژی خائینەکان کە ئەمە لەدڵسۆزی و نیشتمانپەروەرێتی ئێوە دەوەشێتەوە)).

حەسرەتیان دەڵێ جگەلەوەی عەبدولڕەحمان ئاغا، مستەفا کەمال چەند تەلگرافێکی تری لەو شێوەیە ناردبوو بۆ (حاجی موسا بەگ لەموتکا) و بۆ (شێخ عەبدولباقی کێوزادە لەبەدلیس) و (عومەر ئاغا لەیرشو) و (ڕەسول ئاغا لەموش) و بۆ سەعدەڵلا ئەفەندی نائیبی کۆن و محەمەد ئەفەندی و (شێخ زەینەدین لەنورستین) و (جەمیل چەتۆ بەگ لەعەزیزان).

دەربارەی ئەوانەی نامەیان بۆ نێردرابوو لەلایەن مستەفا کەمالەوە، (ڕۆبەرت ئولسون) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ ئاماژەی بۆ باسێکی (ئیسماعیل بێشکچی) کردووە کە وتویەتی مستەفا کەمال (١٠) نامەی ناردبوو بۆ کوردەکان کە کۆپییەکی لەفایلی تایبەتیدا بەناوی (نطق)ەوە هەڵگیراوە، بەڵام بێجگە لەو (١٠) نامەیەی (ئیسماعیل بێشکچی) باسیکردووە مستەفا کەمال گەلێك نامەی تری ناردبوو بۆ کوردەکان یەکێك لەو نامانە ئەوەبووە کە بۆ (شیخ ضیاء افندی) ناردبوو کە خەڵکی (Narshin) بووە کە لەڕۆژی ١٩١٩/٨/١٣دا ناردبووی هەروەکو لەدوکیومێنتی ژمارە (٩٤٣-٩٤٢.P.٥٢)دا تۆمارکراوە و لەو نامەیەدا مستەفا کەمال سوپاسی ئەو شێخەی کردووە بەرامبەر بەوەی لەشەڕی جیهانیەوە دڵسۆز بووە بۆ وڵات و بۆ سوڵتان.

ڕۆبەرت ئولسون باسی نامەیەکی تری مستەفا کەمالی کردووە کە سوپاسی (حەقی موسا بەگ-حەسرەتیان وەکو بەرلەمە باسیکردووە بەحاجی موسا بەگ ناویبردووە) کردووە کە سەرۆکی عەشیرەتی موڵکی بووە کە ئەو سوپاسنامەیەی لەلاپەڕە (٤٧)ی دوکیومێنتی ژمارە (٩٣٦-٩٣٩)ی ڕۆژی ١٩١٩/٨/١٠دا تۆمارکراوە و پێیوتوە دوژمنان دەیانەوێ وڵاتەکەمان لەتوپەتبکەن و حکومەتێکی ئەرمەنی تیادا دروستبکەن.

دوهەم-کۆنگرەی سیْواس

دەربارەی کۆنگرەی (سیْواس) کە لەدوایئەوەی (ئەرزڕوم) بەسترا، ئەوەی لەکۆنگرەی سیْواسدا ڕوویدا زۆر جیاواز بوو لەو گەرموگوڕییەی لەکۆنگرەی ئەرزڕومدا هەبوو، کێشەیەکی تازە پەیدابووبوو بەهۆی بۆچوونی هەندێ لەتورکەکان دەربارەی ئەوەی ئایا ئەگەر حکومەتی ئەمریکا بێتە پێشەوە و لەسەر نەخشەیەکی دوقۆڵی لەگەڵیان ڕێکبکەوێت سوودی ئەوەی نابێ کە بتوانرێت تۆزێك لەکەڵەگایەتی ئینگلیزەکان کەمبکرێتەوە لەناوچەکەدا، بەتایبەتی لەتورکیادا کە بەریتانیا ڕۆڵێکی سەرەکی بینیبوو لەلەتوپەتکردنی ئیمپراتۆریەتەکەیاندا.

لەکۆنگرەی سیْواسدا ئەوەی زۆر دەم هەراش و لەبلەبان بوو (خالیدە ئەدیب) بووە کە ئەندامی کۆنگرەکە بووە و یەکێك بووە لەڕۆشنبیرانی ئەو ڕۆژانە لەتورکیا و هەروەکو سەرچاوەکان باسیانکردووە پەیوەندیەکی بەهێزی هەبووە لەگەڵ (M.Charle. P. Crane) کە لەلایەن لیژنەی (King Crane)ەوە هەڵبژێردرابوو باسێکی دوورودرێژ ئامادەبکات دەربارەی (سەرپەرشتیکردن–Mandate)ی وڵاتە عەرەبییەکان و ئەو (مستەر چارڵس) بەباشی زانیبوو تورکیا خۆشی بکرێت بەسێ ناوچەی ئینتیداب هەروەکو لەسەرچاوە/٨٥دا (Patrick Kinross) بەدوورودرێژی باسیکردووە، ئەو سێ ناوچەیە بریتیبوون لە:

١-ئەرمینیا.

٢-ناوچەی ئەستەمبوڵ.

٣-ناوچەی ئەناتولیا.

لەگێژاوی ئەم باسانەدا (خالیدە ئەدیب) لەنامەیەکیدا کە بۆ مستەفا کەمالی ناردبوو، کورتەی ئەو نەخشەیەی لەلایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە کە دیارە بریتیبوون لەبەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا ئامادەکرابوو بۆ پاشەڕۆژی تورکیا ناردبووی بۆ مستەفا کەمال و خۆشی پێشنیازی ئەوەی کردبوو ئەگەر ئەو نەخشەیە بەزۆر بسەپێنرێت بەسەر تورکیادا باشترین شت ئەوەیە ئەو سەرپەرشتیکردنە (ئینتیداب) بەئەمریکاییەکان بسپێرێت چونکە دەبێتە مایەی بەهێزکردنی تورکیا و جۆرە خۆڕاگرتنێکیش دەبێت بۆ پوچەڵکردنی نەخشەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان ڕێگەش بۆ ئەوە خۆشدەکرێت تورکیا لەوڵاتێکی

کشتوکاڵییەوە بەرەو پێشەوە بڕوات و ببێت بەحکومەتێکی مۆدێرن کە ئێستە تورکیا ئەوەی لەباردا نی یە بەئاسانی بگات بەو مەبەستە و بەمە تورکیاش دووردەخرێتەوە لەسایە و دەسەڵاتی ئیمپریالیزمەکانی ئەورووپا.

خالیدە ئەدیب بۆ زۆرتر ڕوونکردنەوەی هەڵوێست و بارودۆخی تورکیا باسی وڵاتی (فیلیپین)ی بۆ ڕوونکردۆتەوە کە چ سوودێکیان لەئەمریکاییەکانەوە دەستگیر بووبوو بەهۆی ئەوەی خرابوونە ژێر چاودێری (ئینتیداب)ی ئەمریکاوە و مستەفا کەمالی لەنامەکەیدا دڵنیاکردبوو ئەگەر ئەم نەخشەیە سەربگرێت تورکیا لەماوەی بیست ساڵدا بەرەو قۆناغێکی تازە بەرەو پێشەوە دەڕوات.

سەرچاوە/٨٥ لەباسەکەیدا لەسەرینەڕوا و ئەڵێت: لەکاتی کۆنگرەی سیڤاسدا گەلێك کێشە لەنێوان ئەندامەکانیدا پەیدابوو بەهۆی لێکدانەوەی مەبەست و ناوەڕۆکی (ئینتیداب-Mandate)، بەلاّم لەئەنجامدا توانرا چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە کە کۆنگرە قبوڵی کردبوو کە بریتی بوو لە: (پێویستە داوا لەئەمریکا بکرێت نوێنەری خۆی بنێرێت بۆئەوەی لەبارودۆخی وڵات بکۆڵێتەوە و ڕاپۆرتێك ئامادەبکات و پێشنیازەکانی دەستنیشان بکات و بۆ ئەمە بڕیاردرا تەلگرافێك لەلایەن کەمال (کە دیارە مەبەست مستەفا کەمال بووە) و ڕەئوف و چەند کەسێکەوە نێردرا بۆ ئەنجومەنی (سەنا-پیران)ی ئەمریکا و داوای ناردنی ئەو نوێنەرە کرا، (بێگومان ئەم داخوازیە لەو ڕۆژانەدا بووە کە هێشتا کەمالیەکان زۆر لاواز بوون و نەگەیشتبوونە ئەو ڕادەیەی بەخۆیانا ڕابپەرموون بەبێ وڵاتێکی وەکو ئەمریکا دەتوانن نەخشەیەکی تایبەتی خۆیان بهێننەدی).

نوسەری سەرچاوە/٨٥ لەپەراوێزی لاپەڕە (١٨٨)دا دەربارەی ئەو ڕاپۆرتەی لەلایەن نوێنەری ئەمریکاوە ئامادەکرابوو وتویەتی: (لەڕاستیدا ئەو ڕاپۆرتە لەدوای ئامادەکردنی لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە پشتگوێخرا و دیاریش بووە داواکردنی هاتنی نوێنەرەکەی سەناش تەنها بۆ ئەوە بووە هەندێ لەئەندامانی کۆنگرەکەی پێڕازیبکەن و لەلایەکی تریشەوە ویسترابوو لەڕێگەی ئەو هەوڵدانەوە سەرنجی وڵاتانی جیهان ڕابکێشرێت بۆ چالاکی ئەو بزوتنەوەیەی کەمالیەکان لەو ڕۆژانەدا دەیاننواند و هیچ دوور نی یە مستەفا کەمال شانبەشانی ئەمەش ئاگاداری ئەوە بووە کە ئەمریکاییەکان (J. G. Harbord)یان ناردبوو بۆ ئەرمەنیا لەسەر داخوازی (ودرو ویلسن)ی سەرۆك کۆماری ئەمریکا بۆئەوەی لەگەڵ ئەرمەنیەکاندا باسی ئینتیداب بکات (بێگومان ئەمریکاییەکان لەدواییدا

لەکاتی کوشتاری ئەرمەنیەکان لەلایەن کەمالیەکانەوە، نەك هەر ئینتیداب بەڵکو دەستیشیان برین و بەهیچ شێوەیەك لایان لێنەکردنەوە وەکو لەبەشی شەشەمی ئەم بەرگەدا باسێکی تایبەتیمان تەرخانکردووە بۆ کوشتاری ئەرمەنیەکان).

نوسەری سەرچاوە/٨٥ لەلاپەڕە (١٨٩)ی کتێبەکەیدا دەربارەی پەیوەندی تورك و ئەمریکاییەکان باسی گفتوگۆیەکی نێوان مستەفا کەمال و (J. G. Harbord)دا کراوە، کە مستەفا کەمال بە(هاربۆرد)ی وتبوو: ((دیارە هەر حکومەتێك ڕێز لەخۆی بگرێت (مەبەست ئەمریکا)یە قبوڵی هیچ جۆرە ئینتیدابێك ناکات ئەگەر هەموو دەسەڵاتێکی تەواوی پێنەدرێت و مستەفا کەمال هاربۆردی دڵنیاکرد بزوتنەوەکەی بۆئەوەیە هاوکاری لەگەڵ هەموو هاوڵاتیاندا بکات بێئەوەی گوێ بداتە جیاوازی ڕەگەز و ئاین و دەیەوێ ئەو مەترسیەی کریستیانەکان هەیانبووە دەربارەی ڕووداوەکانی ڕابردوو ئیتر لەمەودوا ڕێگە نەدرێت شتی وا ڕووبداتەوە و تاقە مەبەستی ئەوەیە هەموو هاوڵاتیان یەکبخات بۆئەوەی وڵاتەکەیان لەدوژمن بپارێزێت. بۆ وەڵامی ئەمە هاربۆرد پێی دەڵێت: ئەم قسانەی تۆ ئێستا دەیکەیت لەگەڵ ڕەوشتی سەربازێتیدا یەکناگرنەوە)).

بەشی شەشەم

سەرکەوتنی کەمالیەکان و خۆچەسپاندنیان و هۆی سەرکەوتنەکانیان

لەدوایئەوەی کەمالیەکان لەحکومەتی تورکی ئەستەمبولْ یاخیبوون کە بەناو لەژێر سایەی خەلیفەدا مابووەوە، پاشئەوەی خۆیان بەهێزکرد و هەستیانکرد ئیتر لەتوانایاندایە ببن بەتاقە نوێنەر و دەسەلاتدار لەتورکیادا ئیتر دەستیانکرد بەبەجێهێنان و سەرگرتنی ئەو نەخشانەی بەپێی پرۆگرام و پەیرەوەکانیان نەخشەیان کێشابون و لەسەرەتادا کۆنگرەی ئەرزرۆم و سیواسیان بەست و میساقی میللیان دەرکرد و بەشێوەیەکی ڕەسمی بلاویانکردەوە و ئەنقەرەیان کرد بەبنکە و پایتەختی خۆیان کە لەسەرەتادا بەمانەی خوارەوە دەستیانپێکرد:

یەکەم: ڕووبەڕووبونەوەی ئەو هێزە یۆنانیەی بەهاندانی حکومەتی بەریتانیا نێردرابوو بۆ داگیرکردنی ئەزمیر لەم باسەدا لەڕۆلی کورد ئەدوێین لەچۆنیەتی بەشداربوونیاندا شانبەشانی تورکە کەمالیەکان.

دوهەم: پەلاماردانی ئەرمەنیەکان و ئەو کوشتارەی لێیانکردن بۆ سەرنەگرتنی ئەو مادانەی لەپەیمانی سیڤەردا بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئەرمەنی تەرخانکرابوو.

سێهەم: لابردنی سولْتان و هەلْوەشانەوەی خەلافەت و دامەزراندنی کۆماری تورکیا.

باسی یەکەمی بەشی شەشەم

ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ هێزی یۆنانیەکاندا

بۆ ئاسانکردنی ڕوونکردنەوەی ئەم شەڕە و هۆی دەستپێکردنی و سەرەنجامەکەی و ڕۆڵی دەوڵەتان لەهەڵگیرساندنی ئەم شەڕەدا و ڕۆڵی کورد و بەشداربوونی ئەم باسە دەکەین بەم بەشانەی خوارەوە:

١-هۆی دەستپێکردنی شەڕ و چۆنیەتی دەستپێکردنی و ڕۆڵی دەوڵەتان.

٢-ڕۆڵی کورد لەو شەڕەدا:

أ-بەشداربوونی کورد لەو شەڕەدا شانبەشانی تورك.

ب-تەقەللای سەرنەگرتووی هەندێ لەکوردەکان بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ یۆنانیەکاندا دژی تورك.

یەکەم-هۆی دەستپێکردنی شەڕ و چۆنیەتی دەستپێکردنی و ڕۆڵی دەوڵەتان

یۆنانیەکان لەڕووی مێژووییەوە هەمیشە بەشێکی زۆری وڵاتی تورکیایان بەبەشێك لەخاکی خۆیان زانیوە و ئەستەمبوڵی پایتەختی عوسمانیەکان لەکاتی خۆیدا لەلایەن بیزەنتی (یۆنانیەکان)ەوە دروستکرابوو، بۆیە شکاندنی دەوڵەتی عوسمانی و لاوازبوونی دەسەڵاتی تورکیان بەهەلێکی مێژوویی زانی و بۆ دەرفەتێك دەگەڕان کە بەشێك لەو وڵاتە داگیرکراوەیان دەستگیربێتەوە، بەڵام لەپەیمانی (سایکس پیکۆ)دا هیچ حسابێکی بۆ ئەو نیازەی یۆنان نەکرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەروەکو سەرچاوە/٨١ (گزیدەی اسناد سیاسی ئێران و تورکیا، لەلاپەڕە (٦٣)یدا باسی (وەنزیلوس)ی سەرەك وەزیرانی یۆنانی کردووە چۆن لەگەڵ کابرایەکی یۆنانی دەوڵەمەنددا کە ناوی (بازیلیوس زاخاریاس)دا کە هەردووکیان ئاشنای (لوید جۆرج)ی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا بوون و ئەو پیاوە دەوڵەمەندە لەلایەکەوە بازرگانی چەك فرۆشتن بووە و لەهەمان کاتدا لێپرسراوێکی نهێنی ئینتلجسی بەریتانیا بووە، لەو ڕۆژانەدا (١٠٠) هەزار دۆلاری تەرخانکرد بۆ دەستپێکردنی ئەو شەڕە و بڕیاریدا خەرجی ئەو شەڕە بکێشێت و بەو پێیە هێزەکانی یۆنان بەپاپۆڕەکانی ئینگلیز گوێزرانەوە بۆ ئاسیای بچوك (تراکیا) و شەڕ لەگەڵ تورکدا دەستپێکرد.

لەڕاستیدا وەکو ئەو سەرچاوانەی باسی شەڕەکەیان کردووە، لەهەموویدا دەردەکەوێت کە ئاگری بن کای هەڵگیرساندنی ئەو شەڕە و نەخشەی پەلاماردانی یۆنان بۆ سەر (ئەزمیر) لەلایەن کاربەدەستانی بەریتانیاوە کێشرابوو. لەکتێبەکەی (Patrick Kinross)دا سەرچاوە/٨٥، بەدوورودرێژ باسی ئەو شەڕەی کردووە و ئاماژەی بۆ گفتوگۆیەکی (لوید جۆرج)ی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا کردووە لەگەڵ ئەفسەرێکی فەرەنسیدا کە ناوی (Vensittart) بووە، کاربەدەستێك بووە لەوەزارەتی دەرەوەی فەرەنسادا و لەو گفتوگۆیەدا (لوید جۆرج) پێی وتوە: ((ئێمە لەم شەڕەدا (مەبەست شەڕی جیهانی بووە) هەرچییەکمان ویست هەموویمان دەستگیربوو، پەیمانی ئاشتی مۆرکرا و دەوڵەتی عوسمانی پارچە پارچەکرا و بوو بەچەند حکومەتێك و ئەو حکومەتی تورکیەش کە دەمێنێتەوە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دەتوانن لەدەریاوە سەرپەرشتی بکەن و ڕێگەی ئەوەی پێنادەن دەسەلاتێکی ئەوتۆی هەبێت و هەموو ولاتە عەرەبیەکانی لێجیاکراوەتەوە و یۆنانیەکانیش دەستبەسەر دەریای (ئیجە)دا دەگرن و ئیتالیەکان دورگەکانی (دوریکانیس)یان بەدەستەوە دەبێت و لەڕۆژهەلاتی تورکیادا حکومەتێکی سەربەخۆی ئەرمەنیش دروست ئەبێت لەگەڵ دامەزراندنی ئۆتۆنۆمیەك لەکوردستاندا و بەشێکی تری تورکیاش دەخرێتە ژێر دەسەلاتی فەرەنسا و ئیتالیاوە و هێزی تورك تەنها بریتی دەبێت لەهێزێکی جەندرمە لەژێر چاودێریی هاوپەیمانەکاندا)).

نوسەری سەرچاوە/٨٥ لەباسەکەیدا دەڵێت: ساتێك مستەفا کەمال هێزی خەلیفەی لە(ئەزمیت) دەرکرد و لەئەستەمبوڵ نزیکبووەوە جەنراڵ (Mine) هێزێکی نارد بۆ پاراستنی ئەستەمبوڵ و بەرامبەر بەمە سەرەك وەزیرانی یۆنان (وەنزیلوس) هاتەپێشەوە و (لوید جۆرج) داوای لێکرد لەکۆبونەوەیەکی کۆنگرەی ئاشتیدا ئامادەبێت و بڕیاریاندا دوو هێز لە(ئەزمیر)ەوە پەلاماری ناوچەی (ئەزمیت) بدەن بۆئەوەی تورکەکانی لێدەرکەن.

لەم کاتەدا مستەفا کەمال کێشەیەکی بۆ پەیدابووبوو بەهۆی دەرەبەگێکی تورکی بەهێزەوە کە ناوی (چاپان ئوغلو) بوو کە ئیعلانی سەربەخۆیی حکومەتێکی کردبوو بەمەبەستی لایەنگرێتی بۆ سوڵتان و نیازی وابوو (قیصریە) داگیربکات. نوسەر دەڵێت: کاتی خۆی (ئەدمیرال ڕوبیك) لە(لۆرد کرزن)ی گەیاندبوو ئەگەر بێت و فشار بخرێتە سەر مستەفا کەمال ئەوا ڕوودەکاتە سۆڤیەت و لەڕاستیشدا لەدواییدا مستەفا کەمال هەروایکرد.

بەلاّم زۆری پێنەچوو هەڵوێست گۆڕا و (وەنزیلوس) و (داماد فرید)ی سەدری ئەعزەمی تورك هەردووكیان لابران و ساتێك لەحوزەیرانی ١٩٢١دا هێرش برایە سەر توركیا (ملك قسطنطین)ی یۆنانی خۆی سەركردایەتی هێزەكانی یۆنانی كرد و ڕوویكردە (ئەزمیر) و لەگفتوگۆیەكی (ملك قسطنطین) و ڕۆژنامەی (Times)ی لەندەنیدا بەدڵنیاییەوە بەڕۆژنامەكەی وت كەوا هێزی كەمالیەكان تێكدەشكێنرێن و چرچڵی وەزیری داگیركراوەكانی بەریتانیاش وەكو لەیاداشتەكانیدا باسیكردووە ئەویش لەو ڕۆژانەدا دڵخۆشی خۆی دەربڕیبوو بەرامبەر سەركەوتنی هێزەكەی یۆنان.

نوسەری سەرچاوە/٨٥ لەباسەكەیدا لەسەرینەڕوا و ئەڵێت: (لۆرد كرزن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا هەوڵی ئەوەیدا كێشەكە بەوە چارەسەر بكرێت ئۆتۆنۆمی بدرێت بەناوچەی (ئەزمیر) و بۆ ئەو مەبەستە لەپاریس لایەنگرێتی (Brind)ی مسۆگەر كردبوو، بەلاّم هاوپەیمانەكان حسابی ئەوەیان كردبوو ئەگەر ئۆتۆنۆمی بدرێت بە(ئەزمیر) دەبێ سوپای تورك خۆی لەو ناوچەیە بكێشێتەوە، بەمە ئاسایشی ناو شارەكە دەكەوتە ئەستۆی دەوڵەتە هاوپەیمانەكان كە ئەمە كارێكی ئاسان نەبوو بۆیە چارنەما و دەبوایە كێشەكە بەشەڕ یەكلابكرایەتەوە.

یۆنانیەكان لەو شەڕەدا پڕچەك بوون و فڕۆكەشیان هەبوو، بۆ یەكەم قۆناغ پەلاماری (ئەفیون) و (قەرەحەسار) و (كوتاهیە)یاندا، لە ١٩٢١/٨/١٣دا یۆنانیەكان چوونە پێشەوە هەرچەند نەیاندەویست ئەنقەرە داگیربكەن بەڵكو ویستیان بۆ مەبەستێكی سیاسی توركەكان لە(قیصریە) و (سیواس) دەركەن و بیانشكێنن و بەوجۆرە شەڕەكە (٢٢) شەو و ڕۆژ درێژەی كێشا و بۆ پێشەوە دەرچوونی یۆنانیەكان زۆر لەسەرخۆ بوو لەپێشدا چیای (چالاداغ)یان گرت بەلاّم وردە وردە هێزی پەلامارداني نەما و لە ١٢ی سێپتەمبەردا فەرمان لەئەسینای پایتەختی یۆنانەوە دەرچوو هێزەكەیان بكشێتە دواوە.

(لۆرد كرزن) داوای كۆبونەوەیەكی كرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێكی بنەبڕ و بڕیاردرا بەر لەهەموو شتێك شەڕ بوەستێنرێت، یۆنانیەكان بڕیاری وەستانی شەڕیان پەسەندكرد بەلاّم توركەكان بەمەرجێك بەوە قایل بوون كە یۆنانیەكان هەموو شوێنە داگیركراوەكانیان چۆڵبكەن و لەهەمان كاتدا خۆیان كۆدەكردەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەیەكی تر و یۆنانیەكانیش لەولاوە نیازیان وابوو ئەستەمبوڵ داگیربكەن.

هێزی کەمالیەکان لە ١٩٢١/٨/٢٦دا دەستیانکرد بەهێرشبردن و دانیشتوانی (ئەزمیر) خۆیان ئامادەکردبوو شارەکە چۆڵبکەن و چەند پاپۆڕێکی ئینگلیز لەکەناری دەریادا چاوەڕوانی هەڵوێستیان دەکرد و ساتێك تورکەکان چوونە ناو شاری (ئەزمیر)ەوە شارەکەیان سوتاند و کوشتارێکی زۆریان لەدانیشتوان کرد و هەروەکو ڕۆژنامەنوسێکی ئەرمەنی باسیکردووە نزیکی دووهەزار کەسی تیادا کوژرابوو کە وەکو مستەفا کەمال بەئەدمیرال (Dumesnil)ی ڕاگەیاندبوو تاوانی کارەسات و کوشتارەکەی ناو شاری ئەزمیری دابووە پاڵ ئەرمەنیەکان.

دەربارەی چۆنێتی داگیرکردنی ئەزمیر کە سەرچاوە ئینگلیزیەکان بە(Smyrma) ناودەبرێ، سریا بەدرخان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٧٩ ژمارەی کوژراوەکانی ئێجگار زۆرتر داناوە کە بەشیر و ڕمی تورکەکان کوژرابوون و دەستیان بەسەر هەزاران ژن و کچدا گرتبوو وە ئاماژەی بۆ کتێبی (The Light of Asia) کردووە لەنووسینی (George Horton) کە کونسوڵی ئەمریکا بووە لە(Smyrma–ئەزمیر) کە بەدووروودرێژی باسی ئاواتەکانی تورکی کردووە لەشاری (ئەزمیر)دا.

سەرچاوە/٨٥ باسی تەقەلادانی کەمالیەکانی کردووە بۆ داگیرکردنی ئەستەمبوڵ و باسی ئەو کۆنفرانسەی کردووە کە لە ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١دا لە(مودانیا) بەسترا و (عیسمەت ئینونو) نوێنەری کەمالیەکان بووە و لەو کۆنفرانسەدا تورکەکان چی‌یان داواکردبوو دەستگیریان بوو، لەئەنجامی ئەوەدا (لوید جۆرج)ی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا دەستی لەئیش کێشایەوە.

دووەم: ڕۆڵی کورد لەوشەڕەدا

باسی ئەو شەڕەی یۆنان و تورك باسێکی دووورودرێژە و لەباسی باکوری کوردستانمان دووردەخاتەوە و ئەوەی زۆر مەبەستمانە لێی‌بدوێین بریتی‌یە لەهەڵوێستی کورد لەباکووری کوردستاندا لەو شەڕەدا کە دەیکەین بەدوو بەشەوە:

أ-هاوکاریکردنی کورد و پشتگیریکردنی تورک لەو شەڕەدا.

ب-ئەو تەقەلا سەرنەگرتووەی کورد دابووی بۆ نزیکبوونەوە لەیۆنان و هاوکاریکردن لەنێوانیاندا دژی تورک.

أ-هاوکاریکردنی کورد بۆ تورك و بەشداربوونی لەو شەڕەدا

هەروەکو لەباسی سیڤەر و لەبەستنی هەردوو کۆنگرەکەی (ئەرزڕوم) و (سیڤاس)دا باسی ئەوەمانکرد چۆن تورکەکان توانیبوویان ژمارەیەکی زۆری کورد بکەن بەهاوکاری خۆیان و کردبوویانن بەلایەنگری خۆیان تا ئەوکاتەی لەدوا تەقەلادانیاندا لەگەڵ کورد توانیبوویان لەکاتی کۆنگرەی لۆزاندا ئەو کوردانە بخەڵەتێنن هەروەکو لەو باسە تایبەتیەی بۆ (کۆنگرەی لۆزان) تەرخانکراوە هەموو شتێك ڕووندەبێتەوە و بەرلەوەش لەو شەڕەی لەگەڵ یۆنانیەکاندا کردبوویان، لەوکاتەدا کە پێویستیەکی تەواویان بەکورد هەبوو بۆئەوەی لەو شەڕەدا کۆمەکیان بکات، توانیبوویان کوردەکان بەوە بخەڵەتێنن کە لەدوای سەرکەوتن بەسەر دوژمندا و پاکردنەوەی وڵات لێیان ئەوسا مافی کوردیش دەخەنە پێشچاو و لەو ڕۆژانەدا کە هێزی یۆنانیەکان تەنگیان بەتورکەکان هەڵچنیبوو، لەوکاتە ناسکەدا ژمارەیەکی زۆر لەچەکدارانی کورد و هەندێك لەسەرۆك عەشیرەتەکان بوون بەهاوکاری، لەو شەڕەدا کورد ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبووە لەسەرکەوتنی تورکەکاندا و بەوپەڕی دڵسۆزیەوە سنگیان دەنایە بەرگوللە و بەشمشێری یۆنانیەکانەوە تا ئەوکاتەی هێزی یۆنانیەکان شکا و کە شەڕەکە بەسەرکەوتنی تورکەکان بڕایەوە، لەکاتی ئاهەنگی سەرکەوتن لەو شەڕەدا لەلایەن سەرکردەی ئەو هێزەی تورك کە یۆنانیەکانی شکاندبوو، پەردە لەسەر (سەربازی نەناسراو-جندی المجهول) لابرا، سەرکردەی ئەو هێزە

بەئاشکرا وتبووی لەم کاتەدا کە پەردە لەسەر ئەم سەربازی نەناسراوە لادەدەین دەبیٚ دان بەوەدا بنرێت کە دوورنییە ئەو سەربازە کورد بووبێت.

لەڕاستیدا هاوکاریکردنی کورد بۆ تورك شتێکی تازە نەبوو، بەڵکو گەلێك سەرچاوە باسی ئەو هاوکاریکردنەی کوردیان کردووە، بۆ نموونە دەربارەی ئەو شەڕە دکتۆر فوئاد حەمەخورشید لەگۆڤاری (ڕەنگین)ی ژمارە (٩٨)ی ساڵی ١٩٩٧دا ئاماژەی بۆ باسێکی (غ. ئیستیخانوف) کردووە کە باسی قارەمانێتی ئافرەتێکی کوردی کردووە کە ناوی (فاتمە خانم) بووە کە لەخزمەکانی سمکۆی شکاك بووە، ئەم ئافرەتە لەدەوروبەری (ئەنقەرە)دا بەجلی سەربازی پیاوانەوە سەرکردایەتی هێزێکی جەنگاوەرانی کوردی کردووە کە بریتی بوون لەسەدان چەکدار و فاتمە خان بەشێوەیەکی ڕێكوپێك سەرکردایەتی ئەو هێزەی خۆی کردووە و لەناو جەنگاوەرەکانیدا دەسەلاتێکی بەهێز و توانای هەبووە و هێزەکەی شانبەشانی ئەنجومەنی باڵای میللی تورك دژی یۆنانییەکان وەستاوە و شەڕیکردووە و هێزەکەی گەلێك شەهیدی دابوو لەپێناوی ڕزگارکردنی کوردستان و تورکیادا.

جگە لەو باسە، ئەمین زەکی بەگ لەلاپەڕە (٢٧٠)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٣٢ باسی (کازم قەرەپاشا)ی تورکی کردووە کە هێزێکی پێکەوەنابوو زۆربەی چەکدارەکانی بریتیبوون لەکوردە ئازاکانی ئەو ڕۆژانە و لەمانگی ئابی ١٩٢٠دا ئەو هێزە شاری (قارس)ی داگیرکرد و ئەو سەرکەوتنە لەمێژووی تورکدا بەیەکێك لەهۆ گرنگەکان دەژمێردرێت بۆ دانانی بناغەیەکی پتەو و چەسپاو بۆ دامەزراندن و سەرگرتنی کۆماری تورك و ئەگەر ئەرمەنییەکان لەو شەڕەی قارسدا سەربکەوتنایە بزوتنەوەی تورکە کەمالییەکان سەرینەدەگرت، بێجگە لەم هۆیەی ئەمین زەکی باسیکردووە کە بووە بەهۆی سەرکەوتنی تورك و داگیرکردنی (قارس) ئەو پەیمانەی کەمالییەکان لەگەڵ سۆڤیەتدا بەستبوویان بوو بەهۆی ئەوەی ئیتر ترسیان لەسۆڤیەت نەمێنێت بۆیە ئەو هێزانەی بەرامبەر بەوان دایانئابوون هەموویان کێشایەوە و بەکاریانهێنا دژی ئەرمەنییەکان کە لەقارسدا بەسەریاندا سەرکەوتن.

ب-تەقەلایەکی سەرنەگرتووی کورد بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ یۆناندا دژی تورك

چ حکومەتی یۆنان و چ هەندێك لەو کوردانەی بەفرۆفێڵی کەمالیەکان نەخەڵەتێنرابوون هەردوولایان زۆر مەبەستیان بووە جۆرە هاوکاریەك لەنێوان یۆنان و کورددا پێکبێت دژی تورکە کەمالیەکان کە دوژمنی هەردوولایان بوون، بەڵام لەمەشدا سیاسەتی کاربەدەستانی بەریتانیا وەکو هەموو هەڵوێستێکی تریان بەرامبەر کورد ئەو لێك نزیکبوونەوەیان بەباش نەزانیبوو چونکە سوودی خۆیانی تیادا نەبوو.

دەربارەی ئەمە بەپێویستم زانی بەزنجیرە هەندێ لەو دوکیومێنتانە بخەمە پێشچاو کە چۆن هەندێ کوردی داخ لەدڵ بەرامبەر تورك و ئەو ناکۆکیەی لەنێوان تورك و یۆناندا لەدوای شەڕی جیهانی سەریهەڵدابووەوە بکەم بەکوردی کە پەیوەندیان بەو تەقەلا سەرنەگرتووانەوە هەیە کە درابوو بۆ سازکردنی پەیوەندی ئەو دوو لایە:

<u>دوکیومێنتی یەکەم:</u>

ژمارە (Fo.٢٧١-٦٣٤٦١) ڕۆژی ١٩٢١/٥/٢٥ باسی ڕاپۆرتێك ئەکات لەباڵیۆزخانەی بەریتانیاوە لەئەستەمبوڵ نێردرابوو بۆ (لۆرد کرزن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دەربارەی چاوپێکەوتنی مەندوبی سامی بە(ئەمین عالی بەدرخان) کە لەو چاوپێکەوتنەدا داوای لەحکومەتی بەریتانیا کردبوو لایەنگری ئەوە بێت بزوتنەوەی کورد بتوانێت هاوکاری بکات لەگەڵ یۆنانیەکاندا دژی تورك لەو شەڕەی لەنێوان هەردوولادا دەستیپێکردبوو. بەپێی دوکیومێنتەکە وەڵامی مەندوبی سامی بەریتانیا بۆ (ئەمین عالی بەدرخان) بەم شێوەیە بووە: (سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا هەر لەمۆرکردنی پەیمانی شەڕ وەستاندنەوە بریتیە لەوەی حکومەتی خاوەنشکۆمان هانی کورد نەدات هیچ جۆرە ڕاپەڕینێك بکات، لەبەرئەوە هیچ ڕاپەڕینێکتان بەرامبەر تورك بەدڵی حکومەتی خاوەنشکۆ نابێت).

دوكيومێنتى دووەم:

ژمارە (No.٣١-A.٩٣-٤٣-٦٢٥) ڕۆژى ١٩٢١/٥/١٣ ڕاپۆرتێكى تيادا باسكراوە كە وتويەتى: ئەمين عالى بەدرخان كە گەورە و سەركردەى بنەماڵەى بەدرخانيەكانە لەگەڵ جەلادەتى كوڕيدا ڕۆژى ١٩٢١/٤/٢٥ زيارەتى (ريان)يانكرد كە جەلادەت يەكێكە لەكوردە چالاكەكانى بزوتنەوەى كورد و ئەمين عالى بەدرخان بە(ريان)ى وت خۆى و هاوڕێكانى پەيوەنديان بەيۆنانيەكانەوە كردووە، بەڵام ناتوانێت هيچ بكات هەتا بيروبۆچونى حكومەتى خاوەنشكۆى ئێمە وەرنەگرێت و دەيەوێ بۆ ئەم مەبەستە بچێت بۆ موسڵ، ئەگەر بچێت بۆ موسڵ ئايا لەوێ پێشوازى لێدەكرێت يان نا؟ لەوەڵامدا (ريان) پێى‌دەڵێت لەم ڕۆژانەدا هەر هەوڵدانێك بۆ كورد دژى تورك بەشتێكى ڕاست نازانرێت و پێشوازى لێناكرێت، بەڵام ئەگەر هات و توركەكان تەنگەتاويان كردين شتێكى خراپ نىيە سوود لەتەقەلاى بەدرخان وەربگيرێت.

دەربارەى ئەو دوكيومێنتەى باسى گفتوگۆكەى (ريان) و ئەمين عالى بەدرخانى تيادا كراوە، هەروەكو دكتۆر وەليد حەمدى لەكتێبەكەيدا سەرچاوە/٢٣ ئاماژەى بۆ چاوپێكەوتنێكى ئەمين عالى بەدرخان و مەندوبى سامى بەريتانيا كردووە لەئەستەمبوڵدا كە ئەمين عالى بەدرخان داواى لێكردبوو ڕێگەى پێبدرێت بچێت بۆ موسڵ لەوەڵامدا پێى‌دەڵێت ئەگەر بۆچونەكەت بەنيازى گەڕانيش بێت دەبێ پێشەكى موافەقەتى بۆ وەربگريت بەمەرجێك چوونەكەت بۆ شتى تر نەبێت، بەڵام لەدواڕۆژدا ئەگەر حكومەتى ئەنقەرە بكەوێتە شەڕەوە دژى بەريتانيا يان فەرەنسا ئەوسا لەوانەيە سوود لەكورديش وەربگيرێت كە ئەمە هەروەكو وەڵامەكەى (ريان) وابووە.

دوكيومێنتى سێيەم:

ژمارە (No.٢٥٨-C.O.٤٦٧٦-٤٤) ڕۆژى ١٩٢١/٤/٢١: لەسەرچاوەيەكى باوەڕپێكراوەوە پێمانگەيشتووە مفەوەزى يۆنان لەئەستەمبوڵ هەوڵيداوە پەيوەندى و هاوكارى لەگەڵ كوردە نەتەوەييەكاندا بكات و بۆ سەرگرتنى ئەو مەبەستە لەشارى سيڤاس (مستەفا پاشا ياموڵكى) و (حاكى بەگ) كۆبوونەوە بۆ چۆنيەتى ئەو گفتوگۆكردنە لەگەڵ يۆنانيەكاندا.

دوكيومێنتی چوارەم:

ژمـــارە (No.C.O.٢٨٨٠٩-٣٣٣-٢١) ڕۆژی ١٩٢١/٥/١١، نامەیـــەكی (هـــۆراس ڕامبولـد)ی مەنـدوبی سـامی بـەریتانیای تیادایـە كـە بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی بەریتانیای تیادایە دەربارەی كورد و یۆنان كە لەنامەكەدا وتراوە:

١-حەزئەكەم ئاگاداری ئەوەتان بكەم كە یۆنانیەكان خەریكن هانی كوردەكان ئەدەن بۆئەوەی ناوچەكانی ڕۆژهەلأتی توركیا بشێوێنن دژی توركیا، بێگومان هـەموو بزوتنـەوە و ڕاپـەڕینێكی كـورد بەتایبـەتی ئەگـەر لەلایـەن كـوردە نەتەوەییەكانـەوە بێـت دەبێتـە مایـەی سـەغلەتی بـۆ توركـەكان كـە دژی ئـەوەن ئۆتۆنۆمی بدرێت بەكورد.

٢-بەلأم لامواییە ئەگەر بزوتنەوە و چالاكیەكانی كورد یەكیشبگرێت هێشتا بـەهیچ ئـەنجامێك ناگـەن چـونكە پەیوەنـدی كـورد و تـورك لـەڕووی هەسـتی ئاینیانـەوە كە هاوئاینیان ڕێگـەی ئـەوە نـادات كـورد هاوكاری لەگـەڵ یۆنـانی و كریسـتیانیدا بكـات (كـە بـەزۆری لەمـەدا مەبەسـتی هەڵوێسـتی تـاقمی شـێخ عەبدولقادر شەمزینی بووە).

٣-مستەفا یامولكی هەروەكو ئەفسەرێكی كوردی شاری سلێمانی پیاوێكی ناسـراوە و قـەرزاری حكومـەتی بەریتانیایـە بەرامبـەر بـەوەی سـاتێك لەلایـەن توركەكانەوە گیرابوو بەرلەوەی ماوەی زیندانیكردنەكەی تەواوببێت ئێمە هەوڵمان بۆدا و بەردرا و ڕێگەی پێدرا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی.

(ئەوەی شایانی باسە مستەفا پاشا یامولكی پاشئەوەی گەڕایەوە بۆ سلێمانی و بەنهێنی خۆی گەیاندە لای سمكۆ، هەوڵێكی زۆری لەگەڵ سمكۆدا دا لەجیاتی ئـەوەی شـەڕ لەگـەڵ حكومـەتی ئێرانـدا بكـات بچێتە كوردسـتانی باكوور و دژی توركە كەمالیەكان شۆڕش بكات بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا توركـەكان تووشـی شـەڕ بووبوون لەگەڵ یۆنانیەكاندا، لەدوكیومێنتی ژمارە (C.O.٧٣٠/١٩-٥٥٢٩. No.٢٧-٣٤) ڕۆژی ١٩٩٢/١/٢٠دا باسـی ئـەو تەقەلایـەی مسـتەفا یـامولكی كراوە كـە لەلاپـەڕە (٣٥١)ی كتێبـی (سمكـۆ و بزوتنـەوەی نەتەوایـەتی كـورد)، چـاپی سـتۆكهۆڵم، لەسـاڵی ١٩٩٥دا چاپمكرد و بەدوورودرێـژی باسـی ئـەو دوكیومێنتـەم كـردووە، بـەلأم سمكـۆ نەچـۆتە ژێـر بـاری ئـەو داخوازییـەی مسـتەفا یامولكی و لای وابـوو دەیتوانی سوود لەتورك وەربگرێت دژی ئێران.

دوکیومێنتی پێنجەم:

لەلاپەرە (٦٣)ی کتێبەکەی (Robert Tolson) سەرچاوە/٨٤ باسی چۆنیەتی پەیوەندی کوردەکانی کردووە بەیۆنانیەکانەوە کە وتویەتی: پەیوەندی کورد بەیۆنانیەکان لەوەوە دەستیپێکرد کە (Kane Populos)ی کاربەدەستی یۆنانی لەباڵیۆزخانەی یۆنان لەئەستەمبوڵ پەیوەندی بەئەمین عالی بەدرخان و حامدبەگەوە هەبوو، مەندوبی سامی یۆنان لەئەستەمبوڵ کوردێك کە ناوی (Hamid Cavus–کە ڕەنگە هەر ئەو حامدبەگە بووبێت کە وتویەتی لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخاندا چاوی بەو کاربەدەستەی یۆنانی کەوتوە) بوو ناردی بۆ کوردستان بۆ ناوچەی (ئەماسیە) بۆلای لێپرسراوی کەنیسەی (Votsis) و کوردەکان ویستیان ئەو کوردانەی لەناو سوپای تورکدا بوون و لەو شەڕەی تورك و یۆناندا لەلایەن هێزەکانی یۆنانەوە بەدیل گیرابوون لەتورکە گیراوەکان جیابکرێنەوە و بەربدرێن و پڕوپاگەندەیەکی باشیان پێبکەن دژی تورکەکان لەناوچەی (ئەنادۆڵ)دا و پێشنیازی کوردەکان درا بەجەنراڵ (Papolus) کە لەسەرکردەی یەکێك لەهێزەکانی یۆنان بوو، بەڵام ئەو پێشنیازە هیچی لێنەهاتە بەرهەم.

لەمانگی ئۆکتۆبەری ١٩٢١دا هەروەکو (ڕۆبەرت ئولسون) باسیکردووە ئەمین عالی بەدرخان و کوڕەکەی کە زمانی کوردی دەزانی نێردران بۆ میسر و لەوێ بەیاننامەیەکیان بەکوردی تورکەکان ئامادەکرد و بڕیاردرا ئەو بەیاننامانە بەفڕۆکە بەسەر هێزەکانیدا بڵاوبکەنەوە بۆئەوەی کوردەکانی ناو ئەو هێزانە بیخوێنندنەوە و ناوەڕۆکەکەی بەجێبێنن.

(ڕۆبەرت ئولسون) دەڵێت بێجگە لەو تەقەلایانە مستەفا پاشای کوردی (مەبەست مستەفا پاشا یاموڵکی بووە)ش پەیوەندی بەیۆنانیەکان و بەئەرمەنیەکانەوە کرد بۆ هاوکاریکردنی کورد لەگەڵ هەردوولایاندا، لەمانگی شوباتی ١٩٢١دا مستەفا یاموڵکی پەیوەندی هەبووە لەگەڵ پارتی دیموکراتی ئەرمەنی (Dashnaksuthium).

هەروەکو لەدوکیومێنتی چوارەمدا باسمانکردووە سمکۆ بەهەڵەدا چووبوو کە داخوازیەکەی مستەفا پاشای قبوڵ نەکردبوو دژی تورکەکان ڕاپەڕین لەکاتی شەڕەکەی یۆناندا و لای وابوو ڕەنگە تورکیا بەسوودتر بێت بۆ بزوتنەوەکەی دژی ئێران وەك لەوەی بەگژیدا بچیت و ئاگاداری ئەوە نەبووە کە چۆن تورکە کەمالیەکان بەچاوێکی دوژمنانەوە سەیری بزوتنەوەکەیان کردووە و مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەیاداشتەکەیدا سەرچاوە/٦٥ ڕەخنەی لەو هەڵوێستەی سمکۆ

گرتووە کە وتویەتی: تورکەکان هەمیشە بەگومان بوون بەرامبەر بەسمکۆ و بەڵگەشی بۆ ئەم قسەیەی ئەو نامەیەی (صبری بەگ) بووە کە بەناوی قوماندانی جەبهەوە لەڕۆژی ١٣٣٨/٦/١٤ی کۆچیدا لەدیاربەکرەوە ناردبووی بۆ کاربەدەستانی خۆی و لەو نامەیەدا وتبووی (سمیتقۆ-تورکەکان بەسمکۆیان وتووە سمیتقو) کابرایەکی فێڵبازە و بەهۆی زرنگێتی خۆیەوە ئەو خەنجەرەی هەڵیگرتووە شاردویەتیەوە بۆئەوەی لەکاتی خۆیدا بەکاریبێنیت و لەدوهەم برگەی ئەو نامەیەی (بصری بەگ)دا وتراوە: سەرکەوتن و دەرکەوتنی سمکۆ لەناو عەشیرەتەکانی کورددا و گەورەبوون و بەهێزبوونی دەسەڵاتی شتێکە بۆ حکومەتی میللی ئێمە دەستنادات، بەڵام لەم ڕۆژەشدا تێکچوونمان لەگەڵیدا شتێکی باش نییە و ئەوەی پێویستە ئیمڕۆ دەربارەی ئەو بکرێت بریتییە لەبلاوکردنەوەی پڕوپاگەندە دژی ئەو وەکو بوترێت بزوتنەوەکەی سمکۆ بەهاندان و بەپارەی ئینگلیز جێبەجێدەکرێت، بەمە دەتوانرێ ناوی بزڕێنرێت.

بەچاوپیاخشاندنێك بەناوەڕۆکی ئەو سەرچاوە و دوکیومێنتانەی خرانە بەرچاو بەئاشکرا ڕووندەبێتەوە حکومەتی بەریتانیا لەهیچ کاتێکدا لایەنگری هیچ بزوتنەوەیەکی کورد نەبووە و لەهیچ هەڵوێستێکیدا تەنها لەقسە و بەڵێنی سەرنەگرتوو بەولاوە کورد هیچی لێیان دەستگیر نەبووە و دڵنیام هەتا لەو تەقەلادانەی کورد بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ یۆنانیەکاندا ئینگلیزەکان هەرخۆیان ڕێگەیان نەدابوو بەیۆنانیەکان لەگەڵ کورددا ڕێکبکەون، ئەگینا ئاخۆ چ هۆیەکی تر هەبووبێت ڕێی لەوە گرتبێت کە کورد بەدەمی خۆی چووبێتە پێشەوە و داوای لەیۆنان کردبێت ئامادەیە شانبەشانی ئەو دژی تورك شەڕبکات و یۆنانیش بەهیچ شێوەیەك بەدەنگیەوە نەچووبێت؟

باسی دوهەمی بەشی شەشەم
کوشتاری ئەرمەنیەکان لەلایەن تورکەوە

لەبەرگی یەکەمدا، لەبەشی سیازدەهەمدا کورتەباسێکی تاوانی تورکی عوسمانی و ئەو کوشتارەی لەئەرمەنیەکانیان کردبوو پێشکەشکرا و بەڵێنمدا لەبەرگی دوهەمدا تاوانی ڕەگەزپەرستەکانی تورك و ئەو کەمالیانەی لەدوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی جێگەی ئەوانیان گرتبووەوە و ئەو کوشتارانەی لەئەرمەنیەکانیان کردبوو بەپێی ئەو سەرچاوانەی دەستگیرمان بوون باسیان بکەین، بەڵام بەرلەوەی بچینە سەر باسی تاوانی کەمالیەکان و ئەو کوشتارەی لەئەرمەنیەکانیان کردبوو بەپێویستم زانی باسێکی مێژوویی دەربارەی پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەنی پێشکەش بکەم:

یەکەم-باسێکی مێژوویی دەربارەی پەیوەندی کورد و ئەرمەنی

نەتەوەی ئەرمەنی یەکێکە لەو نەتەوە کۆنانەی لەدێرزەمانەوە خاوەنی وڵاتی خۆیان و مێژووی خۆیانن و دەیان بەڵگەی مێژوویی ڕوونیانکردۆتەوە، ئەرمەنیەکان خاوەنی شارستانیەکی دووردرێژ بوون، بەڵام ئەمانیش وەکو کورد تووشی سەدان کارەسات و بەسەرهاتی خوێناوی وماڵکاولی و وڵات وێرانی بوون و ئەمانیش وەکو میللەتی کورد زۆرجار خەڵەتێنراون و دستیان بڕیوون و تووشی کارەساتی جەرگبڕ و کوشتار بوون و بەپێی دراوسێتی کورد و ئەرمەنی لەلایەکەوە و لەیەکچوونی بەخت و چارەڕەشی هەردووکیان بەپێویستم زانی ئەو بەڵێنەی لەبەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا لەبەشی سیازدەهەمدا دابووم بگەڕێمەوە سەر باسی ئەرمەنیەکان و ئەو کوشتارانەی لێیانکرابوو کە تاڕادەیەکیش بەهۆی تورکەکانی عوسمانیەوە هەندێ لەچینەکانی کوردیش بەشداریان کردبوو لەکارەساتی کوشتاری ئەرمەنیەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کورد لەزۆر قۆناغی مێژووییدا خۆی بەدۆستی ئەرمەنی زانیوە و حەزی بەبرایەتی و هاوکاریکردنی ئەرمەنی کردووە و دەیان بەڵگە و سەرچاوەی باوەڕپێکراو دەربارەی دۆستایەتی و پەیوەندی باشی نێوان کورد و ئەرمەنی دراون و بۆیە بەپێویستم زانی باسەکە بکەم بەدوو بەشەوە، بەشی یەکەمی بریتی‌یە لەپەیوەندی کورد و ئەرمەنی و

دۆستایەتی و هاوکاریکردنی نێوانیان و بەشی دوهەم بریتییە لەتەواوکردنی باسی کوشتاری ڕەگەزپەرستەکانی تورك کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە سەریانهەڵدابوو بەناوی (ژون تورك) و بەناوی (اتحاد و ترقی) و لەدوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی تورکە کەمالیەکان جێگەی ئەو ڕێکخراوە ڕەگەزپەرستە تۆرانیانەیان گرتەوە.

دکتۆر کەمال مەزهەر لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٢٤ (کوردستان لەساڵەکانی شەڕی جیهانیدا)، بەدوورودرێژی لەوە دواوە هەروەکو چۆن دەوڵەتی میدیای باوباپیرانی کورد دەوڵەتەکەیان لەلایەن ساسانیەکانەوە لەناوچوو، بەوجۆرەش ئەرمەنیا لەساڵی (٣٨٧)ی زاییینیدا لەنێوان دەوڵەتی ساسانی و بیزەنتیدا دابەشکرا و لەسەرەتای سەدەی هەشتەمەوە ئەرمەنیا بوو بەبەشێك لەدەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی و لەسەرەتای سەدەی یازدەدا کەوتە ژێر دەسەلاتی بیزەنتیەکان و بەرەودوا کەوتە ژێر دەستی سلجوقیەکان و تاتار و مەغۆل (لەبەرگی یەکەمدا باسی گەیشتنی لێشاوی تورکمانی کردووە بۆ سەر ئەرمەنیا) و ولاتەکەی هەرجارەی لەلایەن تاقمێکەوە کاولکراوە و پاشئەوەی شەڕی عوسمانی و سەفەویەکان هەڵگیرسا لەسەدەی شازدەهەمدا ولاتی ئەرمەنیا بوو بەیەکێك لەکۆڕەکانی ئەو شەڕە و لەساڵی (١٦٣٩)دا ئەرمەنیا دابەشکرا، ئەرمەنیای ڕۆژهەلات کەوتە ژێر دەسەلاتی سەفەوی و ئەرمەنیای ڕۆژئاوا کەوتە ژێر دەسەلاتی عوسمانیەکان و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەژێر جەور و ستەمی تورکەکاندا دانیشتوانەکانی دەیانناڵان و لەدوای تەواوبوونی شەڕی جیهانیش ئینجا تورکە کەمالیەکان لەوانەی بەر لەخۆیان دڕندانەتر ڕەفتاریان لەگەڵ ئەرمەنیەکاندا کرد بەنیازی لەناوبردنیان.

لەبەرگی یەکەمدا ئاماژەمان بۆ هەندێ سەرچاوە کردبوو دەربارەی خەبات و تێکۆشانی ئەرمەنیەکان بۆ خۆڕزگارکردن لەعوسمانیەکان و ڕاپەڕینەکانیان لەساڵی (١٨٦٢)دا کە جوتیارەکانی ئەرمەنی لەناوچەی (زەیتون) دەستیانپێکردبوو لەگەڵ ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینەی لەنێوان ساڵانی (١٨٧٨-١٨٨٤)دا دەستپێکردبوو هەردووکیان لەلایەن تورکەکانەوە بەوپەڕی دڕندەیەتیەوە لەناوبران کە ئەو ڕەفتارەی تورك بوو بەهۆی تورەبوون و نارەزایی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان و ساتێك تورکەکان لەو شەڕەی ڕوسەکان لەگەڵیاندا کردن شکێنران ئیتر تورك ناچاربوو لەمانگی شوباتی (١٨٧٨)دا پەیمانی (سان

ئیستیفانۆ) مۆربکات و لەبەندی (١٦)ی ئەو پەیمانەدا داوا لەعوسمانییەکان کرا باری ئابووری و جۆری بەڕێوەبردنی کاروباری ئەرمەنییەکان باش بکرێت و لەپەیمانی (بەرلین)یشدا کە تورکەکان ناچاربوون مۆریبکەن لەمادە (٦١)یدا، ناوەڕۆکی مادە (١٦)ی پەیمانی (سان ئیستیفانۆ) دوبارە کرایەوە، بەڵام ئەوەی لەو دوو پەیمانەدا کرابوو بەمەرج بەسەر تورکەکانەوە هیچ سوودێکی بۆ ئەرمەنی تیادا نەبوو، هیچیان لێ‌دەستنەکەوت.

دەربارەی پەیوەندی کورد و ئەرمەنی ئەو سەرچاوانەی لەو باسە دواون پڕن لەبەڵگەی ڕوون و ئاشکرا کە لەکۆندا کورد و ئەرمەنی نەیار و دوژمنی یەکتر نەبوون و لەشۆڕشەکانی بەدرخان پاشا و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا گەلێك نمونەی دۆستایەتی کورد و ئەرمەنی بەرچاودەکەوێت کە لەبەرگی یەکەمدا لەو سەرچاوانە دواوین هەتا ئەوکاتەی (میسینێر)ەکان بەتایبەتی ئەوانەیان لەلایەن دەوڵەتە سەرمایەدارەکانەوە بۆ مەبەستێکی سیاسی نێردرابوون لەژێر پەردەی ئایندا نەبووبوونە هۆی ناکۆکی لەنێوان کوردی موسڵمان و کریستیانەکانی دراوسێیاندا، کورد لەگەڵ هەموویان دۆست بووە و تا ئەوکاتەی میسینێرەکان بەڕاسپاردەی کاربەدەستانی دەوڵەتەکانیان نەکەوتبوونە تێکدانی نێوان کورد و ئەو کریستیانانە کە ئەم هەڵوێستە لەڕووداوەکانی حوکمدارێتی بەدرخان پاشا و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا ڕووندەبێتەوە کە بەر لەتێکدانی نێوانی کورد و کریستیانەکان چۆن هەردووکیان بەچاوێکی برایانەوە سەیری هەموو هاوڵاتیانی خۆیان دەکرد بێ‌گوێدانە جیاوازی ڕەگەز و ئایین.

بێگومان ئەو کێشە و ناڕێکیانەی بەرەبەرە لەنێوان کورد و کریستیانەکانی ناوچەکە تا دەهات پەرەیدەسەند کە بێجگە لەڕۆڵی میسینێرەکان، کاربەدەستانی تورکیش ئاگری ناکۆکی نێوانیانی خۆشدەکرد و هەروەکو پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیل لەسەرچاوە/١٨دا بەدووروودرێژی باسیکردووە تەقەلاکانی کاربەدەستانی تورك ئەوەندە کاریگەر بووە لەمێشکی هەندێ لەکوردە کەللەڕەقەکاندا کە بەئاشکرا دژی کریستیانەکان دەجوڵانەوە و تورکەکان وایان خستبووە مێشکیانەوە ئەگەر فریای خۆیان نەکەون بەپێی بڕیارەکانی (سان ئیستیفانۆ) و (بەرلین) دەوڵەتە ئەورووپاییەکان کارێکی وا دەکەن کریستیانەکان دەست بەسەر کوردستاندا بگرن.

بۆ نمونه ئەمە حاجی قادری کۆیی لەچەند شیعرێکیدا شیوەنی خۆی کردووە بۆ ئەو کارەساتەی بەسەر کورددا دەهات ئەگەر کورد فریای خۆی نەکەوتایە کە وتویەتی:

خاکی جزیرە و بۆتان، یەعنی وڵاتی کوردان
سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بەئەرمەنستان
(مسجد) دەبێتە (دیر) و (ناقوس)یان مؤذن
مطران دەبێتە قازی، مفتی دەبێتە رهبان
هیچ غیرەتێک نەماوە، سەدجار قەستەم بەقورئان
پەیدابێ ئەرمەنستان نامێنێ یەک لەکوردان

لەڕاستیدا هەموو کورد هەمیشە بەو چاوەی عوسمانی سەیری ئەرمەنیەکانیان نەکردووە و زۆر کوردی وا هەبووە ئەرمەنیان بەبرای خۆیان زانیوە و هەستیان بەئێش و ژانیان کردووە، ئەمین زەکی بەگی مێژوونوسی بەناوبانگ لەلاپەڕە (٢٥٤)ی کتێبەکەیدا فەرموویەتی: ((پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەنی لەڕابردوودا خراپ نەبوو، لەسەرەتای مێژوودا هەردوولایان پێکەوە ژیابوون و ئەو پەیوەندیەی جارانیان درێژەی دەکێشا ئەگەر کاربەدەستان و موچەخۆرەکان (مەبەست هی عوسمانیە) دەستیان نەخستایەتە ناو کاروباری ناوچەکانیانەوە و کاربەدەستانی حکومەتی بۆئەوەی توانا و دەسەڵاتی هەردوولایان کزبکەن هەوڵیاندەدا بیانکەن بەگژیەکتردا نەوەکو هەردووکیان لەناو خۆیاندا دژی ئەوان یەکبگرن)).

ئەمین زەکی لەباسەکەیدا لەسەری ڕۆیشتوە و وتویەتی: (لەڕاستیدا ئەم سیاسەتەی تورك بەرامبەر هەردوولایان سیاسەتێکی سەرکەوتوانە بووە بۆ سوودی خۆیان و توانیبووی هەردوولایان لەیەکتر دابڕێت و بیانکا بەدوژمنی یەکتر و ئەنجام بەوە گەیشت زنجیرەیەك بەسەرهات و ڕووداوی خوێناوی لەنێوانیاندا قەوما کە یەکێك لەوانە ڕووداوەکەی ساڵی (١٣١٢)ی کۆچی بەرامبەر بەساڵی (١٨٩٤)ی زایینی بوو کە هەردوولایان لەو ڕووداوەدا تووشی زیانێکی گەورەی خۆڕایی بوون و لەهەردوولادا تووشی ماڵکاولی بوون کە لەمەدا کورد زۆرتر بەتوندوتیژی جوڵابووەوە، لەساڵی (١٣١٣)ی کۆچی بەرامبەر بەساڵی (١٨٩٥)ی زایینی شەڕ لەناوچەی (هەکاری) تازەبووەوە، بەڵام ئەمجارە هێزەکانی حکومەتی تورك پەلاماری ئەرمەنیەکانیاندا و کوشتارێکی زۆریان لێکردن.

بەرلەوەی بچینە سەر باسی تاوانەکانی تورك لەو کوشتارانەی لەئەرمەنیەکان کرابوو، کە هەندێ لەئاغا و دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەتە کەللەڕەقەکانی کوردیش بەشداربیان تێدا کردبوو دژی ئەرمەنیەکان، بەڵام بەداخەوە ئەرمەنیەکانیش هەندێکیان بەرامبەر بەرەفتاری ئەو کوردانە لەهەندێ هەڵوێستیاندا بەوپەڕی کورتبینی و گێرەشێوێنیەوە دژی کورد جوڵاونەتەوە، بۆ نمونە دکتۆر کەمال مەزهەر لەلاپەرەکانی (١٢٦-١٢٧)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٢٤ باسی هەڵوێستی هەندێ لەئەرمەنیەکانی بەپێی بۆچونی گردلیڤسکی و لازاریفی بەمجۆرە باسکردووە کە وتویەتی: ((ڕووناکبیرەکانی ئەرمەنی هەوڵی ئەوەیاندابوو کورد و ئەرمەنی پەیوەندیان باش بێت لەگەڵ یەکدا و تێکنەچن و دووربینانە دەیانڕوانیە ئەو پەیوەندیە، بەڵام لازاریف وتویەتی داشناقەکان بەپێچەوانەی ئەو ڕۆشنبیرانە خزمەتێکی زۆر خراپیان پێشکەش بەئەرمەنیەکان کرد، چونکە ئاگری قینی ئاینیان دژی کوردەکان خۆشکرد)).

مێجەر نویل لەلاپەڕە (١٧)ی یاداشت و ڕاپۆرتەکەیدا سەرچاوە/٢٧ لەیاداشتی ڕۆژی ١٩١٩/٩/٣دا نوسیویەتی: ڕۆژی ١٩١٩/٩/٣ لەڕێگاماندا کە بەرەو (مالاتیا) دەڕۆیشتین، تووشی چەند کوردێکی ئاوارە بووین لەوانەی لەدوای شکانی تورکەکان لەلایەن ڕوسەوە لەقارس کە لەلایەن ئەرمەنیەکانەوە ئاوارەکرابوون دوایئەوەی ئەرمەنیەکان دوای ئەو شکاندنەی تورك حکومەتێکیان لەقارسدا دروستکردبوو ئەرمەنیەکان بەهیچ شێوەیەك ڕێگەیان نەدا بەو کوردە ئاوارەبووانە بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و ساتێك لەیەکێك لەو کوردە ئاوارەبووانەم پرسی ئایا بیر لەوە دەکەیتەوە بگەڕێیتەوە بۆ شوێنی خۆت، لەوەڵامدا بەدووروودرێژی باسی دڕندەیەتی ئەرمەنیەکانی بۆ کردم کە چۆن ڕەفتاریان لەگەڵ کورددا دەکرد و خۆزگەیان بەو ڕۆژانە دەخواست کە ساتی خۆی لەژێر دەسەڵاتی ڕوسی قەیسەریدا بوون کە کەس دەستی نەدەخستە ناو کاروباریانەوە و باجێکی کەمیان دەدانێ و لەسەربازێتیش ڕزگاریان بووبوو.

مێجەر نویل لەشوێنێکی تری یاداشتەکانیدا لاپەڕە (٢٦) کە یاداشتی ڕۆژی ١٩١٩/٩/١٨ی تێدا تۆمارکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا (نویل) کریستیان بووە و بێلایەن بووە بەڵام کە هەڵوێستی ئەرمەنیەکانی دیوە بەرامبەر بەکورد خۆی پێنەگیراوە و لەو یاداشتەیدا وتویەتی: لەڕاستیدا نابێ لۆمەی هەموو میللەتی کورد بکرێت تەنها لەبەرئەوەی چەند کەسێکیان لەوانەی کە خووڕوفتاری

ئەفەندیەکانی تورك کاری تێکردبوون و هەڵخەڵەتێنرابوون و مێشکیان بەنجکرابوو، گەیشتبوونە ڕادەیەك لەهەستی کوردایەتی دوورکەوتبوونەوە و دەماری کوردایەتیان مردبوو، هەتا بینەقاقایان لەقوڕ و لیتاوی تورکەکاندا نوقم بووبوون، کەچی تورکەکان هەموو دەستە خوێناویەکەی خۆشیان هەر بەسەر کوردەکاندا ئەسڕین و ئەو گەڕیدە ئەوروپاییانەی کە دەچنە ئەو ناوچانە لەلایەن کاربەدەستانی تورکەوە چەواشە دەکرێن، بۆئەوەی ببێتە هۆی ئەوەی ولاتان بەچاوێکی سوك بڕواننە میللەتی کورد.

مێجەر نویل لەیاداشتەکەیدا هەروەکو چۆن هێرشی بردۆتە سەر ئەو تاقمەی کورد، لەهەمانکاتدا هێرشیشی بردۆتەسەر هەندێ لەئەرمەنیەکان و ڕەخنەی لێگرتوون و لەوڕووەوە وتویەتی: ((تورکەکان و ئەرمەنیەکان هەریەکەیان بەشێوەیەك دوژمنایەتی کوردیان کردووە، ئەرمەنیەکان بەپشتگیریکردنی دەوڵەتەکانی ئەورووپا پشت ئەستووربوون و هەردوولا (مەبەستی تورك و ئەرمەنیە) هەروەکو سەگ وان بەرامبەر کورد و ئامادەنڕیەجووتە دژی کورد کاربکەن و سەرەڕای ئەوەش ئەو کوشتارەی لەئەرمەنیەکان کرابوو هەمووی بخەنە ئەستۆی کوردەوە کە لەمەدا تورکەکان بەرتیلێکی باشیان دابوو بە(Pierre Loth)ی فەرەنسی بۆئەوەی لەپاریس بەزمانی فەرەنسی نامیلکەیەك چاپبکات و لەو نامیلکەیەدا ناوی کورد بزڕێنرێت و هەروەکو تورك لەو تاوانەدا هیچ دەستێکی نەبووبێت)).

نویل لەلاپەرە (٢٨)ی یاداشتەکەیدا لەسەریڕۆیوە و وتویەتی: کاپتن (Elphiustone) ساتێك بۆ ماوەیەك چووبوو بۆ (حەڵەب) و لەوێ چادری هەڵدابوو لەناوچەیەکدا کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە کورد بوون و ساتێك لەحەڵەب گەڕایەوە و باروودۆخی ناوچەکەی بۆ گێڕامەوە کە چۆن وەختێك تورکەکان کوشتاریان لەئەرمەنیەکان کردبوو، کوردەکانی ئەو ناوچانە بەوپەڕی جوامێریەوە فریای ئەرمەنیەکان کەوتبوون و داڵدەیان دابوون و ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنیان لەدەست تورکەکان ڕزگارکردبوو، کار گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی ئەرمەنیەکان بەجۆرێك هۆگری کوردەکان بووبوون نەیاندەویست بەجێیان بێڵن و کاپتن (ئیلفستۆن) بەچاوی خۆی دیبووی کوردەکان ئاشێکی گەورەیان بەخشیبوو بەخێزانێکی ئەرمەنی و بەوە باری گوزەرانی ئەو خێزانە تەواو باشبووبوو، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند چونکە هەندێ لەگێرەشێوێن و پڕوپاگەندەچی ناو

ئەرمەنیـەکان هاتنـەلای ئـەو خێزانـە و چـوونە بنکلێشـەیان بۆئـەوەی ئاشـەکەی پیٚبەجێبهێڵن بەئومێدی ئەوەی خۆیان ئەو شوێنەیان دەستگیرببێت و هەندێ لەو گێرەشێوێنانەی ئەرمەنی تاقمێك لەئەرمەنیـەکانیان بەوە خەڵەتاندبوو ئەگـەر ئـەو ناوچـەیە بـەجێبێڵن و بچـنە حەڵـەب لـەوێ دەتـوانن یارمـەتی لەئەمریکاییـەکان وەربگرن چونکە ئەمەیان بۆ باشترە وەك لەوەی لای کوردەکان بمێننەوە.

مێجەر نویل لەیاداشتی دوو ڕۆژی تریدا باسی دوو هەڵوێستی باشی کوردی کـردووە بەرامبـەر بەئەرمەنیـەکان و لـەوەی لـەڕۆژی ١٩١٩/٨/٢٦دا کـە خـۆی ئاگـاداری هەڵوێسـت بـووە وتویـەتی: ڕۆژی ١٩١٩/٨/٢٦ کـە چـووم بـۆ گونـدی (سـەری حەسـەن ئاغـا)، لەشـوێنێکدا لـەدۆڵی ڕووبـاری (ئـاق سـو) کـە شـوێنی هەوارگەی (تاپوئاغا) و (ئاسف ئاغ) کە سەرۆکی خێڵی (سینا میللی) بوون (نویل لەلاپەڕە ٨٥ی دوکیومێنتەکەدا وێنەیەکی تاپوئاغای بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ چوار کوردی تردا)، لەگوندێکدا ئەرمەنیەکی قژ زەردی دەم هەراش و زمان لوسی لێبوو دەسـتیکرد بەپیاهەڵـدان و ستایشـی ئـەو کوردانـەی لەدەسـت تورکـەکان ڕزگاریانکردبوو، بەپێی یاداشتەکە ناوی ئەو ئەرمەنیە (Kirkol Parlaquain) بووە ساتێك لەناوچەی (مەرعەش)ەوە هاتبوو، لەوەدا (حەسەن ئاغا)ی باوکی ئاسف ئاغا لەساڵی ١٨٩٥دا لەتورکەکان ڕزگاریکردبوو، کوردەکان لەو گوندەدا خۆشیان بۆیانگێڕامـەوە چـۆن ئـەو ئەرمەنیانـەی لەناوچـەی (سـێواس)ەوە هـاتبوون و لەڕێگایانـدا لەگـەڵ تورکـەکان تووشـی شـەڕبوون و کوردەکـان فریایـان کـەوتن و ئەرمەنیەکانیان پاراست لەدڕندەیەتی تورکەکان کە لەئەنجامی ئەمەدا کوردەکان خۆشیان تووشـی کێشـە و هـەرا بـوون لەگـەڵ تورکەکانـدا کـابرای ئەرمـەنی قـژ زەردیش ئەوی ئەو کوردانە لەبیریان چووبوو باسیبکەن ئەو بۆی تەواودەکردن.

مێجـەر نویـل لەشـوێنێکی تـری یاداشتەکەیدا لاپـەڕە (٢٢) باسـی پیـاوەتی و جوامێریـەکی تـری کـوردی کـردووە بەرامبـەر بەئەرمەنیـەکان و لەیاداشـتەکەیدا وتویـەتی: ((تـاپۆ ئاغـای سـەرۆکی عەشیرەتی (سینامیللی) بـۆی گێڕامـەوە چـۆن لـەکاتی شـەڕی تـورك و ئەرمەنیەکانـدا هۆزەکـەی ئـەو داڵـدەی ژمارەیـەك لەئەرمەنیەکانی دابوو، لەکوشتاری تورکـەکان ڕزگاریـانکردبوون، هـەتا قائیمقـامی (بازارجیك) کە بەڕەگەز لوبنانی بوو بەڵام زۆر دۆستی کورد بـوو خۆشیدەویستن، ئـەو قائیمقامـە داوای لـەکوردەکان کردبـوو ئەرمەنیـە ئاوارەکـان بگرنـەخۆیان و ئەوانیش حەوانیاننـەوە و لـەمردن ڕزگاریـانکردن، بـەڵام سـاتێك کاربەدەستەکانی بەڕەگـەز تـورك بەمەیانزانی نـەك تـەنها هـەر ئەرمەنیـەکان بـەڵکو کوردەکانیشـیان سزادابوو)).

دکتۆر کەمال مەزهەر لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٥ ئاماژەی بۆ چەند سەرچاوەیەك کردووە کە باسی کوشتاری ئەرمەنیەکان و تاوانەکانی تورکیان کردووە بەرامبەر ئەرمەنی و لەلاپەڕە (١٥٠)ی ئەو کتێبەیدا وتویەتی: ((لەکاتی خۆیدا لەساڵی ١٨٩٤دا نزیکی (٢٥٠٠) ئەرمەنی لەناوچەی (ئورفە)دا کە زۆربەیان ئافرەت و منداڵ بوون پەنایان بردبووەبەر کەنیسەیەکی ئەرمەنیەکان بەڵام تورکەکان نەوتیان کرد بەسەر کەنیسەکەدا و ئاگریان تێبەردا و توانرا لەوانە (٥٠) کەسیان بەهۆی مستەفا ئاغای ڕەجەب و خەلیل ڕەجەب و حەیدەرەوە ڕزگاربکرێن و بەهۆی ئەو سێ کەسەوە لەهەندێ شوێنی تریش گەلێك ئەرمەنی ڕزگارکران)).

دکتۆر کەمال مەزهەر لەلاپەڕە (١٥١)ی هەمان سەرچاوەدا ئاماژەی بۆ کتێبێکی ڕوسی کردووە کە لەساڵی ١٨٩٧دا لەمۆسکۆ چاپکراوە لەژێر ناوی (یاریدەی برایانە بۆ ئەرمەنیە لێقەوماوەکانی تورکیا)، لەو کتێبەدا دەربارەی یارمەتیدانی کوردی بۆ ئەرمەنیەکان بەمجۆرە باسکردووە: ((گەلێك بەگی کوردی واهەبووە جوامێرانە ژمارەیەك لەئەرمەنیەکانی لەکوشتار ڕزگارکردبوو، وەکو (مەحمودزادە بەیتوڵڵا بەگ) کە پیاوێکی باشبووە و بەمرۆڤدۆست ناسرابوو، توانیبووی ئەرمەنیەکانی ناوچەی (موکس) لەکوشتاری تورك ڕزگاربکات و (٤٠٠) کوردی ئازای کۆکردبووەوە بۆئەوەی ئەو عەشیرەتە کوردانەش ڕاوبنێت کە دەیانویست بەهاندانی حکومەتی تورکی عوسمانی پەلاماریان بدەن لە(موکس-کە مەبەست لەوانە بووە سوارەی حەمیدیە بوون) و هەمان مەحمودبەگ (٣٠٠) لیرەی خۆی بۆ یارمەتیدانی ئەرمەنیەکان تەرخانکردبوو، جگەلەوە کوردەکانی دەرسیمیش لەهەمووان پیاوانەتر هاتبوونە دەست و توانیبوویان داڵدەی پێنج هەزار ئەرمەنی ئاوارە بدەن)).

دکتۆر کەمال مەزهەر لەهەمان کتێبیدا سەرچاوە/٤٥ لەلاپەڕە (١٥٤)دا ئاماژەی بۆ لاپەڕە (٢٠٩)ی کتێبەکەی (E.١١.Keeling-lop-cit) کردووە کە لەو کتێبەدا وتویەتی: ((لەدوای تەواوبوونی شەڕ، لەزۆر شوێنی کوردستاندا گەلێك ئەرمەنی پەنابەر دۆزرابوونەوە و لەپاش مۆرکردنی پەیمانی (مودراس) بەماوەیەکی کەم چەند نوێنەرێکی کورد چووبوونە لای ئینگلیزەکان لەحەلەب و نامەیەکی تایبەتیان بۆ بردبوون و ئاگاداری ئەوەیانکردبوون کە لەگوند و ناو ڕەشماڵەکانیاندا (٦٥٠) ئەرمەنی ئاوارە هەن زۆربەیان ئافرەت و منداڵن و لای دراوسێکانیشمان نزیکەی (٣٨٠٠) ئەرمەنی تریان لایە و لەناو خێوەت و

ڕەشماڵەکانی ئاسیاوەکانماندا (٦٨٠٠) ئەرمەنی تر لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدان کە دوورن لەئێمەوە بۆیە پەیوەندیکردن پێیانەوە ئاسان نییە و کوردەکان ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ دۆزینەوە و کۆکردنەوەی ئەرمەنیە ئاوارەکان و یارمەتیدانیان)).

دکتۆر کەمال مەزهەر لەلاپەڕە (١٥٥)ی هەمان سەرچاوەدا باسی کتێبەکەی (ئستارجیان)ی کردووە کە لەلاپەڕەکانی (٣١٥-٣١٦)دا وتویەتی: ((زۆرجار کوردەکان لەسەر یارمەتیدانی ئەرمەنیەکان تووشی سزای قورسی تورکەکان دەبوون و تورك بیزانیایە هەرکوردێك یارمەتیدەری ئەرمەنیە لەناویاندەبرد و کەسوکارەکەشی تووشی سەرگەردانی و ماڵوێرانی دەبوون)).

دەربارەی هاوکاری و یارمەتیدانی کورد بۆ ئەرمەنی، (لازاریف) لەلاپەڕە (١٢٩)ی کتێبەکەیدا، چاپی لەندەن، ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (نوری دەرسیمی) کردووە کە لەو کتێبەدا وتراوە: ((لەگەڵ ئەوەشدا کورد لەئەرمەنیەکان زۆرتر و خراپتر تووشی جەور و ستەمی تورکەکان بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی توانا یارمەتی ئەرمەنیەکانیان داوە لەکاتی ئەو کوشتارانەی لەشەڕی جیهانیدا لەلایەن تورکەوە لێیانکرابوو، لەڕێگەی (دیرزور)ەوە ئەرمەنیەکان پەنایانبردبووەبەر کوردە یەزیدیەکان و ئەوانیش پاراستنیان و نەیانهێشت تورکەکان سزایان بدەن)).

لازاریف لەو کتێبەیدا ئاماژەی بۆ نامەیەکی تایبەتی کردووە کە لەئەرمەنیەکانی گوندی (خاشو)ەوە ناردبوویان و لەو نامەیەدا باسی هۆزی (محەمەد ئاغا)یان کردووە چۆن بەرەنگاری سەرباز و جەندرمەکانی تورك بووبوونەوە و ڕێگەیان نەدابوو دەستدرێژی بکرێتەسەر ئەرمەنیە ئاوارەکانی ئەو ناوچەیە لەگەڵ ئەوەشدا کورد خۆی لەو ڕۆژەدا پەرێشانبوو، بەدەست برسێتیەوە دەیناڵاند و کەچی دوا پارچە نانیان لەگەڵ ئەرمەنیەکاندا دەکرد بەدوو بەشەوە و جاری وا هەبووە کوردەکان ناچاریش دەبوون بۆ ئەو مەبەستە کەلوپەلی خۆشیان بۆ دەفرۆشتن.

تا ئێرە بریتی بوو لەباسی هەڵوێستی کورد و ئەرمەنی بەرامبەر بەیەك و هەرچەند لەبەرگی یەکەمدا کورتەباسێکی تاوانی تورکی عوسمانیان کردبوو بەرامبەر بەئەرمەنی، بەپێویستم زانی ئەوەی لەو بەرگەدا هێشتبوومەوە بۆ بەرگی دوهەم باسی ئەو سەرچاوانە بکەم لەکاتی شەڕی جیهانی و لەدوای شەڕەکەش تورکە تۆرانیەکان و تاقمی کەمالیەکان چ جۆرە تاوانێکیان لەئەرمەنی کردبوو.

دوهەم-كوشتاری ئەرمەنی لەلایەن توركەكانەوە لەكاتی شەڕی جیهانی و لەدوای شەڕ

دەربارەی تاوانی توركەكان لەو كوشتارانەی توركەكان كردبوویان لەكاتی شەڕی جیهانیدا ئاماژە بۆ ئەو یاداشتەی (نەدیم بەگ)ی تورك دەكەین كە لەژێر ناوی (The memories of Nation bex)، چاپی لەندەن، ١٩٢١، (توركەكان پیتی دال دەكەن بەتیّ) كە دكتۆر كەمال مەزهەر لەلاپەڕە (١٢٣)ی كتێبەكەیدا سەرچاوە/٢٤ باسیكردووە، لەو یاداشتەی نەدیم بەگدا دكتۆر كەمال ئاماژەی بۆ لاپەڕە (٦٤)ی ئەو یاداشتە كردووە كە باسی تەلگرافێكی تەلعەت پاشای وەزیری ناوخۆی توركی كردووە كە ناردوویەتی بۆ والی تورك لەحەڵەب و پێی‌وتوە: ((بەرلەمەش پێتان ڕاگەیەنرابوو كە پێویستە بەپێی فەرمانی جەمعیەت ئەو بڕیارەی داوێتی بەجێبهێنرێت بۆئەوەی بەیەكجاری ئەو ئەرمەنیانەی لەناو خاكی توركیادا دەژین لەناوببرێن و هەر كاربەدەستێك دژی ئەو بڕیارە بوەستێت و بەجێی‌نەهێنێت لەسەر كارەكەی نامێنێتەوە، هەرچەندە ئەم هەنگاوانە توندوتیژیش بن، بەڵام دەبێ كۆتایی بەئەرمەنیەكان بهێنرێت و نابێ گوێبدرێتە تەمەن و پیاو و ئافرەت و ویژدان)).

یاداشتەكەی نەدیم بەگ لەلاپەڕەكانی (٢٥٥، ٢٨٠، ٢٨٢) هەروەكو دكتۆر كەمال مەزهەر باسیكردووە لەو لاپەڕانەدا وتراوە: ((لەزمانی یەكێك لەكاربەدەستە گەورەكانی تورك لە(موش)ەوە گێڕاویەتیەوە كە وتویەتی ئێمە لەو شەڕەدا (مەبەست ئەو كوشتارەیە لەئەرمەنیەكان كرابوو) فەرمانمان بەكوردەكان دابوو ئەرمەنیەكان لەناوببەن كەچی ئەوان هەر خەریكی تاڵانكردنیان بوون وەك لەكوشتار، دیارە وەكو ئەو سەرچاوەیە باسیكردووە توركەكان هەر بەوەوە نەوەستابوون كە تەنها ئەوانەی ئەو فەرمانەیان پێدرابوو بەشداریبكەن لەكوشتاردا بەڵكو ئەو كوردانەی تریش كە لەسەر جەردەیی و دزی و پیاوكوشتن گیرابوون ئەوانیشیان لەزیندان بەردا و ناردیانن بۆ ئەو كوشتارەی لەئەرمەنیەكان كرا)).

دەربارەی ئەو تەلگرافەی (تەلعەت پاشا) كە لەیاداشتەكەی نەدیم بەگدا باسیكراوە، لەگۆڤاری (Kurdish Time) كە (مستەفا قەرەداغی) لەئەمریكا

دەریدەکات باسێکی تیایە بەپێنوسی (Kak Bajalan–کاك باجەلان) لەمەشدا ئاماژە بۆ هەمان تەلگراف کراوە کە وتویەتی لەو تەلگرافەدا (تەڵعەت پاشا) داوایکردووە بێبەزەییانە لەئەرمەنیەکان بدەن و تۆویان نەهێڵن چونکە هەتیوەکانیشیان لەدواڕۆژدا دەبن بەدوژمنێکی سەرەکی ئێمە.

گۆڤارەکە لەباسەکەدا وتویەتی: ((لەگەڵ ئەوەشدا تورکەکان لەشەڕێکی سەختدابوون لەگەڵ یۆنانیەکاندا، بەڵام مستەفا کەمال هێزێکی نارد بۆ قەڵاچۆکردنی ئەرمەنی و بەسەرکردەکانی ئەو هێزەی وت بەدەستێکی ئاسنین بکێشن بەسەر هەر بزوتنەوەیەکدا کە دەیەوێ ڕووداوەکانی وەکو ئەوسای ئەلبانیەکان و بولغاریەکانی ساڵانی (١٩١٢–١٩١٣) دوبارە بکرێتەوە)).

هەمان گۆڤاری (Kurdish Time) دیارە (بوغوص نوبار پاشا) داوای لەئینگلیز و فەرەنسا کردووە فریای ئەرمەنیەکان بکەون و ئەوانیش لایان لەئەرمەنیەکان نەکردۆتەوە و داخوازیەکی (نوبار بوغوص پاشا)یان پشتگوێ خستبوو وەکو لەکۆتایی ئەم باسەدا ڕوونیدەکەینەوە، جێی خۆیەتی باسی دانپیانانێکی مێجەر نویل بکەین کە لەڕاپۆرتە دوورودرێژەکەیدا سەرچاوە/٢٧ تۆماریکردووە کە بەبێ پێچ‌وپەنا باسی هەڵوێستی بەریتانیای بەرامبەر بەئەرمەنیەکان بەم شێوەیە کردووە کە وتویەتی: ((لەحەڵەب لەتورکێکم پرسی: ئایا ئینگلیزەکان بۆچی هاتوونەتە ئەم ناوچانە؟ لەوەڵامدا کابرای تورك پێی‌وتم بەڕاستی ئێمە خۆشمان هێشتا لەوە نەگەیشتووین و سەرمان لێی‌سوڕماوە، لەپێشدا وامانزانی ئینگلیزەکان بۆئەوە هاتوون فریای ئەرمەنیەکان بکەون، کەچی زۆر سەیرە ئەو هەموو سکاڵا و داخوازیانەی ئەرمەنیەکان دابوویان بەکاربەدەستانی بەریتانیا لەماوەی سێ مانگی ڕابردوودا، کەچی ئەوانەیان هەموو دابوو بەتورکەکان)).

تاوانی تورك بەرامبەر بەئەرمەنی و ئەو نەتەوانەی تر ساڵەهای ساڵ لەژێر جەور و ستەمی نەوەی هۆلاکۆ و جەنگیزخاندا ژیابوون ئەوەندە زۆرە کە باسەکەی هەر تەواو نابێت و لەکۆتایی ئەم باسەدا ئاماژە بۆ سێ سەرچاوە دەکەین کە باسی تاوانی تورکیان کردووە کە لەڕاستیدا ئەوە دەهێنێت هەریەکەیان بەجیا بکرێن بەفیلمێکی سینەمایی بۆئەوەی جیهانی شارستانیەتی ئیمڕۆ لەڕاستی ئەو خوێنڕێژانە بکات کە ئیمڕۆ دەیانەوێ خۆیان وا پیشان بدەن دەیانەوێ ببن بەنمونەی دیموکراتیەت و ببن بەبەشێك لەوڵاتی ئەوروپا.

سەرچاوەی یەکەم

بریتیە لەو یاداشتەی (سەید محەمەد عەلی جەمالزادە) کە قونسولی ئێران بووە لەبەرلین لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کە ویستویەتی لەبەرلینەوە لەڕێگەی ئەستەمبوڵەوە بگەڕێتەوە، لەڕێگایدا چی دیوە تۆماریکردووە کە کاتی خۆی لەبڵاوکراوەی (ئاراکس)ی ئەرمەنیدا لەتاران لەشوباتی ۱۹۹۵دا بڵاوکراوەتەوە و گۆڤاری (کوردنامە) کە لەشام دەردەچێت لەژمارە (۲-۳)ی تەموز و ئەیلولی هەمان ساڵدا ئەو باسەی کردووە بەعەرەبی و بڵاویکردۆتەوە کە لەو باسەدا (سەید محەمەد عەلی جەمالزادە) وتویەتی: کە چوومە ئەستەمبوڵ دوو سویدیشم لەگەڵدابوو لەو فەرمانبەرانەی لەئێراندا کاریاندەکرد و ئەوانیش وەکو من دەیانویست بچن بۆ تاران و لەڕێگەماندا کە بەرەو ئێران دەڕۆیشتین چاوم بەژن و منداڵی ئەرمەنی پێخاوس دەکەوت چۆن جەندرمەکانی تورك بەقۆناغی تفەنگەکانیان دەیانبردن بەڕێوە و زۆرجار بەقۆناغە تفەنگ لێیانئەدان و شەپازلەیان لێئەدان، ئەوانەی دەمانبینین هیچیان گەنج نەبوون چونکە گەنجەکانیان یان برابوون بۆ شەڕ وە یان کوژرابوون و تەنها ژن و پیاوی پیروپەککەوتە بوون کە زۆر بەشەڕەشەق دەیانتوانی هەنگاوبنێن و بەڕێگادا بڕۆن و جەندرمەکانی تورك هەروەکو شوانی ڕانەمەڕ ئەوانەیان پێش خۆیان دابوو، ئەگەر یەکێکیان لەبەر ماندوویەتی لەڕێگادا دوابکەوتایە یا نەخۆش بکەوتایە یا ناچاربووایە بوەستایە بۆئەوەی دەست بەئاو بگەیەنێت ئەوا لەو شوێنەی خۆیدا بەجێدەما و دەمرد و هیچ هاوار و پاڕانەوەیەکیش سوودی نەبوو، زۆرجار ژن و پیاوی پەککەوتەی ئەرمەنیم دەبینی لەقەراغی جادەکاندا کەوتبوون و لەحاڵی گیانەڵڵادا بوون.

ئەو ڕێگەیەی ئێمە پیایدا دەڕۆیشتین شانبەشانی فورات بوو، زۆرجار لاشەی مردووی ئەرمەنیم بەسەر ئاوی ڕووبارەکەوە دەبینی، شەوێك لەگوندێکدا ماینەوە و توانیمان مەڕێك بکڕین و بیبرژێنین و ناوسکی مەڕەکەمان دەرهێنا و بەورگ و ڕیخۆڵەوە لەقوژبنێکی گوندەکەدا فڕێماندا و کاتێکمان زانی چاومان بەهەندێ لەو ئەرمەنیە ئاوارانە کەوت چۆن پەلاماری ئەو ناوسکەی مەڕەکەیاندا و هەر بەکاڵوکرچی دایانپاچی، بەڕاستی دیمەنێکی ئەوەندە پڕ لەخەفەت و خەمناك بوو کە هەتا ماوم قەت لەبیرمناچێتەوە.

ڕۆژێکی تر لەڕێگەماندا تاقمێکی ئەرمەنی ئاوارەمان دی جەندرمەکانی تورك پێش خۆیان دابوون، لەپڕ ژنێکی ئەرمەنی ئێجگار پەرێشان هاتە لامەوە و بەفەرەنسی لێمپاڕایەوە و وتی: لەڕێگەی خوادا ئەم دوو پارچە ئەڵماسەت دەدەمێ بەڵکو لەبریتی ئەوە هەندێ خواردنم بدەیتێ بۆئەوەی بیدەم بەمنداڵەکانم، وە منیش هەندێ خواردنم دایە بێئەوەی ئەڵماسەکەی لێوەربگرم. بەکورتی لەو سەفەرەمدا چەند ڕۆژێکی ئێجگار ناخۆش و پڕ ستەمم بەچاوی خۆم بینی و لەدواییدا کە ڕێکەوت و چووم بۆ سویسرا هەندێ لەو مناڵە ئەرمەنیانەی لەو کوشتارە بێبەزەییانەی تورك ڕزگاریان بووبوو لەلایەن سویسریەکانەوە کردبوویانن بەمنداڵی خۆیان، هەندێکیان لەدواییدا بووبوون بەدکتۆر و بەئەندازیارن بەڵام دوای چی؟ پاشئەوەی پتر لەملیۆنێك ئەرمەنی لەو تاوانکاریەدا بەناڕەوا کوژرابوون!.

سەرچاوەی دوهەم

بریتیە لەو باسەی لەلایەن (Hur Klotzel)ی پەیامنێری (Berlimer Tageblot) نوسیویێتی کە (سریا بەدرخان) لەلاپەرە (٧٥)ی کتێبەکەیدا لەفلادلفیا چاپیکردووە، ئەو باسەی بلأوکردۆتەوە کە وتویەتی: ((لەکەناری (تەرابزون)ەوە هەتا (ئەرزڕوم) کە (٧٦) میل دەبێت، بەناو وێرانەیەکی تەواودا تێپەڕمکرد و ئەو شوێنانەی کاتی خۆی ئەرمەنیەکانی تیادا دەژیان هەمووی لەلایەن تورکەوە تالأنکرابوو، خانووەکانیان هەمووی کاولکرابوو، لەڕێگادا لەو تورکانەی دەمبینین لێمدەپرسین: هۆی ئەم وێرانکردنە چیبووە؟ لەوەڵامدا دەیانوت: ئەو ئەرمەنیانە لەکاتی شەڕدا (مەبەستی شەڕی یەکەمە) بووبوون بەهاوکاری ڕوسەکان بۆیە بەو دەردەیان بەسەرداهات.

نوسەر دەڵێ: لەڕاستیدا هۆی ڕوودانی ئەو بەسەرهات و کارەساتە ئەوە نەبوو کە ئەوان کردبوویان بەبیانوو، لەشوێنێکی وەکو (Bapert) کە لەنیوەی ڕێگەی (تەرابزون–ئەرزڕوم)دایە ئەمە تاکە شارێکە هەتا ئێستە (مەبەستی کاتی نوسینی یاداشتەکەی بووە) هەندێ لەخانووەکانی ئاوەدانکراونەتەوە، ئەوانیتری ٢\٣ی هەروا بەکاولکاری ماونەتەوە، لەئەرزڕوم بەشی زۆری خانوەکانی لەلایەن تورکەوە داگیرکراوە و چەند فارس و عەرەبێکیش کە بۆ کاروباری بازرگانی دەچوونە ئەوناوە لەوێدا دەبینران، بەر لەشەڕ شاری (ئەرزڕوم) حەفتاهەزار کەسی تیادابوو

ئێستە تەنها حەوت هەزاری لێماوە، بەڕاستی دیمەنی ناو شارەکە تابڵێی ئێجگار ناخۆش و سامناکە و ژیانی دانیشتووەکانی شتێکی گەڕاوەتەوە لەژیانی حەیوان و هەرچی کەنیسە و شوێنی میسنیرەکانە هەمووی لەلایەن تورکەکانەوە یا کاولکراوە یا داگیریانکردووە بۆ خۆیان. تورکەکان بۆئەوەی نیاز و مەبەستەکانی خۆیان بهێننەدی دەیانەوێ هەرچی بەدوژمنی خۆیان دەزانن لەناویانببەن و نەیانهێڵن و لەڕاستیشدا ئەو ناوچەیەی بەشارستانیەتی ناسراوبووە بەجۆرێکی لێهاتووە ناناسرێتەوە ئەوەندە کاولکراوە)).

بێجگە لەو باسەی پێشوو کە (سریا بەدرخان) لەکتێبەکەیدا بلآویکردۆتەوە، لەلاپەڕە (٧٩)شدا باسێکی تری بلآوکردۆتەوە کە بریتیە لەگەشتی پەیامنێرێکی ڕۆژنامەیەکی تورکی (Aksham–ئەقشام) کە چووە بۆ شاری (موش) و (وان) و لەوەدا وتویەتی: ((شاری موش ئێستە بریتیە لەوێرانەیەکی تەواو، نزیکی (٣٠٠) خانوچکەیەکی تازەی لەقوڕ دروستکراوی تیادا دەبینرێت، کە سەیری شارەکە دەکەی خەموخەفەت داتدەگرێ، دوکاندارەکان تەنها بەدیار چەند شتێکی وەکو سەلکەپیاز و چەند پاکەت و شقارتە و هەندێ برنجەوە بەدیار دوکانەکانیانەوە ڕاوەستاون، سەر جادەکان دەڵێی گۆڕستانە نیشانەی هیچ چالاکیەکی پێوە دیارنیە)).

شاری موش کاتی خۆی ژمارەی دانیشتووەکانی (٣٥) هەزار کەس بوو، ئێستە تەنها دووهەزار کەسی تیادا ماوە، شاری (وان)یش بەتەواوەتی کاولکراوە، جاری جاران گۆمی (وان) ژمارەیەکی زۆر بەلەم و گەمێی تیادا هاتوچۆی دەکرد، بەڵام ئیمڕۆ شارەکە هەمووی وێرانە و کوندەبەبو بەسەر کەلاوەکانیدا دەخولێتەوە و دەنیشێتەوە، بەندەرەکەی سەر گۆمی وان تەنها سێ خانووی دیوار لارەوەبووی تیادا ماوە، لەوناوەدا کاربەدەستی تورك (Governer)ی خەواڵوو تاقمە کەسێك بوو لەوێ چایەکی دامێ و منیش بەرامبەر بەو چایەی ئەو هەندێ خواردنم پێدا کە دیاربوو ئەو داماوە چەند ڕۆژێك بوو خواردنێکی ئەوتۆی نەخواردبوو، پاشئەوەی ماوەیەك بەکەناری گۆمەکەدا گەڕاین، ئیتر شەو داهات و گەڕاینەوە بەدیار ئەو قوتیلە چرایەی کە هەیبوو خۆی دایگیرساند، ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بەر لەشەڕ بریتی بووە لە(٦٥) هەزار کەس، بەڵام ئیمڕۆ تەنها (٢٥٠٠) کەسی تیادا ماوە کە لەناو وێرانەکاندا دەژین.

سەرچاوەی سێهەم

بلەچ شێرکۆ-جەلادەت بەدرخان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٦٠ باسی تاوانێکی تری تورکی کردووە، لەو کوشتارەی لەئەرمەنیەکانیان کردبوو، سەرەڕای ئەوە بەدرۆودەلەسە و پڕوپاگەندە دەیانویست دەستە خوێناویەکەی خۆیان بەسەر کورددا بسڕن و جەلادەت لەلاپەڕە (٧٧)ی ئەو کتێبەیدا وتویەتی: ((بەر لەشەڕی یەکەمی جیهانی و لەکاتی شەڕەکەدا و لەدواییشدا بەربوونە وێزەی ئەرمەنیەکان بەنیازی لەناوبردنیان و نزیکی ملیۆنێکی بێتاوانیان لێکوشتن و ساتێك هەواڵی ئەو ڕەفتارە خوێناویەی تورك بەهەموو ئەمریکا و ئەورووپادا بڵاوبووەوە، تورکەکان هەوڵیاندا ئەو تاوانەی خۆیان بخەنە ئەستۆی کورد و تۆفیق پاشای سەدری ئەعزەم لەدوای شەڕ لەکۆبونەوەی لەندەندا وتبووی ئەوانەی ئەرمەنیەکانیان کوشتبوو بریتی بوون لەکوردەکان، بەڵام حکومەتی تورك بەهۆی شەڕی جیهانیەوە توانای ئەوەی نەبوو سزای ئەو کوردە تاوانبارانە بدات لەوەختی خۆیدا)).

جەلادەت بەدرخان لەلاپەڕە (٧٩)ی کتێبەکەیدا بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو درۆیەی تۆفیق پاشا نوسیویەتی: ئەوەی باشبوون لەناو یانەکانی ئەرمەنیدا (Club-کە مەبەست ڕێکخراوی ئەرمەنیەکانە) لەو درۆیەی تۆفیق پاشا گەیشتبوون و دەیانزانی و دانیان بەوەدا نابوو کوردەکان بەپێچەوانەوە خزمەتێکی زۆری ئەرمەنیەکانیان کردبوو (بەرلەمە ئاماژەمان بۆ هەندێ سەرچاوە کردووە کە چۆن لەکاتی شەڕدا و لەدوای شەڕی جیهانیش چۆن خزمەتی ئەرمەنیەکانیان کردبوو)، لەمەش ڕوون و ئاشکراتر ئەو وتارەی (کلیمنصو)ی فەرەنسیە کە لەدوای شەڕی یەکەم بەناوی هەموو دەوڵەتە ئەورووپیەکانەوە وتبووی: ((تورکەکان بەهۆی جەوروستەم و خراپەکاریەکانیانەوە ئاشکرایان کردووە توانای ئەوەیان نییە کاروباری میللەتانی غەیری تورك بەباشی بەڕێوە، لەبەرئەوە جارێکی تر نابێ ڕێگایان پێبدرێت هیچ میللەتێکی تر بخەنە ژێر سایە و دەسەڵاتی خۆیانەوە)).

دەربارەی ژمارەی ئەرمەنیە کوژراوەکان لەو کوشتارەی لەدوای شەڕی جیهانیدا لێیانکرابوو، کە هەندێ سەرچاوە بەملیۆنێکی داناوە هەروەکو دکتۆر کەمال مەزهەر لەسەرچاوە/٢٤دا ئاماژەی بۆ کردووە، بەپێی ئەو سەرژمێرییەی

لەلایەن ئەنجومەنی جوگرافیای قەفقاسەوە ئامادەکراوە ژمارەی ئەرمەنی بەمجۆرە بووە: لەتورکیا (٢,٩) ملیۆن، لەڕوسیا (١,٥) ملیۆن، لەئێران و ئەمریکا و ئەورووپا و شوێنەکانی تر (١,٢٥٠) ملیۆن کە هەمووی دەکاتە (٥,٦٥) ملیۆن.

ساتێك بوغوص نوبار پاشا داوایکردبوو لەبەریتانیا و فەرەنسا کە شوێنێك بۆ ئەرمەنیەکان تەرخان بکرێت لەتورکیادا، هەروەکو لەباسێکی پێشووی گۆڤاری (Kurdish Time)دا لێیدواین هەردووکیان بەبوغوص نوبار پاشا دەڵێن: جا کوا ئەرمەنی لەتورکیادا ماوە هەتا شوێنیان بۆ تەرخان بکرێت کە ئەمە وا دەگەیەنێت لەو (٢,٩) ملیۆنەی لەتورکیادا بوون پاشئەوەی ملیۆنێکیان لێکوژرابوو دەبێ ئەوانیتر هەموو ئاوارە و دەربەدەرکرابوون بەناو وڵاتانی جیهاندا.

بەوپێیە ڕووندەبێتەوە تاوانی تورك چ لەزەمانی عوسمانیدا، بەتایبەتی لەکوشتاری ساڵی (١٨٩٤-١٨٩٥)دا و چ لەکاتی شەڕی جیهانی و چ لەو شەڕەی لە(قارس)دا کرا کە کەمالیەکان دوای شەڕی جیهانی جێگەی عوسمانیەکانیان گرتبووەوە، ئەوەندە بێبەزەییانە و دڵڕەقانە بووە کە بەو کردارانەیان مێژووی باوباپیرانی خۆیان و یادی هۆلاکۆ و تەیموری لەنگ و جەنگیز خانیان بوژاندبووەوە و بەر لەنازیەکان خۆیانکردبوو بەوەستای ئەوەی پێیدەوترێت (هۆلۆکۆست) و داریسان بەڕۆحی نازیەکاندا دابوو لەشێوەی دڕندەیەتی و خوێنڕێژیدا، کەچی ئەو هەموو کوشتارەی لەئەرمەنی و کورد و ئاسووری و یۆنانیان کردبوو لەلای بەدرۆ دیموکراتخوازەکانی جیهان وەکو هەر هیچ ڕوونەدابێت وایە و ڕۆژێك لەڕۆژان هەر هیچ نەبێ بۆ چێژیش ناوی ناهێنرێت.

باسی سێهەمی بەشی شەشەم

لابردنی سوڵتان و هەڵوەشانەوەی خەلافەت و دامەزراندنی کۆماری تورکیا

لەباسی ژیانی مستەفا کەمالدا لەوە دواین چۆن خۆی بەمرۆڤێکی ئاینپەرست و سەر بەخەلیفە لەقەڵەم ئەدا و بۆئەوە دەکرۆزایەوە خەلیفە بەهۆی داگیرکەرانی وڵاتەوە دەسەڵاتی لەدەستداوە و بەڵام دوای کۆنگرەکانی ئەرزرۆم و سیڤاس و دەرکردنی میساقی میللی و کوشتاری ئەرمەنیەکان و سەرکەوتن بەسەر یۆنانیەکاندا، وردە وردە خۆی و تاقمەکەی هەستیان بەدەسەڵاتداریتی خۆیان کردبوو، مابووەوە سەرئەوەی چۆن خەلافەت هەڵوەشێننەوە و چۆن پەیمانی سیڤەر زیندەبەچاڵ بکەن و نەخشەی ئەوەش بکێشن چۆن لەو تاقمانەی کە سەر بەخۆشیان بوون بەڵام لایەنگری مانەوەی خەلافەت بوون هەریەکەیان بەشێوەیەك نەیانهێڵن و هیچ دەسەڵاتێکیان نەمێنێت کە سەرگرتنی نەخشەکانیان لێتێکبدات.

لەلاپەرە (٧٦٠)ی کتێبی (الدولة العلية العثمانية) سەرچاوە/٥٨ بەدوورودرێژی باسیکردووە چۆن دەوڵەتە هاوپەیمانەکان پاش سەرکەوتنەکانی کەمالیەکان بەهەڵوێستەکانی پێشووی خۆیاندا چوونەوە چونکە بۆیان روونبووبووەوە مستەفا کەمال تاکە کەس بووە لەو رۆژانەدا بتوانێت تورکیا لەئیسلامەتی و لەوڵاتە ئیسلامیەکان دووربخاتەوە و لایانوابوو هەڵوەشانەوەی خەلافەت لەرێگەی تاقمەکەی مستەفا کەمالەوە وەکو کارێکی تەواوکردنی شەری خاچپەرستەکان وابوو، بۆیە بریاریاندا وڵاتی (ئەنادۆڵ) بۆ خاوەنی خۆی بمێنێتەوە بەمەرجێك کاربەدەستانی ئەو وڵاتە لایەنگری ئەوان بێت و دژی بەرژەوەندیەکانیان رەفتارنەکات.

مستەفا کەمال و تاقمەکەشی لەخۆیان گەیشتبوون و دەیانزانی مانەوەی رژێمەکەیان بەندبووە بەوەی بەچ شێوەیەك دەتوانن رەزامەندی وڵاتانی ئەورووپا بەتایبەتی بەریتانیا بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و سووریش دەیانزانی هەڵوەشانەوەی خەلافەت و پێکهێنانی دەوڵەتێك (کە تورکەکان خۆیان ناویانلێنا عیلمانی) لەو شێوەیەی ئەو دەوڵەتانە بەباشیان دەزانی ئەنجامەکەی بەوە دەگات دەوڵەتێکی لاوازی تورکی لێپەیدادەبێت کە لەدواڕۆژدا ئەو دەسەڵاتەی نابێت

بتوانێت لەرکێفی ئەوان بچێتە دەرەوە و لەرێبازیان لابدات (کە لەڕاستیدا ئەو بۆچوونەیان هەتا ئەم سەردەمە تەواو ڕاست دەرچووە).

هەروەکو لەلاپەرە (٢٥٨)ی سەرچاوە/٤٤دا (الرجل الصنم)دا ئاماژەی بۆ وتارێکی مستەفا کەمال کردووە لەلاپەرە (٤٢)ی کتێبی (نطق)دا بلاوکراوەتەوە، مستەفا کەمال لەو وتارەیدا بۆ ئاشکراکردنی مەبەستی ڕاستی خۆی و بۆ بەڵگەی ئەوەی ئامادەیە خواستەکانی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بهێنێتەدی وتویەتی: ((خەلافەتی ئیسلامی لەدوای کوشتنی خەلیفە موعتەسەم (لەڕاستیدا مەبەستی دوا خەلیفەی عوسمانیە) ئیتر خەلافەت نەماوە)).

بۆ خۆشکردنی ڕێگا بۆ گەیشتن بەو مەبەستەی مستەفا کەمال دەستیکرد بەپاککردنەوەی حکومەتەکەی لەو کەسانەی هێشتا لەسەر لایەنگرێتی مانەوەی خەلافەت مابوون و مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەیاداشتەکانیدا سەرچاوە/٦٥ باسی دوورخستنەوەی چەند کەسێکی کردووە لەوانەی لەکاروباری دەوڵەتدا ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە بەلأم لەگەڵ بیروبۆچونی مستەفا کەمالدا نەبوون دەربارەی هەڵوەشانەوەی خەلافەت لەولأتدا وەکو:

١-حاجی شوکری بەگ کە یەکێك بووە لەوانەی ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە و میرئالاَ بووە لەهێزی کەمالیەکاندا و بەشداری کردووە لەشەڕی سەربەخۆییدا دژی داگیرکەران و لەبەرەی خۆرئاوادا لەناوچەی (ئابدین) شەڕیکردبوو لەگەڵ فەرەنسیەکاندا، مستەفا کەمال لەسەرەتادا لەخۆی نزیك کردبووەوە و کردبووی بەئەندام لەئەنجومەنی میللیدا، بەلأم لەدواییدا بوو بەڕکەبەری مستەفا کەمال و تاقمەکەی دوایئەوەی ئەمانە بەئاشکرا بڕیاری هەڵوەشانەوەی خەلافەتیاندابوو.

٢-حسێن بەگی سەرەك وەزیران کە هەمیشە وشەی غازی لەدەم دەباری و مستەفا کەمالی بەغازی ناودەبرد، بەلأم لەدواییدا کە ئیشی پێی نەما بیانووی پێگرت چونکە لایەنگری مانەوەی خەلافەت بوو، بەوەش لێی نەگەڕا بەڵکو بەپیاوی ئینگلیزی لەقەڵەمئەدا، ئەو حسێن بەگە بەقارەمانێکی گەورە دەژمێردرا لەشەڕی سەربەخۆییدا دژی هاوپەیمانەکان.

٣-بەکر سامی وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا کە ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەبووە لەچەسپاندنی دەسەلأتی مستەفا کەمالدا و لەبەرئەوەی هاوکاری ئەو نەبوو لەبیروبۆچونەکانیدا ئەویشی دوورخستەوە و بەرامبەر بەمە ئەویش

حیزبێکـی پێکهێنـا کـە ژمارەیـەکی زۆر لەوانـەی لەگـەڵ بیروبۆچـوونی مسـتەفا کەمالدا نەبوون چوونە ئەو حیزبەوە.

٤-کازم قەرەپاشا لەڕاستیدا مستەفا کەمال بەهۆی ئەمەوە بوو بەو سەرکردە گەورەیـە و لەدواییـدا لەویشـی هەڵپێچـا بـەتاوانی ئـەوەی لایـەنگری مانـەوەی خەلافەت بوو، لەئەنجامدا نامەیەکی ناردبوو بۆ مستەفا کەمال تیایدا وتبووی: ((دەسـتووری تازە لەگـەڵ شـەرعی ئیسـلامدا یەکناگرێتـەوە، بۆیـە ئـەم دەسـتورە بەشـتێکی ڕاست نازانرێـت چونکە لەهەسـت و هـۆش و بیروبۆچـونی هاولاتیـان دوورکەوتۆتەوە، لەبەرئەوە بڕیارمداوە ئەرکی هەموو جۆرە فیداکاریەکی پێویسـت بخەمە سەرشانم بۆ ڕێگرتن لەوەی حوکمی سەڵتەنەت بگۆڕدرێ بەجمهوریەت)).

لـەوەڵامی ئـەو نامەیـەی کـازم قەرەپاشـادا مسـتەفا کـەمال بـۆی دەنوسـێت و پێی‌دەڵێت: لەو یاسایەی ئەنجومەنی میللی بڕیاری لەسەرداوە شتێکی وای تیـادا نی‌یە بۆنی دەستدرێژیکردنی لێبێت بۆ سەر سەڵتەنەتی موقەدەس یـان خەلافەتی موقەدەس و هیچ هاندانێکی تیـادا نی‌یـە بۆ سەرگرتنی حـوکمی جمهوری و ئـەو کەسـانەی وا لێکیدەدەنــەوە کــە دەمانــەوێ ســەڵتەنەت لەناودەبــەین و حــوکمی جمهـوری دێنینـە ئـاراوە، لەدنیایـەکی پـڕ لەواهیمـە و خەیاڵـدا دەژیـن (دیـارە وەڵامەکەی بۆ کازم قەرەپاشا بەرلەوە بووە کە بەئاشکرا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت دەربچێت وەکو لەدواییدا باسی هەڵوەشانەوەی دەکەین).

ڕەفیـق حیلمـی دەڵێـت: ((مسـتەفا کـەمال بـەم نامەیـەی توانیبـووی (دەبوایـە بیوتایـە تـا ماوەیـەك) کـازم قەرەپاشـا بخەڵـەتێنێت و تـەفرەی بـدات و هێمنـی بکاتەوە، مستەفا کەمال تا ماوەیەکیش جاروبار بـۆ خەلیفەی دەستبەسـەری ژێر چنگی بێگانـە دەگریـا و دەکڕوزایـەوە و هـاواری دەبردەبـەر هاوکـاریکردن لەگـەڵ کورددا بۆ ڕزگارکردنی خەلیفەی ئیسلام)).



وێنەی مستەفا کەمال بەجلوبەرگی ئاینیەوە

دەربارەی ئەو مەترسیەی کەوتبووە دڵی هەندێ لەموسڵمانانەوە لەو ڕۆژانەدا کە مستەفا کەمال و هاوکارەکانی خەریکی هەڵوەشانەوەی خەلافەت بوون (Patrick Kinross) لەلاپەڕە (٣٨٤)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٥ وتویەتی: (ئاغاخان و ئەمیر عەلی و چەند سەرکردەیەکی تری موسڵمان نامەیەکیان ناردبوو بۆ عیسمەت ئینونۆ و پێیان ڕاگەیاندبوو جیاکردنەوەی خەلیفە لەسەڵتەنەت کارێکی زۆری کردۆتەسەر موسڵمانەکان بۆیە تکایان لەحکومەتی تورکیا کردبوو ڕێز لەهەستی ئایینی موسڵمانان بگرێت)، بێگومان تورکەکان لەسەرەتادا وشەی سوڵتان و سەڵتەنەتیان لەخەلیفە جیاکردووە، ئەوسا خەلافەتیشیان هەڵوەشاندەوە.

نوسەری سەرچاوە/٨٥ لەباسەکەیدا دەڵێت: بەلای مستەفا کەمالەوە خەلافەت شتێك بوو لەگەڵ ڕۆژانی ڕابردوودا دەگونجا بەڵام ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو کۆتایی پێبهێنرێت بۆیە مستەفا کەمال وتبووی: بوونی خەلیفەی دەسەڵاتدار لەگەڵ بوونی حکومەتێکی بەهێزی دەسەڵاتداردا یەکناگرێتەوە و خەلیفە وەکو جاران ئەو دەسەڵاتەی پێشووی نەماوە بەسەر وڵاتانی تری ئیسلامدا، هەروەکو چۆن (پاپا) تەنها دەسەڵاتی هەر لەناو وڵاتانی کاتۆلیکدا ماوە، جگە لەمە بوونی

خەلافەت شتێکە لەڕژێمی عەرەبیەوە وەرگیراوە و ئەگەر ئاین لەدەسەلأتی ئایینی بەولاوە هەر دەسەلأتێکی تری هەبێت ڕێگە لەهەموو جۆرە پێشکەوتنێکی ولأت دەگرێت.

نوسەری سەرچاوە/٨٥ دەڵێت: ئەو قسانەی مستەفا کەمال لەڕۆژنامەکانی تورکیای ئەو ڕۆژانەدا بلأوکرابووەوە، لەپاشکۆی کتێبی (تأريخ الدولة العثمانية)، سەرچاوە/٥٨ باسێکی (دکتۆر ئیحسان حەقی) بلأوکراوەتەوە دەربارەی چۆنیەتی هەڵوەشانەوەی سوڵتان و خەلافەت کە وتویەتی: (ساتێك مستەفا کەمال و تاقمەکەی بەهێزبوون لەسەرەتادا داوایان لەسوڵتان کرد تەنها هەر بەخەلافەت قایل بێت و واز لەسوڵتانێتی (بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت) بهێنێت و لەئەستەمبوڵیش نەچێتە دەرەوە).

لەڕاستیدا ئەوی چاوێك بەو سەرچاوانەدا بگێڕێت کە باسی بزوتنەوەی کەمالیەکانیان کردووە بۆی ڕووندەبێتەوە ئینگلیزەکان لەهەموو کەسێك زۆرتر مەبەستیان بووە لەسەرکەوتنی مستەفا کەمالدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-ئینگلیزەکان لەپشتی پەردەوە مستەفا کەمالیان ئامادەکردبوو، هێنابوویانە پێشەوە و ڕێگەیان بۆ خۆشکردبوو خەلافەت هەڵوەشێنێتەوە.

٢-هەرچەند ئینگلیزەکان هانی یۆنانیەکانیان دابوو پەلاماری تورکیا بدات، بەڵام ئەو هاندانە تەنها بۆ لاوازکردنی کەمالیەکان بوو بۆئەوەی ناچاریان بکات بەمەرجەکانی بەریتانیا قایل بن، کە یەکێك لەو مەرجانە بریتیبووە لەهەڵوەشانەوەی خەلافەت بەهەر نرخێك بێت.

٣-ئینگلیزەکان نەخشەی تێکچوونی مستەفا کەمال و شەوکەت پاشایان کێشابوو بۆئەوەی دەسەلأت هەمووی بکەوێتە دەست مستەفا کەمال کە لای ئینگلیزەکان وابوو تاقە کەسێکی لێوەشاوە بووە کە بتوانێت خواستەکانی حکومەتی بەریتانیا بەجێبهێنێت و پەیوەندی ئینگلیز و مستەفا کەمال شتێکی تازە نەبوو بەڵکو لەساڵی (١٩١٧)دا کە سەرکردەی هێزەکانی عوسمانی بووە لەفەلەستین پەیوەندی هەبووە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا. (سەرچاوە/٤٤ لەلاپەڕەکانی (٤٧٠ تا ٤٩٦)ی بەرگی دوهەمیدا دەقی/٣٣ دوکیومێنتی تورکی بلأوکردۆتەوە، نهێنیەکانی ژیانی مستەفا کەمال کە هەندێکیان باسی پەیوەندی ئینگلیز و مستەفا کەمالی تیادا کراوە).

نوسەری سەرچاوە/٥٨ لەلاپەڕە (٧٥١)ی کتێبەکەیدا پرسیارێکی زۆر گرنگی کردووە کە بریتیە لەوەی (ئینگلیزەکان لەبەرچی یارمەتی مستەفا کەمالیان دابوو

بەرامبەر بەحکومەتەکەی ئەستەمبولّ یاخی ببێت لەکاتێکدا خۆیان دەستیان بەسەر ولأتدا گرتبوو؟؟)، نوسەر لەوەلأمی ئەو پرسیارەدا وتویەتی: لەڕێبازی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانەدا بەتەواوەتی ڕووندەبێتەوە، ولأتانی ڕۆژئاوا دەمێك بوو دەیانویست شیرازەی دەولّەتی عوسمانی هەلّوەشێنرێتەوە و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە بەر لەشەڕی جیهانی وایلێکردبوو پێیبوترێت (پیاوە نەخۆشەکە)، بۆیە کە شەڕی جیهانی بڕایەوە، دەولّەتە هاوپەیمانەکان بەتایبەتی بەریتانیا بوونی دەولّەتێکی بچوکی لاوازی وا کە لەڕێبازی ئاینی ئیسلام دوورکەوتبێتەوە ئەوەیان زۆر لەلا باشتربووە لەوەی پاش ڕووخانی دەولّەتی عوسمانی خۆیان دەستبگرن بەسەر ولأتدا و کاروباری ببەنبەڕێوە هەروەکو چۆن ولأتێکی داگیرکراو دەبرا بەڕێوە کە دەیانزانی ئەو کارە ئاسان نیە و لەئەنجامدا هەر ناچاردەبن و وازی لێبێنن بۆ خەلّکی ولأتەکە، جگە لەوەی ئەو دەولّەتە عیلمانیەی کەمالیەکان دروشمیان بەرزکردبوەوە دەبوو بەکۆسپ و ڕێگرێك (Lumper) لەڕێگەی بلأوبونەوەی دەسەلأتی سۆڤیەت لەناوچەکەدا.

دەربارەی چۆنیەتی دەستپێکردنی مستەفا کەمال بەنەهێشتنی سەلّتەنەت و هەلّوەشانەوەی خەلافەت (Patrick Kinross) لەلاپەڕەکانی (٣٨٤-٣٨٥) کتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٥ وتویەتی: (مستەفا کەمال بیرەوەری دامەزراندنی ئەنجومەنی میللی کرد بەبیانوو، کۆبونەوەیەکی گەورەی کرد و لەو کۆبوونەوەیدا ڕێگەدرا بەدووروودرێژی باسی خەلیفە و هەلّوەشانەوەی خەلافەت بکرێت و لەسەرەتادا بڕیاردرا دادگا ئاینیەکان هەلّوەشێنرێتەوە و کاروباریان بوەستێنرێ و هەمووی بدرێت بەو دادگا تازانەی بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنران و وەزارەتی ئەوقاف هەلّوەشێنرا و هەموو دەرامەت و مالّومولّکەکانی سپێردرا بەوەزارەتەکانی تر و (شیخ الاسلام) کە تا ئەوسا هێشتا وەکو ڕەمزێك هێلّرابووەوە ئەویش لابرا و شوێنەکەی هەلّوەشێنرایەوە و بڕیاری داخستنی هەموو قوتابخانە ئاینیەکانیش دەرچوو.

هەمان سەرچاوە لەلاپەڕە (٣٨٦)دا لەباسی هەلّوەشانەوەی خەلافەتدا وتویەتی: ((ئەو شەوەی بڕیاری هەلّوەشانەوەی خەلافەت درا، خەلیفە لەکۆشکی (دولّمە باغچەسی) بوو، لەشیرین خەویدا هەلّیانساند و سەرۆکی پۆلیس پێیڕاگەیاند کە پێویستە سەعات پێنجی بەیانی تورکیا بەجێبێلّێت و ڕێگەی پێدرا هەندێ کەلوپەل و شتە تایبەتیەکانی خۆی بپێچێتەوە و لەگەلّ خۆیدا بیبات و ئێوارە بەشەمەندەفەر شاری ئەستەمبولّی بەجێهێشت، لەدوای ڕۆیشتنی

خەلیفە ئیتر لەڕۆژی هەینیدا و لەنوێژی هەینیدا بەپێچەوانەی جاران ناوی خەلیفە نەهێنرا و لەجیاتی ئەوە تەنها ناوی جمهوریەت و ئوممەی ئیسلامی هێنرا)).

دەربارەی چۆنیەتی ئیعلانی جمهوریەت، دوائەوەی خەلافەت نەما و خەلیفە دوورخرایەوە هەروەکو (ریچارد رالینسۆن) لەلاپەڕە (٨٢)ی کتێبەکەیدا، وەرگێڕانی بۆ فارسی، باسیکردووە و وتویەتی: هەڵوەشانەوەی خەلافەت گێرەوکێشەیەکی زۆری لێپەیدابوو، مستەفا کەمال خۆشی دەیزانی ئەو کارەی بەئاسانی بۆ ناچێتەسەر (بەڵام دیاربوو بەجێهێنانی ئەم کارە مەرجی سەرەکی مانەوەی بووە)، بۆیە بەر لەهەڵوەشانەوەی خەلافەت ڕێگەی بۆ دەربڕینی ئەو مەبەستەی بەوە خۆشکردبوو، لەشارێکی بچوکی سەر دەریای (مەڕمەڕە) ژمارەیەکی زۆری لەنوسەران و ڕۆژنامەنوسە بەناوبانگەکانی لەو شارە کۆکردبووەوە کە زۆربەیان لەپێشدا نەیانزانیبوو بۆچی بانگکرابوون، ساتێك مستەفا کەمال لەو کۆبوونەوەیەدا دەستیکرد بەقسەکردن، بەئاشکرا وتی: تەنها بەلابردنی خەلافەت لەوڵاتدا دەتوانرێت حکومەتێکی مۆدێرن و سەربەخۆی تورکیا دامەزرێنرێت.

نوسەر ئەڵێ: ئەوانەی لەوێ بوون هەموویان لەقسەکانی مستەفا کەمال حەپەسابوون کە ئەو کۆبونەوەیە ڕۆژ و نیوێکی خایاند و لەئەنجامدا هەموویان بوون بەلایەنگری مستەفا کەمال و یەکێك لەو ڕۆژنامەنوسانەی لەو کۆبونەوەیەدا بانگکرابوون (ناوی نەهێناوە کام ڕۆژنامە بووە) لەیاداشتەکانیدا باسی ئەو کۆبونەوەیەی بەمجۆرە کردووە: ڕەوڕەوەی مێژوو لەم ژووری کۆبونەوەیەدا زۆر بەگورجی دەڕوات و ئەو هەموو گۆڕانکاریە ڕووکەشانەی هەتا ئێستا هاتوونەتەدی هیچی کەم نەبووە لەڕووداوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بۆیە پێویستی بەبوونی ڕژێمێکی مامناوەندی هەبوو بۆئەوەی لەگەڵ بارودۆخی ڕۆژانی داهاتوودا بگونجێت، بەدرێژایی مێژوو دیکتاتۆرەکان قەت مەبەستەکانی خۆیان دەمودەست ئاشکرانەکردووە، بەڵکو هەوڵیانداوە لەپێشدا زەمینە بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستانەیان خۆشبکەن ئەوسا دەستیانکردووە بەکاری خۆیان.

مستەفا کەمال نەیدەویست دەستوور بۆ میللەت دابنێت بەڵکو دەیویست خانەنشینیان بکات، من نیازم وابوو هێرش ببەمەسەر دەوڵەت و بپرسم چۆن و لەبەرچی ئەو هەموو مەترسیەی بۆ وڵات پەیداکرد کە ئەنجامەکەی بەوە بگات

خەلافەت هەڵوەشێنرێتەوە، بەڵام بۆمدەرکەوت بەبێ نەهێشتنی پیاوە ئایینیەکان ڕێگا نەدەدرا دەوڵەتێکی تازە بێتەدی.

هەمان ریچارد رالینسۆن لەلاپەڕە (٨٦)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٢٨ لەباسی قەدەغەکردنی قوتابخانەکاندا وتویەتی ئەو قەدەغەکردنە بەرگ و پوشتەرینی هەموو پیاوە ئایینیەکانی ئیسلام و یۆنانی و ئەرمەنیشی دەگرتەوە و ئاماژەی بەنوسینی نوسەرێك کردووە کە لەباسێکیدا وتبووی: ((لەساڵی ١٩٢٥دا کە فێست لەسەرکردن قەدەغەکرا، زۆر باش لەبیرمدێ ساتێك قوتابیەك بۆ یەکەمجار و یەکەم ڕۆژ بەکلاوێکی لەوێنەی شەپقە هاتە (دانشگای بین الملل)ی (سمیرنا-ئەزمیر) بوو بەهەرا و ژاوەژاو نەك تەنها هەر لەناو دانشگاکەدا بەڵکو لەناو هەموو شاریشدا دەنگی دایەوە و خەڵك بەئاشکرا دەیانوت گۆڕینی فێست بەشەپقە مانای نەهێشتنی دینە)).

دەربارەی ڕۆژی هەڵوەشانەوەی خەلافەت، لەلاپەڕە (٢٩٤)ی سەرچاوە/٤٤دا (الرجل الصنم) وتویەتی: لەیەکەم ڕۆژی تشرینی دوهەمی ١٩٢٣دا سەعات (٨,٥)ی ئێوارە تۆپی مژدەی ئیعلانی جمهوری تەقێنرا کە ئەنجومەنی میللی بەرلەمە لەڕۆژی ٣٠ی تشرینی یەکەمدا (١٨٠) ئەندامی ئەنجومەنی میللی بڕیاریاندابوو وڵات ببێت بەجمهوری و مۆریانکردبوو، شانبەشانی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی میللی یاسایەك دەرچوو لەلایەن هەمان ئەنجومەنەوە لەژێر ناوی (اقرار سکون-چەسپاندنی ئاسایش) وە بەپێی ئەو یاسایە هەموو جۆرە بڵاوکراوە و ڕۆژنامەیەك جگە لەوانەی لەلایەن کەمالیەکانەوە دەردەچوو هەمووی قەدەغەکران (لەباسێکی تازەدا کە لەدوای باسی لۆزان بۆ چۆنیەتی پاشگەزبوونەوەی تورکە کەمالیەکان لەو بەڵێنانەی بەکوردیان دابوو دەگەڕێنەوە سەر باسی چۆنیەتی قەدەغەکردنی کۆمەڵ و بڵاوکراوە کوردیەکان).

(Patrick Kinross) لەلاپەڕە (٣٨٦)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٥ باسی دوا تەقەلای سەرنەگرتووی کردووە کە وەختی خۆی بۆ هێشتنەوەی خەلافەت هەندێ لەمیسنیرە ئیسلامیەکانی هیندستان و میسر داخوازی و پێشنیازێکیان دابوو بەمستەفا کەمال بۆئەوەی خۆی ببێت بەخەلیفە و ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە بەلابردنی خەلیفە پەیدابووبوو بەڵام مستەفا کەمال ئەو داخوازیەی پەسەند نەکردبوو.

دەربارەی ئەوەی سەرچاوە/٨٥ باسیکردووە، لەو کتێبەی (ڕیچارد رالینسۆن)، سەرچاوە/٢٨دا وتویەتی: لەدوایئەوەی خەلافەت هەڵوەشێنرایەوە بەچەند ساڵێك

مستەفا کەمال لەساڵی ١٩٢٧دا لەیەکێك لەقسەکانیدا (نطق) وتبووی هەندێ لەوانەی هەستی ئایینی و سیاسەتیان پێکەوە گرێدەدا، لایانوابوو پێویست بوو خەلافەت بمێنێتەوە و هەندێکیان پێشنیازیان کردبوو من (مستەفا کەمال) ببم بەخەلیفە بەڵام من ئەو داخوازیەم پەسەند نەکرد.

نوسەر ئەڵێ: هەرچەند (کازم قەرەپاشا) لەیاداشتەکانیدا وتویەتی مستەفا کەمال زۆر حەزیدەکرد ببێت بەخەلیفە (کە ئاماژەی بۆ هیچ بەڵگەیەك نەکردووە بۆ ئەم بۆچوونەی)، بەلأم من (نوسەری سەرچاوە/٢٨) ئەو بۆچوونەی (کازم قەرەپاشا) بەشتێکی ڕاست نازانم، چونکە لەدواییدا ڕەفتار و کردەوەکانی مستەفا کەمال ئاشکرایانکرد مستەفا کەمال تا چ ڕادەیەکی زۆر دژی مانەوەی خەلافەت و بوونی خەلیفە بوو، بۆیە خۆشی دەیزانی دەستینەئەدا بۆ ئەو کارە.

بەشی حەوتەم

پەیمانی لۆزان

لەدوایئەوەی تورکە کەمالیەکان خۆیان بەهێزکرد و بەسەر یۆنانیەکاندا سەرکەوتن و ڕاپەڕین و شۆڕشی ئەرمەنیەکانیان بەکوشتارێکی خوێناوی لەناوبرد و سەڵتەنەتیان نەهێشت و ئەو داروپەردوەی خەلافەت کە هەر بەناو مابوو لەئەستەمبوڵدا هیچ حسابێکیان بۆ نەدەکرد و نەخشەی هەڵوەشانەوەی ئەویشیان کێشابوو وەکو لەبەشی پێشوودا باسمانکرد، مایەوە سەرئەوەی چۆن نەخشەی لەناوبردنی کوردیش بخەنە کار وەکو ئەوەی لەئەرمەنیەکانیان کردبوو، بۆ گەیشتن بەو مەبەستە چاویان بریە ئەوەی ئەو مادانەی لەپەیمانی سیڤەردا دەستنیشان کرابوون ئەگەرچی هیچیان لێنەهێنرابووە بەرهەم، بەلام ئەوان هەر لەسەرەتاوە دانیان پیادانەنابوو، مۆرکردنی سیڤەر لەلایەن نوێنەری خەلیفەی ئەستەمبوڵ بەشتێکی ناشەرعیان زانیبوو، چونکە تەنها هەرخۆیانیان بەتاقە دەسەلاتداری ولات دەزانی، بۆیە ئەو بارودۆخەی لەدوای دەرکردنی یۆنانیەکان بۆ تورکە کەمالیەکان ڕەخسابوو توانیان سوودی لێوەربگرن و بستیان بەقەرزنەدا و لەکاتی خۆیدا دەستیان وەشاند و توانیان پەیمانێکی تازە لەجیاتی سیڤەر بهێنرێتە ئاراوە کە باسی چۆنیەتی سەرگرتنی ئەو پەیمانە تازەیەی لەلۆزاندا مۆرکرا دەتوانین بیکەین بەسێ بەشەوە:

١-چۆنیەتی بەستنی و قۆناغەکانی کۆبونەوەکان کە لەدوا قۆناغیدا پەیمانەکە مۆرکرا.

٢-ناوەڕۆکی مادەکانی لۆزان.

٣-کەمتەرخەمی کورد و نەبوونی چالاکیەکی ئەوتۆ کە باسی مافی کوردی تیادا بکرێت.

باسی یەکەمی بەشی حەوتەم

قۆناغەکانی بەستنی لۆزان

ئەو سەرچاوانەی چوونەتە بنج‌وبناوانی کۆبوونەوەکانی لۆزان و چۆنیەتی مۆرکردنی، بەشێوەیەکی گشتی وتویانە ئەو دەوڵەتانەی لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربوون لەبەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، یۆنان، ڕۆمانیا، یۆگۆسلاڤیا، تورکیا (نوێنەری کەمالیەکان)، (خەلافەت هەرچەندە هێشتا هەر بەناومابوو لەکاتی کۆنگرەکەدا، بەلأم بەهیچ شێوەیەك نوێنەری خەلیفە بەشدار نەبووە).

لەگەرمەی کۆبونەوەکانی لۆزاندا، لەسەرەتادا لەسەر ناوەڕۆکی مادەکان بەپێی ئەو ڕەشنووسەی بۆ کۆنگرەکە ئامادەکرابوو لێیان بکۆڵرێتەوە و دەنگیان لەسەر بدرێت، هەندێ ڕووداو و هەڵوێست هاتەکایەوە کە هەمووشیان سوودی تورکەکانی تیادابوو، بۆ نمونە لەکۆبونەوەیەکی لۆزاندا لە٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢دا، لەو ڕۆژانەدا کێشەیەك پەیدابووبوو لەنێوان فەرەنسیەکان و ئەڵمانەکان و فەرەنسا بۆئەوەی خۆی تووشی سەرئێشەیەکی تر نەکات لەگەڵ تورکەکاندا پەیمانی (فرەنکلین-بویون) لەنێوان فەرەنسا و تورکدا مۆرکرا.

لەلایەکی تریشەوە ئیتاڵیاش کێشەیەکی تازەی ناوخۆی بۆ پەیدابوو بەهۆی فاشستەکانەوە کە خەریك بوون دەستەجڵەوی وڵات بگرنەدەست، بۆیە چ فەرەنسا و چ ئیتاڵیا بەهۆی ئەو کێشە تازانەوە بەوێنەی ڕۆژانی سیڤەر سەرگەرمی ئەوە نەبوون کارێکی وابکرێت دژی بەرژەوەندی تورکەکان بێت، بۆیە هەردوولایان گوێیان بۆ داخوازیەکانی تورك شلکرد و بەرگری داخوازیەکانی تورکیان نەدەکرد.

بەپێی سەرچاوەکان یەکەم کۆبونەوەی لۆزان لە٢٠/١١/١٩٢٢ دەستیپێکرد هەروەکو سەرچاوە/١٩ ئاماژەی بۆ کردووە و هەروەکو دکتۆر مارف عومەر گوڵ لەلاپەڕە (١٨)ی گۆڤاری (ڕابوون) ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٦ باسیکردووە مۆرکردنی پەیمانەکە لەدوا کۆبونەوەدا لەڕۆژی ٢٤/٧/١٩٢٣دا مۆرکرابوو.

دکتۆر فوئاد حەمەخورشید لەباسەکەیدا سەرچاوە/١٩ وتویەتی: (نوێنەری حکومەتی ئەمریکا هەروەکو چاودێرێك بەشداری کردبوو لەکۆنگرەی لۆزاندا کە لەو کۆنگرەیەدا (١٧) پەیمان مۆرکرا، کە یەکێك لەوانە پەیمانی لۆزان بوو).

دەربارەی قۆناغەکانی کۆبونەوەکانی لۆزان، سەرچاوە/٤٤ لەلاپەڕە (٢٦٩)ی بەرگی دوهەمیدا کردوویەتی بەدوو قۆناغ:

قۆناغی یەکەم

نوێنەری تورکیا و دەوڵەتە هاوپەیمانەکان (مەبەست ئەو دەوڵەتانەی لەشەڕی یەکەمدا دژی حکومەتی عوسمانی هاوکاری یەکتربوون)، لەم قۆناغەدا هەردوولایان لەپێشبڕکێدا بوون و هیچ لایەکیان لەخواست و مەبەستەکانی لاکەی تر نەدەگەیشت و (لۆرد کرزن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەگەرمەی چالاکیدا بوو، بەتەمای ئەوە نەبوو دان بەسەربەڕێوەبردنی حکومەتی تورکیادا بنێت بەسەرکردایەتی کەمالیەکان.

(Patrick Kinross) لەلاپەڕە (٣٦٠)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٥ باسی کێشەی هەندێ لەکەمالیەکانی کردووە لەناوخۆیاندا لەکاتی گفتوگۆی لۆزاندا کە ئەو کێشەیە بەهۆی ئەوەوە پەیدابووبوو، نەیارەکانی مستەفا کەمال ڕەشنووسێکیان ئامادەکردبوو بۆ چۆنیەتی هەڵبژاردنی نوێنەرانی تورک لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی بالای میللیدا، بۆئەوەی ببن بەنوێنەری حکومەت لەگفتوگۆکانی لۆزاندا، یەکێك لەو مەرجانەی لەو ڕەشنووسەی ئەوانە ئامادەیان کردبوو کە دەبوایە بەپێی ئەو مەرجە ئەوەی مافی هەڵبژاردنی هەبوایە بۆ نوێنەرایەتی دەبوایە لەناو خاکی نیشتمانی تورکدا لەدایکبووبێت، هیچ نەبێ دەبوایە پێنج ساڵ تێپەڕبوایە بەسەر نیشتەجێبوونیدا لەتورکیا کە مستەفا کەمال هەردوو مەرجەکەی تیادا نەبوو چونکە لە(سالانیك) لەدایك بووبوو و پێنج ساڵەکەشی لەسەریەك تەواو نەکردبوو لەتورکیادا، بەرامبەر بەو مەرجە مستەفا کەمال وتبووی دیارە دوژمنانی ولات مەبەستیان لەمنە و نایانەوێ خزمەتی ولاتەکەم بکەم و بەوەشەوە ناوەستن بەڵکو دەشیانەوێ لەناویشمببەن.

نوسەری سەرچاوە/٨٥ لەباسەکەیدا لەسەری ڕۆیشتووە و وتویەتی: لەو ڕۆژانەدا لەلۆزان کۆبونەوەکانی یەکەم قۆناغ دەستیپێکردبوو، نەیارەکانی مستەفا کەمال لەئەنجومەنی میللیدا ڕەخنەیان لەعیسمەت ئینونۆی سەرۆکی نوێنەرانی تورك گرتبوو کە پزیشکی ئەو ڕەخنەگرتنە مستەفا کەمالیشی گرتبووەوە و ڕەخنەگران هاواریاندەکرد و دەیانوت بەهۆی دیبلۆماسیەتی سەرنەگرتووی عیسمەتەوە سەرکەوتنەکانمان لەدەستئەدەین و دەیانقیژان و دەیانوت: شەڕکردن

زۆر باشـتره لـەوەی تاقـە ئینجێـك لـەخاكی ولأت بـەجێبهێلرێت بـۆ بێگانـە (مەبەسـتمان ویلایـەتی موسلْ بووه كـە بەپێی میساقی میللی ویلایـەتی موسـلْ بەبەشێك لەخاكی توركیا دەژمێردرا).

نوسـەر ئـەڵێ: لەڕاسـتیدا كێشـەكە تـەنها ئاڕاسـتەی مسـتەفا كـەمال كرابـوو، یەكێكی وەكو (عەلی شكور) نەك تـەنها هـەر لەئەنجومـەنی میلليدا بەڵكو بەئاشكرا لەقاوەخانەكانیشدا و لەسـەرجادەكان كە بەخـەڵك دەگەیشت دژی مسـتەفا كـەمال ئەدوا و بێزاری و ناڕەزایی خۆی دەردەبڕی بەرامبـەر بـەڕەفتاری مسـتەفا كـەمال و سەرخۆشی و خواردنەوە بێتامەكەی و دەیوت: سەرەڕای ئەمانە هـەمووی مسـتەفا كەمال نیازیوایە ببێت بەسوڵتان، بەلأم زۆری پێنەچوو (عەلی شكور) ونبوو، كـەس نـەیزانی چـی بەسـەرهات و ئەنـدامانی ئەنجومـەن دەیـانزانی مسـتەفا كـەمال لـەناویبردبوو، سـاتێك لاشـەكەی دۆزرایـەوە گومـان خرایەسـەر (توپـال عوسمان-عوسمانه شەل) كه پاسەوانی تایبەتی مستەفا كەمال بوو، پاش چەند ڕۆژێـك (عوسمـان توپـال) بەدەسـتوپیْ بەسـتراوی لـەدوكانی جـل فرۆشـێكدا دۆزرایەوە و دانی بەوەدا نابوو (عەلی شكور)ی كوشتبوو چونكه ئەویش هـەوڵی كوشتنی دابوو.

پاش ماوەیەك پۆلیس عوسمـان توپـالی گـرت و هەڵیواسـی (لەباسـی ڕاپـەڕینی یەكەمی دەرسیمدا باسی عوسمان توپال دەكرێت)، ئەوەی شایانی باسە مسـتەفا كەمال زۆری وەكو عوسمان توپالی هـەبوو لەوانـەی بەدزی و پیاوكوژ ناسرابوون، دەربـارەی ئەمـە سەرچـاوە/٤٤ لەلاپـەڕە (١٧٤)دا ئامـاژەی بـۆ كتێبـی (جانقایـا) كردووە لەنوسینی (فالح رفقی) كە لەلاپەڕە (٢٣٥)یدا باسی (چەركەس ئەدهـەم)ی كردووە كە لەلایەن مسـتەفا كەمالـەوە كرابوو بەدەسـەلأتدار و دەستڕۆیشتوویەكی ئەوتۆ لـەزۆر شتدا وەكو مستەفا كەمال ناوبانگی دەركردبوو، ڕێگـەی پێدرابوو چـەكداری تایبـەتی خـۆی هـەبێت و موچـەی تایبـەت بـۆ خـۆی و تاقمەكـەی بڕابووەوە.

وا دیـاره مسـتەفا كـەمال ئـەوەی پشـتگوێ نەخسـتبوو دەسـت لەنـەیارەكانی بوەشـێنێت، بۆیـە بڕیاریـدا ئەنجومـەنی میللـی هەڵوەشـێنێتەوە و لـەڕۆژی ١٩٢٣/٤/١٦دا لەكۆبونەوەیـەكی ئەنجومـەنی میلليـدا بڕیاریـدا و پێشـنیازیكرد یاسایەك دەرچێت دەربارەی ئەوانەی خیانـەت لـەولأت و میللـەت دەكـەن و یاسـاكە دەرچوو پاشئەوەی بڕیاری لەسەردرا و مستەفا كەمال بەڕۆژنامەكانی ڕاگەیاند كە

دەیەویّ پارتێك دامەزرێنێت بەناوی (حزبی شعبی جمهوری) و داوای لەشارەزایان و ڕۆشنبیران كرد ڕەشنوسی پرۆژەی دامەزراندنی ئەو پارتە ئامادەبكەن.

نوسەر ئەڵیّ: دوایئەوەی مستەفا كەمال ئەنجومەنی میللی هەڵوەشاندەوە عیسمەت ئینونۆی نارد بۆ لۆزان و ئەو دەمە (لۆرد كرزن) لەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لابرابوو، بەلابردنی ئەو ئەو گرژی و كێشەیەی دەربارەی مۆركردنی لۆزان بەرلەوە ڕوویدابوو بەئاسانی چارەسەركران و لەڕۆژی تەموزی ١٩٢٣دا پەیمانەكە مۆركرا و پاش مۆركردنی ئەو پەیمانە بەماوەی (١٠) هەفتە هێزەكانی هاوپەیمانەكان ئەستەمبوڵیان بەجێهێشت بەڵام مستەفا كەمال هەر لەئەنقەرە مایەوە و پایتەختەكەی نەگوێزایەوە بۆ ئەستەمبوڵ و لەوساوە ئەنقەرە بووە بەپایتەخت لەجیاتی ئەستەمبوڵ.

قۆناغی دوهەم

سەرچاوە/٤٤ لەكتێبەكەیدا وتویەتی قۆناغی دوهەمی كۆبونەوەكانی لۆزان بۆئەوە تەرخانكرابوو دان بەحكومەتی توركیادا بنرێت كە لەم كۆبونەوەیەدا لەجیاتی (لۆرد كرزن) وەزیرێكی بەریتانیا ئامادەبوو (رومبولد) كە لەم كۆبونەوەیەدا بەوپەڕی توندوتیژیەوە ئیهانەی وەفدەكەی توركیای كرد بەبێئەوەی یەكێكیان ورتەی لەدەم دەربێت، دەربارەی ئەو كۆبونەوەیە نوسەری سەرچاوەكە باسی ملكەچی و سەرشۆڕی مستەفا كەماڵی كردووە بەرامبەر بەئینگلیزەكان تەنها بۆئەوەی پاش مۆركردنی پەیمانەكە بەشێوەیەكی ڕەسمی دان بەحكومەتەكەیدا بنرێت و دەربارەی ئەوە سەرچاوە/٤٤ ئاماژەی بۆ كتێبەكەی (ڕەزا نوری) كردووە (كە وتمان جێگری عیسمەت ئینونۆ بووە لەكۆبونەوەی لۆزاندا) كە (ڕەزا نوری) لەلاپەڕە (٦٨٢)ی بەرگی سێهەمی كتێبەكەیدا نوسیویەتی: ((لەكاتی ئەم قۆناغەدا مستەفا كەمال، عیسمەت ئینونۆ و منی (ڕەزا نوری) بردە پەنایەكەوە و پێی‌وتین: لەكاتی گفتوگۆكردندا ئەگەر زانیتان (تراكیا)شتان دەستگیر نابێت واز لەتراكیاش بهێنن و پیّ لەسەرئەوە دامەگرن و ئەگەر بۆ سەرگرتنی ئاشتی بەپێویستیشتان زانی واز لەئەستەمبوڵیش بهێنن و هیچ پێویستیش ناكات تەقەلای سەندنەوەی ویلایەتی موسڵیش بدەن)).

ڕەزا نوری دەربارەی ئەوەی مستەفا کەمال وتویەتی: بەڕاستی ئەو قسانەی مستەفا کەمال ڕایچڵەکاندم و حەپەساندمی چونکە ئێمە بەرلەوە لەگفتوگۆکاندا کێشەی تراکیا و ئەستەمبوڵ بڕابووەوە و مسۆگەر کرابوو کە بۆ ئێمە دەبێت ئیتر تێنەگەیشتم نیازی مستەفا کەمال لەو پاشگەزبوونەوە تازەیە چیبوو؟!. ڕەزا نوری دوای ئەمە لەلاپەڕە (١٠٣٤)ی کتێبەکەیدا باسی ئەوەی کردووە کە چۆن جولەکەیەك کە ناوی (Salim–سالم) بووە و ڕاوێژکاری وەفدەکەی ئیتاڵیا بووە لەکۆبوونەوەی لۆزاندا و جولەکەیەکی تریش کە ناوی (ماترسالم) بووە، یەکێك بووە لەجولەکەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ ئەوەشدا جولەکەکانی ئەوسای (سسالانیك) بەدانیشتوانی ئیتاڵیا دەژمێردران، بەلام ئەو (ماترسالم)ە کاربەدەستێکی گەورە بووە لە(بانك سالانیك)، بەوجۆرە جولەکەکان لەلایەکەوە بەناو هاوڵاتی ئێمە بوون بەلام بەنهێنی هاوڵاتی ئیتاڵیا بوون و بێجگە لەو دوو جولەکەیە جولەکەیەکی تریش کە بە(قرەصو) بەناوبانگ بووە، ئەویش لەچالاکیدا بووە و هەریەکەیان لەگیرفانیاندا جۆرە پاسپۆرتێکیان هەبووە و سالم لەهەموویان زیرەکتر و چالاکتر بوو، تورکی و فەرەنسی زۆر باش دەزانی و شارەزاییەکی تەواوی هەبوو دەربارەی یاسا و لەکۆنەوە دۆستی تەلعەت پاشا و ئەنوەر پاشا و جەمال بەگ (مەبەست جەمال سەفاحە) کە هەرسێکیان لەدامەزرێنەرانی (جمعیتی اتحاد و ترقی) بوون (لەبەرگی یەکەمدا بەدوورودرێژی باسی پەیوەندی اتحاد و ترقی و زایۆنیزمی جیهانی و ماسۆنیمان کردووە) و تەلعەت پاشا لەهەموو کاروبارێکیدا پرس‌وڕای بەو سالمە دەکرد.

ڕەزا نوری ئەڵێ: لەهەمووی سەیرتر ئەوەبوو ئەو سالمە لەکۆبونەوەکانی لۆزاندا بەرامبەر ئێمە لەڕیزی دوژمنانی تورکیادا دانیشتبوو و لەگفتوگۆکاندا کە دیاربوو ئەو زەلامە هەر لەکۆنەوە هەموو زانیاری و دەنگ‌وباسەکانی کاربەدەستانی تورکی گەیاندبوو بەئیتاڵیەکان و دووریش نییە هەمان پەیوەندیشی لەگەڵ فەرەنسیەکاندا هەبووبێت چونکە پەیوەندیەکی زۆر بەهێزی هەبووە لەگەڵ دەزگا سەرمایەدارەکانی پاریسدا و لەئەنقەرەش بێ‌گیروگرفت کاروباری خۆی دەبرد بەڕێوە کە بریتی بوو لەدرێژەپێدانی مافی ئیمتیاز لە(بانقی عوسمانی)شدا.

ڕەزا نوری لەباسی گفتوگۆکانی لۆزاندا دەگێڕێتەوە کە لەکۆبونەوەیەکدا (لۆرد کرزن) بەخۆی و گۆچانەکەیەوە هاتەلامەوە و پێی‌وتم: ئێوە نازانم موسڵ موسڵی چیتانە، موسڵ کەڵکی چی‌یە بۆ ئێوە و چی لێدەکەن؟ سووریاتان لەتەنیشتەوەیە بۆچی ناچن داگیریبکەن کە بەتاقە پەلاماردانێك بەو مەبەستە دەگەن. ڕەزا نوری

ئەڵێ: ئەو قسەیەی لۆرد کرزنم زۆر لەلا سەیربوو کە چۆن بەئاشکرا وا داوا لەئێمە دەکات سوریا لەدەست فەرەنسیەکان دەربهێنین؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قسەکەیم پێخۆشبوو چونکە ئەمە ئەوەی دەگەیاند ئینگلیزەکان بەهیچ شێوەیەك ماوە نادەن بەفەرەنسیەکان لەسوریادا بمێننەوە.

سەرچاوە/٤٤ لەلاپەڕە (٢٨٧)دا وتویەتی: بۆم دەرکەوت وازهێنانی تورکیا لەداواکردنەوەی ویلایەتی موسڵ یەکێك بوو لەو مەرجانەی ئینگلیزەکان بۆ مستەفا کەمالیان دانابوو، بەو مەرجەی ئەویش خەلافەتیان بۆ هەڵوەشێنێتەوە. سەرچاوە/٤٤ لەکتێبەکەیدا دەچێتە سەر باسی ڕۆڵی جولەکەیەکی تر (حاییم ناعوم) کە چەند چالاك بووە لەهەڵوەشانەوەی خەلافەتدا و بەئاشکرا بەمستەفا کەمالی وتبوو: ((هەڵوەشانەوەی خەلافەت و وازهێنان لەویلایەتی موسڵ دوو مەرجی سەرەکین بۆئەوەی حکومەتی بەریتانیا دان بەدەوڵەتەکەتاندا بنێت))، بێجگە لەوە ئەو حاخام ناعومە لەیەکێك لەڕۆژنامەکانی پاریسدا باسێکی نوسیبوو کە کورتیەکەی بەم جۆرە بووە: هیچ پێویست بەترس و لەرز و دڵەڕاوکە ناکات چونکە عیسمەت ئینونۆ هاوڕێمە و لەقسەی من دەرناچێت و هەرچی پێویست بێت پێی جێبەجێدەکەم و پاشئەوە تەلگرافێکی ناردبوو بۆ عیسمەت ئینونۆ لەکاتی گفتوگۆی لۆزاندا و پێیوتبوو: ئەوا بەڕێوەم بۆلای ئێوە، هەموو شتێکم چارەسەرکردووە و هەواڵی زۆر باش و گرنگم پێیە، نەکەن کارێکی وابکەن گفتوگۆی لۆزان بوەستێنرێت.

لێرەدا سەرچاوە/٤٤ ئاماژە بۆ کتێبەکەی ڕەزا نوری دەکات کە باسی ئەو چوونەی (حاخام ناعوم)ی کردووە کە وتویەتی: ((لەکاتێکدا من و عیسمەت و چەند کەسێکی تر دانیشتبووین، پاسەوانێك هات و بەعیسمەتی وت ناعوم ئەفەندی هاتووە و حەزدەکا چاوی پێتان بکەوێت، بەرلەوەی عیسمەت ئینونۆ قسەبکات من (ڕەزا نوری) بەدەنگی بەرز بەعیسمەتم وت تۆ هیچ قسەیەك مەکە و وازبێنە لەمە چونکە من خۆم دەزانم چۆن لەگەڵ ئەو جولەکە بەرازەدا قسەبکەم، دیاربوو لەدەرەوە گوێی لەقسەکانی من بوو، بۆیە کە لێمانپرسی فەرموو چیت دەوێ؟ لەوەڵامدا وتی: هیچ تەنها بۆئەوە هاتووم زیارەتتان بکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەدواییدا هەرچیەکی ویست بەنهێنی لەگەڵ مستەفا کەمال و عیسمەتدا جێبەجێیکرد)). بەوجۆرە هەروەکو لەسەرەتای ئەم باسەشدا باسکراوە کۆبونەوەکانی لۆزان لە٢٠/١١/١٩٢٢دا دەستیپێکرد و لە٢٤/٧/١٩٢٣دا یەعنی لەدوای نزیکی هەشت مانگ پەیمانەکە مۆرکرا.

باسی دوهەمی بەشی حەوتەم

ناوەڕۆکی مادەکانی پەیمانی لۆزان

دەربارەی مادەکانی پەیمانی لۆزان و ناوەڕۆکی مادەکانی باسێکی دوورودرێژە و گەلێك سەرچاوە لێی‌دواون، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێی بدوێین بریتی‌یە لەو مادانەی دەستنیشانی مافی هاوڵاتیانی تورکیای تیادا کراوە کە دەبوایە هاوڵاتیانی کوردیشی بگرتایەتەوە.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەلاپەڕە (٤٢)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٥ ئاماژەی بۆ مادە (٣٧ و ٣٨ و ٣٩)ی پەیمانەکە کردووە کە ئەو باسەی هەروەکو لەوەرگێڕانە عەرەبیەکەی کتێبەکەیدا ئامارەی بۆ کراوە بریتیە لە (معاهدة سيفر و الوثائق الموقعة في لوزان)، لاپەڕە (١٥٢) کە دیارە لەچاپێکی ڕوسیەوە وەرگێڕاوە کە لەساڵی ١٩٢٧دا لەمۆسکۆ چاپکراوە لەوەدا وتراوە: مادە/٣٧ تورکیا بەڵێن ئەدا هیچ بڕیار و یاسایەك دەرنەکات پێچەوانەی ناوەڕۆکی مادەکانی ئەم پەیمانە بێت، مادە/٣٨ حکومەتی تورکیا بەڵێن ئەدات هەموو دانیشتوان سەربەستیەکی تەواویان دەبێت بێ‌جیاوازی لەڕووی نەتەوایەتی و زمان و ڕەگەز و ئاینیانەوە، مادە/٣٩ هیچ جۆرە فشار و بەرهەڵستیەك ناخرێتەبەر هیچ هاوڵاتیەکی تورکیا و ڕێگەی لێناگیرێت لەبەکارهێنانی هەرزمانێك کە بیەوێ بەکاریبێنێت لەکاروباری خۆیدا وەکو بازرگانی و ڕاگەیاندن و نوسین و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی لەشوێنە گشتیەکاندا.

بێجگە لەو دوو مادەیەی پرۆفیسۆر حەسرەتیان باسیکردووە هەندێ سەرچاوەی تر باسی مادە (٤٤)یان کردووە کە بریتیە لەبڕیاری گشتی و دەربارەی ئەمە بلەچ شێرکۆ (جەلادەت بەدرخان) لەلاپەڕەکانی (٨٨-٨٩)دا سەرچاوە/٦٠دا باسی ئەو مادەیەی بەم شێوەیە کردووە: ((بەڵێنەکانی حکومەتی تورکیا لەبەجێهێنانی مادەکانی ئەم پەیمانە بریتین لەبەجێهێنانی بڕیارەکانی نێودەوڵەتی کە بەهیچ شێوەیەك نابێ لێی پاشگەزبێتەوە و هەموو ئەو وڵاتانەی کۆمەڵی نەتەوەکان پێکدەهێنن (مەبەست عصبه الامم)ە مافی سەرپەرشتیکردنیان هەبێ بۆ ئاگاداربوون و دڵنیابوون لەوەی ئایا تورکیا بەڵێنەکانی خۆی

بەجێدەهێنێت یان نا؟ و مافی ئەوەیان هەیە دەست لەکاروباری تورکیاوە وەربدەن تا ئەوکاتەی ناچاریدەکەن بەڵێنەکانی بەجێبێنێت)).

لەڕاستیدا نە ئەو بڕیارەی مادە (٣٨، ٣٩)، نە ئەوەی (٤٤)یش هیچیان سوودێکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵکو تەنها نووسینی سەر کاغەز بوو، کاربەدەستانی تورك لەوساوە دەیان یاسا و بڕیاریان دەرکردووە کە هەموویان پێچەوانەی ئەو مادانە بوون و کۆمەڵی گەلانیش (عصبە الامم) تا دەستی ئەڕۆیشت هیچی نەکرد و یەکێك لەئەندامەکانی بۆ خوێی چێشتیش ڕۆژێك لەڕۆژان ورتەیان لێوەنەهات.

باسی سێهەمی بەشی حەوتەم

کەمتەرخەمیی کورد لە پە یمانی لۆزاندا

پاشئەوەی کەمتەرخەمی کورد و ناڕێکی لەنێوانیاندا بوو بەهۆی ئەوەی پەیمانی سیڤەر پشتگوێخرا و ئەو قۆناغانەی بۆ کورد دانرابوو لەماوەیاندا سوود لەو هەل و دەرفەتە وەربگرنۆ کە بۆی ڕەخسابوو هیچی نەهێنرایە دی وەکو لەباسی پەیمانی سیڤەردا بەدووروودرێژی باسمانکردووە، ساتێك بڕیاردرا لەجیاتی سیڤەر پەیمانێکی تر ببەسترێت کە جێگەی ئەو بگرێتەوە، تورکەکان هەرچی توانای خۆیان هەبوو هەموویان بۆئەوە تەرخانکرد پەیمانێکی تازەی وا بێتە پێشەوە بەهیچ شێوەیەك بەمووش بەلای ناوەڕۆکی مادەکانی سیڤەردا نەچێت، بێگومان ئەوەی تورکی والێکرد بەئاسانی بەو ئەنجامە بگات بریتی بوو لەوەی بارودۆخی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و هەڵوێستیان بەرامبەر بەتورکەکان بەتەواوەتی گۆڕرابوو ئینگلیزی کەڵەگای کۆبونەوەکانی لۆزان لەژێرەوە هەموو شتێکی لەسەر حسابی کورد لەگەڵ کەمالیەکاندا بڕیبووەوە و مەبەستەکانی خۆی مسۆگەر کردبوو کە بریتی بوو لەوازهێنانی تورك لەداواکردنەوەی ویلایەتی موسڵ و دەستکردنی کەمالیەکان بەپاشگەزبوونەوە لەو دۆستایەتیەی لەگەڵ سۆڤیەتەکاندا هەیانبوو.

تورکیش ئەوەی مسۆگەرکردبوو کە حکومەتی بەریتانیا بەهیچ جۆرێك بایەخ نادات بەکورد وەکو ئەوەی لەسیڤەردا بایەخی پێدابوو و حکومەتی بەریتانیاش بەڵێنی پێدابوو بەشێوەیەکی ڕەسمی دان بەحکومەتی تورکیادا ئەنێت و کوردیش لەکۆبونەوەکانی لۆزاندا بەهیچ شێوەیەك جوڵەیان لێنەهات و ئەگەر لەسیڤەردا شەریف پاشای خەندان و بەدرخانیەکان و ژمارەیەك لەڕۆشنبیرانی کورد لەچالاکیدا بوون لەمەی لۆزاندا ئەوەی لەکوردەکانەوە ڕوویدا بریتی بوو لەهەڵوێستی ئەو کوردانەی لەئەنجومەنەکەی تورکەکاندا بوون و هەر لەکۆنەوە لەکۆنگرەکانی ئەرزڕوم و سیڤەردا هاوکاریان بوون کە ئەو هەڵوێستەشیان بریتی بوو لەهەڵوێستێکی چەوت و ناڕێکی کوشندە کە کورد بەدەمی خۆی وازی لەمافی خۆی هێنا.

هەوڵئـەدەین لـەم باسـەدا چـەند بەڵگەیـەك بخەینـە پێشچـاو كـە هـەموویان نیشـانەی كـورتبینی و دەربڕینـی ئەقڵیـەتێكی عەشـایری و دەرەبەگایـەتی و لوتبـەرزی ئـەو كوردانـەی خۆیان لـەهاوكاریكردنی خـەبات و تێكۆشـان و چالاكی لـەپێناوی دەسـتگیربوونی مـافی كـورد دوورخستبووەوە و لامـوایـە ئـەو هـەموو شۆڕشانەی دوای مۆركردنی پـەیمانی لۆزان كرا وەكو لەدواییدا بـەزنجیرە باسـی هـەموویان دەكـەین هیچیان بەقـەد ئـەوە سوودی نـەبوو ئەگـەر لـەو ڕۆژە گـرنگ و ناسـكەی بەسـتنی پـەیمانی لۆزانـدا بكەوتنایەتـە خۆیـان و هاوكـاری و تـەبایی و یـەككگرتنی خۆیـان بـۆ دوژمنـی داگیركـەر و بـۆ ئـەو دەوڵەتانـەش كـە بووبـوون بـەخاوەنی دەركردنـی بڕیـار دەربڕیایـە ئەوسا بڕوا ناكـەم پـەیمانی لۆزان هـەروا بەئاسانی بەپێی داخوازیەكانی تورك سەریبگرتایە.

لــەم كورتــە باســانەی داهــاتوودا نمونــەی ئــەو كەمتەرخەمیــەی كــورد و ساویلكەییەی كورد دەردەكەون: لەدوكیومێنتی ژمارە (Fo.٣٧٥-٦٣٤٦)دا نامەیەكی (سێر هارۆلد رمبولد)ی مەندوبی سامی بەریتانیای تیادایە لەڕۆژی ١٩٢١/٣/٢دا ناردویـەتی بـۆ وەزیـری دەرەوەی بـەریتانیا وتویـەتی: ((ئـەو كوردانـەی كـراون بەئەنـدامی ئەنجومـەنی میللـی تـورك لەئەنقـەرە كـە خۆیـان وا پیشـانئەدەن گوایـا نوێنـەری كـوردن، لەڕاسـتیدا هـیچ توانـا و دەسـەڵاتێكی ئـەوتۆیان نییـە بـەناوی نوێنەری كوردەوە قسەبكەن)).

بـەڵام سـەیر ئەوەیـە سـاتێك لـەلۆزان نوێنـەرانی دەوڵەتـە هاوپەیمانـەكان و دەوڵەتەكانی تر خـەریكی گفتوگۆ بوون دەربـارەی ئـەو ڕەشنوسـەی ئامـادەكرابوو لێیبكۆڵرێتـەوە و سـاتێك لەمادەیەكیدا پێویسـتی بـەوە هـەبووە كـە بیروبۆچوونی كـورد دەربـارەی وەربگیرێـت، وەزیـری دەرەوەی بـەریتانیا كـە (لـۆرد كـرزن) بـوو لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو تەلگرافـەی (سـێر هارۆلـد رمبـو)ی پێگەیشـتبوو و سـوور دەیزانـی ئەوانـەی هاوكـاری كەمالیـەكان بـوون بەنوێنـەری كـورد نـەدەژمێردران و نوێنــەری ڕاســتی كــورد بریتــی بــوو لــەو هــەموو ســەركردە و ڕۆشــنبیر و سیاسەتمەدارانەی كورد كـە لەهەڵوێستی توركـە كەمالیەكان ناڕازیبوون و گـەلێك كۆمـەڵ و ڕێكخـراوی خۆیـان هـەبووە كـە هـەر كۆمـەڵ و ڕێكخـراوە پرۆگـرام و پەیڕەوی خۆی هەبووە دەربارەی مافی چارەنوسی كورد كەچی لەسەر پێشنیازی نوێنەری بەریتانیا كە (لۆرد كرزن) بووە، داواكرابوو بیروبۆچونی ئـەو كوردانـەی لەئەنجومەنەكەی كەمالیەكاندا بوون وەربگیرێت كە خۆی باشـی زانیبوو ئەوانـەی

نوێنەری کورد نەبوون کە ئەم هەڵوێستە لەلۆزانـدا بـەکارتێکردنی نوێنەری بەریتانیا کارێکی وایکرد مەبەستی تورکەکان سەربگرێت وەکو لەدواییدا ئەم ڕاستیە ڕووندەبێتەوە.

بێگومان ئەو پێشنیازەی (لۆرد کرزن) و ئەو دەستپێشخەریەی کە تەنها بیروبۆچونی کوردەکانی ناو ئەنجومەنەکەی کەمالیەکان وەربگیرێت و بیروبۆچونی نوێنەرانی ڕاستی کورد بخرێتە لاوە، هەر بەخۆڕایی نەهاتبووە ئارلوە بەڵکو لەلایەکەوە کورد لەناو خۆیدا کۆمەڵ و ڕێکخراوێکی یەکگرتووی نەبووە لەو ڕۆژانەدا کە بەناوی کوردەوە خواستەکانی میللەتی کورد بخاتە پێشچاو و ئەو تەقەلا بێسوودانەش کە لەدواییدا دران بەناردنی نامە و سکالاّ بۆ کۆمەڵی گەلان (عصبە الامم) بەکەڵکی هیچ نەهات و تازە کار لەکار ترازابوو، لەلایەکی تریشەوە وەکو بەرلەمە باسمانکردووە ئینگلیزەکان لەگەڵ تورکەکاندا لەسەر هەموو شتێك ڕێککەوتبوون.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٥ لەلاپەرە (٤٢)دا وتویەتی: کاتێك لەلۆزانەوە تەلگراف نێردرا بۆ ئەنجومەنی میللی تورك بۆئەوەی بیروبۆچوونی کوردەکانی ئەو ئەنجومەنە وەربگرێت دەربارەی ئەوەی ئایا ئەو کوردانە دەیانەوێ کورد لەتورکیا جیابێتەوە، مستەفا کەمال دەموودەست کۆبونەوەیەکی بەپەلە سازدەکات بۆ ئەنجومەن و داوا لەکوردەکان دەکات خۆیان وەڵامی تەلگرافەکە بدەنەوە و لەئەنجامدا (حسێن عەونی بەگ) کە نوێنەری ئەرزڕوم بووە وتویەتی: ئەم وڵاتە هی کورد و تورکە و تەنها هەر ئەوان لەسەر شانۆی ئەم ئەنجومەنە مافی قسەکردنیان هەیە و ئائیبەکانی دەرسیم کە بریتی بوون لەحسێن خەیری، رامز و بوزان بەگ و شاهین بەگی نوێنەری ئورفە و نوێنەرانی تری (پالو، وان، بەدلیس، دیاربەکر، مەلاتیە) هەموویان بوون بەلایەنگری قسەکانی حسێن عەونی کە بەحساب ئەمانە هەموویان حکومەتی تورکیان بەدوژمنی ئیمپریالیزمی بەریتانیا دەزانی.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەباسەکەیدا لەسەرپرۆیشتووە و وتویەتی: ((ئەو ئائیبانە لەناو ئەنجومەندا هەرچەند جاروبار لەقسەکردنیاندا باسی مافی کوردیان دەکرد، بەلاّم ئەو قسانە لەجێی خۆیاندا نەکرا چونکە لەو تەلگرافەی بۆ لۆزانیان ناردبوو بەناوی خۆیانەوە بەسوسەش باسی مافی کوردیان نەکردبوو، بەڵکو تەنها وتبوویان کوردەکانی ئەندامی ئەنجومەنی میللی نایانەوێ لەتورکیا

جیابینەوە)). چەسرەوتیان ئەڵێن: ((بەم شێوەیە لەلۆزاندا نەک تەنها هەر باسی سەربەخۆیی کورد نەکرا بەڵکو بەهیچ جۆرێک لەهیچ ماوەیەکدا وشەی کورد لەدوکیومێنتەکەدا کوژێنرابووەوە)).

زنار سلوپی (قەدری جەمیل بەگ) لەلاپەرە (٧٠)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧ دەربارەی ئەوەی چۆن لەلۆزانیدا رێگە نەدرا بەنوێنەری راستی کورد بۆئەوەی باسی کورد بکات و مافی کورد بخاتە پێشچاو، عیسمەت ئینونو بەپێچەوانەوە دوو کوردی ناو ئەنجومەنەکەی تورک کە نوێنەری تورک بوون لە (برنجیزادە فەوزی بەگی نوێنەری دیاربەکر) و زلفی زادە زلفی بەگی ئەندامی ئەنجومەنی مەبعوسانی لەگەڵ خۆی برد بۆ کۆبوونەوەی لۆزان و لەوێ هەردووکیان وتیان ئێمە و تورک برایین و هیچ جیاوازییەک لەنێوانماندا نییە و نامانەوێ لەیەکتری جیابینەوە زنار سلوپی لەباسەکەیدا دەڵێت: بەم جۆرە ئەو دوو کوردە خیانەتێکی گەورەیان لەمیللەتەکەی خۆیانکرد، مستەفا رەمزی لەو نامەیەدا کە بۆ عیسمەت ئینونۆی ناردبوو، بۆی نووسیبوو (محەمەد ئاغای باڵەکی بەتوندی تیشکی ئەو رەفتارەی فەوزی بەگ و زلفی بەگی ناپەسەند کردووە کە بیانووی هەردووکیان ئەوە بووە لەچوونەکەیاندا نەیانزانیبوو ئەو پیاوە کێیە (مەبەست عیسمەت ئینونۆ بووە کە بەگوێکران بەناوبانگ بووە) ئەوەندە ناپاک دەردەچێت بەرامبەر بەکورد)، هەندێ سەرچاوە وتویانە حسێن خەیری (وەکو وتمان لایەنگری جیبهەی عەونی بووە لەقسەکانیدا) پاشینەوەی ئەو کەتنە گەورەیەی کردبوو وەسیەتی کردبوو کە مرد هەرکەسێ بەلای گۆرەکەیدا تێپەڕیکرد تفێکی لێبکات، بەڵام وەکو زنار سلوپی وتویەتی: تازە لەپاش چی! ئەوان کەتن و خیانەتی خۆیان کرد و ئەو هەزار پاکانەیە و چەندین داوا بەعیسمەت ئینونۆ، خیانەتەکەی خۆیان پێپاکنەکرێتەوە.

پرۆفیسۆر چەسرەوتیان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/١٤٥دا باسی ئەو لێکدانەوە کورتبینی کوردی کردووە لەوانەی تورکە کەمالییەکان خەڵەتاندوویانن و بەم بەڵێنە درۆیانەی بۆ کوردیان دەبارە بەکریەوە تەفرەیاندان کە لەدوای سەرکەوتن بەسەر داگیرکەرانی وڵاتیدا حساب بۆ مافی کوردیش دەکەن بەڵام تۆزێک لێکدانەوە و وردبوونەوە لەرەفتاری تورکەکانیدا بەبوایە کوردەکان دەیانزانی بە ناوەرۆکی بڕیارەکانی کۆنگرەی ئەرزڕۆم و سیواس و ئەوەی لەمیساقی میللیدا بڕیاریان لەسەردابوو تەنها بۆئەوە بووە کوردستان وەکو داگیرکراوێکی خۆیان

حسابی بۆ بکەن و دەمێك بوو نەخشەی توانەوەی کوردیان کێشابوو لەبۆتەی نەتەوەی تورکدا.

لەڕاستیدا پرۆفیسۆر حەسرەتیان بەتەواوەتی باری ئەو ڕۆژانەی کورد و درۆودەلەسەکانی تورکی باش هەڵسەنگاندبوو، هەندێ لەڕۆشنبیرانی ئەو ڕۆژانەش لەمەبەستە سەرەکیەکانی تورك گەیشتبوون بەڵام کاتێك کەوتنە خۆیان و دەستکرا بەشۆڕشەکانی کورد وەکو شۆڕشی پیران و ئاگریداغ و دەرسیم کە تورك بووبوو بەخاوەنی هەموو جۆرە چەکێك و کورد لەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەیدا لەماڵوێرانی و ئاوارەیی و دەربەدەری هیچی تری دەستگیر نەبوو، تورکیش کە بەناو لەپەیمانی لۆزاندا بڕیاری لەسەر ئەو مادانەی بەرلەمە باسمانکردن وەکو مادەکانی (٣٧،٣٨،٣٩،٤٤) ئەوانە لای تورك هەمووی پەشمبوو دەیانزانی لەدواڕۆژێکی نزیکدا هەمووی دیزەبەدەرخۆنە دەکەن و کە کاتی خۆی هات لەڕێگەی ئەو پارلەمانەی خۆیان دروستیانکردبوو، یاسای ژمارە (٨٨)یان دەرکرد کە بەپێی ئەو یاسایە دەستوورێکی هەمیشەییان بۆ تورکیا دانا و لەژێر سایەی ئەو دەستوورەدا دەیان بڕیار و یاسای تریان دەکرد کە هەمووی بۆ لەناوبردنی کورد بوو وەکو لەشوێنی خۆیدا باسی ئەو یاسایانە دەکرێت لەبەرگی سێهەمدا.

بەشی هەشتەم

پاشگەزبوونەوەی تورك لەو بەڵێنانەی بەکوردیان دابوو

تورکەکان پاشـئەوەی بەشـێکی زۆری ئـەو نەخشـانەی کێشـابوویان بـۆ چەسپاندنی خۆیـان و دەوڵەتەکەیان هێنابوویاننەدی، ئیتر حسابی ئەوە هاتبوو دەست لەکوردەکانیش بوەشێنن پاشئەوەی بۆیاندەرکەوت بەو هێزانەی هەیانبوو بەئاسانی دەتوانن هەموو جموجوڵێکی کورد خامۆش بکەن و بەپێی ئەو یاسایەی بەناوی (اقرار السکون)ەوە دەریانکردبوو هەر ڕۆژە بیانوویەکیان بەکورد دەگرت و لەو هەموو بەڵێنانەی لەکاتی کۆنگرەکانی ئەرزڕوم و سێواسدا و لەو هەموو بەڵێنانەی لەئەنجومەنی بالآی میللیدا دابوویان بەکورد و خاکی تورکیایان بەخاکی دوو نەتەوەی وەك برا باسدەکرد، وردە وردە مەبەستە ناپاکەکانی خۆیان ئاشکراکرد و هەرچی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی کورد هەبوو هەموویان هەڵوەشانەوە و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و بلأوکراوەی کوردیان هەموو قەدەغەکرد و بەئاشکرا بەکوردیان وت تاقە ڕێگەیەك کە بۆتان هەبێ بیگرنەبەر ئەوەیە واز لەزمانی باوباپیرانی خۆتان بهێنن و بەوە قایل بن کە بەڕەگەزی تورك بژمێردرێن و جارێکی تر بیر لەوە نەکەنەوە داوای مافی نەتەوایەتی خۆتان بکەن.

دەربارەی ئەو هەڵوێستە تازەیەی کەمالیەکان بەرامبەر کورد، دکتۆر عەزیز شەمزینی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٢ ئاماژەی بۆ یاداشتەکانی عەزیز یامولکی کردووە (کوردستان و کورد اختشاشلری) کە لەوەدا باسی چۆنیەتی پاشگەزبوونەوەی کەمالیەکانی کردووە لەو بەڵێنانەی بەکوردیان دابوو، وە لەباتی ئەوە مستەفا کەمال و عیسمەت ئینونۆ سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەیان گرتەبەر و بەئاشکرا یەکێکی وەکو (یعقوب قدری) کە ئەندامی ئەنجومەنەکەی مستەفا کەمال بوو لەوتارێکدا وتبووی: گڕی سووری کڵپەی ئەو ئاگرانەی ڕوویداوە (مەبەستی ڕاپەڕین و بزوتنەوەکانی کورد بووە لەدوای پاشگەزبوونەوەی تورك کە بریتی بوون لەڕاپەڕینی یەکەمی دەرسیم و کوجگیری کە لەدوای ئەم بەشە باسێکی تایبەتیمان بۆ تەرخان کردووە) تەنها بریتی نی یە لەکێشەکە، بەڵکو سەرەتای ڕووبەڕووبونەوەی دوو میللەتی بەڕەگەز لەیەکتر جیاوازن، ڕەگەزی کورد کە

ئەورووپاییەکان کورد وەکو خۆیان بەنەژادی (ئاری) ناسیوە و ڕەگەزی تورکیش دەبەنەوە سەر (مەغۆل نەژاد).

دەربارەی ئەو بۆچوونەی (یعقوب قدری) لەو ڕۆژانەدا ڕۆژنامەی (تورکیش ئیلری) وتویەتی: ((ئەوانەی بەڕەگەز تورك نین یان دەبێ لەناو بۆتەی تورکدا بتوێنرێنەوە یان دەبێ هەموویان لەناوببرێن)). دەربارەی ئەوەی ڕۆژنامەکە باسیکردووە، لەباسەکانی داهاتوودا گەلێك باس و وتاری تر لەلایەن کاربەدەستانی تورکەوە دەخوێنینەوە کە هەریەکەیان بەشێوەیەك باسی چۆنیەتی توانەوەی کوردیان کردووە.

دکتۆرە دوریە محەمەد عەلی عەونی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٣٥ دەربارەی پاشگەزبوونەوەی تورك لەبەڵێنەکانیان بەرامبەر کورد وتویەتی: کەمالیەکان بۆ پینەکردنی ئەو هەموو شکست و دۆڕاندنانەی لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا توشیان بووبوو دەستیانکرد بەبڵاوکردنەوەی هەندێ بیروبۆچوونی ڕەگەزپەرستی و فاشستیانە و شتی وایان بڵاودەکردەوە کە خۆشیان نەیاندەزانی بناغەی قسەکانیان کامەیە، بۆ نمونە دەیانوت:

١-هەموو شارستانێتی جیهان بناغەکەی لەلایەن ڕەگەزی تورکەوە داڕێژراوە.

٢-بیردۆزی ڕۆژ: بەپێی بۆچوونیان زمانی تورکی دایکی هەموو زمانەکانی جیهانە و تیشکی ڕۆژی شارستانێتی لەجیهاندا هەمووی بەهۆی ئەوانەوە گەیشتۆتە وڵاتانی تر، وەکو چین، میسر، هیند، وڵاتی ڕافیدەین (مەبەست عێراقە)، ئێران، یۆنان و لەسەرەتادا ڕۆشنبیری تەنها هەر لەتورکەوە دەستیپێکردووە (وادیارە ئەو هەموو کوشتار و تاڵانی و خوێنڕێژیەی بەدرێژایی مێژوو لەناو میللەتاندا کردبوویان ئەوەیان بەشارستانێتی و ڕۆشنبیری داناوە و بەمە هێشتا ئەوان ئەو میللەتانەی کوشتاریان لێکرابوون بەقەرزاربار دادەنێن.

دکتۆرە دوریە محەمەد عەلی عەونی ئاماژەی بۆ نوسینەکانی (ئیسماعیل بێشکچی) کردووە کە چۆن لەهەموویاندا ئەو درۆودەلەسانەی ڕەگەزپەرستەکانی تورکی بەدرۆخستۆتەوە، (لەڕاستیدا بێجگە لەو بەدرۆخستنەوەیە، هەموو کەسێکی شارەزا بەمێژووی بەسەرهاتەکانی جیهان و تاوانەکانی تورك، بەباشی لەوە گەیشتوون ئەو هەموو تەقەلایانەی تورك هەتا ئێستە داویانە و ئەو هەوڵ و کۆششانەش ئەو دەوڵەتانەی حکومەتەکانی تورك و هێز و سوپاکەیانیان کردووە بەگورزی دەستی خۆیان بۆ مسۆگەرکردن و دابینکردنی سیاسەت و بەرژەوەندیە

سەرمایەدارەکانی خۆیان تا ئێستە هیچی بەو مەبەستە نەگەیشتووە کە ولآتانی ئەورووپا والێبکات ئەوەی کە تورکەکان خەوی پێوەئەبینن بىن بەئەندامی یەکێتی ئەورووپا، هەتا ئێستە هیچیان بەهیچ نەکردووە و هەتا لەڕێبازی ڕەگەزپەرستێتی و فاشستێتی خۆیان لانەدەن، قەت بەو ئاواتەیان ناگەن).

دکتۆرە دوڕیە محەمەد عەلی عەونی لەکتێبەکەیدا لەسەری ڕۆیشتووە و وتویەتی بەپێی نەخشەی فاشستەکانی تورک هەوڵی سەرگرتنی دوو شتیان دابوو:

١-تواندنەوەی نەتەوەکانی تری غەیری تورك لەبۆتەی نەتەوەی تورکدا.

٢-یان لەناوبردن و نەهێشتنی هەرلایەك بەربەرەکانی ئەو تەقەلایانەی ئەوانی کردبێت. لەتواندنەوەیدا لەبۆتەی تورکدا و بۆ سەرگرتنی ئەم مەبەستە وەکو پێویستیەك سپێردرا بەسوپا و دەزگاکانی و هەموو جۆرە دەسەلآتێکی پێدرا بۆ بەجێهێنانی.

دکتۆرە دوڕیە محەمەد عەلی عەونی لەباسەکەیدا لەسەرینەڕوا و دەڵێت: بێگومان لەزەمانی مستەفا کەمالەوە بیروباوەڕی (جرمانی) کە هەندێ لەفەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکان گرتبوویانەبەر و بیروبۆچوونی مۆسۆلینی و ستالین کارێکی زۆریانکردبووە سەر مستەفا کەمال و کەمالیەکان، بەلآم سەیر ئەوەیە بیروبۆچونەکانی فاشستە کەمالیەکان تەنها هەر کاری نەکردبووە سەر گەلی تورك، بەڵکو بیروباوەڕی (بعث العربي)ش هەمان ڕێبازی گرتبووەبەر و بریتی بووە لەلاساییکردنەوەی کەمالیەکان.

دەربارەی ئەوەی دکتۆرە دوڕیە باسیکردووە، لەڕاستیدا نەك تەنها هەر عەرەبەکان لاسایی کەمالیەکانیان کردبووەوە، بەڵکو کاریانکردبووە سەر (ڕەزا شا) و ئەویش تەقەلایەکی زۆری دابوو لاسایی مستەفا کەمال بکاتەوە و هەردووکیان لەڕووەوە لەیەکتر نزیکبوونەوە و هەردوولایان زیارەتی یەکتریان کردبوو بۆئەوەی هەریەکەیان بەچاوی خۆی ببینێت، ولآتی بەرامبەرەکەی لەڕێگەی ئەو بیروباوەڕەوە تا چ ڕادەیەك توانیبووی پێشبکەوێت.

ئەوەی شایانی باسە لێرەدا ئەوەیە دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی ئەو ڕۆژانە ڕێگەیان لەهیچ جۆرە بیروباوەڕێك نەدەگرت کە ببوایە بەهۆی ئەوەی حکومەتەکانی ئەو ناوچەیە لەیەکتر نزیك ببنەوە بۆ ڕێگرتن لەبلآوبوونەوەی بیروباوەڕی مارکسی و لەپەرەسەندنی بیروباوەڕی بولشەوی کە سەرودڵی دەوڵەتە

سەرمایەدارەکانی ئەو ڕۆژانەی گرتبوو، بێگومان دروستبوونی پەیمانی (سعداباد) کە لەساڵی (١٩٣٦)دا مۆرکرا و تورکیا و ئێران بەگەرمی ئەندامێتی ئەو پەیمانەیان قبوڵکرد، یەکێك بوو لەو تەقەلایانەی حکومەتەکانی دژی سۆڤیەت بەتایبەتی بەریتانیا زۆر سەرگەرم بوو لەمۆرکردنی ئەو پەیمانەدا.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئاماژەی بۆ بکەین بریتییە لەسەرەنجامی ئەو پاشگەزبوونەوەیەی تورکە کەمالیەکان لەو بەڵێنانەی بەکوردیان دابوو کە ئەنجام بەوە گەیشت میللەتی کورد لەباکووری کوردستاندا ناچاربوو بکەوێتە خۆی بۆئەوەی تەقەلاکانی تورکەکان پوچەڵ بکاتەوە، ئەگەرچی بەداخەوە هەموو ڕاپەڕینەکانی کوردی باکوور تا شەڕی دوهەمی جیهانی هیچیان سەرینەگرت و کورد تووشی ماڵکاولی و کوشتار و ئاوارەبوونێکی زۆر هات، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ئەو هەموو جەور و ستەمەی لەکورد کرا، نەتوانرا ئەو هەستەی لەدڵ و مێشکی کوردی باکووردا بوو لەناوبچێت و جارێکی تر باسەکەی (کاپتن های) کە ئەفسەرێکی سیاسی بەریتانیا بووە لەباشوری کوردستاندا لەسالآنی (١٩١٩-١٩٢٠)دا لەکتێبەکەیدا (Two Years in Kurdistan–دوو ساڵ لەکوردستاندا) کە لەو کتێبەیدا وتویەتی: (ئیمڕۆ کورد لەباکوری کوردستاندا نوستووە، بەلآم ئەوکاتەی خەبەری ئەبێتەوە بناغەی حکومەتی تورکیا دەهێنێتە لەرزە).

بەشی نۆهەم

سەرەتای بزوتنەوەکان لەباکوری کوردستاندا دوای پاشگەزبونەوەی تورك لەبەڵێنەکانی

دوایئەوەی کورد هەستی بەوەکرد تورکیا بەئاشکرا نیازی وایە و بڕیاریداوە کوردیش بەدەردی ئەرمەنیەکان بەرێت و ئەگەر بەخۆشی کوردی پیٚنەتوێنرایەوە لەبۆتەی تورکدا ئەوا بەزەبری هێزەکانی سوپا لەناویئەبات و ناچاری دەکات مل بۆ داخوازی تورك کەچبکات و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە لەسەرەتادا گەلێك یاسای دەرکرد و بەپێی ئەو یاسایانە دەسەڵاتێکی زۆر درا بەسوپا و بەکاربەدەستانی تورك لەو ناوچانەدا کە خەریکی جموجۆڵ بوون لەپێشدا لەناوچەی (مەلاتیە) و لەدواییدا لەناوچەکانی دەرسیم و کوجگیریدا کە یەك لەدوای یەك باسی بزوتنەوە و ڕاپەڕینی هەرسیٚ ناوچەکە دەکەین کە بەداخەوە لەهەرسێکیاندا ڕووندەبێتەوە هەموویان بریتی بوون لەڕاپەڕینێکی ناوچەیی و عەشایری و لەڕاپەڕینێکی لەیەکتر دابڕاو و هەرلایەك بۆ خۆی و بەجیا دەستیدایە چەك و ڕووبەڕووی سوپای تورکی مەشقپێکراوی پڕ چەك بوونەوە و نەتوانرا بەرامبەر بەو زەبروزەنگەی تورکەکان بەرامبەر کوردی ناوچەکە دەیاننواند ڕێکخراوێکی سیاسی پێکبێنن کە سەرکردایەتیەکی یەکگرتووی هەبووایە، بۆیە ئەنجامی هەرسیٚ ڕاپەڕینەکە بەوە گەیشت تورکەکان یەك لەدوای یەك هەرسیٚ ڕاپەڕینەکەی دامرکاندەوە و زیانێکی زۆری بەکوردی ئەو ناوچانە گەیاند.

دەربارەی یەکەم بزوتنەوەی کورد لەناوچەکەدا، لەدوکیومێنتی ژمارە (Fo.٣٧١-٦٣٤٦)ی ڕۆژی ١٩٢١/٥/١١دا نامەیەکی مەندوبی سامی بەریتانیای باسکردووە کە ناردبووی بۆ وەزیری داگیرکراوەکان (کە لەو ڕۆژانەدا چرچڵ بووە) بۆ وەڵامی نامەیەکی ئەم وەزارەتەکە لەڕۆژی ١٩٢١/٤/٢١دا (No.٣٥٨–ژمارەی نامەکە) ناردبووی بۆ مەندوبی سامی دەربارەی بزوتنەوەی کورد و لەو نامەیەدا مەندوبی سامی وتبووی: ((هەتا ئێستە هیچ ئاگاداربوون و زانیاریەکی تەواوم لانیە دەربارەی بزوتنەوەی کوردەکان دژی تورکە کەمالیەکان لەڕۆژهەڵاتی سێواسدا، بەڵام وادیارە گرنگێتی ئەو ڕاپەڕینە لەوەدا دەردەکەوێت کە تورکەکانی ئەنقەرەی خستۆتە مەترسیەوە و وایلێکردوون هێرشێکی گەورەی سەربازی

بکەنە سەر ناوچەکە، بەلام من هێشتا سەرچاوەیەکی باوەرپێکراوی ئەوتۆم لەبەردەستدا نییە بزانم ئاخۆ ئەو بزوتنەوەیە تەشەنەی کردووە بۆ ناوچەکانی (قزلباش-مەبەستی عەلەویەکان)ە کە زۆربەیان لەناوچەی دەرسیم و دەوروبەریدا دەژین یان بزوتنەوەکە بریتیە لەراپەرینێکی ناوچەیی و لەوە زیاتر هیچ حسابێکی تری بۆ ناکرێت و بێگومان هێزە پۆشتە و پەرداخەکانی تورك زۆر بەئاسانی دەتوانن ئەو بزوتنەوەیە دامرکێننەوە)).

دەربارەی ئەو بزوتنەوەیەی لەو دوکیومێنتەدا باسیکراوە، رۆبەرت ئولسون لەلاپەرە (٢٦)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ وتویەتی: ((لەناوچەکانی دەرسیمدا، ناکۆکی نێوان سونی و شیعەکان و ناکۆکی نێوان ئەوانەی لەسوارەی حەمیدیدا بەشداربوون لەگەڵ ئەوانەی لەو سوارەیەدا بەشدارنەبوون شتێکە بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت لەناوچەکەدا (لەبەرگی یەکەمدا باسێکی تایبەتی بۆ سوارەی حەمیدیە تەرخانکراوە، لەوەدا بەدووروودرێژی باسی ئەو کێشە و ئاڵۆزیانەمان کردووە کە لەناو کورددا پەیدابووبوو بەهۆی ئەو رێکخراوەوە)).

نوسەری سەرچاوە/٤٤ لەباسەکەیدا لەسەری رۆیشتووە و وتویەتی: ((لەسەرەتای هاوینی ١٩١٩دا وەختێك مستەفا کەمال و تاقمەکەی دەستیانکرد بەراپەرین دژی دەوڵەتانی هاوپەیمان، هەروەکو (شریف فرات-Sharif Firat) باسیکردووە لەکتێبەکەیدا ئەوانەی لەکاتی خۆیدا لەسوارەی حەمیدیەدا بەسەرکردایەتی (خالید بەگ جبران) تیایدا بەشداربوون، هیچیان نەبوون بەلایەنگری مستەفا کەمال بەڵکو بەنهێنی بریاریاندا ببن بەلایەنگری بۆچوونی کوردە قەومیەکان کە بۆ سەربەخۆیی کورد تێدەکۆشان)). بەلام (مارتن ڤان برونسون) دەربارەی ئەو بۆچونەی (شریف فرات) کە سەرچاوە/٤٤ ئاماژەی بۆ کردووە وتویەتی: ((شەریف پاشا لەو بۆچونەیدا تەواو بۆی نەچووە و بەهەڵەدا چووە چونکە نەك تەنها هەر ئەوانەی سوارەی حەمیدیە، بەڵکو ئەوانەی تریش کە لەحەمیدیەدا بەشدار نەبووبوون هەموویان لایەنگری کوردە قەومیەکان بوون)).

مارتن لەباسەکەیدا لەسەرینەروا و ئەڵێت: ((خالید بەگ جبران لەکاتی خۆیدا دەیزانی ئەگەر ئەرمەنیەکان لەشۆرشەکەیاندا دژی تورك بشکێن، ئەوا دوای ئەوان نۆرەش دێتە سەر کورد کە ناچاردەبێ رووبەرووی تورکە قەومیەکان ببێتەوە، شێخ محەمەدی برای شێخ سەعیدی پیران کە چاوی بەخالید جبران دەکەوێت لەژێر چادرەکەیدا پەستومات دانیشتووە شێخ محەمەد کە هۆی ئەو ماتبوونەی

لێدەپرسێت لەوەڵامدا پێی‌دەڵێت: ئیمڕۆ کەوا ئێمە شیرەکانمان تیژکردووە (بێگومان مەبەستی تیژکردنی سوارەی حەمیدیە بووە دژی ئەرمەنیەکان کە سوارەی حەمیدیە هاوکاری تورک بووە لەو شەڕەدا کە تورک و ئەرمەنی کردبوویان) بەداخەوە ڕۆژێك دێت ئەو شیرە ئاراستەی خۆشمان دەکرێت)).

ڕۆبەرت ئولسون دەربارەی ئەو قسەیەی (مارتن ڤان برونسون) ئاماژەی بۆ کردووە دەڵێ: ئەگەر ئەو قسەیەی خالید بەگ جبران ڕاست بوو بێت کە وای وتووە هەندێ ڕاستی دەربارەی کوردە قەومیەکان ڕووندەبێتەوە لەماوەی سالانی (١٩١٨-١٩١٩)دا کە بریتین لە:

<u>یەکەم:</u> دەردەکەوێ کوردە قەومیەکان درەنگ لەو مەترسیەی تورک گەیشتبوون و ئەو ترسەشیان ڕاست نەبووە کە هەیانبووە بەرامبەر بەئەرمەنیەکان، ئەوانەی لەویلایەتەکانی ڕۆژهەلاتدا مابوونەوە لەدوای ئەو کوشتارەی تورکەکان لەساڵی ١٩١٥دا لەئەرمەنیەکان کرابوو کە ئەو دوژمنایەتیەی نێوان کورد و ئەرمەنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوژمنایەتیە تەقلیدیەی لەنێوان کورد و ئەرمەنیدا لەساڵی (١٨٧٨)ەوە پەیدابووبوو.

بەرلەوەی بچینە سەر باسی دوهەم کە ڕۆبەرت ئولسون باسیکردووە، بەپێویستم زانی هەندێ ڕاستی بخەمە پێشچاو: ئەگەر ڕۆبەرت ئولسون مەبەستی ئەو تێکچوونەی نێوان بەدرخان پاشا و ئەرمەنیەکان بوو بێت لەزەمانی بەدرخان پاشادا، کە لەبەرگی یەکەمدا لەباسی شۆڕشەکەی بەدرخاندا بەدوورودرێژی باسی ناکۆکی نێوان بەدرخان و ئەرمەنیەکانمان کردووە کە بەهۆی هاندانی میسنیرەکانەوە ڕوویدابوو کە ئەرمەنیەکانیان هاندابوو مل بۆ بەدرخان پاشا کەچنەکەن لەدانی باجی ساڵانە کە لەهەموو دانیشتوان دەسێنرا بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی، کە ئەمەش بەر لەساڵی (١٨٧٨) بووە، چونکە بەدرخان پاشا بەر لەساڵی (١٨٧٨) بەدە ساڵ بەئاوارەیی کۆچی دوایی کردبوو، خۆئەگەر مەبەستی ساڵی (١٨٧٨) زەمانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بوو بێت کە لەو ماوەیەدا دوو ڕاپەڕینی کردبوو دژی شای ئێران و دژی حکومەتی عوسمانیش، لاموایە پەیوەندی نێوان شێخ عوبەیدوڵڵا و ئەرمەنیەکان بەجۆرێك نەبووە کە دوژمنایەتیەکی تەقلیدی لێوە پەیدابوو بێت.

تەنها ماوەتەوە سەر باسی ئەو کوشتارەی لەساڵانی (١٨٩٤-١٨٩٥)دا لەئەرمەنیەکان کرابوو لەلایەن حکومەتی عوسمانیەوە کە سوارەی حەمیدیەش

ژمارەیەکی کوردی تیادابووە کە ئەو هێزەش هەر بەشێك بووە لەسوپای تورك و ئەگەرچی خالید بەگ جبران یەکێك بووە لەسەرکردەکانی، بەڵام ئەو هێزی سوارەیە یەکسەر لەژێر بەڕێوەبەرایەتی سوپای تورکدا بووە وەکو هێزێکی ڕەسمی حکومەت و تەنها هەر کوردی تیادا نەبووە.

بێجگە لەوە بەرلەمە لەباسی دوهەمی بەشی شەشەمدا (کوشتاری ئەرمەنیەکان لەلایەن تورکەوە) لەو ڕاپەڕینەی ئەرمەنیەکان کردیان لەساڵی ١٩١٩دا پاشئەوەی ڕوسەکان لە(قارس)دا بەسەر تورکەکاندا سەرکەوتن، ڕێگەیان بۆ ئەرمەنیەکان خۆشکرد حکومەتێکی کاتی دروستبکەن و بەپێچەوانەی ئەوەی کورد یارمەتیەکی زۆری ئەرمەنی دابوو وەکو لەو باسەی کوشتاری ئەرمەنیدا بەدووردرێژ باسمانکردووە.

دوهەم: لەساڵی ١٩١٩دا زۆری وەکو خالد جبران هێشتا لەناو سوپای تورکدا مابوون، کە هەستکرا تورك هەڵوێستی بەرامبەر بەکورد باش نی‌یە و نیازی لەناوبردنێتی، ئەو ئەفسەرانەی کورد دەیانتوانی عەشایەرەکانی کورد ڕێکبخەن و ئامادەیان بکەن بۆ شۆڕش و ڕاپەڕینێك دژی تورکە قەومیەکان. هەرچەند خالید بەگ و هەندێ لەوانەی هاوبیری بوون لەساڵی ١٩٢٠دا دەستیانکردبوو بەپڕوپاگەندەکردن دژی کەمالیەکان و توانیبوویان پیاوە ئاینیەکانیش ئاگاداربکەن لەنیازی ئەو کەمالیانە بەڵام هیچی وا نەکرا و بەپێچەوانەوە تورکە کەمالیەکان توانیبوویان کوردەکان بەوە لەخشتە ببەن کە هەندێکیان جلی کوردیان لەبەردەکرد و لەناو عەشایرەکانی کوردا شیعریان بەکوردیش دەخوێندەوە و بەمە توانیبوویان دەستی زۆر کورد ببڕن و لەکۆنگرەکانی ئەرزڕوم و سیواسدا بیانکەن بەئەندام و لایەنگری خۆیان.

لەڕاستیدا ئەم بۆچوونەی دوهەمی ڕۆبەرت ئولسون لەشۆڕشەکانی مەلاتیە و دەرسیم و کوجگیری و لەوەی شۆڕشی پیرانیشدا بەدیدەکرێت و ناوی ئەو هەموو ئەفسەرە کوردانەی لەباسی دادگاکردنی شۆڕشگێڕانی پیراندا هاتووە و گیراون و هەڵواسراون ئەو ڕاستیە دەردەخات کە ئەو ئەفسەرانە لەشۆڕشەکاندا هیچیان ڕۆڵێکی وایان نەبووە ئەگەرچی لەدامەزراندنی کۆمەڵی ئازادیدا کە نەخشەی شۆڕشی پیرانیان کێشابوو ژمارەیەکیان تیایدا بەشداربوون و ئەمانەش بەر لەدەستپێکردنی شۆڕش هەموو گیران و لەنابران.

هەرچۆنێك بوو بێت هەردوولا چ کورد و چ ئەرمەنی هەریەکەیان لەقۆناغێکدا هەڵەیەکی گەورەیان کردووە بەرامبەر بەیەکتری و ئەو بۆچوونەی خالید بەگی جبرانیش بەتەواوەتی هاتەدی کە وتبووی لەدوای ئەرمەنیەکان نۆرەش دێتەسەر قەلاچۆکردنی کورد بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبزوتنەوەکانی کورد دواون لەنێوان ماوەی پاشگەزبوونەوەی تورك لەبەڵێنەکان و دەستپێکردنی شۆڕشی پیراندا دەتوانین ئەو بزوتنەوانە بکەین بەسێ بەشەوە:

یەکەم: ڕاپەڕین و بزوتنەوەی مەلاتیە.

دوهەم: ڕاپەڕین و بزوتنەوەی یەکەمی دەرسیم.

سێهەم: ڕاپەڕین و شۆڕشی کوجگیری.

باسی یەکەمی بەشی نۆهەم

ڕا پەڕین و بزوتنەوەی مەلاتیە

دەربارەی ڕاپەڕین و بزوتنەوەی مەلاتیە، ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ باسی خالید بەگ جبرانی کردووە کە لەساڵی ١٩٢٠دا پەیوەندیکرد بەوانەوە کە ئامادەبوون بەشداریبکەن لەبەرپابوونی شۆڕشێك دژی تورکە کەمالیەکان و بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی بە(جمعیتی کورد تعالی) کرد و لەگەڵ شێخ عەبدولقادری شەمزینیشدا باسی هەمان شتی کردبوو کە لەئەنجامی ئەم جموجوڵەدا لەدواییدا کۆمەڵی ئازادی پێکهێنرا (لەباسی شۆڕشی پیراندا بەدووردرێژ باسی کۆمەڵی ئازادی دەکەین).

لەکۆتایی ساڵی ١٩٢٠دا خالید بەگ جبران وەکو ڕۆبەرت ئولسون باسیکردووە، سەردانی هەندێ لەعەشیرەتەکانی کرد لەناوچەکانی (Varto–ڤارتۆ) و (Bulamik) و ملازگرد و (Hinis–هینیس) و (Solham–سولهام) و (چاپ کچور)ی کردووە و لەو گەشتەیدا لەگەڵ شێخ و مەلاکان و دانیشتوانی گوندەکان گفتوگۆی کردووە بەلاَم لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەی عەلەوی نشینەکان لەتەقەلاکەیدا سەرکەوتوو نەبوو (لەبەرگی یەکەمدا لەباسی سوارەی حەمیدیەدا باسی ئەوانەی سوارەی حەمیدیە کرا کە سونی مەزهەب بوون لەگەڵ عەلەویەکاندا ناڕێك بوون کە وەکو وتمان خالید بەگ جبران یەکێك بووە لەسەرکردەکانی سوارەی حەمیدیە و لەئەنجامی ئەو جموجوڵەی خالید جبران، تورکەکان لێی کەوتنە گومانەوە و دوریانخستەوە بۆ ناوچەی (ئەرزڕوم) و لەوێ کارێکی تایبەتیان پێسپارد بۆئەوەی هیچ پەیوەندیەکی نەمێنێت بەو ناوچانەوە کە نیازبوو جموجوڵی تیادا بکرێت.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٤ وتویەتی: تورکەکان خالید بەگیان کرد بەسەرۆکی دادگای محاسەبەی فەیلەقی عەسکەری و لەئەرزڕوم هەروەکو هەندێ سەرچاوە باسیانکردووە لەدواییدا لەساڵی ١٩٢٢دا لیژنەیەکی پێکهێنا بەنهێنی لەئەرزڕوم بەهاوکاری (یوسف ضیاء بگ) کە ئەمەی دوایی لەبەرئەوەی بووبوو بەهاوبیری نەیارەکانی مستەفا کەمال بۆیە لە(ئەنجومەنی باڵای میللی) دەرکرابوو، بەو پێیە بەهەردووکیان توانیبوویان لە٨٠٪ی کوردی

ناوچەکە بکەن بەلایەنگری خۆیان بۆ بەرپاکردنی بزوتنەوەکانی دەرسیم و کوجگیری (کە لەدوای ئەمەی مەلاتیە باسی هەردووکیان دەکەین).

دەربارەی ئەو ڕۆژانە پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا باسی ڕاپۆرتی وەکیلێکی موخابەراتی ئینگلیزی کردووە کە ناردوویەتی بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و لەو ڕاپۆرتەیدا وتویەتی: لەگەڵ عەبدولقادر (مەبەست شێخ عەبدولقادری شەمزینیە) و چەند کەسێکی لایەنگری ئەو گفتوگۆم کرد و پێشنیازم کرد بچنە کوردستان (شێخ عەبدولقادر لەو ڕۆژانەدا لەئەستەمبوڵ بووە) بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆیان لەوێ بەکاربێنن و قسەکانم کاریتێکردن و تێمگەیاندن ئێمە دەمانەوێ فێڵ لەتورکەکان بکەین.

ڕاپۆرتەکە لەسەرێئەڕوا و بەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەڵێت: بەلام لەگەڵ ئەمەشدا نابێ بڕوایەکی تەواومان بەکورد هەبێت و ئێمە لەم تەقەلادانەمان تەنها دەمانەوێ تورکەکان لاوازبکەین بۆیە هاندانی کورد دژی تورکەکان بۆ ئەو مەبەستە شتێکی بێسوود نییە (کەواتە ئەو کابرایە ویستبووی ئینگلیزەکان فێڵ لەکورد بکەن نەك لەتورك).

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا باسی ڕاپۆرتێکی تری هەمان وەکیل و کارگوزاری ئینگلیزی کردووە کە لەم ڕاپۆرتەیدا وتویەتی: هێشتا کوردەکان دژی مستەفا کەمال ڕانەپەڕیون، بەلام (مێجەر نویل) هیواداره ئەو ڕاپەڕینە دەستپێبکرێت. حەسرەتیان ئاماژەی بۆ تەلگرافی ژمارە (٥٢٩)ی ڕۆژی ١٩١٩/٩/٦ کردووە کە سەرکردەی فەیلەقی یازدەهەمی تورك ناردبووی بۆ (کازم قەرە بەکر)ی سەرکردەی فەیلەقی سێهەم دەربارەی ئەوەی (نویل) لەلایەن حکومەتی سوڵتانەوە لەئەستەمبوڵ دەسەڵاتی ئەوەی پێدراوە سەرژمێری دانیشتوانی تورك و کورد بکات لەناوچەکەدا و جەلادەت و کامەرانی کوڕانی بەدرخان چۆن بەپیریەوە لەلایەن (خەلیل ڕەحیم بەگ)ی موتەسەڕیفی مەلاتیەوە پێشوازیی لێکرا.

حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا دەڵێت: لەهەمان کاتدا (عەلی غالب بەگ) گەیشتە (العزیز-خاربت) بەبیانووی ئەوەی بەشوێن ئەو چەتە و ڕێگرانەدا دەگەڕا پەلاماری پۆستەی حکومەتیان دابوو لەڕێگادا، لەو ڕۆژانەشدا سەرۆکەکانی کورد لەگوندی (شێرۆ)ی نزیکی مەلاتیە کۆبونەوەیەکیان کرد و لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا (خەلیل ڕەحیم بەگ) بکرێت بەحاکمی گشتی کوردستان و بەناوی

لیژنـــەی پاراســـتنی مـــافی کـــوردەوە بناغـــە ســـەرەکییەکانی ئـــەو بنەمایانـــە دەستنیشانکرابوو کە پێویست بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ و دەربارەی ئەوە نامە نێردرا بۆ چەند سەرۆکێکی کورد و لەو نامەیەدا وترابوو: ((کـورد ئیمـڕۆ لـەبارودۆخێکی زۆر سـەخت و دژواردا دەژی و بـەهۆی جـەور و ستەمی تورکەوە لـەژێر بارێکی گراندایـە و ئێجگـار پەرێشـانە، بۆیـە دەبـێ سوود لـەکات و هەلوێسـت وەربگیرێـت و دەسـتبکرێت بەراپـەڕین بـۆ ڕزگـارکردنی کـورد لەدیلێتی و بەندایەتی تورك و ئیتر لەمەودوا پێویستە لەسەرتان هەموو یاساکانی تـورك پشـتگوێ بخـەن کـە بوونەتـە هـۆی بـارێکی گـران بەسـەر شـانی کـوردەوە لەکوردستاندا)).

ئەم کۆنگرەیـەی ئێمـە بـۆ مەبەسـتی چاککردنی بـاری ژیـانی کـوردە لـەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیـەوە و ڕۆحییـەوە و لەئێستەوە دەستیکردووە بەهـەنگاونان بـەرەو پێشـەوە بـۆ سـەرگرتنی ئـەو مەبەسـتانە و بـەزووترین کـات یاسـایەکیش دەردەچێت کە ناوەڕۆکەکـەی لەگـەڵ بـارودۆخی کوردسـتاندا بگونجێـت، بـەڵام تـا ئەوانە جێبەجێ دەکرێن پێویستە لەئێستەوە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنرێت:

١-هەتا ماوەیەکی تر دادگاکانی ناوچەکانمان بۆیان هەیـە هـەروەکو جـاران کاروبـاری خۆیان ببەن بەڕێوە.

٢-پۆلیس و جەندرمە لەژێر دەسەڵاتی خۆمدا دەبێت (دیارە مەبەست خەلیل ڕەحـیم بـەگ بووە کە ئیعلان کرابوو بووە بەحاکمی گشتی کوردستان لەکۆبونەوەکەی گوندی شێرۆدا).

٣-ئەو چەك و جبەخانانەی حکومەت ناردویەتی بـۆ هێزەکـەی هـەمووی لـەژێر دەسـتی خۆمدا دەبێت.

٤-لێخۆشبوونێکی گشتی بڵاودەکرێتەوە.

٥-دەستبەجێ وێنەی (تەلعەت، ئەنوەر، جـەمال ئەمانـە هـەموویان ئەنـدامی ڕێکخـراوی تورکی فتاە بوون کە زۆر دژی کورد بوون لـەکاتی خۆیـدا) لادەبـرێن و هـیچ قوتابخانەیـەك نابێ بکرێتەوە لەناوچەکەدا ئەگەر بەکوردی دەرسی تیادا نەوترێتەوە.

حەسرەتیان لەباسەکەیدا دەڵێ: هەر لەسەرەتای سـاڵی ١٩١٩ بـەدواوە مستەفا کەمال ئاگاداری ئەو بزوتنەوەیەی کورد بوو، سەرکردەی فیرقـەی (١٣) لەدیاربەکر وریـای ئـەو کوردانـە بـوو لەئەستەمبوڵەوە هاتبوونـە مەلاتیـە (بەرلەمـە باسـی ئـەوە کـرا چۆن وەکیلێکـی موخابـەراتی بـەریتانیا بەشـێخ عەبـدولقادر و تـاقمێکی سـەر بـەوی وتبـوو بچنـە کوردسـتان) وە پێویسـتە هـەموویان بگرێـت، بـەڵام سـەرکردەی

فیرقەی (١٣) داخوازیەکەی مستەفا کەمالی بەجێنەهێنا بۆیە مستەفا کەمال لەجیاتی ئەو سەرکردەی فەوجی یازدەهەم کە (ئەلیاس بەگ) بوو لەحامیەی (العزین) ناردی بەخۆی و (٥٢) ئێستر سوارەوە بەدوو ڕەشاشەوە لە ١٩١٩/٩/٩دا ڕوویانکردە دیاربەکر و لەهەمان ڕۆژدا مستەفا کەمال دوو کەتیبەی سوارەشی نارد بۆ ناوچەکە و کەتیبەیەکی تریش لە(سوێرك)ەوە بەرەو ئەویٚ نێردرا لەگەڵ تاقمێك ئەفسەر بەئوتومبێل لە(سێواس)ەوە ڕوویانکردە (مەلاتیە).

ساتێك کوردەکان بەمەیانزانی ڕوویانکردە (کیاخت) و خۆیان ئامادەکرد بۆ ڕاپەڕین و پەیوەندیان بە(بیل)ەوە کرد لەحەڵەب کە لەویٚ (ئەنتلجس سێرڤس)ی بەریتانیا بوو، وەڵامەکەی (بیل) بۆیان تەنها بریتی بوو لەوەی کورد نابیٚ هیچ جۆرە شۆڕشێك بکات و لەگەرمەی ئەو ڕووداوانەدا حکومەتی ئەنقەرە (تۆفیق بەگ)ی سەرکردەی جەندرمەی کرد بەموتەسەڕیفی مەلاتیە (کە دیارە لەجیاتی خەلیل ڕەحیم بەگ دانراوە)، وە تورکێکی قەومیش (ناوەکەی نەوتووە) کرا بەوالی (العزین)، هەرچی هێزی حکومەت لەمەلاتیە و دەوروبەریدا بوو هەمووی خرایە ژێر دەسەڵاتی والی تازەوە و والی بڵاویکردەوە هەرکەس ببێت بەلایەنگری یاخیبووەکان بەتوندی سزا دەدرێت.

ئەلیاس بەگ لەشەوی ١٢/١١ی مانگی ئەیلولی ١٩١٩دا تەلگرافێکی بۆ ئەنقەرە دەربارەی هەڵوێست و حکومەتی ئاگادارکرد کەوا (خەلیل ڕەحیم بەگ) و هاوکارەکانی لەشوێنێکدا کە پێنج سەعات دوورە لەمەلاتیەوە گردبوونەتەوە و عەشیرەتەکانی دراوسێی ئەو ناوچەیە هەتا (سویرك) لەگەڵ ئەوانەی دەرسیمیشدا خۆیان ئامادەکردووە بۆ بەشداربوون لەیاخیبوونەکەدا. مستەفا کەمال داوای لەڕەشید پاشای موتەسەڕیفی (سێواس) کرد ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی بۆ بنێرێت کە خەریکی پڕوپاگەندەن دەربارەی دروستکردنی حکومەتێکی کوردی و مستەفا کەمال هەوڵێکی زۆریدا کوردەکانی دەرسیم نەبن بەلایەنگری یاخیبووەکان و ڕەشید پاشا تەنها توانی (عەلی شان) ڕازیبکات چاوی بەمستەفا کەمال بکەوێت و لەکۆبونەوەی سێواسدا داوا لە(عەلی شان) کرا زانیاریەکی تەواو بدات دەربارەی مەبەست و خواستی کوردەکان لەگەڵ چالاکی کۆمەڵەی (ڕاپەڕین و بوژانەوەی کوردستان-لەڕاستیدا هیچ سەرچاوەیەك باسی کۆمەڵەیەکی نەکردووە لەو ڕۆژانەدا بەو ناوەوە، تەنها باسی ناوی کۆمەڵەی ئازادی هەبووە کە لەدواییدا لەباسی شۆڕشی پیراندا باسی ئەو کۆمەڵە دەکەین).

هـەروەکو حەسـرەتیان باسـیکردووە (عـەلی شـان) بـۆ وەڵامـی ئـەو پرسـیار و داخوازییانـەی لێیکرابـوو بەمستەفا کـەماڵی وتبـوو: بـەپێی مادەکـانی بنـەماکانی ولسنی سەرۆك کۆماری ئەمریکا ویلایەتەکانی ڕۆژهـەڵات دەخرێنە سەر ئـەرمینیا و دیارە هیچ حسابێکیش بۆ کورد ناکرێت بۆیە کوردیش هەوڵئـەدات ئیدارەیـەکی حـوکمی زاتـی بـۆ خـۆی لەکوردسـتاندا پێکبێنێـت لـەو ویلایەتانـەی زۆربـەی دانیشتوانی کوردبن لەژێر سایەی سوڵتانی ئەستەمبوڵدا. مستەفا کەمال بەعەلی شان ئەڵێت بنەماکانی ولسن لای ئێمە ناخوا و کارناکات.

حەسرەتیان لەکۆتایی ئەو باسەدا وتویەتی: (بزوتنەوەکەی مەلاتیە هەرچیەك بووبێت بەڵام شتێکی بێئەنجام بوو چونکە عەشیرەتەکانی دراوسـیٚ (مەبەست عەلەویـەکان)ە ئامـادە نـەبوون هاوکـاری بکـەن و هـەر لەسـەرەتاوە ڕایـانکرد بـۆ (ئورفە) و لەوێشەوە چوون بۆ (حەڵەب) و مێجەر نویلیش دوورخرایەوە، بەوجۆرە سەرنەکەوتنی یەکەم تەقەلای کورد لەمەلاتیەدا بەسەرکەوتن دادەنرێت بۆ مستەفا کەمال و تاقمەکەی.

باسی دوهەمی بەشی نۆهەم

ڕاپەڕین و بزوتنەوەی یەکەمی دەرسیم

دوای ئەو بزوتنەوە سەرنەکەوتووەی مەلاتیە کە عەلەویەکانی دەرسیم تیایدا بەشدار نەبوون ئینجا نۆرە هاتە سەر بزوتنەوە و ڕاپەڕینێکی تر کە ئەمجارە عەلەویەکانی ناوچەی دەرسیم دەستیانپێکردبوو. دەربارەی ئەو ڕاپەڕینە دوو سەرچاوە بەدووروودرێژی باسیانکردووە، هەریەکەیان بەشێوەیەك و هەوڵئەدەین کورتەی هەردوو باسەکە بخەینە پێشچاو یەکەمیان ئەوەی پرۆفیسۆر حەسرەتیان کە لەدوو سەرچاوەدا (٤٥، ٤٦) باسیکردووە و دوهەمیان ئەو باسەی (ڕۆبەرت ئولسون) سەرچاوە/٨٤.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەسەرەتادا لەسەرچاوە/٤٩دا ئاماژەی بۆ باسێکی (فرونزە) کردووە کە وتویەتی: ((قزلباشەکان (مەبەست عەلەویەکان)ە سەربازیان نەدەدا بەحکومەت لەبەرئەوە حکومەت هەمیشە بەچاوێکی نەیارانەوە سەیریان دەکردن و ئەوانیش هەڵوێستیان بەرامبەر حکومەت هەر بەو شێوەیە بووە)).

حەسرەتیان لەلاپەڕە (٣٧)ی ئەو سەرچاوەیەدا وتویەتی: ((لەدوای مەلاتیە بڕیاردرا ناوچەی دەرسیم بکرێت بەمەڵبەندی بزوتنەوەیەکی تری کورد و لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٠دا لە(تەکیەی حسێن عەبدوڵڵا) لەناوچەی ئێڵجەی سەر بەقەزای (کنغال) سەرۆکەکانی کوردی ناوچەکە کۆبوونەوە و سوێندیان خوارد و بڕیاریاندا خەباتێکی چەکدارانە بکەن بۆ دروستبوونی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ لەویلایەتەکانی (دیاربەکر، وان، سێواس، العزیز، دەرسیم، کوجگیری) و لەو کۆبونەوەیەدا سەرۆکی عەشیرەتەکانی (جانیکان) و (کورشیان) و چەند عەشیرەتێکی تر ئامادەبوون و هەموو لەو کۆبونەوەیەدا خۆیان ئامادەکرد و بڕیاریاندا چەك ئامادەبکەن بۆ دەستپێکردنی شۆڕش و دەنگوباس بڵاوبووەوە کە ژمارەی چەکداران لەناو هێزەکانی کورددا لەناوچەکانی ڕۆژئاوای دەرسیمدا گەیشتبووە (٤٥) هەزار چەکدار و لە(العزیز) لقێکی ئەو کۆمەڵەیان پێکەوەنا (لەوەرگێڕانە عەرەبیەکەی حەسرەتیاندا بە-جمعیة نهضة کردستان-ناوبراوە).

پاشئەوە لەتشرینی دوهەمی ساڵی (١٩٢٠)دا لە(حزرت-کە ناوەندی دەرسیم بووە) کۆبونەوەیەك کرا لەلایەن کوردەکانی دەرسیم و چمشکزك (جمکان) و

بڕیاردرا خەڵکێکی زۆر ئامادەبکرێت بۆ داواکردنی مافی نەتەوەی کورد و بڕیارەکانی ئەو کۆبونەوەیە لەگەڵ یاداشتێکدا درا بەحکومەتی ئەنقەرە و داوای لێکرا بەدەستوبرد وەڵامی داخوازیەکانی دانیشتوانی دەرسیم بدرێتەوە لەگەڵ بەردانی هەموو گیراوەکانی ناو زیندانەکانی (العزیز، مەلاتیە، سیواس، ئەرزنجان) لەگەڵ کێشانەوەی هێزەکانی حکومەت بەگورجترین کات لەناوچەکانی (کوچگیری-دەرسیم).

بۆ وەڵامی ئەمە حکومەتی ئەنقەرە وەفدێکی نارد بۆ دەرسیم و دانی بەعەدالەتی داخوازیەکانی کوردا نا و لەهەمان کاتدا ئامۆژگاریشی کردن شۆڕش نەکەن، بەڵام سەرۆکەکانی کورد ئەو وەفدەیان دەرکرد و لەڕۆژی ٢٥/١١/١٩٢٠دا بەئیمزای سەرۆك عەشیرەتەکانی ڕۆژئاوای دەرسیم تەلگرافێکیان نارد بۆ ئەنجومەنی باڵای تورك پێیان ڕاگەیاندبوو پەیمانی سیڤەر بڕیاری دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی داوە بەکورد کە ویلایەتەکانی (دیاربەکر، العزیز، وان، بدلیس) دەگرێتەوە لەبەرئەوە پێویستە ئەو دەوڵەتە پێکبێت و بەپێچەوانەوە کورد ناچاردەبێ دەست بداتە چەك بۆ دەستگیربوونی مافەکانی.

حەسرەتیان لەباسەکەیدا دەڵێت: دانیشتوانی دەرسیم وەڵامی ئەو تەلگرافەیان لەئەنقەرەوە بۆ نەهاتەوە بەڵام سوڵتان لەئەستەمبوڵ کە دەیویست کوردەکان بخەڵەتێنێت لەڕێگەی موتەسەریفی (العزیز)ەوە ڕایگەیاند ئەو داخوازیانەی کورد پەسەند ئەکات (لەڕاستیدا حکومەتەکەی سوڵتان لەئەستەمبوڵ هیچ توانا و دەسەڵاتێکی نەمابوو لەو ڕۆژانەدا بۆیە ئەو ڕاگەیاندنانەی خۆی بەو شێوەیە ناردبوو).

حەسرەتیان لەلاپەڕە (٣٨)ی کتێبەکەیدا باسی تورکەکانی کردووە چۆن هەوڵیاندابوو بەبەرتیل و دەم چەورکردن هەندێ لەسەرۆك عەشیرەتەکان بەلای خۆیاندا بەکێشبکەن و والی (العزیز) بەناوی مستەفا کەمالەوە بەیانێکی بڵاوکردەوە (کەوا مجوئاغا) و (دیاب ئاغا) کراون بەمەندوبی دەرسیم لەئەنجومەنی میللی تورکدا و بۆ ئەو مەبەستە گەلێك نوێنەری تری کوردیش بەڕێگەوەن لەکوردستانەوە بچنە ئەنقەرە و لەوێ بڕیارێك دەردەچێت سوود و چاکەی کوردی تیادا دەبێت و داخوازیەکانیان بەجێدەهێنرێت.

حەسرەتیان دەڵێت: بەو جۆرە (مجوئاغا) و (دیاب ئاغا) بەقسەی تورکەکان خەڵەتێنران و چوونە ئەنقەرە و بەناوی نوێنەرایەتی دەرسیمەوە بەدەستی خۆیان

تووشـی داووتەڵـەی تورکـەکان کـرد و لەترسـی جـەور و سـتەمی تـورک بـوون بەکوتـەکی دەسـتی کاربەدەسـتانی ئەنقـەرە کـە نەخشـەی توانـەوەی کوردیـان کێشابوو.

تورکەکان بێجگە لە(مجوئاغا و دیاب ئاغا) چەند کەسێکی تری کوردیان لەناو ئەنجومەنەکەیان دانا وەکو (مستەفا زەکی بەگ، رامز بەگ، عەبدولخالق تۆفیق بـەگ، حسێن خـەیری بـەگ) بـەلاّم دەرسـیم سـەری بـۆ تـورك دانەنەوانـد چـونکە دەسەلاّتی (سەید ڕەزا) بوو کە مرۆڤێکی بەناوبانگی ناسراو بوو، هەر لەسەرەتاوە داوای لەتورکە کەمالیەکان کردبوو مافی کورد لەشێوەی فیدرالیدا بدرێت لەناو چوارچـێوەی حکومـەتی تورکیـادا (لـەم ڕاپەڕینـەی یەکـەمی دەرسـیمدا تـەنها حەسرەتیان ئەم کورتە باسەی دەربارەی سەید ڕەزا خستۆتە بەرچاو و لەوەش ناچێت لـەم ڕاپەڕینـەدا ڕۆڵێکی سـەرەکی هـەبووبێت، بـەلاّم لەشۆڕشـی دەرسـیمدا ساڵی ۱۹۳۷ کـە لەبـەرگی سـێهەمدا لـەدوای شۆڕشـی ئاراراتدا باسـی دەکـەین، لەوەیانـدا باسـی خـەبات و شـەهیدبوونی سـەید ڕەزا دەکرێـت لـەپێناوی مـافی کورددا).

حەسرەتیان لەتەواوکردنی باسەکەیدا وتویەتی: ((تورکەکان خۆیان پێنەگیرا و پەردەی درۆودەلەسەیان لەڕووی خۆیان هەڵماڵی و داوایان لەچەکدارەکانی کورد کـرد خۆیـان و چـەکەکانیان بـدەن بەدەسـتەوە و بـۆ چاوترسـاندنی کـورد (عقیـد خـالص)ی سـەرکردەی هێـزی تـورك لـە (۱۹۲۱/۳/۱٤)دا چـەند ناسـراوێکی کوردی لەدانیشتوانی (عمرانیە) گرت و ناردنی بۆ (زارا) و کە چەکدارە کوردەکانی شـاری (یـازی حـاجی) بەمـەیانزانی پـەلاماری تورکەکانیانـدا و هـەموویان لـەناوبردن و گیراوەکانیان ئازادکرد.

ئەم ڕووداوە سەرەتای هەڵگیرساندنی شەڕی کورد و تورك بوو لەو ناوچەیەدا و هێزەکـانی کـورد دوایـان لـە(عقیـد خـالص) کـرد فەوجەکـەی بەبێمـەرج بـدات بەدەستەوە، بەلاّم ئەو داوایکرد بەبێشەڕ ڕێگە بەفەوجەکەی بدرێت ئەو ناوچەیە بەجێبێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ سێواس، لـەدوای ئەمـە چەکدارەکانی مەحمودبەگ و عیزەت بەگ ئابلۆقەی (عمرانیە)یاندا و بەهاوکاری دانیشتوانی ناوچەکە فەوجەکە ناچـارکرا خـۆی بـدات بەدەسـتەوە و لـەدوای شـەڕێك کـە تـەنها ڕۆژێکـی خایانـد دادگایەکی سوپایی لەلایەن کوردەکانەوە دامەزرا بۆ دادگاکردنی تاوانبارەکان کە یـەکێك لەوانـە (عقیـد خـالص) بـوو لـەدوای دادگـاکردنی لـەناو شـاری (عمرانیـە)دا

درایە بەر گوللە و ئالآی کوردستان لەناو شارەکەدا هەڵکرا و لەو شەڕەدا کورد چەك و جبەخانەیەکی زۆر و (١٠٠٠) ئەسپ و چەند ئێستریکی دەستگیربوو، ئەوانەی کورد و چەرکەس بوون لەو فەوجەدا ڕێگەیان پێدرا بچنە ناو هێزەکەی شۆڕشگێڕانەوە و ئەوانیتریش بەردران.

ئەم ڕووداوە لەهەموو ناوچە کوردنشینەکاندا دەنگیدایەوە و لەئەنجامدا کوردی کوجگیری بوون بەلایەنگری شۆڕشگێڕەکان و بەهاوکاریکردنی هەندێ لەچەکدارەکانی دەرسیم و عەشیرەتی (ئوفاجیك) توانرا لە (١٩٢١/٣/٨)دا ناوچەکە لەتورك ڕزگاربکرێت و بەسەر هێزەکەی (کیماخ)دا سەرکەوتن و قایمقام و سەرکردەی جەندرمەکان گیران و ئەو پردەی بەسەر فوراتدا تێکدرابوو چاکیانکردەوە و بەسەریدا پەڕینەوە بۆ قەزای (کورتشای) و نوێنەری تورکی ئەوێ گیرا و نێردرا بۆ دادگای عمرانیە و کوردەکان توانیان دەستبەسەر قەزای (کنغال، کوجنسار، دیفریغی، زارا، رفاحیە، کورتشای، کیماخ)دا بگرن. دوای ئەو سەرکەوتنانە سەرۆکەکانی کورد ڕۆژی ١٩٢١/٣/١١ تەلگرافێکیان نارد بۆ ئەنجومەنی میللی تورك لەئەنقەرە و داوایانکرد ویلایەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆ لەقەزاکانی (کوجگیری، دیفریغی، رفاحیە، کوردتشای، کیماخ) پێکبهێنرێت و کور یلد کرێت بەوالی.

حەسرەتیان لە[illegible] (٤٠)ی کتێبەکەیدا دەڵێ: تورکەکان بۆ تێکدانی کورد لەناوخۆیان وەفدێکیان نارد بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەلآت بەسەرۆکایەتی (شفیق) کە خەڵکی (بەدلیس) بوو، ساتێك ئەو وەفدە کە هەندێ لەئاغاکانی کوردیشیان تیادابوو گەیشتە (بوغازفیران) کە دانیشتوەکانی کورد بوون لەڕۆژی ١٩٢١/٣/١٥دا، ئەو شەفیقە خۆی وەکو کوردێك پیشاندرابوو، خۆشی بەدۆستی کورد دەزانی و ڕایگەیاندبوو حکومەت دەسەلآتی پێدابوو گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردەکانی کورددا بکات و داوای کردبوو لەکاتی گفتوگۆکردندا شەڕ بوەستێنرێ، ئا لەوکاتەدا (حیدر بەگ) چووە پاڵ شەفیق کە ئەمە بوو بەهۆی لێکپچڕاندنی کورد لەناو خۆیدا و لەژێریشەوە (نورالدین پاشا) سەرکردەی هێزەکانی ناوەڕاست خۆی ئامادەکردبوو بۆ لێدانی هێزەکانی کورد و لەولاشەوە فەوجی سوارەی ژمارە (٥٣) لە(ئیوزغات)ەوە ڕوویکردە (سیڤاس) و بەرلەمەش کەتیبەکانی فیرقەی پێنجەم لە(ئەماسیە)وە گەیشتبوونە (سیڤاس) لەگەڵ دوو کەتیبەی فەوجی دوهەمی فیرقەی پێنج و هەرچی جەندرمەکانی ناوچەکانی

(سێواس، بایبورت، غیرسونی، شایین قرەحصار، چمشکزك، ئازیگری، میزریفون، توکات، ئەرزنجان) بوو حکومەت هەمووی ئامادەکردبوو، لەڕۆژی ١٩٢١/٣/١٥دا ئەو هێزانەی تورك ئابلۆقەی ویلایەتەکانی (سێواس، العزیز، ئەرزنجان)یاندا و بۆ تاقیکردنەوەی نیاز و مەبەستی کوردەکان، حکومەت تەلگرافێکی نارد بۆ سەرۆکەکانی دەرسیم و داوای لێکردن هەڵوێستی خۆیانیان بۆ ڕوونبکەنەوە و ئاگاداریان بکەن هێشتا هەر سوورن لەسەر قسەکانیان و سەرۆکە کوردەکانیش وەڵامی تەلگرافەکەیان بەم جۆرە دابووەوە: ((ئێمە بەتەواوەتی لێمان ڕوونە حکومەت نیازیوایە کورد لەناوببات و تۆوی نەهێڵێت هەروەکو چۆن ئەرمەنیەکانیان لەناوبرد، لەبەرئەوە درێژە بەخەباتی خۆمان ئەدەین بۆئەوەی مافی خۆمان دەستگیربێت)).

حکومەت بەتەواوەتی کەوتەخۆی و هەرچی هێزی هەبوو ناردی بۆ دەرسیم و بەپەلە فیرقەی چواردەهەمی سوارە و لیوای ژمارە سیازدەی نارد و لە(العزیز) و (ئەرزنجان)یشەوە هێزی نارد بۆئەوەی ڕێگە لەچەکدارەکانی کورد بگرن بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆن و ئەو هێزە زۆرەی حکومەت ڕێگەی (سێواس، کنغال، مەلاتیە، العزیز) و (سێواس زارا)ی گرت و پردەکانی سەر ڕووباری فوراتی خستە ژێر دەستی خۆیەوە و ئەو ڕێبازانەی دەرسیمی دەبەست بە(العزیز، ئارابکیر، مەلاتیە، ئەرغنین، کیماخ)ەوە هەمووی گرت و لەگەڵ ئەو هەموو سەرماوسۆڵەی ئەو ڕۆژانەدا شەڕێکی قورس ڕوویدا و ئەو کوردانەش بەبەڵێن و پەیمانە درۆکانی تورك خەڵەتابوون چوونەپاڵ شۆڕشگێڕان و یەکێکی وەکو (حیدر بەگ)یش کەمال چووبووە لای شەفیق (وەکو بەرلەمە باسیکرا) ئەویش چووە لای شۆڕشگێڕەکان.

شەڕ لەهێڵی (سێواس، کوج حصار، زارا، کنغال) زۆر گەرم بوو، گەورە و بچوکی کورد لەو شەڕەدا بەشدارییانکرد و هێرشەکانی حکومەت یەك لەدوای یەك شکێنران، بەڵام حکومەت زۆر پڕچەك بوو، ژمارەیەکیش لەسەرکردەکانی کورد لەم شەڕەدا شەهیدکران، بۆیە زۆری پێنەچوو باری کورد قورس و ئاڵۆز بوو، ناچاربوون هەموو ژن و منداڵەکانیان بگوێزنەوە بۆ دەرسیم.

حەسرەتیان لەلاپەرە (٤٥)دا لەباسی (حیدر بەگ)دا وتویەتی: حەیدەر بەگ بەخۆی و دوو هەزار چەکدارەوە ڕوویکردە ئەرزنجان و (بیولیوبیور) بۆئەوەی لەگەڵ هێزەکەی لەگەڵ هێزی دەرسیمیەکان یەکبگرێتەوە و لەڕێگایدا کەمال بەدەربەندە شاخاویەکانی (بیولیور-ماماخاتون) تێدەپەڕی، (کیوڕپاشا)ی

سەرۆكی عەشیرەتی (قریشان) لەجیاتی ئەوەی یارمەتی شۆڕشگێڕانی كورد بدات بەخۆی و چەند هەزار چەكدارێكەوە ڕووبەڕووی هێزەكەی (حیدر بەگ) بووەوە و هەڕەشەی لە(حیدر بەگ) كرد ئەگەر بەناوچەی دەسەڵاتی ئەودا تێپەڕبكات دەچێت بەگژیا، حەیدەر بەگ بەرامبەر بەوە ناچاربوو لەشاخەكانی (كوجگیری)دا شەڕێكی خوێناوی دژی هێزەكانی حكومەت بكات لەو شوێنانەدا كەمال دەستدرێژیان كردبووەسەر دانیشتوان و هەموو شوێنێكیان كاولكردبوو. لەدوای ئەو هەڵوێستە ناجوامێرانەیەی (كیور پاشا) نۆرە هاتە سەر (عوسمان توپاڵ ئاغا-كە لەباسی پەیمانی لۆزاندا باسكرا یەكێك بووە لەپیاوكوژەكانی مستەفا كەمال) كە بەوپەڕی دڕندەیەتیەوە دژی شۆڕشگێڕان شەڕیكرد.

حەسرەتیان لێرەدا ئاماژەی بۆ لاپەڕە (٢٧٨)ی كتێبەكەی (م. ف. فرونزە) كردووە بەناوی (گەشتێك بۆ ئەنقەرە) كە لەمەدا فرونزە بەدووردوودرێژی باسی تاوان و دڕندەیەتی هێزەكەی توركی كردووە بەهۆی (عوسمان توپاڵ)ەوە لەناوچەی (اللاض-اللاز) كە تاقمێكی كرێگرتەی دژی شۆڕشگێڕانی كورد بەكارهێنابوو. حەسرەتیان لەلاپەڕە (٤٦)ی كتێبەكەیدا باسی (نورالدین پاشا)ی كردووە چۆن هەوڵیدابوو شۆڕشەكەی بۆ ئێجگاری لەناوببات و داوای لەكوردەكانی ناوچەی سیواس كردبوو لەوانەی سەر بەحكومەت بوون پەیوەندی بەحەیدەر بەگەوە بكەن و ڕازیبكەن بچێتە سیواس بۆ گفتوگۆكردن و ئەمجارەش دوبارە حەیدەر بەگ فریودرا و بەخۆی و هەزار چەكداریەوە چووە لای سەركردەی سوپا لەسیواس و دەمودەست گیرا و خۆی و (٤٠) چەكداری گیران و ئەوانیتریشیان بڵاوەپێكردن بەسەر شوێنەكانی تردا.

حەسرەتیان لەهەمان لاپەڕە (٤٦)دا ئەڵێ: دوبارە ئەم خیانەتە تازەیەی حەیدەر بەگ كارێكی زۆر كوشندانەی كردەسەر بزوتنەوەكەی كورد و هەلێكی باشی ڕەخساند بۆ توركەكان بەوپەڕی دڕندەیەتیەوە دەست لەكوردی ناوچەكە بوەشێنن و ئەنجامی ئەمە بەوە گەیشت ژمارەیەكی زۆری كورد ساردبوونەوە و لەبزوتنەوەكەی خۆیان دوورخستەوە و پاشماوەی چەكدارەكانی شۆڕش كە لەلایەن (عەلی شیر، نوری، صابر، محمد علی، جنگین، حموتار بازالی، كامل عزیز، دیلو، باشو عباس) و چەند شۆڕشگێڕێكی تر دەبران بەڕێوە وردە وردە ڕوویكردە كزی و ئەوی مابوو بەناچاری ڕوویكردە شاخەكانی دەرسیم و لەوێش تووشی هەزار دەردەسەری بوون. (ئەوەی سەرنج ڕادەكێشێت لەم باسەی حەسرەتیاندا

ئەوەیــە هــەروەکو لەدواییــدا لەشۆڕشــی کوجگیریشــدا بۆمــان ڕووندەبێتــەوە، شۆڕشەکەی دەرسیم و کوجگیری بەیەکەوە گرێداوە لەکاتێکدا سەرچاوەکانی تر کە باسی شۆڕشی کوجگیریان کردووە بەجیا باسی هەردووکیان کردووە).

پرۆفیسـۆر حەسـرەتیان لەتەواوکردنی باسـەکەیدا دەڵـێ: لـەدوای تـەواوبوونی شـەڕ، سـەرکردەی هێزەکـانی تـورك بـەیانێکی دەرکـرد دەربـارەی ئـەو زیانانـەی لەکورد کەوتبوو کە بریتی بووە لە(۱۱۳) کوژراو و (۱۱۳) بریندار و (۱۵۹) دیل کە لەناو دیلەکانـدا سـەرکردەکانی کوجگیری وەکو (عظمـت، بحـری بـگ، ثـابت بـگ، خیلیك علي، حمو، عزیـز، تـاکی، حیـدر بـگ، پهلوان، حسین، عاشـور) و حکومـەت دووهەزار تفەنگ و جبەخانەی لەکوردەکان دەستکەوتبوو.

هـەروەکو حەسـرەتیان لەلاپـەڕە (٤٧)ی سەرچـاوە/٤٩دا باسیکردووە، لـەدوای دامرکانەوەی شـۆڕش نزیکـەی (٤٠٠) کـورد دران بـەدادگای سـوپایی لەسـێواس و حەیـدەر بـەگ و سـەعید بـەگ و پـازدە کەسـی تریـان لەسـێدارەدا و بڕیـاری هەڵواسینی (علی شیر، م. نوری، مـەحمود مسـتەفا پاشا ئوغلو، حمو تار بازالی، دیلـو، صـبری) و (٩٥) شۆڕشـگێڕی تـر درا کـە ئەمانـە بـەغیابی حوکمـدران و ژمارەیـەکی تـریش بەزینـدانکردن لـەپێنج سـاڵەوە بـۆ زینـدانی هەمیشـەیی حوکمـدران. (حەسـرەتیان لەباسەکەی تریـدا کـە لەسەرچـاوە/٤٥دا باسـیکردووە وتویەتی دادگا (١١٠) کەسیشی بەردا).

حەسرەتیان لەلاپەڕە (٤٨)ی سەرچاوەکەدا ئەڵێ: ((لـەکاتی ئـەم شـەڕەدا و کـە شەڕ بڕایەوە تورکەکان لەبەرئەوەی ناچاربوون هێزەکانیان ئاڕاستەی یۆنانیـەکان بکەن کە پەلاماری تورکیایان دابوو، لەسەر پێشنیازی مستەفا کـەمال ئەنجومـەنی میللـی تـورك بـەبڕیارێك ئـەو بڕیارانـەی لەدادگاکـەی (سـێواس)ەوە دەرچـووبوو هەڵیوەشـاندەوە بـەڵام ئـەم هەڵوەشـاندنەوەیە ئەوانـەی نەگرتـەوە کـە چـەکیان دانەنابوو.

حەسـرەتیان لـەکۆتایی ئـەم باسـەدا لەهـەردوو کتێبەکەیـدا سەرچاوە (٤٥، ٤٩) وتویـەتی: ((هەرچـەند تورکـەکان توانیبوویـان ئـەم ڕاپەڕینـە خـامۆش بکـەن، بـەڵام ئـاڵای کوردسـتان لـە(ئاغـدا) هـەر دەشـەکایەوە کـە حکومـەت لـەو ڕۆژەدا هێشـتا دەستی نەگەیشتبووە ئەو ناوچەیە کە لـەژێر دەسەڵاتی (سـەید ڕەزا)دا بوو، بەڵام ئەمەش هەتا ماوەیەکی کاتی بڕیکرد)).

لەدوای ئەو باسەی پرۆفیسۆر حەسرەتیان دەچینە سەر باسە دووورودرێژەکەی (ڕۆبەرت ئۆلسون)، سەرچاوە/٨٤ و هەوڵئەدەین کورتەیەکی ئەو باسەی پێشکەش بکەین کە وتویەتی: ((لەدوای پەیمانی (مودراس) نوری دەرسیمی و مستەفا پاشای کوجگیری چوونە ئەستەمبوڵ و لەوێ بۆیان دەرکەوت کە بەشتێکی ڕاستی نازانن ئەگەر لەگەڵ بۆچونەکەی شێخ عەبدولقادری شەمزینیدا هاوبیربن کە داوای ئۆتۆنۆمی دەکرد بۆ کورد، لەبەرئەوە لەئۆکتۆبەری ١٩٢٠دا نوری دەرسیمی چوو بۆ (عمرانیە) کە گەورەترین شاری کوجگیریەکان بوو، لەوێ دەستکرا بەدامەزراندنی لقی کۆمەڵی (تعالی کورد) کە (ڕۆبەرت ئۆلسون) بە(Society for the rise of Kurdistan) ناویبردووە.

مستەفا کەمال کە بەم چالاکیانەی کوردی زانی، لەسیبتەمبەری ١٩١٩دا لەگەڵ (علی شان)ی کوڕی مستەفا پاشای کوجگیریدا کەوتە گفتوگۆکردن (لەباسەکەی حەسرەتیاندا وتویەتی بەهۆی ڕەشید پاشای موتەسەڕیفی سێواسەوە مستەفا کەمال چاوی بەعەلی شان کەوتبوو)، لەو گفتوگۆکردنەدا عەلی شان بەمستەفا کەمال دەڵێ: ئەوەی ویلسن بەکەڵکی کورد نایەت بۆیە باشترین شت ئەوەیە کورد لەگەڵ تورکە قەومیەکاندا هاوکاری بکات و شێخ عەبدولقادر ئالەتی دەستی (فەرید پاشایە-مەبەست داماد فەرید پاشایە کە سەدری ئەعزەم بووە لەپاشماوەکەی خەلافەتی عوسمانی لەئەستەمبوڵدا) کە فەرید پاشاش ئالەتی ئینگلیزەکانە و کوڕانی بەدرخان پاشا و هەندێ لەبنەماڵەی جەمیل پاشا (مەبەستی جەمیل پاشای دیاربەکری باوکی ئەکرەمی جەمیل پاشا و قەدری جەمیل پاشا-زنار سلۆپییە) ئەمانە نەخشەی ئەوەیان کێشاوە بەهاوکاریکردن لەگەڵ والی (العزیز-بۆتان) لەسێواس هەموویان لەئێمە بدەن، مستەفا کەمال بەعەلی شان ئەڵێت: لەکۆنگرەی ئەرزڕومدا ڕۆژی ١٩١٩/٨/٧ هەموو کوردەکان بەڵێنیانداوە هاوکاریمان لەگەڵدا بکەن و فەرید پاشا ئەو توانا و دەسەڵاتەی نیە بنەماکانی ویلسن بەکاربێنێت بۆ ئێوە.

ڕۆبەرت ئۆلسون دەڵێت: لەڕاستیدا مستەفا کەمال لەو ڕۆژانەدا هەوڵێکی زۆری دابوو بەپایە و بەبەرتیل ژمارەیەك لەکورد بکات بەهاوکاری خۆی و بەرامبەر بەو تەقەلادانەی مستەفا کەمال لاوە کوردەکان لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٠دا کۆبونەوەیەکیان کرد بۆئەوەی هاوکاری لەگەڵ کوردەکانی دیاربەکر و بەدلیس و وان و ناوچەکانی تردا بکرێت و ڕۆبەرت ئۆلسون ئاماژەی بۆ کتێبەکەی نوری

دەرسیمی کردووە کە وتویەتی: ((کوردەکان لەساڵی ۱۹۲۰دا توانای ئەوەیان هەبووە (٤٥) هەزار چەکدار لەرۆژهەلاتی دەرسیم و هەمان ژمارەش لەخۆرئاوایدا ئامادەبکرێت کە لەو رۆژانەدا رۆژهەلات و باکووری ناوچەی ویلایەتی سیواسیش هەر لەژێر دەسەلاتی کورددا بووە)).

لەمانگی تەموز و ئابی ۱۹۲۰دا کوردەکان هەروەکو رۆبەرت ئولسون باسیکردووە پەلاماری عەماری چەکەکانی تورکیاندا و لەپۆلیسخانەدا هەندێ تورك دەردەکران. تورکە کەمالیەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەلوێستە تازەیە چەند کوردێکیان لەخۆیان نزیك کردەوە بۆئەوەی کاروباری ناوچەکەیان پێبەبەن بەرێوە، (عەلی شان)یانکرد بەقایمقامی (رفاهیە-رفاحیە) و حەیدەری برای کرا بەسەرۆکی شارەوانی شاری (عمرانیە).

عەلی شان لەگەلێ چەند سەرکردەیەکی تری کورد چوونە (Hazart-هازارت) لەتونجلی بۆ زیارەتی ئەو عەشیرەتانەی زۆر سەرگەرمی ئەوە نەبوون کورد داوای سەربەخۆیی بکات و لە(چمشکزك) کۆبونەوەیەك کرا و ئەوەی ئامادەبوو لەو کۆبونەوەیەدا لەئەنجامدا بریاردرا هەموو ببن بەلایەنگری داواکردنی سەربەخۆیی و لە ۱۹۲۰/۱۱/۱٥دا سەرکردەکانی کورد لەکۆبونەوەیەکیاندا چەند داخوازیەکیان پێشنیازکرد کە بیدەن بەحکومەتی کەمالیەکان لەئەنقەرە و داوایان لەحکومەت کرد پێویستە هەتا ٢٤ی ئەو مانگە وەلامیان بدرێتەوە، کە داخوازیەکان بەم جۆرەی خوارەوە بووە:

۱-ئایا حکومەتی ئەنقەرە بریارێك دەردەکات بۆ دانان بەدانی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد وەکو ئەوەی سولتان لەئەستەمبولێ ئامادەیی خۆی پیشاندابوو بۆ قبولکردنی؟

۲-دەبێ حکومەت دان بەوەدا بنێت کاروباری ئۆتۆنۆمی لەلایەن کورد خۆیەوە دەبرێت بەرێوە.

۳-پێویستە گیراوەکانی ناو زیندانەکانی (العزیز، مەلاتیە، سیواس، ئەرزنجان) بەربدرێن.

٤-پێویستە فەرمانبەرانی تورك لەو شوێنانەی زۆربەی دانیشتوانیان کورد بن لابرێن.

٥-سوپای حکومەت کە نێردراوە بۆ (کوجگیری) بکێشرێتەوە.

حکومەت بەرامبەر بەو داخوازیانە لیژنەیەکی لە(العزیز)ەوە نارد بۆ دەرسیم بۆ گفتوگۆکردن بەلام رێگەنەدرا بەو لیژنەیە بچێتە دەرسیم. لە٢٥ی نۆڤەمبەردا

دوباره کوردەکان تەلگرافێکی تریان نارد بۆ حکومەتی ئەنقەرە و داوایانکرد ئەگەر دان نەنرێت بەسەربەخۆیی کورددا لەویلایەتەکانی (دیاربەکر و العزیز و بەدلیس و وان) هەروەکو چۆن لەپەیمانی سیڤەردا بڕیاری لەسەردرابوو ئەوا سەرۆك عەشیرەتەکانی رۆژئاوای دەرسیم دەستدەکەن بەشۆڕش بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستە (ئەمەی لەم تەلگرافەدا هاتووە دەربارەی سەربەخۆیی کورد لەگەڵ ناوەرۆکی تەلگرافی یەکەمیاندا یەکناگرێتەوە).

ڕۆبەرت ئولسون لەباسەکەیدا دەڵێت: بەرامبەر بەمە، تورکەکان هێزەکانی خۆیان لەسیڤاس کۆکردەوە و بەهێزیانکرد ئەگەرچی بەهۆی باران و بەفرەوە ڕێگاوبان گیرابوو، توانای یارمەتیان نەبوو بینێرن بۆ هێزەکانی تریان لەکوچگیری. هەندێ لەشۆڕشگێڕەکانی کورد وایان پەسەندکرد شۆڕش لەبەهاری ١٩٢١دا دەستپێبکات و لەپێشدا لەدەرسیم ئیعلانی ئەو شۆڕشە بکرێت و بڕیاردرا ئاڵای کورد لە(هۆزان-تونجلی) هەڵبکرێت و هێزی کورد بەرەو (ئەرزڕوم-العزیز) بڕوات و لەمەلاتیەشەوە بەرەو سیڤاس و لەوێوە داوا لەحکومەت بکرێت دان بەسەربەخۆیی کوردا بنێت. دەربارەی هەڵکردنی ئاڵای کورد لە(هۆزان-تونجلی) کە ڕۆبەرت ئولسون باسیکردووە، حەسرەتیان وەکو بەرلەمە باسکرا وتویەتی بەیداغی کورد لەئاغدا هەڵکرا کە لەناوچەی دەسەڵاتی سەید ڕەزادا بوو.

ڕۆبەرت ئولسون لەباسەکەیدا دەڵێت: لەناو سوپاکانی تورکدا کوردەکان هەندێ لایەنگریان هەبوو، بۆیە لایانوابوو حکومەت ناچاردەبێت داخوازیەکانیان قبوڵبکات، بەڵام دواخستنی شۆڕش لەلایەن کوردەکانەوە بۆ بەهاری (١٩٢١) هەلێکی زۆر باش و لەباری بۆ تورك ڕەخساند چونکە توانیبوویان لەو ماوەیەدا هەموو ناوچەکە ئابلۆقە بدەن و چەند سەرۆك عەشیرەتێکیان گرت و بەتەواوەتی خۆیان ئامادەکرد بۆ لێدانی کورد.

حکومەت دەزگاکەی خۆی لە(العزیز)ەوە گواستەوە بۆ ناوچەی (Pertek-پیرتیك) و (Meco Agha-میکۆ ئاغا) کە تازە کرابوو بەئەندامی ئەنجومەنەکەی مستەفا کەمال، بڵاویکردەوە مستەفا کەمال ئامادەیە داخوازیەکانی کورد بەجێبێنێت و دیاربوو هەندێ کورد بەم قسانە خەڵەتێنرابوون و بۆ زۆرتر خەڵەتاندنی کورد مستەفا کەمال چەند کوردێکی تریشی کردبوو بەئەندامی ئەنجومەنەکەی وەك مستەفا دیاب ئاغا، ئەحمەد رامزی بینباشی، حسێن خەیری

مێجەر لەسوپادا. (لەباسەکەی حەسرەتیاندا میکۆ ئاغا بەمجوئاغا ناوی هاتووە و لەباسی مستەفا ئاغا دیابدا بەدیاب ئاغا ناویبردووە کە باوکی مستەفا ئاغا بووە، کە بەڕاستی جیاوازی ناوی کەس و شار و ناوچەکان لەبەینی سەرچاوەکاندا ئەرکێکی زۆر گران بوو بۆیە هەمووی بەمن ڕاست نەکراوەتەوە).

نوری دەرسیمی کە ڕۆبەرت ئولسون سودێکی زۆری لێوەرگرتووە لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ وتویەتی: ژمارەی ئەندامەکانی ئەنجومەنەکەی مستەفا کەمال (کە مەبەستی ئەنجومەنی بالآی میللیە و وەکو لەشوێنی خۆیدا باسمانکردووە لەدواییدا کە مستەفا کەمال ئیشی بەو ئەنجومەنە نەما هەڵیوەشاندەوە) کە ژمارەیان (٤٣٧) ئەندام بووە لەوانە (٧٢)یان کورد بوون و نوری دەرسیمی لەکتێبەکەیدا دەربارەی ئەو ئەندامە کوردانە وتویەتی ئەو ئەندامانە پێیانڕاگەیاندم کە زۆر هیوادارن کوردەکان بەشێوەیەکی ئاشتی بگەن بەمافی خۆیان.

ڕۆبەرت ئولسون دەربارەی قسەی ئەو نوێنەرانەی کورد وتویەتی: لەڕاستیدا ئەوانە بۆ پینەکردنی ئەو شەرمەزاریەی خۆیان تووشی خۆیان کردبوو ویستبوویان بیانوو بۆ نوری دەرسیمی بهێننەوە و پاکانە بۆ خۆیان بکەن. ڕۆبەرت ئولسون دەڵێت: مستەفا کەمال داوای لە(عەلی شان) کردبوو بچێتە ئەنقەرە بیکەن بەموتەسەڕیفی سیواس و بەڵێنی ئەوەشی پێدابوو کوردێکی باشیش بکرێت بەجێگری موتەسەڕیفی دەرسیم، بەلآم عەلی شان و سەید ڕەزا بەمستەفا کەمالیان وتبوو کورد داوای سەربەخۆیی دەکات و هیچ کوردێکیش ئامادە نییە حکومەتی ئەنقەرە بیکات بەموتەسەڕیف (دەربارەی سەید ڕەزا هیچ سەرچاوەیەك باسی ئەوەی نەکردووە لەکاتی یەکەم شۆڕشی دەرسیمدا چاوی بەمستەفا کەمال کەوتبێت و لەگەڵ عەلی شاندا ئەو قسەیەی بەمستەفا کەمال وتبێت دوور نییە بەنامە یان لەڕێگەی عەلی شانەوە ئەو قسەیەی ناردبێت بۆ مستەفا کەمال).

دەربارەی نوری دەرسیمی وەکو ڕۆبەرت ئولسون باسیکردووە، مستەفا کەمال لەساڵی ١٩٢٠دا بڕیاری گرتنی نوری دەرسیمی دەرکردبوو بەتاوانی ئەوەی (١٢٠٠) کرێکاری ناو کانە مەعدەنەکانی (Balya)ی چەکدارکردبوو، ساتێك نوری دەرسیمی بەو بڕیارەی زانی وازی لەکاروباری خۆی هێنا و دەستیکرد بەڕێکخستنی کاروباری عەشیرەتەکانی کورد بەلآم لە ١٩٢٠/١٢/٢٠دا گیرا و

ساتێك لەزینـدانی سێواسـدا دەبێ والی سێواس کە (ڕەشید بەگ-ڕەشید پاشا) بووە هەوڵێکی زۆری لەگەڵ نوری دەرسیمیدا دابوو نەسیحەتی کوردەکان بکات بێن بەدڵسۆزی حکومەتی ئەنقەرە بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا کە هێشتا تورکیا لەژێر هەڕەشەی بێگانەدا بووە بەلاّم هەوڵەکەی دیارە بێسوود بووە.



وێنەیەکی نوری دەرسیمی لەزینداندا

تورکەکان بێجگە لەمە هەوڵیاندا کوردەکان لەناوخۆیاندا تێکبدەن و بیانکەن بەگژیەکتردا، هەندێکیان گرتن و ژمارەیەکیشیان دوورخرانەوە بۆئەوەی پەیوەندیان لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکانی خۆیاندا نەمێنێت و داواشیان لەچەکدارانی کورد کرد بێمەرج خۆیان بدەن بەدەستەوە (لەسەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی کوجگیریدا دەگەڕێینەوە سەر باسی ئەنجامی ئەم داواکردنەی تورك لەکورد بۆ بەدەستەوەدانی چەك).

دەربارەی هۆی سەرنەکەوتنی شۆڕشی دەرسیم، پرۆفیسۆر حەسرەتیان و ڕۆبەرت ئولسون هەریەکەیان باسی چەند هۆیەکیان کردووە، پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەلاپەڕە (٣٨)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٥ وتویەتی:

١-دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان کە لەپەیمانی سیڤەردا چەند مادەیەکیان تەرخانکردبوو بۆ سەربەخۆیی کورد کە کاتی بەجێهێنانی ئەو مادانە هات هیچ

جۆرە یارمەتیەکی کوردیان نەدا و ڕێگەیان لەتورکە کەمالیەکان نەگرت بەو شێوە درندانەیە ڕەفتار لەگەڵ کورددا بکەن.

٢-تورکەکان زۆر زوو لەوە گەیشتبوون ئەگەر زوو نەکەونە خۆیان دژی کورد ئەوا دوورنی‌یە ئەوەی لەپەیمانی سیڤەردا بڕیاری لەسەردرابوو بۆ کورد دەهاتەدی بۆیە بەوپەڕی خێرایی و دڕندەیەتیەوە کەوتنە خۆیان بۆ تێکدانی ڕیزەکانی کورد لەناوخۆیان و بۆ لێدانیان بەرلەوەی یەکبگرن.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان بێجگە لەو دوو هۆیەی باسیکردووە وتویەتی لەڕاستیدا کورد خۆشی لەسەرنەکەوتنەکەیدا کەمتەرخەم بووە کە شێوەی ئەو کەمتەرخەمیەی بەم شێوەیە باسکردووە:

یەکەم: عەشایری و دەرەبەگێتی کە باڵی ڕەشی کێشابوو بەسەر کۆمەڵگاکانی کورددا هۆیەکی سەرەکی بووە بۆ نەبوونی تەبایی و یەکگرتنی کورد لەناوخۆیدا کە نەیتوانیبوو بەشێوەیەکی یەکگرتوو ڕووبەڕووی دوژمنەکەی خۆی ببێتەوە، بێجگە لەمە کێشەی نێوان جەماوەری ڕەش‌وڕوتی کورد و سەرۆکە کوردەکان هۆیەکی کاریگەر بووە بۆ لاوازبوونی توانا و دەسەڵاتی کورد بەرامبەر بەدوژمنەکەی و سەرەڕای ئەمەش زۆرجار سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد لەپێناوی پاراستنی مافی چینایەتی خۆیاندا لەڕێبازی شۆڕشی کورد لایانداوە و چوونەتەپاڵ تورکەکان کە بەئاشکرا دەیانزانی تورك چەند نەیار و دوژمنی میللەتەکەیانە.

دوهەم: لەیەکنەچوون و کێشەی مەزهەبی (مەبەست کێشە و ناڕێکی نێوان عەلەوی و سونی، کە ئەو کێشەیە لەپێکهێنانی سوارەی حەمیدیەوە تەواو پەرەیسەندبوو) کارێکی زۆری کردبووە سەر لاوازکردنی بزوتنەوە و شۆڕشی کورد (کە لەڕاستیدا ئەم کێشەیە نەك تەنها لەمەی دەرسیم و لەوەی کوچگیریدا کە لەدوای شۆڕشی دەرسیم باسیدەکەین، لەشۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیراندا ئەو کێشەیە ئەوەندە کاریگەر بووە پشتی شۆڕشەکەی شکاندبوو وەکو لەباسی شۆڕشی پیراندا ڕووندەبێتەوە).

سێهەم: کوردەکان بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی شۆڕش ڕێکخراوێکی سیاسی ئەوتۆیان نەبوو نەخشەی شۆڕشەکە دەستنیشان بکات بۆیە لەشۆڕشێکی ناوچەگەری بەولاوە تێپەڕینەکرد و نەتەقیبووەوە بۆ شۆڕشەکانی تری کوردستان.

چوارەم: لەهەموویان گرنگتر ئەوەبوو سەرکردەکانی شۆڕش زۆر کورتبین بوون دەربـارەی ئامـانج و هیـوا سـەرەکیەکانی کـورد کـە ئەمـە زۆر گـرنگ بـووە لەبەرژەوەندیە تایبەتیەکانی ئەو سەرکردانە کە تەنها هەر بەچاویلکەی سوود و بەرژەوەندیـەکانی خۆیـان ڕوانیویانەتـە شۆڕشـەکە. پشتبەسـتنی زۆربـەی سـەرکردەکان کـە چاویان بڕیبـووە ئـەوەی دەوڵەتـە ئیمپریالیزمـەکان دەسـتی یارمـەتیان بـۆ درێژدەکـەن تووشـی هەڵـەی زۆر گـەورەی کردبـوون کـە ئـەم کەموکوڕیانـە بەئاشـکرا لەپـەیمانی لۆزانـدا ڕەنگیدایـەوە و مـافی کـوردی تیـادا فەرامۆشکرا.

حەسرەتیانیش وەکو ڕۆبەرت ئولسون ڕەخنەی لەسەرکردەکانی کورد گرتووە کە پشتیان بەخۆیان نەبەستبوو و نەیانتوانیبوو حساب بۆ ئەوە بکەن ئایا بەو شۆڕشـە ناوچـەگەرییەیان و بـەو کـەموکورتی و بێچـەکیەی هـەبوو دەیـانتوانی شۆڕشـێك بەرپابکـەن دژی سـوپایەکی بـەهێزی مەشـقپێکراوی پڕچـەك. لەباسـی هەڵسـەنگاندنی هـەردوو شۆڕشـەکەی دەرسـیم و کوجگیریـدا، لـەکۆتایی باسـی شۆڕشەکەی کوجگیریدا دێینەوە سەر باسی ئەو ڕەخنانەی لەهەردووکیان گیراون.

باسی سێهەمی بەشی نۆهەم

ڕا پەڕین و شۆڕشی کوجگیری

ڕاپەڕین و شۆڕشی کوجگیری هەتا ڕادەیەك دەتوانرێ هەر بەدرێژەپێدانی شۆڕشی یەکەمی دەرسیم بژمێردرێت هەروەکو حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا وەکو یەك زنجیرە باسی هەردووکیانی کردووە. ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ لەلاپەڕە (٣٢)دا باسی ئەوەی کردووە چۆن تورکەکان لەدوای دامرکانەوەی شۆڕشی دەرسیم داوایان لەکورد کردبوو پێویستە چەکدارەکان بەبێ مەرج چەکەکان بدەن بەحکومەت، بەڵام کوردەکان گوێیان نەدایە ئەو داخوازیە و لەمانگی مارتی ١٩٢١ بەدواوە خۆیان کۆکردەوە و شۆڕشێکی تری بەرپاکرد لەناوچەی کوجگیری و حکومەتی تورك ناچاربوو هێزێکی زۆر بنێرێتە سەر کوردەکان و داواشی لەکوردەکانی ئەرزنجان و مەلاتیە کرد هێزەکانی خۆیان بنێرن بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ حکومەتدا، بەڵام سەرما و بەفر و سەهۆڵبەندان ڕێگەی ناردنی هەموو هێزێکی گرت و بەرامبەر بەو تەقەلایەی حکومەت کوردەکانیش داوای یارمەتیان لەو فەرەنسیانە کرد کە لە(ئورفە) و (غازی عینتاب)دا بوون، بەڵام لاوە سەرگەرمەکانی کورد ڕازینەبوون یارمەتی لەبێگانەوە وەربگرن و دەیانویست خۆیان ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە و لەڕاستیدا کورد لەناوچەکەدا ژن و منداڵیش ئەوی توانای چەکهەڵگرتنی هەبوایە بەشداریکرد و دەستکرا بەئامادەکردن و ناردنی چەك و خواردەمەنی بۆ شۆڕشگێڕەکان دابینبکەن، بەڵام بەفرێکی زۆر چیای (Munzun)ی داپۆشیبوو، بۆیە ڕاپەڕینەکە خرایە سەرەتای وەرزی بەهار.

(لاموایە ئەگەر داوای یارمەتیش لەو فەرەنسیانە بکرایە کورد هیچی لێیانەوە دەستگیر نەدەبوو، چونکە لەدوای سەرنەگرتنی پەیمانی سیڤەر بارودۆخی پەیوەندی تورك و فەرەنسا گۆڕانکاریەکی تەواوی بەسەرداهاتبوو کە لەسوودی تورکەکاندا بوو وە لەگەڵ فەرەنسیەکاندا پەیمانێکی دۆستانەیان مۆرکردبوو کە بەرهەمی ئەو دۆستایەتیە بەتایبەتی لەشۆڕشەکەی پیراندا ڕووندەبێتەوە کە لەشوێنی خۆیدا باسیدەکەین چۆن فەرەنسیەکان ڕێگەی شەمەندەفەری

(حەلەب)یان دا بەتورکەکان هێزەکانی خۆیانی پێبگوێزنەوە و لەپشتەوە لەکورد بدەن).

ڕۆبەرت ئولسون لەباسەکەیدا دەڵێت: ((شۆڕشگێڕەکان ئاگاداری ئەوەبوون چۆن هەندێ لەدەرەبەگ و خاوەن موڵك لەژێرەوە بووبوون بەهاوکاری حکومەت بۆیە دەستیانکرد بەگرتنی ئەو خاوەن موڵکانە. لە١٥ی مارتی ١٩٢١دا حکومەت ئیعلانی عورفی کرد لەناوچەکانی (العزیز، ئەرزنجان، سیڤاس) و کوردەکانیش لایانوابوو بەهۆی ئەوەی حکومەت تووشی بووبوو بەشەڕی یۆنانەوە بۆیە ناپەرژێتە سەر شەڕی کورد، بەڵام حکومەت بەپێچەوانەوە جگە لەهێزەکانی خۆیان بەسەرکردایەتی (توپال عوسمان پاشا-عوسمانە شەل) هێزێکی (چەرکەس)یشیان نارده سەر کوردەکان و هەندێ لەعەشیرەتەکانی کوردیش کە نیاز وابوو یارمەتی کورد بدەن کەچی هیچیان بۆ کورد نەکرد و لەجیاتی ئەوە خۆیان لەو یارمەتیدانە شاردەوە و ئەو کوردانەش کە لەناو ئەنجومەنەکەی مستەفا کەمالدا بوون هیچیان ورتەیان لێوەنەهات)).

بێجگە لەوەی ڕۆبەرت ئولسون باسیکردووە، لەو شەڕەی کە تووشی تورك بووبوو لەگەڵ یۆنانیەکاندا کە کورد لایوابوو لەبەر ئەو شەڕە ناپەرژێتە سەر کورد، لەباسی شەڕی تورك و یۆناندا باسی ئەوەمانکردووە چۆن کوردەکان هەندێکیان خزمەتێکی زۆری تورکە کەمالیەکانیان کردبوو لەو شەڕەدا و کە شەڕ تەواوبوو لەکاتی لابردنی پەردەی سەر ڕووی سەربازی نەناسراو سەرکردەی هێزەکەی تورك وتبووی: بێگومان ئەم سەربازە نەناسراوە دەبێ کورد بووبێت ڕۆبەرت ئولسون لەلاپەڕە (٦١)ی کتێبەکەیدا باسی هەڵوێستی ئینگلیزی بەم شێوەیە کردووە: ((لەمانگی حوزەیرانی ١٩٢١دا (سێر پرسی کۆکس (کە مەندوبی سامی بەریتانیا بووە لەبەغداد) ئاگادارکرا لەو بزوتنەوەیەی لەکوچگیری دەستیپێکردبوو، ئەویش تەلگرافێکی نارد بۆ وەزارەتی داگیرکراوەکان (مستعمرات) و ئاگاداریکرد دوورنییە کوردەکان لەناوچەی (ئەنادۆڵ)دا دەستبکەن بەپشێوی و بزوتنەوە دژی تورکە کەمالیەکان و لە١٣ی هەمان مانگدا وەڵامی (چەرچڵ) ئەوەبوو باشترین شت ئەوەیە حکومەتێکی لێکدابڕ (Buffer)ی کوردی دروستبکرێت بۆئەوەی بکەوێتە نێوان تورك و عەرەبەوە.

ڕۆبەرت ئولسون پاشئەوە باسی نامەیەکی (سێر پرسی کۆکس)ی کردووە کە لەو نامەیەدا وتویەتی: ((ئایا دەتوانرێ کوردە قەومیەکان دژی تورکە کەمالیەکان

بەکاربهێنرێن؟ ئەگەر ئەوە کرا پێویستە هەندێ شت بخرێتە بەرچاو کە یەکێك لەمانە ئەوەیە جزیرەی ئیبن عومەر داگیربکرێت و کوردەکان پرچەك بکرێن بەمەرجێك گەرەنتی ئەوە هەبێت دوای داگیرکردنی جزیرەی ئیبن عومەر کوردەکان ئەو چەکانە نەدەن بەفەرەنسیەکان، بەلأم (پرسی کۆکس) هەرخۆی وەلأمی پرسیارەکەی داوەتەوە و وتویەتی من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم چونکە بەمە بەریتانیا بەخۆرایی کێشەیەك بۆ خۆی پەیدادەکات)). ڕۆبەرت ئولسون دەڵێت: (Rayan) بەبەدرخانیەکانی وتبوو دوورنیيە حکومەتی بەریتانیا یارمەتی کورد بدات بەمەرجێك ڕاپەڕینەکەی لەو شوێنانەدا نەبێ نزیکی سنووری عێراق بێت.

دەربارەی دەستپێکردنی شۆڕشی کوجگیری قەدری جەمیل بەگ (زنار سلوپی) لەلاپەڕە (٩٤)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧ وتویەتی لەئەنجامی چالاکی (عەلی شان بەگی کوڕی مستەفا پاشای زازا) لەگەڵ سەرۆکی عەشیرەتەکانی (کوجگیری، زازا، دیڤریغی، کانغال، رفاهیە، خافیك، دومرچوك) لەسالی (١٩١٨) بەدواوە لەناوخۆیان جۆرە یەکگرتنێکیان پێکەوەنابوو بۆ تێکۆشان و خەباتکردن لەپێناوی سەرگرتنی ئاواتەکانی میللەتی کوردا و لەسالی ١٩٢٠دا قوربانیەکی زۆریان بۆ ئەو مەبەستە پێشکەشکرد، بەلأم بەداخەوە لەگەڵ ئەو هەموو فیداکاریانەشدا کورد هەر نەگەیشت بەئامانجی خۆی چونکە لەسەرەتاوە ژمارەیەك لەسەرۆکەکانی کورد لەکاتی پێویستدا پڕ بەدڵ بەشداری و هاوکاریان نەکرد کە هۆی ئەمەش نەبوونی ڕێکخراوێکی ڕێکوپێکی ئەوتۆ بوو بتوانێت سەرپەرشتی ڕاپەڕین و بزوتنەوەکەی کورد بکات و بەپێچەوانەوە هەندێکیان چوونەپاڵ مستەفا کەمال بەبیانووی ئەوەی دەوڵەتە گەورەکان دەیانەوێ لەناو جەرگەی خاکی کوردستاندا دەوڵەتێکی ئەرمەنی دامەزرێنن.

هەرچەند لە(حوزات هەندێ سەرچاوە بە(Hazart) ناویانهێناوە) کۆبونەوەیەك کرا لەو کۆبونەوەیەدا (عەلی شان بەگ)ی کوڕی مستەفا پاشای زازا لەدەرسیم ئامادەیی خۆی پیشاندابوو بۆ ڕاپەڕینێك دژی تورك بەنیازی پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی نێوان ئەوانەی کۆبوبونەوە بەهێز نەبوو هەرچەند لەسەرەتادا توانیبوویان دەست بەسەر هەندێ ناوچەدا بگرن. بەرامبەر بەو بزوتنەوە و چالاکیەی کورد حکومەتی تورك دەستیکرد بەفڕوفێڵ کردن بۆ دەستبڕینی کورد.

دەربارەی ئەو فرۆفێڵەی (زنار سلوپی) باسیکردووە، لەدوکیومێنتی ژمارە (No.E٢٥٥٣-٩٥-٩٦ .Fo.٢٧١-٧٧٨١) مانگی مارتی ١٩٢٢دا وتراوە: ((لە ١٩٢٢/٣/٢٢دا مەندوبی سامی بەریتانیا لەئەستەمبوڵ لەسەرچاوەیەکی باوەرپێکراوەوە ئاگادارکراوە لەوەی ئەنجومەنی باڵای میللی لەئەنقەرە لەناو خۆیدا لەبارودۆخی کورد و کێشەی کورد کۆڵیوەتەوە و ڕەشنوسی یاسایەکی ئامادەکردووە بەناوی دامەزراندنی ئیدارەیەکی تورکی لەکوردستاندا کە لەلایەن لیژنەیەکەوە ئامادەکرابوو کە بریتی بوون لە(ساڵح ئەفەندی نوێنەری ئەرزڕوم) و (یوسف عیزەت پاشا نوێنەری سینوب) و ڕاغب بەگ و حەمدی بەگ.

ئەو لیژنەیە بەرلەوەی لیستەکە ئامادەبکەن چووبوون بۆ کوجگیری بۆئەوەی لەوێ لەهۆی ڕاپەڕینەکەی کورد بکۆڵنەوە، لەکاتی باسکردنی ڕەشنوسی ئەو لیستە لەلایەن ئەنجومەنی میللییەوە زۆربەی ئەندامان دژی ناوەڕۆکەکەی بوون و لەسەرەتادا ساڵح ئەفەندی بەچەند قسەیەکی خۆش مادەکانی ڕوونکردەوە و بەئەندامەکانی وت کێشەی کورد بەو شێوەیە چارەسەر ناکرێت کە هەندێ لەکاربەدەستانی حکومەت دەیانەوێ بیکەن و ئەو هەرا و ئاژاوەیەی مستەفا پاشای کورد (مەبەست مستەفا پاشا یامولکی‌یە کە لەکۆتایی ئەم باسەدا باسی ئەمەی مستەفا یامولکی دەکرێتەوە) ناویەتیەوە پێویستی بەوە هەیە لەپێشدا هەموو گیراوەکان لەوانەی لەشەڕی کوجگیریدا گیراون بەربدرێن.

هەرچەند قسەکانی ساڵح ئەفەندی لەلایەن نوێنەرانی (حزبی دفاعی وطنی) لەناو ئەنجومەنەکەدا دەیانبڕی بەڵام ئەندامانی تر وەکو (عبدالغفور بەگ)ی نائیبی کراس و لوتفی بەگی نائیبی مەلاتیە و حەیدەر بلال نائیبی وان و ئەمین پاشای نائیبی سێواس و ڕاسم بەگەوە پەسەند دەکرا و ئەنجامی باسەکە بەوە کۆتایی پێهێنرا بڕیاردرا (جەواد پاشا) ڕاپۆرتێك دەربارەی ئەمە ئامادەبکات لەو دوکیومێنتەدا باسی مادەکانی ڕەشنوسی ئەو یاسایەی بەم جۆرە باسکردووە:

١-ئەنجومەنی باڵای نیشتمانی میللی وا بەباش دەزانێت دەزگایەکی بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆ بۆ کورد سازبکرێت بەشێوەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ خورەوشتی نەتەوایەتیان یەکبگرێتەوە.

٢-حاکمێکی گشتی بۆ ئەو ناوچانە هەڵبژێردرێت کە زۆربەی دانیشتووەکانیان کوردبن و جێگرێك و موفەتیشێك کە هەردووکیان تورك بن یا کوردبن دابنرێن (لەمادە (٥)دا زیاتر ئەمە ڕوونکراوەتەوە).

٣–ئەنجومەنی باڵای میللی ئەو حاکمە گشتیە هەڵدەبژێرێت بەمەرجێك ئەو حاکمە لەوانەبێ ناوبانگێکی پاك و باشی هەبێت و شارەزایی بەڕێوەبردنی کاروبار بێت.

٤–حاکمی گشتی بۆ ماوەی سێ ساڵ هەڵدەبژێردرێت و دوای تەواوبوونی ئەو سێ ساڵە ئەگەر دانیشتوانی کورد نەیانویست ئەو حاکمەی پێشوو لەسەر کار بمێنێتەوە، ئەوسا ئەنجومەنی نیشتمانی کورد (Kurdish National Assembly) بۆی هەیە حاکمێکی تازە دانێت بەمەرجێك ئەنجومەنی باڵای میللی (ئەوەی ئەنقەرە) دانانی ئەو حاکمە تازەیە پەسەندبکات.

٥–لەگەڵ ئەوەشدا جێگری حاکمی گشتی و پشکنەر (مفتش) لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردەوە هەڵدەبژێردرێت، بەڵام پێویستە دانانی ئەو کەسانە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای میللیەوە (ئەوەی ئەنقەرە) پەسەندبکرێن.

٦–ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لەدانیشتوانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ماوەی سێ ساڵ هەڵدەبژێردرێن. پێویستە لەسەر ئەم ئەنجومەنە هەموو ساڵێك لەسەرەی مانگی مارتدا بۆ ماوەی چوار مانگ کۆببێتەوە بۆ بەجێهێنانی پێویستیەکانی سەر شانی، بەڵام ئەگەر لەو ماوەیەدا کاروبارە پێویستیەکانی خۆی پێتەواونەکرا، بۆی هەیە بۆ تەواوکردنیان درێژە بەکۆبوونەوەکانی بدات بەمەرجێك حاکمی گشتی بڕیار لەسەر ئەوە بدات.

٧–ئەنجومەنی نیشتمانی (مەبەست ئەوەی کوردە) بۆی هەیە بودجە (میزانیە)ی دەرامەت و خەرجی ساڵانەی ناوچەکە بپشکنێت و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لەهەموو گلەیی و ڕەخنەیەك بکۆڵێتەوە.

٨–ئەنجومەنی باڵای میللی (ئەوەی ئەنقەرە) بۆی هەیە لەو کێشە و ناکۆکیانە بکۆڵێتەوە کە لەنێوان ئەنجومەنی نیشتمانی کورد و حاکمی گشتیدا ڕوودەدات.

٩–تا ئەوکاتەی دەستنیشانی هێڵی سنوور دەکرێت (مەبەست سنووری ئەو چوارچێوەیەی بۆ ناوچە کوردیەکان دادەنرێت کە یاساکە بیانگرێتەوە) ناوچە ئیداریەکانی کوردستان بریتی دەبن لەویلایەتەکانی (provinces–وان)، دیاربەکر، سنجاقی دەرسیم و هەندێ قەزا و ناحیەی تر.

١٠–لەو ناوچانەدا کە ئیدارەی کوردییان تیادا پێکدێت، دادگایەك دادەمەزرێنرێت بەمەرجێك نیوەی ئەندامەکانی کوردبن و نیوەکەی تری تورك

بێت، بەڵام ئەگەر ئەندامێکی تورك خانەنشین کرا پێویستە کوردێك جێگەی بگرێتەوە.

١١-لەڕۆژی کارپێکردنی ئەم یاسایەوە هیچ جۆرە باجێکی تازە نابیّ بسێنرێت لەو جۆرە باجانەی ساتی خۆی بەناوی شەڕەوە (مەبەست شەڕی جیهانیە) دانرابوو یان بەهەر بۆنەیەکی ترەوە بووبێت و پێویستە لەساڵێکدا تاقە جارێك زیاتر باج نەسێنرێت و لیژنەیەکی تایبەتی لەلایەن ئەنجومەنی باڵای میللی و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردەوە پێکدەهێنرێت بۆئەوەی ڕادەی ئەو بەشەی لەبودجەی ئەو شوێنانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بدرێت بەحکومەتی مەرکەزی.

١٢-هێزێکی جەندرمە بۆ دابینکردنی ئاسایش پێکدێت و ئەنجومەنی نیشتمانی کورد بڕیار لەسەر شێوە و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو هێزە دەدات و سەرکردەی ئەو هێزە لەسەرەتادا تورك دەبێت هەتا ئەوکاتەی پێویستی بەمانەوەی ئەو تورکە نامێنێت.

١٣-هەموو ئەفسەر و سەربازەکانی کورد لەناو سوپای حکومەتدا هەریەکەیان لەشوێنی خۆی دەمێنێتەوە هەتا بڕیارێکی تازە دەربارەیان دەردەچێت بەپێی بڕیارێکی تایبەتی کە بۆ مەبەستی چەسپاندنی ئاشتی بڵاودەکرێتەوە.

١٤-لەپاش دەرچوونی ئەو بڕیاری ئاشتیە (کە بەیاساش ناویهێناوە) پێویستە نرخی ئەو ئاژەڵ و مەڕوماڵات و بەرزەوڵاخ و کەلوپەلانەی لەخەڵك سەندرابوون هەمووی دەستنیشان بکرێت و لەماوەی دوازدە مانگدا نرخەکانیان بدرێت بەخاوەنەکانیان.

١٥-زمانی ڕەسمی زمانی تورکی دەبێت لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی کورددا و لەناو دەزگا ڕەسمیەکاندا، بەڵام دەتوانریّ لەقوتابخانەکاندا زمانی کوردی بخوێنرێت بۆ فێربوونی ئەو زمانە و حاکمی گشتی دەسەڵاتی گەشەپێدانی ئەو زمانەی پێدەدریّ، بەڵام نابیّ ئەمە بکرێت بەبناغەیەك بۆئەوەی لەدواڕۆژدا زمانی کوردی بکرێت بەزمانێکی ڕەسمی لەناو ئەو حکومەتە ناوخۆییەدا (کە لەم مادەیەدا بەئاشکرا ناوی حکومەت هاتووە).

١٦-یەکەم پێویستی و ئەرکی سەرشانی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد ئەوەیە زانکۆیەك لەو ناوچانەدا دروستبکرێت کە لەو زانکۆیەدا کۆلیجی یاسا و پزیشکی تیادابێت.

١٧-ئەنجومەنی نیشتمانی کورد بۆی نییە بەبێ پرس و ڕەزامەندی ئەنجومەنی باڵای میللی لەئەنقەرە هیچ جۆرە باجێك لەخۆیەوە دابنێت.

١٨-نابێ هیچ جۆرە ئیمتیازێك لەو ناوچانەدا بدرێت بەهیچ لایەك بێئەوەی پێشەکی ڕەزامەندی ئەنجومەنی باڵای میللی لەئەنقەرە وەرنەگیرێت.

لەکۆتایی دوکیومێنتەکەدا مەندوبی سامی بەریتانیا لەئەستەمبوڵ (Horas Rumbold) وتویەتی: ((لەخوێندنەوە و ناوەرۆك و نیاز و مەبەستی ئەو یاسایەوە ڕووندەبێتەوە بۆچی کوردەکان بەو یاسایە قایل نەبوون)). مەندوبی سامی لەمەدا هەر ئەوەندەی وتوە: ((کورد لەنیاز و مەبەستی تورك گەیشتبوو بۆیە ئەو پێشنیازانەی قبوڵ نەکردبوو بەبێئەوەی بەڵگەیەك بدا بەدەستەوە چۆن و کەی کورد ئەو پێشنیازەی پەسەند نەکردبوو وە هیچ سەرچاوەیەکی تریش بەڕوونی لەوە نەکۆڵیوەتەوە)).

لەدوای ئەو باسە دووروودرێژەی ڕۆبەرت ئولسون لامواپە شتێکی زۆر گرنگ و پێویستە کە ئیمرۆ لەدوای پتر لەتێپەڕبوونی سێ چارەکی سەدەی پێشوو شتێکی زۆر گرنگ و پێویستە ئەو باسە بخرێتە ژێر نەشتەری لێکۆڵەرەوەکان و بارودۆخی ئەو ڕۆژانە هەمووی شیبکرێتەوە بۆئەوەی سوود و وانە لەو هەڵە و کەموکوڕیانە وەربگیرێت کە لەکورد ڕوویداوە و بایەخیشی پێنەدراوە و هەموو جارێك بەسەرهات و ڕووداوەکانی یەك لەدوای یەك پڕن لەفۆتۆکۆپی ئەو هەڵە زەق و ئاشکرایانەی جار لەدوای جار دوبارە دەبنەوە، لامواپە بەشێوەیەکی سەرپێی دەتوانرێ هەندێ پرسیار دەربارەی ئەوە بخرێتە بەرچاو:

١-ئایا حکومەتی بەریتانیا خۆی هیچ ڕۆڵێکی نەدیوە لەڕێگەنەدان بەنزیکبوونەوەی تورك و کورد و لەسەرنەگرتنی ئەو یاسایەدا وەکو سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای حکومەتی بەریتانیا لەمانەوەی دوژمنایەتی نێوان تورك و کورددا کە چەندەها جار کاربەدەستان و سیاسەتمەدارانی ئینگلیز بەئاشکرا وتویانە بەکارهێنانی کورد دژی تورك شتێکی بێسود نییە بۆیان لەکاتی خۆیدا.

٢-مەبەستی تورك چیبووە لەئامادەکردنی ڕەشنوسی ئەو یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای میللیەوە و ئایا نیازیان پاك بووە لەم کارەیاندا؟

أ-دەربارەی مەبەستی تورکەکان، شتێکی ئاشکرایە لەو ڕۆژانەدا هێشتا خۆیان نەگرتبوو بەتەواوەتی، تازە لەکوشتاری ئەرمەنیەکان بووبوونەوە، تووشی شەڕێکی گران و قورس بووبوون لەگەڵ یۆنانیەکاندا و پێویستیان

بەهاوکاریکردنی کورد هەبوو وەکو لەباسی ئەم شەڕەدا بەدووروودرێژ باسکراوە، دەسەڵاتی خەلیفە هێشتا لەئەستەمبوڵ و دەوروبەریدا مابوو بەپشتگیریکردنی ئینگلیز، مادەکانی پەیمانی سیڤەر وەکو مار ئاڵابووە گەردنیان و بەچوارپەل سمکۆڵیان دەکرد بۆ زیندەبەچاڵکردنی لەپەیمانێکی تازەدا کە لەدواییدا نەخشەی ئەمەشیان کێشا، بۆیە هەتا گەیشتن بەبەجێهێنانی هەموو مەبەستەکانیان نەیانویست لەو ڕۆژانەدا بەرەیەکی تریش لەگەڵ کورددا بکەنەوە کە لەڕاستیشدا ناچاری ڕووبەڕووبونەوە بووبوون لەڕاپەڕینەکانی مەلاتیە و دەرسیم و کوجگیریدا.

ب-دەربارەی ئەوەی ئایا نیازیان پاك بووە لەباسکردنی ئەو یاسایەدا، هیچ گومان لەوەدا نییە تورکی ڕەگەزپەرست لەهیچ هەنگاوێکیدا نیازی پاك نەبووە بەرامبەر کورد و ئەگەر بەدڵ بیانویستایە ئەو یاسایە سەربگرێت دەیانتوانی ئەو (٧٢) کوردەی ئەندامی ناو ئەنجومەنەکەی بوون و لەڕێگەی ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی ئابڕووی خۆیان بردبوو بەوەی شانبەشانی هێزەکانی حکومەت لەزۆر شەڕدا دژی هاوڵاتیەکانی خۆیان شەڕیان دەکرد، بەمانە بەهەموویان دەیانتوانی ئەو دەزگایانە پێکبێنن کە لەمادەکانی ئەو یاسایەدا پێشنیازی دامەزراندنیان کرابوو.

ج-بێگومان تورکەکان زۆر بەباشی شارەزای هەڵوێستی کورد بوون بەرامبەر بەڕووداوەکان کە هەندێکیان داوای سەربەخۆییان دەکرد و تاقمێکی تریش داوای ئۆتۆنۆمیان دەکرد و لەوە گەیشتبوون ئەنجامی ئەو باسکردنەی ناو ئەنجومەنەکەیان دەبێتە هۆی ناکۆکی و تێکدانی ڕیزەکانی کورد و هەرلایەك بەشێوەیەك خواست و مەرامی خۆی دەردەبڕێت و لەئەنجامدا لەسەر هیچ شتێکی یەکگرتوو ڕێکناکەون و ئەمە درێژەدەکێشێ هەتا ئەوکاتەی خۆیان بەتەواوی بەهێزدەکەن و هەموو داخوازیەکانی کورد پشتگوێ دەخەن.

بەکورتی وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ئەو پرسیارانە لەدوو شتدا بەتەواوەتی ڕووندەبێتەوە ئەویش بریتییە لەوەی نە سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا لەو ڕۆژانەدا کە نەخشەکێشی هەموو ڕووداو و بەسەرهاتەکان بوون و هەموو شتێکیان دەبەستەوە بەسوود و بەرژەوەندیەکانی خۆیان و نە تورکی ڕەگەزپەرستی تینوو بەخوێنی کورد چاوی بەرایی‌دەهێنا کورد بەهیچ مەرام و مافێکی خۆی بگات و هەروەکو زەردەمار لەگەردنی کورددا ئاڵابوو، هەموو ئاواتی

ئەوەبوو کورد ڕیشەکێش بکات و شتێك لەناودا نەهێڵێت کە پێی‌بوترێ کورد و کوردستان.

مستەفا پاشا یامولکی کە خۆی یەکێك بووە لەوانەی دەستی هەبووە لەڕاپەڕینی ئەو ڕۆژەدا کە وەکو بەرلەمە (سالح ئەفەندی) لەئەنجومەنی بالای میللیدا لەئەنقەرە مستەفا پاشا یامولکی بەئاژاوەچی تاوانبارکردبوو لەڕاپەڕینەکانی ئەو ڕۆژانەدا، لەدواییدا کە گەڕایەوە بۆ باشوری کوردستان لەڕۆژنامەی (بانگ کوردستان) ژمارە ٤ی ڕێکەوتی ١٩٢٢/٨/٢٨دا کە خۆی خاوەنی ڕۆژنامەکە بووە، لەو ڕۆژنامەیەدا باسێك بلاوکراوەتەوە دەربارەی مستەفا پاشا کە تیایدا وتراوە: ((مستەفا پاشا کوردستانی بە(دار الحرب) وەسف کردووە و وتویەتی ئەوی لەو ڕۆژانەدا کوردستانی دیبێت (مەبەستی باکوری کوردستان بووە) خوێن لەدلی تکاوە بەرامبەر بەو پەرێشانیەی بەسەر کورددا هاتبوو، لەئەنجامی ئەوەدا هەزار کورد بەوانەی تۆپ و مەترەلیۆز لەوانەی هەتیو و بێکەس و پیرویەککەوتە بوون لەناوچوون و ئەوانەی مال و مولکیان تالانکرابوو لەناو بەفر و سەهۆلبەندانی ناو شاخەکاندا ئاوارەکرابوون و لەسەرما و لەبرسا مردن و ئەوی گەیشتبووە ئەستەمبول هەروەکو زەمانی جاهیلیەت ئاوارەکران، بەسەر مالاندا دابەشکرابوون و زۆربەی ئەوانەی لەناز و نیعمەتدا پەروەردەکرابوون لەبەر نەبوونی و برسێتی پەرێشان بوون و هەرچەند جەمعیەتی کوردستان لای هەندێ لەو دەولەتانەی خۆیان بەخاوەن ویژدان دەزانن داوایانکردبوو فریای کورد بکەون و ڕزگاریبکەن لەکوشتار و برسێتی و ژمارەیەکی زۆر لەخانەوادەکانی کوردی دەوروبەری ئەرزڕوم و خەرپوت و شوێنەکانی تر لەشوێنی خۆیان هەلکەندرابوون و هەر پێنج شەش خێزانێك لەناوچەکانی تورکنشیندا بەزۆرەملێ نیشتەجێکرابوون بۆئەوەی ناچاربن زمانی تورکی فێربن و زمانەکەی خۆیان بیربچێتەوە و لەبۆتەی تورکدا بتوێنرێنەوە)).

مستەفا پاشا لەکۆتایی ئەو باسەیدا ئەم دوو شیعرەی خۆی بلاوکردۆتەوە:

لەکوێیە قەوم و خوێشانم ببینن چۆن پەرێشانم؟

(ئەز وونم) لێدەدەن بۆچی؟ بلێم چی تورکی نازانم

بەحالم مەرحەمەت توخودا، زوبان نەزان و بیمارم

لەکوێ ما دایکی خەمخوارم ببینێ چاوی گریانم؟!

مستەفا پاشا دەلێ: ئەوی ئەم دیمەنەی نەبینیبێت نازانێ کورد چەند پەرێشان بووە بەدەست تورکەوە.

هەڵسەنگاندنی ڕاپەڕین و شۆڕشەکەی دەرسیم و کوجگیری

وەکو لەباسی هەردوو شۆڕشەکەدا سەرچاوەکان باسیانکردووە، بۆمان دەردەکەوێ ساتێك کوردەکانی ناوچەکانی دەرسیم و کوجگیری لەنیاز و مەبەستی تورکەکان گەیشتبوون چۆن دەستیکردبوو بەفرۆفێڵ و دەستبڕینی کورد ئیتر خۆیان پێنەگیرا و ناچاربوون بۆ پاراستنی خۆیان دەستیاندایە چەك و ڕووبەڕووی هێزەکانی تورك بوونەوە لەناوچەکەدا و ئەو دوو ڕاپەڕینەی دەرسیم و کوجگیری ڕوویدا کە سەرەنجامەکەی بەوە گەیشت تورکەکان توانیبوویان هەردووکیان دابمرکێننەوە.

بۆ هەڵسەنگاندنی هەردوو ڕاپەڕین و شۆڕشەکە و دەستنیشانکردنی ئەو ڕەخنانەی لەشۆڕش و شۆڕشگێڕان گیراوە دەتوانین بەکورتی ئاماژە بۆ هەندێکیان بکەین:

یەکەم: ڕاپەڕین و بزوتنەوەی هەردوو شۆڕشەکە بەتێکڕایی بریتی بووە لەبزوتنەوەیەکی هەرەمەیی ناوچەیی بێسەروبەر کە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی یان حیزبێك سەرپەرشتی نەکردبوو، بەڵکو هەر سەرکردەی عەشیرەتێك بۆ خۆی، بەهێزەکانی خۆی لەشوێنێکدا پەلاماری هێزەکانی تورکی داوە و لەسەرەتادا هەندێ سەرکەوتن و بەرەوپێشەوەچونی دەستگیربووە، بەڵام هێزە چەکدارەکانیان بەرگەی سوپای تورکی پڕچەك و مەشقپێکراوی نەگرتووە و هەردوو شۆڕشەکە لەناوبراوە.

دووەم: لەسەرچاوەکاندا کە باسی هەردوو شۆڕشەکەیان کردووە تەنها لەناوی (خالید بەگ جبران) بەولاوە کە ئەفسەرێکی لێهاتووی ناسراوبووە باسی هیچ ئەفسەرێکی تری کورد نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەو سەرچاوانەی لەباسەکانی پێشوو و داهاتوودا دێنە بەرچاو ناوی چەند ئەفسەرێکی پایەبەرزی کورد بەتایبەتی لەناو ڕێکخراو و حیزبەکانی باکوری ئەو ڕۆژانەدا هاتووە و زۆریان گەیشتبوونە پلەی (میرئالای) و خالید بەگ خۆشی وەنەبووبێ لەو ئەفسەرانە بووبێت کە لەلایەن زۆربەی عەشایرە عەلەویەکانەوە خۆشەویست بووبێت چونکە هەر بەچاوی یەکێك لەسەرکردەکانی حەمیدیەی دوژمن بەعەلەوی تەماشاکراوە و مستەفا کەمال هەرزوو لەچالاکی خالید بەگ جبران گەیشتبوو بۆیە دوریخستبووەوە بۆ ناوچەیەکی دوور کە هیچ پەیوەندیەکی بەو ناوچانەوە نەمێنێت کە شۆڕشەکانی تیادا دەستییێکردبوو.

ئەوانەی کە سەرکردایەتی شۆڕشەکەیان کردبوو بەتایبەتی ئەوەی کوجگیری کە تاڕادەیەك پەرەیسەندبوو بریتی بوون لەچەند سەرۆك عەشیرەتێك کە شارەزای لەشکرکێشی شۆڕش نەبوون بەهەرەمەیی دەستیان بەشۆڕشەکە کردبوو، زۆریان هەر لەسەرەتاوە دڵنیا نەبوون لەسەرکەوتنی شۆڕشەکەیان و جێگۆڕکێیان کردووە و لەلایەنگریتی شۆڕش پاڵیانداوەتەوە یان چوونەتە پاڵ هێزەکانی دوژمن وەکو لەباسەکاندا دێنە بەرچاو کە نمونەی ئەمە لە(حەیدەر بەگ)دا ڕووندەبێتەوە کە وەکو پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەلاپەرە (٤٥)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٩ وتویەتی ئەو کارەی (حەیدەر بەگ) خیانەتێکی گەورە بوو لەشۆڕشەکە و بوو بەهۆی سەرکەوتنی تورکەکان.

<u>سێیەم</u>: لەهەمووی کوشندەتر و زیانبەخشتر ئەو کێشەیە بووە لەکۆنەوە لەناو عەلەوی و سونیەکاندا پەیدابوو لەڕێگەی عوسمانیەکانەوە بەهۆی ڕەفتار و کردەوەی سوارەی حەمیدیەوە، بۆیە دانیشتوانی ناوچەکە تا ماوەیەکی زۆر بەهۆی ئەو کێشەیەوە دڵیان لەیەکتری پاکنەبووەوە و زۆرجار لایەکیان لەرقی لاکەی تر یان بەشداری نەکردووە لەشۆڕشدا یان لایەنگری دوژمنانی شۆڕشەکە بووە.

<u>چوارەم</u>: هەروەکو تورك چۆن توانیبووی ناکۆکی نێوان سونی و عەلەویەکان بۆ سوودی خۆی بەکاربێنێت، توانیبووی مەترسی بخاتە دڵی ژمارەیەکی زۆر لەو کوردانەی گوایە ناوچەکانیان بەپێی مادەکانی سیڤەر دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئەرمەنیەوە و بەمە توانیبوویان کورد بکەن بەدوو بەشەوە و (٧٢) کوردیان کردبوو بەئەندامی ئەنجومەنەکەی خۆیان کە لەکاتی کۆنگرەی لۆزاندا ئەو کەتن و خیانەتەی لەکورد کرا بەهەندێ لەو کوردانەیان کرد، بەرامبەر بەمەی تورك لەهیچ کاتێکدا کورد ئەوەندە زرنگ نەبووە لەڕووی سیاسیەوە لەهەل و دەرفەت سوود وەربگرێت.

بۆ نمونە لەکاتی پەیمانی لۆزاندا باسی کێشەیەکی پڕ لەئاڵۆزی نێوان تورکە کەمالیەکان کراوە کە لەباسی لۆزاندا لێی‌دواوین و ڕۆبەرت ئولسون لەلاپەرە (١٢٣)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ دەربارەی ئەمە وتویەتی لەم شۆڕشانەدا و پاشئەوەش لەوەی شێخ سەعیدی پیراندا کە یەکسەر لەدوای شۆڕشی کوجگیری دەستیپێکرد، کاربەدەستانی تورك لەناوخۆیاندا لەکێشەیەکی سەختدا بوون و تاقمێکیان سەر بەمستەفا کەمال بوون لەبۆچونەکانیاندا بەڵام تاقمێکی تریان وەکو (کازم قەرەبەکر پاشا، عەلی فوئاد، ڕەوف، ئوربەی، ڕەئفەت بیلی، عەدنان ئەدیڤار، خالید ئەدیب) و هەندێکی تر تەواو لەگەڵ مستەفا کەمالدا ناڕێکبوون،

بەڵام کورد لەشۆڕشی کوجگیریدا نەیتوانیبوو سوود لەو هەلودەرفەتە وەربگرێت و ڕۆژنامەکانی تورکیش هەندێکیان بەئاشکرا کەوتبوونە ڕەخنەگرتن لەمستەفا کەمال و مستەفا کەمال لەکۆبونەوەیەکیدا ئەو ڕۆژنامانەی تاوانبارکردبوو، بەئاشکرا عیسمەت ئینونو ڕەخنەی لە(حسێن جاهید یالچین) گرتبوو کە خاوەنی ڕۆژنامەی (طنین–Tanin) بوو لەگەڵ (ئەحمەد یالمان)ی سەرنوسەری ڕۆژنامەی (وطن) و (شەریف ئەدیب)ی سەرنوسەری ڕۆژنامەی (Sebil Urresat) کە ئەمەیان لایەنگری پیاوە ئاینیەکان بوو، هەموویان بەوە تاوانبارکران کە نوسینەکانیان سوودی یاخیبووەکانی تیادایە (مەبەست شۆڕشگێڕانی کوردە).

پێنجەم: یەکێك لەو ساویلکەیی و کورتبینیەی کورد ئەوە بووە هەمیشە خۆی بەلاواز زانیوە و لای وابووە بەتەنها خۆی ناتوانێت بەسەر دوژمندا زاڵبێت بۆیە چاوی بڕیوەتە دەستی بێگانە بۆئەوەی یارمەتی بدات کە بەدرێژایی مێژوو تا ئێستە ڕووینەداوە هیچ لایەکی بێگانە بەدڵ یارمەتی کوردی دابێت کە ئەو هەڵوێستەی کورد لەمەدا ڕووندەبێتەوە کە لای وابووە حکومەتێکی وەکو بەریتانیا دەتوانێت یارمەتی بدات و بیگەیەنێتە ئامانجەکانی لەکاتێکدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە ئینگلیز لەهیچ هەڵوێستێکیدا لایەنگری کورد نەبووە هەروەکو لەدوکیومێنتەکانی خۆیاندا بەئاشکرا دانیان پیادانــاوە و لەزۆر شوێنیدا نمونەی ئەو دوکیومێنتانەمان بڵاوکردۆتەوە و لەلایەکی تریشەوە هێنانی (مێجەر نویل) بۆ ناوچەکەش هەر بەمەبەستی دەستبڕینی کورد بووە و کوڕانی بەدرخان کە لەگەشتەکەیدا لەگەڵیدا بوون لایانوابوو ئینگلیزەکان بۆیە هێنابوویان بۆئەوەی حکومەتێکی کوردیان بۆ دامەزرێنێت کە لەئەنجامدا دەرکەوت شتەکە بەو شێوەیە نەبوو، زۆری پێنەچوو مێجەر نویلیان کێشایەوە بێنەوەی لەکاتی مانەوەیدا لەزیان بەولاوە هیچ سوودێکی تری بۆ کورد نەبوو.

بەشی دەهەم
شۆڕشی پیران

لــەدوای بزوتنــەوە و ڕاپەڕینــە ســەرنەکەوتوەکانی مەلاتیــە و دەرســیم و کوجگیری، کە هەریەکەیان بریتی بوو لەڕاپەڕینێکی ناوچەیی، تورکە کەمالیەکان بەدامرکانــەوەی ئــەو ڕاپەڕینانــە وازیاننــەهێنا، بــەڵکو هــەنگاو بەهــەنگاو دەســتی خۆیان ئاشکراکرد بۆ لەناوبردنی کورد یان توانەوەی لەبۆتەی نەتەوەی تورکدا و کــوردیش ئــەو ڕاســتیەی بەباشــی بــۆ ڕوونبــووەوە بۆیــە کەوتــە خــۆی بــۆ پارێزگــاریکردن لــەخۆی و نیشــتمانەکەی و جموجــوڵی ئــەمجارەی بــۆ ڕووبەڕووبونــەوەی تــورك شــێوەیەکی فراوانتری گرتەبــەر و بــۆ یەکــەمجار لــەباکوری کوردســتاندا شۆڕشــێك بــەرپاکرا بــەپێی نەخشــەیەك کــە لەلایــەن حیزبێکــەوە یــان (کۆمــەڵێك)ەوە سەرپەرشــتیکردنی بــەجێهێنانی دەکــرا کــە بریتــی بــوو لەکۆمــەڵی (ئازادی).

هەرچــەند ئــەم کۆمەڵــە لەســەرەتادا لەچالاکیدا بــوو وەکــو لەشــوێنی خۆیــدا باسیدەکەین، بەڵام شۆڕشەکە هێشتا لەسەرەتایدا بوو ژمارەیــەك لەسەرکردەکانی گیران و هەڵواسران و کوردێکی زۆریش لەوانەی ئومێد وابوو لەو شۆڕشە تازەیەدا کــە بەشۆڕشــی (پــیران) ناســراوە، لەناســکترین کاتــدا لەشــۆڕش دوورکەوتنــەوە و هەندێکیشــیان لــەجیاتی ئــەوەی تاســەر لەگــەڵ شۆڕشدا خــەبات بکــەن چوونەپاڵ دوژمن و ئــەنجامی ئــەم شۆڕشــەش بەداخــەوە وەکــو شۆڕشــەکانی تــری لێهــات کــە ســەرکردایەتیەکی لێوەشاوەی ئــەوتۆی نــەبوو بتوانێــت زۆربــەی جــەماوەری کورد لەخۆی کۆبکاتەوە و شارەزایی نەبوو لەکاروباری لەشکرکێشیدا و شۆڕشــەکە بــوو بــەوەی چــەند ســەرۆکێکی ئــاینی و عەشــایری سەرپەرشــتی بکــەن، هەرچــەندە زۆربەی ئــەو ســەرکردانە بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبوردنــەوە چووبوونە پێشەوە، بــەڵام هەوڵــەکانیان بێســوود بــوو وەکــو لەباســەکانی داهــاتووی ئــەم بەشــەدا ڕووندەبێتەوە.

دەتوانین باسی شۆڕشەکە و هۆی دەستپێکردنی و چۆنیەتی دەستپێکردنی و قۆناغەکانی و هەڵە و ناڕێکیەکانی و شکاندنی و سەرەنجامی ئەو شکاندنە بکەین بەم باسانەی خوارەوە:

١-بنەماڵەی شێخ سەعیدی پیران-کە شێخ سەعید سەرکردەی شۆڕشەکە بووە.

٢-هەڵوێستی حکومەتی تورک بەرامبەر بەکورد لەو ناوچەیەدا کە شۆڕشی تیادا بەرپاکرا، بەرلەوەی شۆڕشەکە دەستپێبکات و لەکاتی شۆڕشەکەشدا.

٣-کۆمەڵی ئازادی، چۆنیەتی پێکهاتنی، ئەندامەکانی.

٤-ڕووداوی (بیت الشباب) کە بوو بەهۆی ئەوەی شۆڕشی پیران پێشوەخت دەستپێبکات.

٥-هەڵوێستی تورک دوای (بیت الشباب) و ڕووداوەکەی پیران.

٦-خۆئامادەکردنی کورد بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هێزی حکومەت و دەستپێکردنی شۆڕشی پیران و شکاندنی شۆڕشی پیران و دەستگیرکردنی سەرکردەکانی.

٧-هەڵوێستی حکومەت بەرامبەر بەشۆڕشگێڕان و بەرامبەر دانیشتوان دوای شکاندنی شۆڕشەکە:

أ-دادگایکردنی شۆڕشگێڕان.

ب-سزادانی دانیشتوان و ڕاگوێزانی بەکۆمەڵ.

٨-هەڵوێستی دەوڵەتان بەرامبەر کورد لەشۆڕشەکەدا:

أ-هەڵوێستی سۆڤیەت.

ب-هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا.

ج-هەڵوێستی حکومەتی فەرەنسا.

٩-بارودۆخی ناوچەکانی شۆڕشی پیران لەدوای شکانی شۆڕش.

١٠-هەڵسەنگاندنی شۆڕشەکە و هۆی سەرنەکەوتنی و کەموکوڕیەکانی و ئەو ڕەخنانەی لەشۆڕشەکە گیراوە.

باسی یەکەمی بەشی دەهەم

بنەماڵەی شێخانی پیران-کە شێخ سەعید سەرکردەی شۆڕشەکە بوو

بنەماڵەی شێخانی پیران یەکێك بوون لەو بنەماڵە ناسراو و بەناوبانگانەی باکوری کوردستان کە لەناو کۆمەڵگاکانی باکوری کوردستاندا شوێنێکی رێزلێگیراو و تایبەتیان هەبووە لەپێناوی مافی کورددا خەباتێکی سەختیان کردووە و زیانێکی ماڵی و گیانی زۆریان لێکەوتوە.

هەرچەند شێخ سەعیدی پیران بەر لەشەڕی جیهانی و لەویش بەدواوە وەکو کوردێکی پاکی دڵسۆز لەناو کورددا شوێنی تایبەتی خۆی هەبووە، بەڵام بەداخەوە لەو هەموو راپەڕین و بزوتنەوانەی (مەلاتیە و دەرسیم و کوجگیری)دا هیچ هەنگاوێکی نەنابوو بۆ هاوکاریکردن لەو بزوتنەوانەدا کە دژی تورکە کەمالیەکان لەو ناوچانەدا کرابوون و هەر ئەم بەشدارنەبوونەش کە وای لەدانیشتوانی ئەو ناوچانەی بەر لەشۆڕشی پیران دژی تورك راپەڕیبوون ئەوانیش لەکاتی شۆڕشی پیراندا نەك هەر ئەرکی سەرشانی خۆیان وەکو بەشێك لەمیللەتی کوردی چەوساوە بەجێنەهێنابوو، بەڵکو لەشوێنی خۆیدا ڕووندەبێتەوە ئەوانەی لەو ناوچانەدا لەئاینزای عەلەوی بوون و شێخ سەعیدی پیران و تاقمەکەشی لەئاینزای سونی بوون وەکو ڕەوشت و ڕەفتاری زۆر کاتی پیشەی میللەتی دواکەوتوو، بەهیچ جۆرێك خەمی ئەوەیان نەخواردبوو هاوکاری لەشۆڕشی پیراندا بکەن بەڵکو زۆریان دژی وەستابوون و بووبوون بەلایەنگری حکومەتی تورك. دەربارەی بنەماڵەی شێخانی پیران، وەکو سەرچاوەکان باسیانکردووە لەسەرئەوەن ناوبانگێتی ئەم بنەماڵەیە لە(شێخ عەلی) باپیری شێخ سەعیدەوە دەستیپێکردووە.

ڕۆبەرت ئولسون لەلاپەڕە (٩٩)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٠ وا باسکراوە کە شێخ عەلی لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا چۆتە (Palu–پالو) و لەوێ ئەرکی شێخایەتی بەجێهێناوە، بەڵام ساتێك کێشە لەنێوان ئاغاکان و بەگەکانی ئەوێدا ڕوویدا کە شێخ عەلی ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لەڕوودانی ئەو کێشەیەدا ئیتر ناچاربووە (پالو) بەجێبێڵێت و ڕوویکردۆتە (Hinis–هینس) کە شوێنێکە لەناوچەی ئەرزڕوم و لەدوایئەوەی ژنیهێناوە لەوێ توانیویەتی کاربکاتە سەر

هەردوولا (مەبەست ئاغا و بەگەکانی پالو بووە) و لەسەر داخوازی هەردوولا جارێکی تر شێخ عەلی گەڕاوەتەوە بۆ پالو (دیارە شێخ عەلی ئاشتیکردونەتەوە).

بەپێی کتێبەکەی (ڕۆبەرت ئولسون) شێخ عەلی باپیری شێخ سەعید پێنج کوڕی هەبووە گەورەکەیان (مەحمود) بووە کە باوکی شێخ سەعید بووە و لەدوای مردنی شێخ عەلی گۆڕەکەی بووە بەمەزارێکی پیرۆز و هەروەکو پیاوچاك (Sant-قدیس) سەیری گۆڕەکەی دەکرا و بەمەزاران خەڵك دەچوونە زیارەتی مەزارەکەی و دیاری و بەراتیان دەبرد بۆ بنەماڵەکەی و بەمە ئەو بنەماڵەیە ئەوەندەی تر بوون بەدەستڕۆیشتوو و دەسەڵاتدار.

بەڵام (د. عوسمان عەلی) لەژمارە (١٤)ی گۆڤاری (ئاڵای ئیسلامی) ساڵی ١٩٩٨ ئاماژەی بۆ بۆچونێکی (عبدالملك فرات) کردووە، کە دکتۆر عوسمان عەلی دەڵێ (عبدالملك فرات) کوڕەزای شێخ سەعید بووە، بەپێی ئەوەی (عبدالملك فرات)، شێخ عەلی بە(شیخ علی السبطی نقشبندی) ناسراوبووە-کە سبط گوندێکە نزیکی دیاربەکر-لەگوندی (پالو) کە سەر بەویلایەتی (غنج) بووە، توانیبووی (زازا)کان لەخۆی نزیکبکاتەوە. دەربارەی (عبدالملك فرات) خۆی کە سەرچاوە/١٠٩ وەکو دکتۆر عوسمان وتویەتی کوڕەزای شێخ سەعید بووە، ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا (بنەماڵەی شێخی پیران) سەرچاوە/٥٠ وتویەتی: (عبدالملك فرات) کە دایکی ناوی (عائشە هانم) بووە، عائشە خانم کچی شێخ سەعید بووە و خێزانی (شێخ صباح الدین)ی کوڕی شێخ (بهاء الدین) برای شێخ سەعید بووە (وەکو لەدواییدا باسدەکرێت شێخ (بهاء الدین) لەلایەن تورکەکانەوە لەماڵی خۆیاندا لەهینس شەهیدکراوە، بەپێی ئەمەی ڕۆبەرت ئولسون دەبێ (عبدالملك فرات) کچەزای شێخ سەعید بووە و برازازاشی بووە.

دەربارەی ناوی باوکی شێخ سەعید کە (مەحمود) بووە، پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٩ لەو باسەی ڕۆژهەڵاتناسەکانی ڕوس ئامادەیانکردووە (سەرچاوە/٦٣) هەردووکیان بۆچوونیان وەکو ڕۆبەرت ئولسون وایە، بەڵام هەروەکو (حامید گەوهەری) لەوەرگێڕانی کتێبەکەی (حسن عرفە) بۆ زمانی فارسی (کورد از بیرون)، چاپی سوید، (١٩٨٥) لەلاپەڕە (٥٠)دا بەهەڵە وتراوە شێخ سەعید کوڕی عەلی ئەفەندی بووە کە لەڕاستیدا کوڕەزای بووە.

(کریس کوچرا)ش لەپەراوێزی لاپەڕە (١٣٨)ی کتێبە وەرگێراوەکەیدا بۆ کوردی لەلایەن (محمد ریانی) سەرچاوە/٤١ هەمان شتی ئەوەی (حامید گەوهەری) دووبارەکردۆتەوە کە بەپێی بۆچوونی ئەم دوو سەرچاوەیەی دوایی

باوکی شێخ سەعید و باپیریشی هەردووکیان ناویان (عەلی) بووە. ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکـەی تریـدا سەرچـاوە/٨٤ وتویـەتی شـێخ سـەعید لەسـاڵی ١٨٦٥دا لـەدایکبووە، بـەپێی ئەمـە دەبـێ کـە سـاتێك شۆڕشـی پـیران لەسـاڵی ١٩٢٥دا دەستپێکردووە تەمەنی (٦٠) ساڵ بووبێت، بەپێی ئەم کتێبەی ڕۆبەرت ئولسون لـەدوای لـەدایکبوونی شـێخ سـەعید بەماوەیـەك شـێخ مـەحمود گەڕاوەتـەوە بـۆ (هینس) کە تەکیەی شێخ عەلی لێبووە کە وەختی خۆی دروستیکردبوو، لەوێ شێخ سەعید لەژێر چاودێری باوکیدا قورئانی تەواوکردووە لەگەڵ کتێبە زانیاریە ئاینیەکاندا.

دوایئـەوەی شـێخ مـەحمود کۆچـی دوایـی دەکـات، شـێخ سـەعید جێگـەی دەگرێتـەوە و دەبێتـە گـەورەی ئـەو بنەماڵەیـە و بەسەرپەرشـتیکەری تەکیەکـەی بـاپیری و لەسـاڵی ١٩٠٧دا گەشـتێك دەکـات بەویلایەتـەکانی ڕۆژهەلاّتـدا و ئاشنایەتی پەیدادەکات لەگەڵ تاقمی حەمیدیەدا (مەبەست سوارەی حەمیدیە)یە، لەو ڕۆژانەدا نازناوی (بدیع الزمان)ی پێدراوە. ئەم نازناوە لەدوای (بدیع الزمان الهمدانی)یەوە بەچەند زانایەك دراوە کە شێخ سـەعید یـەکێك بـووە لەوانە و لەبەرگی یەکەمدا باسـی مـەلا سـەعیدی نەورەسـیش کـراوە کـە هـەمان نازنـاوی هەبووە.

دەربـارەی ئـەو نازنـاوەی شـێخ سـەعید، لـەدوای گرتنـی شـێخ سـەعید پـاش شکانی شۆڕشەکەی، پیرەمێردی شاعیر کە دۆستی شێخ سەعید بووە بەشیعرێك باسی شێخ سەعیدی کردووە کە وتویەتی:

کاک ئەحمەدەکەی خۆشەویستی خوا	زۆر کەس لەسایەی تۆوە نان دەخوا
کە لەزیندانیان تێکخزاندوین	سێدارەیان بۆ داچەقاندبووین
تۆ چووبوویتە لای (بدیع الزمان)	مژدەت دابوویە بەژیان و مان

ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٠ باسی براکانی شێخ سەعیدی بەم جۆرە باسکردووە:

١-شێخ عادل-کە لەشەڕێکدا لەنزیکی (حەلەب) شەهیدکراوە.

٢-بهاو الدین-لەهینسدا شـەهیدکراوە (بەرلەمـە وتمـان بهـاو الـدین بـاپیری عبدالملك فرات بووە).

٣-عبـدالرحیم-لـەبۆتان کۆچـی دوایـی کـردووە (لەباسـی دەهەمـدا باسـدەکرێت لـە ١٩٣٧/٦/١٩ لەسێدارە دراوە).

٤-مەهدی.
٥-تاهیر.

لەهەمان کتێبی ڕۆبەرت ئولسون کە لەگۆڤاری (کوردنامە)دا هەندێکی باسکراوە، ژمارە (٢،٣)، ئەیلولی ١٩٩٥ وتویەتی شێخ سەعید چوار کچ و شەش کوڕی هەبووە (لەبەشی نۆهەمی ئەم بەرگەدا-بارودۆخی ناوچەکە دوای شکاندنی شۆڕشەکە) باسی ئەو کەسوکارانەی شێخ سەعید دەکەین کە ڕۆبەرت ئولسون ئاماژەی بۆ کردون چییان بەسەرهاتووە.

ڕۆبەرت ئولسون لەباسەکەیدا وتویەتی شێخ سەعید کارێکی وایکردبوو کچەکانی خۆی ئەدا بەکوڕە شێخەکان مارەیان بکەن و بۆ براکانیشی ژن لەوان بێنن و کچی سەرۆك عەشایرەکان مارەبکەن بۆئەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەکەیان بەهێزبێت و بەهۆی ئەو خزمایەتیە تازانەوە لایەنگر بۆ خۆی زۆربکات و خۆی کچێکی لەکرمانجیەکان هێنابوو کە لەعەشیرەتی (جبران) بوو بۆئەوەی سنوری دەسەڵاتی لەسنوری ناوچەکانی زازاش تێپەڕبکات کە ئەو ژنەی پوری خالید بەگ جبران بوو.

لەساڵی ١٩٢٥ کە شۆڕشەکەی دەستپێکرد هێشتا مرۆڤێکی بەتوانا و لەش ساغ بوو، پیاوێکی قۆز بوو، ڕیشی لەخەنە دەگرت و کلیشی دەکردە چاوی (لای هەندێ لەپیاوە ئاینیەکان کل شتێکی پیرۆز بوو لەکێوی تورەوە دەهێنرا). شێخ سەعید لەو ڕۆژانەدا بەدەوڵەمەندترین کەس دەژمێردرا لەکوردستاندا، نزیکەی سەدوبیست شوان سەرپەرشتی مەڕومالأت و گاوگۆتاڵەکەیان دەکرد و دەیانبردن بۆ شوێنی لەوەڕ کە لەوەڕگاکانی لەنێوان (پالو-هینس)دا بوو.

بەوپێیە شێخ سەعید لەدەوروبەری دیاربەکرەوە هەتا (حەلەب) بەپیاوێکی بەتوانا و دەسەڵاتدار ناوبانگی دەرکردبوو (دەربارەی ئەو مەڕومالأتە زۆرەی شێخ سەعید لەسەرچاوە/١٠٩دا لەگۆڤاری ئالأی ئیسلامدا باسی ئەوە کراوە کە ساتێك شێخ سەعید هەستی بەوەکردبوو تورکەکان نیازیان باش نەبوو لەگەڵیدا و خەریکبوون بیدەن بەدادگا، عەلی ڕەزای کوڕی ناردبوو بۆ حەلەب بۆئەوەی (٢٠) ڕانەمەڕ لەڕانەکانی بفرۆشێت بۆئەوەی پارەکەی تەرخان بکات بۆ پێویستیەکانی ئەو شۆڕشەی چارنەبوو دەبوایە لەگەڵ تورکەکان بیکردایە.

ڕۆبەرت ئولسون لەهەمان باسیدا لەسەرچاوە/٥٠ ئاماژەی بۆ باسێکی (مەلا حەسەن) ناوێك کردووە کە بۆ (مارتن ڤان برونسون)ی گێڕابووەوە کە وتبووی:

((شێخ سەعید مرۆڤێکی نەتەوەپەرست (Nationalist) بوو، هیچ کەسێکی بەفریو نەئەدا بۆ سودی تایبەتی خۆی و ڕەخنەیەکی زۆریشی لەو شێخانەی تری نەقشبەندی گرتبوو کە هەستی نەتەوایەتی کوردیان بایەخ پێنەدابوو، تەنها هەر بەو شتانەوە خەریك بوون کە سوودی تایبەتی خۆیانی تیادابوو، هەندێکیانی زۆرتر بەچەتە و ڕێگر دادەنا وەك لەوەی کاروباری ئاینی بەباشی و لەڕێگەی ڕاست و دروستەوە بەجێبێنن)).

دەربارەی ئەو هەستەی شێخ سەعید و ئەو بۆچونەی کە وەکو (مەلا حەسەن) باسیکردووە، شیعرێکی چوارخشتەکی (مەحوی) شاعیرم هاتەوە بیر کە ئەویش ڕەخنەی لەو جۆرە شێخانە بەم شێوەیە گرتووە:

شێخێک هەمەوەندێکی دەدا پەند و نەصیحەت
ئەو قوڕبەسەرەی دابووەبەر فەحش و فضیحت
خۆشی هاتەجواب و وتی: تۆ هەقتە فەقەت من
قطاعی طریقم نەکو قطاعی طریقەت

باسی دوهەمی بەشی دەهەم

هەڵوێستی حکومەت بەرامبەر کوردی ناوچەکە بەر لەشۆڕش و لەکاتی دەستپێکردنیدا

لەو باسەی سەرچاوە/٥٠دا ئاماژەی بۆ باسێکی (قاسم فرات) کردووە، کە ئەو باسەی (قاسم فرات) لەلایەن (میدیا غونشی)یەوە لەئەستەمبوڵ لەساڵی (١٩٩٥)دا بلاّوکراوەتەوە و وەرگێڕاوە کە لەگۆڤاری کوردنامەی ژمارە (٢،٣)ی ساڵی ١٩٩٥دا بلاّوبوەتەوە لەمانگەکانی تەموز و ئەیلولدا، بەپێی ئەوە (قاسم فرات) دەربارەی شێخ سەعیدی باپیری وتویەتی: ((بزوتنەوەکەی شێخ سەعید بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی و شۆڕشێکی نەتەوایەتی بوو هەرچەند هەوێنی بزوتنەوەکە بریتی بووە لەهەستێکی ئاینی. شێخ سەعید دژی ئەو یاسایانە ڕاپەڕیبوو کە مستەفا کەمال لەساڵی (١٩٢٤)دا دەریکردبوو بەپێی ئەو یاسایانە ئینکاری بوونی کوردی کردبوو، ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی شێخ سەعید و هاوکار و هاوبیرەکانی خۆیان پێنەگیرێت و دەستبکەن بەشۆڕش. بەپێی دەستورەکەی مستەفا کەمال هەموو دانیشتوانی تورکیا دەبوایە خۆیان بەنەتەوەی تورك دابنێن و پێویست بوو هەموویان تەنها هەر بەزمانی تورکی قسەبکەن و بناغەی کۆمارەکەی لەسەرئەوە داڕێژرابوو میللەتی کورد لەبۆتەی تورکدا بتوێنرێتەوە، شێخ سەعیدیش وەکو ئەو هەموو کوردەی ناڕەزایی و بێزاری خۆیان بەرامبەر بەوە دەربڕیبوو بێدەنگ نەبوو، بۆیە ڕاپەڕینی کوردی بەجیهادێکی ئیسلامی دەزانی و ئەگەر بەرامبەر بەو تاوانە بێدەنگ بوایە خۆی بەگوناهکار دەژمارد و لەڕۆژی قیامەتدا بەرامبەر بەو بێدەنگیەی لێپرسینەوەی بەرامبەر دەکرا، بۆیە خۆی پێنەگیرا و بەئاشکرا بڕیاریدا بەرامبەر بەو زوڵم و ستەمە نەوەستێ و ئیعلانی جیهادی کرد)).

دەربارەی ئەو یاسا ناڕەوایەی بووبوو بەهۆی بێزاربوونی شێخ سەعید بەرامبەر بەڕەفتاری تورکەکان کە هەرچەند دەبوایە دەمێك بوایە هەر لەبزوتنەوەکەی (مەلاتیە-دەرسیم-کوجگیری)یەوە بێدەنگ نەبوایە کە نیازی تورکەکان ئاشکرابووبوون، بەلاّم وادیارە دەرچوونی ئەو یاسایە هۆیەکی کاریگەر بووە بۆ بزواندنی هەستی شێخ سەعید و هاوکارەکانی و دەربارەی ئەو یاسایە لەدوو سەرچاوەدا کە بریتی بوون لەکتێبەکەی (مارتن ڤان برونسون) و کتێبەکەی

(ڕۆبەرت ئولسون) بەدووروودرێژی باسی ئەو یاسایە کراوە، لامواية سەرچاوەی هەردووکیشیان هەر بریتی بێت لەدوکیومێنتی ژمارە (Fo.٣٧١-E.١١٩٣-H٩٣/٦٥) ساڵی (١٩٢٤)ی ناو ئەرشیفی بەریتانیا کە لەو دوکیومێنتەدا باسی سکاڵایەکی ئەندامانی کۆمەڵی (ئازادی) تیاداکراوە کە بریتیە لەوەی لەو دوکیومێنتەدا وتراوە کە ڕۆبەرت ئولسون هەمووی باسکردووە: ئەفسەرە کوردەکان (بێگومان مەبەستی ئەو ئەفسەرە کوردانە بووە کە لەکۆمەڵی ئازادیدا بوون)، یازدە هۆی سیاسیان خستبووە بەرچاو کە وای لەکورد کردبوو خۆیان ئامادەبکەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سیاسەتی تورکەکان کە بەپێی ئەو سیاسەتەیان نەخشەیەکیان ئامادەکردبوو چۆن کورد ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت و لەبۆتەی نەتەوەی تورکدا بتوێنرێتەوە، کە ئەو یازدە هۆیانە بریتی بوون لە:

١-بەپێی ئەو یاسایەی حکومەتی تورکیا دەربارەی کەمەنەتەوەکان دەریکردبوو، حکومەت نەخشەی ئەوەی کێشابوو بەشێنەیی و بەپێی ئەو پرۆگرامەی ئامادەکرابوو کوردەکان لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بەکۆمەڵ بگوێزرێنەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەناتولیا و تورك بهێنرێتە جێگەیان و لەشوێنی ئەواندا نیشتەجێبکرێن کە لەو ڕۆژانەدا ئەو تورکانەی لەکۆسۆڤۆ و ئەلبانیاوە بۆ ئەو مەبەستە بهێنرێن.

٢-هەڵوەشانەوەی خەلافەت بووبوو بەهۆی هەڵوەشانی ئەو شیرازەیەی تا ئەو ڕۆژە تورك و کوردی پێکەوە گرێدابوو.

٣-قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی و ناچارکردنی کورد کە دەبوایە لەناو دادگاکان و لەقوتابخانەکاندا تەنها هەر بەتورکی بێت، بەئاشکرا هەڕەشەکردنێکی تەواوبوو لەبوونی نەتەوەی کورد و لەتوانەوەیدا لەناو بۆتەی نەتەوەی تورکدا، بەتایبەتی داخستنی قوتابخانە ئاینیەکان کە تەنها شوێنێك بوون لەناویدا کورد دەرفەتی ئەوەی هەبێت بەزمانی خۆی دەرسی تیابخوێنێت و قسەی تیادابکات.

٤-قەدەغەکردنی ناوهێنانی وشەی کورد و کوردستان و گۆڕینی گەلێك شوێن کە ناوەکانیان ناوێکی کوردی بوون و کران بەتورکی، نیازێکی تری تورکی ئاشکراکرد بۆ لەناوبردنی کورد.

٥-فەرمانبەرە گەورەکان بۆ ناوچەکانی کوردستان وەکو والی و موتەسەڕیف تەنها هەر لەوانە دادەنران کە تورکی نەژاد بوونایە و لابردن و دورخستنەوەی

فەرمانبەرانی کورد بۆ شوێنە دوورەکان لەسەرەتادا و لابردنیان بۆ ئێجگاری لەپاش ماوەیەك کارێکی وایکردبوو کورد لەناو دەزگاکانی حکومەتدا نەمێنێت.

٦-ئەو هەموو باج و ڕەسمانەی لەدانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان دەسێنرا هیچی بۆ سودی ئەو دانیشتوانە تەرخان نەدەکرا و لەدادگاکاندا هیچ کەسێك بەبێ دانی بەرتیل بەکاربەدەستانی تورك مافی خۆی دەستگیرنابێتەوە.

٧-لەهەڵبژاردنی نوێنەرانی ویلایەتەکان لەناوچە کوردیەکاندا بۆ ئەنجومەنی ویلایەتەکە، حکومەت تەنها هەر ڕێگە بەوانە ئەدات هەڵبژێردرێن کە بەڕەگەز تورك بن.

٨-سیاسەتی حکومەت بۆ تێکدانی عەشیرەتەکانی کورد لەناو خۆیاندا و هاندانی لایەك کە بچێت بەگژ لایەکی تردا بووە بەپیشەی حکومەت و ڕێگە لەوە دەگیرێت کە هیچ کوردێك هاوکاری لەگەڵ لایەکی تری کورددا بکات.

٩-هێرشبردن و دەستدرێژیکردنی سەربازەکانی تورك بۆ سەر دانیشتوانی ناوچە کوردن... ەکان بەبیانوی پشکنین و گەڕان بەدوای سەربازی ئیجباریدا ڕێگەی بۆ ئەو سەربازانە خۆشکردوە بەئارەزوی خۆیان سەرانە و بەرتیل لەخەڵك بسێنن و تالأنیان بکەن.

١٠-ئەو کوردانەی دەکرێن بەسەربازی ئیجباری لەناو سوپادا بەوپەڕی خراپی و بێویژدانیەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت و سوکایەتیان پێدەکرێت و قورسترین و گرانترین ئەرکیان پێدەسپێردرێت.

١١-هەرچی سامانی کانەکانزاکانی کوردستانە هەمووی خراوەتە ژێر دەستی سەرمایەدارانی حکومەتی ئەڵمانیا و کورد لەهیچ کارێکدا ڕێگەی ئیشی پێنادرێت و هیچ سودێکی لێدەستگیرنابێت.

ڕۆبەرت ئولسون لەلاپەرە (١٩٣)ی سەرچاوە/٨٤دا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی حکومەت ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (مارتن ڤان برونسون) کردووە کە وتویەتی: لەڕاپۆرتێکی حکومەتی تورکیادا کە لەڕۆژی ١٩٢٤/١١/٨دا دەرچووە، باسی ئەوەی کردووە چۆن حکومەت کوردەکانی ناچارکردبوو هەموو دەغڵودانەکانیان بەزۆرەملێ بگوێزنەوە بۆ ناو عەمارەکانی حکومەت بەبیانوی ئەوەی ئەو دەغڵودانانەیان لێدەکڕێ و ئەو پسولانەی دەدران بەخاوەنەکانیان دەربارەی کێشی ئەو دانەوێڵە وەرگیراوانە هەمیشە بەکەمتر دەنوسران لەپسولەکاندا وەك لەکێشی ڕاستی و لەدانی پارەکەشیدا فڕوفێڵێکی زۆریان

لێدەکرا. شانبەشانی ئەمەش کاربەدەستانی حکومەت بۆ گواستنەوە کەلوپەلی خۆیان کوردەکانیان ناچاردەکرد ولاخیان بەخۆڕایی بۆ ئامادەبکەن بۆ ئەو گواستنەوەیە.

ڕۆبەرت ئولسون لەباسەکەیدا ئەڵێ بەرلەوەی کوردەکان ئەو یازدە هۆیەی وایلێکردبوون بێزاری خۆیان دەربڕن بەرامبەر بەحکومەت، حکومەتی تورك دوو یاسایان دەرکردبوو کە بریتی بوون لە:

١-لە ١٩٢٤/٢/٢٥دا لەهەموو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتدا ئیعلانی عورفی کرا.

٢-لە ١٩٢٤/٤/٤دا ئەنجومەنی بالآی میللی بڕیار و یاسایەکی تریان دەرکرد ناوینرا (قانون استقلال) و بەپێی ئەمە هەموو جۆرە دەسەلاتێکی بێسنور درا بەو دادگایانەی لەئەنقەرە و دیاربەکر پێکهات و ئەوەی دیاربەکر بەسەرۆکایەتی (مەزهەر مفید) بوو کە خەڵکی (Donzil) بوو کە لەدواییدا ئەم دادگایە تەرخانکرا بۆ دادگاکردنی کورد وەکو لەکۆتایی شۆڕشی پیراندا باسدەکرێت.

باسی سێههەمی بەشی دەهەم

کۆمەڵی ئازادی، چۆنیەتی پێکهاتنی، ئەندامەکانی

لەبەشی سێهەمی ئەم بەرگەدا بەدووروودرێژی باسی ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوە کوردیانەمان کرد کە لەدوای شەڕی یەکەم لەباکوری کوردستاندا پێکهات کە گەورەترین ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوانە بریتی بوو لە(کورد تعاون و تعالی جمعیتی) بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادری شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان جێگری بوو، بەلاًم بەداخەوە زۆری پێنەچوو ئەو کۆمەڵە لەناوخۆیدا بوو بەدوو بەشەوە و هیچ بەشێکیشیان لەبەر دوبەرەکی و ناکۆکی لەگەڵ لاکەی تردا نەپەرژانە سەرئەوەی کارێکی ئەوتۆ بکات سوود لەو هەل و دەرفەتە لەبارە وەربگرێت کە بۆ کورد ڕەخسابوو، کە ساتێك تورکەکان لەبەڵێنەکانیان پاشگەزبوونەوە هەروەکو لەبەشی هەشتەمدا باسمانکرد ساتێك کورد بەناچاری لەبزوتنەوە و ڕاپەڕینەکانی مەلاتیە و دەرسیم و کوجگیریدا ڕووبەڕووی سوپای تورك بووەوە، کورد ڕێکخراوێك یان کۆمەڵێکی سیاسی نەبوو سەرپەرشتی ئەو ڕاپەڕینانەی بکات بۆیە هیچیان لەسنوری بزوتنەوەیەکی ناوچەیی بەولاوە تێپەڕی نەکرد و کورد لەئەنجامی هەر سێ ڕاپەڕینەکەدا لەماڵکاولی و زیان بەولاوە هیچی تری دەستگیرنەبوو.

ساتێك کورد بەخۆی زانی ئەوا تورك بەئاشکرا خەریکە دەست دەخاتە بینەقاقای و نیازیوایە بۆ ئێجگاری لەناوییبات، هەندێ لەسیاسەتمەدارانی کورد لەوانەی دەرسیان لەسەرنەکەوتنەکانی ئەو سێ بزوتنەوەیە وەرگرتبوو، بیریان لەوە کردبووەوە هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێکی تر بەبێئەوەی لەلایەن ڕێکخراوێکی سیاسیەوە سەرپەرشتی بکرێت بێئەنجام دەبێت و سەرناگرێت، بۆیە بیر لەپێکهێنانی (کۆمەڵی ئازادی) کرایەوە، هەرچەند بەداخەوە ئەم کۆمەڵەش بەرلەوەی بتوانێت کاروباری شۆڕش بباتبەڕێوە و سەرپەرشتی بکات حکومەت ئاگاداری چالاکیەکانی ئەو کۆمەڵە و ئەندامەکانی بوو، بۆیە بەرلەوەی شۆڕشەکە دەستپێبکات، ئەندامە چالاکەکانی سەرکردایەتی ئەو شۆڕشەی گرت و لەسێدارەیدان و لەئەنجامدا ئەمەی شۆڕشی پیرانی لێپەیدابوو، سەرەنجامەکەی هەروەکو ئەوەی کوجگیری بەسەرداهات ئەگەرچی شۆڕشی پیران بەقەوارە و

بەژمارەی شۆڕشگێڕ و چەکدارەکانی زۆر جیاوازبوو لەوانەی بەرلەخۆی، کە لەدوا باسێکدا کە بۆ شۆڕشی پیران تەرخانکراوە دەچینەوە سەر ئەم باسە.

دەربـــارەی چـــۆنیەتی دروســـتبونی کۆمـــەڵی ئـــازادی و ئەندامـــەکانی و چـالاکیەکانی و کـاتی دامەزرانـدنی گـەلێك سەرچـاوە باسـیانکردوە، مـارتن ڤـان برونسـون و (Gerard Benecke) لەباسـەکەیاندا سەرچاوە/١٠٥دا وتویانـە کۆمـەڵی ئـازادی لەسـاڵی ١٩٢٣دا پێکهـاتبوو، بـەلام ڕۆبـەرت ئولسـون لەلاپـەڕە (٤١)ی کتێبەکەیـدا سەرچـاوە/٨٤ وتویـەتی ئـەو سـەربازانەی کـورد کـە بەشـداربوون لەڕووداوەکـەی (بیت الشـباب)دا لـەڕۆژی ١٩٢٤/٩/٤دا وتویانـە کۆمەڵی ئـازادی لەساڵی ١٩٢١دا دروستبوو (ئەو هەموو سەرچاوانە باسی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی بـاکوری کوردسـتانیان کـردووە و ئێمـە لەباسـی دوهـەمی بەشـی سـێهەمی ئـەم بەرگەدا باسمانکردون، هیچ سەرچاوەیەکم نـەدی باسی دامەزرانـدنی کۆمـەڵێکیان کردبێت بەناوی ئازادیەوە لەساڵی ١٩٢١دا.

بەلام پرۆفیسۆر حەسرەتیان کە (بـاقی نـازی) کتێبەکـەی لەڕوسـیەوە کـردووە بەعـەرەبی سـەرچـاوە/٤٩ لـەو وەرگێڕاوەدا کۆمەڵـەی ئازادی بـە(جمعیـة اسـتقلال) ناوبردووە، بەرامبەر بەو ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ کۆمەڵەکەی بـە(Jewata Azadi Kurd–جڤاتـا ئـازادی کـورد) ناوهێنـاوە و بەئینگلیزیەکـەی بەرامبـەر بـەو نـاوە بـە(Society for Kurdish Freedom) ناوبردووە کە کوردیەکەی (سەربەســتی و ئــازادی) دەگرێتـــەوە و دوورنیـیــە لـــەوەرگێڕانی ڕوســـیەکەی حەسرەتیانەوە بۆ عەرەبی ڕەنگە لەڕووسیەکەدا هـەر بەمەبەستی ئازادی بووبێت کە لەعەرەبیەکەدا بووە بە(استقلال).

دەربـــارەی کۆمـــەڵی ئـــازادی و ئەندامـــەکانی و ســـەرکردایەتی کۆمەڵەکـــە، لەسەرچاوەکاندا وا دەردەکەوێت (خالید بەگ جبران) نەخشەکێشی دامەزرانـدنی کۆمەڵەکە بووە بەهاوکاری (یوسف ضیاء بەگ) کە دیـارە ئەنـدامی سەرکردایەتی کۆمەڵەکە بووە. هەروەکو پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا ئامـاژەی بۆ لاپـەڕە (٢٧)ی کتێبەکەی (شریف فرات) کردووە کە وتویەتی لەدوایئەوەی بەپێی بڕیاری مستەفا کەمال، (خالید بەگ جبران، یوسف ضیاء بەگ) گیران و دران بەدادگا ئیتر شێخ سەعید بووە بەسەرۆکی ئەو کۆمەڵە کە حەسرەتیان بەکۆمـەڵی (استقلال) ناویهێناوە.

دەربارەی شێخ سەعید بەرلەوەی بکرێت بەسەرۆکی کۆمەڵی ئازادی، سەرچاوە/١٠٩ ئاماژەی بۆ دوکیومێنتی ژمارە (Fo.٣٧١-١٩٢٤.E١١) کردووە کە لەو دوکیومێنتەدا لەراپۆرتێکدا لەژێر ناوی (Report in Kurdish National Society) وتراوە شێخ سەعید ئەندامی کۆمەڵی ئازادی نەبووە، بەڵام پەیوەندیەکی زۆر بەهێزی هەبووە لەگەڵ (خالید بەگ جبران)دا کە ئاوەڵزاوای بووە (بەرلەمە لەباسی ژیانی شێخ سەعیددا باسی ئەوە کراوە کە شێخ سەعید پوری خالید جبرانی مارەکردبوو لەبەرئەوە نابێ ئاوەڵزاوای یەکتر بووبن، مەگەر شێخ سەعید ژنێکی تریشی بووبێت خوشکی ژنەکەی خالید جبران بووبێت کە هیچ سەرچاوەیەك باسی ئەمەی نەکردووە).

مارتن ڤان برونسون و هاورێکەی لەسەرچاوە/١٠٥دا وتویانە: ئەگەرچی ئازادی یەکەم رێکخراوی ناسیۆنالیستی کورد نەبوو، بەڵام لەرێکخراوەکانی بەرلەخۆی باشتر رێکخرابوو، زۆر لەئەندامەکانی ئەفسەری سوپا بوون یان شێخانی عەشیرەت بوون بەپێچەوانەی ئەوانیتر (مەبەست ئەو کۆمەڵ و رێکخراوە کوردیانە بووە لەدوای شەری جیهانی و بەرلەوەش کە لەبەرگی یەکەمدا و لەباسی دوهەمی بەشی سێهەمی ئەم بەرگەدا بەدووروردرێژ باسمانکردون) کە ئەوانیتر بریتی بوون لەئەرستۆکراتیە شارنشینەکان.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان ئاماژەی بۆ لاپەرە (٣١١)ی کتێبەکەی (Toker Shegh Said Velsani) چاپی ئەنقەرە ساڵی ١٩٦٨ کردووە کە لەو کتێبەدا وتراوە (خالید بەگ جبران) رێبەری کۆمەڵی ئازادی توانیبووی (حاجی موسی) سەرۆکی عەشیرەتی (موتکا) لەکۆمەڵی ئازادی نزیکبکاتەوە (لەشوێنی خۆیدا باسی حاجی موسی بەگ کراوە لەکۆنگرەی ئەرزرومدا کە مستەفا کەمال نامەی تایبەتی بۆ ناردبوو لەگەڵ بریارەکانی ئەو کۆنگرەیەدا)، خالید بەگ هەوڵێکی زۆری دابوو سەرۆك عەشیرەتەکانی تری کوردیش لەکۆمەڵی ئازادی نزیکبکاتەوە و چەند ئەفسەرێکی کوردیش لەوانەی لەناو سوپای تورکدا مابوون بیانکات بەلایەنگری کۆمەڵی ئازادی کە چەند ئەفسەرێکی خەڵکی باشوری کوردستانیشیان تیادابوو، وە لەژوور هەمووانەوە هەوڵێکی زۆری دابوو شێخ سەعید بکات بەلایەنگری کۆمەڵی ئازادی و لەهاوینی ساڵی ١٩٢٣دا (یوسف ضیاء بەگ) کە یەکێك بوو لەسەرکردەکانی کۆمەڵی ئازادی و لەسەرکردەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەو رۆژانەدا ناردبووی بۆ زیارەتی شێخ سەعید کە لە(خنس)دا بوو، لەوێ

(یوسف ضیاء بەگ) و شێخ سەعید لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە پێویستە کورد خۆی ئامادەبکات بۆ ڕاپەڕینێك بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەڵوێستی تورکەکان بەرامبەر کورد.

خالید بەگ جبران هەرچەند لەلایەن مستەفا کەمالەوە دوورخرابوەوە بۆ ئەرزڕوم بۆئەوەی پەیوەندی بەناوچەکانی کوردەوە نەمێنێت، بەڵام هەروەکو حەسرەتیان باسیکردوە لەزستانی (١٩٢٣-١٩٢٤)دا سەرکردەکانی کورد لە(پالو) گردبوونەوە بۆئەوەی لایەنگران کۆبکەنەوە بۆئەوەی بیروڕایان وەربگرن و هەتا دەهات ژمارەی لایەنگرانیان پەرەیدەسەند و لەبەهاری ١٩٢٤دا (یوسف ضیاء بەگ) بەناوی میوانداریێتی و سەردان چووەلای خالید جبران و هەردوکیان لەسەرئەوە ڕێکەوتن بەهاوکاری شێخ مەحمود لەباشوری کوردستاندا و لەکوردستانی ئێرانیش بەیارمەتی و هاوکاریکردنی سمکۆ بتوانن عەشایرەکان پرچەك بکەن و بڕیاریاندا یاداشتێك بدەن بە(عصبە الامم) و داوای لێبکەن یارمەتی کورد بدات و لەگەڕانەوەیدا (یوسف ضیاء بەگ) نامەیەکی خالید بەگی برد بۆ شێخ سەعید کە لە(کومسار) بوو لەناوچەی (خنس) و لەوێشەوە سەری لەچەند ناوچەیەك دا وەکو (غوکو، حاج عمر مکمان، ئوغلان، ڤاری، ئوفا، دارتوو، سەرۆك).

حەسرەتیان باسی چوونی (یوسف ضیاء بەگ)ی کردووە بۆ ئەستەمبوڵ بۆئەوەی لەوێ چاوی بەئەندامانی (حزبی جمهوری تقدمی) بکەوێت کە ماوەیەك بوو ئەندامەکانی لەگەڵ تاقمەکەی مستەفا کەمالدا لەسەر هەندێ شت ناڕێك بوون و ئەو حیزبە لەسەرەتادا هەڵوێستیان بەرامبەر کورد دوژمنانە نەبوو، لایەنگری ئەوە بوون ڕێز لەئاین بگیرێت و لەکاروباری وڵاتدا لامەرکەزیەت هەبێت بەئومێدی ئەوەی وەکو پێشوو لایەنگری ئەوە بن کێشەی کورد بەخۆشی چارەسەربکرێت، بەڵام کەمالیەکان لەسەرکردایەتی حیزبەکە کە (کازم قەرەبەکر پاشا)ی سەرۆك و (عەلی فوئاد پاشا)ی ئەمینی گشتی هەڵیانپێچابوون و ڕەخنەیەکی زۆریان لێگرتبوون کە هەڵوێستیان بەو شێوەیە خزمەتی کوردە یاخیبووەکان دەکات و لەئەنجامدا وایان لەوانیشکرد بەوپەڕی توندوتیژیەوە بیروباوەڕی خۆیان دەربڕن دژی کورد.

دەربارەی ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵی ئازادی، قەدری جەمیل پاشا لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧ لەلاپەڕە (١٠٣) وتویەتی: پاشئەوەی لاو و ڕۆشنبیرەکانی کورد نیاز و مەبەستەکانی کەمالیەکانیان بۆ ئاشکرابوو ئیتر

لەدەوری کەسایەتیەکی ناسراوی ئەو ڕۆژانە گردبوونەوە کە خالید بەگ جبران بوو، کە جگە لەو چەند کوردێکی تریش لەچالاکیدا بوون وەکو (ئیحسان نوری پاشا) لەبەدلیس و مولازمی یەکەم ئیسماعیل حەقی شاوەیسی خەڵکی سلێمانی و خورشیدی خەڵکی (خرتو) و بەپێی بڕیاری لیژنەی ناوەندیی کۆمەڵ بڕیاردرا چەند لقێکی کۆمەڵ لەناوچە جۆر بەجۆرەکانی کوردستاندا بکرێتەوە و ئەرکی ئەو کارە سپێردرا بەئیسماعیل شاوەیس و ئەویش بۆ ئەم مەبەستە چووە دیاربەکر و لەوێ من (قەدری جەمیل پاشا) و دکتۆر فوئاد و ئەکرەمی جەمیل پاشا و قاسم بەگ و محەمەد ئەفەندی محامی (باقی توژو) و حاجی ئاخنی و ئەکرەمی جەمیل پاشا و چەند هاوڕێیەکی تر بەشداریمان کرد لەدامەزراندنی لقی دیاربەکر و لقەکە لەگەڵ مەرکەزی کۆمەڵ کە لەئەرزڕوم بوو، نامە و باسی ڕووداو و هەواڵەکانی بەشفرە دەنێردرا بۆ یەکتری و (تەیب عەلی) کە لاوێکی ئازا و لێهاتوو بوو کرا بەنوسەری لقی دیاربەکر.

دەربارەی ئیحسان نوری کە سەرچاوە/٥٧ ناویهێناوە، هەرچەند لەبەرگی سێهەمی ئەم کتێبەدا لەباسی شۆڕشی ئاراراتدا بەدوورودرێژی باسی ژیانی ئیحسان نوری سەرکردەی هێزەکانی ئارارات دەکەین، بۆیە لێرەدا تەنها ئەوی پەیوەندی بەشۆڕشی پیرانەوەیە باسیدەکەین.

ڕۆبەرت ئولسون لەلاپەرە (١٩٤)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ لەڕیزی سەرنجەکانیدا، لەسەرنجی ژمارە (٢٦)یدا وتویەتی: لەو ڕاپۆرتەی لەلاپەرە (٤٦)ی ناو دوکیومێنتی ژمارە (Air.٢٣-٤٣) کە لەمانگی سیبتەمبەری ١٩٢٥دا ئامادەکراوە، باسی ئیحسان نوری بەمجۆرە کردووە: ئیحسان نوری یەکێك بووە لەئەندامەکانی ڕێکخراوی (هێڤی) کە لەساڵی ١٩٠٨دا پێکهاتبوو، ساڵی (١٩١٠) کۆلێجی سەربازی تەواوکردبوو، وردە وردە پلەوپایەی لەناو سوپادا بەرەو پێشەوە چووە و لەساڵی ١٩١٩دا دژی هەندێ لەو ئەفسەرانەی لەگەڵیاندا بوو لە(غالیبولی) یاخیبوو (هیچ دوکیومێنتێك یا سەرچاوەیەکی تر باسی ئەو یاخیبوونە و هۆی یاخیبوونەکەی باسنەکردووە) و بۆ ماوەی دوو مانگ خۆی کرد بەسەرکردەی هێز و لەسزای ئەو یاخیبوونەیدا دادگاکرا و دوورخرایەوە بۆ بدلیس و کە گەیشتە بدلیس لەوێ پەیوەندی بەکۆمەڵی (Society of The Kurdish Rise of Kurdistan)ەوە کرد و دەسەڵاتی ئەوەی پێدرا لەبدلیس و سعرت و

دیاربەکر بەناوی کورد و کۆمەڵەوە کاربکات و لەوێوە ڕاپەڕینی (بیت الشباب)ی جێبەجێکرد (لەدواییدا باسی ئەو ڕووداوەی-بیت الشباب-دەکەین).

ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ دەربارەی ئیحسان نوری باسی ئەوەی کردووە چۆن تورکەکان دەیانویست درۆ بۆ ئیحسان نوری هەڵبەستن بۆئەوەی ناوی بزڕێنن و بڵاویاندەکردەوە کە ئیحسان نوری پیاوی خۆیانە و بۆ ئەو مەبەستە بەدرۆ بەشفرە چەند نامەیەکیان خستبووە ناو جانتایەکەوە و لەو نامانەدا وایان پیشاندابوو ئیحسان نوری لەژێرەوە پیاوی خۆیانە و بۆئەوەی لای خەڵك ناوی بزڕێنن و دڵی ئینگلیزەکانیشی لێکرمێبکەن و متمانەی پێنەکەن، ئەو جانتایەی ئەو نامانەی تیادابوو لەشوێنێکدا وایانکردبوو بکەوێتە دەست ئینگلیزەکان.

لەدوکیومێنتی ژمارە (Air.٢٣-٤٣٦) ڕۆژی ١٩٢٥/٢/٢٧دا بەم شێوەیەی خوارەوە دەستی تورکەکان دەربارەی ئیحسان نوری خراوەتەڕوو کە تیایدا وتراوە: ساتێك ئەو نامانەی ناو جانتاکە دەکەوێتە دەست ئەفسەرێکی لێپرسراوی بەریتانی دەنوسێت: ئەوەی لەم نامانەدا دراونەتە پاڵ ئیحسان نوری هەمووی بریتیە لەدرۆودەلەسە و بایەخ بەهیچیان نادرێت لەبەر ئەم دوو هۆیە:

١-تورکەکان بۆیە ئەم نامانەیان بەم شێوەیە نوسیوە و ڕێگەیانداوە وا بەئاسانی دەست ئێمە بکەوێت بۆئەوەی ئێمە بخەنە گومانەوە لەئیحسان نوری.

٢-نوسینی ئەو نامانە بەوجۆرە شفرەیە (دیارە بەئاسانی توانراوە شفرەکانی بخوێنرێنەوە) بۆئەوەی ئێمە هیچ جۆرە باوەڕێکمان بەئیحسان نوری نەبێت و سزای بدەین. (لەڕاستیدا بێجگە لەو دوو سەرنجەی ئەو ئەفسەرە باسیکردووە، تەنها کردنی ئیحسان نوری بەسەرکردەی هەموو هێزەکانی شۆڕشی ئارارات لەلایەن کۆمەڵی خۆیبوونەوە بەهێزترین بەڵگەیە بۆ ساختەچێتی و فرۆفێڵی تورکەکان).

دەربارەی کۆمەڵی ئازادی و ئەندامانی و لقەکانی، ڕۆبەرت ئولسون لەلاپەڕە (٤٢)ی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ دوکیومێنتی ژمارە (Air.٢٣-٤١١) ڕۆژی ١٩٢٤/١١/٨ کردووە کە لەو دوکیومێنتەدا وتراوە، کۆمەڵی ئازادی لەسەرەتادا لەساڵی ١٩٢١دا لەلایەن (خالید بەگ جبران)ەوە لەئەرزڕۆم دروستبووبوو، لەشوێنی تریشدا ئەو کۆمەڵە گەلێك لقی هەبووە کە لێپرسراوی هەرلقێك ناوەکەی نهێنی بووە و بەپێی قسەی ئەو ئەفسەرانەی لەڕووداوەکەی (بیت الشباب)دا دژی حکومەت

یاخیبووبوون باسی گەلێك لقی کۆمەڵی ئازادیان کردووە لەشوێنەکانی (دیاربەکر، سعرت، ئەستەمبوڵ، دەرسیم، بدلیس، قارس، هینس، موش، ئەرزنجان، ملازگرد، خەرپوت، وان) لەوانە لەناوچەی سعرت پێنج لق و لەبدلیس دوو لق و لەوان حەوت لق و لە(بیت الشباب) لقێك و لەهەموو ناوچەکاندا ژمارەی لقەکان گەیشتبوونە (٢٣) لق.

دەربارەی ئەندامانی کۆمەڵی ئازادی سەرچاوەکان هەریەکەیان بەشێوەیەك باسی هەندێ لەئەندامانی ئەو کۆمەڵەیان کردووە، بەڵام وادیارە ئینگلیزەکان زۆر مەبەستیان بووە زانیاریەکی تەواو کۆبکەنەوە بۆئەوەی بزانن ئەندامە چالاك و لێپرسراوەکانی کێ بوون و ژمارەی هەموو ئەندامەکان چەند بووە. دەربارەی ئەمە ڕۆبەرت ئولسون لەلاپەرە (٤٢)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ ئاماژەی بۆ دوکیومێنتی ژمارە (Air.٢٣-٤١١) کردووە کە بەرلەمە باسمانکردوە لەوەدا دەردەکەوێ ئینگلیزەکان زۆر مەبەستیان بووە بزانن هۆی دامەزراندنی کۆمەڵی ئازادی چی بووە (کە لاموایە دوورنییە ئینگلیزەکان حسابی ئەوەیان کردبێت کە ڕەنگە هەندێ لەئەندامانی ئەو کۆمەڵە بیریان لەوە کردبێتەوە پەیوەندی بەئینگلیزەوە بکەن، بۆیە هەروەکو ڕۆبەرت ئولسون لەلاپەرە (٤٥)ی کتێبەکەیدا باسیکردوە دەرکەوتووە مەبەست لەپێکهاتنی ئەو کۆمەڵە و پرۆگرامەکانی هەروەکو هەندێ لەئەفسەرانی کورد باسیانکردوە بریتی بووە لە:

١-ڕزگارکردنی کورد لەجەور و ستەمی تورك.

٢-کورد ببێت بەدەسەڵاتێکی ئەوتۆ بتوانێت وڵاتەکەی خۆی و هاوڵاتیەکانی بەرەو پێشەوەببات.

٣-هەوڵدان بۆ دەستگیربوونی یارمەتی یەکێك لەدەوڵەتەکان چونکە بۆ کورد دەرکەوتبوو بەبێ دەستگیربونی یارمەتی لایەك ناتوانیت بەرگەی حکومەت بگریت. هەرچەند هەندێ لەکوردەکان لایانوابووە سۆڤیەت هەوڵی ئەوەی دابوو یارمەتی کورد بدات بەڵام کوردەکان ئەوەیان پەسەندنەکرد و دەستگیربوونی یارمەتی بەریتانیایان لاباشتربوو وەك لەهی سۆڤیەت.

دەربارەی ئەوەی ڕۆبەرت ئولسون باسیکردووە لاموایە پێویستی بەڕوونکردنەوە هەیە چونکە:

<u>یەکەم</u>: ئەگەر کوردی وا هەبووبێ کە لای وابووبێت سۆڤیەت ئامادەبوو یارمەتی کورد بدات و کورد خۆی ئەوەی پەسەند نەکردووە لەگەڵ ڕاستیەکاندا

یەکناگرێتەوە چونکە هیچ بەڵگە و دوکیومێنتێکی وا بەدەستەوە نییە کە سۆڤیەت ئامادەبووبێت یارمەتی کورد بدات و بەپێچەوانەوە لەو ڕۆژانەدا هێشتا ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو پەیمانەدا تێپەڕی نەکردبوو کە لەنێوان تورك و سۆڤیەتدا مۆرکرابوو کە لەشوێنی خۆیدا بەدووروودرێژ باسی ئەو پەیمانەمان کردووە کە چەند زیانی بەمافی کورد و بەدواڕۆژی کورد گەیاندبوو.

<u>دوهەم</u>: ئەگەرچی سۆڤیەت لەهیچ کاتێکدا دەستی کوردی نەبڕیبوو بەوەی ئامادە دەبێت یارمەتی کورد بدات و لەبەڵێنەکەشی پاشگەزبێتەوە، بەڵام هەمیشە سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا بریتی بووە لەسیاسەتێکی دوڕوویی و لەهیچ کاتێکدا مەبەستی نەبووە لەو ڕۆژانەدا کورد هیچ جموجوڵێك بکات و نیازیشی نەبووە ئەگەر کورد شۆڕش بکات هیچ جۆرە یارمەتیەکی بدات وەکو لەباسی شۆڕشی پیراندا ئەو ڕاستیەی هەڵوێستی بەریتانیا بەدووروودرێژی باسدەکەین.

لەکۆتایی باسی کۆمەڵی ئازادیدا وەکو بەرلەمە باسمانکردووە، سەرچاوەکان بەپچڕپچڕی ناوی هەندێ لەئەندامانی کۆمەڵی ئازادیان هێناوە، بەڵام ئینگلیزەکان توانیویانە پوختەی ناوەکان کۆبکنەوە کە ناوەکانیان لەدوکیومێنتی ژمارە (Air.٥-٥٦٦)دا بڵاوکراوەتەوە و ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ ناوی ئەندامانی کۆمەڵی ئازادی وەکو چۆن لەو دوکیومێنتەدا باسکراوە ئەویش وەکو پاشکۆیەك لەلاپەڕەکانی (١٦٩-١٧١)دا ئەو ناوانەی بڵاوکردۆتەوە، ئێمەش دەقی ئەو لاپەڕانەی کتێبەکەی ڕۆبەرت ئولسون بەفۆتۆکۆپی بڵاودەکەینەوە:

MARDIN.	
Haji Khidr Effendi.	
Qaimmaqam Khidr Beg of Dersim.	(Sent there from Dersim.) Was OC 6th Regiment.
ERZING[J]AN.	
KHARPUT.	
DERSIM.	
Kangor Zadah Ali Haidar.	(Head of Branch.) (Tribes whom Azadi counted on to give them support.)
BITLIS AREA.	
Haji Musa Beg and his sons.	
Jamil Chatto.	Pachinar tribe.
Shaikh Salahuddin.	
Mustapha Agha.	Gharzan tribes.
Ali Agha s/o Mustapha Agha.	
VAN AREA.	
Karawilli Dezgin Agha.	Artushi tribes.
Abu Bakr (brother of Lezgin).	
Ismail Agha.	Gevdan tribe.
Umar Agha.	Mamkhuran tribe.
Ismail Agha Simko.	Shikak tribe.
Shaikh Abdul Rahman Effendi.	Berwardi tribe.
Shahin Agha.	
Yahya Agha.	Jirikan tribe.
Yaqub Agha.	Aruh tribes.
SHERNAKH AREA.	
Ali Khan Agha.	
Mustapha ibn Abdul Rahman Agha.	Haji Bairam tribes.
Shahin ibn Sulaiman Agha.	
'Agid Agha.	
Umar Timur Agha.	Chief of Batwan tribes.
Shaikh Tahir.	Batman tribes.
MARDIN AREA.	
Rammo Agha of Zangard.	
Aiyub Beg.	Milan tribes.
Isa Agha.	
Ibrahim Agha.	Dakouri tribes.
Faris Agha.	
Mahmud Beg ibn Ibrahim Pasha.	Milli tribes.

لاپەرە (١٦٩)ی کتێبەکەی ڕۆبەرت ئولسون

MUSH.	
BITLIS.	
Yusuf Zia Beg, Ex-Deputy.	(Head of Branch.)
Binbashi Haji Hassan Beg.	Bitlis.
Abdul Rahman Agha. }	Shernakh (now in prison in Sairt).
Haji Darsum Aghi. }	Of Mush.
VAN.	
Mullah Abdul Majid Effendi.	Brother of Mullah Sa'id Kurdi. (Head of Branch.)
Sa'adun Beg, Kara Hisar.	Chief of Hassaran Tribes.
Binbashi Arif Beg, Shamsaki.	Chief of Shamsaki Tribes.
Ali Beg.	Brother of Arif.

(Note. In early September informant heard that the well known Mullah Sa'id Kurdi had left Constantinople for Van via Bitlis.)

SAIRT.	
Yuzbashi Ihsan Beg.	(Head of Branch.)
Haji Abdullah Effendi, Merchant.	Sairt.
Darwish Beg, Inspector of Customs.	Sairt.
Qaimmaqam Razzak Beg.	Now Qaimmaqam of Belajik. (Sent by Governor of Anatolia.)
Miralai Wais Beg.	Retired.
SHERNAKH.	
Sulaiman Agha.	(Head of Branch.) Haji Bairam Tribes.
JAZIREH.	
Haji Dursun Effendi.	
Abdul Wahab Effendi.	
Abdul Muttalib Effendi.	Mudir of Sloopi Nahiyah.
DIARBEKIR.	
Jamil Pasha Zadah Akram Beg.	(Head of Branch.)
Doctor Fu'ad Beg.	
Abdul Ghani Beg.	
Doctor Nasim Beg.	
Binbashi Mustpha Beg.	
Qaimmaqam Adhan Beg.	1st Cavalry Division. Native of Diarbekir where he is known as an enthusiastic nationalist.

لاپەرە (١٧٠)ى کتێبەکەی رۆبەرت ئولسون

Appendix III: Azadi Membership as of September 1924

(Air 5/566; Kurdish names appear as written in the British documents.)

ERZERUM.	
Miralai Khalid Beg.	(Head of the Society; previously Commander of Erzerum Garrison, now a merchant in Kars.)
Qaimmaqam Salim Beg.	
Qaimmaqam Kuckuk Kazim Beg.	
Miralai Kuchuk Raghib Beg.	
Haji Maulud Effendi. or Haji Dorsum Effendi.	Notable of Erzerum.
Qaimmaqam Arif Beg.	Now Civil Qaimmaqam of Khinis.
Abdul Huda Jafar Beg. } Arslan Beg.	Brothers.
CONSTANTINOPLE.	
Saiyid Abdul Kadir Effendi.	(Head of Branch.)
Abdul Rahim, Lawyer.	
KARS.	
Yuzbashi Tawfiq Effendi.	(Head of Branch.)
BAYAZID.	
Shaikh Ibrahim.	
MELASHGIRD.	
MENASGIRD.	
Kur Hussain Pasha of Haidaranli tribe.	(Head of Branch.)
VARTAVA	(NEAR MELASHGIRD)
Khalid Beg.	(Head of Branch; distinct from President of Society.) Chief of the Hasserahli Kurds and Colonel of a Tribal Regiment.
KHINIS.	
Rushti Effendi.	(Head of Branch.)
Yuzbashi Rashid Effendi.	

لاپەرە (١٧١)ی کتێبەکەی رۆبەرت ئولسون

باسی چوارەمی بەشی دەهەم

سەرەتای ڕوویەڕووبونەوە لە(بيت الشباب)

زۆربەی سەرچاوەکان لەسەرئەوەن کە کۆمەڵی ئازادی بەسەرکردایەتی (خالید بەگی جبران) پێکهاتبوو، لەسەرەتادا شێخ سەعید ئەندامی ئەو کۆمەڵە نەبووە و تەنها بەهۆی خالید بەگەوە پەیوەندی بەو کۆمەڵەوە هەبووە ئەمیش وەکو خالید جبران و (یوسف ضیاء بەگ) و هاوڕێکانیان لەنیازی تورکەکان گەیشتبوو کە چ نەخشەیەکیان بەدەستەوە بووە بۆ لەناوبردنی کورد، بۆیە پڕ بەدڵ ئامادەبووە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵدا بکات و دوائەوەی ڕووداوەکەی (بيت الشباب) لەلایەن تورکەکانەوە کرا بەبیانوو و دەستیانکرد بەزەبروزەنگ نواندن دژی کورد و خالید جبران و (یوسف ضیاء) گیران و دران بەدادگا و لەسێدارەدران وەکو لەدواییدا باسیدەکەین.

ئیتر شێخ سەعید ڕێبەرایەتی ئەو کۆمەڵە و بزوتنەوەی کوردی گرتەئەستۆی خۆی و تورکەکان دەستیانکرد بەپڕوپاگەندەکردن دژی شێخ سەعید و بەوە تاوانباریان دەکرد پیاوێکی کەللەڕەق و وشك و نەزانە و لەژێر پەردەی ئاینی ئیسلامدا هەوڵی گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی دەدا و دەشیەوێ حکومەتێکی کوردی دامەزرێنرێت و ئیتر تورکەکان سڵیان لەهیچ شتێك نەدەکردەوە و بەئاشکرا دوژمنایەتی خۆیان دەردەبڕی و شێخ سەعیدیش وەنەبووبێ بێدەنگ بووبێت بەرامبەر بەو هەڵوێستەی کەمالیەکان و ئەویش کەوتەخۆی و پەیوەندی بەزۆر کەسەوە کرد بۆ خۆئامادەکردن بۆ ڕوبەڕوبونەوەی حکومەت بۆ پوچەڵکردنی ئەو نەخشەیەی دەربارەی کورد ئامادەیان کردبوو.

ئیسماعیل حەقی شاوەیس کە وەختی خۆی ئەفسەر بووە لەسوپای عوسمانیدا و یەکێك بووە لەئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵی ئازادی وەکو بەرلەمە باسیکردوە، پاش شکانی شۆڕشەکەی پیران کە گەڕایەوە بۆ سلێمانی هەر لەچالاکی خۆی نەکەوتبوو، بەڵکو لێپرسراوی لقی (ژ. ك) بووە لەسلێمانی و دەربارەی ڕووداوەکانی شۆڕشی پیران وەکو بیرەوەریەکی خۆی لەڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سلێمانیدا زۆرجار شتی نوسیوە کە یەکێك لەوانە بریتیە لەبلاوکردنەوەی بەیانێکی شێخ سەعیدی پیران لەمانگی مارتی ١٩٢٤ کە وەکو

ئیسماعیل شاوەیس وتویەتی ئەو بەیانەی شێخ سەعید بەشێوە زمانی کرمانجی ژووروو و بەزمانی تورکی لەناوچەکانی (ئەرزڕوم، وان، بدلیس، دیاربەکر، خەرپوت، مەلاتیە) ئەو بەیانەی بڵاوکردۆتەوە و ئیسماعیل شاوەیسیش لەلاپەڕە (٣٦)ی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)، ژمارە (٧)ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ کە لەسلێمانی دەرچووە بڵاویکردۆتەوە کە ئەمە دەقی ئەو بەیانەیە هەروەکو خۆی چۆنی بڵاوکردۆتەوە لێرەدا ئێمەش پێشکەشی دەکەین (کە دیارە کردویەتی بەکرمانجی خواروو): ((تورکەکان.. عوسمانیەکان.. داخەکەم بەناوی دین و خەلافەتی ئیسلامیەوە ئەمە ماوەی چوارسەد ساڵە بەرە بەرە ئێمەیان دیل و ژێردەست کردووە و بەرەو تاریکی و نەزانینیان بردووین و ڕێگەی نەهاتیان هێناوەتە بەرمان، خۆیان مردووی بەشی زیندوخۆرن و ئێمەش لەگەڵ خۆیاندا بەکێشدەکەن بۆ ملکەچی بۆ زۆرداران.

ئەم تورکانە لەمێژە بەکۆچەریتی هاتونەتە ناومان و بەفرۆفێڵ خۆیان دامەزراندوە و وڵاتی ئێمەیان داگیرکردوە و وێرانیان کردووە، کوردستان هەرگیز وەکو ئیمڕۆ کاول نەبووە و ئاوا شوێنی گورگانی بۆ زقوردانی تۆرانیەکان نەبووە، وڵاتمان وا بێبەش و هەژار نەبووە، حاڵی ئیمڕۆمان سەرگەردانی و ماڵوێرانیە و هیچ کوردێك و هیچ دیندارێك ئەمە قبوڵ پەسەند ناکات و پێویستە لەسەرمان هەموومان لەم ژیانە تاڵ و بێبەختیە خۆمان ڕزگارکەین و نەبێ لەڕێگەی ڕاست و هەقپەرستی لانەدەین، لەمردن نەترسین، لەڕێی هەق سەندندا نەبەزێین، بۆ هەستی ناوبانگی باپیران و گەل و وڵاتمان خۆمان و گیانمان فیدابکەین.

بەرامبەر بەسەربازانی تورك بەرامبەر بەئەفسەران و سەرۆك قوماندانەکانی تورك کە دەربارەی ژن و کچ و منداڵانمان زۆر بێبەزەییانە دەبزوتن و بەپێچەوانەی دین کوشتار دەکەن پێویستە بوەستێن و تۆڵەی ئەو بەسزمان و بێدەسەڵات و بێچەکانە بسێنینەوە و خوێنیان وننەکەین، بەڵام بەرامبەر بەدیل و زامداران پێویستە نەرمونیان بین و بەرامبەر بەو سەربازە تورکانەش کە شەڕ ناکەن و خۆیان بەدەستەوە ئەدەن پێویستە نەرمونیان بین و هەروەکو برای خۆمان ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەین.

لەشەڕدا دەستتان نەلەرزێ، لەمردن مەترسن چونکە ژیانێکی هیچ‌وپوچی دوور لەجیهان، ژیانی بێبەشی و بێدەسەڵاتی، ژیانی پڕخەم و سزا و ناسۆر و خەفەت و کەساسی بۆ هەموومان شەرمەزاریە، مردنێکی ئازایانە گەلێك لەو ژینی

دیلێتیـه خۆشـتره. ئاشـکرایه تـورك بێپـەیمانن و بەرامبـەر کـورد زۆردارانـە و نامەردانە ئەجولێنەوە، ئێمەی کوردیش دەبێ دەرسێکی ئەوتۆ بەتورکان بدەین هەرگیز لـەبیریان نەچێتەوە و ڕووڕەشـی و ڕەفتـاری گورگانـەی تـورك بـۆ هـەموو جیهان دەرخەین کە چۆن بێکەڵك و وێرانەپەرست و گورگ و ڕندە و خوێنخۆرن، لـەباتی لـەناو ئـەم زۆردارانـەدا بێکـەڵك بـژین، بەکۆمـەڵ مـردن و لەڕێگـەی هـەق و ڕزگاریدا شەهیدبوون گەلێك خۆشترە.

تا مردن ئێمەمانان بۆ ئەو برا کوردانە، بۆ ئەو منداڵە نازدارانەی لەدوای ئێمە دەژین ئەبێ مەشق و دەرسێك لەگیانبازی ئێمەوە وەربگرن و بۆ دواڕۆژی ژیانیان گەوهـەرێکیان پێببەخشـین تـا لـەڕێی هەقپەرسـتی و ڕزگـاری لانـەدەن و بـەرەو ڕوناکی ژیـان بـڕۆن و بیـانجولێنین. هەوڵبـدەن با بەڕوویـەکی سـوورەوە بـژین، با هەمووومان لەڕێی ئازادی و سەرفرازیدا بەکۆمەڵ بمرین و ناونیشانێکی بەرز بۆ نەتەوەکەمان پەیدابکەین و یەکێتی و برایەتی و بەکۆمەڵ کۆششکردن و ڕاپەڕین زۆر سەربەرزیە، دەبێ بـەجیهان ڕابگەیـەنین ئێمـە بەرامبەر زۆرداری و نـاڕەوایی و بێـدادی ڕاپـەڕیوین و بـەڕەنگاری بووینـەوە، دەبـێ هەوڵبـدەین لەهـەردوو دنیـادا برایەتیمان ڕابگرین و هەق پەرستیمان پەروەردەبکەین هەتا بەرامبەر خوا و هەق شەرمەزار نەبین و لەهەردوو دنیاش بێبەش نەبین.

ئـەی گـەلی کـورد، چاکە و خراپـە بەدەسـت خۆمانـە، بەبیر و کـردەوەی خۆمـان نەبێت هەرگیز ڕزگار نابین و لەتاریکیەوە ناگەینە ڕووناکی، دەبێ کۆشش بکـەین ئەوسا هەردوو دنیامان دەستدەکەوێت، لـەژێر زۆردارێتی تورکانـدا زۆر ماوینـەوە و ئەگەر چاوەنواڕی ئەوان بین بێدەست و بێگیان بۆگەن دەکەین و دەڕزێین. ئەمە چوار چەرخە هەتا ئیمڕۆ تورکان مەشقی کینە و دوژمنایەتی و تەمبەڵی و بێکاری و یەکترکوشـتن و تـالآنکردن و ماڵوێرانکردنمـان دائـەدەن، هـەرگیز نەزاکـەت و نەرمونیانی و یـەکتر خۆشویسـتن و لێبوردن و زانست و هونـەریان فێرنەکردوین، هەمیشە ڕێوشوێنی کۆچەرێتیان نیشانداوین، هەتاکـەی وا سسـت و بێکـەڵك و دوژمـن بەیـەکترین، لەسـەر مەشـق و ڕێگـای تورکـان ڕۆیشـتن بـا بەسـبێت، هاوکاریکردن لەگەڵ کەمالیەکانـدا بـۆ کوردان چ بۆ دنیـا و چ بۆ ئـاخیرەت نەهاتی دەبەخشێت. ئیتر بەرەو ڕووناکی و ئازادی و بەرەو برایەتی و ئادەمیزادپەروەری.

کوردان: هـەر لەچـەرخی مەموزینـەوە هـەتا ئیمـڕۆ ژیانمـان سـازنەکرد!! گیانی پـاکی شـەهیدانمان، هـی باوباپیرانمـان شـادنەکرد!! ئـاواتی ئەحمـەدی خانیمـان

نەهێنایەدی، بۆیە وا پەرێشان و سەرگەردان دەژین و دوژمنانمان بەخۆشادکرد. ئیتر گیانی ئەحمەدی خانی، دەنگی شیرینی ئازاری مەموزین بلندبکەنەوە، ئاواتی باوباپیرانمان بژێننەوە با ئامانجیان بێتەدی.

ئەی گەلی کورد.. زۆر باش دەزانن لەرۆژی ڕەش و نەهاتیدا تورک هاواری بۆ کورد هێناوە، بەلام لەرۆژی خۆشیدا کوردیان نەناسیوە و کورد بێبەشکراوە لەدەستکەوتەکان و تورک نەک تەنها هەر بێپەیمانی نواندوە بەلکو پەیمانیشی شکاندوە و ئەگەر بۆشیهەلکەوتبێت نێزە و سونگیەکەشی دەرهێناوە و ئاراستەی سنگی کوردی کردووە، بەم ڕەنگە نامەردانە بەخیانەت پاداشی کوردی داوەتەوە:
فاعتبروا یا أولی الالباب

ئیمزا

شێخ سەعیدی نەقشی-پیران

گۆڤاری ڕۆژی نویٚ دوای ئەو بلاوکراوەیە سوپاسی ئیسماعیل شاوەیسی کردووە و وتویەتی: ((کۆنەپەرستە درندە تورکەکان هەتا سالی ١٩٢٢ نزیکی بیستودوو هەزار پەیکەریان بۆ ئەتاتورک لەسەر شەقامەکان دروستکردوە، بەلام هەر ئەتاتورکیش بوو لەماوەی سالانی (١٩٢٤-١٩٢٥)دا بیستودوو هەزار کوردیان کوشت و خنکاند و زیندەبەچالیانکردن. ڕاستە.. پەیکەر بۆ (ئەدیسۆن)یش دروست دەکرێت کە بەکارەبا دنیای تاریکی ڕووناک کردەوە و بۆ ئەتاتورکیش دروست دەکرێت کە تاریکی بەسەر میللەتی کورد و کوردستاندا دەهێنێت)).



وێنەیەکی شێخ سەعید

هۆی ڕوودانی (بیت الشباب)

(بیت الشباب) هەروەکو لەلاپەڕە (٢٣)ی سەرچاوە/١٠٩ باسکراوە، ئەو شوێنە بووە کە یەکەم ڕوبەڕوبونەوەی کورد و جەندرمەکانی تیادا ڕوودابوو کە (بیت الشباب) شوێنێکە لەناوچەی (ماردین) دەربارەی چۆنیەتی دەستپێکردنی ئەو ڕوبەڕوبونەوەیە چەند سەرچاوەیەك باسیانکردوە کە ئەو ڕوبەڕوبونەوەیە بەر لەوکاتەی لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە بۆ دەستپێکردنی شۆڕش دەستنیشانکرابوو کە بریتی بوو لە ١٩٢٥/٣/٢١ هەڵەیەکی زۆر زل کرا لەلایەن کوردەوە کە بوو بەهۆی ئەوەی بەرلەوەی بەتەواوەتی خۆی ئامادەبکات شۆڕشەکە دەستپێکردبوو لێرەدا هەوڵئەدەین کورتەباسێکی ئەو سەرچاوانەی لەو ڕووداوە دواون بیانخەینە پێشچاو.

زنار سلوپی (قەدری جەمیل پاشای دیاربەکری) لەلاپەڕە (١٠٣)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧ و لاپەڕە (٢٣)ی گۆڤاری (ئالآی ئیسلام) سەرچاوە/١٠٩ هەردووکیان وتویانە: (یوسف ضیاء بەگ) کە ئەندامی سەرکردایەتی لیژنەی ناوەندی کۆمەڵی ئازادی بوو تەلگرافێکی ناردبوو بۆ ڕەزای برای کە ملازمی یەکەم بووە لە(بیت الشباب-لەناوچەی ماردین) و ناوەڕۆکی تەلگرافەکە لەلایەن براکەی (یوسف ضیاء بەگ)ەوە بەهەڵە لێکدرابووەوە (بەداخەوە سەرچاوەکان باسی ناوەڕۆکی ئەو تەلگرافەیان نەکردووە) و وای بۆچووبوون مانای دەستکردن بەشەڕ و ڕوبەڕوبونەوە بووە لەگەڵ حکومەتدا (زنار سلوپی وتویەتی لەو ڕۆژانەدا ئەو هێزەی لەبیت الشباب بوو خەریکی دامرکانەوەی بزوتنەوەی ئاسوریەکان بوو).

لەسەر ئەو تەلگرافە هەموو ئەندامەکانی ئازادی کە لەو فیرقەیەی (بیت الشباب)دا بوون ڕوویانکردە چیاکان بەئیحسان نوریشەوە کە سەرکردەی هێزی ناوچەکە بوو. ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ ژمارەی ئەو کوردانەی لە(بیت الشباب)دا لەحکومەت یاخیبوون بریتی بوون لە(٥٠٠) ئەفسەر و سەرباز کە هەندێ چەکیشیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو، ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا دەربارەی ئەو یاخیبوونە وتویەتی ساتێك ئەو ئەفسەرانەی (بیت الشباب) لەحکومەت یاخیبوون ئینتلجسی بەریتانیایان لەوە ئاگادارکردبوو.

زنار سلوپی ناوی هەندێ لەو ئەفسەرانەی لەکتێبەکەیدا باسکردووە کە بریتی بوون لە: بێجگە لەئیحسان نوری، ڕاسم، خورشید، تۆفیق (بێگومان دەبێ ڕەزای برای یوسف ضیاء بەگیشیان لەگەڵدا بووبێت کە تەلگرافەکەی بۆ نێردرابوو).

دیاره ئەوانەی ئەو تەلگرافە کاری تێکردبوون تازە دەستیان کەوتبوەڕوو، کار لەکار ترازابوو بۆیە هەموویان ڕوویانکردبوە شاخەکانی ناوچەکە و لەوێوە ڕوویانکردە سوریا و لەوێ بوون بەپەناهەندە و لەوێشەوە خۆیان گەیاندبووە چیاکانی باشوری کوردستان کە لەو ڕۆژانەدا لەژێر دەسەلاتی ئینگلیزەکاندا بوو.

هەروەکو هەموو ئەو سەرچاوانەی باسی ڕووداوەکەی (بیت الشباب) و شۆڕشی پیرانیان کردووە حکومەتی تورك بۆی دەرکەوتبوو ئەو ڕووداوە بەهۆی (یوسف ضیاء بەگ)ەوە بووە بۆیە گیرا و درا بەدادگا و تورکەکان ماوەیەك بوو بۆ بەلگە و بیانویەك دەگەڕان بۆئەوەی لەکورد بدەن و سەرکردەکانی کۆمەلی ئازادی لەناوببەن و ڕێکخراوەکەیان هەلوەشێننەوە.

هەروەکو زنار سلوپی باسیکردوە (کە خۆی لەو ڕۆژانەدا لەناوچەکەدا چالاك بووە وەکو لەباسی کۆمەلی ئازادیدا باسیکراوە وتویەتی: ساتێك تورکەکان یوسف ضیاء بەگیان گرت لەگەلْ (حاجی موسی بەگ) بیست کەسی تریشیان لەئەندامانی کۆمەلی ئازادی گرت و داواشیان لەشێخ سەعید کرد بەناوی شایەتیەوە بچێت بۆ (بەدلیس)، بەلام شێخ سەعید لەفرۆفێلی تورکەکان گەیشتبوو بۆیە ڕوویکردە (غینج) و (چاپاکچور) و (داراهین) و لەوێ هەولیشیدا چارەسەری کێشەی نێوان هەندێ لەعەشیرەتەکانی ئەو ناوچانە بکات.

ڕۆبەرت ئولسون دەربارەی گرتنی یوسف ضیاء بەگ، لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ وتویەتی: ((ساتێك یوسف ضیاء بەگ گیرا دادگا شەرعیەکان لەو ڕۆژانەدا هەلوەشێنرابونەوە لەبەرئەوە درا بەدادگای (National Law Court Organization Regulation) وە لەکاتی دادگاکردندا یوسف ضیاء بەگ دانی بەهەموو شتێکدا نابوو، ناوی خالید بەگ جبران و حسنانلی خالید و شێخ سەعید و حاجی موسی بەگی سەرۆکی عەشیرەتی موتکی هێنابوو، حاجی موسی بەگ گیرا بەلام لەلایەن (کازم دیریك)ەوە کە تازە کرابوو بەوالی بەردرا و بەردانەکەی بۆ مەبەستێکی تایبەتی بوو بۆئەوەی ببێتە هۆی ناکۆکی و تێکچونی ئەندامانی کۆمەلی ئازادی و ئەفسەرەکان بۆئەوەی ئەو بەردانەی حاجی موسی بەگ وا لێکبدرێتەوە کە لەژێرەوە حکومەتی ئاگاداركردبوو لەبزوتنەوەکە و لەدوای بەردانی حاجی موسی بەگ (نوح بەگ)ی برای (٧٠) باری ولاخ شتومەك و خواردەمەنی ناردبوو بۆ (کازم دیریك). بەلام خالید بەگ جبران لە١٩٢٤/١٢/٢٠دا گیرا و لەزیندانی (بدلیس)دا لەگەلْ یوسف ضیاء بەگ هەردووکیان گیران (وەکو

لەدواییدا باسی دەکەین، ڕۆبەرت ئولسون وتویەتی هەردووکیان لەدوایدا لەسێدارەدران).

ڕۆبەرت ئولسون لەباسەکەیدا لەسەریئەڕوا و دەڵێت: کازم دیریک هەوڵێکی زۆریدا (حسنانلی خالید) و شێخ سەعید بگیرێن بەتایبەتی لەوکاتەدا کە (حسنانلی خالید) هەوڵیدابوو یوسف ضیاء بەگ و خالید بەگ جبران لەزیندانی بدلیس ڕزگاربکات کە تەقەلاکەی بێسوود بوو، تورکەکان هەردووکیان لەسێدارەدران و هەوڵەکەی حسنانلی خالید سەرینەگرت.

ساتێك داواش لەشێخ سەعید کرا بچێتە بەردەمی دادگای بدلیس بۆ شایەتی، وەلامی حکومەتی دایەوە لەبەر نەخۆشی ناتوانێت بگاتە بدلیس، بەلام ئامادەیە بچێتە (Hinis–هینس)، قایمقامی هینس کە (Maksun–کە ڕەنگە مقصود بێ) لەبارەی ئاینەوە سەر بەشێخ سەعید بوو، نامەیەکی ناردبوو بۆ حکومەت کەوا شێخ سەعید نەخۆشە و تەمەنی پەنجا ساڵە بۆیە ناتوانێت بگاتە بدلیس (لەباسی ژیانی شێخ سەعید وتمان لەساڵی ١٩٢٥دا تەمەنی شەست ساڵ بووە نەك پەنجا ساڵ وەکو ئەو قایمقامە باسیکردوە).

ڕۆبەرت ئولسون لەباسەکەیدا ئەڵێت: خالید بەگ جبران بەرلەوەی بگیرێت نامەیەکی ناردبوو بۆ شێخ سەعید بۆئەوەی دەمودەست شۆڕش دەستپێبکات. شێخ سەعید لە٢٧ی دیسەمبەردا ڕوویکردۆتە چاپکچورد لەوێوە بۆ (پالو) و بۆ ناوچەی (Licehani) بۆئەوەی لەناو عەشیرەتەکانی زازادا کە زۆر دڵسۆزی بوون لەوێوە دەست بەشۆڕش بکات.



وێنەیەکی خالید بەگ جبران

باسی پێنجەمی بەشی دەهەم

هەڵوێستی تورك و ڕووداوەکەی پیران

هەروەکو ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ باسیکردوە: دوایئەوەی خالید بەگ جبران و یوسف ضیاء بەگ گیران و شێخ سەعید ڕێبەرایەتی کۆمەڵی ئازادی و شۆڕشی گرتەدەست، ڕۆژی ١٩٢٥/١/٤ لەگوندی (Kirikan) لەگەڵ چەند سەرۆکێکی کورددا کۆبووەوە وەکو (سلیم زرکانی) و لەوێ چاوەڕوانی گەڕانەوەی عەلی ڕەزای کوردی دەکرد کە ناردبووی بۆ حەلەب بۆ فرۆشتنی ئەو مەڕومالآتەی بڕیاریدابوو پارەکەی تەرخانبکات بۆ شۆڕش، ساتێك عەلی ڕەزا دوای گەڕانەوەی حەلەب چووبووە ئەستەمبوڵ و چاوی بەشێخ عەبدولقادر کەوتبوو لەگەڵ چەند کەسێکی تردا و کە گەیشتەوە لای باوکی باسی ئەوەی بۆ کردبوو ئەوانەی ئەو دیبوونی هەموویان لەکردەوە و ڕەفتاری حکومەتی ئەنقەرە بێزارن و لایان واباشە شۆڕشەکە لەنزیك دیاربەکرەوە دەستپێبکات.

شێخ سەعید لە١٩٢٥/١/٥دا چەند نامەیەکی ناردبوو بۆ عەشایری (هورمیك) و (لولان) کە عەلەوی بوون و لەنامەکانیدا داوای لێکردبوون هاوکاری بکەن لەو شۆڕشەی کورد بەدەستیەوەیە لەگەڵ تورکدا بیکات، بەڵام داخوازیەکانی قبوڵنەکرا و بەپێچەوانەوە ساتێك لەدواییدا شەڕ دەستپێکرد ئەوان بوون بەلایەنگری حکومەت لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە کاتی خۆی لەشۆڕشی کوجگیریدا دژی حکومەت شەڕیانکردبوو.

ڕۆبەرت ئولسون دەڵێت: عەلەویەکان نەیانویستبوو کورد حکومەتی سەربەخۆی هەبێت بەسەرکردایەتی کەسێکی سونی مەزهەب، بەتایبەتی زۆربەی سەرکردەکانی هێزەکەی شێخ سەعید لەوانە بوون کاتی خۆی لەسوارەی حەمیدیەدا بوون، یەکێك لەوانە خالید جبران بوو کە دوژمنایەتیەکی تەواو هەبووە لەبەینی ئەو و هەندێ لەعەلەویەکاندا پاشئەوەی کاتی خۆی (زینل)ی کوڕی (ئیبراهیم تالو)ی کوشتبوو کە سەرۆکێکی ناسراوی عەشیرەتی (هورمیك) بوو، بەو جۆرە عەلەویەکان ژێردەستێتی تورکیان لاباشتربوو وەك لەوەی لەژێر سەرکردایەتی کوردێکی نەقشبەندیدا بن (کە مەبەست شێخ سەعیدی نەقشبەندیە).

دەربارەی هاوکارینەکردنی عەلەویەکان لەو شۆڕشەی پیراندا پڕۆفیسۆر حەسرەتیان ئاماژەی بۆ دوو کتێب کردووە، یەکەمیان کتێبی (Firat dogul Leve Varto) لاپەڕە/١٢٦ و دوهەمیان (Aydemir Tekadom Kemel) چاپی ئەستەمبوڵ ساڵی (١٩٦٦) کە هەردووکیان وتویانە شێخ سەعید لەگەڵ ئەوەشدا تەقەلایەکی زۆری دابوو لەگەڵ عەلەویەکاندا کە بە(قزلباش) ناودەبرێن لەناوچەکانی (وارتو-لەویلایەتی موش) و (خینیس-لەویلایەتی ئەرزڕوم) بەڵام هەمووی بێسوود بوو. لەگەڵ ئەوەشدا وەکو ڕۆبەرت ئولسون باسیکردوە شێخ سەعید لەکانونی دوهەمی ١٩٢٥ بەدواوە خۆی ئامادەکرد بۆ بەرپاکردنی شۆڕش دژی حکومەت.

ڕۆبەرت ئولسون لەسەرچاوە/٨٤دا باسی کۆبونەوەیەکی شێخ سەعیدی کردووە ڕۆژی ١٩٢٥/١/٦ لەگوندی (کانی ڕەش) لەناوچەی (Karliova)، بۆئەوەی بزانێت چ هێزێك هەڵبژێرێت بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو لایەنانەی بەئاشکرا دژی شۆڕشی کورد دەوەستان و لەهەمان ڕۆژدا لە(مالکان) کۆبونەوەیەکی تر کرا بۆئەوەی دەستنیشانی ڕۆژی دەستکردن بەشۆڕش دیاریبکرێت و بەپێی چەند سەرچاوەیەك بڕیاریاندا شۆڕشەکە لە١٩٢٥/٣/٢١دا دەستپێبکات و پێنج شوێن دانرا کە شۆڕشی لێوە دەستپێبکرێت کە لای باکور و ڕۆژهەڵاتی باکور لەژێر سەرکردایەتی (شێخ عەبدوڵای ملکان)دا بێت و بۆ جەبهەکانی تر شێخەکانی (Can) و عەشایری (Hasanan-هەسانان) مەحمود ئاغا، خلیل کیتی، عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعید دانران، شێخ شەریف کرا بەسەرکردەی خەرپوت و جەبهەی (Ergani-ئیرغانی) لەژێر سەرکردایەتی شێخ عەبدولڕەحیمی برای شێخ سەعید و (ئەمیر فاروق-Amiri Faruk) و جەبهەی (Forkin) لەژێر سەرکردایەتی (شێخ صمدالدین)دا و شێخ سەعید خۆشی سەرکردایەتی شۆڕشەکەی گرتەدەست و جەبهەی دیاربەکر خرایە ژێردەستی (حاکی بەگ) بەڵام لەسەرچاوە/١٠٩ ئەو حاکی بەگەی ڕۆبەرت ئولسون باسیکردوە بەشێخ حەقی ناویهێناوە کە هەردوکیان هەریەکن و لەسەرچاوە/١٠٩دا باسی (شیخ شمس الدین)یش کردووە کە وتویەتی کراوە بەسەرکردەی قۆڵی (سلڤان).

بەپێی بۆچونی ڕۆبەرت ئولسون لە ١٩٢٥/١/١٥دا نازناوی (امیر المؤمنین) دراوە بەشێخ سەعید کە مانای سەرکردەی پیرۆزی شۆڕشی گرتۆتەوە (وەکو لەباسی ژیانی شێخ سەعیددا باسکراوە نازناوێکی تریشی هەبووە کە بریتی بووە لەبدیع الزمان). شێخ سەعید لە ١٩٢٥/١/٢١دا لە(لیج)دا و لەڕۆژی ١٩٢٥/١/٢٥دا

لە(هانی) دەستیکرد بەڕاوێـژکردن لەگەڵ شێخ شەریفدا کە سەرکردەی قۆڵی خەرپوت بوو، لەوێ بڕیاری ئەوە درا شێخ شەریف هێرش بکاتەسەر (Elazig) و لە٥/٢/١٩٢٥دا خۆشی بە(١٠٠) چەکدارەوە گەیشتە (پیران) و لەوێوە دەستیکرد بەشۆڕش (دیارە هەر لەبەرئەوەشە شۆڕشەکە ناوینراوە شۆڕشی پیران و شێخ سەعیدیش بووە بەشێخ سەعیدی پیران).

وادیارە تورکەکان بۆ کات بردنەسەر و بۆ بەنجکردنی مێشکی ئەو کوردانەی هێشتا باوەڕیان بەبەڵێنەکانی مستەفا کەمال مابوو، هەروەکو چۆن لەباسی شۆڕشی کوجگیریدا باسی ئەو لائیحەیە کرا کە تورکە کەمالیەکان بۆ دەستبڕینی کورد لەئەنجومەنەکەیاندا لیژنەیەکی تایبەتیان دانا و لەو مادانەیان کۆڵیەوە لەڕەشنوسی ئەو لائیحەیەدا لەلایەن ئەو لیژنە تایبەتیەوە دانرابوو، کە دەربارەی ئەمە لەڕاپۆرتێکی (مستەر هندرسن)دا ڕوندەبێتەوە کە لەدوکیومێنتی ژمارە (Air.٥-٥٥٦) لەلاپەڕە (١٢)دا باسیکراوە کە ڕۆبەرت ئولسونیش لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ دەقی ئەو ڕاپۆرتەی باسکردوە کە مستەر هندرسنی باڵیۆزی بەریتانیا لەتورکیاوە ناردویەتی بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بەم شێوەیەی خوارەوە: تورکەکان خۆیان وا پیشاندەدەن دەیانەوێ شەش داخوازی کورد بەجێبێنن کە بریتین لە:

١-ئیدارەیەکی تایبەتی لەناوچە کوردنشینەکاندا پێکبهێنرێت.

٢-تورکیا ئامادەیە پارە بەقەرز بدات بەکوردەکان بۆ چارەسەرکردنی باری ژیانی خۆیان (نەیوتوە قەرزەکە چۆن دەدرێ و چۆن دەسێنرێتەوە).


٣-لێخۆشبونێکی گشتی دەردەچێت بۆ بەردانی ئەوانەی لەزیندانەکانی ناوچەکاندا ماون.

٤-بۆ ماوەی پێنج ساڵ گرتنی سەربازی ئیجباری لەکوردستاندا دوادەخرێت.

٥-حکومەت دادگاکانی (Sheriyet-شەریعەت) دەکاتەوە و حکومەت هەرچی چەکی ناوچەکانیان هەیە هەمووی کۆدەکاتەوە.

٦-ئەو تورکانەی لەناو هێزەکانی حکومەتدان لەناوچە کوردنشینەکاندا، ئەوانەیان کە خەڵك بێزارن لێیان هەموویان دوردەخەینەوە. بەرامبەر بەمانە پێویستە کوردیش لایەنگری داخوازیەکانی حکومەت بێت بۆ داواکردن و گێڕانەوەی ویلایەتی موسڵ.

ڕۆبەرت ئولسون بەرامبەر بەو پێشنیازانەی حکومەتی تورك وتویەتی: لەکۆنگرەی دیاربەکردا بۆ کوردەکان دەرکەوتبوو ئەو بەڵێنانەی حکومەت هیچی لێسەوزنابێت بۆ میللەتی کورد، بۆیە هەر دەمودەست لەهەندێ ناوچەی دەرسیمدا هەندێ بزوتنەوەی کورد دژی حکومەت دەستیپێکرد و بەرامبەر بەوە (جەواد پاشا)ی موفەتیشی گشتی هەموو هێزەکانی تورکیا لەسیڤاس دەسەلاتێکی تەواوی پێدرا بۆ دامرکانەوەی هەر بزوتنەوەیەکی کورد لەناوچەکەدا ڕوبدات و ئەمە نیشانەی ئەوەبوو کە حکومەت هەر لەبنەڕەتەوە نیازی نەبووە چارەسەری هیچ کێشەیەکی کورد بکات و کوردیش لەو جموجولانەیدا مەبەستیان ئەوەبوو ئینگلیزەکان والێبکەن ئەو هێزەی لەعێراقدا هەیانبوو بەناوی (لیڤی)یەوە کە بریتی بوون لەئاسووری یارمەتی کورد بدەن دژی هەرپەلامارێکی هێزی تورك بۆ سەریان.



نەخشەی ناوچەکانی شۆڕشی پیران
لەویلایەتەکانی ڕۆژهەلآتدا

بەرامبەر بەو جموجوڵەی کورد وەنەبێ تورکەکان بێدەنگ بوون، بەڵکو لەمێژبوو خۆیان ئامادەکردبوو بۆ لێدانی کورد بەپێی ئەو نەخشەیەی کێشابوویان، ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ دوکیومێنتێکی بەریتانی کردووە، ژمارە (Air.٢٣-٤٤) ئاماژەی بۆ ئەو نەخشەیەی حکومەت کردووە کە بریتی بووە لە:

١-بەرلەوەی بەفر ببارێت و ڕێگاکان بگیرێت شوێنەکانی خۆیان قایمکرد.

٢-چەك و جبەخانەیەکی زۆریان لەعەمارەکانیاندا کۆکردبووەوە.

٣-دەستیانکردبوو بەچاکردنی ڕێگاوبان بۆ ئاسانکردنی هاتوچۆی هێزەکانیان.

٤-شێخ مەحمود لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ حکومەتی بەریتانیادا تێکچووبوو (لەو ڕۆژانەدا ئینگلیزەکان شاری سلێمانیان بۆردومان کردبوو، شێخ مەحمود ناچار ڕوویکردبووە ئەشکەوتی جاسەنە و یوزدمیری تورك کە لەناوچەی ڕەواندز بنکەیەکی دروستکردبوو هەندێ لەعەشایرەکانی کوردی کردبوو بەدوژمنی ئینگلیز هەروەکو لەبەرگی دوهەمی سەرچاوە/٨٠دا بەدووروودرێژ باسیکراوە)، تورکەکان هەوڵیاندابوو پەیوەندی بەو عەشایرانەوە بکەن و لەڕێگەی ئەوانەوە لەبەرزاییەکانی دەوری موسڵەوە بتوانن دەست بەسەر دەشتاییەکاندا بگرن (لەڕاستیدا عەلی شەفیق-یوزدمیر) هێزێکی وای لەگەڵ نەبوو هێشتا شێخ مەحمود لەئەشکەوتی جاسەنەدا بوو و ئینگلیزەکان توانیبوویان یوزدمیر و ئەو چەند سەرباز و جەندرمە پەڕاگەندەیەی لەگەڵیدا بوو دەریانکردن و گەڕانەوە بۆ تورکیا.

٥-لەدوای تەواوکردنی نەخشەکەیان ئەگەر لەوەی بڕگە/٤دا سەرکەوتن ئەوسا تورکەکان پەلاماری سلێمانی و کەرکوك ئەدەن و بەوە دەسەڵاتیان لەویلایەتی موسڵدا دوبارە بەهێزدەکەنەوە.

٦-تورکەکان تەقەلای ئەوە ئەدەن ئەگەر بتوانن هەندێ لەعەشایرەکانی کوردی باکور بکەن بەگژ ئینگلیزەکاندا و ڕێگەبدەن بەو عەشیرەتانە پەلاماری گوندەکانی کریستیانەکان بدەن و تاڵانیان بکەن و لەهەموولایەکەوە ئیعلانی غەزا دژی ئینگلیز بڵاوبکەنەوە.

٧-پاشئەوەی دەسەڵاتیان لەسلێمانی و کەرکوك بەهێزدەکەن، داوا لەکۆمەڵی گەلان (عصبە الامم) دەکەن بڕیارێك دەربکات دەربارەی کێشەی موسڵ کە سوودی

خۆیانی تیادا بێت و کارێکی واشبکرێت ڕێگە لەکورد بگرن بەهیچ جۆرێك بیر لەسەربەخۆیی نەکەنەوە.

هەروەکو بەرلەمە باسی ئەوەکرا کە سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدابوو شۆڕشی گشتی لەو جەبهانەی باسکراون لە ۱۹۲۵/۳/۲۱دا دەستپێبکرێت، لەمەشدا وەکو چۆن ئەو هەڵە زلەی (بیت الشباب) کرا، هەڵەیەکی خراپتریش لەپیراندا کرا کە بوو بەهۆی ئەوەی شۆڕشی پێشوەخت دەستپێبکات، دەربارەی چۆنیەتی ڕوودانی ئەوەی پیران گەلێك سەرچاوە لێیدواون و هەوڵئەدەین پوختەی ئەو سەرچاوانە بخەینە پێشچاو:

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ کتێبەکەی نوری دەرسیمی کردووە کە باسی ڕووداوەکەی بەم شێوەیە کردووە: لە ۱۹۲۵/۲/۵دا شێخ سەعید (خانی) بەجێهێشت و بەسەد سوارەوە ڕوویکردە پیران و لەوێ بوو بەمیوانی شێخ عەبدولڕەحیمی برای و پاشئەوە (حەسەن ئەفەندی) ملازمی یەکەم گەیشتە پیران کە ملازم (مستەفا عاسم) و (۱۵) جەندرمەشیان لەگەڵدا بوو، حەسەن ئەفەندی دوای لەشێخ سەعید کرد (۱۰) کەس لەو کوردانەی لەگەڵیدا هاتبوونە پیران کە لەماڵی (بەحری)دا بوون بەتاوانی پیاوکوشتن تاوانبارن و دەبێ بگیرێن و بدرێن بەدادگا.

شێخ سەعید لەوەڵامدا پێیدەڵێت: ئەوانە لەگەڵ ئێمەدا هاتوون میوانی ئێمەن و هیواداریین هەتا ئێمە لێرەین دەستدرێژی مەکەنە سەریان و دوایئەوەی ئێمە دەڕۆین خۆتان چی بەباش ئەزانن دەربارەیان بکەن، بەڵام ئەفسەرەکە بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین وەڵامی شێخ سەعید ئەداتەوە و پێیدەڵێت من گوێنادەمە کەس و هیچ کەسیش بەشت نازانم چونکە بەپێی یاسای کۆماری ڕەفتار دەکەم و پێویستە ئەو تاوانبارانە بدرێنەدەست، بەو شێوەیە لەنێوان چەکدارەکانی شێخ سەعید و ئەو جەندرمانەدا بوو بەهەرا و تەقە و هەندێك لەو جەندرمانە کوژران و ئەوانیتر گیران کە ئەمە بوو بەسەرەتای دەستپێکردنی ئاڵۆزیەکی تەواو و بوو بەهۆی دەستپێکردنی شەڕێکی پێشوەخت کە کوردەکان حسابیان بۆ نەکردبوو بەڵکو بڕیار وابوو لە۱۹۲۵/۳/۲۱دا دەستبکرێت بەشۆڕش وەکو بەرلەمەش باسکراوە.

حەسرەتیان لەباسەکەیدا وتویەتی: شێخ سەعید دەیزانی کاتی ئەوە نەهاتووە ڕووبەڕووی هێزی تورك ببێتەوە بۆیە پیرانی بەجێهێشت و ڕوویکردە (غنج)

بۆئەوەی ڕووداوەکەی پیران تەشەنە نەکات، بەڵام سەید تاهیری برای شێخ سەعید کە بەم ڕووداوە دەزانێت بەخۆی و (١٠٠) چەکدارەوە دەگەنە لای شێخ سەعید و بەرلەوە ساتێك پۆستەخانەی (لجیَ)ی داگیرکردبوو، لەنامە و تەلگرافەکان گەلێك زانیاری دەربارەی هەڵوێست و زانیاری حکومەت دەستکەوتبوو هەمووی درا بەشێخ سەعید و کە شێخ سەعید چاوی بەمانە کەوت وتبووی وادیارە ئەمەمان لەچارە نوسراوە-کە مەبەستی ئەوە بووە تازە چارنەما و ئەبێ شۆڕش دەستپێبکات.

دەربارەی هەمان ئەو ڕووداوەی پرۆفیسۆر حەسرەتیان باسیکردوە، مامۆستا (مالمیسانج) لەباسێکدا کە بەشێوەی کرمانجی ژووروو و بەپیتی لاتینی بڵاویکردۆتەوە، مامۆستا حەسەنی قازی کردویەتی بەشێوەی کرمانجی خواروو بەسوپاسەوە بۆی ناردووم کە بەپێی ئەو وەرگێڕانە ڕووداوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بووە کە ئەو باسەی لەیاداشتێکی ساڵح بەگی هێنەیی وەرگرتووە کە یەکێك بووە لەکوردە ئازاکانی زازا و لەشۆڕشی پیراندا بەشداریکردوە و سەرۆکی یەکەمی موجاهیدین بووە (مجاهدین رئیس اولی) و لەدواییدا پاش شکانی شۆڕش کە لەسێدارەدراوە لەبەردەمی قەنارەکەیدا شیعرێکی بەتورکی دەربارەی کورد وتووە کە (مالمیسانج) ئەو شیعرەی وەرگێڕاوە بۆ شێوەی کرمانجی و لەیاداشتەکەیدا وتویەتی: ((لەگەڵ شێخ سەعیددا چووینە پیران و لەو چوونەماندا چەند قاچاخچیەکیش هاتبوون (دوورنییە ئەوانە قاچاخچی چەك بوون بۆیە حکومەت زۆر مەبەستی بووە بیانگرێت) و لەپیران (ئیبرەمی حاجی عەلی) کە قەڵبینەی جەندرمەری بوو، پاسگایەکی تورکی ئاگادارکردبوو لەوەی شێخ سەعید لەهاتنەکەیدا چەند قاچاخچیەکیشی لەگەڵدایە و لەئەنجامی ئەمەدا چەند جەندرمەیەك هەڵدەکوتنە سەر ئەو خانوەی شێخ سەعیدی لێدابەزیبوو، ئەفسەرێك داوا لەشێخ سەعید دەکات ئەو قاچاخچیانە لەوێ نەمێنن و لەم کەینوبەینەدا چەکدارەکان هێرش دەبەنەسەر پاسگەکەی تورك و (حسێن حوسنی-کە حەسرەتیان بەحەسەن ئەفەندی ناویبردووە) و ئیسماعیل ئەفەندی مودیری پیران دەگرن و ئیتر تەقە دەستپێکرد، هەرچەند شێخ سەعید هەوڵێکی زۆریدا تەقەکردن ڕابگیرێت، بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو، شەڕ دەستپێکرد و گەرم بوو، ئێمەش (معدن)مان گرت و بەرلەوەی ئێمە بگەینە (معدن)، حکومەت

(٥٠٠) کەسی لەدانیشتوانی (ئاویامان) هێنابوو بۆ معدن بۆئەوەی ئێمە داگیرینەکەین.

لەدوای داگیرکردنی معدن هێرش برایەسەر (ئەرقەنی) و داگیرمانکرد و لەوێوە هەواڵ نێردرا بۆ (ڕەشید ئاغای تێرکان) و بۆ (ڕەشید ئاغای گەوران) و بۆ چەند کەسێکی تر بۆئەوەی خۆیان ئامادەبکەن بۆ هێرشبردن بۆ سەر دیاربەکر (لەدواییدا لەباسێکی ڕۆبەرت ئولسوندا کە بەدووردوودرێژی باسی شەڕەکەی کردووە، باسی ئەو ساڵح بەگە دەکرێت کە ڕۆبەرت ئولسون بە(ساڵح بەگی هانلی) ناویبردووە.

ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ باسی ئەوانەی کردووە کە لەو شۆڕشەدا بەشداربوون، وەکو کوردەکانی زازا (ڕۆبەرت دەڵێت: زازاکان بەشێوە زمانی خۆیان دەڵێن دوملی)، ئەوانەی ناوچە شاخاویەکانی (Liege) و (Hani–هانی) و باسی ئەوانەشی کردووە کە بەشداریان نەکردبوو وەکو (Milan), (Hasanan), (Purukan), (Heyderan), (Domsi), (Epodi)، جلالی، (Dakuri–داکوری)، (Zirkan–زرکان)، شادیلی، (Ademen) لەگەڵ ئەوەشدا لەناو عەشیرەتی (Hasanan–هەسانان)دا هی واش هەبووە لایەنگری شۆڕش بووە و شێخەکانی هەسانان لەسەرکردایەتی شۆڕشدا و بەرەی ڕۆژهەلاتی باکوردا بەشداربوون.

ڕۆبەرت ئولسون لەباسەکەیدا لەسەریئەڕوا و ئەڵێت: لەگەڵ ئەوەشدا ساتێك شەڕ دەستپێکرد و گەرم بوو هەندێ لەو عەشیرەتانەی بەڵێنی یارمەتیدان و بەشداربوونیان دابوو وەکو (Penchi Maran) و (Raman) و (Pesh Kotan) لەشۆڕش هەڵگەڕانەوە و بوون بەلایەنگری حکومەت و هەندێ عەشیرەتی تریش وەکو (شرناخ) و (Godan–گۆدان) و (Bezdima) و ئالان و (Kurgance) و (Karalisan) هەتا ١٩٢٥/٤/٥ بەشداریان نەکردبوو لەشۆڕشدا.

ڕۆبەرت ئولسون هۆی بەشدارنەبوونی ئەو عەشیرەتانەی بەم جۆرە باسکردوە:

١-ژمارەیەك لەسەرکردەکانی ئەو عەشیرەتانە لەلایەن حکومەتەوە بەرتیل و دیاریان پێدرابوو.

٢-ناوچەی (شرناخ) بەپێچەوانەی ناوچەی دەرسیم شوێنێکی دەوڵەمەند و زەویوزارێکی باش و بەپیتی هەبوو لەگەڵ مەڕوماڵاتێکی زۆر، لەبەرئەوە حەزیان لەئاشتی دەکرد و خۆیان لەشۆڕش دووردەخستەوە.

٣-بێجگە لەوە سەرکردەکانی (شرناخ) بەتەمای ئەومبوون یارمەتیان لەئینگلیزەوە دەستگیربێت، لەڕاستیدا بەشدارنەبوونی شرناخیەکان کە ناوچەکەیان نزیکی سنووری عێراق بوو کە لەژێر دەستی حکومەتی بەریتانیادا بوو، تای تەرازووی شۆڕشەکەی نەویکرد، چونکە بەشداربوونی ئەوانە دەبووە هۆی بەشداربوونی عەشیرەتەکانی تری نزیك بەوان.

ڕۆبەرت ئولسون دەڵێت: بەو جۆرە بەشدارنەبوونی ئەمانە و بەشدارنەبوونی دەرسیمیەکان کە لەکاتی خۆیدا لەڕاپەڕینی دەرسیم و کوجگیریدا شارەزاییەکی تەواویان پەیداکردبوو بەتایبەتی ئەوانەی (هرموك) و (لولان) کارێکی وایکرد تورکەکان بەئاسانی بەناوچەکانی ئەمانەدا بەئارەزووی خۆی هاتوچۆ بکات و بوو بەهۆی ئەوەی تورکەکان توانیبوویان سنووری دەسەڵاتی شۆڕشگێڕەکان تەسك بکەنەوە.

ڕۆبەرت ئولسون دەڵێت: بێجگە لەوانەی باسمانکردون، ئەوانەی دەوروبەری دیاربەکریش نەبوون بەهاوکاری شۆڕشگێڕەکان و شێخ سەعید خۆشی بیری لەوە نەکردبووەوە بچێتە ناوجەرگەی جەماوەر و نەیتوانیبوو جگە لەسەرۆك عەشیرەتەکان جوتیارەکان والێبکات ببن بەهاوکاری شۆڕشگێڕەکان بۆیە کە شۆڕش دەستیپێکرد هەموو شتێك هەر بەدەست سەرۆك عەشیرەتەکانەوە بوو.

بۆ زۆرتر ڕوونکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکانی شۆڕش، ڕۆبەرت ئولسون لەباسی دیاربەکردا وتویەتی: لەدیاربەکر کەسێکی ناسراو و دەسەڵاتدار بەلای شۆڕشەکەدا نەچوو، بگرە هی وایان هەبوو لایەنگری کەمالیەکان بوون، بۆ نمونە بنەماڵەی (قاسم بەگ) کە لەبنەماڵە ناسراوەکان بوون لەمانگی شوباتی ١٩٢٥دا بەرلەوەی شۆڕش دەستپێبکات شارەکەیان بەجێهێشت و بەوجۆرە هێزەکانی تورك لەو ناوچانەدا توشی کێشەیەکی ئەوتۆ نەبوون.

ئەوەی سەرنجڕاکێشەرە لەو باسەی ڕۆبەرت ئولسوندا ئەوەیە وادیارە ئەو لقەی کۆمەڵی ئازادی لەدیاربەکردا پێکیهێنابوو هەروەکو لەباسی کۆمەڵی ئازادیدا باسی کتێبەکەی قەدری بەگی جەمیل پاشای دیاربەکریمان کردووە کە بەحسابی ئەو دەبوایە دیاربەکر لەهەموو شوێنێك زۆرتر سەرگەرمی شۆڕش بوونایە و ئەو قاسم بەگەی ئەو باسیکردوە کە یەکێك بووە لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵی ئازادی هەروەکو لەدواییدا باسیدەکرێت دەرکەوتوە چ خیانەتێکی گەورەی بەرامبەر بەکورد و ئەو شۆڕشە کردووە.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٩ وتویەتی حکومەتی تورك بۆئەوەی جوتیارەکانی ناوچەکە لەهاوڕێکردنی شۆڕش دووربخەنەوە، یاسای ژمارە ٥٥٦ی دەرکرد لەڕۆژی ١٩٢٥/٢/٢٥دا بەپێی ئەو یاسایە ئەو باجی دە یەکەی لەجوتیاران دەسێنرا بۆ ماوەیەکی کاتی وەستانی و بەرامبەر بەمە سەرکردایەتی شۆڕشیش بۆ سووککردنی باری ئەو جوتیارانە ئەو باجەی لەجوتیارەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان دەسێنرا وەستانی و تەنها داوای لەدانیشتوان و جوتیارەکان کرد خواردەمەنی پێویست بۆ شۆڕشگێڕەکان دابینبکەن، کە سەرچاوەی حەسرەتیان بۆ ئەمە بریتیە لەکتێبی (هەڵوێستی کەمەنەتەوەکان لەتورکیا) نوسینی (س. س. ئەتاناسیف)، چاپی یەریڤان ساڵی ١٩٦٣ لاپەڕە (٥٤).

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا دەربارەی بارودۆخی ناوچەکە و هەڵوێستی حکومەتی تورك لەدوای ڕووداوەکەی پیران وتویەتی: حکومەتی تورك لای وانەبوو ئەنجامی ئەو شۆڕشەی دوای ڕووداوەکەی پیران بەرپابوو بەوە دەگات کە شۆڕشەکەی کورد بگاتە ئەو ڕادەیەی بەو جۆرە پەرەبسێنێت و لایوابوو و لەڕۆژنامەکانیشدا بڵاویدەکردەوە کە ئەو یاخیبوونە شتێکی ئەوتۆ نییە هیچ بایەخێکی پێبدرێت و بڵاویدەکردەوە لەبزوتنەوەیەکی چەتەگەری ڕاوڕوتکردن بەولاوە شتێکی تر نییە و زۆر شتی ڕاستی هەبوو لەبڵاوکراوەکانیدا دەیشاردەوە، بۆ نمونە لە ١٩٢٥/٢/١٨دا لەکۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی میللیدا لەوەڵامی پرسیاری ئەندامێکدا وەزیری ناوخۆ وتبووی: لە(غنج) تاقمێك چەتە و ڕێگر بەسەرکردایەتی شێخ سەعید دەستیانکردوە بەچەتەیی و تاڵانکردنی دانیشتوان و ڕاوڕوتکردنی هاتوچۆکەران، بەڵام حکومەت بەزوترین کات لەناویاندەبات (کە سەرچاوەی حەسرەتیان بۆ ئەمە بریتیە لەلاپەڕە (٣٩)ی کتێبی (B. Gemel Seykh Sait isyan).

لەمۆسکۆش جێگری باڵیۆزی تورك کە (ئەنیس بەگ) بوو بڵاویکردەوە ئەو بزوتنەوەیە بایەخێکی ئەوتۆی نیە و هیچ مەترسیەکی بۆ حکومەت نییە و ئاسایشی وڵاتی پێ‌تێکناچێت و شێخ سەعید لەگەڵ کۆنەپەرستەکانی هاوبیریان لەژێر پەردەی ئاینەوە دەستیانکردوە بەو گێرەشێوێنیە، بەڵام جەماوەری خەڵك زۆر دوورن لەوەی هاوکاریان لەگەڵدا بکەن و بەم زووانە ئەو بزوتنەوەیە لەناودەبرێت، هەروەکو چۆن بزوتنەوەکەی عەشیرەتی (ئابور) ساڵی پار لەناوبرا

(لەهیچ سەرچاوەیەکدا باسی ئەم بزوتنەوەیەی نەکردووە) و زۆری پێناچێت ئەمەی شێخ سەعیدیش توشی شکستێکی خراپ دەبێت. سەرچاوەی حەسرەتیان بۆ ئەمە بریتیە لە(فجر الشرق) لەڕوسیەوە وەرگێڕاوە، کە لەڕۆژی ١٩٢٥/٣/١دا بلأوکراوەتەوە.

حەسرەتیان دوای ئەمە ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەی (حاکمیتی میللی) کردووە کە لەڕۆژی ١٩٢٥/٢/٢٤دا دەرچووە، لەوەدا باسی کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی میللی تورکی کردووە کە لەو کۆبونەوەیەدا سەرۆك کۆمار کە مستەفا کەمال بووە و سەرۆکی وەزیران فەتحی بەگ و وەزیری ناوخۆ هەریەکەیان وتارێکی خوێندەوە، باسی ڕووداوەکانی (غنج) کرا، ئەمجارە ڕاپەڕینەکەیان بەهی تاقمێك چەتە و ڕێگر ناونەبرد بەڵکو بەبزوتنەوەی تاقمێکی کۆنەپەرست ناوبران و فەوزی پاشای چقماقچیش لەکۆبونەوەکەدا ئامادەبوو، لەکۆبونەوەکەدا بڕیاری (اعلانی طواریء) بۆ ماوەی مانگێك و (اعلانی عرفی) لەویلایەتەکانی (ئەرغان-بەرلەمە مالمیسان بەئەرقن ناویهێناوە) و دەرسیم و دیاربەکر و ماردین و ئورفە و سیورك و سعرت و بدلیس و وان و هەکاری و ناوچەکانی کیغی و خنس لەویلایەتی ئەرزڕوم ئیعلانکرا و قسەکەرەکانی ئەو کۆبونەوەیە شێخ سەعیدیان بەوە تاوانبارکرد هەوڵی ئەوەیدابوو دەیەوێ حکومەت بگێڕێتەوە بۆ سەر ڕێبازی شەریعەتی ئیسلامی و دەیەوێ حکومەتێکی کوردی بۆ ئەو مەبەستە پێکبێنێت و هەوڵی گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی دەدات و حکومەتی کۆماری بەکافر لەقەڵەم دەدات.

حەسرەتیان لەباسی کۆبونەوەی ڕۆژی ٢/٢٤دا باسی (مەحمود ئەسعەد بەگ)ی وەزیری عەدلیەی کردووە کە پڕۆژەیەکی ئامادەکراوی پێشکەشکرد دەربارەی بارودۆخی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات کە بریتیبوو لە:

١-پێویستە هەر هەوڵدانێك بۆ بەکارهێنانی هەستی ئایینی لەناو خەڵکدا بۆ سەرگرتنی مەبەستێکی سیاسی بەتاوانی دژ بەحکومەت دابنرێت.

٢-ئەو کەسەی بەدەم یان بەنوسین هەوڵی پێکهێنانی کۆمەڵێك یان ڕێکخراوێك بدات کە بۆئەوە کاربکات دین بۆ مەبەستێکی سیاسی بەکاربێنێت ئەو هەوڵدانە بەخیانەتی گەورە بژمێرێت، لەکۆبونەوەکەدا زۆربەی ئەندامانی حیزبی (شعبی جمهوری) لەسەرئەوە ڕێکەوتن کە ئەوانە بێن بەیاسا و بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ١٩٢٥/٢/٢٥ (مجلس عمومی-پارلەمان) مادەی یەکەمی یاسای سزای گۆڕی

دەربارەی خیانەتکردن لەنیشتمان کە کاتی خۆی لە ١٩٢٣/٤/١٥دا دەرچووبوو، ئەو مادەیە بەم شێوەیەی لێکرا: ((قەدەغەکردنی دروستکردنی هەر ڕێکخراوێکی سیاسی کە لەسەر بناغەی دین دابڕێژرێت بۆ گەیشتن بەئامانجی سیاسی لەژێر پەردەی دیندا و هەرکەسێك لەوجۆرە ڕێکخراوەدا بەشداربیکات بەخائینی وڵات دەژمێردرێت. سەرچاوەی حەسرەتیان بۆ ئەم گۆڕانکاریە بریتیە لەلاپەڕە (١٠٧)ی کتێبی ژمارە ٦٠٥، (Dustur).

حەسرەتیان دەڵێت لەو ڕۆژانەدا یەکێتی و لەیەکچون نەبوو لەنێوان بۆچونی کاربەدەستانی حکومەتدا دەربارەی سیاسەتی ناوخۆ و چۆنیەتی کوژاندنەوەی بزوتنەوەکەی کورد، کە ئەو ناڕێکیە زۆر ئاشکرا بووە لەنێوان ئەندامانی (حزبی شعبی جمهوری-مەبەست حیزبەکەی مستەفا کەماله) و (حزبی جمهوری تقدمی-کە لەزۆر سەرچاوەدا وتراوە سەرکردەکەی کازم قەرەبەکر بووە)، بێجگە لەمە حیزبی جمهوریش ئەندامەکانی لەناو خۆیاندا لەسەر یەك بۆچوون نەبوون و لەئەنجامی ئەمەدا سێ تاقم پەیدابوو:

١-مامناوەندیەکان (معتدلون).

٢-نەتەوەییە ڕەگەزپەرستەکان.

٣-چەپڕەوەکان کە بە(ڕادیکالی) ناودەبران.

تاقمی دوهەم کە زۆر ڕەگەزپەرست بوون، لەناو سەرکردایەتی حیزبەکەیاندا زۆرینە بوون (مەبەستی سەرکردایەتی حزبی شعبی جمهوریە) و بەهەلیان زانی و توانیبوویان مامناوەندەکان دووربخەنەوە لەبەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا و پەلاماری پێشکەوتنخوازەکانیاندا و سوودیان لەڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید دەستگیربوو کە بیکەن بەبیانوو بۆ سەرگرتنی مەبەستەکانیان. هێرش برایە سەر (فەتحی بەگ) کە سەرۆك وەزیران بوو، ڕەخنەی ئەوەی لێگیرا نەیتوانیبوو بەباشی لەکاتی خۆیدا قەوارەی بزوتنەوەکەی شێخ سەعید هەڵسەنگێنێت و شتەکانی بەڕاستی نەخستبووە پێشچاو، بەپێچەوانەی ئەمەش هەندێ لەئەندامانی (حزبی شعبی جمهوری) کێش و قەوارەی ڕاپەڕینەکەیان زۆر زل کردبوو.

ڕادیکاڵیەکانیش وەنەبێ لەبۆچونیاندا لەڕێبازی حکومەت لایاندابێت، بەڵکو لایەنگری هەموو ئەو هەنگاوانە بوون کە فەتحی بەگی سەرۆك وەزیران نابووی بۆ لێدانی شۆڕشەکەی کورد و ڕۆژنامەکانیان بەئاشکرا هەموو لایەنگری حکومەت بوون و دژی ڕاپەڕین و ڕاپەڕیوەکان شتیان دەنوسی و بڵاویاندەکردەوە و کازم

قەرەبەکری سەرکردەیان بەئاشکرا داوای ئەوەی دەکرد پێویستە خائینەکانی ولاّت دەستنیشان بکرێن لەوانەی کە دین و ئاین بۆ مەبەستە سیاسیەکانی خۆیان بەکاردێنن (کە مەبەستیان شێخ سەعید و شۆڕشگێڕەکانی هاوکاری بووە) و لیژنەی ناوەندی حزبی شعبی جمهوری تەلگرافیان نارد بۆ لقەکانی خۆیان لەویلایەتەکان و داوایان لەهەموو ئەندامانی ئەو لقانە کرد بزوتنەوەکەی شێخ سەعید بەبزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستی لەقەڵەم بدەن و بەهەموو شێوەیەك دژی ئەو بزوتنەوەیە کۆشش بکەن. کە سەرچاوەی حەسرەتیان بۆ ئەمە بریتیە لەلاپەڕە (٤٧)ی کتێبی (Sekh Sait isyani–عسیانی شێخ سەعید).

ڕۆژنامەکانی سەر بەحکومەت لەڕەخنەکانیاندا بەرامبەر (حزبی جمهوری تقدمی) بەوە تاوانباریان دەکرد کە گوایە ئەو حیزبە ئەو شتانەی کە دەیوت و بلاّویدەکردەوە تەنها شتێکی تەکتیکی بووە و بەرامبەر بەمەی ئەوان (حزبی تقدمی)یش عیسمەت ئینونۆیان بەوە تاوانبار دەکرد کە دەیویست سوود لەڕووداوەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاّت وەربگرێت بۆئەوەی لەژێر پەردەی ئەوەدا بەسەر هەموو دژەکاندا زاڵبێت لەوانەی ڕەخنەیان لەخۆی دەگرت.

حەسرەتیان لەپەراوێزی لاپەڕە (٩٢)ی کتێبەکەیدا باسی ئەوەی کردووە پاڵێوراوەکانی (حزبی شعبی جمهوری) لەهەڵبژاردنی دەزگاکانی بەڕێوەبردنی شارەکانی (حمسون، ئەسکیشەر، سیواس، مەرسین)دا سەرنەکەوتبوون بەڵکو پاڵێوراوەکانی (حزبی جمهوری تقدمی) دەرچووبوون، دیارە لەئەنجامی ئەمەدا هەروەکو حەسرەتیان باسیکردوە، فەتحی بەگی سەرۆك وەزیر بەپێی ڕاسپاردەی مستەفا کەمال داوای لە(حزبی جمهوری تقدمی) کردبوو حیزبەکەیان هەڵوەشێننەوە بەتاوانی ئەوەی هانی کوردەکان ئەدەن لەگەڵ ئەوەشدا ئەو حیزبە هیچ پەیوەندی و چالاکیەکی نەبووە لەو ناوچانەی ڕاپەڕینەکانی تیادا کرابوو، بەئاشکرا فەتحی بەگی سەرۆك وەزیران، کازم قەرەبەکر و عەلی فوئادی سکرتێری و ڕەوف بەگی لەوە ئاگاداركردبوو ئەگەر حیزبەکەیان هەڵنەوەشێننەوە ئەوا توشی کێشەیەکی گەورە دەبن کە دەبێتە هۆی خوێنڕشتنێکی زۆر و فەتحی بەگ ڕووبەڕوو پێیان دەڵێت بەداخەوە ناچارم ئەمەتان پیڕابگەیەنم چونکە ئەگەر ئەوە نەکەن دەبن بەکەمایەتیەکی بێهێز و مستەفا کەمال و تاقمەکەشی بڕیاری دیکتاتۆریەتی تاکە حیزبی ئەدەن، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردەکانی (حزبی جمهوری) پارتەکەی خۆیان هەڵنەوەشانەوە و کازم قەرەبەکر بەفەتحی بەگی وت:

هەڵوەشانەوەی حیزب بەدەست ئێمە نیە بەڵکو بەدەست کۆنگرەیە و لەگەڵ ئەوەشدا پارتەکەمان بەهەموو توانای خۆیەوە بەلایەنگریەتی حکومەت دەمێنێتەوە بۆ لەناوبردنی راپەڕینی کوردەکان.

حەسرەتیان لەباسەکەیدا دەچێتە سەر باسی کۆبونەوەیەکی (حزبی شعبی جمهوری-پارتەکەی مستەفا کەمال) لەڕۆژی ١٩٢٥/٣/٢دا لەو کۆبونەوەیەدا (ڕەجەب بەگ) ڕەخنە لەسیاسەتی فەتحی بەگی سەرۆك وەزیران دەگرێ کە قسەکانی ماوەی سێ سەعات دەخایەنێ و زۆر بەتوندوتیژیەوە فەتحی بەگ بەوە تاوانبار دەکات کە نەیتوانیبوو بەزووترین کات ئەو راپەڕینە دامرکێنێتەوە و لەناوببات و فەتحی بەگیش بەرامبەر بەوە خۆی پێناگیرێت و دەڵێت: ئەوەی ڕەخنە لەمن بەمجۆرە دەگرێت، بەداخەوە دەڵێم ئەو کەسەی بۆتە هۆی کێشەی کورد هەر ئەوانەن کە ڕەخنە لەمن دەگرن و ئیتر من لەمە زۆرتر دەستی خۆم خوێناوی ناکەم بەسزادان و کوشتن و بڕین کە هیچ پێویستیش بەوانە ناکات (سەرچاوەی حەسرەتیان بۆ ئەمە بریتیە لەکتێبی مستەفا کەمال، لاپەڕە (٢٢١) نوسینی S.S.Aydemir Adam).

حەسرەتیان دەڵێ لە ١٩٢٥/٣/٨دا فەتحی بەگی سەرۆك وەزیران وازی لەکارهێنا و لەجیاتی ئەو (عیسمەت پاشا-مەبەست عیسمەت ئینونۆ) بوو بەسەرۆك وەزیران و کابینەیەکی تازەی دانا. عیسمەت پاشا لەیەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی تازەدا پرۆگرامی وەزارەتەکەی خوێندەوە و بەڵێنی ئەوەی دا بەر لەهەموو شتێك ئەو راپەڕین و ڕووداوانە لەناودەبەن و وڵات لەدەسیسەی بێگانە پزگاردەکەن. لەڕاستیدا هەروەکو ڕۆژنامەی (حاکمیتی میللی) لەژمارەی ڕۆژی ١٩٢٥/٣/٦دا بڵاویکردبوەوە گۆڕینی وەزارەت شتێکی تەکتیکی بوو چونکە عیسمەت ئینونۆ دانی بەوەدا نابوو پرۆگرامی وەزارەتی پێشووە.

لەڕۆژی ١٩٢٥/٣/٤دا یاسای ژمارە/٨ دەرچوو دەسەڵاتێکی زۆردرا بەحکومەت و بەپێی مادەی یەکەمی ئەو یاسایە حکومەت دەسەڵاتی ئەوەی پێدرا دژی هەر کۆمەڵ و ڕێکخراوێك بوەستێت بۆنی کۆنەپەرستی لێبێت و هەرکەسێك لەو بڕیارە لابدات بدرێت بەدادگای (استقلال) و ئەو یاسایە بۆ ماوەی دوو مانگ بەکاربهێنرێت و ئەو دادگایەی دەسەڵاتی دادگاکردنی پێدرا بریتی بوو لەدوو دادگا، یەکەمیان لەئەنقەرە و ئەویتریان بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات (کە کوردنشین بوون) و هەروەکو ڕۆژنامەی (Vakit-وەقت) لەژمارەی ڕۆژی ١٩٢٥/٣/٦دا

بلاّویکردبوەوە دەسەلاّتی ئەو دادگایانەی بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاّت دانرابوو تەواو بێسنور بووە (دادگای ویلایەتە ڕۆژهەلاّتەکان لەدیاربەکر بووە).

بەپێی ئەو یاسا تازەیە ڕۆژنامەکانی ئۆپۆزسیۆن داخران کە بریتی بوون لەڕۆژنامەی (توحید ئەفکار) و گۆڤاری (سبیل الرشاد) و ڕۆژنامەی (استقلال) کە هی ئیتحادیەکان بوو لەگەلّ ڕۆژنامەی (سوین تەلگراف) لەتەرابزون و ڕۆژنامەی (التقدمیە) و (استقبال) هەروەها لەئەدەنەش ڕۆژنامەی (حمیە) داخرا لەگەلّ دوو ڕۆژنامەی چەپڕەوەکان کە بریتی بوون لە(ئیدنیلیك) و (ئوراك جكیج). سەرچاوەی حەسرەتیان بۆ داخستنی ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە بریتیە لەلاپەرە (٨٢)ی کتێبی (M.Toker Seh Sait Ve isyani) وە لەلاپەرە (٧٦)ی هەمان کتێبدا وتراوە مستەفا کەمال بانگەوازێکی بلاّوکردەوە لەوەدا ڕاپەڕیوەکانی بەوە تاوانبارکرد کە دەیانەویّ شۆڕشێك دەربارەی تورکیا بەرپابکەن و داوای لەهەموو هاولاّتیەك کرد یارمەتی حکومەت بدات بۆ لەناوبردنیان.

لە١٩٢٥/٣/١٢دا دادگای ئەنقەرە هەڕەشەی لەوانە کرد کە خەلّك هانئەدەن لەسوپا ڕابکەن و بەشداری نەکەن دژی یاخیبووەکان هەروەکو لەڕۆژنامەی (وقت)ی ڕۆژی ٣/١٢دا بلاّوکرابوەوە. لەکۆتایی مانگی ئازاردا حکومەت هێزەکانی بەسەرکردایەتی جەنرالّ (کمال الدین سامی پاشا) ئامادەکرد بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕاپەڕیوەکان و بلاّویکردەوە حکومەت سیّ شتی لەبەردەستدایە:

١-لەناوبردنی ڕاپەڕینەکەی کورد و بەکارهێنانی نەوپەڕی توندوتیژی بێبەزەییانە و لەسەرەتای مانگی نیساندا یەکە سەربازیەکانی ژمارە (٧، ٨، ٩) لەگەلّ سیّ فەیلەقی تر خۆیان ئامادەکرد و ڕووبەڕووی ڕاپەڕیوەکان بوونەوە.

٢-سەندنی چەک لەهەموو کوردێک بەشدار بووبێت لەڕاپەڕیندا یان بەشدار نەبووبێت.

٣-پەرەوازەکردنی کورد و دورخستنەوەیان لەیەک و دابەشکردنیان بەسەر ناوچە دوورەکاندا.

حەسرەتیان لەباسەکەیدا لەسەری ڕۆیشتوە و وتویەتی: شانبەشانی ئەمە ئیمپریالیزمیش (مەبەستی حکومەتی فەرەنسیە) یارمەتیەکی زۆری تورکیدا بەوەی ڕێگای بەهێزەکانی تورکدا بەناو خاکی سوریادا تێپەڕێت و لەپشتەوە

لەشۆڕشـگێڕانی کـورد بـدەن. لـەنیوەی دوهـەمی مـانگی مارتـدا سـەرکردایەتی هێزەکـانی تـورك بانگـەوازێکی بـۆ دانیشـتوانی (ئـەرزڕوم، ئـەرزنجان، دەرسـیم، العزیـز، مەلاتیـە، ئورفـە، وان، سـیرت، مـوش، غـنج) بڵاوکـردەوە و داوای لێکـردن پێویسـتە دڵسـۆزی خۆیـان بـۆ حکومـەت دەربـبڕن و ئـەبێ دەمودەسـت ڕووبکەنـە بنکـەکانی سـوپای حکومـەت و نـاوی خۆیـان تۆماربکـەن بـۆ ئامـادەبوون بـۆ بەشـداریکردن دژی یاخیبووەکـان. سەرچاوەی حەسـرەتیان بـۆ ئەمـە بریتیـە لـە (Jourald Orient) ڕۆژی ١٩٢٥/٣/٢٤.

سەرکردایەتی سوپا لەسەرەتای مانگی نیساندا بڵاویکردەوە هەرکەسێك شێخ سەعید بەزیندویی بگرێت هەزار لیرەی ئاڵتونی دەدرێتێ و ئەوانەش کە لەگەڵیان ئەگـەر وازبێـنن پاداشـتیان دەدرێتـێ و حکومـەت لێیـان خۆشـدەبێت و حکومـەت بڵاویکـردەوە پێویسـتە چـەك تەسـلیمی حکومـەت بکرێـت و هەرکـەس بەچـەکەوە بگیرێـت بەتونـدی سـزادەدرێت کـە دەقـی ئـەو بڵاوکراوەیـە لەڕۆژنامـەی (Aksam– ئەقشام)ی ڕۆژی ١٩٢٥/٤/١٣دا بڵاوکرابوەوە.

لەناوەڕاستی مـانگی نیسـاندا شۆڕشـگێڕان لەدۆڵـەکانی (غـنج)دا دەورەدران و بەهۆی خیانەتی (قاسم بەگ)ەوە شێخ سـەعید و سـەرکردەکانی تـر لەسـەر پـردی سەر ڕوباری (مـراد) گیران کە بریتـی بـوون جگـە لەشێخ سـەعید: شـێخ عەبدوڵڵا، شێخ عەلی، شێخ غالب، ڕەشید ئاغا، محەمەد ئاغا و (٢٦) شۆڕشگێڕی تـری کـورد (لەدواییدا بەدووروودرێـژی باسـی ئـەو گرتنـە دەکرێـت)، نوسـەر لەلاپـەڕە (١٠٣)دا باسی ئەوەی کردووە لە١٩٢٥/٤/٢٠دا ئەنجومەنی میللی تورکی ئـەحکامی عـورفی بۆ حەوت مانگی تر درێژەپێدا و دادگاکانی (استقلال)یش لەئەنقەرە و دیاربـەکردا بۆ شەش مانگی تر دەسەڵاتیان تازەکرایەوە. کە سەرچاوەی حەسرەتیان بـۆ ئەمـە بریتیە لە (Dustur Cilt.٥٦٦, ٥٦٨, ٥٦٩).

هـەروەکو حەسـرەتیان باسـیکردوە ئەنجومـەنی میللـی یاسـای ژمـارە/٦٣٥ی دەرکـرد، بـەپێی ئـەم یاسـایە هەرکەسـێك هـەوڵی گـۆڕینی دەسـتوور بـدات دەبـێ حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەربچێت، بێجگە لەمانە حکومەت (١٢) فڕۆکـە و (٢٠٠) هـەزار سـەربازی بـەکارهێنا بەرامبـەر بەشۆڕشـگێڕانی کورد کـە ژمارەیـان نزیکـی (٤٠) هەزار دەبوو.

باسی شەشەمی بەشی دەهەم

دەستپێکردنی شۆڕش هەتا کاتی شکاندنی

دەربـــارەی دەســـتپێکردنی شـــۆڕش (Patrick Kinross) لەلاپـــەڕە (٣٩٧)ی کتێبەکەیـــدا سەرچـــاوە/٨٥ وتویـــەتی ســـاتێك شـــێخ ســـەعید بەتـــەواوەتی لـــە ١٣/٢/١٩٢٥دا بانگەشـەی شۆڕشـی کـرد، ئالأی سـەوزی ئیسـلامی هـەڵکرد و ئالأ گیرا بەدەستەوە و خۆی و هێزەکەی پەلاماری دەزگاکـانی حکومەتیانـدا لەئیلازیك و دەستیان بەسەر بانقدا گرت و بەرزاییەکانیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

سـەیر ئەوەیـە ئـەم کتێبـە باسـی شـتێکی کـردووە کـە لـەهیچ سەرچاوەیەکدا باسینەکراوە و تۆزێکیش دوورە لەڕاستیەوە کە بریتیە لەوەی ساتێك لەو ڕۆژانەدا شـــۆڕش دەســـتپێکرد لەئاسمانـــەوە بەفڕۆکـــە بەیاننامەیـــەك دژی حکومـــەت بلأوکرایـــەوە و لـــەو بەیاننامەیـــەدا وترابـــوو وڵات بـــەبێ خەلیفـــە نـــاژی و داواکـــرا ژنانیش بەشداریبکەن لەکۆڕی شۆڕشدا و بەئاسـانی ئیلازیکیـان گـرت بـەڵام زۆری پێنەچوو حکومەت ناچاریکردن بکشێنە دواوە پاشنەوەی حکومـەت یارمـەتی بۆ هاتبوو (مەبەستی ئەو هێزەی حکومەتە کە بۆ پاراستنی دیاربەکر نێرابوو وەکو لەدواییدا بەدووروودرێژ باسیدەکرێت).

لەڕاســـتیدا بلأوکردنـــەوەی ئـــەو بەیاننامـــە بەفڕۆکـــە لـــەو ڕۆژانـــەدا شـــتێکی نـــەگونجاو بـــووە لەبـــەر هەنـــدێ هـــۆ، وە لـــەو ڕۆژەدا حکومـــەتی ئەســـتەمبوڵ هـــیچ فڕۆکەیـــەکی بەدەســـتەوە نـــەبووە کـــە بتوانێـــت دژی کەمالیـــەکان بەیاننامـــەی پێبلأوبکاتـــەوە و ئینگلیـــزیش هـــیچ ســـودێکی لەبلأوکردنـــەوەی وادا نـــەبووە و هەروەکو لەدواییدا لەشوێنی خۆیـدا و لەباسی هەڵوێستی حکومـەتی بەریتانیادا بەرامبـەر بـەم شۆڕشـەی کـورد ڕووندەبێتـەوە. بـەڵام دوورنیـە ئـەو بەیانـەی لـەم سەرچاوەیەدا باسکراوە بریتـی بێـت لـەو بەیانـەی شـێخ سـەعید لەمارتی ١٩٢٤دا بلأویکردبـوەوە بـەناوی (شـێخ سـەعیدی نەقشـی پـیران کـە لەلایـەن ئیسـماعیل شاوەیســەوە کــراوە بەشــێوەی کرمــانجی خــواروو کــە لەباســی چــوارەمی بەشــی دەهەمدا بلأومانکردۆتەوە.

دەربارەی ڕووبەڕووبونەوەی شۆڕشگێڕانی کورد لەگەڵ حکومەتدا هەتا کاتی شکاندنی شۆڕش و دەستگیرکردنی شێخ سەعید و هاوڕێکانی و لەسێدارەدانی گەلێك سەرچاوە بەدوورودرێژی باسی هەموو ڕووداوەکانیان کردووە و لێرەدا ئێمەش هەوڵئەدەن کورتەی ئەو سەرچاوانە پێشکەش بکەین کە هەریەکەیان بەشێوەیەك لێی‌دواون و لەکۆتاییدا ئاماژە بۆ ئەو کەم‌وکوڕیانە و ئەو ڕەخنانەی لەشۆڕشەکە گیراوە بەپێی ئەو سەرچاوانە پێشکەشیان دەکەین.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان بێجگە لەو باسەی لەپێشوودا لێی‌دواوین لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٩ دوبارە چوەتەوە سەر باسی شۆڕشی پیران و ئاماژەی بۆ لاپەڕە (٢٠٤)ی کتێبەکەی (ئەرمسترونغ) کردووە کە باسی هەڵوێست و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانەی ناوچەکە و شۆڕشەکەی پیرانی بەم شێوەیە کردووە: ((لەمانگی شوباتی (١٩٢٥)دا دوایئەوەی شێخ سەعید سەرکردایەتی شۆڕشی گرتبووەدەست لەگەڵ تاقمە چەکدارەکەی (حاجی حەسەن) و (عومەر فاروق) و هێزی عەشیرەتی (مستان) و (بۆتان) کە لەخوارووی (چاپاکچور)دا بوو لەڕۆژی ١٩٢٥/٢/٢دا دەستیگرت بەسەر (لجی) و (خانی) و لەوێوە هێزەکەی (سالح بەگ)ی خەڵکی خانی چوەپاڵ هێزەکەی شێخ سەعید و لەوێوە بەسەر دۆڵی خانیدا ڕوویکردە دیاربەکر (ئەم سالح بەگەی حەسرەتیان باسیکردوە بریتیە لەسالح بەگی هێنەیی کە (مالمیسانج) یاداشتەکەی کردووە بەکرمانجی ژووروو کە بەرلەمە باسمانکردوە).

لە ١٩٢٥/٢/٢٨دا هێزێکی گەورەی شێخ شەمسەدین چووەپاڵی و لە ٢/٢٩دا شێخ عەبدولڕەحمان بڕای شێخ سەعید (ڕاستیەکەی شێخ عەبدولڕەحیمە) لەناحیەی (مادن-معدن) لەویلایەتی (العزیز) دەستی بەڕاپەڕین کرد و (شێخ ئەیوب) بەخۆی و (٥٠٠) چەکدارەوە چووەپاڵ هێزەکەی شێخ عەبدولڕەحیم لە(چرمیك) لەویلایەتی دیاربەکر و لەوێوە هەردوولایان ڕوویانکردە (ئەرغانی) و شاری (پالو) کرا بەبنکەی سەرکردایەتی شۆڕش کە ژمارەی هێزەکانی شێخ سەعید لەوکاتەدا گەیشتبووە بیست هەزار چەکدار (ئەوەی شایانی باسە وەکو بەرلەمە لەباسێکی حەسرەتیاندا وتراوە ژمارەی شۆڕشگێڕانی کورد بریتی بووە لەچل هەزار بەرامبەر بە (٢٠٠) هەزار چەکداری حکومەت و (١٢) فرۆکە، کە دوورنیە ئەم بیست هەزارەی لەدواییدا باسیکردوە تەنها بریتی بووبێت لەچەکدارەکانی ئەو ناوچەیەی هێزەکانی شێخ شەمسەدین و شێخ ئەیوب و شێخ

عەبدولڕەحیم یەکیانگرتبوو) وە لەوێوە هەواڵی هێزەکانی تری کوردیان پێگەیشت لەناوچەکانی ماردین و ئەرغانی و (معدن-مادن) و هەتا دەهات ژمارەی شۆڕشگێڕان لەپەرەسەندندا بوو هەر شوێنێکیان داگیربکردایە دەزگایەکی تایبەتیان لێدروستدەکرد.

هەروەکو حەسرەتیان باسیکردوە شێخ سەعید لەوە گەیشتبوو هێزەکانی بەشی ئەوەناکەن بەسەر سوپای توركدا سەربکەوێت بۆیە لەوێوە هەوڵیدا وتووێژ لەگەڵ حکومەتدا بکرێت لەمەدا شێخ سەعید مەبەستێکی تری هەبوو دەیویست لەوکاتەدا لەمەبەست و نیاز و هەڵوێستی دانیشتوانی دیاربەکر تێبگات و هەوڵی ئەوە بدات چۆن بیانکات بەلایەنگری شۆڕش. بەرامبەر بەو تەقەلایەی شێخ سەعید حکومەت لەنیاز و مەبەستی شۆڕشگێڕان گەیشتبوو، بۆیە خۆی ئامادەکردبوو بۆ بەرەنگاربونەوەیان و (عەلی جەمال پیرداخی) کە موتەسەڕیف بوو لەگەڵ (کازم پاشای ئوربای) کە سەرکردەی هێزەکان بوو، وە (مرسل بەگ)ی سەرکردەی فیرقە کۆبوبونەوە و چاوەڕوانی گەیشتنی هێزی یارمەتی بوون بۆ دیاربەکر و هەتا گەیشتنی ئەو هێزە بڕیاریاندا چەك بدەن بەدانیشتوانی دیاربەکر و هاوکاری لەگەڵ حکومەتدا بکەن بۆ پاراستنی شارەکە.

چەکدارەکانی شۆڕش بەشێك لەچەکەکانیان بریتی بوو لەچەکی کۆن و تفەنگی ساچمەزەنگ کە لەڕاودا بەکاردەهێنرا و لەشەوی ۱۹۲٥/۳/۱۱دا هەندێ چەکدار هەڵبژێردرا بۆئەوەی هێرشبکەنە سەر شارەکە (مەبەست دیاربەکر)ە و ساتێك گەیشتنە دەروازەی ماردین (یەکێك بووە لەدەروازەکانی شاری دیاربەکر) ئەوانەی لەناو شاری دیاربەکردا لایەنگری شۆڕش بوون چوونە پاڵ هێزەکەی شۆڕشگێڕان و بەهەموویان پەلاماری هێزەکەی تورکیاندا و هاوار و بانگەوازی (بژی کوردستان) بەرزبووەوە و هێزەکەی حکومەت پرچەك بوو، لەیەکەم ڕووبەڕووبونەوەدا (۱٥۰) کورد شەهید بوون و ئەوانیتر کە ڕزگاریان بووبوو لەژێر باڵی تاریکایی شەودا گەڕانەوە بنکەکانی خۆیان و ئەوانەی ناو شاریش بەدەنگ شۆڕشگێڕەکانەوە چووبوون، ئەوی ڕزگاری بووبوو خۆی گەیاندبووەوە ماڵی خۆی.

لەدوای ئەو شکاندنە شێخ فەرمانی کشانەوەی ئەو هێزەی دەرکرد و حکومەت یارمەتی تازەی پێگەیشت و لەباکورەوە (٤۰) هەزار سەربازی تورك ئابڵوقەی شۆڕشگێڕانیاندا و (۳۰) هەزاری تریش پەلاماری چەکدارەکانی شۆڕشیاندا.

حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەی (ئەقشام)ی تورکی کردووە کە لەڕۆژی ١٩٢٥/٤/٢٧دا دەرچووە باسی نامەیەکی شێخ سەعیدی تیادا بڵاوکراوەتەوە کە لەو نامە گیراوەدا دەرکەوتوە شێخ سەعید داوای یارمەتی کردووە لەهاوکارەکانی.

حەسرەتیان دەڵێ لەو هەڵوێستەدا شێخ سەعید چەند نامەیەکی ناردبوو بۆ شێخ عەبدولڕەحیمی برای (کە لەهەندێ شوێندا بەهەڵە بەشێخ عەبدولڕەحمان ناوبراوە، لەباسی بنەماڵەی شێخانی پیراندا بەرلەمە وتراوە ناوی شێخ عەبدولڕەحیم بووە هەروەکو ڕۆبەرت ئولسون باسیکردوە) و بۆ شێخ ئیسماعیل و بەپێی ئەوەی لەڕۆژنامەی ئەقشامدا بڵاوکراوەتەوە نامەکەی شێخ سەعید بەم شێوەیە بووە: سەعات چواری ڕۆژی جومعە هەردوو نامەکەتانم پێگەیشت کە لەڕۆژی ٩ی شەعبانی بەرامبەر (١٩٢٥/٣/١٥) نوسرابوو کە نامەیەکی (شێخ ڕەشید)یشی لەگەڵدا بوو، ئێوە لەنامەکەتاندا وتوتانە (بوزان ئاغا) و (شێخ ئەیوب) هاتون بۆ (کارا) لە(بغنج)ەوە داوا دەکەن منیش بچمە ئەوێ، حەزم دەکرد بتانبینم بەڵام نەختێك لەمەوبەر (ڕەشید کانی)م لەگەڵ سەد سواردا نارد بۆ بەرەی ڕۆژهەڵات و ئیمڕۆ بەئومێدی خودا چاوەڕوانی ئەوەم عەشیرەتی (نیرغیان) بگەنە لای ئێمە و کە گەیشتن دەیاننێرم بۆ جەبهە، هەروەها (شێخ تاهیر) و (شێخ سراج)م نارد بۆ ناوچەکە بۆ بەرزکردنەوەی وورەی شۆڕشگێڕەکان و هێشتا نەهاتوونەوە و هەرکاتێك گەیشتنەوە لێرە هەندێ کاروبار هەیە ڕێکیاندەخەم و ئەوسا خۆشم دێم بۆ لای ئێوە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ (بوزان ئاغا) و (شێخ ئەیوب) و داواتان لێدەکەم بەئارام و خۆڕاگرین و داوا لەچەکدارەکانمان دەکەم بەپێی شەریعەتی ئاین هەڵسوکەوت بکەن و ڕێگە نەدرێت دەستدرێژی بکرێتەسەر ماڵ و موڵکی موسڵمانان و هەروەکو بەرلەمەش ئاگادارمکردون دەتوانن شت لەکۆگاکان وەربگرن بەمەرجێك بەرامبەر هەرشتێکی وەرگیراو پسولە بدرێت بەخاوەنەکەی بۆئەوەی لەدواییدا ئەو شتانە یاخود نرخەکانیان بدرێتەوە بەخاوەنەکانیان.

ئیمزا

خادم المحاربین-محمد سعید نقشبندی

ئەوەی شایانی باسە دەربارەی ئەو نامەیەی شێخ سەعید، دوورنیە ئەو نامەیەی لەرۆژنامەی (ئەقشام)دا بلاوکراوەتەوە بریتی نەبووبێت لەهەموو نامەکەی شێخ سەعید یان حەسرەتیان هەرئەوەندەی لێبلاوکردۆتەوە کە لەکتێبەکەیدا (وەرگێرانە عەرەبیەکەی لەروسیەوە) بلاوکراوەتەوە، چونکە رۆژنامەی (Vakit–وقت)ی تورکیش هەمان نامەی بەشێوەیەکی تر بلاوکردۆتەوە کە (مالمیسانج) لەتورکیەوە کردویەتی بەکرمانجی ژوورو و بەپیتی لاتینی و مامۆستا حەسەنی قازی بەسوپاسەوە کردویەتی بەکرمانجی خوارو و بۆی ناردوم کە (مالمیسانج) وتویەتی کاتی خۆی ئەو نامەیە دەست سەربازەکانی تورك کەوتوە و لەرۆژنامەی (وقت)دا بلاوکراوەتەوە کە ئەمەی خوارەوەی لەسەر نوسراوە (لەلایەن تورکەوە: Tarih Numrosi Gevrah-Adad-Jenderma .(Kumandanlig

بێجگە لەوەرگێرانەکەی مالمیسانج لەلاپەرە (٦٠)ی سەرچاوە/٥٠دا گۆڤاری کوردنامە فۆتۆکۆپیەکی دوو لاپەرەیی ئەو نامەیەی کە بەزمانی تورکی نوسراوە بلاویکردۆتەوە کە مۆری (خادم المجاهدين–سعيد)ی لەسەرە کە لەرۆژی جومعە رێکەوتی ١٩ی شەعبانی ١٣٤٣ی کۆچیدا نوسراوە بەلام بەداخەوە نوسراوە کە لێڵە و هەروەکو (مالمیسانج)یش بلاویکردۆتەوە دیارە نامەکە خوێنـاوی بووە (لەوەی مالمیسانجدا وتراوە نامەکە لەرۆژی ٩ی شەعباندا نوسراوە بەلام لەفۆتۆکۆپی نامەکەدا کە بەتورکی گۆڤاری کوردنامە بلاویکردۆتەوە لەرۆژی ١٩ی شەعباندا بووە).

بەپێی وەرگێرانەکەی (مالمیسانج) لەرۆژنامەی (وقت)ەوە کە بەشێوەی کرمانجی خوارو بەم شێوەیە بووە (کە لەلایەن حەسەنی قازیەوە لەکرمانجی ژوورووەوە کراوە بەکرمانجی خوارو): بۆ برای خۆم شێخ عەبدولرەحیم و خۆشەویستی من سمایل ئەفەندی (کە بەرلەمە بەشێخ ئیسماعیل ناوی هاتوە) نامەی رۆژی ١٩ی شەعبانی ١٣٤٣ (مارتی ١٩٢٥)ی رۆژی جومعە سەعات چوار بەدەستم گەیشت (کە ئەمە ساغیدەکاتەوە نامەکەی کە نێرابوو بۆ شێخ سەعید لە١٩ی شەعباندا لەهەمان رۆژدا وەلامی دراوەتەوە) کە نامەی شێخ محەمەد رەشید ئەفەندیشی لەگەلدابوو، ئێوە سەبارەت بەهاتنی (بوزان ئاغا) و شێخ ئەیوب ئەفەندی بۆ (قەرەباخچە–گوندێکی سیورگیە) کە لەوەی حەسرەتیاندا بە(کارا) ناویهێناوە لەنامەکەتاندا نوسیوتانە: کە ئەوان چاوەروانی بینینی ئێمە

دەکەن، بەسەروچاوان ئەمن بۆ خۆم دەهاتم بۆ زیارەتیان، بەلام ئەمن دوێنێ ڕەشید ئاغام لەگەڵ (١٠٠) پیاودا ناردە بەرەی ڕۆژهەڵات بۆ گوندی (سماق- گوندێکی دیاربەکرە)، ئیمڕۆش خودا یاربێ عەشیرەتی تیرکان-کە لەژووروی دیاربەکردایە (حەسرەتیان بەعەشیرەتی نیرغیان ناویهێناوە، کە ئەمە کێشەیەکی گشتیە لەنێوان ناوەکاندا بەهۆی وەرگێڕانی باسەکان لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، کە ئەوەی حەسرەتیان لەڕوسیەوە کراوە بەعەرەبی) دەیاننێرم بۆ جەبهە و شێخ تاهیر و شێخ سراجیشم ناردووە بۆ کۆکردنەوەی چەکداران و هێشتا نەگەڕاوەتەوە، شێخ منیریشم ناردووە بۆ زوخبریم (لەسەرچاوە/٥٠دا وتراوە زوخبرین و لەوەی مالمیسانجدا لەپەراوێزدا وتراوە گوندێکی هەرزۆیە) بەلام حکومەت ناوەکەی گۆڕیوە بە(کرماتاش) و بۆ (محەمەدیان کە گوندێکی دیاربەکریە و حکومەت ناوی ئەمەشی گۆڕیوە بەئارکباشی) و بۆلای ڕۆژهەڵات بەلام هێشتا نەهاتۆتەوە، هەروەها سالح بەگ و (مەهدی ئەفەندی)م ناردووە بۆ (لجێ) و هێشتا نەهاتۆتەوە و خوا یاربێ هەرکە هاتنەوە لەدوای ڕێکخستنی کاروباری ئێرە ئەوسا دێم بۆلاتان و (بوزان ئاغا) و (شێخ ئەیوب) دەبینم.

ئامۆژگاری من بۆ هەموو چەکدارەکانمان ئەوەیە بەسەبر و لەسەرخۆبن و بەگوێرەی شەریعەتی پاك بجوڵێنەوە، چەکدارانی ئێمە نابێ ماڵ و دەوڵەتی موسڵمان و ئەفەندییان بەزۆر لەوان بسێنن یان تالانیان بکەن، بەلام بۆ زەخیرە من لەنامەی پێشوودا بۆم نوسیبوون ئەگەر پێویستی زۆر هەبێت دەکرێ بەدەستی کەسێکی ئەمین و حسابزان بەپێی پسوڵە ئەرزاق لەئەنبارێك بهێننەدەر و بەشیبکەن و پاشان ئەگەر خوای تەعالا بەنسیبمان بکات ئێمە هەمان شت یان نرخەکانیان دەدەینەوە بەخاوەنەکانیان، دوعا و سەلام دەنێرم بۆ (میر سادق بەگ) و (میر حامید بەگ) و میرەکانی (گیلی) و ئیسلامی (ئەمانە لەوەی حەسرەتیاندا ناویان نەهاتوە).

وەسیەت و ئامۆژگاریم بۆ هەمووان ئەوەیە لەشەریعەتی محەمەدی لانەدەن، هەروەکو ئێمە بیستومانە ئەو ئاغایانەی بەیەکەوە لە(چیرمۆگی) ڕاهاتون داخۆ ئەمە ڕاستە یان نا؟ ئەمەمان بۆ ڕوونبکەنەوە خودای تەعالا یاریدەدەری (محەمەد ئەمین مەحمود ئەفەندی ئوداباشی) بدات و هەناوی (دڵی) بەئیمان و جوامێری دینی پڕبکاتەوە، ئەگەر لەئیرادەی ئەزەلی وێدا قبوڵکردنی ڕێی ڕاست چارەنوسی ئەو نەبێ خودای تەعالا دەستبەجێ لەقەبری ڕاکا و پەرێشانی بکا و ئیسلام

لەخراپەی ئەو بپارێزێت. ئەگەر هەڵدەسورێت لەدوای ڕاوێژ و ڕێکەوتن بەشەو لە(عەلی بارداق-کە گوندێکی دیاربەکرە) بێهەراوهوروژان بەسەر عەسکەری تورکدا بدەن و ئەگەر ئەوەش هەڵنەسورا ئەوا درەنگخستنی ئەو کارە شتێکی بەجێیە، با چەکدارانی ئێمە گەمارۆی (سیوەرگ) بدەن.

ڕۆژی جومعە ۱۹ای شەعبانی

۱۳٤۳کوردە-۱۹۲٥ز

خادم المجاهدین/ سعید النقشبندی

دەربارەی ئەو (محەمەد ئەفەندیەی ئودای ژورر-باشی) کە لەنامەکەی شێخ سەعیدا ناویهێناوە، (مالمیسانج) لەپەراوێزی وەرگێڕانەکەیدا وتویەتی: ئەو محەمەد ئەفەندیە سەرۆکی شارەوانی (سیوەرگ) بووە و فەرماندەی هێزی میللی مەبەستی ئەوانە بووە کە بووبوون بەهاوکاری تورکەکان لەکاتی شۆڕشدا و بەپێی ڕۆژنامەی (وقت)ی ڕۆژی ۱۹۲٥/٤/۲٤ ئەم کابرایە خەبەری لەشێخ محەمەد ئەیوب دابوو، هەواڵەکانیشی گەیاندبوو بەدەوڵەت.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان بەرلەوەی بچێتە سەر باسی چۆنیەتی شکانی شۆڕش و سەرکەوتنی تورك لەلاپەڕە (۱۱٥)دا باسی بەشداربوونی ئاسوری و چەرکەسیەکانی کردوە شانبەشانی کورد دژی تورکەکان کە ئەمە دەریخستبوو تورك تەنها نەك هەر دوژمنی کورد بوون بەڵکو دژی هەموو کەسێك بوون کە بەرەگەز تورك نەبووایە و دەربارەی ئەو بەشداربوونە ڕۆژنامەی (حاکمیتی میللی تورك) کە لەڕۆژی ۱۹۲٥/۳/۲دا دەرچووە نوسیویەتی: تەنها هەر ئاشوریەکان لەگەڵ کوردا بەشداریان نەکردبوو بەڵکو ئەرمەنیەکانیش چوونەتەپاڵ یاخیبووەکان کە ئەمانیش بۆ ئەرمینیایەکی سەربەخۆ تێدەکۆشن، کە لامواپە تورکەکان ئەوەیان بۆیە بلاْوکردبووەوە بۆئەوەی ئیسلام بگەیەنن ئەوانە بەهاندانی ئینگلیزەکان ئەو کارەیانکردبوو، چونکە لەڕاستیدا لەهیچ سەرچاوەیەکی تردا باسی هاوکاریکردنی ئەوانە نەکراوە بەشێوەی چەکداری.

حەسرەتیان لەلاپەڕە (۱۱٥)ی کتێبەکەیدا ئامارەی بۆ ڕۆژنامەی (Gazet)ی ڕۆژی ۱۹۲٥/۳/٥ کردووە کە وتویەتی: تورکەکان بۆ تێکدانی نێوان کورد و ئەرمەنی و ئاسوری، لەلایەن فەیلەقی سوپای تورکەوە بەیانێکی بلاْوکردبوەوە تیایدا وترابوو شێخ سەعید کە ئەم ڕاپەڕینەی لەناوچەی (غینج)دا سازکردووە

لەبزوتنەوەی ئاشوریەکانیشدا هەر دەستی هەبووە بۆیە لەبەرئەو خیانەتەی کە کردبووی لەلایەن دادگای سوپاوە لەبدلیس بەتاوانبار دەژمێردرێت کە هەمووی بەڵگەیە بۆئەوەی شێخ سەعید لەگەڵ ئەرمەنی و ئاشوریەکاندا هاوکاری کردبوو بەنیازی دروستکردنی حکومەتێکی سەربەخۆی کورد، ئەرمەنیەکانیش کە دژی ئێمەن دەیانەوێ دەرفەت و سود لەهەموو هەلێك وەربگرن بۆئەوەی دژی غەیری ئەرمەنی کاربکەن بەو کوردانەشەوە کە یارمەتیەکی زۆری ئەرمەنیەکانیان دابوو، بۆیە سەرکەوتن بەسەر یاخیبووەکاندا بەسەرکەوتنێکی گەورە دەژمێردرێت.

تاقە سەرچاوەیەك کە باسی پەیوەندی کورد و کریستیانەکانی کردبێت لەشۆڕشی پیراندا جگە لەدرۆودەلەسەکانی تورك بریتیە لەو باسەی ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ لەلاپەرە (٩٧)دا ئاماژەی بۆئەوە کردووە کە ئەو بەڵێنەی کریستیانەکانی حەلەب و ئەرزروم و ئەرمەنیەکان بەشێخ سەعیدیان دابوو بەوە تێکچوو ساتێك ئەو زەلامەی کریستیانەکان لە(حەلەب)ەوە نامەیەکیان پیادا ناردبوو بۆ شێخ سەعید لەڕێگا لەلایەن تورکەکانەوە گیرا و هەڵواسرا و ئەگەر لەڕاستیدا ئینگلیزەکانیش یارمەتی شێخیان بدایە (کە ئەیاندابوو) ئەو یارمەتیدانە تەنها شتێکی بێ‌نرخ و بێبایەخ دەبوو).

حەسرەتیان ئاماژەی بۆ کتێبی (S.S.Aydemir Ter adam Mustafa Kemal) کردووە کە لەلاپەڕە (٢٢٦)دا وتویەتی: هێزی تورك لەڕۆژی ١٩٢٥/٣/٢٦دا پەلاماری (دیاربەکر، ڤارتو، العزین)یاندا، هێزی فەیلەقی تورك چووە ناو شاری (ڤارتو) و هەوڵیدا هەر چوارلای شۆڕشگێڕەکان ئابڵوقە بدات بۆئەوەی ڕێگەی ڕاکردن و دەربازبوونیان نەمێنێت کە ڕووبکەنە عێراق یان سوریا.

حەسرەتیان لەباسەکەیدا دەچێتەسەر باسی ئەو عەشیرەتانەی لەو ڕۆژە ناسکەدا خیانەتیان لەشۆڕشەکەی کورد کردبوو کە بریتی بوون لەنەجیب ئاغای سەرۆکی (العزین) و عەشایرەکانی ڕۆژهەڵاتی دەرسیم کە بریتی بوون لە(کنێران، لۆلان، ئەپور، سۆران) کە زەعیم و سەرۆکی ڕۆحیان (دومان دیو ئوغلو حسنی) بوو، ئەمانە بوون بەهاوکاری تورکەکان و لەپشتەوە لەهێزەکەی شێخ سەعیدیاندا و لەئەنجامی ئەم خیانەتەدا شۆڕشگێڕەکان ناچاربوون لەیەکەم ڕۆژی نیسانی ١٩٢٥دا کشانە دواوە بۆ (پالو) کە لەوکاتەدا سوپای تورك بەسەرکردایەتی (کازم پاشا) لە(پالو) نزیك بووەوە و هێزەکەی کورد کە نزیکی (٥٠٠٠) چەکدار دەبوو کشایە دواوە بۆ دۆڵی (مێنلاو) لەوێدا کورد شەڕێکی قارەمانانەی کرد بەلام

لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر بەسوپا گەورەکەی تورك خۆی پێنەگیرا و کشایەدواوە بۆناو دارستانەکان و خۆیانیان تیادا حەشاردا.

شێخ شەریف و چەکدارەکانی ڕوویانکردە (چپاقچور) بۆئەوەی بگەنە لای شێخ سەعید و لە ٦/٤/١٩٢٥دا هێزی حکومەت (چپاقچور)ی گرت و شێخ سەعید و ئەو (٣٠٠) چەکدارەی لەگەڵیدابوو خۆیان گەیاندە (صلخان) و لەوکاتەدا عەشیرەتی (خورمیك) و سەرۆکی عەشیرەتی (کوچوك) کە محەمەد خولیوس ئەفەندی بوو، بەخۆی و (٣٠٠) چەکداریەوە چوونەپاڵ هێزەکەی حکومەت و (عەلی کەمال)ی برای محەمەد خولیوس و ئەمیش بەخۆی و سەد چەکدارەوە بوون بەلایەنگری حکومەت و بەهەموویان پەلاماری چەکدارەکانی (جبران)یاندا لەدەشتەکانی (خارلیونا) و هەردوو سەرۆك عەشیرەتی (بوبو) و (ختۆ) بەخۆیان و پەنجا سوارەوە کشانە دواوە بۆ ناوچەی (سون) و لەناوچەی (عشق میدان)دا گەیشتنە لای شێخ سەعید لەئەنجامی ئەو سەرکەوتنانەی تورکدا حکومەت پیرۆزبایی لەو عەشیرەتانە کرد کە بووبوون بەهاوکاری و سەرۆك عەشیرەتی (خورمیك) و دانیشتوانی (کیغی) تەلگرافیان نارد بۆ مستەفا کەمال و بۆ موتەسەریفی ئەرزڕوم و بۆ کازم پاشای سەرۆکی سێهەم و بۆ عوسمان نوری سەرکردەی لیوای یازدەهەم. سەرچاوەی حەسرەتیان بۆ ئەم ڕووداوانە بریتیە لە(M.S.Firat illeri Ve Varto) لاپەڕەکانی (١٣٧-١٣٨).

حەسرەتیان دەربارەی ناچاربوونی پەنابردنی هەندێ لەشۆڕشگێڕەکانی کورد لەدوای شکاندن، ئاماژەی بۆ کتێبەکەی نوری دەرسیمی کردووە (Kurdistan Tarihi) کە وتویەتی: لەکۆتایی مانگی ئازاری ١٩٢٥دا (خالد حسنان) و عەلی ڕەزا و (خالید جبری-کە ئەمە خالید بەگی جبران نەبووە کە بەرلەمە لەسێدارەدرا) و چەند سەرکردەیەکی تری کورد بەخۆیان و هەزار سوارەوە ناچاربوون بەرەو ڕۆژهەڵات کشانەدواوە پاشئەوەی لەشەڕی (خینس)دا شکان و هێزی تورك کە لە(قرفوش)دا بوو بەهاوکاریکردنی عەشیرەتی (میدران) ئەوانەیان ناچارکرد بکشێنەدواوە و (خالد حسنان) لەسنوری ئێران پەڕیەوە و لەناو ئێرانیشدا هێزی ئێرانیەکان بەڕەنگاری بوونەوە و لەو شەڕەدا (شمس الدين کوڕی خالد حسنان) و عەباسی کوڕی شێخ سەعید و کەریمی سەرۆکی عەشیرەتی (زرکان) و چەند شۆڕشگێڕێکی تر شەهیدبوون ئەوانەی مابوون وەکو (خالد حسنان) و عەلی ڕەزا خۆیان گەیاندە لای سمکۆ.

تا ئێره بریتی بوو لەکورتەی ئەو باسەی پرۆفیسۆر حەسرەتیان دەربارەی چۆنیەتی دەستپێکردنی شۆڕش هەتا شکاندنی لەکتێبەکەیدا باسکردووە و دوای ئەم باسەی ئەو دوو سەرچاوەیەی تریش کە بریتین لەسەرچاوە/١٠٥ و کتێبەکەی ڕۆبەرت ئولسون سەرچاوە/٨٤، کورتەی هەردووکیان دەخەینە پێشچاو.

مارتن ڤان برونسون و (Gerard Benecke) دەربارەی دەستپێکردنی شۆڕش وتویانە: لەبەرئەوەی زۆر لەڕێبەرە گرنگەکانی ئازادی لەگرتووخانەدا بوون (مەبەستیان یوسف ضیاء بەگ و خالد جبران) یاخود خۆیان شاردبووەوە (وەکو ئیحسان نوری و هەندێکی تر کە خۆیان نەدابوو بەدەستەوە)، لەبەرئەوە دەبوایە نەخشەی شۆڕشەکە بگۆڕێت، لەبەرئەوە لەکانونی دوهەمی ١٩٢٥دا کۆبونەوەیەکی ئەندامانی کۆمەڵی ئازادی کرا و شێخەکان و سەرۆکی عەشیرەتەکان کە زۆربەیان لەزازاکان بوون لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاریاندا شۆڕشەکە لەمانگی مارتدا دەستپێبکات (وەکو بەرلەمە باسکراوە هەندێ سەرچاوە وتویانە خرابووە ڕۆژی نەورۆز).

شێخ سەعید بۆ ئەو مەبەستە بەمەڵبەندی زازاکاندا گەڕانێکی کرد بۆئەوەی باسی ئەو گێرەوکێشانە بکات کە دوورنەبوو لەکاتی ڕاپەڕیندا ڕووبدات بۆئەوەی پێشوەخت چارەسەریان بکرێت و لەو گەڕانەدا وتارە ئاگراویەکانی شێخ سەعید بەتەواوەتی هەستی دانیشتوانی ناوچەکەی وروژاندبوو دژی ڕەفتارەکانی حکومەتی تورك. دوای ئەمە هەردوو نوسەرەکە باسی ڕووداوەکەی (پیران)یان کردووە دەربارەی ئەوانەی تورکەکان هاتبوون بۆ گرتنی چەند کەسێك کە لەگەڵ شێخ سەعیددا بوون لەپیران و شێخ سەعید لەئەنجامیدا ڕوویکردە (داراهین)، هەروەکو لەو باسەی پرۆفیسۆر حەسرەتیاندا باسیکردوە و لەوەرگێڕانەکەی (مالمیسانج)دا وتراوە ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی شۆڕشەکە پێشوەخت دەستپێبکات.

سەرچاوە/١٠٥ دەڵێ: کە شێخ سەعید گەیشتە (داراهین) کە جەندرمەکانی ناوشار زۆربەیان کورد بوون، هەموو بەخۆشیەوە بوون بەلایەنگری شێخ سەعید و شارەکە کرا بەپایتەختی ئوستانی ڕاپەڕیوەکان و شێخ سەعید فەرمانداریك و موفتیەکی بۆ شارەکە دانا لەگەڵ سەرکردەیەك بۆ جەندرمەکان و کاربەدەستانی پلەی خوار ئەوان هەروەکو جاران لەشوێنەکانی خۆیاندا هێڵرانەوە (زنار سلوپی

لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧ باسی حەسەنی سەرۆکی عەشیرەتی (مودان)ی کردووە کە لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە کرابوو بەوالی (داراهین).

شێخ سەعید دەستیکرد بەناردنی چەکدارەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی پەیوەندی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هەرێم و سەرکردەکانی هێزەکان دانران کە بریتی بوون لەشێخەکان (بەرلەمە باسی ئەو سەرکردانەی هێزەکان کران کە سەرچاوە (٨٤ و ١٠٥) ئاماژەیان بۆ ناوەکانیان کردبوو). شێخەکانی (جان) چوون (کاپاکچور)یان داگیرکرد و بەرەو (کیگی) چوون، شێخ عەبدولای خەڵکی مەڵبەندی (سولحان) نێردرا بۆ (ڤارتو) و ناوچەی باکور (موش) و (شێخ شەریف)ی فەرماندەی میلیشیا لەداگیرکردنی (کاپاکچور)دا بەشداربوو. زنار سلوپی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧ وتویەتی شێخ شەریف خەڵکی (گوگدە) بووە و لەوێوە ڕوویکردە (پالو) ئەویشی گرت و بەرەو شاری گرنگی (ئیلازیك) کەوتەڕێ و لەڕێگایدا ژمارەیەکی زۆری چەکدار چوونەپاڵ هێزەکەی، شێخ سەعید خۆشی لەگەڵ هەندێ لەچەکدارەکانی لە(داراهین)ەوە ڕوویکردە باشور.

لەکاتی ئەو جموجولانەی کورددا، هێزێکی پیادە و هێزێکی سوارەی حکومەت لەدیاربەکرەوە نێردران، بۆ بەرەنگاربونەوەی ڕاپەڕیوەکان و لەڕێگەیاندا هێزی پیادەی حکومەت لەلایەن جوتیارەکانی ناوچەکەوە بەسەرکردایەتی (شێخ محەمەد مەهدی-خەڵکی سەردی) لەگوندێکی نزیك بە(خانی) لەهێزەکەی حکومەت درا و دوای چەند ڕۆژێك هێزەکەی شێخ سەعیدیش گەیشتە ئەوێ و ڕێگە بەهێزەکانی حکومەت گیرا و تۆپەکانی ئەو هێزە و چەند قۆرخانەیەکی بەکەڵك گیران و ڕۆژی دوایش هێزێك نێرایە سەر هێزی سوارەی حکومەت و ڕۆژی ١٩٢٥/٢/٢٨ ئەو هێزە خۆیدا بەدەستەوە و لەو ڕۆژەدا تەواوی ناوچەکانی زازا هەر لە(ئەرگانی-ئەرغانی)یەوە هەتا (قوڵپ) دژی حکومەت ڕاپەڕیبوون و شارەکانی (ئەرغانی، خانی، لجێ) لەلایەن دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەریانەوە دەستیان بەسەرداگیرا ئەگەرچی هەندێ لەدانیشتوانی شارنشین دەستیان لێکردبونەوە.

شێخ سەعید خۆی ئامادەکردبوو بۆ داگیرکردنی (دیاربەکر) و لەولاشەوە شێخ عەبدولرەحیمی برای لەگەڵ بەشێك لەهێزەکانی زازا بەرەو ڕۆژئاوا چوون و (معدن) و (چەرمیك) و (سیڤەرکی)یان داگیرکرد و شێخ سەعید بەمەڵبەندەکانی دەوروبەری (ئەگیل)دا گەڕا بۆ وەدەستهێنانی لایەنگران بۆ شۆڕشەکەی کورد. ئەو

نوێنەرانـەی شـێخ سـەعید نـاردبوونی بـۆ بەشـەکانی تـری کوردسـتان بـۆلای عەشـیرەتی بـەتوانای (مـیلان) لەدەوروبـەری (وێـران شـهر) و بـۆ عەشـیرەتەکانی دەوروبـەری (بـدلیس) کـە ئەمانـە لەنەخشـەی بنـاوانی (کۆمـەڵی ئـازادی)دا بەشداربوون، بەڵام هیچ لایەکیان وەڵامیان نەهاتەوە بۆ شێخ سەعید.

لەئەنجامدا لەبەرایی مانگی مارتی ١٩٢٥دا دەهەزار چەکداری کورد گەمارۆی دیاربەکریانـدا کـە شـێخ سـەعید خـۆی لەگونـدێکی نزیـك دیاربـەکر سەرپەرشـتی شۆڕشـەکەی دەکرد. زنـار سـلوپی لەکتێبەکەیـدا سەرچاوە/٥٧ لەلاپـەڕە (١٠٨)دا وتویـەتی ئـەو هێـزەی کـورد کـە نێـردرا بـۆ گـەمارۆدانی دیاربـەکر بەسـەرکردایەتی شێخ مسـتەفا بـوو کـە لەشـێخەکانی (جـان) بـوو، بـەڵام چـەکدارەکانی عەشـیرەتی (هورمیـك) و (لـۆلان) پـەلاماری هێزەکـەی شـێخ مسـتەفایان دا و پـاش ئـەوەش کـە هێزەکـەی شۆڕشـگێڕان لەدەوروبـەری دیاربـەکر کشـانەوە ئـەو هێـزە چـووەپاڵ هێزەکـەی شـێخ عەبـدوڵای ملکـان کـە لەوکاتـەدا هێزێکـی گـەورەی تـورك بەسەرکردایەتی (ناجی پاشا) تازە بەشەمەندەفەر لە(ئەدەنە)وە هـاتبووە (ماردین) و هێزەکـەی تـورك زیـانێکی گـەورەی بـەکورد گەیانـد وەکـو لەشـوێنی خۆیـدا باسمـــانکردوە فەرەنســـیەکان ڕێگەیانـــدابوو بەشـــەمەندەفەر بەناوچـــەکانی دەسەڵاتیاندا بگەنە پشت شۆڕشگێڕانی کورد و لەپشتەوە لێیاندان.

سەرچـاوە/١٠٥ لەباسـەکەدا لەسـەرێنەڕوا و دەڵـێ: دیاربـەکر بەسـەربازخانە گەورەکەیـەوە لـەو ڕۆژانـەدا لـەژێر فەرمانـدەی(مرسـل پاشـا)ی لێهـاتوودا بـوو، سـەربازخانەکە بـەدیوارە قایمەکانیـەوە زۆر سـەخت بـوو، لەشـکاندن نـەدەهات و بەئاسـانی نـەدەگیرا و بەرلەمـە (مرسـل پاشـا) چـەکی بەسـەر دانیشـتواندا دابەشکردبوو، قەدەغەی هاتوچۆی نـاو شـاری بڵاوکردبوەوە بۆیـە ترسـی ئـەوەی نەبوو دانیشتوانی دیاربەکر ببن بەهاوکاری شۆڕشگێڕەکان.

سـاتێك هێزێکـی بچـوکی ڕاپـەڕیوەکان بەشـەو چـوونە نـاو شـارەوە بـەهیوای ئەوەی زازاکانی ناو شار پشتیوانیان لێبکەن، بەڵام زوو بەوە زانرا و تـەنها (٧-٨) کـەس لەوانـەی چـووبوونە ژوورەوە توانیبوویـان خۆیـان ڕزگاربکـەن ئـەوانیتر کوژرابوون، (زنـار سلوپی لەسەرچاوە/٥٧ وتویـەتی ژمـارەی ئەوانەی چووبوونە ژوورەوە تـەنها شەسـت کـەس بـوون) بـەڵام لەجەبهـەکانی تـردا شـێخ شـەریف (ئیلازیك)ی گـرت و بڵاوە بەسەربازخانەکە کـرا، لـەباکوری ڕۆژهەڵاتیشـدا (قـارتو) گـیرا و چـەند جارێـك هێـرش برایەسـەر (هیـنس) لەلایـەن جبرانیـەکان و

حسەنیانەکانەوە بەڵام لەلایەن عەلەویەکانی نەیارمانەوە وەکو (هورمیك) و (لولان) بەتوندوتیــژی ڕووبــەڕوویان بوونــەوە و بــۆ داگیرکردنــی (مــوش) و (بــدلیس) لەبەرئــەوەی دانیشــتوەکانیان لایــەنگری شــۆڕش نــەبوون بۆیــە هێرشــەکەیان سەرینەگرت.

دەربارەی ئەمە زنار سلوپی لەلاپەڕە (١٠٨)ی کتێبەکەیدا وتویەتی: هێزەکانی حسنانلی خالید و هاوکارەکانی کە بریتی بوون لە(خلیل محمود) و (خطو کریم بەگ) و (قۆلئاغاسی زیرەك باب بەگ) و (سادق بەگ) و سەبری ئیسماعیل ئاغا لەسەرەتادا فیرقەی نۆهەم و هێزی (٦٢)ی تورکیان شکان و زیانێکی زۆریان بەحکومەت گەیاند، بەڵام زۆری پێنەچوو هێزێکی زۆر گەورەی یارمەتیدەری حکومەت گەیشتە ناوچەکە و بەهاوکاری چەکدارەکانی (موتکی) و (خورمیك) و (لولان) کە لایەنگری حکومەت بوون هێزی شۆڕشگێڕەکانیان شکاند و ناچاریانکردن ڕووبکەنە ناو خاکی ئێرانەوە، خالید حسنانلی بۆ ماوەیەك چووەلای سمکۆ و لەدواییدا گەڕایەوە بۆ گوندی (شیروان شێخ) و لەوێ هێرشبرایە سەری و گیرا و درا بەدادگای ئیستقلال و لەسێدارەدرا.

سەرچاوە/١٠٥ مارتن ڤان برونسون و هاوڕێکەی باسی هەڵوێستی هەندێ لەشۆڕشگێڕانیان کردووە کە کردەوەکانیان لەگەڵ ڕاسپاردە و داخوازیەکانی شێخ سەعیدا یەکینەدەگرتەوە کە پێی وتبوون نابێ دەستدرێژی بکەنە سەر هیچ لایەك، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمە ساتێك شۆڕشگێڕەکان (داراهین) و (چاپاکچور)یان گرتبوو، هەواڵ گەیشتبووە (ئیلازیك) کە چەند سەد جوتیارێکی کورد بەناو بۆ هاوکاریکردنی شۆڕشگێڕان بەخۆیان و ئاڵای سەوز و بەدەستێکی تریان قورئانیان پێگرتبوو، لەڕێگا لەخەڵك دەپاڕانەوە کە بۆ خاتری خودا خۆیان بدەن بەدەستەوە و چوونە ناو شاری (پالو) لەوێوە بەرەو ئیلازیك ملیان نا و یەکەم تاقم کە (٣٠٠) کەسێك دەبوون بەوپەڕی سەربزێویەوە گەیشتنە بەردەمی سوپای تورك و سەربازەکان کە چاویان بەدیمەنی ئەوانە کەوت وا قورئانیان نابووە سەر نێزەکانیان، ئیتر ئەو سەربازانە هەڵاتن و شارەکە بەخۆشیەوە پێشوازیان لێکردن و کە چوونە ناو شارەوە پۆستی جەندرمە و خانوی دادگا تاڵانکرا و پەلاماری زیندانەکانیاندا و هەموو گیراوەکان بەردران و فایل و دۆسیەکانی دەزگای زیندانەکانیان سوتاند و خانوی ئەفسەران و دەوڵەمەندەکانیان پیشاندرا بۆئەوەی بیانگرن و ماڵەکانیان تاڵانبکەن و لەولاشەوە بارەبەر و دارشکێنەکانی کورد

بەخۆشیەوە دوایانکەوتن و بۆ ئێوارە شێخ شەریف گەیشتە ناو شار و بەڵێنیدا ئاسایش و هێمنی بەرپابکات و بڕیاریدا هەموو تالآنچیەکان بگیرێن و سزابدرێن و ئەوەی خراپەی کردووە لەسێدارە بدرێت، بەڵام هەڕەشەکانی شێخ شەریف بێهودە بوو چونکە ڕۆژی دوایی تالآن‌وبڕین بۆ سەر عەمارەکانی سوپا و فەرمانگەی توتن دوبارە دەستپێکردەوە، دانیشتوانیش بەرەنگاری ئەوە نەبوونەوە چونکە سەربزێوەکانیان بەسوپای ئیسلام لەقەڵەمئەدا و بەسەدان لەجوتیاری گوندەکانی دەوروبەر هاتنە ناو شار بۆ پیرۆزبایکردن لەسەربزێوەکان و هەندێکیان لەگەڵیاندا بەرەو مەلاتیە بەرێکەوتن.

بەوجۆرە شێخ شەریف نەیتوانیبوو چارەسەری ئەو بارودۆخە بکات و لەجیاتی ئەو پیاوماقوڵانی ناو شارەکە لەناو خۆیاندا دەستەیەکی خۆراگرییان پێکهێنا بۆ دەرکردنی ڕاپەڕیوەکان بۆئەوەی ئاسایش لەشارەکەیاندا بەرپابیێتەوە و دوای ئەو ڕووداوە ئیتر ئەو تاقمی ڕاپەڕیوە هیچ سەرکەوتنێکی تریان بەدەستنەهێنا.

لەکۆتایی باسی ڕووبەڕووبونەوەی شۆڕشگێڕانی کورد و هێزەکانی حکومەت لەڕووداوەکەی پیران بەولاوە باسێکی دووروودرێژی ڕۆبەرت ئولسون پێشکەش دەکەین کە بەوردی چۆتە بنج‌وبناوانی شۆڕشی پیران و بۆ ئەو مەبەستە بەڵگەکانی ناو ئەرشیفی حکومەتی بەریتانیای پشکنیوە و تا کۆتایی شۆڕشەکە و دامرکانەوەی باسکردوە، هەرچەند هەندێ لەو باس و ڕووداوانەی ئەو لێیان دواوە لەهەندێ سەرچاوەی تردا بەشێوەیەکی نزیك لەو باسکراوە، بەڵام لەزۆر شتیش دواوە کە لەوانەی ئەو سەرچاوانە ناچێت یان ئەوان هەر باسیشیان نەکردووە بۆیە بەپێویستم زانی کورتەیەکی کتێبەکەی ڕۆبەرت ئولسون دەربارەی شۆڕشی پیران بخەمە پێشچاو.

لەباسی پێنجەمی بەشی دەهەمدا-چۆنیەتی ڕووداوەکەی پیران-کورتە باسێکی ڕۆبەرت ئولسونمان خستە پێشچاو دەربارەی بارودۆخی ناوچەکە لەدوای ڕووداوەکەی (بیت الشباب) و چۆنیەتی لەیەکدانی هەندێ لەشۆڕشگێڕانی کورد لەگەڵ چەند جەندرمەیەکی تردا لەپیران کە ئەم ڕووداوەی پیران بوو بەهۆی ئەوەی شۆڕشەکە پێشوەخت دەستپێبکات و ڕۆبەرت ئولسون وتویەتی: لە ۱۹۲۵/۲/۱۷دا (چاپاکچور) گیرا و شێخ (حەسەن-Hasan) کرا بەوالی شارەکە و شێخی (can) دووهەزار چەکداری ئامادەکرد بۆ پەلاماردانی (Kigi) و

لە١٩٢٥/٢/٢٠دا ئەو هێرشە سەرنەکەوت چونکە هێزی تورکەکان زۆربوون و چەکدارێکی زۆری بەکرێگیراویان لەگەڵدا بوو کە (٣٠٠) چەکدار لەوانە لەچەکدارەکانی عەلەویەکانی (Hormek) و ناوچەی (Karir) بوون بەسەرکردایەتی (محەمەد هولاسی ئەفەندی-M. Holasi. Efendi) و لە ٢/٢٧دا شۆڕشگێڕەکان (١٥) کوژراو و پێنج برینداریان هەبوو، شێخی (کان) پاشەکشەی کرد بۆ چاپاکچور بەبێئەوەی هیچ دەسکەوتێکی دەستگیربێت و ئەو یارمەتیدانەی بەتەمای بوو ئەرزنجان و ئەرزڕومی پێ‌داگیربکات نەگەیشت.

ڕۆبەرت ئولسون لەباسەکەیدا چۆتە سەر باسی جەبهەیەکی تر دوای شەڕە سەرنەکەوتوەکەی دیاربەکر و وتویەتی: هێزەکەی کورد هەوڵیدا (Varto) داگیربکات بەڵام سوپای هەشتەمی تورك ڕێگەی لێگرت کە لەوکاتەدا چەکدارەکانی (هورکیك) و (لۆلان) کە دژی شۆڕشگێڕەکان بوون گەیشتبوونە لای سوپاکەی تورك و هورمیکەکان و لولانیەکان ڕێگەی ئەوەیان نەدا بەکورد ڕووبکەنە ئەرزڕوم.

جەبهەیەکی تری گرنگی شۆڕش بریتی بوو لەجەبهەی باکوری ڕۆژهەڵات بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولای خەڵکی (Melkan) لەگەڵ عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعیدا و بەهاوکاریکردنی حسنانلی خالید و سەرۆکی عەشیرەتی جبران کە نەخشەی بزوتنەوەی ئەم جەبهەیە عەلی ڕەزا کێشابووی بۆ داگیرکردنی (Kigi) و دەبوایە سەرۆکی جبران (Solhan)ی داگیربکردایە لەگەڵ ناوچەکانی (گوینوك، فرتو، ملازگرد، حوش) و شێخ عەبدولاش پەلاماری ئەرزڕومی بدایە و پاش ئەوەش حسنانلی خالید و عەلی ڕەزا (Agri) داگیربکەن لەبدلیس. گرتنی بدلیس کارێکی سەرەکی بوو بۆ شۆڕش بۆئەوەی بتوانرێت خالید بەگ جبران لەبەندیخانە ڕزگاربکرایە لەگەڵ یوسف ضیاء بەگدا کە هەردووکیان سەرکردەی کۆمەڵی ئازادی بوون، چونکە حسابی ئەوە کرابوو ئەگەر بتوانرایە ئەو دوو کەسە ئازادبکرێن ژمارەیەکی زۆر لەعەشیرەتەکانی کورد بەشداردەبوون لەشۆڕشدا بەو کوردانەشەوە کە لەسەر سنووری عێراقدا بوون.

لە ١٩٢٥/٢/١٩دا شێخ عەبدولا و محەمەد عەلی سەرۆکی عەشیرەتی (Solhan) و (Girvaslo)، حاکی سەلیم سەرکردایەتی (Omerman) و عەشایری (مینشکورت)ی وەرگرت و توانی شاخەکانی (شرافدین) ببڕێت و گەیشتە ناوچەی (Karaliova) کە لەوناوەدا عەشایری جبران هەندێ شوێنیان گرتبووە دەست. کە گەیشتە ئەو

ناوچەیە شێخ عەبدوڵا فەرمانی دەرکرد بۆ (کامل بابا) کە سەرۆکی عەشیرەتی جبران بوون ڕووبکەنە (Varto) بۆئەوەی لەعەشیرەتی (Hormek) بدەن کە لەسەر ڕێگایاندا بوو کە ئەم لێدانە توشی کارەساتێکی گەورەی کردن.

لە ١٩٢٥/٢/١٧دا عەشیرەتی (هورمیك) ئاگای لەوەبوو کە شۆڕشگێڕەکان بەرەو پێشەوە دەچوون بۆیە بڕیاریاندا لەگوندی (Urtukram)دا بەرەنگاریان ببنەوە، عەشیرەتە شیعەکان (مەبەستی عەلەویەکانە) چوون بۆ پاراستنی (Varto) و لە ١٩٢٥/٢/٢٢دا تاقمی جبرانیەکان ڕووبەڕووی هورمیکەکان و لولانیەکان بوونەوە لەگوندی (Kasman) کە لەباشوری ڤارتودا بوو، لێرەدا ڕووداوێکی زۆر گرنگ هاتەپێشەوە کە سەرنەکەوتن مانای دۆڕاندنی شۆڕشەکەی کوردی دەگرتەوە، هەرچەند لێرەدا شەڕەکە تەنها نیوسەعاتی خایاند بەڵام ڕێگە لەشێخ عەبدوڵا گیرا کە (ڤارتو) داگیربکات و ڕووبکاتە ئەرزڕوم.

لەشەڕێکی تردا کە لە ١٩٢٥/٢/٢٢ هەتا ١٩٢٥/٢/٢٧ درێژەی کێشا لە(معدن) تورکەکان شکان و کوردەکان لەو شەڕەدا چوار تۆپی شاخیان دەستگیربوو بەگوللەکانیانەوە لەگەڵ چەند ڕەشاشێك و ژمارەیەکی زۆری سەربازەکان کە ڕەنگە زۆربەیان کورد بووبن بەدیلگیران و چەکەکانیان لێسەندن و ڕێگەیان پێدان هەریەکەیان بچێتەوە بۆ ماڵی خۆی و لەو شەڕەدا دوو ئەفسەر کوژران و (٢٦)یش بەدیلگیران، لیفتنانت کولونیل (کازم) کە سەرکردەی فەوجی (١٤) بوو بریندارکرا و سەرکردەی فەوجی (١١) نەگەڕایەوە و پێنج ئەفسەر کە ڕزگاریان بووبوو ڕایانکرد و لەدیاربەکر زیندانکران.

لەکۆتایی مانگی شوباتدا شێخ سەعید داوای لەعەشایری ناوچەکە کرد بەشداربکەن لەشۆڕشدا بەڵام عەشایری (Sasuna) و (Tatukan) کە لەنێوانی دیاربەکر و گێنجەدا بوون بەدەنگیەوە نەچوون و شێخ سەعید بەرامبەر بەمە هەروەکو ئینگلیزەکان لەراپۆرتەکانیاندا باسیانکردوە، (٤٠٠٠) چەکداری ناردە سەر ئەو دوو عەشیرەتە کە (حاجی موسا بەگ) سەرۆکی هەردوو عەشیرەتەکە بوو لەگەڵ (٤٠٠) چەکداریدا کوژران کە ئەم کوشتارە وای لەو دوو عەشیرەتە کرد بچنە پاڵ شۆڕشەکە.

لەدوای شەڕی (دربندهانی) هێزەکەی شێخ سەعید ڕوویکردە دیاربەکر کە ژمارەی هێزەکە نزیکی (٧٠٠٠) چەکدار بوو، لە ١٩٢٥/٢/٢٨دا لەباکوری دیاربەکردا شێخ سەعید بارەگای هێزەکەی دامەزراند و لەوێوە پەیوەندی

بەهێزەکانی ترەوە کرد لەناوچەکانی تردا و داوای لە(مەحمود بەگی ئیبراهیم بەگ) کرد لەباشورەوە پەلاماری دیاربەکر بدات بەلام پێنج ڕۆژ بەسەر ئەو داواکردنەدا تێپەڕیکرد مەحمود بەگ هیچ وەلامێکی نەدایەوە لەبەرئەوە شێخ سەعید خۆی لەمانگی مارتدا هێرشیکردە سەر دیاربەکر و چەکدارەکانی بەهاواری (الله اکبر)ەوە داوایان لەهێزەکەی حکومەت دەکرد خۆی بدات بەدەستەوە، بەلام تورکەکان گوێیان نەدایە ئەو بانگەوازە و شەوی ٨\١٧ی مانگی مارت شەڕێکی قورس ڕوویدا لەئەنجامیدا شێخ سەعید ناچارکرا بکشێتەدواوە و جارێکی تر خۆی ئامادەکرد بۆ هێرشبردن بۆ سەر دیاربەکر و لەهەرچوارلاوە هێزی ئامادەکرد بۆ ئەو مەبەستە.

لەولاشەوە شێخ عەبدولڕەحیمی برای شێخ سەعید دوای داگیرکردنی (Maden–معدن) پەلاماری (Cermik)یدا و داگیرکرا، (٥٠٠) چەکداری شێخ ئەیوب لەناوچەی (سیڤریك)دا بوون بەهاوکاری شێخ عەبدولڕەحیم و بەهەردوکیان (ئەرغانی)یان داگیرکرد. بەرەی ڕۆژئاوا (خەرپوت–ئەلزیك) لەلایەن شێخ شەریفەوە سەرکردایەتی دەکرا بەهاوکاری (Saki Yado) و ئەو عەشیرەتانەی کەوتبوونە خۆرئاوای چاپاکچور و (Bingol) ڕوویانکردە (Elazig) و لەڕۆژی ٥ی مارتدا شێخ شەریف بەبێ شەڕ چووە ناو شارەکەوە و لەدانیشتوانی گەیاندبوو شێخ سەعید هەوڵئەدات خەلافەت بگەڕێنێتەوە بۆ ولات و (محەمەد ئەفەندی) کرا بەوالی شارەکە.

لەلاپەڕە (١١٠)دا ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا باسی هەلوێستی دوای ئەوەی کردووە و وتویەتی: ڕۆژی ١٩٢٥/٣/٦ لەگوندی (Husenik) کە شێخ شەریفی لێبوو لەعەماری تەقەمەنیەکاندا تەقینەوەیەکی گەورە ترسی خستە دڵی هەموو دانیشتوانەوە و لەئەنجامیدا شێخ شەریف و شێخ یادۆ نەیانتوانیبوو دەست بەسەر هەلوێستدا بگرن و زۆری پێنەچوو (کازم بەگ) بەخۆی و هێزێکی حکومەتەوە ڕوویانکردە ناوچەکە و شۆڕشگێڕەکانیان ناچارکرد بەرەو ڕووباری (مرادسۆ) بکشێنەدواوە و لەشاخەکانی دەرسیمدا عەلەویەکان لەجیاتی ئەوەی یارمەتی شۆڕشگێڕان بدەن پەلاماریاندان و لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا ناچاریانکردن ڕووبکەنە دەشتەکانی (پالو).

لە٤ی نیسانی ١٩٢٥دا لەدەربەندی (Mendo)دا چەند هەزار شۆڕشگێڕێك لەناو داروبەردی چیاکاندا خۆیان حەشاردابوو بۆ لێدانی هێزەکانی تورك

بەسەرکردایەتی کازم بەگ، بەلاّم هێزەکەی تورك توانیبووی پاش شەڕێکی (٢٤) سەعاتی هێزەکەی کورد پەرش‌وبلاّو بکەن و لەئەنجامی ئەمەدا شێخ شەریف و تاقمێك لەسەرکردەکانی تر ڕایانکرد بۆ (چاپاکچور) بۆئەوەی خۆیان بگەیەننە هێزەکەی شێخ سەعید بەلاّم کازم بەگ توانیبووی دەست بەسەر ئەویشدا بگرێت. کازم بەگ دوای ئەمە چووە ئیلازیك و لەوێ دەستیکرد بەدادگاکردنی ئەوانەی یارمەتی شۆڕشگێڕانیان دابوو، هەندێکی گرتن و هەندێکی لەسێدارەدان و ژمارەیەك لەدانیشتوانی شارەکە ناچاربوون ڕوویانکردبووە ڕۆژئاوای تورکیا.

ڕۆبەرت ئولسون لەلاپەرە (١١١)ی کتێبەکەیدا لەباسی داگیرکردنی (ئیلازیك)دا ئاماژەی بۆ قسەی ئەو ئەورووپاییانە کردووە کە لەوکاتەدا لەشارەکەدا بوون، بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی دەربارەی ئەو ڕووداوانە تۆمارکراون، کە وتویانە: لێپرسراوانی بانقی عوسمانی لەژێر سایەی (٢٥) جەندرمەدا لە ١٩٢٥/٣/٢٤دا پارەی بانقەکە دەربازبکات بیگەیەنێتە خەرپوت، بۆیە کاتی خۆی کە شۆڕشگێڕەکان چووبوونە ناو شارەوە تەنها دەرگای بەندیخانەکانیان کردبووەوە و ماڵی ئەفسەرەکان و ئەو دەوڵەمەندانەی لایەنگری حکومەت بوون تالاّنکرد و لەڕۆژی ٣/٢٥دا کۆگاکانی توتن کە بایی (٤٠٠٠) لیرە توتنی تیادابوو دەستی بەسەرداگیرا. شێخ شەریف و محەمەد ئەفەندی موفتی لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیاندابوو کاروباری ناو شارەکە ئاسایی بکەنەوە تەقەلاکەیان بێسوود بوو (بەرلەمە لەباسێکی سەرچاوە/١٠٥دا باسی ئەوەکرا دوای سەرنەگرتنی تەقەلاکەی شێخ شەریف دانیشتوانی شارەکە خۆیان ئەنجومەنێکیان سازکرد بۆ ئاسایکردنەوەی بارودۆخ تا ئەوکاتەی هێزی حکومەت دەستی بەسەرداگرتەوە).

ڕۆبەرت ئولسونیش هەمان بۆچوونی سەرچاوە/١٠٥ی دووبارەکردۆتەوە و ئاماژەی بۆ باسەکەی مارتن ڤان برونسون کردووە کە وتویەتی: ڕاسم بەگ کە ئەفسەرێکی تورك بوو پەلاماری شۆڕشگێڕەکانیدا و لەو پەلاماردانەدا شۆڕشگێڕەکان نزیکەی (٥٠) کوژراویان بەجێهێشتبوو پاشئەوەی ئەوانیتر پاشەکشەیان کردبوو. ڕۆبەرت ئولسون لەباسەکەیدا لەسەریئەڕوا و دەڵێت: لەدوای چوار ڕۆژ بەڕێوەبەری بانق گەڕایەوە و پۆستەخانە کرایەوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا شارەکە هەر نائارام بوو چونکە چەکدارەکانی شێخ سەعید هێشتا لەدەوروبەری شاردا مابوون و لەدواییدا (نورالدین پاشا) گەیشتە شارەکە و دەستی بەسەر هەڵوێستدا گرت.

شێخ عەبدولاّ پرسی بە(جبران ئیسماعیل)ی مامی خالید جبران و (مێجەر قاسم جبران) کرد، کە لەسوپا خانەنشین کرابوو، بووبوو بەڕاوێژکاری شێخ سەعید و پرسی ئەوەی پێکردن ئایا بەباشی دەزانن هێرش ببرێتە سەر (ڤارتو) و بۆ ئەو مەبەستە ئایا بەلای گوندی (هرمك)دا بڕۆن یان بەناویدا تێپەڕن و لەئەنجامدا بڕیاردرا دووهەزار چەکدار پەلاماری (ڤارتو) بدات و بەر لەبەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٢٥/٣/١١دا بەسێ سەعات شێخ عەبدولاّ دڵنیابوو لەوەی بتوانێت سەرکەوێت بەیارمەتیدانی ئیسماعیل و قاسم و ئەو (١٢٠) جەندرمانەی کورد کە لەسوپاکەی تورکدا بوون لە(ڤارتو) کە زۆربەیان زازا بوون و لەموریدەکانی شێخ سەعید بوون لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی دیاربەکر و (Hazzo)، لەو پێکادانەی لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا کردیان محەمەدی مامی شێخ عەبدولاّ کوژرا و هرمکەکان شێخ عەبدولاّیان ناچارکرد واز لەداگیرکردنی (ڤارتۆ) بێنێت دوای شەڕێکی سەخت کە پێنج ڕۆژ درێژەیکێشا.

لە ٣/١٧دا شێخ عەبدولاّ هێرشیکردە سەر (Arpa pass–ئەرپاپاس) کە لەنێوان (ڤارتو) و (هینس)دا بووە بەخۆی و دووهەزار چەکدارەوە، لەشەڕێکی قورسدا کە تا نیوەشەو درێژەیکێشا، شێخ عەبدولاّ ناچاربوو پاشەکشە بکات و گەڕایەوە بۆ گوندی (Kirs) و ئەو چەکدارانەی لەژێر سەرکردایەتی عەلی ڕەزادا بوون کە بریتی بوون لەدووسەد چەکدار، لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵ (سەلیم)ی برای خالید بەگ جبراندا بوون، هەموو هێزەکە لە ١٩٢٥/٣/١٩دا کە لەدەوروبەری (ڤارتو)دا بوون چوونە ملازگرد بۆلای هێزەکەی خالید حسنانلی.

دوای ئەمە شێخ عەبدولاّ بڕیاریدا بەخۆی و (٥٠٠) چەکدارەوە پەلاماری موش بدات لەوەشدا هەر شکا و هێزەکەی گەڕایەوە بەرەو (ڤارتو). ڕۆبەرت ئولسون لەلاپەڕە (١٤٤)ی کتێبەکەیدا باسی شکانێکی تری شۆڕشگێڕانی کردووە لەڕۆژی ١٩–١٩٢٥/٣/٢٠دا لەسەر (Murat Bridge–پردی مراد) کە لەم شەڕەدا شۆڕش زیانێکی زۆر گەورەی لێکەوت و ئەم زیانە و لەسێدارەدانی خالید بەگ جبران و یوسف ضیاء بەگ بەرلەمە بوون بەهۆی ئەوەی هێزەکانی تورك بەسەرکردایەتی تەلعەت بەگ کە لە(ساروقامیش)ەوە هاتبوون دەستبەسەر گەڵی شوێندا بگرن و لەشەڕی پردی مرادا چل شۆڕشگێڕی ئازا شەهیدکرابوون و هێزی تورك بەرەو پێشەوە ملینا بۆ هینس، شێخ عەبدولاّ شکا و ڕوویکردە شاخەکانی (شرافدین) و لەدەربەندی (Gomo gorgo) کوشتارێکی زۆر لەهێزەکەی کرا و لەو شەڕەدا

خاڵێکی خالید جبران کوژرا و ئەوانەی لەدەست هورمیکەکان ڕزگاریان بووبوو تورکەکان لەناویانبردن و کوشتنیان.

عوسمان پاشا خۆی لە(قارتو) دامەزراند و لە ٣/٢٧دا حسنانلی خالید و عەلی ڕەزا لەگەڵ ئەحمەد و سەلیم کە جوتە برای خالید جبران بوون بەهەزار چەکدارەوە پەلاماری تورکەکانیاندا و لەو شەڕەدا (٢٧) شۆڕشگێڕ کوژران و شۆڕشگێڕەکان ناچارکران ڕووبکەنە (ملازگرد) و لەوێدا ئابلۆقە دران و لە٣/٤/١٩٢٥دا فەوجی چوارەمی تورك بەسەرکردایەتی میرئالآی (تەلعەت بەگ)، حسنانلی خالید و عەلی ڕەزایان ناچارکرد خۆیان و (١٥٠) چەکدار کە لەگەڵیاندا بوو خۆیان گەیاندە ناوخاکی ئێرانەوە.

هەروەکو ڕۆبەرت ئولسون باسیکردوە حسنانلی خالید داوای پەناهەندەیی لەئێرانیەکان کرد و چەکەکانی دا بەحکومەتی ئێران و عەلی ڕەزاش هەمان شتی کرد، بەلاَم (کەریم) کە سەرۆکی عەشیرەتی (Zirgan) خۆی نەدایە دەست ئێرانیەکان و لەگەڵیاندا ڕووبەڕووبوەوە و لەمەدا (٧٥) شۆڕشگێڕ و چەند سەربازێکی ئێرانی کوژران کە لەناو ئەوانەدا کەریم و حسنانلی خالید و سلێمان و ئەحمەد و عەبدولباقی و کوڕێکی شێخ سەعیدیش کوژران و عەلی ڕەزا و حسنانلی خالید لای سمکۆ بوون بەپەنابەر بەوجۆرە سەرنەکەوتنی شۆڕش لەهینس ڕێگەی لەشێخ سەعید گرت لە(هینس)ەوە کە تەکیەکەی خۆی لێبوو بتوانێت شۆڕشەکە بگەیەنێتە ئەرزڕوم و دەوروبەری.

شێخ سەعید و ئەو سەرکردانەی لەگەڵیدا بوون بۆیان دەرکەوت شۆڕشەکەیان لەدۆڕاندندایە بۆ ئەمە لەگوندی (Kirvas) کە لەناوچەی (Solhan)دا بوو ڕۆژی ٣/٤/١٩٢٥ کۆبونەوە بۆئەوەی نەخشەی دەربازبونی خۆیان بکێشن بۆ عێراق یان ئێران، لەوکاتەدا هێزەکەی تورك کە بەسەرکردایەتی (غالب بەگ) بوو کە تاقمێك چەکداری (هورمیك) و (لولان)ی لەگەڵدابوو لەشێخ سەعید نزیکبووبوەوە وە لە ٦/٤/١٩٢٥دا میرلیوای سەرکردەی سوپای (١٢) ئابلۆقەی تاقمەکەی شێخ سەعیدیان دابوو، لە ١٤/٤دا شێخ سەعید و هاوکارەکانی بڕیاریاندا لەڕوباری (مرادسو) بپەڕێنەوە کە لەباکوری (موش)دا بوو، لەوێ هێزەکەی تەلعەت بەگ بەرەنگاری بووەوە و شێخ ناچاربوو بەرەو (قارتو) بکشێتەدواوە بەهیوای ئەوەی لەڕێگەی (Bulanik)ەوە خۆی دەربازبکات بۆ ناو خاکی ئێران، لە ١٥/٤/١٩٢٥دا

لەپردی (Corik) بەتالیۆنێکی حکومەت لەگەڵ هەندێ لەهورمیکەکانی (Chelcuklu) بۆسەیان بۆ نابووەوە کە شێخ پەنجا چەکداری لەگەڵدابوو ئابلۆقەی شێخیاندا.

مارتن ڤان برونسون وتویەتی قاسم بەگ لەمەدا فێڵی لەشێخ سەعید کردبوو و خیانەتی لێکردبوو لەچۆنیەتی گرتنیدا و بەڵگەی مارتن ڤان برونسن بۆ ئەمەش ئەوەیە لەسەرەتادا قاسم و باوکی و براکانی لەسزای لەسێدارەدان ڕزگاریان بووبوو، بەوجۆرە وەکو ڕۆبەرت ئولسون باسیکردوە شێخ سەعید و تاقمەکەی لە ١٦/٤/١٩٢٥دا گیرا و نێردران بۆ دیاربەکر کە (Sayim bey) قایمقام بوو دران بەدادگای ئیستقلال و خۆی و ژمارەیەکی زۆر لەهاوڕێکانی لەسێدارەدران.

دەربارەی ئەو بەدیلگرتنەی شێخ سەعید و خیانەتکردنی قاسم بەگ، زنار سلوپی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧ باسی خیانەتی قاسم بەگی کردووە کە زانیاریەکی تەواوی دەربارەی شێخ سەعید دابوو کە بووبوو بەهۆی نانەوەی بۆسە لەسەر پردی (مرادسو). حەسەن عەرەفە لەکتێبەکەیدا وەرگێڕانی بۆ فارسی لەلایەن حامید گەوهەریەوە ئەو پردەی بە(مرادچای) ناوبردوە لەکاتێکدا لەوەرگێڕانی کتێبەکەی زنار سلوپی بۆ عەرەبی بەهەڵە بە(مرادجی) ناویبردوە کە مەبەست (مرادچای)ە، لەکتێبەکەی پرۆفیسۆر حەسرەتیانیشدا سەرچاوە/٤٩ بەپردی (مورجای) ناویهاتوە وەکو لەوەرگێڕانە ڕوسیەکەوە بۆ عەرەبیدا دەردەکەوێت (هەروەکو لەهەندێ شوێنی تردا دوبارەمانکردۆتەوە چ لەناوی شوێن و عەشیرەت و کەسایەتیەکاندا زۆرجار جیاوازیەکی ئاشکرا لەنێوان سەرچاوەکاندا دەبینرێت کە هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی وەرگێڕانی باسەکە لەسەرچاوەیەکەوە بۆ سەرچاوەیەکی تر.

بەو پێیە بەدیلگرتنی شێخ سەعید و هەندێ لەهاوکارەکانی و پەنابردنی ژمارەیەکی زۆر لەشۆڕشگێڕان بۆ ئێران کۆتایی بەو شۆڕشەی کوردیش هێنرا ئەگەرچی هەندێ سەرچاوە باسی هەندێ جموجوڵی تریان کردووە لەناوچەکەدا وەکو ئەوەی زنار سلوپی دەربارەی شێخ شەمسەدینی خەڵکی (خویدانا)ی کردووە کە لە(قامشلی) بەرەنگاری هێزی تورك بووبووەوە بەسەرکردایەتی (جمیل جاهد) کە ئەو هێزەی کورد ژمارەیەك لەچەکدارانی عەشایرەکانی (بکران) و (رشکوتان) و فەوجێکی تورکیان پەرێشان کردبوو لەدەوروبەری پردی (باتمان) و زۆری نەمابوو فەوجەکە بەدیلبگیرێت بەڵام تەوژمی باران و ڕەشەبا ڕێگەی هەموو

شتێکی لەشۆڕشگێڕەکان گرت و ڕۆژی دوایی هێزێکی زۆری تورك پەلاماری شێخ شەمسەدینی دا و شێخ شەمسەدین بەدیلگیرا و نێردرا بۆ دیاربەکر بۆ دادگاکردن.

بەوجۆرە شۆڕشەکەی پیران لەهەموولایەکەوە خامۆشکرا و حکومەتی تورك بەوپەڕی دڕندەیەتیەوە دەستیکرد بەدادگاکردنی شۆڕشگێڕان و شەهیدکردنیان و بەربووە دانیشتوانی کورد و بەوپەڕی دڕندەیەتیەوە دەستیکرد بەکوشتن و سزادان و ئاوارەکردن و ڕاگویزانی بەکۆمەڵ وەکو لەباسی داهاتوودا بەدوورودرێژی باسیدەکەین.

باسی حەوتەمی بەشی دەهەم
دادگاکردن و ئاوارەکردن و ڕاگوێزانی بەکۆمەڵ

لەدوای سەرنەکەوتنی شۆڕش، ئیتر کاربەدەستانی تورك بەئاشکرا بەربوونە گیانی کورد و ئەوانەش کە خیانەتیان لەمیللەتەکەی خۆیانکردبوو، بووبوون بەوابەستەی تورك لەو قین و ڕقەی فاشستەکان ڕزگاریان نەبوو، لەهەموولایەکەوە دەستکرا بەدادگاکردن و لەسێدارەدانی سەدان کورد و ئەو نەخشەیەی دەمێك بوو تۆرانیەکان بۆ لەناوبردنی کورد ئامادەیان کردبوو هەنگاو بەهەنگاو هەموویان بەجێهێنا، هەوڵئەدەین کورتەباسێکی ئەو سەرچاوانە بخەینە پێشچاو کە دەربارەی لەسێدارەدان و ڕاگوێزانی کورد دواون:

یەکەم-دادگاکردن و لەسێدارەدان

لاپەڕەکانی مێژووی تورك لەسەرەتای هاتنیانەوە بۆ ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئاسیا بریتیە لەزنجیرەیەکی لێکنەپچڕاوی خوێنڕێژی و کاولکردنی شارستانیەتی و لەناوبردنی ئەو میللەتانەی دەستیان بەسەر وڵاتەکانیاندا گرتوە کە میللەتی کورد لەدێرزەمانەوە هەتا ئیمڕۆش لەڕەفتاری ئەو درندانە ڕزگارینەبووە و لەم باسەدا هەوڵئەدەین کورتەباسێکی ئەو سەرچاوانە بخەینە پێشچاو کە سەرچاوە شارەزاکان بەپشت بەستن بەبەڵگە و دوکیومێنتەکان دەربارەی دادگاکردنی کورد و هەڵواسین و کوشتن و زینندانیکردن لەلایەن کاربەدەستانی تورکەوە تۆماریانکردوە لەئەنجامی شۆڕشی پیراندا.

هەروەکو سەرچاوەکان ڕوونیانکردۆتەوە ئەو خوێنمژانە تەنها بەکوشتن و لەسێدارەدانی ئەوانە وازیان نەهێنابوو لەشۆڕشەکەدا بەشداریانکردبوو بەڵکو شۆڕشەکەیان کرد بەبیانوو، هەرچی بۆنی ئەوەی لێهاتبێت هەستی نەتەوایەتی کوردی تیادابووبێت بیانوی بۆ دۆزیونەتەوە و ئەوانەشی داوە بەدادگا و لەسێدارەیداون، کە ئەم ڕەفتارەی تورك هەر مەگەر لەفاشستەکانی ئیتاڵیا و نازیەکانی ئەڵمانیا ڕوویاندابێت.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەلاپەرە (١١٤)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٩ دەربارەی ژمارەی ئەوانەی درابوون بەدادگا وتویەتی: بەپێی ئەو هەواڵەی لەرۆژنامەی (Gaset–کە رۆژنامەیەکی فەرەنسی بووە) لەرۆژی ١٩٢٥/٩/٢٥دا بلاّویکردبووەوە وتویەتی بەپێی رۆژنامەکانی تورك کە لەکۆتایی مانگی ئەیلولی ١٩٢٥دا بلاّوکرابونەوە، دادگاکانی (استقلال) لەدانیشتوانی ویلایەتەکانی رۆژهەلاّت تەماشای (٣٩٧) دۆسێیان کردووە کە بۆ دادگاکردنی (١٨٥٥) کەس تەرخانکرابوو، لە(١٣٨)یاندا کە بۆ (٦٩٠) کەس تەرخانکرابوو (١٢٠) کەسیان بڕیاری لەسێدارەدانیان درا کە لەمانە (٢١) کەسیان لەدادگاکردنیاندا ئامادەنەبووبوون و (١١٦) کەسیشیان هەریەکەیان بۆ چەند ساڵێك بڕیاری زیندانیکردنیان درا و ئەوانیتر دران بەدادگاکانی تر، بەلاّم بەپێی ئەو زانیاریانەی (م. ن. دەرسیمی–کە مەبەستی نوری دەرسیمیە) کۆیکردونەتەوە و لەلاپەرە (١٨١)ی بەرگی پێنجەمی کتێبەکەیدا (Kurdistan Tarihinde Dersim) باسیکردوە (٤٠٠) کەس لەکوردەکانی (پالو) و (چپاقچور) لەسێدارەدرابوون.

دەربارەی ئەو ژمارانەی پرۆفیسۆر حەسرەتیان ئاماژەی بۆ کردون، رۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ وتویەتی: لەکۆتایی مانگی ئابدا (کە مەبەست ئابی ١٩٢٥)ە بەپێی راپۆرتەکانی ئینتلجسی بەریتانیا (٣٢٧) کورد لەلایەن دادگای ئیستقلالی دیاربەکرەوە لەسێدارەدران و هەروەکو حکومەتی تورك خۆشی بلاّویکردۆتەوە لەرۆژی ١٩٢٥/٢/١٥ بەدواوە (مەبەست رووداوەکەی پیرانە کە بوو بەهۆی پێشخستنی کاتی دەستپێکردنی شۆڕش) لەماوەی دوو مانگونیودا هەزار کەس گیران و (٩٠٠) کەسیان دران بەدادگا و (٧٨) کەسیان لێهەلّواسرا، (٨٠٠) کەسی تریش بەناوی چەتەگەری و رێگریەوە گیران و بەهەمووی (٧٤٤٠) کەس تەنها لەلایەن دادگای دیاربەکرەوە گیران و (٦٦٠) کەسیان هەلّواسران.

هەروەکو رۆبەرت ئولسون باسیکردوە، حکومەتی تورك تەنها هەر بەدادگاکردنی کورد وازینەهێنا، بەلّکو ئەو شۆڕشەی بەهەل زانی و نەیارەکانی خۆشی کە لەناو تورکدا هی وایان هەبوو لەرەفتار و هەلّوێستی کاربەدەستان قایلنەبوون ئەوانیشی بەوە تاوانبارکرد کە بێدەنگ بوون بەرامبەر بەیاخیبووەکان و مستەفا کەمال گەلێك رەخنەی توندوتیژی لەهەندێ رۆژنامە گرت کە لەبۆچوونی ناو باس و بلاّوکراوەکانیاندا وایان پیشاندابوو لایەنگری حکومەت

نەبوون و عیسمەت ئینونۆ بەئاشکرا دژی (حسێن جاهد یالچین)ی سەرنوسەری ڕۆژنامەی (Tanin–طنین) و (ولید ئبوزیا)ی سەرنوسەری ڕۆژنامەی (توحید افکار) و (ئەحمەد ئەمین یالمان)ی سەرنوسەری ڕۆژنامەی (وەتەن) و (شەریف ئەدیب)ی نوسەری ڕۆژنامەی (Sebilurresol) کە ئەمەی دوایی سەر بەپیاوە ئاینیەکان بوو دژی هەموویان وەستا.

بێگومان باسی ئەوانەی لەلایەن دادگاکانەوە بڕیاری لەسێدارەدان و گرتنیان دەرچووبوو باسێکی دوورودرێژە و پێویستی بەلێژنەیەك هەیە لەدواڕۆژدا فایلەکانی ناو دادگاکان بپشکنن بۆ تۆمارکردنی هەموویان و لێرەدا ئێمە ئەوی لەهەندێ سەرچاوەدا ئاماژەیان بۆ کردووە دەیانخەینە پێشچاو:

أ-دادگاکردنی شێخ سەعیدی پیران و هەندێ لەهاوکارەکانی

لەدوای ئەو خیانەتە گەورەیەی (قاسم بەگ) لەشێخ سەعیدی کردبوو کە بووبوو بەهۆی گرتنی، شێخ سەعید درا بەدادگای ئیستقلال لەدیاربەکر و گەلێك سەرچاوە باسی چۆنیەتی دادگاکردنیان کردووە. مارتن ڤان برونسون و هاوڕێکەی لەسەرچاوە/١٠٥دا وتویانە شێخ سەعید لەپاش دادگاکردنێکی کورت، خۆی و (٤٧) کەس لەوانەی لەشۆڕشەکەدا لەگەڵیانبوون و گیرابوون لە ١٩٢٥/٩/٤دا لەسێدارەدران و حکومەت یاسایەکی دەرکرد بەپێی ئەو یاسایە هەرچی قوتابخانە ئاینیەکان بوو لەگەڵ شوێنە پیرۆزەکان هەموویان داخران.

دکتۆر عەزیز شەمزینی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٢ وتویەتی لە ١٩٢٥/٧/٢٧دا ژمارەیەك بڕیاری لەسێدارەدانیان درا کە بریتی بوون لە: شێخ سەعید، شێخ عەبدوڵا، شێخ ئیسماعیل، شێخ عەبدولەتیف، قاسم بەگ، حاجی خالید، چەرکەس ڕەشید، مەلائەمین، شێخ عەلی یوزباشی فەخری، ملازم شەهری، حاجی سادق و هەندێکی تر.

دکتۆر شەمزینی ئاماژەی بۆ قسەکانی شێخ سەعید کردوە کە لەکاتی لەسێدارەدانیدا وتبووی: ((سەربەرزی بۆ ئێمەیە کەوا لەئەنجامی خەباتماندا بۆ ڕزگارکردنی وڵاتەکەمان لەجەور و ستەمی ئێوە پەتی سێدارە بکرێتە ملمان، خەبات ئەرکێکی نیشتمانی بوو، ئێمەش بەسەربەرزیەوە بەجێمانهێنا و پێویستە هەموو کوردێکی سەربڵند بۆ ڕزگارکردنی کوردستانی ژێردەستە تێبکۆشێت)). شەمزینی لەکتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ کتێبەکەی عەبدولعەزیز یامولکی کردووە

(کوردستان و کورد اختلاللری) چاپی تاران بەتورکی، ساڵی ١٩٤٦ لاپەڕەکانی (٨٣-٨٤) کە لەوەدا وتویەتی: (ڕۆژی ١٩٢٥/٦/٢٨ دادگای دیاربەکر بڕیاری خنکاندنی (٩٣) تێکۆشەری کوردیدا).



وێنەیەکی شێخ سەعید لەبەردەمی دادگای ئیستقلالدا لەدیاربەکر

بەلاّم (ولید حمدی) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٢٣ ئامـاژەی بۆ ڕاپۆرتێکی (Harrare) کردوە کە لەڕۆژی ١٩٢٥/٧/١دا ناردویەتی بۆ (مستەر ئوستن چمبرلن) وتویەتی لە١٩٢٥/٤/٢٨دا بڕیاری هەڵواسینی شێخ سەعید و چل کەسی تر لەهاوکارەکانی درا کە سەرۆکی دادگا لەکاتی دادگاکردنی شێخ سەعیدا بەشێخ سەعیدی وتوە: ((هەندێکتان بۆ سودی خۆتان ئەم کارەتان کردوە و هەندێکی ترتان بەهاندانی بێگانە بووە (لەباسێکی دواییدا بەدوورودرێژی ئەمە بەدوورئەخەمەوە کە شۆڕشی پیران بەهاندانی بێگانە بووە) و ئەو کارەتان بەنیازی سەرگرتنی مەبەستێکی سیاسی بووە کە ئێوەی والێکردبوو ئاگربەربدەنە ناوچەکە، بەلاّم بەهەوڵ و کۆششی حکومەت توانرا ئەو ئاژاوە کۆنەپەرستانەتان خامۆش بکرێت و هەمووتان بەکێشبکرێن بۆ بەردادگا و پێویستە هەموو کەس

لەوەبگات حکومەتە ساواکەمان بەهیچ گێرەشێوێن و کۆنەپەرستێك کۆڵنادات و بەوپەڕی دەستوبردیەوە ڕێگە لەهەموو ڕەفتارێکی خراپ دەگرێت بۆئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر فشار و زۆرداریێتی ئاغا و بەگزادەکان ڕزگاریان ببێت و پێویستە سزای ئێوەش بەهەڵواسین بدرێتەوە کە بریتیە لەعەدالەتی یاسای جمهوریەتەکەمان)).

دەربارەی دادگاکردنی شێخ سەعید، (Patrick Kinross) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٥ لەباسی دادگاکردنی شێخ سەعیدا وتویەتی شێخ سەعید لەکاتی دادگاکردنیدا زۆر بەئارام و لەسەرخۆبوو، بەهیچ شێوەیەك خۆی تێکنەدا، بەڵکو جاروبار لەگەڵ حاکمەکانیشدا جاروبار قسەی خۆشی دەکرد و لەکۆتای دادگاکردنیدا ڕوویکردە حاکمەکە و پێیوت: ((من بۆیە شۆڕشمکرد چونکە ئاینی ئیسلام بەتەواوەتی پشتگوێخراوە و ئەگەر سەربکەوتینایە بڕیار وابوو بەپێی یاسای پیرۆزی ئیسلام ڕەفتارمان بکردایە و زمانی پیاوی درۆزن و دەستی پیاوی دز و خراپکار ببڕایە و کوردستانمان والێدەکرد هەروەکو ڕۆژانی پێغەمبەر داد و ئاسایشی تیادا بەرپابکرێت بۆیە ئەوەی لەو ڕێگەیە لایدابێت بەتاوانباری دەزانین)).

سەرچاوەکە دەڵێ: لەئەنجامی دادگاکردندا شێخ سەعید و چل کەسی تر کە نۆ کەسیان لەشێخەکان بوون بڕیاری خنکاندنیاندرا و شێخ سەعید بەسەرۆکی دادگاکەی وت: حسابی دواییمان لەبەردەمی دادگایەکی تردا دەکرێت و کە شێخ سەعید برایە بەرسێدارە زۆر لەسەرخۆ و بێپەشۆکاوی دانیشت و قوماشێك کرا بەسەر و دەموچاویدا و هەڵیانواسی. نوسەر لەلاپەڕە (٤٠٢)ی کتێبەکەیدا باسی عیسمەت ئینونۆی کردوە کە بە(عەلی فوئاد)ی وتبوو پاشئەوەی شێخ سەعید لەسێدارەدرا ئیتر لەمەودوا ناوی ئۆپۆزسیۆن نەماوە و بەهیچ جۆرێکیش نابێ بمێنێت و بە(ئەدمیرال بریستول)ی نوێنەری ئەمریکای لەتورکیا وتبوو: ئیتر لەمەودوا بوونی هەموو جۆرە ئۆپۆزسیۆنێك بەیاخیبوون دەژمێردرێت.

دوای ئەمە نوسەری سەرچاوە/٨٥ دەچێتە سەر باسی ئەوەی چۆن حکومەت شکاندن و لەناوبردنی ئەو شۆڕشەی بەهەل زانی و دەستیکرد بەداخستنی پێنج ڕۆژنامەی تورکی لەوانەی لایەنگری بۆچونەکانی حکومەت نەبوون و تەنها ڕێگە بەپێنج شەش ڕۆژنامە درا دەربچێت کە مەرجێکی سەرەکیش بۆ ئەوان دانرابوو کە دەبوایە بەپێی ئارەزوو و خواستی حکومەت بڵاوبکرێتەوە و یەکێکی وەکو

(حسێن جاهد یالچین)ی خاوەنی ڕۆژنامەی (طنین-Tanin) زۆر بەترسەوە شتی بلاّودەکردەوە و پاشئەوەی (حزبی تقدم) داخرا (لەشوێنی تردا باسمانکردوە کە کازم قەرەبەکر سەرۆکی ئەو حیزبە بووە) ئیتر نۆرەش هاتەسەر (حسێن جاهد یالچین) و بەتاوانی بەکارهێنانی چەند وشەیەك کە حکومەت بەئاواتی زانیبوو خۆی و سێ کەسی نوسەر و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە دران بەدادگا لەئەنقەرە و بڕیاری دورخستنەوەی درا بۆ (Chorum) و لەوێ بۆ ماوەی چەند ساڵێك مایەوە.

نوسەری سەرچاوە/٨٥ لەلاپەرە (٤٠٣)ی کتێبەکەیدا باسی چۆنیەتی دادگاکردن و هەڵواسینی تاقمێکی بەم شێوەیە کردوە: شەوێك وەزیری دەوڵەتی بولغاریا کە ناوی (Simon Radev) بوو لەئوتێلێکدا دەبێ، بەدەم قیژەوهوڕی سەرجادەوە خەبەریدەبێتەوە و لەپەنجەرەی ژوورەکەیەوە سەیری دەرەوە دەکات دەبینێت لەساحەکەی بەرامبەر بەژوورەکەی چەند کەسێك بەسێدارەدا هەڵواسراون و هاواریان دەکرد: ئێمە هیچمان تاوانبارنین، بەلاّم ئەفسەرەکان هاواریان ئەکردە سەربازەکان و پێیانەوتن درەنگە پەلە لەکارەکەتاندا بکەن، بەیانی کە ڕۆژبووەوە میستەر (Hawland Shaw) کە سکرتێری باڵیۆزخانەی ئەمریکی بوو کە ئەویش چاوی بەم دیمەنە کەوتبوو هەستی خۆی بەرامبەر بەو دیمەنە بەمجۆرەی خوارەوە دەربڕیوە و تۆماریکردوە: ((ئەوانەی کرابوون بەسێدارەدا سەروچاویان بەپەڕۆیەك داپۆشرابوو، ناوەکانیان لەسەر سنگیان نوسرابوو، لەولاشەوە منداڵی ورد یاری و گەمەیان دەکرد و خەڵکێکی زۆریش هاواریان دەکرد و لەگەڵ هاواری هەڵواسراوەکان تێکەڵ بەیەك دەبوون و دەتووت هەرهیچ ڕوووینەدابووبێ وابوو)).

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەلاپەرە (١٠٧)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٩ ئاماژەی بۆ کتێبێك کردوە وەرگێڕاوەکەی بۆ عەرەبی لەڕوسیەوە بۆ کوردیەکی بریتیە لە: کورتە زانیاریەك دەربارەی سیاسەتی تورك بەرامبەر بەکورد لەساڵانی (١٩٢٤-١٩٣٩)دا، چاپی ساڵی ١٩٦١ کە لەمەدا لەلاپەرە (١٢٥)دا باسێکی تایبەتی تەرخانکردوە بۆ دادگاکردنی شێخ سەعید و شۆڕشگێڕە هاوکارەکانی کە وتویەتی: لەکۆتایی مانگی ئایاری ١٩٢٥دا دادگاکردنی شێخ سەعید و چەند کەسێکی تر دەستیپێکرد کە دادگاکردنەکە نزیکەی مانگێکی خایاند.

لەو دادگاکردنەدا شێخ سەعید، شێخ عەبدوڵای ملکان، ڕائیدی موتەقاعد قاسم خەڵکی ڤارتو (کە مەبەستی قاسم بەگە کە خیانەتی لەشێخ سەعید کردبوو،

لەدواییدا باسی دادگاکردنی ئەمیش دەکەین))، حاجی خالید عەبدولحەمید، ڕەشید چەرکس، ڕائیدی موتەقاعد ئیسماعیل، ئیمام مەلا عەلی، شێخ عەلی، شێخ ئیسماعیل خەڵکی جزیرە، شێخ عەبدولەتیف، کامل، بابك ڕەشید تەیمور، محەمەد، سلێمان، ڕائیدی موتەقاعد بەحری ئەمین، شەوکەت، مقصود، حەمید، عەبدولمەجید، شێخ شەریف، سلێمان خەڵکی چپاقچور، نیعمەت، ماهر، ملازمی جەندرمە محەمەد موکری، نیازی (موەزەفی مەحمی)، حاجی سادق و چەند کەسێکی تر.

لە ٢٩ی ئایاردا دادگای ئیستقلالی دیاربەکر بڕیاری لەسێدارەدانی (٤٧) کەسی دەرکرد، لەژوور هەموویانەوە شێخ سەعید بوو، هەمووشیان هەڵواسران و لەکاتی لەسێدارەدانی شێخ سەعیدا لەبەر قەنارەکە شێخ سەعید وتویەتی: ((من ژیانی ئاسایی خۆمم بردۆتەسەر و تەواومکردووە پەشیمان نیم لەوەی کردوومە لەپێناوی نیشتمان و میللەتەکەمدا و ئەمە ئەوپەڕی شانازیە و سەربەرزیە بۆ نەوەکانی دوارۆژمان و بەو هەستەوە سەیری دوژمنە شەرمەزارەکانمان بکەین)).

جەلادەت بەدرخان لەلاپەڕە (١٠٠)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٦٠ ئاماژەی بۆ بڵاوکردنەوەیەکی ناو ڕۆژنامەی (وقت)ی تورکی کردوە کە لەڕۆژی ١٩٢٥/٦/٣دا بڵاوکراوەتەوە وتراوە: ڕۆژی ٣ی حوزەیران ئەوەی لەدادگاکردنەکەی شێخ سەعیدا دەردەکەوێ ئەوەیە لەویلایەتەکانی ڕۆژهەلاتماندا کۆمەڵێکی نهێنی پێکهاتبوو بەنیازی دروستکردنی حکومەتێکی سەربەخۆی کوردستان کە بەتەقەلای یوسف ضیاء بەگ پێکهاتبوو کە ئەو ضیاء بەگە بەرلەمە لەسێدارەدراوە، وە دوائەوەی توانرا بنەماڵەی شێخ سەعیدیش بکرێن بەهاوکاری ئەو کۆمەڵە کە مەبەستی ئەو کۆمەڵە بریتی بووە لەبەرپاکردنی شۆڕشێك لەژێر پەردەی ئایندا بۆئەوەی لەپشتی ئەو پەردەیەوە بگەن بەمەبەستی خۆیان کە بریتی بووە لەدروستکردنی حکومەتێکی سەربەخۆ لەناو ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاتدا، بەلام حکومەت بەر لەدەستپێکردنی شۆڕشەکەوە ئاگای لەهەموو شتێك هەبوو بۆیە کە دەستپێکرا توانرا زوو لەناوببرێت.

سەرنجدانێك دەربارەی کاتی دادگاکردن و لەسێدارەدانی شێخ سەعید و شۆڕشگێڕەکانی تر دوو شتمان دەخاتە پێشچاو:

یەکەم: ئەو قسانەی شێخ سەعید و شۆڕشگێڕەکانی تر لەسەرچاوەکاندا باسیانکردوە چ لەبەر دادگادا و چ لەبەر داری قەنارەکانیاندا ئەگەرچی هەندێ

جیاوازی هەست پێدەکرێت لەو قسانەی وتویانە و دەماودەم و سەرچاوە بۆ سەرچاوە وەرگێڕاوە و بیستراوە و تۆمارکراوە، هەموویان ئەوە دەگەیەنن زۆربەیان بەوپەڕی قارەمانێتیەوە ڕووبەڕووی دادگاکان و سێدارەکان بوونەتەوە و هەروەکو لەدوایشدا ڕووندەبێتەوە زۆربەیان هەست و بیروباوەڕیان وەکویەك وابووە.

<u>دوهەم</u>: دەربارەی ئەو جیاوازیەی لەمێژووی دادگاکردن و لەسێدارەدانی شۆڕشگێڕەکاندا لەسەرچاوەکاندا دەبینرێت کە بەپێویستم زانی بەراوردی جیاوازیەکانی ئەو سەرچاوانە باسبکەم.

وەکو بەرلەمە باسمانکردوە، ڕۆبەرت ئولسون وتویەتی شێخ سەعید لە ١٩٢٥/٤/١٦دا گیرا و نێردرا بۆ دادگای ئیستقلال لەدیاربەکر، دەربارەی بڕیاری لەسێدارەدانی شێخ سەعید: ولید حمدي وتویەتی بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی ئاماژەی بۆ کردوە شێخ سەعید و چل شۆڕشگێڕی تر لە ١٩٢٥/٤/٢٨دا بڕیاری لەسێدارەدانی شێخ سەعید و هاوکارەکانی درا و پرۆفیسۆر حەسرەتیان وتویەتی لەکۆتایی مانگی نیساندا دادگاکردنی شێخ سەعید و هاوکارەکانی دەستپێکرد و نزیکی مانگێکی خایاند کە بەپێی ئەمە دەبێ لەسێدارەدانی شێخ سەعید نزیکی کۆتایی مانگی مایس بووبێت.

ڕۆژنامەی (وقت)ی تورکی ١٩٢٥/٦/٣ کە جەلادەت بەدرخان ئاماژەی بۆ کردوە وتویەتی دادگاکردنی شێخ سەعید لە ٦/٣دا بووە، دکتۆر عەزیز شەمزینی ڕۆژی ١٩٢٥/٦/٢٨ بڕیاری خنکاندنی (٩٣) تێکۆشەری دەرکرد کە ئەمە لەگەڵ ئەوەی عەبدولعەزیز یامولکیدا یەکدەگرێتەوە کە خۆی ئەفسەر بووە لەتورکیا و شارەزای شۆڕشەکە بووە وەکو لەیاداشتەکانیدا باسیکردوە، بەلاّم مارتن ڤان برونسون وتویەتی شێخ سەعید و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لە ١٩٢٥/٩/٤دا لەسێدارەدران کە ئەمە لەگەڵ هیچ سەرچاوەیەکی تردا یەکناگرێتەوە و بەپێی بەراوردکردنی سەرچاوەکان دەردەکەوێ شێخ سەعید کە لە ١٩٢٥/٤/١٦دا گیرابوو نزیکی پاش دوو مانگ و نیو بەسەر گیرانەکەیدا کە لەو ماوەیەدا دادگاکەی درێژەی کێشابوو، لەئەنجامدا لە ١٩٢٥/٦/٢٨دا لەکاروانی پێشەوەی شەهیداندا لەسێدارەدراوە.

بەلاّم پیرەمێردی شاعیری مەزنی کورد هەروەکو لاپەڕە (١٠٣)ی کتێبەکەی پیرەمێردی نەمردا، چاپی بەغدا، ساڵی ١٩٧٠ بلاّومکردۆتەوە، کردبووی بەپیشە

هەموو ساڵێك یادی شەهیدانی ئەو شۆڕشە مەزنەی کردوە و هەروەکو خۆی وتویەتی لە ٢٤ی ئایاری ١٩٢٥دا یادی ئەو شەهیدانەی بەشیعرێك کردووە کە ئەمەی خوارەوە سێ دێڕی دوایی ئەو شیعرەیە کە لەدوا دێڕیدا ئاماژەی بۆ ڕۆژی ١٩٢٥/٥/٢٤ کردوە کە یادی شەهیدبوونی شێخ سەعید و هاوڕێکانی بووە کە وتویەتی:

سەرداری ئێمە کە لەسەر دار بەپێکەنین
بانگیدەکرد: بەکوشتنی من میللەتم ئەژین
ئەم خوێنی کوردە کە وەکو سیاوەحشە
خوێنی نەسێنرێ هەڵدەقوڵێ دائیما گەشە
بۆ ئێمە لازمە هەموو ساڵێک هەتا دەژین
ئەم ڕۆژی ٢٤ی ئایارە بکەین بەشین

پیرەمێرد بەناوی (من و ئەستێرەکان) و شیعرێکی تری بەرزی وتوە بۆ شەهیدانی شۆڕشی پیران کە فەرمویەتی:

ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بەشەو
وەك من بەداخەوەن نە سرەوتنیان هەیە نە خەو
چەند ساڵە ئاشنای شەوی بێداری یەکترین
وەك سەرسەرین شەوێ سەرناکەنە سەرسەرین
من خوارۆژوور لەدەسچوەکەی بێولەت خۆم ئەوان
وەك خێڵی خوارۆژوورکەری کورد وێڵی ئاسمان
شەو شەونمی ئەوانە چەمەن ئاونەخواتەوە
ڕۆژ هەڵمی چاوی منە سەریەخاتەوە
دوێشەو بەری بەیان بوو ئەگریان بەسەر منا
منیان کەساس ئەبینی لەناو دۆست و دوژمنا
دڵسۆزی وام نەدیبوو کە بۆم بگری وەك خەشیم
فرمێسکەکەی ئەوان بوو بەئاونگی تێگەییم
بام ڕاسپارد کە خەفەت بۆچ ئەخۆن ئەوان
وەك ئێمە نین نزیکتری لای بارەگای خوان
جوابیان نوسیبوو بەشەونم لەسەر گیا

تـــا ئاسمــــان پریشــــکی بـــەدی نێـــوە هەڵپـــژا
ئـــاهونزای کوردەکـــانی شمـــال گەیییـــە ئاسمـــان
بـــەو دوکـــەڵی هەناســـەیە ئـــاو دێ لەدیـــدەمان

ب-دادگاکردنی شێخ عەبدولقادری شەمزینی و هەندێ شۆڕشگێڕی تر

هەروەکو لەسەرچاوەکاندا ڕووندەبێتەوە، شێخ عەبدولقادر ئەگەرچی بەکردەوە لەشۆڕشـــەکەی پیرانـدا نـەبووە و لەناوچـەکەدا نـەبووە، بـەلاّم وەکـو کـوردێکی شۆڕشگێڕ و دڵسۆز بەدڵ و بەگیان لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا بووە.

دەربـارەی چـۆنیەتی پەیوەنـدیکردنی شـێخ عەبـدولقادر بەشۆڕشـگێڕانەوە، بەرلەمە لەباسی ڕاپەڕینەکەی (بیت الشباب)دا باسی ئەوەکرا عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعید لەدوای گەڕانەوەی لەحەلەب کە باوکی ناردبووی (٢٠) ڕانەمەڕ لەوێ بفرۆشێت بۆئەوەی پارەکەی بۆ شۆڕش تەرخانبکرێت، لەگەڕانەوەیدا چووبووە لای شێخ عەبدولقادر بۆئەوەی ببێت بەلایەنگری شۆڕش و هاوکاری شۆڕشگێڕان، تورکەکان لەمێژبوو شێخ عەبدولقادریان ناسیبوو دەیانزانی لەجموجۆڵی کۆمەڵی ئـازادی و شۆڕشـگێڕانی کـورددا ئەگـەر بـەکردەوەی نـاو شۆڕشـیش بەشـداری نەکات، بەلاّم بەشێوەیەك لەشێوەکان بێدەنگ دانانیشێت بۆیە هەمیشە ئاگاداری هەنگاوەکانی بوون و بۆ هەل و دەرفەتێك دەگەڕان بەڵگە و بیانویەك بدۆزنەوە بۆ تاوانبارکردن و لەناوبردنی.

دەربـارەی تەقـەلادانی تـورك بـۆ تاوانبـارکردنی شـێخ عەبـدولقادر هـەروەکو حەسرەتیان لەلاپەڕە (١٠٧)ی کتێبەکەیدا، سەرچاوە/٤٩ باسی پیلانێکی کردوە کە تورکەکان وەکو داوێك بۆ شێخ عەبدولقادریان نابووەوە، کرێگرتەیەکی خۆیان نـاردبوو بـۆلای شـێخ عەبـدولقادر و ئـەو کرێگرتەیـە خـۆی وا پیشـاندابوو فەرمانبەرێکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیایە و پێی وتبوو حکومەتی بەریتانیا (٨٠) ملیۆن لیرەی تەرخانکردوە بۆ یارمەتیدانی شۆڕشێکی کورد دژی حکومەتی تورکیا، بەلاّم شێخ عەبدولقادر ئەمەی ئەو کابرایەی قبوڵ نەکردبوو.

هـەروەکو حەسـرەتیان ئامـاژەی بـۆ کـردوە، لەسەرچـاوەیەکدا کـە باسـی دوکیـومێنتێکی تیـادا کـراوە (istanbul ٧-٥-١٩٢٥) لـەوەدا وتـراوە تورکـەکان بەسەرنەگرتنی ئەو پیلانە وازیان لەشێخ عەبدولقادر نەهێنا و بەپێی بڕیارێکی وەزیری ناوخۆی تورکیا لەڕۆژی ١٩٢٥/٣/١٣دا فەرمانی گرتنی شێخ عەبدولقادر

و سەید محەمەدی کوڕی و (نافز) کە خەڵکی سلێمانی بوو لەگەڵ (کور عەبدوڵای سعادی) و سەرۆکەکانی عەشیرەتی (هوشنان-کە لاموایە هسنان)ە گیران.



وێنەی شێخ عەبدولقادری شەمزینی

حەسرەتیان لەلاپەڕە (١٠٨-١٠٩)ی کتێبەکەیدا باسی چۆنیەتی دادگاکردنی شێخ عەبدولقادر کردوە کە بەهیچ جۆرێك لەو دادگاکردنەیدا دانی بەوەدا نەنابوو پەیوەندی بەشۆڕشەوە بووە و ئەگەر بیزانیایە حکومەتی ئاگاداردەکرد (کە دوورنیە ئەمەی دوایی تورکەکان خۆیان لێیان زیادکردوە). حەسرەتیان دەڵێت بەڵام (کور عەبدوڵا سعادی) ڕەفتارێکی زۆر ناشیرینی نواند بەوەی ناوی چەند کەسێکی هێنابوو کە بووبوو بەهۆی گرتنیان و بەوپەڕی ساویلکەیەتیەوە لەبەردەمی دادگاکەدا وتبووی: بەڵێ ماوەی چەند ساڵێکە ئەوانە خەریکی دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆن بەڵام ئەوە خۆی بەر لەشەڕی جیهانی نێردرابوو بۆ (طایف) بۆئەوەی لەوێ خەریکی کاروباری پێکهێنانی چەند ڕێکخراوێکی کوردی بێت (دیارە ئەو کوردانەی ئەو ویستویەتی ئەو کۆمەڵانەیان لێ پێکبێنێت دەبوو لەو کوردانە بوونایە کە بۆ حەجکردن دەچوون بۆ تایف، ئەگینا کورد کەی لەتایف هەبووە)، کە بێجگە لەکورد هەندێ لەڕزگاریخوازانی

نیشتمانیش بەشداربووبوون (دیارە لەمەشدا مەبەست ئەو تورکانە بووە کە دژی کەمالیەکان بوون وەکو تاقمەکەی حیزبی تقدم بەسەرۆکایەتی قەرەبەکر پاشا) بەڵام ئەو دژی ئەو هێزە نیشتمانیانە بووە کە دژی حکومەت بوون.

هەمان (کور عەبدوڵا) لەبەرچاوی سەرۆکی دادگا پەنجەی بۆ شێخ عەبدولقادر ڕاکێشا و وتی: هەموو بزوتنەوەکانی کوردستان بەسەرکردایەتی ئەو کراوە چونکە بێپرسی ئەو گەڵایەك لەکوردستاندا ناڵەرێتەوە. کە سەرچاوەی حەسرەتیان بۆ ئەم قسانەی کور عەبدوڵا سعادی بریتیە لە(M. Toker Seyh Sait ve isani–لاپەڕە ١١٥–١١٧).

حەسرەتیان ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەی (Aksham–ئەقشام)ی تورکی ڕۆژی ١٩٢٥/٥/١٢ کردوە کە وتویەتی: لەناوەڕاستی مانگی ئایاری ١٩٢٥دا دادگای ئیستقلال لەدیاربەکر باسی تاوانبارکردنی (کەمال فەوزی)ی کە خەڵکی (بدلیس) بوو سەیرکرد و کەمال فەوزی بەدادگای ڕاگەیاند کە لەکاتی شۆڕشی پیراندا لەئەستەمبوڵ بووە و لەوێ ئەندامی دوو کۆمەڵی کوردی بووە، یەکەمیان کۆمەڵی بوژانەوەی کوردستان، دوهەمیان کۆمەڵی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات کە بریتی بووە لەکۆمەڵی سەربەخۆیی کوردستان و بۆ ماوەی دوو مانگ سکرتێری ئەو کۆمەڵە بووە، بەڵام دوای دوو مانگ وازیهێنا و خەریکی دەرکردنی ڕۆژنامەی (ژین) بووە.

لەکۆتایی دادگاکردنی شێخ سەعید و تاقمەکەیدا دادگای ئیستقلال لەدیاربەکر بڕیاری هەڵواسینی شێخ عەبدولقادر و سەید محەمەدی کوڕی و محامی حاجی ئاختی و کورسعاد و کەمال فەوزی و خوجە عەسکەری دەرکرد، حەسرەتیان ئاماژەی بۆ لاپەڕە (١١٨)ی کتێبی (M. Toker Sheh Sait ve isani) کردوە کە وتویەتی لەدوای چوار ڕۆژ تەواوکردنی دادگاکردن لە ١٩٢٥/٥/٢٧دا لەدیاربەکر شێخ عەبدولقادر و کەمال فەوزی و کور عەبدوڵا سعادی و حاجی ئاختی و خوجە عەسکەری هەڵواسران و حاجی ئاختی لەکاتی لەسێدارەدانیدا وتی: بژی خەبات و تێکۆشان لەپێناوی کوردستاندا و بژی کورد و کوردستان. بەڵام شێخ عەبدولقادر لەکاتی لەسێدارەدانیدا لەخوا پاڕایەوە هەڵواسینەکەی ببێتەهۆی بەهێزکردنی تێکۆشانی کورد لەپێناوی ڕزگاربوونی نەتەوەکەیدا.

دکتۆر عەزیز شەمزینی لەلاپەڕە (٨٥)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٢ دەربارەی چۆنیەتی لەسێدارەدانی شێخ عەبدولقادردا وتویەتی ساتێك شێخ عەبدولقادر برایە بەرسێدارە هاواریکرد: ((جەلادەکان، سەربەرزیە بۆ ئێمە کە لەپێناوی

ڕزگاربوونی نیشتمانەکەماندا پەتی سێدارەمان بکرێتە مل، بەهەڵواسینی ئێمە جگە لەتوڕەبوونی میللەتی کورد بەولاوە هیچ شتێکی ترتان دەستگیر نابێت، بەم کردەوانەتان ئەوەندەی تر کورد هانئەدەن خەبات بۆ سەربەخۆیی کورد بکات)).

پیرەمێردی شاعیری مەزن و دۆستی دێرینی شێخ عەبدولقادر لەشیعرەکانیدا چەند جارێك باس و یادی شەهیدبوونی شێخ سەعیدی دوبارەکردۆتەوە و لەڕۆژنامەکەیدا کە لەشاری سلێمانی دەریدەکرد لەژمارەی ڕۆژی ١٩٤٨/٧/٢٤دا بۆ یادی ئەو شەهیدانە و لەژوور هەموویانەوە شێخ عەبدولقادری کردووە کە ئەمە سێ دێری ئەو شیعرە بەرزەیەتی:

لەدیاربەکر گەورەکانی کورد	لەتەناف دران ناڵەیان نەکرد
شێخ قادر نەوەی شێخ عوبەیدوڵا	ئیرپی (جد)ی بوو زوڵمی لێکرا
لەسەر دار بانگینەکردن مەگرین	با من بکوژرێم هۆزەکەم بژین

ج-دادگاکردنی دکتۆر فوئاد

دکتۆر فوئاد یەکێك بووە لەو تێکۆشەرە نەبەردانەی کورد لەشۆڕشی پیراندا تا لەسێدارەدانی کۆڵینەدابوو، زنار سلوپی لەلاپەڕە (١١٩)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧ لەباسی دکتۆر فوئادا وتویەتی: دکتۆر فوئاد کوڕی حاجی ئیبراهیم ئەفەندی بووە کە لەبنەماڵەیەکی ناسراوی دیاربەکر بووە، دوایئەوەی خوێندنی لەدیاربەکر تەواوکردوە چووەتە ئەستەمبوڵ و لەوێوە بۆ پاریس و کۆلێجی پزیشکی تەواوکردوە و لەدواییدا بوو بەو قارەمانەی لەلاپەڕەکانی مێژووی کورددا بەوپەڕی سەربەرزی و ڕێزەوە ناویهێنراوە.

دەربارەی دادگاکردنی دکتۆر فوئاد لەڕاستیدا دادگای تورك هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەبووە بۆ تاوانبارکردنی دکتۆر فوئاد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دادگا بڕیاری دادگاکردنی دەرکرد و تەنها لەبەرئەوەی لەکاتی دادگاکردنیدا وتبووی مـن (زازا)م تاوانبارکرا و بڕیاری هەڵواسینی درا. ساتێك بڕیاری هەڵواسینی لەلایەن سەرۆکی دادگاوە خوێنرایەوە، دکتۆر فوئاد هیچ خۆی نەشڵەژاند و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەژێر دارکاری و سزاداندا هێشتیانەوە بۆئەوەی بیشکێنن و سەری پێشۆڕبکەن و ناچاربێت لەقسەکانی خۆی پەشیمانبێتەوە و داوای لێبوردن و لێخۆشبوون بکات، بەڵام هەروەکو عەزیز ئەفەندی بەڕێوەبەری زیندانەکەی کە خەڵکی بدلیس بوو باسیکردبوو، دکتۆر فوئاد بەهیچ جۆرێك

پەشیمان نەبووەوە و سەری دانەنەواند و ساتێك برایە بەرسێدارە لەبەردەمی قەنارەکەیدا شیعرێکی خوێندەوە کە هەمووی نیشانەی قارەمانێتی و کۆڵنەدانی بوو.

دەربارەی ئەو شیعرەی زنار سلوپی (قەدری جەمیل بەگی دیاربەکری) باسیکردوە، دکتۆر جەمال نەبەز لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٩٤ وتویەتی دکتۆر فوئاد ئەو شیعرەی بەتورکی وتووە:

کیمدر بزی منع ئیلەجك باخی جناندن   میراثی پدر درگیر ز خانە بزمدر

(واتە: کێ بێ بتوانێت رێی ئەم باخی بەهەشتە لەئێمە بگرێت کە میراتی باوکمانە و بۆمان بەجێماوە.. ماڵ ماڵی خۆمانە و دەچینە ناوی).

پیرەمێردی شاعیری مەزنی کوردیش دەربارەی ئەو شیعرەی دکتۆر فوئاد لەرۆژنامەکەیدا کە لەسلێمانی دەریدەکرد لەژمارەی رۆژی ١٩٤٨/٧/٢٤دا لەو شیعرەیدا کە بۆ شەهیدانی شۆرشی پیرانی وتوە، لەدێرێکدا دەربارەی دکتۆر فوئاد وتویەتی:

دکتۆر فوئادیش وتی: وا ئەمرم   میراتی باوکمە من وەریدەگرم

دەربارەی دادگاکردنی دکتۆر فوئاد، پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٥ ئاماژەی بۆ رۆژنامەی (istanbul–استمبول)ی رۆژی ١٩٢٥/٤/١٩ کردوە کە لەو رۆژنامەیەدا وتراوە: دکتۆر فوئاد ئەندامێکی چالاکی رێکخراوی (ئازادی) بوو، لەکاتی دادگاکردنیدا ئەو نامانەی کاتی خۆی ناردبووی بۆ (فەرید پاشا)ی وەزیری حەربیەی سوڵتانی عوسمانی بووە خوێنرایەوە، لەو نامانەی دکتۆر فوئادا بەئاشکرا لایەنگرێتی خۆی دەربڕیبوو بۆ بزوتنەوەی کورد و داخوازیەکانی (کە ئەمە لەگەڵ ئەو بۆچونەی زنار سلوپیدا یەکناگرێتەوە کە وتویەتی دادگای تورك بەڵگەیەکی وای دژی دکتۆر فوئاد بەدەستەوە نەبووە، کە لەڕاستیدا تورك ئەو کۆنە بەڵگەیەیان کردبوو بەبیانوو).

حەسرەتیان لەهەمان سەرچاوەدا وتویەتی: لەنیسانی ١٩٢٥دا دادگای ئیستقلال بڕیاری خنکاندنی دکتۆر فوئادی دەرکرد بەتاوانی ئەوەی چالاکی نواندبوو لەتێکۆشانی کورددا بۆ سەربەخۆیی کوردستان و لەکاتی دادگاکردنیدا سەرۆکی دادگاکە (مظهر مفید) بووە، ڕوویکردۆتە دکتۆر فوئاد و پێیوتوە: (تۆ بەوە تاوانباریت کە بەشداریت کردوە لەڕاپەڕینێکی خوێناویدا لەبەرئەوە پێویستە لەسەرت بەوپەڕی جوامێریەوە قبوڵی سەرەنجامی کارەکەت بکەیت).

دکتـۆر فوئـادیش بەتوڕەییـەوە وەڵامـی سـەرۆکی دادگـا دەداتـەوە و پێی‌دەڵێـت: (بـەڵێ مـن هەمیشـە ئاواتـەخوازی ئـەوەبووم گیـانم لـەپێناوی نیشـتمانەکەمدا بەختبکـەم و هـیچ گومانیشـم لـەوەدا نیـە ئالآی سـەربەخۆیی کـورد لـەم شـوێنەدا بەرزدەکرێتەوە کەوا ئێستە بڕیاری هەڵواسینی ئێمەی تیادا دەدرێت).



وێنەی دکتۆر فوئاد

پڕۆفیسـۆر حەسـرەتیان لەشـوێنێکی تـری کتێبەکەیـدا چووەتەوە سـەر باسـی دادگاکردنەکـەی دکتـۆر فوئـاد کـە سـەرۆکی دادگـا لـەکاتی دادگاکردنـدا لـەدکتۆر فوئادی پرسیوە: تۆ لەبەرچی داوای سـەربەخۆیی کوردستان ئەکەیت لەکاتێکدا تۆ لەتورکیادا خوێندنت تەواوکردوە و بەزمانی تورکی قسەدەکەی؟ لـەوەلآمی ئـەو پرسیارەدا دکتۆر فوئاد ئەڵێت: چونکە کوردم و دەمـەوێ ولآتەکـەم بەسـەربەخۆیی و سەربەستی ببینم.. هـەتا نـوکی سونگی و شیری تـورك ئاڕاستەی سنگی کـورد بکرێت ئەوا کێشـەی کـورد و خـەباتی کـورد زۆرتـر پەرەدەسێنێت و ئـەو ڕێگایـەی ئێوەش گرتوتانەتەبەر ئەو کێشەیەی پێ‌چارەسەر ناکرێت. بەرامبـەر بـەم وەڵامـەی دکتـۆر فوئـاد دوبـارە سـەرۆکی دادگـا ڕوودەکاتـە دکتـۆر فوئـاد و پێی‌دەڵێـت:

بەرلـەوەی بگـەیت بـەئامانجی ئـەو مەبەسـتە سیاسـیەت کـە گیـانی خۆتـت بـۆ تەرخانکردوە پێویستە پەتی قەنارە لەملت بئالێنرێت.

حەسـرەتیان لەباسـەکەیدا دەڵێـت: بـەوجۆرە داننـانی دادگاکـەی تـورك بـەو ڕاستیەدا کە شۆڕشەکەی کورد لەسەر بناغەیەکی نەتەوایەتی کورد پێکهاتبوو، بەرزکردنەوەی دروشمە ئاینیەکانیش لەشۆڕشەکەدا هەر بەمەبەستی ڕزگارکردنی میللـەتی کـورد بـووە. بێگومـان مەبەسـتی حەسـرەتیان ئەوەیـە بەرپەرچـی ئـەو درۆودەلەسانە بداتەوە کە پڕوپاگەندەیان دژی شۆڕشەکەی پیران و شۆڕشگێڕان دەکرد و بڵاویاندەکردەوە کە بریتی بووە لەیاخیبوونێکی کۆنەپەرستانە.

دکتـۆر عـەزیز شـەمزینی لەلاپـەڕە (٨٥)ی کتێبەکەیـدا سەرچـاوە/٨٥ لەباسـی چۆنیەتی لەسێدارەدانی دکتـۆر فوئادا وتویـەتی: سـاتێك دکتـۆر فوئـاد برایەبـەر پـەتی قـەنارە هـاواریکرد ((خوێنرێـژەکان هـەرگیز وا تێمەگـەن کـە بەسـەرەنێزەی تـورك دەتوانرێـت میللـەتی کـورد لـەناوببرێت، بـەڵکو بەپێچـەوانەوە بـەڕقێکی ئەستورترەوە تێدەکۆشێت و ئازادی و سەربەخۆیی خۆی وەدەستدێنێت و ئێـوەی خوێنرێژیش لەمێژوودا تەنها لاپەڕەی ڕەشتان بۆ دەمێنێتەوە)).

د-دادگاکردنی محەممەد ئەفەندی (باقی تۆزو) کە بەحاجی ئاختی بەناوبانگ بووە

زنـار سلوپی لەلاپـەڕە (٥٧)ی کتێبەکەیـدا دەربـارەی چـۆنیەتی دادگـاکردنی حاجی ئاختی وتویـەتی: سـاتێك ئـەو مـەردە ئازایە لـەدوای شـکانی شۆڕشـەکەی پیران گیرا و درا بەدادگا بەوپەڕی ئازایەتیەوە لەبەردەمی دادگاکەدا بەهیچ جۆرێك قایـل نـەبوو بـەزمانی کـوردی نـەبێت بـەهیچ زمـانێکی تـر وەڵامـی پرسـیارەکانی سـەرۆکی دادگـا بداتـەوە، لەبەرئـەوە چـارنەبوو وەرگێڕێکیـان بـۆ هێنـا بۆئـەوەی پرسیارەکانی سـەرۆکی دادگا بکات بەکوردی و وەڵامـەکانی ئـەویش لەکوردیـەوە بکات بەتورکی.

حـاجی ئاختی لەگـەڵ ئەوەشدا بەر لەدادگاکردنەکەی لەزینداندا دارکاریـەکی زۆریان کردبوو، هەموو لەشیان تێکشکاندبوو، بەڵام لەبەردەمی سـەرۆکی دادگادا کـە چـەند سـەربازێکی تـورك بـەخۆیان ڕمەکانیانـەوە دەورەیانـدابوو، ئـەو هـیچ نەشـڵەژا و خـۆی تێکنـەدا و خـۆی ئاسـایی لەبـەردەمی سـێدارەکەیدا شـێرانە هاواریکرد: بژی کوردستان.

٥-دادگاكردنی حسێن خەیری كە لەهەندێ سەرچاوەدا بەحەسەن خەیریش ناویهاتوە

بەرلەوەی بچینە سەر باسی چۆنیەتی دادگاكردنەكەی دەگەڕێینەوە سەر هەڵوێستی (حسێن خەیری) بەرلەوەی بدرێت بەدادگا. حسێن خەیری یەكێك بووە لەو كوردانەی كاتی خۆی مستەفا كەمال بەوە هەڵیخەڵەتاندبوو لەدوای ڕزگاركردنی وڵات لەداگیركەران ئەوسا كوردیش مافی خۆی دەدرێتێ بۆیە بووبوو بەئەندامی ئەنجومەنی میللی توركیا كە مستەفا كەمال و تاقمەكەی پێكیانهێنابوو، لەباسی پەیمانی لۆزانیشدا باسی ئەوەكرا كە حسێن خەیری یەكێك بووە لەو كوردانەی لەئەنجومەنەكەی مستەفا كەمالدا لەگەڵ حسێن عەونیدا تەلگرافیان ناردبوو بۆ لۆزان بەناوی نوێنەرانی كوردەوە لەئەنجومەنەكەدا كەوا كورد و تورك بران و نایانەوێ لەیەكتر جیاببنەوە، كە شۆڕشیش دەستیپێكرد و شۆڕشگێڕانی شۆڕشی پیران بۆ دەستگیربوونی مافی كورد ناچاربوون دەستیاندایە چەك، هەروەكو پرۆفیسۆر حەسرەتیان باسیكردوە حسین خەیری نامەیەكی ناردبوو بۆ دەرسیمی (كە مەبەست شۆڕشگێڕ و نوسەری كورد نوری دەرسیمیە) لەڕێگەی ئەوەوە داوایكردبوو بێدەنگ و بەئارام بن، كەچی كە شۆڕش تەواوبوو توركەكان ئەمانەیان هیچی بۆ حساب نەكرد و بەفەرمانێكی مستەفا كەمال خۆی و جەلال محەمەدی برازای گیران و دران بەدادگا و لەكاتی دادگاكردنیدا شتێك لەوانەی پێی تاوانباركرابوو ئەوە بووە كە سەرۆكی دادگا ڕوویتێكردبوو پێیوتبوو: تۆ لەكاتی دادگاكردنەكانی دادگای ئەنقەرەدا بەجلی كوردیەوە دەچوویتە ژوورەوە بەمە پڕوپاگەندەت بۆ كورد دەكرد.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان دەربارەی ئەو جلی كوردیە لەبەركردنەی حسین خەیری ئاماژەی بۆ لاپەڕە (١٨٦)ی كتێبەكەی دەرسیمی كردوە (Kurdistan Tarihinde Dersim) وتویەتی: سەیر ئەوەبووە ئەو چوونەی بەجلی كوردیەوە لەسەر داخوازی مستەفا كەمال خۆی بووە. لەڕاستیدا توركەكان بۆ بیانوو گەڕاون و هیچی تریان دەستگیرنەبووە پێی تاوانباربكەن لەو شتە پڕ لەپێكەنینە بەولاوە.

حەسرەتیان دەڵێت: حسین خەیری بەر لەدادگاكردن و لەسێدارەدانی هەموو شتێكی بۆ ڕوونبووبوەوە و لەسیاسەتی دوژمنانەی كەمالیەكان گەیشتبوو لەبەرئەوە زۆر ڕێزی لەو كەسانە دەگرت كە خۆیان بەختدەكرد لەپێناوی

میللەتەکەیاندا. ئەو حسین خەیریە هەر لەو فڕوفێڵەی لەلۆزانەوە لەکورد کرابوو، بۆی دەرکەوتبوو کە چ هەڵەیەکی تاوانبارانەی زۆر زل کردبوو، بۆیە وەسیەتی کردبوو لەدوای مردن هەرکەس بەلای گۆڕەکەیدا بڕوات تفێکی لێبکات.. بەلاَم لەپاش چی؟! کورد وتەنی: لەپاش باران کەپنەك؟!

هەروەکو نوری دەرسیمی لەکتێبەکەیدا بەرگی پێنجەم باسیکردوە، ساتێك بڕیاری دادگا دەردەچێت بەلەسێدارەدانی بانگئەکات و ئەڵێت: (ئەی ئەو کەسانەی بەدەستی تاوانباری دوژمن کوژراون، ئەوا یەکێکی تریش هاتە ڕیزتان کە حسین خەیریە). پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەباسی دادگاکردنی ئەو ڕۆژەدا ئامارژەی بۆ ڕۆژنامەی (istanbul)ی ڕۆژی ١٩٢٥/٩/٢٨ کردوە، کە باسی دادگاکردنی (بوغوس)ی ئاسنگەری ئەرمەنی کردوە کە لەدانیشتوانی (چمشکزك) بووە بەتاوانی ئەوەی لەراپەڕینەکەی کورددا جاسوسی بۆ شۆڕشگێڕەکان کردبوو لەخەرپوت.



وێنەی لەسێدارەدانی هەندێ شۆڕشگێڕان
(ڕیزە سێدارەی شەهیدانی پیران)

و-دادگاکردنی قاسم بەگ
(کە زۆربەی سەرچاوەکان بەخائینیان ناوبردوە)

بەپێی سەرچاوە/١٠٩ قاسم بەگ وەختی خۆی لەسوپای تورکدا (رائد) بووە و خزمی شێخ سەعیدیش بووە و لەشۆڕشەکەدا لەشێخ سەعید و شۆڕشگێڕانی ترەوە زۆر نزیك بووە و یارمەتیدەری شێخ سەعید بووە (لەچۆنیەتی گرتنی شێخ سەعیدا باسی ئەوە کرا چۆن خیانەتی لەشۆڕش و لەشێخ سەعیدیش کردبوو بەوەی زانیاریەکی زۆری دابوو بەتورکەکان کە بووبوو بەهۆی گرتنی شێخ سەعید و هاوڕێکانی لەسەر پردی مرادچای).

بەپێی سەرچاوە/١٠٩ لەکاتی دادگاکردنی قاسم بەگدا (عونی دوغان)ی جێگری داواکاری گشتی لەدادگای ئیستقلالی دیاربەکردا وتویەتی قاسم بەگ پەیوەندی هەبووە لەژێرەوە بەئەندامانی دادگا و هەروەکو ڕۆژنامەی (وقت) باسیکردوە کە لەژمارەی ڕۆژی ١٩٢٥/٦/٩دا بلاۆکراوەتەوە، قاسم بەگ بەدەمی خۆی لەدادگادا وتویەتی: (شێخ عەبدولقادر و بەدرخانیەکانی ئەستەمبوڵ پڕوپاگەندەیەکی زۆریان کردبوو بۆ هاندانی خەڵك بۆئەوەی بەشداری بکەن لەشۆڕشدا).

نوسەری سەرچاوە/١٠٩ لەسەر باسەکە ڕۆیشتوە و وتویەتی: عیسمەت ئینونۆ بەشفرە ئەندامانی دادگای دیاربەکری ئاگاداردەکرد و هانیئەدان دەبێ کارێکی وابکەن ئەوانەی بانگدەکرێن بۆ دادگاکەیان بۆ شایەتی ناچاریانبکەن لەشایەتیدانەکانیاندا کوردەکانی ئەنقەرە و ئەستەمبوڵیش تێوەبگلێنن و ناویان بهێنرێت و بەوانەیان لەقەڵەم بدەن کە بەشداریان کردبوو لەشۆڕشەکەدا کەوا دیارە قاسم بەگیش یەکێك بووە لەوانەی تورکەکان لەتەقەلاکانیاندا لەگەڵیدا سەرکەوتبوون بۆ بەجێهێنانی داخوازیەکەی عیسمەت ئینونۆ.

هەمان سەرچاوە/١٠٩ ئاماژەی بۆ کتێبی نوسەرێکی تر کردوە (بایراك) کە لەباسی قاسم بەگدا وتویەتی: ساتێك سەرۆکی دادگا لەقاسم بەگی پرسی: وادیارە سێ شت هانی شێخ سەعیدیان دابوو کە ئەو یاخیبوونە بکات کە بریتی بوون لەدین، ڕۆژنامەکان، ئۆپۆزسیۆن. لەوەلامی ئەو پرسیارەدا قاسم بەگ

دەڵێت: بەڵێ ئەوانە هەمووی ڕاستە و هەمووشیان بۆ سەربەخۆیی کورد بووە کە کۆمەڵی ئازادی ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینیوە لەمەدا.

بێگومان تورکەکان هەر بەپڕوپاگەندەی ڕۆژنامەکان خۆیان دژی شۆڕش و شۆڕشگێڕانی پیران وازیان نەهێناوە، بەڵکو لەهەرشوێنێك دەرفەتیان هەبووبێت بۆ پینەکردنی تاوانەکانی خۆیان هەوڵیانداوە ناوی شۆڕشەکە و شۆڕشگێڕان لەکەداربکەن و ناویان بزڕێنن، بۆ نمونە لەڕۆژنامەی (لغازیتیە)ی فەرەنسی کە ڕۆژی ١٩/٤/١٩٢٥ دەرچوە وتراوە ئەو بەڵگە و دوکیومێنتانەی لەقاسم بەگدا گیرا کە یەکێك بووە لەسەرکردەکانی شۆڕش دەریخستوە ئینگلیزەکان پەیوەندیەکی بەهێزیان هەبووە لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا و بەڵگەی تری واش هەیە کە شێخ سەعید خۆشی پەیوەندی بەئینگلیزەکانەوە هەبووە (لەباسێکی تایبەتیدا لەدواییدا کە بۆ هەڵوێستی دەوڵەتانم تەرخانکردوە بەدووروودرێژی ئەم درۆودەلەسانە ڕووندەبێتەوە و ئاشکرا دەبێت کە بەپێچەوانەوە ئینگلیز زۆر مەبەستی بووە کە شۆڕشەکەی کورد سەرنەکەوێت).

بلەچ شێرکۆ لەلاپەڕە (٩٧)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٦٠ دەربارەی قاسم بەگ باسێکی دوورودرێژی بلاوکردۆتەوە کە هەندێ شتی گرنگی دەربارەی قاسم بەگ ڕوونکردۆتەوە کە بلەچ شێرکۆ وتویەتی: ئەگەر بەوردی سەیری فایل و تۆمارگەی دادگاکردنەکانی ئیستقلال بکرێت لەساڵی ١٩٢٥دا ڕووندەبێتەوە شۆڕشی پیران لەئەنجامی جەور و ستەمێکی ئێجگار زۆری تورك بەرامبەر بەکورد هەڵگیرسابوو، هیچ بێگانەیەکیش دەستی نەبووە لەو شۆڕشەدا کە نمونەی ئەمە بۆ بەڵگە لەڕۆژنامەی (وقت)ی تورکی ڕۆژی ٩ی یۆنیۆی ساڵی ١٩٢٥دا دەردەکەوێ کە لەژێر ناوی مەحزەری دادگاکردنی شێخ سەعید و هاوڕێکانیدا بلاوکراوەتەوە کەوا قاسم بەگی بگباشی لەبەردەمی دادگادا وتویەتی: من بەشدارنەبووم لەچالاکیەکانی کۆمەڵە (مەبەستی کۆمەڵی ئازادیە) لەبەرئەوە شارەزای نهێنیەکانی ئەو کۆمەڵە نیم، بەلام ئەوەی بەدەم لەدەرەوە دەوترا و دەمبیستەوە ئەوەیە ساڵی پار (دیارە مەبەستی ساڵی ١٩٢٤ بووە) لەئەرزڕوم سێ ئەفسەر هەبوون کە بریتی بوون لە (توفیق السلیمانی) و ساڵح و ئیسماعیل حەقی (بێگومان مەبەستی ئیسماعیل حەقی شاوەیس بووە) کە ئەمەی دوایی ساڵی پار مۆڵەتی وەرگرت و هاتە دیاربەکر و لەوێوە چووە ئەرزڕوم و پاشماوەیەك چووە حەلەب و لەوێوە نامەیەکی ناردبوو بۆ کۆمەڵی ئازادی (دەربارەی ئەوەی قاسم

بەگ لێرەدا باسی ئیسماعیل شاوەیسی کردوە، بەرلەمە لەباسی چۆنیەتی پێکهاتنی کۆمەڵی ئازادیدا باسی ئەوە کراوە کە قەدری جەمیل بەگ لەکتێبەکەیدا وتویەتی ئەرکی کردنەوەی چەند لقێکی ئازادی لەشارەکاندا سپێردرا بەئیسماعیل شاوەیس).

جەلادەت بەدرخان (بلەچ شێرکۆ) لەباسەکەیدا لەسەرینەڕوا و دەڵێت: قاسم بەگ لەبەردەمی دادگادا وتویەتی: لەبەدلیسدا گەلێك کۆمەڵ و ڕێکخراو هەبوو کە بەهۆی (یوسف ضیاء بەگ)ەوە پێکهاتبوو کە مەبەستی هەمووشیان بریتی بوو لەسەربەخۆیی و هەندێکیان لەڕێبازی ئاینەوە بۆی دەچوون و هەندێکیشیان نەخشەیەکی سیاسی تایبەتیان هەبوو بەلام هی هەموویان هەریەك شتی دەگرتەوە.

جەلادەت بەدرخان ئاماژەی بۆ باسێکی تر کردوە کە لەڕۆژنامەی (میلیت)دا بلاوکراوەتەوە لەژێر ناوی (اعترافاتی بگباشی قاسم) کە قاسم بەگ باسی چۆنیەتی پێکهاتنی (جمعیتی تعالی کورد)ی کردبوو لەلایەن شێخ عەبدولقادر و بەدرخانیەکانەوە لەئەستەمبوڵ و لەهەندێ شوێنی تریشدا لقی ئەو جەمعیەتە هەبوو، ئەو تاقمە لەدوای شەڕی جیهانی لاوازی حکومەت و میللەتی تورکیان بەهەل زانی و کەوتنە چالاکی و جموجوڵ بەهیوای گەیشتن بەسەربەخۆیی کوردستان. ساتێك لەدواییدا ئەنجومەنی بالای میللی لەئەنقەرە کرایەوە، من (قاسم بەگ) تەلگرافی پیرۆزباییم بۆ ئەنجومەنەکە نارد و بەرامبەر بەمە تاقمی (جمعیتی تعالی کورد) لێم تورەبوون و پێیانوتم: تۆ چۆن کوردێکی وا پیرۆزبایی لەتورك دەکەیت؟!.

بلەچ شێرکۆ لەلاپەڕە (٩٩)ی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ باسێکی تر کردوە کە لەڕۆژنامەی (وقت)ی ڕۆژی ١٨ی یۆنیۆی ١٩٢٥دا بلاوکرابووەوە لەژێر ناوی (جێگری گشتی دادگا) داوای سزادانی (٥٣) کەسی تاوانبار دەکات، لەوانەی بەشداریان کردوە لەو ڕووداوانەی لەویلایەتەکانی ڕۆژهەلاتدا قەوماون کە بەشێکن لەخاکی نیشتمانی هەمیشەیی تورك کە ماکی ئەو بزوتنەوەیە بریتیە لەو هەست و بیرە ناپاك و پیسەی لەناو هەندێکدا لەمێشکیاندا جێگیربووە وەکو ئەو هەستە پیس و ناپاکەی بەرلەمەش لە(بۆسنە و هەرسك) ڕوویدابوو کە بەهۆی دەوڵەتە بێگانەکانەوە لەسێ لاوە ئەو شوێنانە ئابلۆقەدرابوون و ئەوەی ئیمڕۆی کوردیش بریتیە لەهەمان هەستی ناپاك کە کوردی هانداوە دژی تورك و ئەوانەی

بەو کارە هەستابوون بریتی بوون لەو خائینانەی لەناوەوە و لەدەرەوەی وڵات دەستیانپێکردبوو بەیارمەتیدانی بێگانە.

جەلادەت لەلاپەڕە (١٠٠)ی کتێبەکەیدا باسی دوا وتاری سەرۆکی دادگای کردوە بۆ ئەوانەی لەبەردەمیدا بوون و پێیوتبون: (هەندێکتان بەنیازێکی ناپاك خەڵکتان هاندابوو بۆ سەرگرتنی نەخشەی بێگانە و هەمووشتان لەسەرئەوە یەکتاندەگرتەوە کە بریتی بوو لەهەوڵدان بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ ئەوا ئێستە لەتۆڵەی ئەو هەموو خوێنەی ئێوە بوون بەهۆی ڕشتنی و بەرامبەر بەو وێرانکاریەی بەهۆی کردەوە و ڕەفتارەکانی ئێوەوە پەیدابووە و بۆئەوەی عەدالەت لەناو وڵاتدا ڕێگەی ڕاستی خۆی بگرێتەبەر، پێویستە هەمووتان سزابدرێن و هەڵواسرێن).

ئەوەی لەم باسی دادگاکردنەدا لەسەرچاوەکانەوە وەرمانگرتوە بریتیە لەکورتە باسێکی ئەو کارەساتە خوێناویەی بەسەر باکوری کوردستاندا هاتوە و بەرامبەر بەم هەموو تاوانانەی لەوساوە هەتا ئیمڕۆش دەکرێت هێشتا گوێچکەی کارگوزارانی دەوڵەتە زلهێزەکان بەرامبەر بەکارەساتەکانی کوردستان کەڕە و خۆشمان هەتا بڵێی کەمتەرخەمین و بەداخەوە هەتا ئێستە لەسنورێکی زۆر تەسك بەولاوە نەمانتوانیوە ڕاستی ڕووداوەکان بکەین بەزمانی بێگانە و بتوانین ئەو تەمومژەی پڕوپاگەندەی تۆرانیەکان ساڵەهای ساڵە ئاسمانی کوردستانیان پێداپۆشیوە بیڕەوێنینەوە و بەتیشکی ڕاستی تاوانی دوژمنانی تاوانبار لەمیللەتان بگەیەنین.

دوهەم-پاشماوەی باسی حەوتەمی بەشی دەهەم

سزادان و ڕاگوێزان و ئاوارەکردن

لەدوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی پیران و سزادان و لەسێدارەدانی سەدان شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیری کورد بەوانەشەوە کە بووبوون بەلایەنگری خۆیان و خیانەتیان لەنەتەوەکەی خۆیانکردبوو، ئیتر وەنەبێ بەو لەسێدارەدان و گرتنانەی کورد وازیان هێنابێت بەڵکو دەستیانکرد بەبەجێهێنانی ئەو نەخشەیەی بۆ لەناوبردنی کورد و توانەوەی کورد لەبۆتەی تورکدا ئامادەیان کردبوو.

گەلێك سەرچاوە باسی دڕندەیەتی تورکیان کردوە و ئامارژەیان بۆ ئەو بەڵگە و دوکیومێنتانە کردوە کە باسی چۆنیەتی ڕەفتاری تورکیان کردوە بەرامبەر کورد کە زۆر لەخراپەی نازیەکان چووە و هیوادارم ڕۆژێك بێت کە کورد بتوانێت ئەو دڕندەیەتیەی تورك بکات بەئینسکلۆپیدیایەك بۆئەوەی نەوەی ئیمڕۆ و دواڕۆژی کورد بتوانێت بیکات بەئامێرێك بۆ ڕیسواکردنی ئەو ڕژێمەی ئیمڕۆشی هیچی لەجاران کەمتر نیە لەڕەفتاریدا بەرامبەر بەمیللەتی کورد.

هەوڵئەدەین ئەم باسە بکەین بەدوو بەشەوە:

یەکەم: دڕندەیەتی تورك بەرامبەر بەکورد و ئەو کوشتارانەی لەکوردیان کردوە.

دووەم: ئاوارەکردن و ڕاگوێزانی بەکۆمەڵی کورد بەنیازی تواندنەوەی لەبۆتەی تورکدا.

یەکەم: دڕندەیەتی تورک بەرامبەر بەکورد

لەم بەشەدا هەوڵئەدەین کورتەیەکی ئەو سەرچاوانە باسبکەین کە لەو بابەتە دواون بەپێی ئەو بەڵگانەی لەو سەرچاوانەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

قەدری جەمیل بەگ لەلاپەڕە (١١٣)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧ باسی ئەو هێزی تورکەی کردوە کە بەشەمەندەفەر لە(ئەدرنە)وە نێرابوون بۆ ناوچەکە کە فەرەنسیەکان یارمەتی تورکیان دابوو، ڕێگەیان پێدابوون بەناوچەکانی ژێر دەسەلاتیاندا تورکەکان بەئارەزوی خۆیان هێزەکانیان بگوێزنەوە و بەشەمەندەفەر هێز و چەکەکانیان گواستبوەوە بۆ پشتی شۆڕشگێڕان و لەپشتەوە لەشۆڕشگێڕانیان دابوو، ئەو هێزە ساتێك گەیشتبووە ناوچەی ژێر دەسەلاتی شۆڕش پەلاماری دانیشتوانی بێچەکیان دابوو لەگوندەکانی (سردی، جومیلان، ئەمهنر، (دیرکان) لەقەزای (ئەلیجی) و لەو گوندانەدا بێجگە لەتالانکردن (١٥٠) کەسی بێچەکی بێتاوانیان گرتبوو، بەستبوویاننەوە بەیەکەوە و هەموویان گوللەباران کردبوو، لەگوندی (سێلمو) کە لەعەشیرەتی (بکرا) بوون حەفتا کەسی بێتاوانیان گرت و خستیاننە ناو کایەنێکی پڕ لەپووش و کا و ئاگریان تێبەردا و هەموویان لەو کایەنەدا سوتێنران.

لەدوایئەوەی (قاسم ئاغا)ی سەرۆکی عەشیرەتی (سیوان) بەبرینداری بەدیل گیرا لەلایەن ئەو هێزەی تورك کە (عەلی حەیدەر) سەرکردەی بوو لەناوچەی (مزیبانی) لەدۆلی (خازێ) کە لەباکوری ناوچەی (خانی)دا بوو، عەلی حەیدەر بەدەستی خۆی پشکۆی ئاگر و شتی سوورەوەکراوی دەنا بەسنگی قاسم ئاغا و بەوەش وازی لێنەدەهێنا بەڵکو گاڵتەی پێدەکرد و پێیدەوت: ها.. ها قاسۆ ئەوە چیت بەسەرداهات؟! بەلام قاسم ئاغای ئازا و نەبەردیش بەو هەموو ئازارەیەوە وەلامی ئەدایەوە و پێیدەوت: بەڵێ ئەمە ئەوەیە کە بەسەر هەموو مرۆڤێکی ڕاستدا دێت، چیشت لەدەستدێ لەمندا تاقیبکەرەوە. ئەم وەلامەی قاسم ئاغا ئەوەندەی تر عەلی حەیدەری هارتر دەکرد و پیاوەکانی ڕادەسپارد بەردبارانی بکەن هەتا لەئەنجامدا لەژێر سزاداندا شەهیدبوو.

قەدری جەمیل بەگ (زنار سلوپی) لەلاپەڕە (١١٥)ی کتێبەکەیدا نمونەیەکی تری لەدڕندەیەتی تورك باسکردوە کە چۆن تاهیر بەگی ئامری ئەو فەوجەی ناوی لێنرابوو فەوجی تەمێکردن، موختاری گوندی (تورن) لەناحیەی (ملکان)ی گرت

کە ناوی (جاجان) بوو، خۆی و کوڕەکەی هەردووکیان مەنجەڵە ئاوی گەرمی لەکوڵی دەکرد بەلەشیاندا.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەلاپەڕە (١٤)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٩٢ ئاماژەی بۆ کتێبی (ئەتاتورك) کردوە کە وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی، لەلاپەڕە (١٤٤)ی ئەم کتێبەدا وتراوە: (ئەریٚ وەڵلاٚ.. وا کوردەکان شکێنران و لەناوبران، فڕۆکەکانمان لەئاسمانەوە بۆمبای وێرانکاری بەسەر کوردەکاندا فڕێدەدەنە خوارەوە، لولەی تۆپەکان ئاگربارانیان دەکەن، گوللەی تفەنگ و نوکی شیر و سونگیەکانیش ئاڕاستەی گیان و کەللەسەر و سنگیان کرا).

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەلاپەڕە (٩٨)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٩ ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (ئەرمسترونگ) کردوە کە باسی دڕندەیەتی و ڕەفتاری تورکی کردوە بەرامبەر کورد بەم شێوەیەی خوارەوە: (تورکەکان بەئاگر و ئاسن کوردستانیان کاولکرد و سزای خەڵکیان ئەدا و دەیانکوشتن و دێهاتەکانیان دەسوتاندن و باخ‌وباخات و کێڵگەکانیان تێکدەدا و وێرانیان دەکرد، ژن و منداڵیان قەلاچۆدەکرد و قەسابخانەیەکیان بۆ لەناوبردنی کورد دانابوو، کە بەڕاستی دەریانخست تورکەکانی ئیمڕۆش هیچیان کەمتر نیە لەباوباپیرانیان کە لەزەمانی سوڵتانەکانیاندا چی‌یان بەیۆنانیەکان و ئەرمەن و بولغارەکانیان دەکرد و چۆن سەریاندەبڕین).

حەسرەتیان لەباسەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەو نامانە کردوە کە لەلایەن کۆمەڵی ئاسوریەکانەوە لەمانگی ئابی ١٩٢٥دا ناردبوویان بۆ کۆمەڵی گەلان (عصبة الامم) دەربارەی دڕندەیەتی و خوێنڕێژی تورك کە لەنامەی ڕۆژی ١٩٢٥/٨/٦یاندا وتراوە: (کوردەکان و ئاسوریەکان ڕێگەی ئەوەیان لێگیراوە بتوانن لەگوندەکانی خۆیان بچنە دەرەوە، هەرچی موڵك و مەڕومالأت و سامانیان هەیە هەمووی لەلایەن تورکەکانەوە تالأنکراوە، دەستدرێژی کراوەتەسەر ژنەکانیان و وادیارە کۆمەڵی گەلان و دەوڵەتە گەورەکان گوێنادەنە مافی نەتەوەکانی تر لەتورکیادا بۆیە ئەو کارەساتانە هەمووی فەرامۆشکراوە).

لەنامەیەکی تردا لەڕۆژی ١٩٢٥/٨/١٠دا نوسراوە کۆمەڵی ئاسوری بێزاری و ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بێدەنگبوونی کۆمەڵی گەلان و دەوڵەتە گەورەکان دەربارەی تاوانەکانی تورك لەکوردستاندا کە بیٚوچان خەریکی تالأنکردنی مەڕومالأتیانن و گوندەکانیان کاولدەکەن و ئەوی لەمردنیش ڕزگاری

بووبێت و هیچی بۆ نەمابێتەوە لەگوندەکەی خۆی دەریدەکەن و پەڕەوازەی دەکەن و ئاوارەکردنی دانیشتوانی دەرسیم و جزیرە و شارەکانی تر بەرەو (کیلیکیا) و (سامسون) و (سینوب) و جیاکردنەوەی ژن و پیاوی خێزانێك لەیەکتری و لەکاتی ئاوارەکردنیشیاندا دەدرێنە بەرگوللە و ژن و منداڵە بێکەسەکانیان لەبازاڕەکانی ئەنادۆڵدا دەفرۆشرێن کە ئەمە نەخشەیەکە تورکەکان لەمێژە ئامادەیانکردوە و ئەمە ماوەی شەش مانگە دادگاکانی ئیستقلال یەك لەدوای یەك بڕیاری هەڵواسینی کورد دەدات کە لەنێوان ساڵانی (١٩٢٥-١٩٢٦)دا نزیکەی (٢٠٦) گوندیان وێرانکردوە و (٨٧٥٨) خانوو سوتێنراوە و پتر لە (١٥٠٠٠) ژن و منداڵ و پیری بێتاوان کوژراون جگە لەو هەزارانەی لەژێر کرێوە و باران و سەرماوسۆڵەی کاتی گواستنەوەیاندا لەڕێگاکاندا ڕەقدەبنەوە و دەمرن. سەرچاوەی حەسرەتیان بۆ ئەمە بریتیە لە (L.Rambout Les Kurdsetl droit) لاپەڕە ٢٨.

حەسرەتیان لەباسەکەیدا ئاماژەی بۆ ئینسکلۆپیدیایەکی تورکی کردوە کە لەو ئینسکلۆپیدیایەدا بەوپەڕی بێشەرمیەوە وتراوە: (هەندێ لەسیاسیە خائینەکان کە کرێگرتەی بێگانەن، ئەوانەی ئاگری قینی ڕەگەزپەرستی و نەتەوایەتیان هەڵگیرساند، ئەوانە لەوجۆرە کەسەن کە دوورن لەبارودۆخی فێربوونی ژیانی شارستانیەتی، وایان لێهاتوە کوێرانە پەلاماری شارەکان بدەن و تالانیبکەن).
حەسرەتیان دەربارەی ئەو بۆچونەی ئەم ئینسکلۆپیدیایە دەڵێ: ئەوەی لەم ئینسکلۆپیدیا تورکیەدا نوسراوە بەتەواوەتی شتێکە زۆر دوورە لەڕاستی و با بۆ ئەم ڕاستیە سەیری ئەو هەواڵەی لەلایەن (حاشد حقی) پەیامنێری ڕۆژنامەی (وقت) کە بەنامەیەك ناردویەتی بۆ ڕۆژنامەکەی و تیایدا وتویەتی هۆی ڕوودانی ئەم شۆڕشەی دوایی (مەبەست شۆڕشەکەی پیرانە) هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ ئەو هۆیانەی بووبوونە ڕوودانی ڕوودا‌وەکانی پێشوو کە لەبۆسنە و هەرسکدا ڕوویدابوو لەگەڵ ئەو هۆیانەی بووبوونە هۆی شۆڕشەکانی سوریا و فەلەستین دژی تورك (لەڕاستیدا حەسرەتیان دەبوایە بیوتایە ئەوەی لەو ئینسکلۆپیدیا تورکیەدا تۆمارکراوە پڕ بەپڕ تورکەکان خۆیان دەگرێتەوە کە هەستی ڕەگەزپەرستی کوێرانە وای لەتورکەکان کردبوو وەکو دڕندەیەك لەهەموو ڕێبازێکی شارستانیەتی دووربکەونەوە).

حەسرەتیان لەکتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەی (Gazet)ی فەرەنسی ڕۆژی ١٩٢٥/٦/٢٩ کردوە کە نامەی کوردێکی ناسراوی بڵاوکردۆتەوە کە ناوی (احمد علی حاجی صبری) بووە کە لەڕۆژی ١٩٢٩/٦/٢٥دا ناردبووی بۆ ڕۆژنامەکە کە بریتی بووە لەوێنەی ئەو نامەیەی ناردبووی بۆ کۆمەڵی گەلان (عصبة الامم) کە لەو نامەیەدا وتویەتی: (ئەوا دوو مانگ تێپەڕی بەسەر شۆڕشەکەی کورددا بەلأم هێشتا لافاوی خوێن لەوڵاتەکەماندا نەنیشتۆتەوە، میللەتی کورد لەژێر جەور و ستەمی دڕندەکاندا دەناڵێنێت، بۆیە ئیتر کورد لەمە زیاتر ناتوانێت خۆی بگرێت و ناچاردەبێت جارێکی تر دەستبداتەوە چەك بۆئەوەی لەم کارەساتە ڕزگاری ببێت و بتوانێت کاروباری خۆی بباتەبڕێوە.

ئەم شۆڕشە شۆڕشی میللەتێکە کە بەڕەگەز لە(ئاری)یەکانە و هیچ پەیوەندیەکی بەڕەگەزی تورکەوە نیە و زمانەکەی لەزمانی ئەوان جیاوازە، بەهیچ جۆرێك واز لەداواکردنی مافی خۆی و لەڕەوشت و عەنعەناتی باوباپیری خۆی لانادات، بەلأم بەداخەوە بێدەنگبوونی دەوڵەتەکانی ئەوروپا لەو تاوانانەی لەکورد دەکرێت ئەوەندەی تر تورك هاندەدات لەسیاسەتی توانەوەی کورد وازنەهێنێت کە دەیەوێ کورد لەبۆتەی خۆیدا بەزۆرەملێ بتوێنێتەوە کە ئەم سیاسەتەی تورك بریتیە لەهەمان ئەو سیاسەتەی تورك بەرامبەر ئەرمەنیەکان بەکاریانهێناوە. ڕاپەڕینەکەی ئێمە بۆ دەستگیربوونی مافی ڕەوای ئاشکرایە و داوا لەکۆمەڵی گەلان و لەمیللەتە پێشکەوتوەکانی جیهان دەکات یارمەتی کورد بدەن کە ئەم یارمەتیدانە نەك تەنها هەرکارێکی مرۆڤانەیە بەڵکو کارێکی سیاسیشە چونکە دابینکردنی ئاسایش لەناوچە کوردیەکاندا بریتیە لەکلیلی دابینکردنی ئارام و ئاسایش لەناوچەکانی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا.

حەسرەتیان دوای بڵاوکردنەوەی ئەو نامەیە دەڵێت: بەلأم کۆمەڵی گەلان بەهیچ جۆرێك گوێی‌نەدایە ئەو نامانەی لەو ڕووەوە بۆی دەنێرا و بەپێچەوانەوە لەمانگی تەموزی ١٩٢٥دا بڕیارێکی دەرکرد بەرامبەر بەو نامانەی کورد کە لەهەموویدا بێزاری کوردی تیادا باسکرابوو، بڕیارەکەی کۆمەڵی گەلان بریتی بوو لەوەی ئەو هەموو نامانە پشتگوێ بخرێت کە تا ئەوکاتە پێی‌گەیشتبوو.

حەسرەتیان لەلاپەڕە (١١٩)ی کتێبەکەیدا وتویەتی: بەرامبەر بەتاوانەکانی تورك کوردەکان لەبەغدا لەڕۆژی ١٩٢٥/٧/٢٦دا لەنزیك پەیکەری مۆد (ئەو پەیکەرەی ئینگلیزەکان لەبەغدا دوای داگیرکردنی بەغدا پاش شەڕی جیهانی

دروستیانکردبوو، لەشۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا ئەو پەیکەرە شکێنرا و لابرا) خۆپیشاندانێکیان کرد و داوا لەهەموو کورد کرا بێزاری خۆیان دەربڕن بەرامبەر بەتاوانەکانی تورك و داوا لەکۆمەڵی گەلان کرا فریای کورد بکەوێت. سەرچاوەی حەسرەتیان بۆ ئەم خۆپیشاندانەی لای پەیکەری مۆد بریتیە لەو بلاوکراوەیەی لەرۆژنامەی (ژین)ی رۆژی ١٩٦١/٥/٢٢دا بلاوکراوەتەوە کە حەسرەتیان لەکتێبەکەی دکتۆر کەمال مەزهەر (الحركة التحررية الوطنية في كردستان العراق) ئەمەی ژینی وەرگرتوە.

بلەچ شێرکۆ لەلاپەڕە (١٠٢)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٦٠ بەدوورودرێژی باسی دڕندەیەتی تورکی کردوە لەکاتی شۆڕشی پیران و لەدوای دامرکانەوەشی کە وتویەتی: (لەدوای لەناوبردنی شۆڕشی پیران و پاش ماوەیەك کە سەرماوسۆڵەی زستان هاتەپێشەوە، بەو کوشتارەی لەشەڕەکەدا کرابوو تورك وازینەهێنا و بەربووە گیانی ئەوانەی هەر بەناو مابوون. لەلاپەڕە (١٠٣)دا باسی دڕندەیەتی مستەفا بەگی سەرکردەی فیرقەی (٤١)ی سوپای تورکی کردوە چۆن هێزەکەی ئابلۆقەی (داراهین)ی دا و دانیشتوانەکانی تۆپبارانکرد و نەیهێشت کەسی بەزیندوویی لێدەرچێت، بەوجۆرە نزیکی (٤٣٠) گوندی ناوچەکەیان وێرانکرد.

بێجگە لەو تاوانە، (حەیدەر بەگی بگباش)یش بەخۆی و هێزی سوارەوە پەلاماری پیاوە ناسراوەکانی شاری (ئەرغنی–معدن)ی دا، بەبیانوی ئەوەی چالاکی نیشتمانی تیادا هەستپێکرابوو، کە بریتی بوون لە: یوسف ئەفەندی، عەبدولڕەحمان ئەفەندی، مستەفا ئەفەندی ئەمانە هەموویان گیران و پێش خۆیانیاندان و ناچاریانکردن بۆ ماوەی مانگێك بەشەو و رۆژ بەپێ بڕۆن و خستیاننە بەردەمی سوارەکانی خۆیان و لەرێگا بەشەق و شەپازلە لەو خەڵکەی پێشخۆدرابوو لێیانئەدان و دارکاری دەکران و خۆراکێکی زۆر کەمیان ئەدانێ و لەرێگادا زۆریان لێئەکوژرا و ئەوی لەمردن ڕزگاری بوو پەڕەوازەکران و دوورخرانەوە لەوڵاتی خۆیان. بلەچ شێرکۆ لەپاشکۆی کتێبەکەیدا باسی کوژراوەکانی هەندێ ناوچەی کردوە لەگەڵ لیستی ناوی ئەو گوندانەی کاولکرابوون و سوتێنرابوون لەگەڵ ژمارەی خانوی سوتاو و کاولکراو و ژمارەی ئەوانەی لەو ناوچانەدا کوژرابوون کە وەکو خوارەوە بووە:

ژمارەی خانوی سوتێنراو	ژمارەی کوژراو	ئەو گوند و ناوچانەی تاوانەکانی تورکیان تیاداکراوە
١٢٩٤	٦٤١٩	گوندەکانی ناوچەی لیسجە
٢٢٠٧	١٣٢٦	گوندەکانی ناوچەی داراهین
١٢٥	٢٩٥	گوندەکانی ئەردوشین
٥٧١	٣٥٠	گوندەکانی چپاقچور
٤٤٠	٣٧٤	گوندەکانی نصیبین
٨٧٠	٩٠٢	گوندەکانی حباب
٧٩٠	١٦٧١	گوندەکانی ئەلیان
٤٥٠	٦١٣	گوندەکانی مدیات
٥٥٣	١٠١٥	گوندەکانیباجەرین
٧٢	١٧٢	گوندەکانی کربوران
٣٧	٧١	گوندەکانی حصن کیف
١٣٨	١٧٦	گوندەکانی دیاربەکر
٦٤٣	١٠٩٠	گوندەکانی کنج
٥٩٠	٨٠٩	گوندەکانی ئیفتوت
٨٧٨٠	١٥٣٨٣	

ئەوەی شایانی باسە سریا بەدرخانیش لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٧٩ باسی هەمان ئەو ژمارانەی کردوە کە جەلادەت بەدرخان باسیکردوە کە وادیارە سەرچاوەی هەردوکیان هەریەك سەرچاوە بووە، بەلاّم سادق شەرەفکەندی لەلاپەڕە (١٤٦)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٧٢ باسی کاولکردنی (٢٣٠) گوند و (١٥٠٠٠) کوژراوی ژن و منداڵ و پیری بێچەکی کردوە لەوانەی بەشدارنەبوون لەشۆڕشدا و لەگۆڤاری (The Kurd)دا نوسینی (David Macdwell) ژمارەی هەموو کوژراوەکانی شۆڕشی پیرانی بەچل هەزار کوژراو ناوبردوە، بەلاّم دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو لەلاپەڕە (٦٧)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/١٦ ئامارەی بۆ کتێبی نوسەرێکی تورك کردوە کە ناوی (س. ئوستونفل) بووە وتویەتی ژمارەی کوژراوانی کورد بەهۆی شۆڕشەوە لەگەڵ ئەوانەی بەهۆی ئاوارەکردن و ڕاگوێزان و کوشتنی دوای شۆڕش لەوانەی بێچەك بوون هەمووی نزیکی سەدهەزار کوژراو بوون.

لەباسی دڕندەیەتی تورکەکان بەرامبەر بەکورد نمونەیەکی هێناوەتەوە کە بەچاوی خۆی دیویێتی و وتویەتی: (دڕندەیەتی کاربەدەستانی تورك ئێجگار لەڕادەبەدەربوو، من و چەند کەسێکی تر کە کۆمۆنیست بووین و لەدڕندەیەتی کاربەدەستان بێزاربووین گیرابووین و خرابووینە زیندانی ناو یەکێك لەو قەلاّ سەختانەی لەلایەن پشکنەری گشتیەوە سەرپەرشتی دەکرا، لەزینداندا بەچاوی خۆمان جەندرمەکانمان دەبینی چۆن یەکەیەکە کوردەکانیان لەزیندان ئەبردە دەرەوە و بەرگوللەیان دەدان و لەپاش کوشتنیان جەندرمەکان دەچوونە ئەو ژوورەی ئەو کوژراوەی تیادا زیندانکرابوو کەلوپەل و پشتێنە ئاوریشمیەکەیان بۆ خۆیان دەبرد و دەیانفرۆشت).

لەڕاستیدا تاوانکردنی تورك و دڕندەیەتی کەمالیەکان لەگەلّ کورد بەکتێب و دوو کتێب تەواونابێت و لەکۆتایی ئەم باسەدا بەپێویستم زانی ئاماژە بۆ کتێبەکەی (جەواهیر لال نەهرۆ) بکەین کە عەرەبیەکەی بەناوی (لمحات من تأريخ العالم) چاپی بەیروت، سالّی ١٩٥٧، لەوەدا لەو نامەیەیدا کە لە ١٩٣٣/٥/٨دا لەزیندانەوە بۆ کچەکەی ناردوە لەو نامەیەیدا باسی تاوانی تورکە کەمالیەکانی کردوە بەرامبەر بەکورد کە ئەمە وەرگێڕانی ئەو نامەیەی جەواهیر لال نەهرۆیە کە بۆ کچەکەی ناردوە کە وتویەتی: بەرلەمە ئاگادارم کردیت کە لەتورکیادا دەولّەتێکی یەکگرتوو پەیدابووە کە کەمترە لەوەی جاران (مەبەستی زەمانی عوسمانیە)، بەلاّم لەڕۆژهەلاّتی تورکیادا میللەتێکی تر هەیە کە بریتیە لەکورد کە یەکێکە لەو میللەتە کۆنانەی بەیەکێك لەشێوەکانی ئێران قسەدەکەن و ولاّتەکەیان دابەشکراوە کە ئیمڕۆ نیوەیان لەناو ولاّتی تورکیادا دەژین.

ئەم کوردانە لەسالّی ١٩٠٨دا لەدوای ڕاپەڕینی ئەو سالّە (مەبەست ئیسلاحاتی دەستوریە کە لەبەرگی یەکەمدا بەدوورودرێژ باسمانکردوە)، کوردیش بزوتنەوەیەکی دەستپێکرد و لەدواییدا لەکۆنگرەی ئاشتیدا لە(ڤرسای) داوای سەربەخۆیی خۆیان کرد. لەسالّی ١٩٢٥دا شۆڕشێکی گەورە لەکوردستانی تورکیادا بەرپابوو (مەبەستی شۆڕشی پیرانە) کە لەو ڕۆژانەدا کێشەی نێوان ئینگلیز و تورك هەبووە لەسەر ویلایەتی موسلّ کە ناوچە کوردیەکان بەشێکە لەو ویلایەتە و تورکەکان وایان بۆ دەرکەوت ئینگلیزەکان دەستیان لەو ڕاپەڕینەدا هەبوو کە بەناوی توندڕەوی ئاینیەوە دژی مستەفا کەمال ڕاپەڕیبوون. لەگەلّ ئەوەشدا شتێکی زۆر گرانە ئەو ڕاپەڕینە بدرێتەپالّ هاندانی ئینگلیز بەلاّم

بێگومان ئینگلیزەکان ڕاپەڕینەکەی کوردیان بەدڵ بووە دژی تورکیا، هەروەها نەردەکەویٚ هەستی ئاینیش ڕۆڵی خۆی هەبووە لەو ڕاپەڕینەدا شانبەشانی هەستی نەتەوایەتی کە ئەمەی دواییان هۆی سەرەکی شۆڕشەکە بووە.

مستەفا کەمال بڵاویکردەوە کە ئینگلیزەکان هانی کوردیان داوە، بەرامبەر بەمە وای لەئەنجومەنی میللی تورك کرد یاسایەك دەربکات کە هەرکەسێك ئاین بەکاربێنێت بۆ هاندانی هەستی خەڵك چ بەقسە بێت یان بەنوسینی بڵاوکراوە، ئەو کەسە بەخائین دەژمێردرێت و بەوپەڕی توندوتیژییەوە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت و لەئەنجامدا خوێندنی ئایینی لەمزگەوتەکاندا قەدەغەکرا چونکە ئەوانەی بەدوژمنی جمهوریەت دادەنا و مستەفا کەمال پاشا بەوپەڕی بێبەزەییانە و دڵڕەقیەوە کوردەکانی لەناوبرد و دادگای ئیستقلالی دانا بۆئەوەی هەزارانیان دادگابکات و لەئەنجامی ئەمەدا شێخ سەعید و دکتۆر فوئادی یاوەری و چەند کەسێکی تریان لەسێدارەدا کە ئەوانە هیوا و ئاواتیان بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی شتێك بوو هەمیشە لەسەر زمانیان بوو لێیان جیانەدەبووەوە.

بەوجۆرە ئەو تورکانەی بۆ سەربەستی خۆیان شۆڕشیان کرد، میللەتی کوردیان داپڵۆسی و لێیاندا و شۆڕشەکەیان لەناوبرد بەتاوانی ئەمەی ئەوانیش داوای مافی خۆیانکردبوو. لەساڵی ١٩٢٩دا کورد جارێکی تریش ڕاپەڕی (مەبەستی شۆڕشی ئاگریداغە) بەڵام دوبارە ئەم شۆڕشەیان لەناوبرد، بەڵام ئەمە هەتاسەر هەروا نابێت چونکە چۆن و کەی لەتوانادایە شۆڕشی میللەتێك خامۆش بکرێت و لەناوببرێت کە هەمیشە ئامادەبێت خوێنی خۆی لەپێناوی سەربەستیدا پێشکەشبکات.

دووەم: ئاوارەکردن و ڕاگوێزانی بەکۆمەڵ

لەدوای لەسێدارەدانی سەدان تێکۆشەر و ڕۆشنبیری کورد پاش خامۆشکردنی شۆڕشی پیران و کاولکردنی سەدان گوند و هەزاران خانو، لەدوای کوشتنی دەیان هەزاری بێتاوان وەکو بەرلەمە باسمانکردوە ئیتر نۆرە هاتەسەر تەواوکردنی ئەو نەخشەیەی بۆ لەناوبردنی کورد ئامادەکرابوو کە بریتی بوو لەئاوارەکردن و ڕاگوێزانی کورد بەکۆمەڵ و دەستگرتن بەسەر ماڵ و سامانیاندا و دابەشکردنی زەویوزارەکانیان بەسەر تورکدا و بەسەر ئەو تورکانەی لەشەڕی (کۆسۆڤۆ)دا دەرکرابوون کە نیاز و مەبەستی سەرەکی کەمالیەکان بریتی بووە لەوەی ئەو

کورده ئاوارەکراوانە بگوێزرێنەوە بۆ ناوچە دوورەکان کە تورکنشین بوون، بۆئەوەی لەخاکی ولاّتی خۆیان دووربخرێنەوە و هەستی نەتەوایەتی لەمێشکی هیچ کوردێکدا نەمێنێت و لەماوەیەکی کەمدا زمانەکەی خۆیان لەبیربچێتەوە و لەبۆتەی ڕەگەزی تورکدا بتوێنرێنەوە و ئیتر شتێك نەمێنێت ناوی کورد و کوردستان بێت و ناوی ناوچەکانیان بگۆڕدرێت بۆ ناوی تورکی.

ئەو ڕاگوێزانەی لەدوای شکانی شۆڕشی پیرانەوە دەستیپێکرد زنجیرەی نەپچراو تەمی نەڕەویەوە و درێژەیکێشا و ساتێك میللەتی کورد دوو جاری تر لەشۆڕشی ئارارات و دەرسیمی دوهەمدا ناچاربوو دوبارە دەستبداتە چەك و ڕووبەڕووی نەوەی مەغۆل و تەتەر ببێتەوە و پاش ئەو دوو شۆڕشە ئەوی لەدوای شۆڕشی پیران بەتورکەکان نەکرابوو یان دوایانخستبوو، لەدوای هەردوو شۆڕشەکە دەستیانپێکردەوە و لێرەدا باسی ئەو ڕاگوێزانە دەکەین کە لەدوای شۆڕشی پیرانەوە دەستیپێکردبوو هەتا پێش شەڕی ئارارات و باسی ڕاگوێزانەکانی دوای ئارارات و دەرسیم دەهێڵینەوە بۆ بەرگی سێهەم. دەربارەی ڕاگوێزانی دوای شۆڕشی پیران چەند سەرچاوەیەك باسیانکردوە و هەوڵئەدەین کورتەی هەندێکیان بخەینە پێشچاو:

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەدوو کتێبیدا یەکەمیان سەرچاوە/٤٥ لەلاپەڕە (١٠١)دا و دووەمیان سەرچاوە/٤٩ لەلاپەڕە (١٤٣)دا وتویەتی: لە ١٩٢٥/٦/١٩دا ئەنجومەنی بالاّی میللی تورك یاسای ژمارە (١٠٩٧)ی دەرکرد بەپێی ئەو یاسایە بڕیاردرا کورد لەویلایەتەکانی ڕۆژهەلاّتەوە بگوێزرێنەوە بۆ ڕۆژئاوای تورکیا و دەسەلاّت درا بەکاربەدەستانی حکومەت (١٤٠٠) خێزان بگوێزرێنەوە بێجگە لە (٨٠) خێزانی تر لەوانەی دژی حکومەت بوون لەویلایەتەکانی ڕۆژهەلاّت و لەئورفە و بایەزیدەوە بگوێزرێنەوە بۆ ڕۆژئاوای تورکیا و بیانوی گواستنەوەشیان تاوانبارکردنیان بووە لەڕووداوەکەی شۆڕشی پیراندا.

بەپێی مادەی دووهەمی ئەو یاسایە دەبوایە گواستنەوەیان هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٢٧ تەواوبکرایە و لەپێشدا کۆچەرییەکان (ڕەوەندەکان) ئاوارەکران و دوای ئەوان دەستکرا بەڕاگوێزانی خاوەن زەویوزارەکان. بەپێی مادەی/٧ی هەمان یاسا دەبوایە لەماوەی دوو ساڵدا خاوەن زەویوزارەکان کاروباری ئەو زەویوزارانەی پێیان بەجێدەهێڵرا تەواویان بکردایە و ئەگەر لەو ماوەیەدا تەواویان نەکردایە

حکومەت دەستی بەسەردادەگرت (مەبەست ئەوەبووە کورد ناچاربکرێ بەهەرنرخێك بێت زەویوزارەکانی هەراجبکات و بەنرخێکی هەرزان بیفرۆشێت).

بەپێی مادەی نۆهەمی ئەو یاسایە بڕیار لەسەرئەوە درابوو بۆ هەر قەزایەك لیژنەیەکی سێ کەسی دابنرێت بۆئەوەی نرخ بۆ زەویوزارەکان دابنێت، لەبەرئەوە هەموو ئەندامانی ئەو لیژنانە هەر لەتورکەکان دادەنران، بۆیە نرخی زەویوزارەکان زۆر بەکەمی دادەنرا. بەوجۆرە بەپێی مادەکانی ئەو یاسایە بەهەزاران کورد ماڵ و موڵکیان لەکیسچوو یان زەوتکرا یاخود بەنرخێکی هەرزان لەدەستیان دەرهێنرا و نێردران بۆ ناوچە تورکنشینەکان و بەپەرەوازەیی نیشتەجێکران.

حەسرەتیان دەڵێ: لەو ماوەی دوو ساڵەدا لەترسی ئاوارەبوون ژمارەیەکی زۆری کورد لەناو چیاکاندا خۆیان شاردەوە، ئەوانەش کە بەزۆرەملێ نێردرابوون بۆ بەهەشتی تازە، لەیەکەم دەرفەتدا ئەگەر بۆیان بڕەخسایە ڕایاندەکرد، بەلام ئەگەر بگیرانایە بەوپەڕی دڵڕەقیەوە سەخترین سزایان دەچێشت. حەسرەتیان ئاماژەی بۆ مادە/٢ی یاسایەکی تر کردوە، ژمارە (١١٧٨) بەپێی ئەم یاسایە هەرکەسێك لەشوێنە تازەکانی خۆیان ڕایبکردایە دەبوایە لەماوەی سێ مانگدا خۆی بدایە بەدەستەوە، هەرچەند ئەو ماوەیە بۆ شەش مانگی تر تازەکرایەوە بەلام کەس خۆینەدا بەدەستەوە.

لەساڵی ١٩٢٧دا وەزیری ناوخۆی تورکیا (شوکری قایا) لەکۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی میللیدا وتبووی ئێستە شێوەی بەڕێوەبردنی کاروبار لەویلایەتەکانی ڕۆژهەلاتدا گۆڕاوە و ویلایەتەکانی (العزیز، ئورفە، بدلیس، هەکاری، دیاربەکر، سعرت، ماردین) هەمووی کراوە بەیەك ناوچە لەژێر سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی پشکنەرێکی گشتیدا. لەهەمان ساڵدا حکومەت ڕوونکردنەوەیەکی بلاوکردەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەو ناوچانە و لەدواییدا لەحوزەیرانی ١٩٢٩دا یاسای ژمارە (١٥٠٥)ی دەرکرد دەربارەی ئەو زەویوزارانەی کە لەویلایەتەکانی ڕۆژهەلاتدا دەستیان بەسەرداگیرابوو لەگەڵ چۆنیەتی دابەشکردنیان لەمادە/١ی ئەو یاسایەدا وتراوە: ئەو زەویوزار و موڵکانەی بەپێی مادە/٥٩ی یاسای ژمارە (١٠٩٦)ی ڕۆژی ١٩٢٧/٦/١٩ دەرچووبوو، پێویستە هەمووی بدرێت بەخەزێنە بۆئەوەی دابەشبکرێت بەسەر عەشیرەتە کۆچەریەکاندا.

مادە/٢: دەسەلات ئەدرێت بەکاربەدەستانی حکومەت ئەو زەویوزارانەی لەمادە/١ی پێشوودا بەپێی یاسای ژمارە (١٠٩٧) بدرێت بەجوتیارەکان.

ماده/٣: نرخی ئەو زەویوزارانەی بەپێی مادەی پێشوو دەدرێن بەجوتیارەکان نابێ لەهەشت قات زۆرتر دابنرێت وەکو لەوەی تەخمینکراوە (لێرەدا ئەو زوڵموزۆرەی حکومەت دەردەکەوێت کە چۆن بەهەزاران زەویوزار و موڵك داگیرکراوە و لەچنگی خاوەنی پێشوویان دەرهێنراوە کە ماوەی ئەوە هەبووە هەتا نرخی هەشت قات زیاتر لەوەی پێشووی بدرێت بەجوتیارە تازەکان).

حەسرەتیان دەڵێت: بەپێی یاسای ژمارە (١٥٠٥) و بەپێی بڕیاری عیسمەت ئینونۆی سەرۆك وەزیران حەفتا هەزار دۆنم دابەشکرا و دران بەعەشایرە کۆچەرییەکان پاشئەوەی باجێکی زۆر قورسیان لەسەر دانان و لەڕاستیشدا حکومەت ئەو یاسایەی بۆئەوە دەرکرد ئەو کوردە کۆچەرییانەی لەو زەویوزارانەیان بەردەکەوت بکرێن بەلایەنگری حکومەت و لەکوردەکانی تریش دابڕێن. لەگەڵ ئەوەشدا لەناو کوردە کۆچەرییەکاندا تەنها دەوڵەمەندەکانیان توانای کڕینیان هەبوو، هەژار و دەستەپاچەکانی کورد لەناویاندا توانا و دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو ئەو زەویوزارانە بکڕێ و بیهێنێتە بەرهەم و باجێکی قورسیشی بۆ بدات، بەوجۆرە حکومەت ویستی ئەو هەژارانەی کورد وەکو جۆرە نۆکەر و دەسنگەخۆریان لێبێت لەژێر سایەی حکومەتدا.

ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ باسی ئەوەی کردوە لەڕۆژی ١٩٢٦/٧/٥دا دەنگ بڵاوبوو حکومەتی تورك نەخشەی ئەوەی کێشاوە ئەوانەی لەکۆسۆڤۆی ئەلبانیادا بوون هەموویان دەهێنرێن و لەشوێنی کوردە ئاوارەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات نیشتەجێدەکرێن و بێجگە لەمە دەنگوباس هەبوو کە حکومەت (٤٠-٥٠) هەزار چەرکەس لەناوچە کوردیەکاندا نیشتەجێدەکات.

ڕۆبەرت ئولسون ئاماژەی بۆ ئەو هەواڵە کردوە کە لەماوەی ساڵی ١٩٢٧دا باڵیۆزی بەریتانیا لەتورکیا (جۆرج کلیرك) لەئینتلجسی هەواییەوە هەواڵی پێگەیشتوە، ئاوارەکردنی کورد هەر درێژەیکێشاوە و ڕاپۆرتەکانی حکومەتی بەریتانیا وایان پێگەیشتبوو ئەگەرچی ناوچە کوردنشینەکان هێمن بووبووەوە بەڵام لە٩٠٪ی چەکەکان شاردرابونەوە لەبەرئەوە ئەنجومەنی باڵای میللی ملیۆنێك لیرەی تەرخانکردبوو بۆ زۆرکردنی ژمارەی جەندرمەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و (ئیبراهیم تالی بەگ) کرا بەپشکنەری گشتی هەموو ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات، (دکتۆر قاسملۆ لەلاپەڕە (٦٧)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٦ باسی دانانی هەمان پشکنەری گشتی کردوە بەڵام وتویەتی ناوی ئیبراهیم تالق بووە).

بلەچ شێرکۆ لەلاپەڕە (١٠٢)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٦٠ لەباسی ڕاگوێزانی کورد بۆ ناوچە تورکنشینەکان وتویەتی حکومەت لەهەرشوێنێکدا نیشتەجێی بکردنایە نەدەبوو ژمارەی کورد لەو شوێنەدا لە١٠٪ی دانیشتوان تێپەڕی بکردایە و ئەوانەش کە لەدەست ئاوارەکردن خۆیان بشاردایەتەوە سزادەدران و نمونەی بۆ ئەمە هێناوەتەوە کە چۆن (٢٥) کەس لەژوور دەریاچەی وانەوە لەترسی ڕاگوێزان خۆیان شاردبووەوە و پەنایان بردبووەبەر چیاکان، هێزی تورک دەورەیاندان و هەموویان بەخاووخێزانەوە سەربڕین و کەللەسەرەکانیان لەسەر جادەکانی (ئەرجیش) و (عادنجوان) و شارەکانی تردا هەڵواسین بۆ ترساندنی خەڵك. بەپێی بۆچونی بلەچ شێرکۆ وەکو لەلاپەڕە (١٠٣)ی کتێبەکەیدا باسیکردوە، ژمارەی ئەو کوردانەی ئاوارەکرابوون بریتی بووە لەملیۆنێك کەس بێجگە لەوانەی لەڕێگای گواستنەوەیاندا بەهۆی برسێتی و سەرماوسۆڵە و نەخۆشیەوە مردبوون.

بەکورتی دەربارەی ئەو زیانانەی بەحکومەت و بەشۆڕشگێڕانی کورد کەوتبوو، ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ وتویەتی: لە ١٩٢٥/٦/٢٩دا ژمارەی کوژراوەکانی حکومەت نزیکەی پێنج هەزار کوژراو بووە هەرچەندە ڕەنگە لەمەش کەمتربووبێت ئەگەرچی زۆر سەرچاوە زیادەڕەویانکردوە و ژمارەی کوژراوەکانی حکومەتیان گەیاندۆتە پەنجاهەزار بەڵام نەزانراوە حکومەت زیانی ماڵی چەند لێکەوتوە لەو شەڕەدا.

بەڵام عەبدولڕەحمان قاسملۆ لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/١٦ زیانی حکومەتی تورکی لەو شۆڕشەدا بە(٦٠) ملیۆن لیرە داناوە (کە لاموایە ئەگەر ئەو پارەیە لەئاوەدانکردنەوە و برایەتی کورد و تورکدا خەرج بکرایە نە ئەو شۆڕشە و نە ئەو کوشتارەش لەهەردوولادا دەکرا)، وە ژمارەی کوژراوەکانی کوردی بەپانزە هەزار داناوە و زیانی ماڵی کورد لەئەنجامی سوتاندنی گوند و کاولکردنی باخ و کێڵگەکانی کورد ئەوەندە زۆربووە نەتوانراوە نرخەکانیان دەستنیشان بکرێت.

باسی هەشتەمی بەشی دەهەم
هەڵوێستی دەوڵەتان بەرامبەر شۆڕشی پیران

لامواپە سەرکردایەتی شۆڕشی پیران بەر لەدەستپێکردنی شۆڕشەکەیان حسابێکی زۆر هەڵەیان کردبێت دەربارەی هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا بەرامبەریان کە بەداخەوە کورد نەك تەنها هەر لەم شۆڕشەدا، بەڵکو لەزۆر ڕووداوی تری وادا بەهەڵەداچوون بەزۆری سیاسەتمەدارانی کورد ئێجگار کۆڵبوون لەدەستنیشانکردنی دۆست و دوژمندا و بەقوڵایی نەچوونەتە سەر بنج وبناوانی زۆر هەڵوێست و بەڵێنی درۆ و بەقسەی پڕ لەڕواڵەت هەڵخەڵەتاون و کاتێك بەخۆیان زانیوە بۆچونەکانیان هەمووی بێبناغە بووە و زیانێکی زۆریان بەخۆیان و بەمیللەتی کورد گەیاندوە. لەم باسەدا هەوڵئەدەین هەڵوێستی هەندێ لەو دەوڵەتانەی لەکاتی شۆڕشی پیراندا دەستڕۆیشتوو بوون بڕیار و هەڵوێستیان کاریگەر بووە بەرامبەر بەم شۆڕشە بیانخەینە بەرچاو:

١-هەڵوێستی حکومەتی سۆڤیەت

لەباسەکانی پێشوودا بەدوورودرێژی باسی دۆستایەتی نێوان کەمالیەکان و سۆڤیەت و ئەو پەیمانەمان کردوە کە لەنێوان هەردوولایاندا مۆرکرابوو، سۆڤیەتەکان لەسەرەتادا و هەتا ماوەی چەند ساڵێکیش کە هێشتا تا ئەوسا ڕەگەزپەرستێتی تورکیان بۆ ئاشکرا نەبووبوو، یان ئاگاداریبوون بەڵام هێشتا هەر بەتاقمێکی ئازادیخوازی دژ بەئیمپریالیزم لەقەڵەمئەدا و لایانوابوو دەتوانن سودیان لێوەربگرن بۆ سەرگرتنی ئەو ستراتیژەی بۆ دواڕۆژی خۆیان کێشابوویان دەربارەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ڕۆبەرت ئولسون هەروەکو خۆی لەلاپەڕە (٢٠٩)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ ڕوونیکردۆتەوە، هەوڵێکی زۆریدابوو لێکۆڵینەوەیەکی تەواوبکات لەو دوکیومێنت و سەرچاوانەی پەیوەندیان بەهەڵوێستی سۆڤیەتەوە هەبووە بۆئەوەی بزانێت ئایا سۆڤیەت لەو ڕۆژانەدا بەهیچ جۆرێك یارمەتی کوردی داوە یان هەر هیچ نەبێت لایەنگری دەستگیربوونی مافی کورد و سەرکەوتنی شۆڕشێکی کورد بووبێت،

بەلاَم بەهیچ جۆرێك شتێكی وای دەستگیر نەبووە كە بۆ ئەو مەبەستە سوودی لێوەربگرێت، بەڵكو بەپێچەوانەی ئەو بۆچونەی لەكتێبی (Rise of Modern Turkey)دا نوسینی (Saaw) كە لەلاپەڕە (٣٨١)دا باسیكردوە (بەداخەوە باسی ناوەڕۆكی لاپەڕەكەی نەكردوە كە زۆر گرنگ بوو باسی بكردایە).

ڕۆبەرت ئولسون لەباسەكەیدا لەهۆی ئەو بایەخنەدانەی سۆڤیەتدا وتویەتی هۆی ئەمەش ئەوەبوو سۆڤیەتەكان هەستیان بەوەكردبوو لەپەیمانی (Locarno)دا (بەداخەوە شتێكم دەربارەی ئەم پەیمانە دەستگیرنەبوو لەسەرچاوەكاندا) لەبەرئەوە دیبلۆماسیەتی ڕوس ڕێگەی ئەوەینەدا هیچ جۆرە یارمەتیەكی كورد بدات و لەلایەكی ترەوە زۆر مەبەستی نەبوو ببێت بەئەندام لەكۆمەڵی گەلاندا. سەرچاوەی ڕۆبەرت ئولسون بۆ ئەمە بریتیە لەلاپەڕە (١٣١)ی كتێبەكەی (Tunge tekparty) لەگەڵ لاپەڕەكانی (٣١٢-٣١٤)ی كتێبی (Turk-Ingliz Lishkirlery).

كریس كۆچراش لەكتێبەكەیدا سەرچاوە/٤١ ئاماژەی بۆ ڕاپۆرتێكی سەركردەی هێزی هەوایی بەریتانیا كردوە لەعێراق ژمارە (١٢٢٥٥-٣٧١) لەراپۆرتەكەدا وتراوە: خالید بەگ جبران بەر لەدەستپێكردنی شۆڕشەكەی پیران لەگەڵ قونسولی ڕوسیا لە(ورمیە) چاویان بەیەكتر كەوتوە و خالید جبران هەوڵێكی بێسودی دابوو لەگەڵیدا بۆ یارمەتیدانی كورد. كریس كۆچرا دەڵێت: دەوڵەتی سۆڤیەت لەڕۆژنامەی (ئەزڤستیا)دا باسێكی بلاَوكردەوە بەپێی ئەو باسە شۆڕشەكەی شێخ سەعیدی بەشۆڕشێكی فیودالی و كۆنەپەرستانە داناوە و وتویەتی شێخ سەعید خۆشی بووە بەقۆچی قوربانی ولاَتانی ڕۆژئاوا. سەرچاوەی كریس كۆچرا بۆ ئەمە بریتیە لە(سێر ویلسون هویل) لەباسێكیدا بەناوی سۆڤیەت و كورد كە لەدانیشگای فرجینیا ساڵی ١٩٦٥ بلاَوكردۆتەوە.

ئەوەی شایانی باسە هەڵوێستی سۆڤیەت بەرامبەر كورد هەر لەسەرەتای تەواوبوونی شەڕی جیهانیەوە ڕوونبووبوەوە، لەباسی سێهەمی بەشی دوهەمی ئەم بەرگەدا (هەڵوێستی دەوڵەتان لەدوای شەڕ) بەدوورودرێژی باسی هەڵوێستی سۆڤیەت كراوە.

٢-هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا

کە شۆڕشی پیران دەستیپێکرد، تورکە کەمالیەکان لەلایەکەوە بۆئەوەی تورکە ساویلکەکانی خۆیان والێبکەن ئەوەندەی تر دوژمنایەتیان لەگەڵ کورددا تیژتربکەن و بەگەرمی لایەنگری حکومەتەکەی خۆیان بن بۆ لێدانی کورد و لەلایەکی تریشەوە بۆئەوەی ناوی کورد و شۆڕشگێرانی کورد بزڕێنن بەتایبەتی لای ئەوانەی دژی حکومەتی بەریتانیا بوون و بۆئەوەی هەرچی ژەهر و قینی ناو دڵ و مێشکیان بوو هەمووی داچۆڕێنن بەسەر کورددا بەبلاوکراوە و بەڕۆژنامە و بەقسە بلاویاندەکردەوە راپەڕین و شۆڕشەکەی کورد بەهاندانی ئینگلیز بووە و حکومەتی بەریتانیا دەستێکی بالای هەبووە لەدەستپێکردنی ئەو شۆڕشەدا، بەلام بەرامبەر بەو پڕوپاگەندە بێسەروبەرەی ئەوان گەلێك بەڵگە و دوکیومێنت هەیە ئەو هەموو پڕوپاگەندەیەیان بەدرۆخستەوە و بەپێویستم زانی ئەوەی پەیوەندی بەشۆڕشی پیرانەوە هەیە ئامارە بۆ ئەو بەڵگە و دوکیومێنتانە بکەم کە لەسەرچاوەکاندا ئەو تەقەلایانەی ئینگلیزیان بەدرۆخستەوە کە بەداخەوە سۆڤیەتەکان لەبەر هەندێ هۆی تایبەت بەخۆیان زۆر درەنگ دانیان بەم راستیەدانا.

گۆڤاری ئالای ئیسلام، سەرچاوە/١٠٩ لەژمارەی حوزەیرانی ١٩٨٨دا ئامارەی بۆ ڕۆژنامەی (لغازتیە)ی فەرەنسی کردوە لەژمارەی ڕۆژی ١٩٢٥/٤/١٩دا وتویەتی: ئەو بەڵگانەی لەناو ئەو دوکیومێنتانەی لای قاسم بەگ گیرابوون (بەرلەمە لەباسی دادگاکردندا باسی ئەو دادگاکردنەی قاسم بەگ کراوە) دەریانخستوە پەیوەندیەکی بەهێزی هەبووە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا و بەڵگەی تریش هەیە کە شێخ سەعید خۆشی پەیوەندی بەئینگلیزەکانەوە هەبووە. بێجگە لەو ڕۆژنامەیە، ڕۆژنامەی (توحید افکار)ی تورکیش لەژمارەی ڕۆژی ١٩٢٥/٢/٥دا هەواڵێکی بلاوکردۆتەوە کە وتویەتی فڕۆکەکانی بەریتانیا بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی شێخ سەعیدا بلاوکراوەی بلاوکردەوە، بەداخەوە لەم ڕۆژانەدا کە ئێمە لەشەڕداین لەگەڵ یۆنانیەکاندا کەچی برا کوردەکانمان ئەم کێشەیەمان بۆ دروستدەکەن.

لـەزنجیرەی درۆودەلەسـە و پڕوپاگەنـدەکانی تورکـدا تورکـەکان چـیرۆکی (تـامبلون) ناوێکیـان هەڵبەسـتوە گوایـا ئـەم کابرایـە پەیوەندی بەباڵیۆزخانـەی بەریتانیاوە هەبووە لەئەستەمبوڵ و لەگەڵ کوردەکانیشدا دۆستایەتی هەبووە و بەپێی ڕۆژنامەی (توحید افکار)ی تورکی، میستەر (R.Lendsay) باڵیۆزی بەریتانیا نامەیەکی ناردوە بۆ (چمبرلن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دەربارەی (تامبلون).

سـەیر ئەوەیـە حکومـەتی بـەریتانیا لەدواییـدا لەڕێگـەی باڵیۆزەکەیـەوە لەئەستەمبوڵ ئەوەی بەدرۆخستۆتەوە و داوای ڕوونکردنەوەی ئەو بلاّوکراوەیـەی لەحکومـەتی تورکیا کـردوە و لـەوەلاّمی ئـەوەدا سـەرۆکی ئـەرکانی تورکیـا دانـی بەوەداناوە کـە حکومـەت ئەوەنـدە بایـەخ بـەو شـتانە نـادات کـە لەڕۆژنامەکانـدا بلاّودەکرێنـەوە بێجگە لـەو دانپیادانانـەی سـەرۆکی ئـەرکانی تورکیا کە زانیـوێتی ڕۆژنامەکانیان شتی پڕ لەدرۆودەلەسە بلاّودەکەنـەوە، ڕاستیەکی تـریش هەیـە کە بۆچونەکەی ڕۆژنامەی (توحید افکار) پوچەڵدەکاتەوە: دەربارەی ئـەوەی وتویـەتی شۆڕشـەکەی پیران لەکاتێکدا بـووە کە حکومـەتی تـورك لەوکاتـەدا لەشـەڕدا بـووە لەگەڵ یۆنانیەکاندا، چونکە هەروەکو بەرلەمە لەباسی شـەڕی یۆنـان و تورکدا نـەك هەرکێشـەی بۆ حکومـەت پەیدانـەکردبوو، بەڵکو بەشـداربوونی کورد شانبەشـانی حکومـەت دژی یۆنانیـەکان هـۆی سـەرەکی سـەرکەوتنی تـورك بـووە و لـەدوای تـەواوبوونی شـەڕ سـەرکردەی هێزەکـەی تـورك کـە بەسـەر یۆنانـدا سـەرکەوتبوو لەکاتی لابردنی پـەردە لـەڕووی سـەربازی نەناسـراودا بەئاشـکرا وتبـووی بێگومـان ئەم سەربازی نەناسراوە کورد بووە.

دەربارەی تەقەلادانی تورك بۆ زڕاندنی ناوی کورد، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمـەد لەلاپەڕە (١٧)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٩٢ بـۆ بەرپەرچدانەوەی درۆودەلەسـەکانی تـورك ئامـاژەی بـۆ کتێبەکـەی (داجـوبروت)ی نوسـەری ئـەڵمانی کـردوە کـە وەرگێـڕدراوە بـۆ عـەرەبی لـەژێر نـاوی (مصطفى كمـال المثـل الاعلـى) لەلاپـەڕە (٣٦٥)ی ئەم کتێبـەدا وتراوە: تورکەکان وایان بلاّوکردبوەوە کە شۆڕشەکەی شێخ سـەعید بەهانـدانی (لـورنس)ی بـەریتانی بـووە، کـە لەڕاسـتیدا ئەمـەی ئـەوان بە(لورنس) ناویانبردوە بریتی بووە لە(دکتـۆر وایـزل) کە ڕۆژنامەگـەرێکی ئەڵمانی بووە کە کۆمپانیایەکی ئەڵمانیا ناردبووی بۆ کوردستان تەنها بۆئەوەی زانیاری و هـەواڵی شۆڕشـەکەی کـورد کۆبکاتـەوە و بینێرێـت بـۆ گۆڤارێکیـان کـە وەرگێڕانـە

عەرەبیەکەی ناوی ئەو گۆڤارە بریتی بووە لە(الدنیا المصور) و لەڕاستیشدا ئەوەی ئەو ئامادەیکردبوو لەژمارە (١٣٩)ی ئەو گۆڤارەدا بڵاویکردبوەوە.

لەدوکیومێنتێکی بەریتانیادا ژمارە (Vol.١,٨١٩. No.٥٧٠) مانگی مارتی ١٩٢٥ کە ڕۆبەرت ئولسون لەسەرچاوە/٨٤دا باسیکردوە و سەرچاوە/١٠٩ ئاماژەی بۆ کردوە، لەو دوکیومێنتەدا وتراوە (لیندسای) کە باڵیۆزی حکومەتی بەریتانیا بووە لەتورکیا یاداشتێکی بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا (کە لەو ڕۆژانەدا چەمبرلن بووە) دەربارەی بزوتنەوە و شۆڕشەکەی کورد وتویەتی: گەلی کورد گەلێکی دواکەوتوە و هێشتا سەرگەرمی مانەوەی خەلافەتە و زۆر ساویلکەیە و بەئاسانی دەخەڵەتێنرێت، بەڵام مستەفا کەمال هەرچۆنێك بێت و هەرچەندێکیش لەگەڵ ئێمەدا ناڕێك بێت بەڵام مرۆڤێکی تازەخوازە و وڵاتەکەی دەبێتە (Lumper- کۆسپ و ڕێگر)ێك لەبەردەمی بڵاوبونەوەی شیوعیەتدا، کەچی بەپێچەوانەوە بزوتنەوەکەی شێخ سەعید دەمانباتەوە بەرەو خەلافەتی عوسمانی.

دکتۆر عوسمان عەلی لەسەرچاوە/١٠٩دا ئاماژەی بۆ کتێبی نوسەرێکی تورك کردوە (عومەر کورکچو ئوغلو) چاپی ١٩٧٨ کە لەم کتێبەدا وتراوە: ئینگلیزەکان دەیانزانی تورکیا دەسەڵاتدارە و کاربەدەستەکانی وڵاتەکەیان بەرەو ڕێبازی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانەوە دەبەنبەڕێوە و ئامادەیە بەربەرەکانی هەموو بزوتنەوە و جموجوڵێکی ئیسلامیەکان بکات ئەگەر هات و ئەمانە دژی بەرژەوەندیەکانی حکومەتی بەریتانیا بوەستن.

لەدوکیومێنتی ژمارە (Fo.٣٧١-١٠٨٧٦. No. March) مارتی ١٩٢٥ نامەیەکی تری (لندسای) باڵیۆزی بەریتانیای تیایە لەئەستەمبوڵەوە ناردوە بۆ (چەمبرلن) لەو نامەیەدا بۆی نوسیوە (مستەر ج. هارنیك)ی پاشکۆی سوپایی بەریتانیا لەئەستەمبوڵ چاوی بەسەرکردەی سوپاکانی تورك کەوتوە و ڕایسپاردون و نەسیحەتی کردون پێویستە بەزووترین کات و بەهەرشێوەیەك بێت ڕاپەڕینەکەی کورد دەبێ دامرکێنرێتەوە.

بەڵگەیەکی تریش بۆ بەدرۆخستنەوەی پروپاگەندەکانی تورك دەربارەی ئەوەی حکومەتی بەریتانیا هانی کوردی دابوو بۆ دەستپێکردنی شۆڕش بریتیە لەوەی پاشئەوەی شۆڕشەکەی پیران شکا و هەندێ لەشۆڕشگێڕەکان بەناچاری ڕوویانکردە عێراق کە (شێخ مەهدی) برای شێخ سەعید یەکێك بووە لەوانەی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەستبەسەرکرا و ڕێگەی ئەوەی لێگیرا هیچ پەیوەندیەك

بەکوردەکانی باشوورەوە بکات بۆئەوەی داوایان لێبکات دژی تورکەکان خەباتبکەن.

لەدوکیومێنتی ژمارە (Fo.۳۷۱-۱۰۸-۳٥E) مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ۱۹۲٥ باسی (عەلی ڕەزا)ی کوڕی شێخ سەعیدی تیاداکراوە کە پەنابەردبووەبەر خاکی ئێران و لە ۱۹۲٥/۸/۲۳دا قونسوڵی بەریتانیا لەتەورێز نامەیەك دەنێرێت بۆ باڵیۆزەکەیان لەتاران و تیایدا نوسیویەتی: (عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعید داوای ئەوەی لێکردووین ڕێگەی بدرێتێ بچێت بۆ بەریتانیا بۆئەوەی لەوێ باسی کێشەی کورد بگەیەنێت بەکاربەدەستان و پێیان بڵێت کورد ئامادەیە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی بەریتانیادا بکات ئەگەر سەربەخۆیی بۆ کورد مسۆگەر بکرێت).

لەوەلامدا (Lorain–لۆرین) بەقونسوڵی بەریتانیا لەتەورێز دەڵێت: لەعەلی ڕەزا بگەیەنە حکومەتی خاوەنشکۆ ئاگای لەهەموو ڕووداوێکە و شارەزای بارودۆخی کوردستانە و پێویست بەچوونی ئەو ناکات بۆ لەندەن، بێجگە لەو بۆ سەرکردەکانی تری کوردیشی ڕوونبکەرەوە حکومەتی خاوەنشکۆ بەهیچ شێوەیەك لایەنگری دروستبوونی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ نیە و نایەوێ ئۆتۆنۆمیشی هەبێت.

ڕۆبەرت ئولسون باسی بەڵگەیەکی تری کردوە کە لە۱۹۲٦/٤/۱۸دا (یەعنی دوای ساڵێك بەسەر دامرکاندنەوەی شۆڕشدا) کە لەو بەڵگەیەدا باسی ئەو پەیمانی دۆستایەتیە کراوە کە لەنێوان بەریتانیا و عێراق و تورکیادا مۆرکرا، لەکاتی مۆرکردنی ئەو پەیمانەدا (ليندسای) بەعیسمەت ئینونۆی سەرۆك وەزیرانی تورك دەڵێت: ئێمە ئەگەر کاتی خۆی بمانویستایە دەمانتوانی پڕیشکی شۆڕشەکەی شێخ سەعید بگەیەننە هەموو ناوچەکانی تورکیا، بەلام ئێمە لایەنگری ئەوە نەبووین و لەبیرتدێ لە ۱۹۲٥/۳/۸دا کاتێك شۆڕشەکەی شێخ سەعید لەگەرمەیدا بوو لەو ڕۆژانەدا پێمووتیت: تورکیا ئەو شۆڕشە لەناودەبات و ئێوە سەردەکەون و ژمارەیەك لەشۆڕشگێڕانی کوردیش دەگرن، ئەوسا بۆتان دەردەکەوێت ئێمە بەهیچ جۆرێك دەستمان لەو شۆڕشەدا نەبووە و کوردمان هاننەدابوو، وا ئێستە ئەو ڕاستیەتان بەتەواوەتی بۆ ئاشکرابووە.

بۆ دڵنیابوون لەوەی ئینگلیزەکان بەهیچ شێوەیەك دەستیاننەبووە لەهاندانی کورد بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی پیران و هیچ جۆرە یارمەتیەکی کوردیان نەدابوو، ڕۆبەرت ئولسون لەهەموو نوسەرێك زۆرتر بەقولایی مەسەلەکەدا چووە و چۆتە

بنج‌وبناوانی و پاشنەوەی گەلێك لەدوکیومێنتەکانی بەوردی پشکنیوە لەلاپەڕە (١٢٨)ی کتێبەکەیدا بەدووروودرێژی باسی ئەوەی کردوە چۆن بەتەواوەتی لەوە دڵنیابووە کە حکومەتی بەریتانیا هیچ پەیوەندیەکی نەبووە بەشۆڕشەکەی کورد نە لەدوورەوە و نە لەنزیکەوە و ئاماژەی بۆ دوکیومێنتی ژمارە -٤-٢٨-C.O.٧٣٠) (٧ کردوە کە لەم دوکیومێنتەدا ئەو هۆیانە خراوەتە بەرچاو کە ڕێگەی لەحکومەتی بەریتانیا گرتبوو هیچ جۆرە یارمەتیەکی کورد نەدات:

١-یارمەتیدانی کورد زۆر ئەکەوێت لەسەر حکومەت و ئەگەر یارمەتی کورد بدرایە دەبوایە پارەیەکی زۆرتر تەرخانبکرایە وەك لەوەی بۆ ڕاپەڕینی عەرەبەکان تەرخانکرابوو.

٢-ناوچەکانی شۆڕشی کورد هەمووی سەخت بوو بەئاسانی یارمەتی پێنەدەگەیشت.

٣-هەموو جۆرە یارمەتیدانێکی ئێمە بۆ کورد دەبووە هۆی بێزاربوون و نارەزایی وڵاتە ئیسلامیەکان.

٤-لەوانە بوو شۆڕشەکەی کورد توانای ئەوەی نەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر و درێژخایەن خۆی پێڕابگیرێت.

٥-ترسی ئەوەش هەبوو ئەگەر حکومەتی بەریتانیا یارمەتی کوردی بدایە و ناچاربکرایە واز لەو یارمەتیدانە بهێنێت ئەوسا تورکەکان کوشتارێکی زۆرتریان لەکورد دەکرد و بەهۆی خۆکێشانەوە ڕەخنەیەکی زۆرمان لێدەگیرا.

ڕۆبەرت ئولسون لەباسەکەیدا لەسەرێئەڕوا و ئەڵێت: لەگەڵ ئەو هەموو کێشە و ناڕێکیە زۆرەی لەنێوان حکومەتی بەریتانیا و تورکدا هەبوو، هەر لەنۆڤەمبەری ساڵی ١٩٢١ هەتا کاتی دەستپێکردنی شۆڕشەکەی شێخ سەعید لە ١٩٢٥/٢/٢٨دا هەرچی بەڵگە و دوکیومێنتەکان هەبوو پشکنیم و شتێکی وام نەهاتە بەرچاو کە حکومەتی بەریتانیا سیاسەتی خۆی بەرامبەر یارمەتینەدانی کورد بگۆڕێت و ئەو لێکۆڵینەوانەی (Omer Kurkcoglo–عومەر کورکچو ئوغلو) و (Bilal Shimsir–بیلال شمشێر) هەردووکیان لەناو دوکیومێنتەکانی ناو ئەرشیفی بەریتانیادا کردوویانە ئەوانیش وەکو من بۆیان ڕوونبۆتەوە حکومەتی بەریتانیا هیچ ڕۆڵێکی نەبووە لەشۆڕشی پیراندا کە ئەمانە هەمووی ڕوونیانکردۆتەوە ئەو هەموو پڕوپاگەندانەی تورکەکان لەڕۆژنامەکاندا بڵاویانکردبوەوە هەمووی بێبناغە بووە و بگرە لەئەرشیفەکانی حکومەتی تورکیشدا هیچ بەڵگەیەك نەدۆزراوەتەوە کە حکومەتی بەریتانیای پیّتاوانبارکرابێت بەیارمەتیدانی کورد.

هەروەکو ڕۆبەرت ئولسون باسیکردوە لەلاپەڕە (٣٠)ی کتێبەکەی (عومەر کورکچو ئوغلو) و بیلال شمشێردا کە بەناوی (تورک-ئینگلیز لەشکرلەری) وەڵامی ڕۆژنامەی جمهوریەتی ڕۆژی شوباتی داوەتەوە کە بڵاویکردبووەوە شۆڕشەکەی شێخ سەعید بەهاندانی ئینگلیز بووە و هەردووکیان وتویانە ئەو بڵاوکردنەوەیە شتێکی بێبناغە بووە چونکە بۆیان دەرکەوتوە لەبەرژەوەندی بەریتانیادا نەبووە هیچ جۆرە یارمەتیەکی کورد بدەن ئەگەرچی هەندێ لەئەفسەرەکانی بەریتانیا پێیانخۆشبووە تورکەکان لەگەڵ کورددا تووشی کێشەیەکی وا ببن نەیانپەرژێتە سەرئەوەی داوای ویلایەتی موسڵ بکەنەوە.

لەدوکیومێنتێکی تری ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا ژمارە (Fo.٣٧١-E-١٢٢٩-٩١-٤٤) ڕۆژی ١٩٢٥/٤/٧ باسی یاداشتێکی عیسمەت ئینونۆی کردوە کە لەئەنجومەنی باڵای میللیدا ڕۆژی ١٩٢٥/٣/٣ خوێندبویەوە لەوەدا وتبووی (کە دیارە هێشتا ئەو سەرۆك وەزیران نەبووە): سەرۆکی وەزیران (کە فەتحی بەگ بووە وەکو لەپێشدا باسکراوە) نابێ ڕۆژنامەکان بەتاوانبار دابنێت دەربارەی ئەو باسانەی بڵاویدەکەنەوە کە گوایا بێگانەکان بەتایبەتی بەریتانیەکان دەستیان هەبووە لەیاخیبوونەکەی کورددا.

لەدوکیومێنتێکی تردا ژمارە (Fo.٣٧١-١٠٨-٦٧-E-٢١٩٥)ی ڕۆژی ١٩٢٥/٤/٢٢دا باسێکی (سێر ڕونالد لیندسای) کردوە کە نامەیەکی ناردوە بۆ (چەمبرلن) و ئاگاداریکردوە کەوا هەندێ پروپاگەندە بڵاوکراوەتەوە گوایا حکومەتی بەریتانیا لەعێراقەوە دەستی خستۆتە کاروباری شۆڕشەکەوە کە لەڕاستیدا ئەو پروپاگەندانە پەیوەندیان بەساڵانی (١٩١٩-١٩٢٠) هەیە کە ئەوسا بیر لەئۆتۆنۆمی دەکرایەوە بۆ کورد و هیچ پەیوەندیەکی نەبووە بەسەر شۆڕشی پیرانەوە.

ڕۆبەرت ئولسون دەربارەی تەقەلاکانی تورك بۆ تاوانبارکردنی بەریتانیا بەرامبەر هاندانی کورد بۆ بەرپاکردنی شۆڕش وتویەتی: لەڕاستیدا بەپێی دوکیومێنتەکانی ئەرشیفی بەریتانیا لە (Public Record) لەلەندەن، هەندێ لەلێکۆڵەرەوەکانی بەریتانیا بەتایبەتی (جیمس مورگان) لایانوابووە تورکەکان خۆیان بووبوون بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشەکەی شێخ سەعید و ڕێگەیان بۆ خۆشکردبوو بەپێی ئەم سەرنجانەی خوارەوە:

١-تورکەکان لەساڵی ١٩١٨ بەدواوە هانی کوردیاندابوو خۆیان ئامادەبکەن بۆئەوەی فریای برا کوردەکانی عێراق بکەون دژی ئینگلیز لەکاتێکدا خۆیان لەشەڕی جیهانیدا شکابوون و لاوازبووبوون و لەوە ترسابوون ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەرمینیایان لەکیسچێت بۆیە لەو قۆناغەدا لایەنگری بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد بوون، بەڵام هەر کە خۆیان بەهێزکرد لەو هەڵوێستە پاشگەزبوونەوە.

٢-سەرکەوتنی بزوتنەوەی تورکەکانی ئەنقەرە بوو بەهۆی ئەوەی کوردی عێراقیش ڕاپەڕێت کە تورکەکان لەمەدا دەستیان هەبوو (مەبەست ناردنی عەلی شەفیقە کە بەیوزدمیر ناسرابوو بۆ ناوچەی ڕەواندز کە لەوێ بنکەیەکی دامەزراندبوو، ژمارەیەکیش لەکوردی باشور کە لەسیاسەت و هەڵوێستی ئینگلیز بێزاربووبوون، بووبوون بەلایەنگری یوزدمیر وەکو هەباسی مەحمود ئاغای پشدەر و کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند و هەندێکی تر) بەئومێدی ئەوەی بتوانن کوردی باکور و باشور لەژێر سایەی دەوڵەتی ئەنقەرەدا بێت.

٣-دوورنیە تورکەکان ویستبێتیان هێزەکانی خۆشیان ئاڕاستەی عێراق بکەن بۆئەوەی ئەمە بکەن بەبیانوو دژی ئەو تورکانەی تر کە سەر بەبزوتنەوەکەی ئەنقەرە نەبوون (مەبەست ئەو تورکانە بووە کە لەئەستەمبوڵدا مابوون و هێشتا سەر بەخەلیفە بوون و لەگەڵ بزوتنەوەی ئەنقەرەدا نەبوون).

٤-حکومەتی تورك هەر بزوتنەوەیەك لەژێر دروشمی ئایندا بەرپابکرایە بەبزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەیان دادەنا و هەر هەوڵدانێك بۆ مەبەستی سەرگرتنێکی سەر بەئاین بەتەقەلایەکی خائینانەیان دەژمارد.

ڕۆبەرت ئولسون لەباسەکەیدا دەڵێت: لەڕاستیدا تورکەکان دژی هەموو جۆرە بزوتنەوەیەکی کورد بوون لەهەر شێوەیەکدا بووبێت ئەگەر بەنیازی پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی بوایە و ئەمە بریتی بوو لەو بیروبۆچوونە تۆرانیەی کاتی خۆی تاقمی (اتحاد و ترقی) چەسپاندبوویانە مێشکیان و ئەوان بەتەمای ئەوەبوون سنوری دەسەلاتیان بگاتە ناوەڕاستی ئاسیای ئیسلام (پان تۆرانیزم) و هەرکۆسپ و بەرهەڵستیەك بهاتایەتە سەر ڕێگەی ئەو مەبەستەیان هەوڵیانئەدا ئەو کۆسپە بڕوخێنن و لەناویببەن.

ڕۆبەرت ئولسون لەلاپەڕە (١٣٠)ی کتێبەکەیدا دەگەڕێتەوە سەر باسی هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا و وتویەتی: دکتۆر (D.A.Obsorme) کە کارمەند بووە لەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، لایوابووە حکومەتی بەریتانیا پێویست بووە لەسەری بایەخ بەسەرنج و بۆچونەکانی (مورگان) بدات کە داوای

لەحکومـەتی بـەریتانیا کردبـوو ئاگـاداری هەڵوێسـت بێـت و لایوابـوو قـەوارەی بزوتنەوەی کورد زیادەڕۆیی تیادا کرابوو هەروەکو ئەنتلجسی فەرەنسی بۆ ئەمە چووبوو، مۆرگان وەکو خۆی ڕوونیکردبووەوە لایوابووە کوردەکان لایەنگری ئەوە نەبوون تورکەکان ویلایەتی موسڵیان دەستگیربێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە شۆڕش دەستپێکرد (مەبەست شۆڕشی پیرانە) تورکەکان هەوڵیاندا ئەو شۆڕشە بکەن بەبیانو بۆ هێنانی عیسمەت ئینونۆ (کەمالیەکان لەگەڵ فەتحی بەگی سەرۆك وەزیراندا ناڕێکبوون وەکو لەشوێنی خۆیدا باسمانکرد چونکە وەکو عیسمەت ئینونۆ توندوتیژ نەبوو دژی کورد بۆیە لەبیانوییەك دەگەڕان لاییبەن) کە لەڕاستیدا عیسمەت ئینونۆیان بۆ شتێکی گرنگ پێویست بوو کە بریتی بوو لەپاکردنەوەی وڵات لەو تورکانەی دژی ڕێبازی کەمالیەکان بوون.

لـەکۆتایی باسـەکەی ڕۆبـەرت ئولسـوندا ئامـاژەی بـۆ ڕاپـۆرتێکی (لیندسـای) باڵیۆزی بەریتانیا کردوە کە لە٢٠/٦/١٩٢٥دا ناردویەتی بۆ (چەمبرلن)ی وەزیری دەرەوە لەڕاپۆرتەکەدا وتراوە: (تا ئێستە هیچ کارێکی وەها نەکراوە کە لەلایەن تورکەکانەوە ببێت بەبەڵگە و بیکەن بەبیانوی ئەوەی بڵێن شۆڕشەکەی کورد بەهاندانی حکومەتی بەریتانیا بەرپاکرابوو).

٣-هەڵوێستی حکومەتی فەرەنسا

فەرەنسیەکان هەر لەدوای مۆرکردنی پەیمانی شەڕوەستاندن و دەستکردن بەسەرگرتنی پەیمانی (سایکس پیکۆ)دا بۆ دابەشکردنی میراتەکەی عوسمانی، لەو فڕوفێڵەی ئینگلیزەکان بەرامبەر دەوڵەتە هاوپەیمانەکان گەیشتبوون و هاندانی ئینگلیز بۆ یۆنانیەکان کە لەشوێنی خۆیدا باسمانکردوە ئەمانە هەموو کارێکی وایانکرد فەرەنسیەکان بەشێوەی جاران ڕەفتار لەگەڵ تورکەکاندا نەکەن و بەدەستگیربوونی سوریا و ناوچەی (کیلیکیا) وازیان هێنابوو بۆیە لەگەڵ ئیتاڵیەکاندا هەریەکەیان بەجیا پەیمانێکی دۆستانەیان لەگەڵ تورکە کەمالیەکاندا مۆرکرد کە تورکەکان بەرهەمی ئەو پەیمان مۆرکردنەیان لەدوو شتدا خۆی نواند، یەکەمیان ئەو هێزی تورکەی بەر لەمۆرکردنی ئەو پەیمانە بەرامبەر هێزی فەرەنسیەکان دایاننابوو وە زۆر کەوتبوو لەسەریان، هەموویان کێشایەوە و دژی ڕاپەڕینەکانی کورد و ئەرمەنی بەکاریانهێنان و دەستکەوتی دوهەمی تورک لەو

پەیمان مۆرکردنە ئەوەبوو لەکاتی شۆڕشەکەی پیراندا توانی فەرەنسیەکان بەوە قایلبکەن لەڕێگەی ئەو هێڵی شەمەندەفەرەی بەناوچەی دەسەڵاتی فەرەنسیەکاندا دەڕۆیشت ژمارەیەکی زۆر لەو هێزانەی لە(ئەدرنە)دا بوو بیگوێزنەوە بۆ پشتی هێزی شۆڕشگێرانی کورد لەشۆڕشی پیراندا و لەپشتەوە لەشۆڕشگێران درا کە هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ سەرکەوتنی تورکەکان.

لەدوای ئەو باسە دوورودرێژەی ڕۆبەرت ئولسون و ئەو دوکیومێنتانەی باسی هەڵوێستی دەوڵەتانیان کردوە بەرامبەر بەکورد چەند بۆچوون و سەرنجێك دێنە پێشچاو کە دەتوانرێت کورتەیەکی باسبکرێت وەکو:

١-شۆڕشەکەی شێخ سەعید ئەگەرچی شۆڕشێکی سەرنەکەوتوو بوو بەڵام زیانێکی زۆریماڵیشی گەیاندبوو بەتورکەکان و دکتۆر قاسملۆ لەلاپەڕە (٣٦٢)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٦٩ ئاماژەی بۆ نامەیەکی (م. فروغی) کردوە کە ساتی خۆی باڵیۆزی ئێران بووە لەئەنقەرە، لەکاتی خۆیدا نامەیەکی ناردوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران کە دەقی ئەو نامەیە لەگۆڤاری (یەغما)ی ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٥٧دا بڵاوکرابوەوە لەوەدا وتراوە: (شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ زیانێکی ئێجگار زۆری گەیاندبوو بەکورد پاشئەوەی تورکەکان توانیبوویان هەشتا هەزار سەرباز ئاڕاستەی کوردستان بکەن).

٢-هەرچەند تورکەکان بەهەموو شێوەیەك پروپاگەندەیان دژی شۆڕشی پیران و شۆڕشگێران بڵاودەکردەوە و بەوە تاوانباریان دەکردن کە شۆڕشەکەیان بەهاندانی ئینگلیزەکان بووە، بەڵام لەوەش گەیشتبوون کە حکومەتی بەریتانیا لەبەرژەوەندیدا نەبووە خۆی بگلێنێتە ناو ئەو شۆڕشەوە بۆیە هەر لەسەرەتاوە دڵنیابوون لەوەی بەئاسانی ئەو شۆڕشە دادەمرکێننەوە.

ئەو هەموو گڕوکفە و ئەو هەموو پروپاگەندانەش کە بەڕواڵەت دژی ئینگلیزەکان بڵاویاندەکردەوە بۆ دوو مەبەست بوو:

یەکەم: بۆئەوەی حکومەتی بەریتانیا والێبکەن بیر لەوە نەکاتەوە لەباشوری کوردستاندا هیچ جۆرە دەزگایەکی کوردی دامەزرێنرێت و ئامادەیی خۆیان پیشاندا ئەگەر ئەوان دەستبەرداری دامەزراندنی ئەو دەزگایە بن ئەمانیش ئامادەن واز لەداواکردنەوەی ویلایەتی موسڵ بهێنن.

دووەم: هەموو داخوازیەکانی تورك لەحکومەتی بەریتانیا ئەوەبوو دان بەسەربەخۆیی حکومەتەکەیاندا بنێت لەئەنقەرە و ڕێگەی ئەوەی لێنەگیرێت ببێت

بەئەندام لەکۆمەڵی گەلاندا کە لەڕاستیدا هەردوو تەقەلاکەیان سەریگرت و تورکیا لە(عصبه الامم)دا قبوڵکرا و پەیمانی نێوان تورکیا و عێراق مۆرکرا کە هەمووی لەسەر حسابی پێشێلکردنی مافی نەتەوەی کورد بوو.

بلەچ شێرکۆ لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٦٠ ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەی (میلیت)ی تورکی ژمارە (١٦٢٦)ی ڕۆژی ١٩٣٠/٨/٣ کردوە (واتە پتر لەپێنج ساڵ دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی پیران) کە لەو ڕۆژنامەیەدا باسی ئەوە کراوە ساتێك هێڵی شەمەندەفەری ڕێگەی (سێواس-ئەنقەرە) کرایەوە، عیسمەت ئینونۆ لەو ڕۆژەدا وتبووی: ئەو هەموو بگرەوبەردەی پێنج ساڵ لەمەوبەر لەویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا ڕوویدا بەهاندانی بێگانە، هەتا ئێستە نیوەی هێزەکانیان لەناوبراوە (بێگومان مەبەستی لەنیوەکەی تری ئەو هێزانە بووە کە لەشۆڕشی ئارارات و دەرسیمی دوهەمدا بەناچاری دەستیاندایەوە چەك هەروەکو لەبەرگی سێهەمدا باسیاندەکەین).

ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا لەلاپەڕە (١٥٠)دا بەدوورودرێژی باسی سەرەنجامی شۆڕشە سەرنەگرتوەکەی پیرانی کردوە کە بەپێویستم زانی کورتەیەکی پێشکەش بکەم:

١-شۆڕشی پیران و سەرەنجامەکەی ڕێگەی خۆشکرد بۆ گفتوگۆکردن لەنێوان تورکیا و بەریتانیا و عێراقدا دەربارەی ویلایەتی موسڵ کە ئینگلیزەکان زۆر مەبەستیان بوو ئەو کێشەیە بێگێچەڵ چارەسەر بکرێت دەتوانرا لە ١٩٢٦/٦/٥ پەیمانێك مۆربکرێت لەنێوانیاندا.

٢-ڕێگە بۆئەوە خۆشکرا دەسەلاتی کۆمەڵی گەلان (عصبه الامم) لەلایەن حکومەتی بەریتانیا و دەوڵەتە ئەوروپاییەکانەوە بکرێت بەچەکێکی سیاسی کە لەمەدا بەریتانیای ئیمپریالیزم بوو بەکەڵەگای ناوچەکە لەبەجێهێنانی مەبەستەکانیدا.

٣-تورکەکان لەگەڵ ئەوەشدا لەقۆناغێکدا بووبوون بەدۆستی فەرەنسیەکان و ئیتاڵیەکان، بەلأم کە ئینگلیزەکان کێشەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو دوولایەدا چارەسەرکرد بەمە تورکیا بەتەواوەتی گۆشەگیرکرا.

٤-بیروبۆچوونی سۆڤیەتەکان لەگەڵ بیروبۆچوونی تورکەکان لەمەدا یەکیانگرتەوە کە هەردوولایان شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیرانیان بەشۆڕشێکی کۆنەپەرستی دەرەبەگانە لەقەڵەمدەدا.

٥-شۆڕشی پیران بوو بەهۆی ڕێگەخۆشکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تورک و بەریتانیا لەسەر ویلایەتی موسڵ کە بەمە دەسەڵاتی شەریفیان (مەبەستی شا فەیسەڵە) لەعێراقدا بەهێز بوو.

٦-شۆڕشی شێخ سەعید هاندەرێك بوو بۆ تورکەکان بۆ خۆنزیککردنەوە لەئێران و توانیان لە ١٩٢٦/٤/٢٢دا پەیمانێك مۆربکەن و لەساڵی (١٩٣٢)شدا پەیمانێکی تریان مۆرکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنووری نێوانیان.

٧-شۆڕشی شێخ سەعید وای لەتورکەکان کرد کە ئیتر کارێکی وانەکات دەستبخاتە ناو کاروباری ناوخۆی وڵاتانەوە.

٨-بەرامبەر بەو بڕیارەی مادە/٨ تورکیا بڕیاریدا ڕێگە بەهیچ دەوڵەتێك نەدات دەستبخاتە کاروباری ناوخۆیەوە.

٩-شۆڕشی شێخ سەعید تورکیای ناچارکرد سیاسەتی بەریتانیا قبوڵبکات بەرامبەر بوونی دەزگایەکی خۆماڵی بۆ کوردەکانی عێراق بەمەرجێك لەگەڵ ناوەڕۆکی پەیمانەکەی ڕۆژی ١٩٢٦/٦/٥دا گونجاو بێت (دەربارەی ئەم سەرنجەی ڕۆبەرت ئولسون لێرەدا باسیکردوە، لەڕاستیدا ئینگلیزەکان هەتاڕادەیەك ئەگەرچی دژی سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی بوون بۆ کوردی باشور لەچوارچێوەی حکومەتی عێراقدا، بەڵام ڕێگەشیان لەوە گرتبوو ڕەگەزپەرستەکانی عەرەب لەعێراقدا کارێکی وابکەن بەشێوەی تورکەکان ڕەفتار لەگەڵ کورددا بکرێت، بەڵکو زمانی کوردی قەدەغەنەکرا و ڕێگە لەوە نەگیرا ڕۆژنامە و گۆڤار بەزمانی کوردی دەربچێت و لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا خوێندن بەزمانی کوردی بووە و ژمارەیەکی زۆر لەفەرمانبەرە بەرزەکانی دەوڵەت هەتا پلەی وەزارەت و بگرە سەرۆك وەزیران و ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پیران لەکوردەکان دادەنران و هەڵدەبژێردران).

١٠-شۆڕشی شێخ سەعید ئەنجامەکەی بەوە گەیشت تورك و بەریتانیا لەیەکتر نزیکببنەوە و تورك لەسۆڤیەت دووربخرێتەوە.

١١-ئەو شۆڕشە بوو بەهۆی ئەوەی ئیتر تورکەکانی لەوە نائومێدکرد بەهیچ جۆرێك هیچ دەستکەوتێکیان لەنەوتی ویلایەتی موسڵ دەستگیرببێت (جگە لەو پارە کەمەی لەکۆتاییدا کۆمپانیای نەوتی ئینگلیز دای بەتورکەکان و بەمە هەموو جۆرە پەیوەندیەکی تورکی بەنەوتی ویلایەتی موسڵەوە نەهێشت، هەروەکو

لەبـەرگی دوهـەمی کتێبەکـەی شـێخ مـەحموددا سەرچـاوە/٨٠ بەدووردرێـژ باسکراوە).

١٢-شۆڕشی شێخ سەعید بیانوی دایە دەستی تورکەکان بۆ چارەسەرکردنی باری ئاڵۆزی ناو ولأتەکەیان دروشمی (عیلمانی-لادینی) بەرزبکەنەوە (بەلأم سەیر ئەوەیە لەجیاتی عیلمانی بەرەو فاشستێتی ملیاننا).

١٣-سەرنەکەوتنی شۆڕش بوو بەهۆی ئەوەی تورکەکان بەوپـەڕی دڕندەیەتی و خوێنڕێژیـەوە ڕەفتـار لەگـەڵ کـورددا بکـەن و ڕێگـەی ئـەوەیان لێگـرتن دەنـگ و هاواریان بگەیەننە میللەتانی تر.

١٤-شۆڕشی شێخ سەعید بیانوی بۆ تورکەکان دۆزیـەوە بـەناوی عیلمانیـەوە دوورەپەرێزبن لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامیەکاندا.

باسی نۆهەمی بەشی دەهەم

بارودۆخی ناوچەکانی شۆڕشی پیران لەدوای شکاندنی شۆڕشەکە

لەگەڵ ئەوەشدا بەگرتنی شێخ سەعید و هاوکارەکانی و دادگاکردنیان لەدادگای ئیستقلالی دیاربەکردا لەناوەڕاستی ساڵی ۱۹۲۵دا، بەلاّم وەکو هەندێ سەرچاوە باسیانکردوە لەدوای خامۆشکردنی شۆڕشەکە و لەسێدارەدانی شۆڕشگێڕەکان هێشتا لەهەندێ ناوچەدا پەلاماردانی چەکدارانی کورد بەسەر سوپای تورك هەر درێژەیکێشابوو.

لەو ڕووەوە ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/۸٤ لەلاپەڕە (۱۲۱)دا وتویەتی: تورکەکان لەمانگی حوزەیرانی ۱۹۲۵دا نزیکی هەزار هەتا دووهەزار سەربازی تورکیان نارد بۆ داگیرکردنی (Goyan) کە چەکدارەکانی خۆیان نەدابوو بەدەستەوە و لەچیای (تور) هەردوولا بەرەنگاری یەکتربوونەوە و یەك دوو هەزار سەربازی تریشیان نارد بۆ تەواوکردنی کارەکەیان و لە۲۰ی حوزەیراندا هێزەکە گەیشتە (مدیات–Midyat) و دەستیان بەسەر هەموو مەڕومالاّتی ناوچەی (لیج) و دیاربەکردا گرت و لەمەزادخانەدا نزیکەی (۳۰۰۰۰) مەڕیان فرۆشت و لەهەندێ شوێنی تریشدا دەستیان بەهەمان ڕەفتارکرد.

لەمانگی حوزەیران و تەموزی ۱۹۲۵دا ئەو سەرۆکە کوردانەی مابوون بڕیاریاندا بەشەڕی پارتیزانی درێژە بەڕاپەڕینەکە بدەن، لەوانە عەشیرەتی (سیگو–Sigo) و (حەیدەر–Hayter) لەناوچەکانی (موش) و لەناوچەکانی (هیزان–Hizan) و (گارزان–Garzan) و (بشیری–Bishiri) و (سوسان–Sosan کە ڕەنگە زوزان بێت) بەدرێژایی پاشماوەی ساڵی ۱۹۲۵ شەڕیانکرد و لەمانە تەنها هەر (نوح بەگ) پەنایبردەبەر شێخ مەحمود.

لەمارتی ۱۹۲۷دا ڕاپۆرتەکانی بەریتانیا بەدووروردرێژی باسی بەرەنگاربونەوەی کوردیان کردوە لەگەڵ تورکدا کە گرنگترینیان ئەوەی سەید عەبدولاّی کوڕی شێخ عەبدولقادری شەمزینی بوو (مەبەست سەید عەبدولاّی باوکی دکتۆر عەزیز شەمزینیە) کە شێخ عەبدولقادری باوکی ڕۆژی ۱۹۲٥/٥/۲۷ لەدیاربەکر لەسێدارەدرابوو لەگەڵ سەید محەمەدی کوڕی و حاجی ئاختە و

(پالول کورسەعید–Palulu Korsaid) و کەمال فەوزی و سەید عەبدولاّی شەمزینی لەناوچەکانی وان و بدلیس بەرەنگاری هێزی تورك بووەوە کە ڕاپەڕینەکەی چەند مانگێکی خایاند و لەگەڵ ئەوەشدا هیچ عەشیرەتێکی ناو عێراق ڕێگەی پێنەدرا یارمەتی سەعید عەبدولاّ بدات و ئەو سەربازە کوردانەی لەتورکیاشەوە کاتی خۆی هاتبوونە ناو عێراقەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نێردرانەوە بۆ تورکیا. لەو ڕاپەڕینەی سەید عەبدولاّدا لەناوچە سەختەکانی شەمزینیدا نزیکەی (٢٠٠) سەربازی تورك کوژران و ئەنتلجسی فەرەنسا ڕایگەیاند خۆڕاگرتنی چەکدارەکانی ئەم ڕاپەڕینە زۆر لەوەی شۆڕشی پیران بەهێزتر بوو، فەرەنسیەکان لایانوابوو ئینگلیزەکان دەستیان هەبووە لەم ڕاپەڕینەدا.

ڕۆبەرت ئولسون دەڵێت: لەژێر فشاری هێزێکی گەورەی توركدا سەید عەبدولاّ ناچاربوو ڕۆژی ١٩٢٥/٩/١٦ توانی خۆی ڕزگاربکات لەدەست ئەو هێزەی حکومەت کە لەشەمزیناندا بوو، لەوێوە کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵ (هنری دوبس) مەندوبی سامی بەریتانیا لەبەغدا و داوای پەناهەندەیی بۆ خۆی و (٧٠٠) کەس کرد کە لەگەڵیدا بوو، (هنری دوبس) داخوازیەکەی پەسەندکرد بەمەرجێك لەعێراقەوە هیچ جۆرە هێرشێك نەکاتە سەر خاکی تورکیا. ڕۆبەرت ئولسون ئەڵێت: ئینگلیزەکان نیازیان وابوو ئەگەر تورکەکان بەبڕیاری (عصبە الامم) قایل نەبن، دوورنەبوو ئەوسا ئینگلیزەکان یارمەتی سەید عەبدولاّیان دەدا.



وێنەی سەید عەبدولاّی شەمزینی

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەلاپەڕە (١٠١)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٥ دەربارەی بزوتنەوەکانی دوای شکانی شۆڕشی پیران وتویەتی: لەدوای شۆڕشی پیران گەلێك ڕاپەڕین و بزوتنەوەی کورد ڕوویدا، هەرچەند دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورك ئەو بزوتنەوانەی هەمووی بەچەتەگەری و ڕاووڕوتکردن باسدەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەساڵی ١٩٢٦دا کوردە شۆڕشگێڕەکان لەناوچەی (بایەزید)دا توانیبوویان فەوجێکی تەواوی تورك لەناوببەن و لەساڵی ١٩٢٧دا شۆڕشێکی تر لەشاخەکانی (ساسون کە حەسرەتیان بەقەڵای شۆڕشگێڕانی هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەنی ناویهێناوە) بەسەرۆکایەتی (محەمەد عەلی یونس) و لەولاشەوە کوردەکانی (ئەرجیم) لەباکوری کەناری گۆلی (وان)دا شۆڕشێکیان بەرپاکرد و تورکەکان بۆ لەناوبردنی ئەو ڕاپەڕینە ئەوپەڕی دڕندەیەتی و دڵڕەقیان بەکارهێنا و تاوانەکانیان گەیشتبووە ڕادەیەك لاپەڕەکانی مێژوو بەشەرمەزاریەوە ئەو باسانە دەگرنە خۆیان و هەروەکو (د. س. زفریف) لەکتێبەکەیدا (مێژووی ویلایەتەکانی باکوری ڕۆژهەلاتی تورکیا) بدلیس، چاپی ساڵی ١٩٤٧ لەلاپەڕە (١٤٩)ی ئەم کتێبەدا وتراوە: لەشاری (ئەرجیم) کەللەسەری بڕاوی کوردەکان لەدوو شوێندا کەڵەکەکرابوو، کەچی لەگەڵ ئەم هەموو تاوان و کوشتار و دەستدرێژیکردنانەشدا، لەگەڵ ئەو هەموو خوێنڕشتن و دڕندەیەتیەدا هێشتا حکومەت هەستی بەلاوازیی خۆی دەکرد و چەند یاسایەکی دەرکرد بۆ ڕاگوێزانی کورد بۆ ئەو شوێنانەی دەیتوانی دەستبەسەر هەڵوێستدا بگرێت.

دەربارەی ڕەفتاری دڕندانەی تورك بەرامبەر بەدانیشتوانی کورد لەدوای دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی پیران، بۆئەوەی هەواڵی تاوانەکانیان نەگاتە دەرەوە، حکومەتی تورکیا ئەو ناوچە کوردنشینانەی لەژێر جەور و ستەمی تورکەکاندا دەیانناڵاند هەمیشە وەکو ناوچەیەکی داخراوی سەربازی ڕەفتار لەگەڵ دانیشتوانەکانیدا دەکرا. دەربارەی ئەوە لەدوکیومێنتی ژمارە (Fo.٣٧١-٥٢٣-٩)ی ڕۆژی ١٩٢٦/٥/٩ لەڕاپۆرتێکدا لەژێر ناوی (Kurds of Turkey Reasearch)دا وتراوە: جمهوریەتی تورکیا لەسەر سیاسەتی داننەنان بەبوونی میللەتی کورددا دەڕوات و ناوچە کوردنشینەکانی بەناوچەیەکی داخراو داناوە و ڕێگە بەهیچ بێگانەیەك نادات بیگاتێ بۆئەوەی ئاگاداری بارودۆخی ئەو ناوچانە نەبێت کە چی تیادا ڕوودەدات، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو هەڕەشەوگوڕەشانەی کە دەیکات تا ئێستە نەیتوانیوە میللەتی کورد بێدەنگ بکات.

دەربارەی ئەو بزوتنەوە و راپەرینانەی دوای شۆڕشەکەی پیران روویدابوو، بێجگە لەو بزوتنەوانەی رۆبەرت ئولسون و پرۆفیسۆر حەسرەتیان باسیانکردوە لەدوو دوکیومێنتی تردا باسی هەندێ جموجوڵ و بزوتنەوەیەی تری کورد کراوە:

دوکیومێنتی یەکەم ژمارە (Fo.٣٧١-١٤٥-٨٠) کە لەکتێبەکەی دکتۆر (ولید حمدی)دا سەرچاوە/٣٣ لەلاپەرە (٣٦٩)دا ئاماژەی بۆ ئەو دوکیومێنتە کردوە، بەپێی ئەو دوکیومێنتە (Major Oleary) نامەیەکی ناردوە بۆ (Sir.G. Clerk) لەگەڵ راپۆرتێکی پاشکۆی عەسکەری بەریتانیا لەئەستەمبوڵ و لەو راپۆرتەدا باسی جموجوڵێکی سەلاحەدینی کوڕی شێخ سەعیدی کردوە بەهاوکاری ئیبراهیم بەگ کە سەرۆکی عەشیرەتی جەلالیەکان بووە لەگەڵ (خالس بەگی کوڕی شێخ عەبدولمەجید) و کوڕانی (کورحسێن)ی سەرۆکی عەشیرەتی (حیدوانلی) و بەهەموویان دەستیانکردوە بەچالاکی بۆ دەستپێکردن بەراپەڕین و بزوتنەوەیەك دژی تورکەکان کە بەوپەڕی درندەیەتیەوە بەربووبوونە گیانی هەموو کوردێك بێجیاوازی و بەپێی ئەو راپۆرتە ژمارەیەك لەکوردە ناسراوەکان پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا هەبووە و بڕیاریاندا نەخشەیەك ئامادەبکەن بۆ دەستپێکردن بەو راپەڕینە ئەگەر هات و حکومەتی تورك ڕەفتاری خۆی نەگۆڕێت بەرامبەر بەکورد.

لەکۆتایی ئەو راپۆرتەدا وتراوە: لەمانگی شوباتی ١٩٣٠دا (عەلی خالس بەگ) و سەلاحەدینی کوڕی شێخ سەعید لەلایەن حکومەتی تورکەوە گیران و هەواڵ بلاوبووەوە عەشایری جەلالی پەلاماری ئەو هێزەی تورکیان دابوو کە لەناوچەی ئاراراتدا بوو، خالس بەگ توانیبووی خۆی دەربازبکات و بگاتە ناو خاکی ئێرانەوە و لەوێوە دەستیکرد بەهاندانی خەڵك بۆ راپەڕین و شۆڕش دژی حکومەتی تورکیا.

لەدوکیومێنتی دوهەمدا ژمارە (Fo.٣٧١-١٤٥-٧٩) ڕۆژی ١٩٣٠/٣/١٧ راپۆرتێکی مستەر (M. Edmonds–ئەدمۆنس)ی تیایە کە لەئەنقەرەوە ناردویەتی بۆ مستەر هندرسن (کە لەنێوانی سالانی ١٩٢٩-١٩٣١)دا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بووە لەو راپۆرتەی ئەدمۆنسدا وتراوە پێکادان لەنێوان هێزەکانی حکومەتی تورك و چەکدارەکانی کورددا روویداوە لەناوچەی (قرافوش)ی سەر بە(بایەزید). بێگومان تورکەکان تەنها بەدامرکانەوەی شۆڕشەکەی پیران دڵیان ئاوی نەخواردبووەوە، بەڵکو بەپێی ئەو نەخشە دوورودرێژەی کێشابوویان نیازیان وابوو لەناو هەموو خاکی تورکیادا هیچ کەسێك نەمێنێت کە دان بەوەدا نەنێت بەرەگەز تورکە، بۆیە بەئاشکرا بڕیاریاندا چۆن بەرلەمە بەزۆر ئەو یۆنانی و

ئەرمەنیانەی لەتورکیادا بوون یان دان بەوەدا بنێن کە خۆیان بەتورك دەزانن یان دەبوو لەناوببرانایە یان ئاوارەبکرانایە بۆ دەرەوەی وڵات بۆئەوەی تۆوی هیچ نەتەوەیەکی تری غەیری تورك لەتورکیادا نەمێنێت.

بەڵگەش بۆ ئەمە لەدوکیومێنتێکی بەریتانیادا ژمارە (C.O.٧٣٠-٦٩-C. ٢٣٣٧٨) ڕۆژی ١٩٢٦/١٢/٢٠ باسی زیارەتێکی (هنری دوبس)ی مەندوبی سامی بەریتانیای کردوە لەبەغدا کە بەزیارەتی ڕەسمی چووە بۆ ئەنقەرە و لەڕۆژی ١٩٢٦/١٢/٨دا و لەنامەکەیدا وتویەتی: لەگەڵ (سێر جۆرج کلارك) ساتێك لەئەستەمبوڵەوە چووم بۆ ئەنقەرە، لەگفتوگۆکردنماندا لەگەڵ مستەفا کەمالی سەرۆك کۆمار و تۆفیق ڕوشدی بەگی وەزیری دەرەوەی تورکیادا بۆمدەرکەوت هەردووکیان هەڵوێستیان باشە دەربارەی بارودۆخی سەر سنووری عێراق و لێرەدا بەپێویستی دەزانم چەند بۆچوون و سەرنجێکی خۆم دەرببڕم بەرامبەر بەو گفتوگۆیانەی لەگەڵیاندا کردبوومان و بۆم ڕوونبووەوە تورکەکان نیازیان وایە چۆن وەختی خۆی یۆنانیەکان و ئەرمەنیەکانیان لەتورکیا دەرکردبوو، بەوجۆرەش ڕەفتار لەگەڵ کورددا بکەن، کە ژمارەی کورد تەنها لەناوچەی ئەنادۆڵدا هەرچەند تورکەکان بە(٥٠٠) هەزار کەسیان دادەنێن بەڵام ژمارە ڕاستیەکە بریتیە لە(١,٥) ملیۆن، هەرچەند لەوانەیە تۆفیق ڕوشدی بەگ ئەوەی کە دەیوت دەربارەی کورد بەڕاستی نەبووبێت و هەمیشە هەردووکیان ئەوەیان دوبارە دەکردەوە کە ئەو کوردە بێمێشکانە لەو جۆرە نین کە بهێنرێنە ژێربار و بەرەو شارستانیەتی بڕۆن، بەپێی ئەو قسانەی ئەوان لاموایە دەبێ خۆمان ئامادەبکەین بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ تووشی کێشەیەکی گەورە دەبین لەگەڵیاندا لەسەر سنوور، کە دوورنیە بەدەیان هەزاریان والێبکەن ناچاربن ڕووبکەنە ناو خاکی عێراقەوە کە لەناو عێراقدا زەویوزارێکی ئەوتۆ نیە بەشی ئەوانە بکات و خۆ ئەگەر لەسەر سنووریش بمێننەوە ئەوا کوردەکان هەر وازناهێنن و پەلاماری تورکەکان ئەدەن کە ئەمە لەئەنجامدا دەبێتە هۆی تێکچونی نێوان هەردوو حکومەت و لاموایە کارەکە تەنها هەر بەعێراقەوە ناوەستێت بەڵکو لەوانەیە زۆریان ڕووبکەنە سوریا و ئێران، بۆیە بێجگە لەعێراق پێویستە ئەو دەوڵەتانەش ڕێگەی ئەمە نەدەن بەتورکەکان کە کارێکی وابکەن.

ئیمزا

هنری دوبس (H. Dobes)

بۆ تەواوکردنی باسی بارودۆخی ناوچە کوردیەکان لەدوای لەدامرکانەوەی شۆڕشی پیران، لەسەرەتای باسی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدا باسی بنەماڵەی شێخانی پیرانمان کرد بەر لەدەستپێکردنی شۆڕشەکە و لەکۆتایی ئەم باسەدا بەپێویستم زانی باسی هەندێ لەئەندامانی ئەو بنەماڵەیە بکەم کە لەکاتی شۆڕشەکەدا و لەدوای شۆڕشەکە لەهەندێ سەرچاوەدا باسیانکراوە، ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا باسی چەند کەسێکی لەوانە کردوە وەکو:

١-شێخ تاهیر و شێخ مەهدی کە هەردووکیان برای شێخ سەعید بوون: هەروەکو ڕۆبەرت ئولسون باسیکردوە لەدوای شەهیدبوونی شێخ سەعیدی برایان هەردووکیان خۆیان نەدا بەدەستەوە تا ئەوکاتەی حکومەتی تورك بڕیارێکی لێخۆشبوونی گشتی دەرکرد و بەپێی ئەو لێخۆشبوونە مانەوە هەتا هەردووکیان بەشێوەیەکی ئاسایی کۆتایی بەژیانیان هاتبوو.

٢-شێخ بەهائەدین: برا بچوکی شێخ سەعید بووە، لەماڵەکەی خۆیدا لە(Henis-هنیس) کوژراوە.

٣-شێخ عەبدولڕەحیم: بەپێی باسەکەی ڕۆبەرت ئولسون شێخ عەبدولڕەحیمی برای شێخ سەعید، (ئەمینەخان)ی کچی حەسەن ئاغای هێنابوو کە یەکێك بووە لەدەوڵەمەندەکانی پیران و لەدوای شکانی شۆڕش پەنایبردەبەر سوریا (لەباسی دادگاکردنی شۆڕشگێڕەکاندا لەدادگای ئیستقلال لەدیاربەکر، ناوی شێخ عەبدولڕەحیم نەهاتوە کەوا دیارە خۆی نەداوە بەدەستەوە)، بەڵام لەدوای ماوەیەك گەڕایەوە و خۆیدا بەدەستەوە بەڵام لەساڵی (١٩٣٧)دا تورکەکان هەر وازیان لێنەهێنا و لەسێدارەیاندا، کە هۆی لەسێدارەدانی وەکو ڕۆبەرت ئولسون باسیکردوە، بەوە تاوانبارکرابوو لە ١٩٣٧/٣/١٥ لەگوندی (سردی) نزیك بە(لیجە) دوو پۆلیسی تورکی کوشتبوو، بەرلەگرتنی بۆ ماوەیەك خۆی شاردەوە هەتا لەدواییدا لە ١٩٣٧/٦/١٩دا لەشاری (باتمان) گیرا و هەڵواسرا. ڕۆبەرت ئولسون دەڵێ: (زولکوف)ی کوڕی شێخ عەبدولڕەحیم لەدواییدا بوو بەلایەنگری حکومەت و کرا بەموتەسەریفی دیاربەکر.

٤-شێخ سەلاحەدینی کوڕی شێخ سەعید: لەدوای شکانی شۆڕش چووە عێراق و لەوێ نوری سەعیدی سەرەك وەزیر گرتیەخۆی و چووە کۆلێژی عەسکەری بۆئەوەی ببێت بەئەفسەر، لەساڵانی سیەکاندا گەڕایەوە بۆ تورکیا، بەڵام پاش ماوەیەك بەتاوانی ئەوەی پەیوەندی بەحیزبێکەوە هەبووە لەباکوری

کوردستان گیرا و خرایە زیندانەوە و ماوەی دوازدەساڵ لەزینداندا مایەوە. بەڵام (حەسەن عەرەفە) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٢ وەرگێڕانی بۆ فارسی، وتویەتی: سەلاّحەدین لەدوای شۆڕش پەنایبردە بەر عێراق بەیارمەتی ئینگلیزێك کە (ئەرشیبالد هاملتن) بوو (مەبەستی حەسەن عەرەفە نوسەری کتێبی Boads Through Kurdistan) کە لەساڵی ١٩٥٨دا لەلەندەن چاپکراوە و هاملتن ئەندازیارێك بووە رێگەی ڕەواندزی کردبووەوە کە لەو کتێبەیدا بەدووورودرێژی باسی باری کۆمەڵایەتی کوردی کردوە).

بەپێی کتێبەکەی ڕۆبەرت ئولسون، سەلاّحەدین لەباشوری کوردستاندا پەیوەندی بەکۆمەڵەیەکەوە هەبووە بەناوی (کۆمەڵی دۆستانی کورد) کە لەلایەن کوردە ئاوارەبوەکانەوە دامەزرابوو، لقێکی ئەو کۆمەڵەیە لە(حەلەب و دیمەشق) بوو (هیچ سەرچاوەیەك باسی کۆمەڵێکی وای نەکردووە بەو ناوەوە کە دوورنیيە مەبەست لەکۆمەڵی خۆیبوون بێت کە لەبەرگی سێهەمدا باسی دروستبوونی دەکەین).

بەپێی کتێبەکەی حەسەن عەرەفە، سەلاّحەدین دەستی لەخوێندن هەڵگرت و (بەمەدا دەردەکەوێ قوتابخانە عەسکەرییەکەی تەواو نەکردوە)، هەموو ژیانی خۆی بۆ کاروباری سیاسی تەرخانکرد بۆئەوەی تۆڵەی باوکی بکاتەوە، بۆیە بڕیاریدا بەهەر نرخێك بێت بگەڕێتەوە بۆ باکوری کوردستان (هیچ دوورنیيە لەدوای دەرچوونی ئەو لێخۆشبوونە گەڕابێتەوە کە حکومەتی تورك لەماوەیەکدا دەریکردبوو)، وە لەسەرەتادا لە(هینس و لەئەرزڕوم)ەوە پەیوەندی بەکوردە ناسیۆنالیست و کۆمەڵە کوردیەکانی باکوری کوردستانەوە کرد (بەڵام وەکو وتمان ڕۆبەرت ئولسون وتویەتی بۆ ماوەی دوازدە ساڵ خرایە زیندانەوە).

لەبەرگی سێهەمدا لەباسی شۆڕشی ئاراراتدا ئاماژە بۆ کتێبەکەی کرێس کۆچرا دەکەین کە هۆی ئەو گرتنەی سەلاّحەدین ئەوە بووە پەیوەندی هەبووە بەشۆڕشی ئاراراتەوە. هەروەها (باسیل نیکیتین)یش لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٠ وتویەتی: سەلاّحەدین کە لەعێراقەوە لەدوای دەرچوونی بڕیاری لێخۆشبوون گەڕایەوە و چووەپاڵ شۆڕشەکەی دەرسیم کە دیارە بەرلەمەش وەکو وتمان پەیوەندی بەشۆڕشگێڕانی ئاراراتەوە هەبووە.

٥-مەلیك فورات کوڕی شێخ سەباحەدین کوڕی شێخ بەهائەدینی برای شێخ سەعید بووە، شێخ سەباحەدینی باوکی مەلیك فورات لەساڵی (١٩٤٧)دا کۆچی

دوایی کردوە. مەلیك فورات کچێکی عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعیدی هێناوە و لەدواییدا مەلیك فورات لەنێوان ساڵانی (١٩٥٥-١٩٦٠)دا بوو بەئەندامی پارلەمان و لەساڵی ١٩٩١دا بووە بەئەندامێکی چالاك لەحیزبی (الطریق القویم) کە وەکو ڕۆبەرت ئولسون باسیکردوە تانسۆ چیللەر و سلێمان دیمیریل دەیبەن بەڕێوە.

٦-فوئاد فورات کوڕی عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعید بووە، لەساڵی ١٩٧٣دا ئەندامێکی سەربەخۆ بووە لەپارلەماندا و پاشئەوە بووە بەئەندامێکی چالاك لەحیزبی (الخلاص الوطن) کە لەپاشدا بووە بە(حیزبی رفاه) بەسەرکردایەتی نەجمەدین ئەربەکان.

٧-عەلی ڕەزا سبتی ئوغلو: بچوکترین کوڕەزای شێخ حەسەن بووە کە شێخ حەسەن خاڵی شێخ سەعید بووە، عەلی ڕەزا سبتی ئوغلو لەپێشدا لە(حیزبی عەدالەت)دا بووە و لەساڵانی (١٩٧٣-١٩٧٤)دا بووە بە(وزیر الدولە) لەحکومەتەکەی (بڵند ئەجەوید)دا و ساڵی ١٩٨٧ لەویلایەتی (ئەلازگ)دا بووە بەئەندامی پارلەمان لەڕیزی حیزبی (الطریق القویم).

باسی دەهەمی بەشی دەهەم

هەڵسەنگاندنی شۆڕشەکە و ئەو کەموکوڕی و ڕەخنانەی لێی‌گیراوە

شۆڕشی پیران شۆڕشێکی جەماوەریی فراوانبووە بۆ ڕزگارکردنی کوردستان لەچنگی ڕژێمێکی دیکتاتۆری فاشست کە نرخی مرۆڤایەتی نەزانیوە و لاموایە ئەگەر کورد شۆڕشیشی دژی ئەو ڕژێمە نەکردایە حکومەتی تورك هەر وازی لەبەجێهێنانی ئەو نەخشەیەی خۆی نەدەهێنا و لەسەرخۆ وردە وردە هەمان تەقەلای ئەدا بۆ لەناوبردنی کورد و تواندنەوەی لەبۆتەی توركدا هەروەکو چۆن لەگەڵ یۆنانیەکان و ئەرمەنیەکاندا کردبووی، ئەرزڕوم کە مانای خاکی ڕوم یا یۆنان دەگرێتەوە کە ئەوان بەرلەوەی عوسمانیەکان بگەنە ئەو خاکەی لەدواییدا ناوینرا تورکیا، شاری (قسطنطینیە)یان دروستکردبوو کە لەدواییدا کرا بەئەستەمبوڵ، بەو جۆرەش تەنگیان بەکورد هەڵچنیبوو قۆناغ لەدوای قۆناغ خاکەکەی بەتۆرانیەکان پڕکرایەوە و مایەوە سەرئەوەی چۆن نەتەوەی کورد لەناوببرێت و دەربەدەربکرێت، خاوەن ماڵ لەماڵی خۆی بێبەش بکرێت و داگیرکەر دەستی بەسەرابگرێت، کە ئەمە نەخشەیەك بوو دەمێك بوو تۆرانیەکان ئامادەیان کردبوو.

هەرچۆنێك بووبێت لەشۆڕشەکەی بەدرخان پاشا و شێخ عوبەیدولڵادا هەرچەند هەردوو شۆڕشەکە شکا و زیانێکی زۆر بەکوردی ناوچەکانیان گەیشت، بەڵام هێشتا بڕیاری ئاوارەکردن و ڕاگوێزان شتێك نەبوو بەبیری خەلیفە و سوڵتانی عوسمانیدا بێت بەرامبەر بەکوردی هاوئاینی خۆیان، بەڵام لەدوای شەڕی جیهانی ئەو نەخشەیەی تاقمی ژون تورك و (اتحاد و ترقی) بەر لەشەڕ بۆیان بەجێنەهێنرابوو، پاشئەوەی کەمالیەکان بوون بەدەسەڵاتدار و خەلافەت و سەڵتەنەتیان هەڵوەشانەوە کەوتنە سەر هەوای بیرکردنەوە لەدروستکردنەوەی ئیمپراتۆریەتێکی فراوان (پان توركیزم) کە بەخەیاڵی خۆیان هەروەکو چۆن لەزەمانی سوڵتانە دەستڕۆیشتوەکانیاندا گەیشتبوونە دەروازەکانی ڤێنا، دوایئەوەی دەرگای ئەو بەهەشتەیان لێداخرا ئیتر بیریان لەوە کردەوە چۆن ئەو نەتەوانەی هەزاران ساڵ بوو لەناو خاکی باپیرانی باپیرانیاندا ژیابوون کە بریتی بووە لەکوردستان و ئەرمینیا هەمووی پێشێل بکەن و دانیشتوەکانیان دەربەدەر

بکــەن و تۆڵــەی خۆیــان لــەکورد و ئەرمــەنی بکەنــەوە لەکاتێکــدا دەوڵەتــە هاوپەیمانــەکانی ئــەوروپا خۆیــانی خســتبووە ســەر ســاجی عــەلی و ئیمپراتۆریەتەکەیانی لەناوبردبوو.

لەدوای شەڕی جیهانی کە هێشتا کەمالیەکان تازە خۆیان گرتبوو توانیبوویان ببن بەجێگری خەلیفەی ئەستەمبوڵ، کورد هێشتا تا ئەوسا نەکەوتبووە ژێر باری جەور و ستەمی کەمالیەکانەوە چونکە ئەمانە هێشتا هەر فریای چارەسەرکردنی کێشەی خۆیان کەوتبوون لەلایەکەوە لەگەڵ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و لەلایەکی ترەوە لەگەڵ تاقمی سەر بەخەلیفەی ئەستەمبوڵ کە لەسەرەتادا دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بۆ ماوەیەك لایەنگریان بوون، کوردیش لەگێژاوی ئەو بارودۆخەدا لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرەتادا چەند کۆمەڵ و ڕێکخراوێکی هەبووە و ڕۆژنامەی بەزمانی خۆی دەرکردووە و پەیمانی سیڤەر لەئارادابووە بەهیوای دروستکردنی حکومەتێکی کوردی بەڵام بەداخەوە کورد ئەو هەل و دەرفەتە مێژووییەی لەکیس خۆیدا و لەماوەی لاوازێتی و کەم دەسەڵاتی کەمالیەکاندا نەیتوانیبوو دەزگایەکی بەڕێوەبردن بۆ خۆی سازبکات بۆئەوەی بیکات بەبنکەیەکی هەمیشەیی ئەوتۆ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و تورکیش حسابێکی بۆ بکەن و بەپێچەوانەوە دەرد و نەخۆشی خۆخۆیی و ئاغایەتی و کەس بەکەس ڕازینەبوون ئەو هەلە زێڕینەی لەکیس کورد دا و زۆری پێنەچوو تورکەکان دوای لەناوبردنی شۆڕشی ئەرمەنی و سەرکەوتن بەسەر یۆناندا توانیبوویان مەبەستەکانی خۆیان بهێننەدی، سیڤەریان لەلۆزاندا زیندەبەچاڵ کرد لەڕێگەی نزیکبوونەوە لەسۆڤیەت وایان لەئینگلیزەکان کرد دان بەسەربەخۆیی کەمالیەکاندا بنێت و گوێی خۆی کەڕبکات و چاوی بنوقێنێت بەرامبەر بەو هەموو تاوانانەی لەیۆنانیەکانی پاشماوەی ناو خاکی تورکیا لەکورد و لەئەرمەنی دەکرا.

ساتێك کورد بەخۆی زانی ئەوا تورك شمشێرەکانی و نوکەنێزەی سەر چەکەکانیان ئاڕاستەی سنگی کورد کردووە و بەئاشکرا داوا لەکورد دەکات واز لەنەتەوایەتی خۆی بێنێت و خۆی بەتورك لەقەڵەم بدات و زمانی تورکی بەکاربێنێت لەجیاتی زمانی باوباپیرانی، ئیتر کورد چارینەما و دەستیدایە چەك و لەدوو شوێندا دوو تەقەلای سەرنەگرتویدا کە بریتی بوو لەشۆڕشی یەکەمی دەرسیم و شۆڕشی کوجگیری کە هەردووکیان بەئاسانی لەناوبران و کە کۆمەڵی ئازادیش دروستکرا هەندێ لەڕۆشنبیران و ئەفسەران و سەرۆك عەشیرەتەکان

کەوتنە خۆیان و شۆڕشی پیرانیان دەستپێکرد، تازە کار لەکار ترازابوو، تورك خۆی گرتبوو، خۆی پڕچەك کردبوو، سۆڤیەت دۆستی بوو، ترسی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی نەبوو، دوایئەوەی لەگەڵ هەندێکیاندا پەیمانی دۆستایەتی مۆرکردبوو، کورد کە دەستیکرد بەشۆڕش هەموو چەکەکانی بریتی بوو لەچەکی کۆن و ژەنگاوی، هەندێکی بریتی بووە لەتفەنگی ساچمەزەنگ و تفەنگی ڕاو، شۆڕشگێڕەکانی زۆربەیان بریتی بوون لەو جوتیارانەی لەناو زەویوزارەکانی دەرەبەگەکانی کورددا ژیابوون، لەولاشەوە کۆنەقینی نێوان عەلەویەکان بەرامبەر بەسونیەکان و بەو سەرکردانەی کاتی خۆی لەسەرکردەکانی سوارەی حەمیدیە بوون کە عەلەویەکان تووشی گەلێك ناخۆشی و سزابووبوون بەهۆی ئەوانەوە، ئەمانە لەجیاتی ئەوەی ببن بەلایەنگری شۆڕش چوونەپاڵ هێزەکانی حکومەت وەکو لەباسی شۆڕشەکەدا ئەم ڕاستیە ڕوونبۆتەوە.

لەهەمووی جێگەی سەرسوڕمانتر ئەوەیە، لەچاوپیاخشاندنێك بەوانەی لەلایەن تورکەکانەوە دادگاکرابوون و لەسێدارەدرابون یان زیندانکرابوون، لەباسی شۆڕشەکەدا ناوی ئەفسەرێك نایەتە بەرچاو کە بەکردەوە لەشۆڕشەکەدا بەشداری کردبێت بەڵکو شێخ سەعید سەرکردەی هێزەکانی خۆی دەستنیشانکرد وەکو لەشوێنی خۆیدا باسمانکردوە و دەردەکەوێت سەرکردەی ئەو هێزانەی کورد هەمووی بریتی بووە لەشێخ و ئاغا و دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەت و ناوی تاقە ئەفسەرێك لەو شۆڕشەدا نەهاتوە، کە ئەمە بەڵگەی ئەوە بووە شۆڕشێکی بێنەخشە و بێتەکتیك و بێستراتیژ و شۆڕشێکی بەرەڵلا و بێحساب بووە و هەر تاقمە بەئارەزوی خۆی و بەپێی نەخشەی خۆی و بۆچوونی خۆی ڕوویکردۆتە شۆڕش و هیچیشیان شارەزای لەشکرکێشی نەبوون و ئەگەر شەڕی پارتیزانیشیان کردبێت هەموو شتێکیان بێحساب بووە بۆیە شۆڕشەکە خۆی نەگرت و لەپاش یەك دوو مانگ لەناوبرا.

لەڕاستیدا تورکەکان کە خاوەنی سوپایەکی پڕچەکی مەشقپێکراوبوون وەنەبێ ئاگاداری هەڵسوکەوتی سەرکردەکانی شۆڕشی کورد نەبووبن، بەڵکو حسابی هەموو شتێکیان کردبوو، بەرامبەر بەو عەشیرەتە کوردانەی بووبوون بەهاوکاری کورد ئەوانیش ژمارەیەکی زۆری سەرکردەی ئەو عەشیرەتانەیان ئامادەکردبوو شانبەشانی خۆیان لەشۆڕشگێڕانی کورد بدەن و لەولاشەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکومەت بەڕێکوپێکی دەستیانکردبوو بەبلاوکردنەوەی

پڕوپاگەندە دژی شۆڕشەکە و شۆڕشگێڕان و ڕۆژنامەکانیان بۆ زڕاندنی ناوی شۆڕش و شۆڕشگێڕەکان دەیان درۆودەلەسەیان بلاّودەکردەوە، بۆ نمونەی ئەمە نمونەیەکی بچوك دەهێنینەوە کە کریس کۆچرا لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤١ ئامارژەی بۆ کردوە، تورکەکان توانیبوویان کاربەدەستێکی فەرەنسی کە لەبانقی عوسمانیدا کاریکردبوو نامیلکەیەکیان پێبلاّوکردبوەوە بەفەرەنسی دەربارەی شۆڕشەکە بەناوی (لەدوای ڕاپەڕین)ەوە بلاّویکردبوەوە، لەو نامیلکەیەدا شێخ سەعیدی سەرکردەی شۆڕشەکەی بەکابرایەکی نەزان و کێوی باسکردوە بەبێئەوەی کوردێك وەلاّمی ئەو نامیلکەیە بداتەوە.

گەلێك نوسەر لەوانەی بایەخیان بەشۆڕشی پیران داوە هەریەکەیان بەپێی بۆچونی خۆی ڕەخنەی لەشۆڕشەکە و لەشۆڕشگێڕان گرتوە و لەبەرئەوە ئەو نوسەرانە هیچیان دوژمن و نەیاری کورد نەبوون بۆیە بەپێویستم زانی کورتەباسێکی ڕەخنەی ئەوانە بخەمە پێشچاو.

مارتن ڤان برونسون و هاوڕێکەی لەسەرچاوە/١٠٥دا وتویانە لەشۆڕشەکەدا دوو شێوە دروشم بەرزکرابوەوە و لەکاتی دادگاکردنی شێخ سەعید و شۆڕشگێڕەکاندا حکومەت هەوڵی ئەوەی دابوو دروشمی یەکەمی شۆڕشەکە کە بریتی بووە لەئاین لەلایەن شۆڕشگێڕەکانەوە کرابوو بەدروشمی سەرەکی و دروشمی ناسیۆنالیستی ئەوەندە بایەخی پێنەدرابوو، بەلاّم شێوەی دوهەمیان بریتی بووە لەوەی دروشمی ناسیۆنالیستی دروشمێکی سەرەکی بووە لەشۆڕشەکەدا بەلاّم لەژێر پەردەی ئایندا بووە.

دەربارەی شێوەی دوهەم (فەهمی بیلال ئەفەندی) کراوە بەنمونە کە کابرایەکی عیلمانی بووە، بەلاّم مرۆڤێکی ئازا و بەجەرگ و خۆبەختکەر بووە و ڕێبازی ناسیۆنالیستی بەتاقە ڕێبازێکی ڕاست زانیوە بۆ سەرگرتن و سەرکەوتنی شۆڕشەکە (بەداخەوە نەمزانی ئەم فەهمی بیلالە کێ بووە) بەو جۆرە شێوەی یەکەمیان لەشێخ سەعیدا ڕەنگیدابووەوە کە هەوڵیدابوو لەڕێگەی دروشمی ئاینەوە زۆرترین کورد بەکێشبکات بۆ هاوکاریکردن لەشۆڕشەکەدا و بۆیە هاواریدەکرد و دەیوت: (ئیسلام لەمەترسیدایە و هەڕەشەی لێدەکرێت بۆیە پێویستە بپارێزرێت).

هەردوو نوسەری سەرچاوە/١٠٥ لایانوایە ڕوناکبیرانی کورد ئەوانەی هەوڵیانئەدا شۆڕشەکەیان لەڕێبازی ناسیۆنالیستیەوە سەربکەوێت دەیانزانی

تەنها هەر بەبەرزکردنەوەی ئەو دروشمانە سەرناکەوێت و باش لەوە گەیشتبوون زۆربەی عەشیرەتەکان و جوتیارانی کورد بەدەنگی ئەو هاوارەوە دەچوون کە هەوڵبدرێت ڕێگە نەدرێت بەهەڵوەشانەوەی خەلافەتی ئەستەمبولْ بۆیە کۆمەڵی ئازادی کە ڕێبەری شۆڕشەکە بوو هەوڵیئەدا لەپشت پەردەوە کاربکەن، بۆیە فەرماندەیەتی شۆڕشەکەی بەسەرۆك عەشیرەت و شێخەکان سپاردبوو (کە ئەگەر ئەمە ڕاستبووبێت لامواپە یەکێك بووە لەو هەڵانەی کرابوو، چونکە وەکو لەپێشەکی ئەم باسەدا لێیدواین نەشارەزایی ئەوانە لەکاروباری لەشکرکێشی و نەکردنی ئەو ئەفسەرانەی سەر بەئازادی بەفەرماندەی هێزەکانی شۆڕش هۆی سەرەکی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکە بووە).

سەرچاوە/١٠٥ لەسەریئەڕوا و دەڵێت: گوندنشینەکان بەتوندی بەئاینی ئیسلامەوە گرێدرابوون و قسە و کرداری شێخەکان لای ئەوان بڕشت و قورساییەکی تەواوی هەبووە هەر لەبەرئەوەش بووە شێخ سەعید نازناوی (امیر المجاهدین)ی لێنرابوو، هەردوو نوسەرەکە ڕۆڵی شێخەکانیان لەشۆڕشەکەدا بەم شێوەیە هەڵسەنگاندبوو:

١-لەبەرئەوەی بەڕێبەری ئایینی دەزانران، بۆیە لەناو خەڵکدا پلە و پایەیەکی تایبەتیان هەبووە و ڕێزیان لێدەگیرا.

٢-شێخەکان لەناو عەشیرەتەکاندا دەسەڵاتدار و قسەڕۆیشتوو بوون و هەتا ڕادەیەك توانیبوویان لەهەندێ ڕووداودا کێشەی ناویان و ئەو ناکۆکیەی لەنێوانیاندا ڕوویبدایە چارەسەریان دەکرد.

٣-هەموو شێخەکان سەر بەڕێبازی نەقشبەندی بوون و لەچوارچێوەی ئەو یەکبوونەیاندا بەپیر یەکتریەوە دەچوون.

هەرچۆنێك بووبێت بزوتنەوەی شێخەکانی شۆڕشی پیران تاڕادەیەك لەوەی شێخی سنووسی دەچێت کە لەلیبیا دژی ئیتاڵیەکان کردبووی بەڵام ئەوەی شێخ سەعید بۆیە سەرنەکەوت چونکە شۆڕشەکە نەخشەیەکی ستراتیژی نەبوو کە پەیڕەوی ئەو نەخشەیە بکات بۆیە نەگەیشت بەئامانجی خۆی.

(ولید حمدی) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٢٣ باسی ڕاپۆرتێکی باڵیۆزی بەریتانیا (لندسای) کردووە کە لەڕۆژی ١٩٢٥/٣/٣دا ناردبووی بۆ (چەمبرلن) کە لەو ڕاپۆرتەدا باسی بڵاوبوونەوەی هەواڵێکی کردووە کە گوایا لەو ڕۆژانەدا کوردەکان هەوڵی ئەوەیاندابوو ئەگەر شۆڕشەکەی کورد سەربگرێت (سەلیم ئەفەندی) کوڕی

سوڵتان عەبدولحەمیدی خەلیفەی لابراو دەکەن بەمەلیکی کوردستان (کە ئەوسا سەلیم ئەفەندی ئاوارە بووە لەبەیروت)، کریس کۆچراش لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤١ هەروای بۆچووە کە دیارە سەرچاوەی هەردووکیان هەریەکێك بووە.

زنار سلوپی لەلاپەڕە (١١١)دا سەرچاوە/٥٧ ڕەخنەی لەشۆڕشەکە بەم شێوەیە گرتووە کە وتویەتی: لەگەڵ ئەو هەموو قارەمانیەتی و لەخۆبوردنەی شۆڕشگێڕان لەو شۆڕشەدا نواندبوویان، بەڵام بەداخەوە لەبەر نەبوونی نەخشەیەکی ڕێکوپێك و بەرەڵایی لەکاروباری لەشکرکێشیدا و نەبوونی سەرکردایەتیەکی ڕێکوپێکی لێهاتوو بوو بەهۆی ئەوەی ڕەنگدانەوەی عەقڵیەت و بۆچوونی عەشیرەتی ببێت بەهۆی ئەوەی هەموو ئەو هەوڵ و کۆششەی کورد دابووی بەفیڕۆچوو، کە بۆ نمونەی ئەم بەرەڵاییە وتویەتی کاتێك لەمانگی شوباتی ١٩٢٥دا، ئێمە کە ئەندامی کۆمەڵی ئازادی بووین هەواڵی کوشتنی چەند سەربازێکی تورکمان بیست (مەبەست کوشتنی ئەو سەربازە تورکانەیە کە لەبیت الشباب-دا کوژرابوون و بوو بەهۆی پێشخستنی کاتی شۆڕش وەکو لەشوێنی خۆیدا باسمانکردوە) کەس ئێمەی ئاگادار نەکردبوو، کاتێك بەخۆمانی زانی دەورەدراین و گیراین و لەزیندانی دیاربەکردا بووین کە گوێمان لەتەقە و هەرای شۆڕشگێڕان دەبوو.

دکتۆر جەمال نەبەزیش لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٣١ لەلاپەڕە (٩٤)دا وتویەتی: جەنراڵ خالید بەگ جبران بەنهێنی شۆڕشێکی چەکدارانەی ڕێکخست و بڕیارابوو لە ١٩٢٧/٣/٢١دا کە ڕۆژی نەورۆز بوو شۆڕش دەستپێبکات بەڵام هێزێکی تورك لە ١٩٢٥/٣/٧دا پەلاماری گوندی (پیران)یدا کە شێخ سەعیدی لێبوو، بەهۆی ئەو شاڵاوەی تورك شۆڕشەکە پێش کاتی خۆی دەستیپێکرد و جەنراڵ حالید جبران و گەلێك کاربەدەستی تری هێزی کورد گیران لەلایەن ڕژێمی تورکەوە و بەبێ دادگاکردن گوللەباران کران.

شێخ سەعیدی سەرکردەی ئەو شۆڕشە هیچ شارەزاییەکی نەبوو دەربارەی ڕێکخستنی شۆڕشی چەکدارانە و سەری لێدەرنەدەچوو، هەرچەند شۆڕشگێڕەکان لەسەرەتادا زۆر شاریان ئازادکرد، بەڵام ئەمەش هەڵەیەکی ستراتیژی بوو چونکە لەشەڕی پارتیزانیدا نابێ ئەو شارانە ئازادبکرێن کە قوربانی و ماندووبوونێکی زۆر دەخوازێت، بەڵکو پێویستە مەڵبەندە ستراتیژیەکان کە پڕ سوودن دەستیان بەسەردابگیرێت چونکە شەڕکردن دژی سوپای تورکی پڕچەك و بەتوانا و

کوردیش بەو چەکە کەمە و بەو نارێکیەی کە هەیبوو سەرناکەوێت و زۆر کەوت لەسەر کورد و لەولاشەوە فەرەنسیەکان کە سەرپەرشتی (انتداب)ی سوریایان دەکرد یارمەتی هێزی تورکیاندا و ڕێگەی شەمەندەفەری (حەلەب)یان بۆ هێزەکانی تورك والآکرد کە ئەم هاوکاریکردنەی فەرەنسا بۆ تورکەکان کورد حسابی بۆ نەکردبوو.

دکتۆر جەمال نەبەز لەپەراوێزی لاپەڕە (١٠٠)ی کتێبەکەیدا باسی ئەوەی کردووە چۆن ڕۆژنامەی (ئیزفستیا)ی ڕۆژی ١٩٢٥/٢/٢٧ لەباسێکیدا شۆڕشگێڕانی کوردی بەهاوکار و سوێندخواری ئینگلیز دانابوو، پڕوپاگەندەی تورکە کەمالیەکان سۆڤێتیشیان لەخشتەبردبوو، بووبوون بەلایەنگری تورك دژی شۆڕشەکەی کورد. دکتۆر جەمال نەبەز لەکتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ نامەکەی (جەواهیر لال نەهرۆ) کردووە کە ناردبووی بۆ کچەکەی کە بەرلەمە دەقی ئەو نامەیەمان بلأوکردۆتەوە. لەدوای باسکردنی ئەو چەند سەرچاوانەی ڕەخنەیان لەشۆڕشی پیران گرتووە، دوو سەرچاوەمان ماوە کە هەردووکیان بەدووروودرێژی باسی ئەم شۆڕشەیان کردووە و نوسەرەکەیان هەریەکەیان بەپێی سەرنج و بۆچوون و ڕەخنەی خۆیان دەستنیشانکردوە.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەلاپەڕە (١٢٠)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٩ بەم شێوەیەی خوارەوە شۆڕشەکەی هەڵسەنگاندوە و ڕەخنەی لێگرتوە: شۆڕشەکەی شێخ سەعید وێنەی نەبووە لەشۆڕشەکانی تری کورددا کە بەرلەمە بەرپاکرابوو چ لەڕووی ژمارەی شۆڕشگێڕانەوە بووبێت یان لەڕێکوپێکیدا لەچاو شۆڕشەکانی پێشووتردا. دەربارەی هۆی ڕوودانی ئەم شۆڕشە وەکو حەسرەتیان باسیکردوە گەلێك لەنوسەرانی ولأتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژنامەکانی تورکیا لەبۆچونەکانیاندا لەسەر بناغەیەکی زانیاریانە بۆ باسەکە نەچووبوون و هەریەکەیان بەپێی مەبەست و سوودە سیاسیەکانی ولأتانی خۆیان لەو باسە کۆڵیونەتەوە و هەندێکیان بەچەتەگەری و هەڵپەی ڕاوڕوتکردن باسی شۆڕشگێڕەکانیان کردووە، بۆ نمونە ڕۆژنامەی (طنین) لەژمارەی ڕۆژی ١٩٢٥/٢/٢٨دا وتویەتی: هەموو بزوتنەوە و ڕاپەڕینێك بناغەکەی لەسەر بیروباوەڕێك دادەڕێژرێت، بەلأم ئایا ئەمەی ئەو کێوی و دڕندانە دەیکەن ئاخۆ بناغەی ڕاپەڕینەکەیان دەبێ لەسەر چ بیروباوەڕێك داڕێژرابێت؟ ئەگەر بیروباوەڕ و بنەما ڕێگەی هەبوایە بگاتە ناو مێشکی ئەوانەوە بێگومان بەهیچ جۆرێك خولیای ئەو ڕەفتارە دڕندەیەتیەیان نەدەچووە مێشکەوە،

بەڵام مێشکە خام و ناکامەکانیان لەبەر نەخوێندەواری و نەشارەزایی و خەیاڵ پلاّوی تەسەوف وای لێنەدەکردن ئەم ڕێگەیە بگرنەبەر و هەموو بۆ تاقە مەبەستێك کە بریتیە لەتالاّنی و ڕاوڕوتکردن ئەو کارە دڕندانەیان لێنەدەوەشایەوە.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان ئاماژە بۆ سەرچاوەیەکی تر کردووە (Hayat Ansiklopedisi Istanbul) لاپەڕە (٤٣٥٩) بەرگی بیستەم کە لەوەدا وتراوە: هەندێ لەسیاسیە خائینەکان کە نۆکەری بێگانەن، ئاگری هەست و جۆشی ئایینی بزواندنی و بەڵێنیان بەدانیشتوانی ناوچە شاخاویەکان دابوو کە ئەم شەڕە ڕێگەی ئەوەیان بۆ خۆشدەکات بەئارەزووی خۆیان لەناو شارەکاندا ڕاوڕووت و تالاّنی بکەن. حەسرەتیان لەباسەکەیدا دەڵێت: ئەوانەی بیروبۆچوونیان دەربارەی هۆی بەرپاکردنی شۆڕش لەو جۆرەیە کە لەو سەرچاوەیەدا باسکراوە، وای بۆچووبوون شێخەکان جوتیارە دواکەوتوەکانیان هاندابوو دژی جمهوریەت بەنیازی گێڕانەوەی خەلافەت و سەڵتەنەت و بەڵگەی ئەمانە بۆ ئەم بۆچوونەیان بریتی بووە لەوەی گوایا نوێنەری بنەچەی سوڵتانی تورك کە لابرابوو هێشتا هەر لەئارادا مابوو (مەبەست سەلیمی کوڕی دوا سوڵتانی تورکە).

حەسرەتیان لەلاپەڕە (١٢٩)ی کتێبەکەیدا بۆ وەلاّمی بۆچوونی ئەوانە وتویەتی: لەڕاستیدا ئەو جۆرە بۆچوونە لەپلەیەکی ئەوەندە نزمدا بووە کە شایانی ڕەخنەگرتن نیە چونکە بەر لەهەموو شتێك چونکە ئەو شۆڕشگێڕانەی نەخشەی ئەو شۆڕشەیان ئامادەکردبوو بریتی نەبوون لەشێخەکان بەڵکو ئەوانە بوون کە کۆمەڵی سەربەخۆیی کوردیان پێکهێنابوو (مەبەست کۆمەڵی ئازادیە کە بەسەرۆکایەتی خالید بەگ جبران و یوسف ضیاء بەگ پێکهاتبوو، لەسەرەتادا شێخ سەعید ئەندامی ئەو کۆمەڵە نەبوو تا ئەوکاتەی ئەوانە گیران ئەوسا شێخ سەعید کاروباری گرتەدەست).

بێجگە لەمە وەکو حەسرەتیان باسیکردوە پەیڕەویکردنی شەریعەت بۆ مەبەستی سەرگرتنی سەربەخۆیی کوردستان بووە، لەبەرئەوە چۆن دەبێ ئەم دروشمە وا لێکبدرێتەوە کە تەنها بۆ مەبەستی هێنانەوەی خەلافەت بووە لەکاتێکدا شۆڕشگێڕەکان مەبەستی سەرەکیان لەبەرپاکردنی شۆڕشەکەیان دەستگیربوونی سەربەخۆیی کورد بووە لەناو خاکی خۆیاندا و کورد تەنها هەر لەدوای خەلافەت هەڵوەشانەوە شۆڕشی نەکردووە بەڵکو دەمێك بوو لەزەمانی خەلیفەکانی پێشووتریشدا بۆ دەستگیربوونی مافی کورد دژی خەلیفە و سوڵتان

شۆڕشیان کردوه (مەبەستی شۆڕشەکانی بەدرخان پاشا و یەزدان شێر و شێخ عوبەیدولاّ بووه)، بۆیە ئەمەی پیرانیش بەئەڵقەیەکی ئەو زنجیرە لێکنەپچڕاوە دەژمێردرێت کە هەموویان وەك یەك بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کورد تێکۆشابوون ئیتر نازانم لەبەرچی دەبێ ئەمەی ئەمجارەیان بەڕووداوێکی سەیر تەماشابکرێت.

حەسرەتیان لەباسەکەیدا لەسەرینەڕوا و دەڵێت: هەرچۆنێك لێکبدرێتەوە دەتوانم بڵێم کورد قەت دەمارگیر و کەللەڕەق نەبووە بۆ ئاین و لەناو کورددا ئاینی ئیسلام گەلێك لکی لێبووەتەوە و ئەمانەی ئەم شۆڕشەیان کردووە لەکوردە سونیەکان بوون. لەڕاستیدا کورد زۆر باش لەوە گەیشتبوو هیچ سوڵتان و خەلیفەیەکی عوسمانی ڕۆژێك لەڕۆژان بایەخی نەداوە بەکورد و لەڕاستیشدا ئەم شۆڕشەی بۆ ئەوە نەکردبوو کە دەسەلاّت بدرێتەوە بەخەلیفەیەکی تازە بەڵکو بەرزکردنەوەی دروشمی ئایین بۆئەوە بووە پیاوە ئاینیەکان ببن بەلایەنگری شۆڕش و هاوکاریبکەن لەشۆڕشدا بۆ سەربەخۆیی کورد.

کورد دەمێك بوو لەلایەن سوڵتان و خەلیفەکانی عوسمانیەوە بێبەشکرابوون و ڕێگەی بلاّوبوونەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و زانیاریان لەدانیشتوانی کورد گرتبوو، بۆیە ڕۆشنبیرەکانی کورد لەسەرکردایەتی شۆڕشدا وەکو کارێکی تەکتیکی هەستی ئاینیان کردبوو بەدروشمێك بۆئەوەی شانبەشانی هەستی نەتەوایەتی لەشۆڕشەکەیاندا کە ئەمەش بۆ تورکەکان دەستینەئەدا و بەهەموو شێوەیەك ناوی شۆڕش و شۆڕشگێڕەکانیان بەوە دەزراند کە شۆڕشەکەیان بریتیە لەبزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەی دوور لەڕێبازی شارستانیەتی.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەلاپەرە (١٢٣)ی کتێبەکەیدا بەرپەرچی ئەوانەی داوەتەوە کە بلاّویانکردبوەوە شۆڕشەکەی پیران بەهاندانی بێگانە بووە بەتایبەتی ئینگلیز و بۆ نمونە باسێکی ڕەشید پاشای جێگری سەرۆکی حیزبی (تقدم)ی تورکی هێناوەتەوە (بەرلەمە باسی سەرۆکەکەیان لەزۆر شوێندا کراوە کە ناوی قەرەبەکر پاشا بووە) کە وتویەتی: دەربارەی ئەوەی گوایا ئەم ڕاپەڕینە بەپیلانی بێگانە بووە شتێکە من بڕوای پێناکەم چونکە (غنج) و (موش) کە شۆڕش لەهەردووکیاندا بەرپابووبوو دوو شوێنی زۆر دوورن لەسنوور (مەبەستی سنووری تورکیا و عێراقە کە ئەوسا عێراق لەژێر سایەی بەریتانیادا بووە) لەبەرئەوە ئەگەر ڕاپەڕیوەکان لەبێگانەوە یارمەتیان بۆ بهاتایە دەبوایە هیچ نەبێ بەرلەو دوو شوێنە شۆڕشەکە لەشوێنەکانی نزیك سنوورەوە دەستپێبکردایە.

سەرچاوەی حەسرەتیان بۆ ئەمە بریتیە لەلاپەڕە (٢)ی کتێبی (B.Gemel Sait isyani).

حەسرەتیان دەڵێ: گەلێ بەڵگەی تریش هەیە ڕوونیدەکەنەوە شۆڕشەکە بەهۆی بێگانەوە نەبووە بەڵکو هۆی ناوخۆ پاڵی بەشۆڕشگێڕەکانەوە نابوو بەو ڕاپەڕینە هەڵسن. هەروەکو پەیامنێری ڕۆژنامەی (وقت)ی تورکی کە (ناشد حقی) بووە، کە ئاگای لەدادگاکردنەکانی ئیستقلال بووە لەدیاربەکر، نامەیەکی لەدیاربەکرەوە ناردوە بۆ ڕۆژنامەکە باسی وتاری نوێنەری گشتی دیفاعی کردووە لەدادگاکەدا کە ڕوویکردۆتە سەرۆکی دادگا و وتویەتی: (هۆی دەستپێکردنی ئەم شۆڕشەی لەم دواییەدا بڵاوبۆتەوە لەویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی خاکی پیرۆزی تورکیادا هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی بۆسنە و هەرسکدا، ئەوەی کوردیش هەوڵی بۆ داوە بریتیە لەهەمان ئەو ئامانج و مەبەستەی ئەوان و ئەوانەش کە بوون بەهۆی جیابوونەوەی سوریا و فەلەستین).

حەسرەتیان لەلاپەڕە (١٢٤)دا وتویەتی: بەو جۆرە دەزگاکانی حکومەتی تورك خۆیان دانیان بەنیوەی ڕاستیەکاندا ناوە کە شۆڕشەکە نە پیلانی بێگانە و نە بەهاندانی بێگانە بووە و بگرە لەدەرەوەی کوردستانی تورکیاش نە لەشێخ مەحمود و نە لەسمکۆ یارمەتی نەگەیشتووە بەشۆڕش و سەرباری ئەمە لەناو عەشیرەتەکانی کوردی باکوردا هی وا هەبووە دژی شۆڕشەکەی کورد بووە و لایەنگری حکومەت بووە وەکو عەشیرەتی (لۆلان) و (هورمیك) و هەندێ لەکوردەکانی دەرسیم و کوردی هەندێ ناوچەی تر کە هۆی ئەمەش جیاوازی مەزهەب بووە لەناو کوردەکاندا بەتایبەتی ئەوانەی دەرسیم باوەڕیان بەوە نەبووە شۆڕشەکە بەسەرکردایەتی شێخ سەعید سەردەکەوێت و ئەگەر سەریشبکەوتایە لەگەڵیاندا تووشی کێشە دەبوون (وەکو لەزۆر شوێندا باسکراوە ماکی ئەو دوبەرەکی و ناکۆکیە لەکاتی دروستبونی سوارەی حەمیدیەوە پەیدابووبوو کە تورکەکان ئەو هێزەیان دژی عەلەویەکان بەکاردەهێنا).

بەداخەوە لێرەدا کورتبینی کوردی ئەو ڕۆژانە دەرکەوتوە کە ناوچەی دەرسیم لەگەڵ شۆڕشدا نەبوون و نەیاندەزانی لەدوای پانکردنەوەی شۆڕشەکەی پیران تورك بەردەبێتە وێزەی خۆیان هەروەکو لەباسی شۆڕشی دوهەمی دەرسیمدا لەبەرگی سێهەمدا ڕووندەبێتەوە.

پرۆفیسۆر حەسرەتیان لەلاپەڕە (١٢٥)ی کتێبەکەیدا دەستی خستۆتە سەر زامەکانی ئەو شێرپەنجەی ناکۆکی و نارێکیەی حاڵی کوردی کاولکردبوو، وتویەتی: یەکێك لەکارەساتەکانی شۆڕشەکانی کورد بریتی بووە لەنەبوونی تەبایی و هاوکاریکردن لەنێوان سەرکردەکانی کورددا کە زۆربەیان دوای سوود و بەرژەوەندی خۆی کەوتبوو، بەوپێیە بزوتنەوەکانی کورد بریتی بوون لەچەند ڕاپەڕینێکی پچڕپچڕی ناوبەناو کە هەموو جارێك بەئاسانی ئەو بزوتنەوانە لەناوبران، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا شۆڕشەکەی شێخ سەعید بەشۆڕشێکی جەماوەری دەژمێردرێت چونکە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات بەشداریان تیاداکردبوو بەجوتیار و کۆچەر و نوێنەری بۆرجوازی، بازرگان و شێخ و ئاغا و ڕۆشنبیران و دانیشتوانی ناو شارەکان و ئەفسەری سوپایی و هەتا ڕادەیەك حەماڵە کوردەکانی ئەستەمبوڵیش بەشدارییان کردبوو، ئەگەرچی بەشداربوەکان تەنها هەر هەستی نەتەوایەتی پاڵی پێوەنەنابوون بەڵکو هی واشیان هەبووە بۆ مسۆگەرکردنی سوودی خۆی بەشداریکردبوو لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سوودە تایبەتیانە ڕێگەی لەهەندێکیان نەگرتبوو قارەمانانە گیانی خۆی پێشکەش بکات لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا.

لەدوای ئەو سەرنج و ڕەخنانەی پرۆفیسۆر حەسرەتیان، دەچینە سەر باسێکی تری دووروودرێژ کە بریتیە لەسەرنج و ڕەخنەکانی ڕۆبەرت ئولسون کە لەلاپەڕە (١٥٣)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ باسیکردوە کە وتویەتی: ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید بەگەورەترین بزوتنەوە و ڕاپەڕینی کورد دەژمێردرێت کە کۆمەڵی ئازادی ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لەئامادەکردنی شۆڕش و دەستپێکردنی. ڕۆشنبیران و ئەفسەرانی کورد لەناو سوپادا بەشداربوون و پێویستە ڕۆڵی ئەمانە جیابکرێتەوە لەڕۆڵی ئەوانەی پیاوی دنیایی نەبوون وەکو شێخ سەعید و شێخەکانی تر.

هەرچەند شێواز و ڕێبازی شۆڕشەکە بریتی بوو لەبزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی بەڵام ئەو پروپاگەندانەی دژی شۆڕشەکە بڵاودەکرایەوە وایان پیشانئەدا شۆڕشێکی ئاینی بووە، بەڵام هی واش هەبووە وەکو (بەهجەت جەمال) و (مەتین تۆکەر—Metin Toker) بزوتنەوەکەیان بەڕاپەڕینێکی ئاینی کۆنەپەرستانە لەقەڵەمداوە و وایان بڵاوکردۆتەوە شۆڕشگێڕەکان دژی ئەو گۆڕانکاریانە بوون کە لەساڵی (١٩٢٢) بەدواوە دەستپێکردبوو، بەتایبەتی دوای هەڵوەشانەوەی خەلافەت لە ١٩٢٤/٣/٣دا، هەرچەند هەندێ لەشارەزایانی تورك لەدواییدا بەو

بۆچـونەی پێشـوویاندا چـوونەوە و بزوتنەوەکـەی کوردیـان بەبزوتنەوەیـەکی نەتەوایەتی باسکردوە، بەڵام وتویانە لەژێر پەردەی ئایندا بووە چونکە ئەوانە بۆیـان روونبـووەوە شـێخ سـەعید ئەگەرچـی پیـاوێکی ئـاینی بـووە بـەڵام هـەر لەسەرەتاوە ناسیۆنالیستێکی سەرگەرم بووە.

دەربارەی ئـەو پیاچونەوەی رۆبەرت ئولسون باسیکردوە، لەبەرگی سێهەمدا لەباسی شۆڕشی دەرسیمدا ئاماژە بۆ کتێبەکەی دکتۆر عەزیز شەمزینی ئەکەین دەربارەی شۆڕشی دەرسیم کە باسی راپۆرتێکی (عابدین عوسمان–ئوسمان) کە رێبەرێکی تورکی ناسراو بووە لەپشکنەرێتی گشتیدا کە بەئاشکرا دانی بەوەشدا نـاوە کـە شـێخ سـەعیدیش لـە شۆڕشـەکەی پیرانـدا رێبـازی ناسیۆنالیسـتی گرتبووەبەر کە ئەم دانپیانانەی لەرۆژنامەی (تان)ی تورکیدا بڵاوکراوەتەوە.

رۆبـەرت ئولسـون لەباسـەکەیدا لەسـەرینەڕوا و ئـەڵێت: شـارەزایان لەسـاڵانی شەسـتەکان و حەفتاکانـدا لـەناو ئـەو زانایانـەدا زانایـانی کۆمەڵایـەتی (Social)ی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا هـەموو لـەوەدا یەکیانگرتۆتـەوە کـە ناسیۆنالیسـتی لەگـەڵ هەسـتی ئاینیـدا پێکـەوە نـاگونجێن بۆیـە لـەوەی شـێخ سـەعیدا ئـەو راسـتیە بەتەواوەتی روونبووەتەوە. بەڵام (مارتن ڤان برونسون) بەپێچەوانەی ئەو زانایانـە وای بۆچـووە کـە تەقـەلاکانی شـێخ سـەعید کـە مرۆڤێکـی ئـاینی بـووە لەگـەڵ مەبەسـتەکانی ئازادیـدا هـەردووکیان بـۆ یـەك مەبەسـت بـووە کـە بریتـی بـووە لـەپێکهێنانی حکومـەتێکی کـوردی و شـێخ سـەعید بـاوەڕێکی بـەهێزی هـەبووە بەناسیۆنالیستی و شێخ سەعید تاکە کەسیش نەبووە کە دژی هەڵوەشـانەوەی خەلافەت بووە و هەندێ لەئەندامانی کۆمەڵی ئازادیش هەڵوەشانەوەی خەلافەتیان پێناخۆش بووە (لەڕاستیدا بەهەزاران رۆشنبیری تورکیش کە هەندێکیان ئاینیش نەبوون هەر دژی هەڵوەشانەوەی خەلافەت بوون).

رۆبەرت ئولسون لەباسەکەیدا دەڵێت: شۆڕشی شێخ سەعید بەقۆناغێکی تازە دەژمێردرێت لەمێژووی میللەتی کورددا کە لەلایەن رێکخراوێکی سیاسیەوە براوە بـەڕێوە (مەبەسـتی کۆمـەڵی ئازادیـە) بـەڵام بەداخـەوە ئەنـدامانی ئـەو کۆمەڵـە بەرلەوەی کاتی دەستپێکردنی شۆڕش دەستپێبکات خالید بەگ جبران و یوسف ضیاء بەگ گیران و شۆڕشەکە لەشارەزایی و لێهاتوویی ئەو دوانە بێبەشکرا. رۆبەرت ئولسون لێرەدا بەراوردی ناسیۆنالیستی شۆڕشەکەی پیران و ئەو شەڕە

گەورەیەی (زیلان–Zylan) هەردووکیانی وەك یەك حساب کردووە کە ئەمەی دوایی لەشۆڕشی ئاگریداغدا کرابوو (لەبەرگی سێهەمدا باسیدەکەین).

ڕۆبەرت ئولسون ڕەخنەی لەخاوەن زەویوزارەکانی دیاریەکر گرتووە کە هاوکاریان نەکردبوو لەشۆڕشدا و بەڵکو لایەنگری حکومەت بوون بەتایبەتی لەوکاتەدا کە هێزەکەی شێخ سەعید ئابلۆقەی شارەکەیان دابوو، هیچ کەسێك لەوانە بەدەم بانگەواز و هاواری شۆڕشگێڕەکانەوە نەچووبوون و تورکە کەمالیەکان ماوەیەك بوو پەیوەندیان لەگەڵ هەندێ ئاغا و دەرەبەگەکانی ئەو ناوچەیەدا بەهێزکردبوو. ئەوەی ڕاستی بێ سمکۆش لەشۆڕشەکەیدا لەگەڵ حکومەتی ئێران خۆی تووشی هەمان هەڵە کرد لەکاتی پەلاماردانی شاری مەهابادا و ئەو هەڵەیەی سمکۆ زیانێکی زۆری بەشۆڕشەکەی گەیاند هەروەکو لەلاپەڕە (٤٣٤)ی کتێبەکەی سمکۆدا چاپی ستۆکهۆڵم، بەدووردرێژی باسمانکردووە.

ڕۆبەرت ئولسون لەکتێبەکەیدا ڕەخنەیەکی تری لەشۆڕشی پیران گرتووە کە بریتیە لەوەی کۆمەڵی ئازادی هەروەکو پێویست بوو نەیتوانیبوو پەیوەندی بەو هەموو کوردە ڕۆشنبیرانەوە بکات کە لەئەستەمبوڵدا بوون و نەیتوانیبوو لەکاتی خۆیدا ئەو ڕۆشنبیرانە والێبکات کە خۆیان بەلێپرسراوی شۆڕشەکە بزانن بۆئەوەی هەریەکەیان ڕۆڵی خۆی ببینێت (لەڕاستیدا وەکو ڕۆبەرت ئولسون ڕەخنەی گرتووە ئەو نیمچە پەیوەندیەش کە عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعید بەشێخ عەبدولقادری شەمزینیەوە کردبووی نەگەیشتبووە ڕادەی ئەوەی شێخ سەعید بەرلەوەی تورکەکان بیگرن ئەویش لەکۆڕی شۆڕش نزیکبوایە وەکو شێخ سەعید و تورکەکان پێشوەخت شێخ عەبدولقادریان گرت و ئەگەرچی هیچ بەڵگەیەکیش بەدەستەوە نەبوو بۆ تاوانبارکردن و دادگاکردنی شێخ عەبدولقادر و هاوکارەکانی بەوەی کە بەکردەوە لەشۆڕشەکەدا بەشداربوون.

ڕۆبەرت ئولسون کێشەی نێوان عەشیرەتی (هورمیك)ی عەلەوی لەگەڵ عەشیرەتی (جبران) کە خالید بەگ یەکێك بووە لەناودارەکانی و کێشەی نێوان جوتیارانی کورد و خاوەن زەویوزارەکان و ناکۆکی نێوان زۆربەی عەشیرەتەکانی کورد لەو ڕۆژە ناسکەدا هۆی سەرنەکەوتنی شۆڕش بووە. ڕۆبەرت ئولسونیش وەکو پرۆفیسۆر حەسرەتیان باسی هەندێ لەنوسەرانی تورکی کردوە وەکو (مەتین تۆکەر) کە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدیان بەشۆڕشی تاقمێکی

کەللەڕەق و سەرگەرمی ئاینی ئیسلام کە دژ بەدیموکراتی و پێشکەوتنخوازی و شارستانیەتی و بەگەلێك ناوی تر ناویبردوە و لایانوابووە بەکارهێنانی ئەو وشانەیان دەبێتە پەردەیەك بەرامبەر تاوانەکانیان و خۆیان بەپێشکەوتنخواز و دیموکراتیخواز پیشانئەدەن.

لەکۆتاییدا ڕۆبەرت ئولسون دەڵێت: لەڕاستیدا شێخ سەعید هەمیشە شەڕخواز نەبووە بەڵکو ئاشتیخواز بووە و گەلێك هەوڵی دابوو بەخۆشی کێشەی کورد لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتدا چارەسەربکرێت، بەلاّم وادیارە تورکەکان خۆیان مەبەستیان بووە ئەو شۆڕشە دەستپێبکرێت بۆئەوەی لەلایەکەوە لەکورد بدەن و لەلایەکی ترەوە لەژێر پەردەی لێدانی کوردی یاخیبوودا نەیارەکانی خۆیان لەناو دەزگاکانی حکومەت و لەناو ئەو ڕێکخراوانەی هاوبیری کەمالیەکان نەبوون هەموویان لەناوببات بەتایبەتی هەوڵیاندابوو حیزبی جمهوری پێشکەوتنخواز کە (کازم قەرەبەکر پاشا) سەرۆکی بووە هەڵوەشێتەوە و هەموو ڕێکخراو و ڕۆژنامەکانی ئەوانەی بەئاشکرا لایەنگری خۆیان نەبن هەموویان قەدەغەبکەن.

ڕۆبەرت ئولسون لەلاپەڕە (١٥٩)ی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ یاسای (Dress Law) کردووە کە لە٢٥ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٢٦دا دەرچووبوو بەپێی ئەوە جلوبەرگی شەعبی لەبەرکردن یاساغکرا و ئەوی لەو یاسایە لایدایە بەخائین دەژمێرا و پاشئەوەی کەمالیەکان توانیبوویان حیزبی پێشکەوتوخوازی تورك قەدەغەبکەن ئیتر بێجگە لەحیزبەکەی خۆیان (جمهوریەتی خەلق فرقەسی) بەولاوە ڕێگەیان بەبوونی هیچ حیزبێکی تر نەداوە، کە ئەم حیزبە هەتا ساڵی (١٩٥٠) درێژەیکێشا.

سەرچاوەکانی بەرگی دووهەم

ژ	ناوی سەرچاوە	نوسەر و وەرگێر	شوێن و ساڵی لەچاپدانی
١	گۆڤاری(The Kurds)	David Macdwell	ژمارە/٣، لەندەن ١٩٨٢
٢	اعلام الكرد	مير بصري	لەندەن-قوبرس، ١٩٩١
٣	مێژووی ڕۆژنامەگەری	دکتۆر جەمشید حەیدەری	گۆڤاری پەیڤ، ژمارە/١٦، لەندەن ١٩٩٢
٤	People without country	، وەرگێڕانی (Challand)نوسینی دکتۆر ئەحمەد عوسمان	گۆڤاری نوسەری کورد، ژمارە/٤ ساڵی ١٩٨٦
٥	ڕۆژنامەی کوردستان	دەستەی نوسەرانی گۆڤاری چوارچرا	گۆڤاری چوارچرا، ژمارە/٢، ساڵی ١٩٨٦
٦	پەیوەندی نێوان کورد و ڕووسیا	دکتۆر کەمال عەلی	گۆڤاری چوارچرا، ژمارە/٣، ساڵی ١٩٨٦
٧	شۆڕشی دەرسیم	وەرگێڕانی لەتورکیەوە بۆ کرمانجی ژووروو لەلایەن دکتۆر جەبار قادر بەپیتی لاتینی و وەرگێڕانی کوخی بۆ پیتی عەرەبی بەکوردی	گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە/١٥، سوید، ساڵی ١٩٨٨ و گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە/١٢٦، ساڵی ١٩٩٠
٨	مەسئەلەکانی کورد	و. جی. ئیلفنستن، وەرگێڕانی عەبدولقادر حیشمەت بۆ کوردی	لەبڵاوکراوەکانی دەنگی گێتی
٩	کوردستانی تورکیا بەزەمینەی مێژووییەوە	دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی	گۆڤاری خوێندکاری کورد، پاریس، ١٩٩٠
١٠	گۆڤاری کوردستان ١٩١٩-١٩٢٠	فەرهاد پیرباڵ	چاپی پاریس، ١٩٩٠
١١	چل ساڵ لەبیرەوەریی جەلادەت بەدرخان	کونی ڕەش	گۆڤاری هیوا، پاریس، ژمارە/٨، ساڵی ١٩٨٦
١٢	البارزاني و الحركة التحررية انتفاضة بارزان الاولى ١٩٣١-١٩٣٢	مەسعود بارزانی	چاپخانەی خەبات، ١٩٨٦
١٣	ملاحظة تأريخية حول نشاة الحركة القومية الكردية	سیامەند ئەحمەد عوسمان	گۆڤاری (دراسات كرديه)، پاریس، ساڵی ١٩٨٤
١٤	ڕابەری ڕۆژنامەگەری	جەمال خەزنەدار	بەغدا، ١٩٧٣
١٥	ڕۆژنامەکانی بانگی کوردستان و ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢-١٩٢٣	جەمال خەزنەدار	بەغدا-١٩٧٣، ١٩٧٤
١٦	كردستان و الاكراد	دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ	بەیروت، ١٩٧٢
١٧	جمهورية مهاباد	ولیەم ئیگلتن-وەرگێڕانی جەرجیس فەتحوڵا بۆ عەرەبی	بەیروت، ١٩٧٢
١٨	ڕاپەڕینی کوردەکان، ساڵی ١٨٨٠	نوسینی دکتۆر جەلیلی جەلیلی، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان بۆ کوردی	بەغدا، ١٩٧٨
١٩	کێشەی کورد لەسیڤەرەوە بۆ لۆزان	دکتۆر فوئاد حەمەخورشید	گۆڤاری ڕەنگین، ژمارەکانی (٧٩، ٨٠، ٨٩)، ساڵانی ١٩٩٥، ١٩٩٦-بەغداد
٢٠	دەربارەی ڕۆژنامەی کوردستان	محەمەد مەلا کەریم	گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە/٧٩، ١٩٩٥
٢١	کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی	نوسینی دکتۆر جەلیلی جەلیلی، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان بۆ کوردی	بەغدا، ١٩٨٧
٢٢	كردستان و الحركة القومية الكردية	جەلال تاڵەبانی	بەیروت، ١٩٧١
٢٣	كرد و كردستان في الوثائق البريطانية	دكتور وليد حمدي الاعظمي	قبرص، ١٩٩٢
٢٤	کوردستان لەساڵەکانی شەڕی جیهانیدا	دکتۆر کەمال مەزهەر	بغداد، ١٩٧٥

٢٥	عرب و اكراد–رؤية عربية	منذر الموصلي	بيروت، ١٩٨٦
٢٦	ڕۆژ کورد–ساڵی ١٩١٣	جەمال خەزنەدار	بەغدا، ١٩٨١
٢٧	یاداشتەکانی مێجەر نوئیل	مێجەر نوئیل	دۆکیومێنتی (Fo.٣٧١-١٣٩٤٧) ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا
٢٨	جمهوری اول ترکی	نوسینی ڕیچارد ڕالینسون، ئیرج ئەمنی کردوویەتی بەفارسی	چاپی تاران، ١٣٥٦/٤/٧ی کۆچی
٢٩	کوشتاری ئەرمەنییەکان	نوسینی کاك باجلان (Kak Bajalan)	گۆڤاری (Kurdish Time) ژمارە/٢، ١٩٩٢، ئەمریکا
٣٠	کەمال ئەتاتورك	محەمەد محەمەد توفیق، ئیسماعیل فراهانی کردوویەتی بەفارسی	ئێران، ساڵی ١٣١٨ی کۆچی
٣١	کوردستان و شۆڕشەکەی	نوسینی دکتۆر جەمال نەبەز و دکتۆر کوردۆ لەئەڵمانییەوە کردوویەتی بەکوردی	چاپی سوید، ساڵی ١٩٨٥
٣٢	خلاصة تاريخ كرد و كردستان	نوسینی ئەمین زەکی بەگ بەکوردی، وەرگێڕانی محەمەد عەلی عەونی بۆ عەرەبی	چاپی قاهیرە، ١٩٦١
٣٣	گەشتەکەی (بیور) لەکوردستاندا	شوکر مستەفا لەتورکیەوە کردوویەتی بەکوردی	گۆڤاری کۆڕی زانیاری–بەغدا، ژمارە/٢، ساڵی ١٩٨٣
٣٤	کورد لای گردلیڤسکی	دکتۆر کەمال مەزهەر	گۆڤاری کۆڕی زانیاری، ژمارە/٢، ساڵی ١٩٨٣
٣٥	عرب و اكراد–خصام او وئام	دكتور دريه محمد علي عوني	چاپی قاهیرە، ساڵی ١٩٩٣
٣٦	کورد و مەسەلەکەی	میخائیل سیمونوڤیچ لازاریف، وەرگێڕانی دکتۆر کەمال عەلی بۆ کوردی	گۆڤاری (سوکسە)، سوید
٣٧	الأكراد شعبا و قضية	صلاح بدرالدين	بيروت، ١٩٨٧
٣٨	مێژوو–کورد و مێژوو	دکتۆر کەمال مەزهەر	بەغدا، ١٩٨٣
٣٩	چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد	دکتۆر کەمال مەزهەر	بەغدا، ١٩٨٣
٤٠	کۆمەڵ و ڕێکخراو و حیزبە کوردیەکان لەنیو سەدەدا	دکتۆر عەبدولسەتار تاهیر شەریف	بەرگی (١٨–١٩)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری، بەغدا، ١٩٨٨
٤٠/١	الجمعيات و المنظمات و الأحزاب الكردية في نصف قرن (١٩٠٨–١٩٥٨)	دكتور عبدالستار طاهر شريف	بغداد، ١٩٨٩
٤١	مێژووی کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستدا	کریس کۆچرا–وەرگێڕانی محەمەد ڕەبانی	چاپی تاران، ١٣٦٩ی کۆچی
٤٢	جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کورد	نوسینی دکتۆر عەزیز شەمزینی، وەرگێڕانی بۆ کوردی (ئەسەسەرد)	چاپخانەی ئیبراهیم عەزۆ، ساڵی ١٩٨٥
٤٣	کورد	مینۆرسکی، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی دکتۆر مارف خەزنەدار	بەغدا، ١٩٨٤
٤٤	الرجل الصنم–اتاترك، الجزء الأول و الثاني	ظابط تركي سابق، ترجمه الى العربية عبدالله عبد	بيروت، ١٩٩٢
٤٥	القومية في تركيا	نوسینی پرۆفیسۆر حەسرەتیان، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (سیامەند سرتی)	شوێن و ساڵی چاپی لەسەر نییە
٤٦	تركيا و الشرق الأوسط	(Philip Robins)، ترجمه الى العربية ميخائيل نجم خوري	ليماسول–قبرص، ١٩٩٣
٤٧	العرب و الترك في العهد الدستوري العثماني ١٩٠٨–١٩١٤	دكتور توفيق برو	ديمشق، ١٩٩١
٤٨	الدولة العثمانية–قراءة جديدة لعوامل الانحطاط	دكتور قيس جواد العزاوي	فلوريدا، ١٩٩٤

٤٩	كردستان تركيا بين حربين	نوسینی پرۆفیسۆر حەسرەتیان، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی سعدالدين ملا و باڤی نازی	بیروت، ١٩٨٧
٥٠	بنەماڵەی شێخانی پیران	(Robert Olson)	زانكۆی كنتاكی، ١٩٨٤
٥١	سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی	وەرگێڕانی سەعید ناكام بۆ كوردی	بەغدا، ١٩٧٦
٥٢	كرد از بیرون	حەسەن عەرەفە، وەرگێڕانی حامید گەوهەری	سوید، ١٩٨٥
٥٣	جنبشهای كرد از بیرون تا اكنون	م. كاردوخ	یۆتۆبۆری-سوید، ١٩٩٣
٥٤	الاكراد	باسیل نیكتین، وەرگێڕانی سەلاّح بەرواری	١٩٩٣
٥٥	نهضة الأكراد الثقافية	نوسینی دكتۆر جەلیلی جەلیلی-باڤی نازی، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (د. ولاتو)	بیروت، ١٩٨٦
٥٦	كردستان و الحركة القومية الكردية	صلاح بدرالدين	نیقوسیا، ١٩٨٣
٥٧	في سبيل كردستان (مذكرات)	زنار سلوپی (قەدری جەمیل پاشا)	بیروت، ١٩٨٧
٥٨	تأريخ الدولة العلية العثمانية	فريد بك المحامي	بیروت، ١٩٨١
٥٩	جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی كورد	نوسینی رادوڤان باڤیچ، وەرگێڕانی مەحمود مەلا عیزەت	سوید، ١٩٨٥
٦٠	القضية الكردية-ماضي الكرد و حاضرهم	بلەچ شیركوە (جلادت بدرخان)	بیروت، دار كاوە للنشر، ١٩٨٦
٦١	انتفاضة ئاگری-مذكرات	یاداشتەكانی ئیحسان نوری، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی سەلاّح بەرواری	بیروت، ١٩٩٠
٦٢	موحازەرەیەك دەربارەی كوردستان	ژنەكەی مێجەرسۆن	لەگۆڤاری (Journal The Royal Centre) ، حوزەیرانی ١٩٣٥
٦٣	الحركة الكردية في الزمن الحديث و المعاصر	تأليف مجموعة من المستشرقين الروس، ترجمة الى عربية كرم السويدي	ڕەشنوسێكی چاپنەكراوە
٦٤	The Baning of Kurdogis Culture	نووسینی پرۆفیسۆر حەسرەتیان، وەرگێڕانی (ش. خ. محو)	ئەنیستیوتی كوردی لەپاریس
٦٥	یاداشتەكانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی	ڕەفیق حیلمی	چاپی دوهەم، بەغدا، ١٩٨٤
٦٦	The Conflict of Tribes in Iran and Afganistan	مارتن ڤان برونسون	لەندەن، ١٩٨٣
٦٧	بیرەوەریەكانی عەزیز یامولكی	عەبدولعەزیز یامولكی	گۆڤاری مامۆستای كورد، سوید، ١٩٦٦
٦٨	گەشتەكەی ریچ	وەرگێڕانی حەمەی حەمە باقی	چاپی تەورێز، ١٩٩٢
٦٩	یاداشتەكانی ئەحمەد تەقی	ئامادەكردنی جەلال تەقی	بەغدا، ١٩٧٠
٧٠	كورد و عەجەم	ساڵح محەمەد ئەمین (ئەوشیروان مستەفا)	ساڵی ١٩٩٢
٧١	كورتە مێژووی بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد	سادق شەرەفكەندی	سوید، ١٩٩٥
٧٢	ذكر الأكراد و أصولهم من كتابات المسلين الأوائل	دكتور احمد عثمان ابوبكر	گۆڤاری كۆڕی زانیاری، ژمارە/١٣، بەغدا، ١٩٨٥
٧٣	شێخ و ئاغا و دەوڵەت	نوسینی مارتن ڤان برونسون، بەرگی یەكەم، وەرگێڕانی دكتۆر كوردۆ عەلی	سوید، ١٩٩٦
٧٤	التراث الكردي في مؤلفات الأيطالية	ترجمه الى العربية (Mirello Galletti) دكتور يونس حسين	گۆڤاری كۆڕی زانیاری، ژمارە/٨، ساڵی ١٩٨١
٧٥	شەرەفنامە	نوسینی شەرەفخانی بدلیسی، هەژار لەفارسیەوە كردویەتی بەكوردی	چاپی تاران، چاپخانەی جەوهەری، ساڵی ١٩٨١
٧٦	ڕۆژنامەی كوردستان لەساڵانی ١٨٩٨-	كۆكردنەوە و لەسەرنوسینی محەمەد	دوو بەرگ، سوید

	١٩٠٢	ئەمین بوزئەرسەلان	
٧٧	گۆڤاری ژین	کۆکردنەوە و لەسەرنوسینی محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان	چوار بەرگ، سوید
٧٨	ژیانی شەریف پاشای خەندان	روهات ئالاکوم	گۆڤاری مامۆستای کورد، سوید، ١٩٩٥
/٧٨ ١	Di Cavkaniye swedi De Motiven Kurdi	روهات ئالاکوم	سوید، ١٩٩١
٧٩	The Case of Kurdistan against Turkey	سریا بەدرخان	فلادلفیا-١٩٢٨، چاپی دوهەمی سوید-١٩٩٥
٨٠	بەرگی یەکەم و دوهەمی کتێبەکەی شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی کوردستان	محەمەد ڕەسول هاوار	لەندەن-سالی ١٩٩٠، ستۆکهۆلم-١٩٩١
٨١	گزیدەی اسناد سیاسی ایران و عوسمانی در دورەی قاجاریە-جلد اول	دفتر مطالعات سیاسی و بین الملل ایران	تاران، ١٣٦٩ی کۆچی
٨٢	الأمبراطورية العثمانية	سعيد احمد برجاوي	بیروت، ١٩٩٣
٨٣	الترك في العصور الوسطى و بيزنطة و سلاجقة الروم	دكتورة زبيدة عطا	کویت، دار الفكر العربي (مێژووی چاپی لەسەر نییە)
٨٤	The Emergence of Kurdish Nationalism and Shaikh Said	Robert Olson	ئەمریکا، ١٩٨٩
٨٥	Ataturk The Birth of Nation	Patrick Kinross	لەندەن، ١٩٩٥
٨٦	المغول	السيد الباز العريني	بیروت، ١٩٨٦
٨٧	گۆڤارەکانی ڕۆژی نوێ	ئیسماعیل حەقی شاوەیس	سلێمانی، ١٩٦٠-١٩٦١
٨٨	مجلات الهلال خلال سنوات ١٩٠٨-١٩٠٩	منشاها جرجي زيدان	مطبعة الهلال، فجالة، مصر
٨٩	The Otoman Empire	Wane. S. Vucinich ، (سهیل ئازەری) کردویەتی بەفارسی	چاپخانەی شفق، تەورێز، سالی ١٣٤٦ی کۆچی
٩٠	تاریخی عوسمانی از تشکیلات تا فتح استمبول	دکتۆر ئیرج نوبخت کردویەتی بەفارسی	١٣٦٨ی کۆچی
٩١	کوردستانی موکریان یا ئەتروپاتێن	حسێن حوزنی موکریانی	ڕەواندز، ١٩٣٨
٩٢	الاكراد و العرب	ئیبراهیم ئەحمەد	چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٢٧
٩٣	تأريخ الأمارات الكردية من الأمبراطورية العثمانية	نوسینی پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیلی، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی دکتور محمد عبدو السنجاري	دیمشق، ١٩٨٧
٩٤	پەیوەنداریەتی کورد	دکتۆر جەمال نەبەز	ستۆکهۆلم، ١٩٨٦
٩٥	معاهدة سيفر	م. رسول هاوار	گۆڤاری (الثقافة الكردية)، ژمارە/٢، چاپی لەندەن، مەڵبەندی ڕۆشنبیری، ١٩٨٨
٩٦	الأكراد حفيد الميديين	نوسینی مینۆرسکی، وەرگێڕانی دکتۆر کەمال مەزهەر	گۆڤاری کۆڕی زانیاری، بەغدا
٩٧	ئاوێستا و نامەی مەینەتی ئاینی زەردەشت بەشی یەکەم	ئەنداز حەوێزی	سوید، ١٩٩٢
٩٨	کوردستان لەچەند گەشتێکی ڕۆژئاواییەکاندا	شوکر مستەفا لەتورکیەوە کردویەتی بەکوردی	گۆڤاری کۆڕی زانیاری، ژمارە/٨، بەغدا، ١٩٨١
٩٩	مێژووی حەسەنویەیی و عەیاری	محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی	بەغدا، ١٩٨٦
١٠٠	ڕۆژنامەگەریی کورد	مالمیسانج (مالمیسانژ)	سوید، ١٩٨٩
١٠١	دوکیومێنتەکانی ئەرشیفی حکومەتی بەریتانیا	نوسەری ڕاپۆرتەکان	-

١٠٢	خەبات (کێشە) لەرێی کوردستاندا	پرۆفیسۆر خالفین، جەلال تەقی لەروسیەوە کردویەتی بەکوردی	١٩٨٢
١٠٣	أضواء على قضايا دولية	دکتۆر کەمال مەزهەر	بەغدا، ١٩٧٨
١٠٤	مێژووی مۆسیقای کوردی	محەمەدی حەمە باقی	سەقز، ١٩٩٦
١٠٥	اسلامی مردم پسند–ناسیۆنالیزمی کورد–سەربزێوی شێخ سەعید لەتورکیا ساڵی ١٩٢٥	نوسینی مارتن ڤان برونسون و (Gerard Beneck)، وەرگێرانی حەسەنی قازی بۆ کورد	(Publick Record)، لەندەن
١٠٦	بەشی سێهەمی یاداشتەکانی مامۆستا رەفیق حیلمی	ئامادەکردنی دکتۆرە پاکیزە رەفیق حیلمی	بەغدا
١٠٧	Mesopotamia and Kurdistan in disgiuse	مێجەر سۆن	چاپی لەندەن، ١٩١٢
١٠٨	کوردستان–یەکەمین رۆژنامەی کوردی	کۆکردنەوە و لەسەر نوسینی دکتۆر کەمال فوئاد	سلێمانی، ١٩٩٨
١٠٩	شۆرشی شێخ سەعید	دکتۆر عوسمان عەلی	گۆڤاری ئاڵای ئیسلام، ژمارە/١٤، ساڵی ١٩٩٨
١١٠	باسی □ □□ ا□ل و مبادئی ولسون	دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی	گۆڤاری دیراساتی کوردی، ژمارە/٢١، بەشی عەرەبی، پاریس
١١١	بدرخانيو □ير□ بوتان	نوسینی مالمیسانژ و وەرگێرانی شوکر مستەفا بۆ عەرەبی	اربیل، ١٩٩٨

کۆتایی

ناوەڕۆکی بەرگی دووهەم

لاپەرە

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٦ی

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ز	ناوی کتێب	ناوی نووسەر / وەرگێر	بابەت	جۆری چاپ
٤٠٨	هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و.	د. ئەنوەر قادر محەمەد	کۆمەڵایەتی	چاپکردن
٤٠٩	چەردەیەک لەمێژووی کورد	کەیوان ئازاد ئەنوەر	مێژوویی	چاپکردن
٤١٠	هەمەچەشنەی زانیارییەکان	عەلاء نوری بابا عەلی	زانیاری	چاپکردن
٤١١	هارمۆنی	د. توانا رەشید	مۆزیک	چاپکردن
٤١٢	نهێنییەکانی ئەلگرا	د. شەرمین محێدین	چیرۆک	چاپکردن
٤١٣	Opticl Properties Of Minerals	ئارام عوسمان	زانستی	چاپکردن
٤١٤	سایکۆلۆژیی منداڵ	سۆزان جەمال	زانستی	چاپکردن
٤١٥	گەشتە تیوارەکانی میر بەتەنیاییدا	عەتا محەمەد	رۆمان	چاپکردن
٤١٦	سێبەرەکانی میرا	زەینەب یوسفی	رۆمان	چاپکردن
٤١٧	ئازادی رۆژنامەنووسی و رۆژنامەنوس..	بەناز کوێستانی	رۆژنامەنووسی	چاپکردن
٤١٨	اعلام کرد العراق	جمال بابان	بیبلوگرافیا	چاپکردن
٤١٩	توخمەکان	ئەسعەد قەرەداغی	زانستی	چاپکردن
٤٢٠	بەجیهانیبوون و کورد	عومەر رەسوڵ	لێکۆڵینەوە	چاپکردن
٤٢١	بەهەشتی دڵداری	میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری	دیوانە شیعر	چاپکردن
٤٢٢	دیوانی کەژاڵ ئەحمەد	کەژاڵ ئەحمەد	دیوانە شیعر	چاپکردن
٤٢٣	جنوب کردستان فی موازین السیاسە الدولیە	شیخ سالار حفید	رامیاری	چاپکردن
٤٢٤	الارهاب- ارکانه- اسبابه- اشکاله	همداد مجید علی	رامیاری	چاپکردن
٤٢٥	کەشکۆڵ	محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی	کەشکۆڵ	چاپکردن
٤٢٦	بیبلۆگرافیای گەنجان	شاخەوان ئەکرەم	بیبلۆگرافیا	چاپکردن
٤٢٧	رەنگدانەوەی لیبرالیزم لەباشووری کوردستان	هیوا عەزیز	رامیاری	چاپکردن
٤٢٨	الرحیل فی المجهول	سلام فواز	بیرەوەری	چاپکردن
٤٢٩	گۆڤاری هەنار (٣)	ب.گ. چاپ و بڵاوکردنەوەی	گۆڤار	چاپکردن
٤٣٠	گۆڤاری هەنار (٤)	ب.گ. چاپ و بڵاوکردنەوەی	گۆڤار	چاپکردن
٤٣١	گۆڤاری هەنار (٥)	ب.گ. چاپ و بڵاوکردنەوەی	گۆڤار	چاپکردن
٤٣٢	گۆڤاری دزنیشت (٣)	ب.گ کتێبخانە گشتییەکان	گۆڤار	چاپکردن
٤٣٣	هەڵسەنگاندنێکی رۆژنامەوانیانە بۆ گۆڤاری رۆژنامەوانی	رەوف حەسەن	رۆژنامەوانی	چاپکردن
٤٣٤	ئەنیمامۆندی	فەرید زامدار	شیعر	چاپکردن
٤٣٥	گۆڤاری هەنار (٦)	ب.گ. چاپ و بڵاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن
٤٣٦	داستانی شارێکی خەوخۆش	ئەحمەد سەلام	چیرۆک	چاپکردن
٤٣٧	رێگا باریکەکان	ئاوات قارەمانی	رۆمانە یادداشت	چاپکردن
٤٣٨	رێنوسی کوردی و ئاهەنگی شیعری کوردی	دلشاد مەریوانی	ئەدەبی	چاپکردن
٤٣٩	ئەلکۆزنیک	فەردین کەریم	ئەلکترۆنی	چاپکردن
٤٤٠	کورد و باکوری کوردستان...	محەمەد رەسوڵ هاوار	مێژوویی	چاپکردن
٤٤١	زەردەشت هیوای رزگاری..	بابان سەقزی	مێژوویی	چاپکردن
٤٤٢	گۆڤاری هەنار (٧)	ب.چاپ و بڵاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن
٤٤٣	کوردەکان کێن	ماهر عەبدولسەلام	مێژوویی	چاپکردن
٤٤٥	خەونی سپی	محەمەد کەریم	چیرۆک	چاپکردن
٤٤٦	بنچینە سەرەتاییەکانی زانستی رۆژنامەگەری	قوباد مەلا رەسوڵ	رۆژنامەگەری	چاپکردن

٤٤٧	گۆرانییەکانی ماسی فرۆشێك	ئەجات نوری	چیرۆك	چاپکردن
٤٤٨	گاتا	بابان سەفزی	مێژوویی	چاپکردن
٤٤٩	بەرەو ئەشکەوتی دلێران/١	گەلاوێژ	رۆمان	چاپکردن
٤٥٠	بەرەو ئەشکەوتی دلێران/٢	گەلاوێژ	رۆمان	چاپکردن
٤٥١	رۆمانێك لە گفتوگۆ	ئەنوەر حسێن	لێکۆلینەوە	چاپکردن
٤٥٢	بەپێی رێنمایەکان	حەمە نوری عومەر کاکی	چیرۆك	چاپکردن
٤٥٣	گۆڤاری هەنار ژمارە /٨	ب. چاپ و بلاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن
٤٥٤	گۆڤاری هەنار ژمارە /٩	ب. چاپ و بلاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن
٤٥٥	السریه المصرفیه ف غسل الاموال	دانا حەمە باقی	نامەی ماجستێر	چاپکردن
٤٥٦	مێژووی جامی جیهانی	د. عاصی فاتح	وەرزش	چاپکردن
٤٥٧	مەسەلەی ویژدان	ئا: د. ئیحسان فوئاد	چیرۆك	چاپکردن
٤٥٨	ئەنفال و پارتی زانی	نوری خێلی حەمە	بیرەوەری	چاپکردن
٤٥٩	بەهای مێژوو	عوسمان عەزیز	مێژوویی	چاپکردن
٤٦٠	رێنەکان خۆیان ئەدوێن	عەبدوخالید سابیر	مێژوویی	چاپکردن
٤٦١	گەران بەدوای شیعرو جیاوازییدا	محمەد کوردۆ	لێکۆلینەوە	چاپکردن
٤٦٢	گۆڤاری هەنار ژمارە /١٠	ب. چاپ و بلاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن
٤٦٣	٣١ چاوپێکەوتنی فەرهاد سەنگاوی	ئا: ئازاد سەراوی	چاوپێکەوتن	چاپکردن
٤٦٤	دوایین گەلا	ئەحمەد قادر سەعید	چیرۆك	چاپکردن
٤٦٥	ئەفسانەکانی میللەتانی ئاسیا	د.کاوس قەفتان	چیرۆك	چاپکردن
٤٦٦	رەشپۆشێکی جیهانی چوارەم	مستەفا سالح کەریم	چیرۆك	چاپکردن
٤٦٧	گۆڤاری هەنار ژمارە (١١)	ب. چاپ و بلاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن